**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 59

**ساڵی/ 2010 – بەرگی پەنجاو نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2010**

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/6/22 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/6/23 ل 96

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/6/27 ل 135

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/6/28 ل 217

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/6/29 ل 365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/6/30 ل 377

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای درێژەدان بە کار پێکردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

10- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

11- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان.

12- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

13- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی حیسابی خیتامی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (19)، رۆژی دانیشتن (2010/6/27)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە رێکەوتی (2010/6/27)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزدییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای درێژەدان بە کار پێکردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 60

سالّی/ 2010 – بەرگی شەست

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2010

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/9/7 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/9/20 ل 17

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/9/29 ل 83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/10/4 ل 161

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2010/10/6 ل 207

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/10/10 ل 221

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/10/13 ل 225

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/10/26 ل 229

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/10/27 ل 251

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/11/1 ل 291

**ماددەی حەوتەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یا بڕیارێك ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی هەشتەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی پەرەپێدانی بوارەکانی رۆشنبیری، هونەر، راگەیاندن، چاپەمەنی، وەرزش و لاوان، کارا کردنی رۆڵیان لە کۆمەڵگەی کوردستان – عێراقداو بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی دەزگاو ناوەندە رۆشنبیری و وەرزشییەکان و چالاکی لاوان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەم یاسایە دەرچووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی وەرزش و لاوان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی سێی بەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن، لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکەن، ئێوەش وەرن لەگەڵ لیژنەی یاسایی دانیشن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی، پاشان بە زمانی کوردی دەیخوێنینەوە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

م/ تقرير اللجنة القانونية حول مشروع قانون الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في الأقليم

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية صباح يوم الأثنين 11/خەرمانان/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/8/2 الميلادية لدراسة مشروع قانون الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان - العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (19) في 2010/6/27 وبعد المناقشة والمداولة بحضور مدير هيئة الانتخابات في الاقليم ومديري مكتب اربيل ودهوك للانتخابات والموظفيين القانونين للهيئة ، توصلت اللجنة الى ما يلي:

من حيث المبدأ تؤيد اللجنة المشروع بتشكيل أو تأسيس هيئة عليا مستقلة للانتخابات في الاقليم لتكون السلطة الحصرية لاجراء وتنفيذ عملية الانتخابات والاستفتاءات الخاصة بالاقليم واعادة صياغته وترتيب مواد المشروع بالشكل الموضح ادناه:

اولا: بالنسبة للمادة الاولى: تقترح اللجنة اضافة فقرة اخرى اليها وجعل اصل المادة الفقرة (الاولى) لها واعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(المادة الاولى:

اولا: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا مستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق باسم (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق) لتكون السلطة الحصرية التي تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية في الاقليم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية بالتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقي.

ثانيا: يكون المقر الرئيسي للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب في مراكز سائر محافظات الاقليم).

ثانيا: بالنسبة للمادة الثانية: تؤيدها اللجنة بعد حذف (حكومية) منها مع جعل (ميزانية مستقلة) بدل .(ميزانية خاصة).

ثالثا: بالنسبة للمادة الثالثة: تؤيد اللجنة الفقرات (1 ، 2 ، 3 ، 5) كما هي واردة في المشروع.

اما بالنسبة للفقرة (4) تقترح اللجنة اضافة (تصديق) الى ما بعد كلمة (تسجيل).

اما بالنسبة للفقرة (6) فان اللجنة تقترح اعادة صياغتها كالآتي:

(6- البت في الشكاوي والطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابية والاستفتاءات وتكون قراراتها خاضعة للطعن امام الهيئة القضائية الخاصة في محكمة تمييز اقليم كوردستان – العراق).

اما بالنسبة للفقرة (7): تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

(7- اعلان النتا ئج الاولية للانتخابات والاستفتاءات في غضون يومين والنتائج النهائية في غضون سبعة ايام).

اما بالنسبة للفقرة (8) تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

(8– المساعدة في بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية السياسية).

اما بالنسبة للفقرة ( 9 ) تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

(9- تنظيم و اجراء عملية العد و الفرز لاصوات الناخبين و تنفيذها) .

اما بالنسبة للفقرتين (10، 11): تقترح اللجنة دمجهما في فقرة واحدة وصياغتها كالآتي:

(10– التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظيم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية في الاقليم عبر تشكيل لجان مشتركة لجميع مراحل العملية الانتخابية).

وتقترح اللجنة اضافة فقرة الى المادة بالشكل الآتي: (تنظيم عملية الحملات الانتخابية والقيام بمراقبتها). وتصحيح التسلسل حسب الاضافة الاعلاه.

رابعا: بالنسبة للمادة الرابعة:

**1**- تقترح اللجنة اعادة صياغة مقدمة المادة بالشكل الآتي:

(تتألف الهيئة العليا للانتخابات في الاقليم من:

1- مجلس الهيئة.

2- الادارة الانتخابية).

**2**- بالنسبة للفقرة (اولا) منها تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(اولا: مجلس الهيئة: ويتألف من سبعة اعضاء اثنان منهم على الاقل من القانونيين يختارهم برلمان كوردستان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان مع مراعاة تمثيل النساء وتكون مدة ولاية الهيئة خمس سنوات تقويمية) .

**3**- جعل الفقرة (رابعا) بتسلسل الفقرة (ثالثا) اي تقديم تسلسلها.

**4**- بالنسبة للفقرة (ثالثا) والتي تصبح بتسلسل (رابعا) تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرتين (1 ، 2) بالشكل الآتي:

(1- ينتخب مجلس الهيئة في جلسته الاولى من بين اعضائه وباغلبية خمسة من اعضائه رئيساً ونائباً ومقرراً للمجلس ورئيسا للادارة الانتخابية .

2- تكون مدة ولاية رئيس المجلس ونائبه والمقرر ورئيس الادارة الانتخابية سنة واحدة قابلة للتجديد باغلبية خمسة من اعضائه على الاقل).

خامسا: بالنسبة للمادة الخامسة:

1- تقترح اللجنة جعل صلاحيات الهيئة بتسلسل الفقرة (اولا) من المادة وبالشكل الآتي:

(اولا : يمارس مجلس الهيئة الصلاحيات الآتية:).

2- بالنسبة للفقرة (1) منها لاتوجد عليها اية ملاحظة .

3- بالنسبة للفقرتين (2، 3) تقترح اللجنة دمجهما بفقرة واحدة بتسلسل (2) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(2- المصادقة على تسجيل الكيانات السياسية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها).

4- بالنسبة للفقرات من (4 الى 10) لا توجد عليها اية ملاحظة.

5- تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة (11)منها بالشكل الآتي:

(11- منح المخصصات لمنتسبي الهيئة اسوة باقرانهم في المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق).

6- تقترح اللجنة اضافة فقرة بتسلسل الفقرة (ثانيا) الى المادة وبالشكل الآتي:

**(ثانيا: الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في الهيئة والمكاتب الانتخابية في الاقليم يكون باقتراح ثلاث مرشحين ويتم اختيار احدهم من قبل اللجنة البرلمانية).**

**سادسا: بالنسبة للمادة السادسة: تقترح اللجنة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**اولا: تتألف الادارة الانتخابية من التشكيلات الآتية ويرأس كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية:**

**1- دائرة الشؤون القانونية.**

**2- دائرة الرقابة و التدقيق.**

**3- دائرة العمليات.**

**4- دائرة بناء القدرات.**

**5- دائرة الشؤون الادارية والقانونية.**

**6- دائرة الاتصال الجماهيري.**

**7- المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم.**

**ثانيا: تتولى الادارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الانظمة والتعليمات الصادرة من قبل مجلس الهيئة وادارة كافة النشاطات التنفيذية في الاقليم.**

**سابعا: بالنسبة للمادة السابعة:**

**1- هناك رأيان، الاول/ يقترح الغاء الفقرة (اولا) من المادة لان المسائلة وفقا للنظام الداخلي للبرلمان مسألة خاصة بالوزراء وبما ان اعضاء مجلس الهيئة ليسوا باعضاء في مجلس الوزراء فلا يجوز مسائلتهم، وانما للبرلمان اعفائهم من منصبهم عند مخالفتهم لاحكام هذا القانون. اما الرأي الثاني/ يؤيد هذه الفقرة ويرى امكانية مسائلة اعضاء مجلس الهيئة وفقا للاجراءات المنصوص اليها في قانون انتخاب البرلمان و يقترح اعادة صياغة الفقرة (اولا)) وبالشكل الآتي:**

**(اولا: لبرلمان كوردستان اعفاء مجلس الهيئة مجتمعين او منفردين بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه عند ثبوت مخالفتهم لاحكام هذا القانون وفق الاجراءات المنصوص عليها في قانون انتخاب البرلمان ونظامه).**

**2- اما بالنسبة للفقرة (ثانيا) تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة (4) منها (فيما اذا لم يتم التصويت على الغاء الفقرة (اولا) من المادة وبالشكل الآتي:**

**(4 – اعفاء برلمان كوردستان اعضاء مجلس الهيئة مجتمعا او منفردا من مهامه عند مخالفتهم لاحكام هذا القانون والانظمة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه).**

**3- تقترح اللجنة اضافة فقرة اخرى الى الفقرة (ثانيا) بتسلسل (5) من المادة:**

**(5– اذا ادى العضو بمعلومات مغايرة للواقع عند توليه الوظيفة).**

**ثامنا: بالنسبة للمادة الثامنة: لا توجد عليها اية ملاحظات.**

**تاسعا: بالنسبة للمادة التاسعة: اضافة (في الموقع الالكتروني) الى اخير الفقرة (3) منها.**

عاشرا: بالنسبة للمادة العاشرة: تبديل كلمة (مستقلة) الواردة بعد عبارة (ميزانية سنوية) بـ(خاصة).

حادي عشر: بالنسبة للمادة الحادية عشرة: تبديل عبارة (على الهيئة) الواردة في بداية المادة بـ(للهيئة) لجعل مسألة الاستعانة بالخبراء الدوليين جوازيا وليس وجوبيا مع اضافة (محليين) الى بعد (خبراء دوليين).

ثاني عشر: بالنسبة للمادة الثانية عشرة: لا توجد عليها اية ملاحظات.

تقترح اللجنة اضافة ثلاث مواد بتسلسل (13 ، 14 ، 15) وتغيير تسلسل المواد تبعا لذلك:

(ثالث عشر: المادة الثالثة عشرة:

على الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني وممثل الكيانات السياسية لتسهيل عملية مراقبة الانتخابات والاستفتاءات وذلك لضمان نزاهتها.

رابع عشر: المادة الرابعة عشرة:

تخضع حسابات الهيئة للتدقيق والرقابة من قبل ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

خامس عشر: المادة الخامسة عشرة:

1- يحدد بنظام مهام وتشكيلات الهيئة.

2- للهيئة استحداث او الغاء او دمج مديريات او اقسام او شعب عند الاقتضاء.

3- للهيئة اصدار الانظمة اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

سادس عشر: بالنسبة للمادة الثالثة عشرة من المشروع والتي تصبح (السادسة عشرة):لا توجد عليها اية ملاحظات.

سابع عشر: بالنسبة للمادة الرابعة عشرة من المشروع والتي تصبح (السابعة عشرة): لا توجد عليها اية ملاحظات.

ثامن عشر: بالنسبة للمادة الخامسة عشرة من المشروع والتي تصبح (الثامنة عشرة): لا توجد عليها اية ملاحظات.

تاسع عشر: بالنسبة للمادة السادسة عشرة من المشروع والتي تصبح (التاسعة عشرة): لا توجد عليها اية ملاحظات.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بە كوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی دەخوێنمەوە:

**بۆ/سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمدا**

**لیژنەی کاروباری یاسایی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 11/خەرمانان/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/8/2ی زایینی کۆبووەوە، بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوەو، ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (19)ی ڕۆژی 2010/6/27. دوای وتوویژو تاوتوێ کردن بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری دەستەی هەڵبژاردن لە هەرێمدا لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی نووسینگەی هەولێر و دهۆك بۆ هەڵبژاردن و فەرمانبەرە یاساییەکانی دەستە، لیژنەگەیشتە ئەمانەی خوارەوە:**

**بەشێوەیەکی بنەڕەتی لیژنە پشتگیری پڕۆژەکە دەکات بە پێکهێنان و دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان لە هەرێم، کە تاکە دەسەڵات بێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژادرن و ڕاپرسی لە هەرێم و، دووبارە داڕشتنەوەو ڕێکخستنی ماددەکانی پڕۆژەکە بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:**

**یەکەم: سەبارەت بە ماددەی یەکەم: لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەیەکی دیکە بخرێتە سەری و ئەسڵی ماددەکە بکرێتە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەکەو بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(یەکەم: بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەکی باڵا بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ناوی (دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێت، دەبێتە تاکە دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی هەموو هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیە ناوخۆییەکان لە هەرێمداو، جێبەجێکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیە فیدراڵیەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.**

**دووەم: بارەگای سەرەکی دەستە لە پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمدا دەبێ و، نووسینگەکانی لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمدا دەکاتەوە).**

**دووەم: سەبارەت بە ماددەی دووەم: لیژنە پشتگیری دەکات دوای لابردنی وشەی (حکومەتی)و، (بودجەی سەربەخۆ) بکرێت بە (بودجەی تایبەت).**

**سێیەم: سەبارەت بە ماددەی سێیەم: لیژنە پشتگیری بڕگەکانی (1، 2، 3، 5) دەکات هەروەك لە پڕۆژەکەدا هاتووە.**

**سەبارەت بە بڕگە (4) لیژنە پێشنیاز دەکات بە زیادکردنی (پەسەندکردنی) دوای وشەی (تۆمارکردنی).**

**سەبارەت بە بڕگە (6) لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

(6- یەکلاکردنـەوەی سـکالآو تانـەکانی کـە پەیوەندیـدارن بـە کردارەکـانی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیەکان و، بڕیارەکـانیش دەکەونـە بـەر تانـە لێـدان لەبـەردەم دەسـتەی دادوەریـی تایبـەت لـە دادگـای پێداچـوونەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق).

سەبارەت بە بڕگە (7): لێژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(7- ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەراییی هەڵبژاردنەکان و، ڕاپرسیەکان لە ماوەی دوو ڕۆژداو ئـەنجامی کۆتـایی لـە ماوەی حەوت ڕۆژدا).

لەبارەی بڕگەی (8): لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(8- یارمەتی دان لە بنیاتنانی متمانـە لـە پڕۆسـەی هەڵبـژاردن لـە لایـەن هـەموو کۆمـەڵگای کوردسـتانی و، پتەوکردنی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن لە ڕێگەی بەردەوامی پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەموو بەشـداربووانی پڕۆسـەی هەڵبژاردن).

لەبارەی بڕگەی (9) لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(9- ڕێکخستن و ئەنجامدانی پڕۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژێرەکان و جێبەجێکردنی).

بەڵام لە بارەی بڕگەکانی (10، 11): لیژنە پێشنیاز دەکات بە لێکدانی ئەم دوو بڕگەیە لە بڕگەیەکداو بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

(10- هەماهـەنگی لەگـەڵ کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکانی عێـراق بـۆ ڕێکخسـتن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیە فیدراڵیەکان لە هەرێمدا لە ڕێگەی لیژنـەی هاوبـەش بـۆ هـەموو قۆناغەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن).

هەروەها لیژنە پێشنیاز دەکات بـە زیـادکردنی بڕگەیـەك بـۆ ماددەکـە بـەم شـێوەیە: (ڕێکخسـتنی کارەکـانی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان و چاودێری کردنی)و، ڕاستکردنەوەی زنجیرەکان بەگوێرەی ئەو زیادەیە.

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی چوارەم:

1- لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمدا پێك دێ لە:

1- ئەنجومەنی دەستە.

2- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن.

2- سەبارەت بە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەکە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: ئەنجومەنی دەسـتە: لـە حـەوت ئەنـدام پێـك دێ و بـە لایـەنی کەمـەوە دوانیـان یاسـایی دەبـن، کـە پەرلەمانی کوردستان بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەنـدامانی هـەڵیان دەبـژێرێ، ئەمـەش دوای پاڵاوتنیـان دەبێ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت کە پەرلەمان پێکی دەهێنێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتـان و ماوەی کاری دەستە (ویلایەتی) پێنج ساڵی تەقویمیە).

3- بڕگەی (چوارەم) بکرێتە زنجیرەی بڕگەی (سێیەم) واتە زنجیرەکەش پێش بخرێ.

4- سەبارەت بە بڕگەی (سێیەم  کە دەبێتە زنجیرەی چوارەم): لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەکانی (1، 2) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(1- ئەنجومەنی دەستە لە دانیشتنی یەکەمدا لە ناو ئەندامانی و بە زۆرینەی پێنج لە ئەندامانی سەرۆك و جێگری سەرۆك و بڕیاردەری ئەنجومەن و سەرۆکێك بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ.

2- ماوەی کارکردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و بڕیاردەر و سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن یەك ساڵە و دەکرێ نوێ بکرێتەوە بە زۆرینەی پێنج لە ئەندامانی  بە لایەنی کەمەوە).

پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی پێنجەم:

1- لیژنە پێشنیاز دەکات دەسەلاَتەکانی دەستە بکرێتە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(یەکەم: ئەنجومەنی دەستە ئەم دەسەلاَتانەی خوارەوەی دەبێ:).

2- سەبارەت بە  بڕگەی (1)  هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

3- سەبارەت بە بڕگەکانی (2، 3) لیژنە پێشنیاز دەکات لێك بدرێن لە یەك بڕگەدا بە زنجیرەی (2)و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕپژرێتەوە:

(2- پەسەندکردنی تۆمارکردنی قەوارە سیاسیەکان و یەکگرتووەکان و پاڵێوراوان بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بەشداری کردن تییاندا).

4- سەبارەت بە بڕگەکانی (4 تاکو 10) هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

5- لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی (11)ی بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(11- بەخشینی دەرماڵە بە کارمەندانی دەستە هەروەك هاوکارانیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق).

6- لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەیەك بە زنجیرەی بڕگەی (دووەم) زیاد بکرێت بۆ ماددەکەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دووەم: پاڵاَوتن بۆ دامەزراندن لە پلە بەرزەکان لە بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگەکان لە دەستەو نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە هەرێم بە پێشنیاز کردنی سێ پاڵێوراو دەبێ، کە یەکێکیان لە لایەن لیژنەی پەرلەمانەوە دەستنیشان دەکرێت).

شەشەم: سەبارەت بە ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت و هەریەکێکیان فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و دەبێ خاوەن بڕوانامەی زانکۆی بنەڕەتی بێت.

1- فەرمانگەی کاروباری دارایی.

2- فەرمانگەی چاودێری  و وردبینی.

3- فەرمانگەی پرۆسەکان.

4- فەرمانگەی بنیاتنانی تواناکان.

5- فەرمانگەی كاروباری كارگێڕی و یاسایی.

6- فەرمانگەی پەیوەندی جەماوەری.

7- نووسینگەكانی هەڵبژاردن لە پارێزگاكانی هەرێمدا.

دووەم: كارگێڕی هەڵبژاردن بەرپرسیارییەتی جێبەجێكردنی پێڕەو و ڕێنماییەكانی كە لەلایەن ئەنجومەنی دەستەو بەڕێوەبردنی هەموو چالاكیەكی جێبەجێ كاری لە هەرێم دەگرێتە ئەستۆ.

حەوتەم: سەبارەت بە ماددەی حەوتەم:

1- دوو ڕا هەیە، یەكەمیان: پێشنیاز دەكات بڕگەی (یەكەم) لە ماددەكە لادرێ، چونكە لێپرسینەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پرسێكی تایبەتە بە وەزیرەكان و، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە ئەندام نین لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە ناشێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێ، بەڵكو پەرلەمان بۆی هەیە لە پایەكانیان بیانبەخشێ. بەڵام ڕای دووەم: پشتگیری لەم بڕگەیە دەكات و وا دەبینێ كە دەكرێ لێپرسینەوە لە ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە بكرێت، بەپێی ئەو ڕێكارانەی كە دەقیان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا هاتووەو پێشنیاز دەكات بڕگەی یەكەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەكەم: پەرلەمانی كوردستان بۆی هەیە سەرجەم ئەنجومەنی دەستە ببەخشێت بە كۆمەڵ، یان تاك بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لەكاتی سەلماندنی سەرپێچی كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە، بەپێی ڕێكارەكانی كە دەقیان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێڕەوەكەیدا هاتووە).

2- بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بڕگەی (4) ی بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە (ئەگەر دەنگ نەدرا لەسەر لابردنی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەكە:

(4- پەرلەمانی كوردستان بۆی هەیە ئەندامانی دەستە بە گشتی، یان بە تاك لە كارەكانیان ببەخشێت لە كاتی سەرپێچیكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەو پێڕەوەكان بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی).

3- لیژنە پێشنیاز دەكات بڕگەیەكی دیكە بخرێتە سەر بڕگەی (دووەم) بە زنجیرەی (5) لە ماددەكەدا:

(5- ئەگەر ئەندامێك زانیاریدا كە جیاواز بێ لەگەڵ واقیع لەكاتی وەرگرتنی پۆستەكە).

هەشتەم: سەبارەت بە ماددەی هەشتەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

نۆیەم: سەبارەت بە ماددەی نۆیەم: لێژنە پێشنیاز دەكات بە زیادكردنی (لە ماڵپەری ئەلكترۆنی – في الموقع الالكترونی) لە كۆتایی بڕگەی (3)ی ماددەكە.

دەیەم: سەبارەت بە ماددەی دەیەم: گۆڕینی وشەی (سەربەخۆ) كە لە دوای دەستەواژەی (بودجەی ساڵانە) هاتووە بە (تایبەت).

یازدە: سەبارەت بە ماددەی یازدەیەم: دەستەواژەی (لەسەر دەستە) كە لە سەرەتای ماددەكەدا هاتووە بگۆڕدرێ بە (دەستە بۆی هەیە) تاكو پرسی پەنابردن بۆ شارەزا نێودەوڵەتییەكان بەشێوەیەكی جوازی بێت، نەك وجوبی لەگەڵ زیادكردنی (ناوخۆییەكان) دوای (شارەزا نێو دەوڵەتیەكان).

دوازدە: ماددەی دوازدەیەم: هیچ تێبینیەكمان لەسەر نییە.

**لیژنە پێشنیاز دەکات سێ مادده بە زنجیرەکانی (13، 14، 15) زیاد بکرێت و ریزبەندی ماددەکان بەو پێیە بگۆڕدرێ:**

**(سێزدەم: ماددەی سێزدەیەم:**

**لەسەر دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەری قەوارە سیاسیەکان بکات، بۆ ئاسانکاری چاودێری هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان بۆ مسۆگەرکردنی پاکی (نەزاهەت).**

**چواردە: ماددەی چواردەیەم:**

**(حسابی دەستە دەکەوێتە ژێر وردبینی و چاودێری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم) .**

**پازدە: ماددەی پازدەیەم:**

**1- ئەرك و پێکهاتەکانی دەستە بە پێڕەو دەستنیشان دەکرێت.**

**2- دەستە بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتیەك، یان بەشێك، یان هۆبەیەك بەپێی پێویست پێك بهێنێت، یان هەڵیان بوەشێنیتەوە، یان لێکیان بدات.**

**3- دەستە بۆی هەیە پێڕەوی پێوست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ).**

**شازدە: سەبارەت بە ماددەی سێزدەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە (ماددەی شازدەیەم): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**حەڤدە: ماددەی چواردەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە (ماددەی حەڤدەیەم): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**هەژدە: ماددەی پازدەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە (ماددەی هەژدەیەم): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**نۆزدە: ماددەی شازدەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە (ماددەی نۆزدەیەم): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەسڵی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوە و دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستاش لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەتان.**

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پڕۆژە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان**

**پاش ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (19)ی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2010/6/27 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (پڕۆژە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان) کراوە، لە ڕۆژی 2010/6/28 بەنووسراوی ژمارە (ک 379) ئاراستەی لیژنەکەمان کرا،**

لیژنەکەمان پاش سێ کۆبوونەوە لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2010/9/16 سەبارەت بە پرۆژە یاساکە رای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە روو:

1- سەرەتا لیژنەکەمان پشتیوانی لە پرۆژەکە دەکات، ئەمەی خوارەوە سەرنج و تێبینیەکانمانە سەبارەت بە ماددەو برگەکانی پرۆژە یاساکە:

2- سەبارەت بەناوی پرۆژە یاسایەکە (راپرسیەکە)ی لێ هەڵبگیرێت، تەنها بوترێ (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراقی فیدراڵ).

3- سەبارەت بە ماددەی یەك وشەی دەستەی گشتی هاتووە بکرێتە دەستەی باڵاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقی فیدراڵی بۆ زیاد بکرێت.

4- سەبارەت بە ماددەی دووەم:

أ- وشەی حکومی لێ هەڵبگیرێت، واتە تەنها بگوترێ دەستەیەکی پیشەیی و سەربەخۆیی و بێ لایەن.

ب- بارەگای سەرەکی دەستەکە لە هەولێری پایتەختی هەرێم و نووسینگەکانی لە ئیدارەو پارێزگاکانی تری بۆ زیاد بکرێت.

5- سەبارەت بە ماددەی سێیەم:

أ- لە ماددەی سێ برگەی دوو لیژنەکەمان پێشنیار دەکات وشەی جێ بەجێ کردنیشی بۆ زیاد بکرێت، واتە ببێتە جێ بەجێ کردن و سەرپەرشتی کردن.

ب- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات برگەی شەش لە ماددەی سێ بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

(یەکلا کردنەوەی سکاڵاو تانە لێدانەکانی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ماوەی (3) رۆژدا ئەنجام بدرێ).

ج- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ماددەی سێ برگەی حەوت بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

1- ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیەکان لە ماوەی (2) دوو رۆژ رابگەیەندرێ.

2- ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیەکان لە ماوەی (7) حەوت رۆژدا رابگەیەندرێ لە دوای پەسند کردنی لەلایەن دادگای تەمییزەوە، جگە لە هەڵبژاردن و راپرسیەکانی حکومەتی فیدراڵ.

6- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوارەم ئەم پێشنیاریانەی خوارەوە دەخاتە روو:

أ- لیژنەکە لە (7) حەوت کەسەوە بکرێت بە (9) نۆ کەس، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بگرێتەخۆ و، بە یەك لیست بێت و، زۆربەی پێکهاتەکان و لایەنە کوردستانیەکانی تێدا بێت.

ب- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم لیژنەیە بە رێژەی (3/2) دوو لەسەر سێ دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێت.

ج- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چواری برگەی (2)ی خاڵی (4) پێشنیاز دەکات وشەی (انتخاب)یەکە لابیرێت.

د- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوار برگەی (2) خاڵی (6) بەم شێوەیە بێت:

بەشداریی و هاوکاری نەکرد بێت لەو تاوانانەی کە رژێمی لەناوچوو لە کوردستانی عێراقی فیدراڵ نەخشەی بۆ دانابێ.

هـ- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوار برگەی (3)ی خاڵی (1) لە (4) کەسەوە بکرێت بە (5) کەس.

و- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوار برگەی (3) خاڵی (2) بکرێتە (5) کەس و لە (2) جار زیاتر نەتوانێ خۆی هەڵبژێرێتەوە.

7- لیژنەکەمان سەبارەت بە فەسڵی چوار لە ماددەی پێنج پێشنیاز دەکات:

أ- سەبارەت بە برگەی یەکەم بەم شێویەی لێ بکرێت:

(دروست کردن و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە رێگەی نووسینگەکانی ئیدارەو پارێزگاکانی هەرێم و نووسینگەی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم).

ب- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لە فەسڵی چوار ماددەی پێنج برگەی چوار ئەمەی بۆ زیاد بکرێت:

(رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چاودێرە نێودەوڵەتیەکان).

8- ماددەی شەش لە فەسڵی پێنج لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لە فەسڵی پێنج ئەم برگەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

أ- ئیدارەی هەڵبژاردن پێکدێت لە ئیدارەی هەڵبژاردن و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە ئیدارەو پارێزگاکانی هەرێم.

ب- بە بریارێك لە ئەنجومەنی دەستەکەوە لیژنەیەکی تایبەت پێك دەهێنرێت، بۆ ئامادە کردنی هەیکەلیەتی ئیدارەی هەڵبژاردن و پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بەمەبەستی رێکخستن و ئیدارە کردنی کاروبارەکانیان.

9- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات بۆ فەسڵی شەش ماددەی حەوت برگەی دوو خاڵێك زیاد بکرێت بەم شێوەیە، واتە برگەی پێنج زیاد بکرێت:

(پێدانی زانیاری هەڵە بە لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی وەرگرتنی پۆستەکەدا).

10- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لە فەسڵی حەوت ماددەی هەشت برگەی دوو پلە تایبەتیەکان بە بەرێوەبەری گشتی دیاری بکرێن و، بۆ دوو جاریش زیاتر مافی دووبارە دانانەوەیان نەبێت.

11- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لە فەسڵی حەوت ماددەی هەشت برگەی یەك زیاد بکرێ واتە برگەی چوار بەم شێوەیە:

(ئەو فەرمانبەرانەی لە نێو ئۆفیسی پارێزگاکان کار دەکەن بە خزمەتی وەزیفی ماوەی کار کردنیان بۆ ئەژمار بکرێت).

12- لیژنەکەمان سەبارەت بە فەسڵی هەشت ماددەی نۆ برگەی دوو پێشنیاز دەکات کە هاتووە:

(دەستەی باڵا بۆی هەیە دەسەڵات بداتە ئیدارەی هەڵبژاردن بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان لەکاتی روودانیاندا)، ئەمە لابرێت، چونکە ئەم دەسەڵاتە تەنها بۆ دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنە.

هـەروەها لیژنەکـەمان سـەبارەت بـە فەسـڵی هەشـت مـاددەی نـۆ برگـەی سـێ پێشـنیاز دەکـات ماڵپـەری ئەلیکترۆنیشی بۆ زیاد بکرێت، کە تایبەت بێت بەخۆی.

13- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات ماددەی یـازدە لـە فەسـڵی هەشـت کـە هـاتووە پشـت ببەسـترێ بـە پسـپۆرە نێودەوڵەتیەکان و پسپۆرە ناوخۆیەکانیشی بۆ زیاد بکرێت.

14- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لە ماددەی دوازدە لە فەسڵی هەشت ئەم برگەیە زیاد بکرێت، واتە برگـەی سێ:

(پێویستە دەستەی باڵا هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مـەدەنی و نوێنـەری قـەوارە سیاسـیەکان بکـات، بـۆ مەبەسـتی ئاسـانکاری پرۆسـەی چـاودێری کردنـی هەڵبژاردنـەکان و راپرسـیەکان، هەروەها دابین کردنی پاکی و بێگەردی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و راپرسی).

15- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات کە برگەیەك زیاد بکرێت بەم جۆرە:

(سەبارەت بە حساباتی دەستەکە پێویستە دەزگای چـاودێری و دارایـی هـەرێ وردبـینی و چـاودێری بکـات)، لەگەڵ رێزماندا.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی بۆ ئەسڵی پرۆژەکە کەرەم بکەن، نوقتەی نیزامیە، فەرموو.

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە ئـەم پـرۆژە یاسـایە تـەئجیل بکرێـت، دیـارە کۆمـەڵێك تەبریریشـم هەیـە، ئەگـەر رێگام پێ بدەن ئەو خاڵانەتان بۆ باس بکەم:

یەکەم/ دیارە دارشتنی یاساکەو خوێندنەوەی و جـارێکی تـر هێنانـەوەی بـۆ پەرلـەمان پەلـە پـەلێکی زۆری پێوە دیارە، کە وای کردووە یاساکە کۆمەڵێك کەموکورتی تیا بێت، کە چارەسەر نەکراوە.

دووەم/ مەسەلەی برِی تێچوونی ئەم کۆمسیۆنەیە، کە لە هەموو پرۆژە یاسایەك کـە ئیلتیزامـاتی مـالی تیـا بێت ئاراستەی حکومەت کرا بێ و وەڵامی حکومەتمان وەرگرتۆتەوە، بەڵام بۆ ئەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی حکومەت نەکراوەتەوە، کە ئەمە ئیلتیزامێکـی مـالی زۆر گـەورە دەخاتـە سـەر حکومـەت، لەوانـە مەسـەلەی دەستەکەو ئەو فەرمانبەرە هەمیشەییانەی کە دادەمەزرێن لەگەڵ تێچوونی هـەموو بنکـەو بارەگاکـانی ئـەم کۆمسـیۆنە لـە هـەرێمی کوردسـتان، سـەرباری (39) هـەزار کارمەنـد، کـە ئەمانـە بـە کـاتی و بـە عەقـد دادەمەزرێن، لە هەمووشی گـرنگتر بـری ئـەو پارەیـە کـە دەچێتە پرۆسـەی هەڵبژاردنـەوە، کـە کـۆی ئەمـە پارەیەکی زۆر زەخمە لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا دەردەچێت، کە ئەمە عیلاج نەکراوە.

خـاڵێکی تـر/ مەسـەلەی کۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن هەیـە لـە مەرکـەز، لێـرەش دیـارە کۆمسـیۆنێکی بـاڵا دروست دەکرێت، ئەوانیش لێرە نووسینگەو بارەگایان هەیە، دواتریش ئەم کۆمسیۆنە کۆمـەڵێك نووسـینگە دەکاتـەوە، کە تەعاروز دروست دەکات، لە بەینی ئەمە یاساکە هیچ چارەسەرێکی بـۆ نەدۆزیتـەوە، بۆیـە مـن

پێشنیار دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە تەئجیل بکرێت بۆ ماوەیەکی تر، کۆمەڵێك راو پرس بە شارەزایان بکرێت، رەئی حکومەت وەربگیرێت لەسەر مەسەلەی بودجەکەی و چارەسەرەکەی چۆن چۆنیە لە مەرکەزەوە؟ دواتر جارێکی تر بخرێتە بەرنامەی کارەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەنیسبەت چەند خاڵێکت باس کرد، یەك/ ئیلتیزام مالی، ئەگەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی بێ لایەنی بەغداش بیکات، پارەکەی هەر ئێمە دەیدەین، وەکو $7/25$ پارەی هەڵبژاردنەکە هەرێمی کوردستان دای، ئەوە بۆ مەعلوماتت.

بەنیسبەت ئەمە حەقێکی دەستووری ئێمەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش رێز بۆ پێشنیارەکەی جەنابت، ئەگەر پشتیوانی هەبێت دەیخەینە دەنگدانەوە، تۆ تەئیدی دەکەیت، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەی ئیزافەتەن بۆ قسەکانی کوێستان خان، کە رەئی عونصری مالی حکومەت وەرنەگیراوە، کە ساڵێکە ئێمە هەر چ پرۆژەیەك هاتبێت، من نازانم قانونییە، یان قانونی رەئی عونصری مالی حکومەت وەرگیراو بێت، پێشتر وەرگیراوە، بۆ ئەم پرۆسە یاسایە وەرنەگیراوە، خاڵێکی تر، ئەگەر ئێمە ئەم کۆمسیۆنە جیا بکەینەوە، لە بەغدا دوو موازەنە هەیە، یەکێکیان/ موازەنەی سیادی، ئەویتریشیان/ موازەنەی حاکیمەیە، هەر یەکێکیان نزیکەی دە بابە، ئێمە لە موازەنەی حاکیمە پارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەبرێت بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، ئەگەر تەئیدی پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەن، ببێتە سێ کەس قسان بکەن، دوایی دوو برادەر بێەوێت بەردەوام بێت، کاکە تەئیدی دەکەیت؟ پاشان کە هاتینە سەر قسە کردن وەختت دەدەمێ، ئێستا تەئیدی دەکەیت یان تەئیدی ناکەیت؟ ئێستا کاتی قسە کردنت نادەم، تەئیدی دەکەیت؟ پاشان کە خستمانە دەنگدانەوە رەئی دەدەیت لەسەر سێ بەڕێز لەلای ئێوە، سێ بەڕێزیش لەوانەی کە دەیانەوێت نەخێر بەردەوام بێت، ئەو خوشکە پێشنیاری کردو روونی کردەوە، دانیشە، تەواو، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەمە دامەزراوێکی نیشتمانی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام تەئیدی پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، کە پەلە پەلی پێوە دیارەو ئەوە پەیوەندی بە پرۆسەیەکی گرنگی دیموکراتی هەیە لە کوردستان، پێویستە تەئجیل بکرێت، ئەسبابیش زۆرە، بەڵام بۆ دوایی قسەی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت، دوای ئەوەی ئەو بەڕێزانە قسەیان كرد، دەخەینە بەر ئەوەی كە كێ دیفاعی لێ دەكات بەردەوام بین لەسەری؟ كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پرۆژەیە یاسایە ماوەیەكی باشە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوەو، لە شێوازی كاركردنی كاری پەرلەمانیشدا، ئەم ماوە درێژە بۆ ئەوەیە، كەوا ئەو پرس و راو خوبەراو شارەزا بانگ كردن و ئامادە سازیەی بۆ بكرێت، بۆ ئەوەی لیژنە پەیوەندیدارەكان لەو ماوەیەدا كار بكەن، وێنەشی دراوە بە هەموو ئەندامە پەرلەمان، هەر ئەندامێكی پەرلەمان دەیتوانی لەو ماوەیە پێشنیارەكانی خۆی بدات بە لیژنە تایبەتمەندەكان، دەتوانرا ووۆرك شۆپی بۆ بكرێت، دەتوانرا هەموو ئەو حازریەیان بۆ بكرێت، لەبەر ئەوەی كەوا هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار بە دەرەجەی یەكەم لیژنەی یاسایی، كە راپۆرتێكی پوختەی لەسەر ئامادە كردووە، هەروەها لیژنەی كاروباری ناوخۆش، تێبینیەكان و كەموكورتیەكانیش ئەگەر لەیاساكەدا هەبێت خراونەتە روو و، خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاساكەش مانای ئیقرار كردنی نییە، دەتوانرێت لە دانیشتنەكانی پەرلەمان و دەستپێكی گفتوگۆیەكاندا دەوڵەمەند بكرێت و ئەم كەموكورتیانەی هەن لە پرۆژە یاساكەدا لە خیلالی گفتوگۆیەكان چارەسەر بكرێن، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە من بە بەشێكی گرنگ لە دابەش بوونی سەروەرییەكان دەبینم لە دەوڵەتدا، كە هەرێم بەشێك لە سەروەرییەكانی خۆی لەو دامەزراوە موستەقیلانەدا هەیە، هیچ ئیعتیرازێك و رێ گرتنێكی یاسایی و دەستووریش لەبەردەمی دانییە، لەبەر ئەم موبەریراتانەی كە من باسم كرد، پێم باشە دەست بە گفتوگۆیەكانی بكرێت، تەئیدی جانیبێك دەكەم كە پەلە لە گفتوگۆیەكانی نەكرێت و ماوەی كافی بە خۆمان و بە پەرلەمانتاران و بە هەموومان بدرێت، كەوا چەندی كاتی بوێ گفتوگۆی لەسەر بكەین، بەڵام من هۆكاری پێویست نابینم بۆ دواخستنی، بەڵكو ئەوە بە باش دەبینم، كەوا دەست بە گفتوگۆكان بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بیر بكەین لە دواخستنی دوو ئەگەر دەبێت، یەكەم: ئەو هۆیانەی كە وەكو مەبدەء من لەگەڵیانم، ئەگەر پەلە كرابێت، ئەگەر حكومەت ئاگادار نەبێت، ئەگەر تەعاروز لەگەڵ فیدراڵ هەبێت، ئەوە لایەنێكیەتی، لایەنەكەی تر ئێمە خوانەكا تێبینیمان لە خودی فیكرەكە، یان لە خودی چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەم بابەتە لەناو ئەم پرۆژە بێت، ئەوەی دووەمیان زۆر ئاسانە، من پشتگیری كاك دڵشاد دەكەم، دەتوانین ئێمە دە ڕۆژی تر لێرە موناقەشەی لەسەر بكەین، هی یەكەمیان: من تەسەور دەكەم كە

حکومەت خۆی پرۆژەکەی پێشکەش کردووە، ئەمەی خستووە حیساب، دووەم: حکومەت ئاگادارە، ئەگەر ئێمە لە ئەخیرەوە کە تەصدیقی دەکەین، دەنێردرێت بۆ سەرۆکی هەرێم، کە ئەو سەرۆکی دەسەڵاتی تەنفیزییە، دەتوانێت پێش ئەوەی موافەقە بکات، ڕاوێژکاری لەگەڵ حکومەت بکات، ڕەئی بدات و، بینێرێت بۆ ئێمە، یا نا، سێیەمیان/ ئەگەر دەستوور بخوێنی من یاسایی نیم، بەلاّم لە ئەو ماددانەی کە دەسەڵاتی حەصری حکومەتی فیدراڵی تێدایە، باس نەکراوە کە تەنها بۆ ئەوە، مەبدەئێك لە دەستووری عێراقی هەیە، ئەو شتانەی وەکو مادده هەیە، ئەو دەسەڵاتانەی کە نەدراون، باس نەکراون، دەبێتە دەسەڵات بۆ هەرێمەکان، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە گفتوگۆ بکەین، من داوا دەکەم لە هەموو خوشك و برایانە، فیعلەن مەسەلەیەکی موهیمە، ئێمە بە وردی موناقەشەی بکەین، من خۆم لای خۆم ڕەنگە 15، 20 تێبینی سەرەکیم لەسەر هەیە، ئەو پرۆژەیە کە گفتوگۆی بکەین، مانای نییە وەکو خۆی وەری دەگرین، دەتوانین لە گفتوگۆکەدا ئەصلەن بیگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برهان ئێستا کەرەمکە قسەی خۆت بکە، کە بۆ دەتەوێ تەئجیل بکرێ، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم ئەوەیە، موبەریرەکانم بۆ ئەوەی لەلای ئەندامانی پەرلەمان وازح بێت، وەکو وتم عونصوری مالی ڕەئی حکومەت وەرنەگیراوە، دووەم: یاساکە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە، سێیەمیان: ئەگەر ئێمە ئەو کۆمسیۆنە دروست بکەین، وا دەکات نوێنەری ئێمە لە کۆمسیۆنی بەغدا کەم بێت، یان کەم بکرێتەوە، ئێمە لەبەردەم ئیستیفتای مەناتیقی موتەنازیع و کەرکووکداین، ئەو ئیستیفتایەش ئایا کۆمسیۆنی کوردستان دەیکات؟ یان هی بەغدا دەیکات؟ ئەگەر بەغداد بیکات ئەو وەختە ئایا نفوزی ئێمە لەو کۆمسیۆنە زەعیف بێت بە زەرەری بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەمان تەواو نابێت؟ ئەوە یەعنی لەڕووی نیشتمانییەوە، لەڕووی نەتەوایەتییەوە ئیحتیمالی ئەوە هەیە زەرەر بکەین، کە ئێمە (87) ساڵە شەڕ لەسەر مەناتیقی موتەنازیعەو لەسەر مافی میللەتەکەمان دەکەین لەگەڵ مەرکەزدا، خاڵێکی تر کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، وەکو عەرزی جەنابتانم کرد لە موازەنەی حاکیمە ئەو پارەیە دەبرێ، کە دەبرێ بۆ دوو جار لە قوتی خەڵك ببڕێ، (39) هەزار موەزەف، ئەگەر (39) هەزار گەنج تەعین بکرێ، وابزانم ئەزمەی گەنج لەو وڵاتە، ئەو نارەزایەتییە نامێنێ لەسەر جاددە، ئەمە موبەریرێکی ترە، ئێمە (15) وەکیل وەزیرو مودیر عام ئیزافە دەکەین، (39) هەزار موەزەف ئیزافە دەکەین، بە سەدەها بارەگاو سەیارەو تەقاعودی دەوێ، ئەوە نابێتە بارێکی گران بەسەر حکومەت و بەسەر میللەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بەوەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتەکەماندا گرنگیدان بە گەنجان، خاڵێکی تر ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، من حەز دەکەم وڵاتەکەی خۆم، کە من خەڵکێکی ئەو وڵاتەم، بەهێزترین وڵات بێ، بەهێزترین نەتەوە بێت، زۆرترین موئەسەسەی قانونی و چاکترین موئەسەسەمان هەبێ لە دنیادا، وەکو

هەموو ولآتە پێشكەوتووەكانی تر، بەلأم نوقتەیەك هەیە موهیمە ئەوەیە ئیجتیهاداتی دەستووری جیاواز هەیە لەسەر نەصی ماددەكانی (102)، (103)، (104)، (115)، (13) لە دەستووری دائیمی عێراق، بۆیە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە لەو مەوزووعە، هەروەها یاسایەكی هێندە موهیم كە ئەم یاسایەو، ئەم دەستەیە كە دروست دەكرێ، ئەو یاسایە بڕیاری لێ دەدرێ، بڕیار لە مەصیری هەموو ئینتیخاباتەكان و، مەصیری پەرلەمان و حكومەت و هەموو موئەسەسە دەستوورییەكان هەیە، ئەم دەستەیە هێندە گرنگە بەڕای من پێویستی بە تەوافوقێكی نیشتمانی هەیە، پێویستی بە وردبوونەوەو تەئەنی و سەبرِ هەیە لەو مەوزووعەدا، زۆر سوپاسی بەڕێزت دەكەم، بۆیە داوای تەئجیلی دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو كۆمسیۆنە كۆمسیۆنێكی نیشتمانییە، لەڕاستیدا پەیوەستە بە ئایندەی هەموومانەوە، پەیوەستە بە نەخشەی سیاسییەوە، پەیوەستە بە نەخشەی حیزبییەوە، پەیوەستیشە بە ئیرادەی سیاسی كە دواتر نەخشەی سیاسی و داهاتوومان دەستنیشان دەكات، بۆیە ئەم كۆمسیۆنە كە ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، ئەم دەستەیە دەستەیەكی زۆر گرنگەو زۆر هەستیارە، كە دەكرێت نەختێ وردبینی زیاتری لەسەر بكەین، هەوڵ بدەین لەڕاستیدا مەوزووعی زۆرینەو كەمینە دەری بكەین، بیكەین بە موئەسەسەیەكی نیشتمانی گەورە، جۆرێك لە ئیجماعی تێدا بێ، لەلایەن هەموو لایەنە سیاسیەكانەوە، بەتایبەت ئەو لایەنە سیاسیانەی كە حكومەت حزووریان هەیە لەناو ساحەی سیاسی و لەناو پەرلەمانی كوردستانیشدا، من پێموایە دەبێ دوو شت جیابكەنەوە، مەوزوعی بوونی دەستەكە، یەعنی گرنگی دەستەكە، ئەهمیەتی دەستەكە لەگەڵ موناقەشەكردنی پرۆژەكە، ئەم دوو شتە لەیەك جیا بكەنەوە، ئێمە لەڕاستیدا لەسەر فەقەرەی دووەمدا، لەسەر قسەكردن لەسەر پرۆژەكە، ئایا ئەم پرۆژەیە تەئجیل بكەین؟ موناقەشەكەی تەئجیل بكەین؟ یان تەئجیلی نەكەین؟ ئێستا دەستی پێ بكەین، بۆیە ئێمە لەڕاستیدا وەكو فراكسیۆنی گۆڕان، داوای ئەوە دەكەین كە گفتوگۆیەكان تەئجیل بكەین، گفتوگۆیەكان لەسەر پرۆژەكە تەئجیل بكرێ، لەسەر ئەم خاڵانەی كە دیارە هاوكارانم زۆریان باس كرد، بەلأم من زۆر بە خێرایی قسە لەسەر هەندێكی دەكەمەوە، وەك باسم كرد ئەمە پرۆژەیەكی گرنگە، پێویستی بە دیقەتێكی زیاترە، لەڕاستیدا ڕاستە ماوەیەكە لەبەر دەستدایە، بەلأم پێویست دەكات لایەنە سیاسیەكان جۆرێ لە گفتوگۆیان لەگەڵ بكرێت، من نالێم هەر تەوافوقێكی كامل هەبێت لەسەر شتەكان، بەلأم لایەنە سیاسیەكان، مەجالێكی زیاتری بدەین بە فراكسیۆنەكان لەناو پەرلەماندا دانیشتنی لەسەر بكەن، تا ئێستا فراكسیۆنەكانی پەرلەمان دانیشتن و گفتوگۆیان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە نەكردووە، حەق وایە فراكسیۆنەكان چەند كۆبوونەوەیەك لەسەر ئەم پرۆژەیە بكەن،

پاشانیش لایەنە سیاسیەکانیش بەهەمان شێوە کۆبوونەوەی لەسەر بکەن، هەوڵ بدەین جۆرێك لە ئیجماع دروست بکەین، هەم لەلایەن فراکسیۆنەکان، هەم لەلایەنە سیاسیەکان، بۆ ئەوەی بە حەقیقەت ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی رێك و پێك بەبێ کەموکوڕی ببێتە پرۆژەیەکی نیشتمانی گەورە، کە هەموومان شانازی پێوە بکەین.

خاڵێك کە برادەران باسیان کرد پەیوەست بوونی ئێمە بەناوچە دابڕاوەکان، یەعنی کە باسی هەرێمی کوردستان دەکرێت، خۆمان دەزانین بەشێکی گرنگی کوردستان ئێستا لە دەرەوەی سەلاحیاتی هەرێمی کوردستاندایە، مامەڵەمان لەگەڵ ئەوانە چۆن دەبێت؟ حزوری ئێمە لە کۆمسیۆنی بالآ چۆن دەبێت؟ ئێمە نوێنەرەمان هەیە لە کۆمسیۆنی بالآی عێراق، ئایا موشاوەرەمان لەگەڵ کردووە؟ پێموایە فراکسیۆنەکان پێویستە موشاوەرە لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە کۆمسیۆنی بالآ بکەن، جارێکی تر ئیشکالیەتی قانونی بۆ هەرێمەکەمان دروست نەکەن و نەبێتە هۆکارێك بۆ ئاڵۆزی وەزعەکە، بۆیە ئێمە دەبێت لەگەڵ نوێنەرەکانمان، نوێنەرە سیاسیەکانمان، نوێنەرە قانونیەکانمان لە کۆمسیۆنی بالآ موشاوەرە بکەین و بەتایبەتیش قسە لەسەر مەوزوعی ناوچە دابڕاوەکان بکەین، ئەو ناوچانەی کە ماددەی 140 دەیگرێتەوەو ئایندەیان چۆن دەبێت؟ واتا هەرێم چەند رۆڵی دەبێت لە مەوزوعی ئەو راپرسی و ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەوناوچانە دەکرێت؟ مەوقعیەتی کورد لە موئەسەساتی فیدراڵیدا، کۆمەڵێك موئەسەساتی فیدراڵی هەیە بەهۆی ئەم یاسایەوە دەبێت قسەی لەسەر بکەین لەڕاستیدا، گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەین، مەوقعیەتی ئێمە لەنێو موئەسەساتی فیدراڵیدا چی دەبێت؟ مەوزوعی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی بەغدا کۆمەڵێك ئیعیترازاتی ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەموومان بینیوومانە، نوێنەری کورد هەیە لەو کۆمسیۆنە، سەرۆکی کۆمسیۆنەکە کوردە، لەڕاستیدا دەبێت وردبینیەکی زیاتر بکەین، ئەو ئیعتیرازاتانە چ ئەساسێکی یاسایی هەیە؟ چ ئەساسێکی دەستووری هەیە؟ باسم کرد بۆ ئەوەی ئیشکالیەتێك دروست نەبێت، مەوزوعی بودجەو بەشداری کردنمان لە موئەسەساتی ئیعتیادیدا کە لە عێراقدا هەیە، مەوزوعی کارمەندەکان، ئەمانە کۆمەڵێك مەسائیلن، من پێموایە ئەگەر وەختێکی زیاتر بدەین بە فراکسیۆنەکان، بە ئەندامانی پەرلەمان، بە لایەنە سیاسیەکان گفتوگۆیەکی وردتر بکەین، جۆرێك لە ئیقناع کردنی یەکتر بکەین و مشاوەرە لەگەڵ ئەو لایەنانە بکەین، ئەو کاتە گفتوگۆ کردن لەسەر یاساکە کاملتر دەبێت، بمبوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەڕاستیدا بڵێین وەڵڵا ئێمە لەسەرخۆ موناقەشە دەکەین، من پێموایە ئەوانە تەحصیل حاصل بووە لە پەرلەمان، لە پەرلەماندا هەموو ماددەکان لەسەرخۆ کراوەو هەوڵ دراوە بوار بە هەموو لایەك بدرێت، بۆیە مەوزوعەکە ئەوە نییە، کە ئێمە ماددە بە ماددەو لەسەرخۆو بە هێمنی و ئەوانە، بەلآم هۆی ماددەکە ماددەیەکی هەستیارە، کوێی موناقەشە بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر جەنابت ئاخیر کەس قسەی خۆت دەکەیت، کەسێکی تریش دیفاع دەکات خەلاص دەبێتن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئەو قسانەی کە کران هەموویان قسەی باش بوون لەسەر ئەهمیەتی یاساکەو، لەسەر ئەوەی کە مافێکی دەستووری خۆمانە، وابزانم کەس نکوڵی لەوە نییە، ڕەنگە تێبینی براو خوشکانیش بۆ باشتر کردن و دەوڵەمەند کردنی بێت، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم دوای بخەین، بەس بۆ کاتێکی دیاری کراو، نەك دووبارە دواکەوتن بەو مانایەی کە دوای بخەین و باسی لەسەر نەکەین و راوێژ نەکەین و را نەگۆڕینەوە، هەر موجەڕەد دواخستن بێت، من وا دەزانم چەند شتێك هەیە پێویستی بە دواخستنە، بۆ ئەوەی براو خوشکانی بەڕێز لە لیژنەکانیش قەناعەت بکەن، جارێ تەتابوقێك لە بەینی ئەم دوو پرۆژە کوردی و عەرەبیە بە هیچ شێوەیەك نییە، من ئامادەم و هەمووشم دیاری کردووە وەکو خزمەتێك بە برایان دەیاندەمێ، زۆربەی پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی کە کراوە لە عەرەبیەکە هەیە لە کوردیەکە نییە، یان لە کوردیەکە هەیە لە عەرەبیەکە نییە، یەعنی ئەوە خۆی یەکێکە لە بەڵگەکان کە فیعلەن پەلەیی پێوە دیارە.

دووەم/ ئیتیفاقێکی دەوێت، ئیتیفاق نە بەمانای ئێمە لە شتە یاساییەکە لابدەین، بە مانای ئەوەی دەبێت هەوڵ بدەین ئەم یاسایە مادام باسی هەرێمی کوردستانە، مەسەلەیەکی نیشتمانییە، هەموومان باسی ئەهمیەتی دەکەین پێویستە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی مۆزایکی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بێت، ئەمە دەخوازێ، کە ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، ئەو پەلە کردنە بە یاسایەکەوە، من یەك نموونە عەرزی بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەکەم کە هەر لە نەریتی یاساکانمان هەرچی یاسا هەیە پێناسی موستەلەحاتمان کردووە گوتومانە پەلە لەمە کراوە کە گرنگترین یاسایە، هیچ پێناسەیەکمان نەکردووە بۆ دەستەواژەکان کە 18 جار مەجلس ریئاسە دووبارە بووەتەوە، بۆ نموونە یان (مجلس الهیئە) دووبارە کراوەتەوە، ئەوە دەلیلی ئەوەیە پەلەیەکی پێوە دیارە، ئەم یاسایەش وەکو کاك عبدالسلام گوتی حکومەت نیە ئەوەی من بزانم لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە تەقدیم کراوە لەلایەن حکومەتەوە نیە، نازانم ڕای حکومەت بە جیاوەرگیرا بێت، بۆیە منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە لایەنە پەیوەندارەکان لە دەزگا تەنفیزیەکانیش ڕای خۆیان بڵێن، بۆیە بە کورتی ئەوە عەرز دەکەم کە دوای بخەین بۆ کاتێکی دیاری کراو بە مەبەستی دەوڵەمەند کردن و باشتر گەڵاڵە کردنی، نەك بە مەبەستی تەنها دواخستن و بەبێ ئەوەی گوێ بەو لایەنە بدەین، لیژنەکان قسەی زیاتر بکەن، لەبینی فراکسیۆنەکان، ڕا گۆڕینەوەی زیاتر هەبێت، تێبینیەکان بدرێ بە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی باشتر دەوڵەمەندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر هەورامی ئاخر کەس، تەواو ئیتر دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی کە ئاگادار بم زیاد لە $2$ مانگ و نیو زیاترە ئەم پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لەبەردەم لیجانی موختەس و پەرلەمنتاراندا و لە دەزگاکانی ئیعلامی هەتا مونەزەماتی موختەس ئەوەی کە نزیك بوون لەم بوارە رەئی خۆیان دەربڕیوە لە ڕێگەی جیاجیاوە کۆبوونەوەو وەسائیلی ئیعلامیش، بۆیە ئەوە یەك لەو خاڵانەیە کەوا وا دەکات هیچ پێویست نەبێت بە دواخستنی، وادەزانم کاتی زۆر پێویستمان لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی زانیاریمان هەبێت بە هەموو بڕگەکان و ماددەکانی، خاڵێکی تر باس لەوە دەکرێت کە ئەم موئەسەسەیە نیشتمانیە، من پرسیار دەکەم ئەی موئەسەسەکانی تر نیشتمانی نین؟، ئەم گومان دروست کردنە بۆ؟ ئایا پەرلەمانمان نیشتمانی نیە؟ حکومەتمان و وەزارەتەکانی تریشمان نیشتمانی نین؟، باس لە تێچوون و موازەنە کرا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ڕاستە موازەنەیەکی ئیتیحادیمان هەیە، لەپاڵیشی دا ئێمە تەکالیفی سیادیمان هەیە کە دەڕوات، تەکالیفی سیادی بەس تەنها بۆ کۆمسیۆن نیە، بۆ هەموو ئەو مەنسبانەن کە هی هەموو عیراقن، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لێرە سەرۆکی هەرێممان هەیە، بەڵام خۆ نەفەقاتمان لەوێ بە حەدی خۆمان لێمان بڕاوە، موشارکین لەوێ بەوەی کە لەچەند ساڵی ............... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەیەك، یەعنی نەفەقاتی هەڵبژاردن، ئێمە دەیدەین، حەزدەکەم ئەوە بزانن، لە سیادی وەری ناگرین، لە میزانیەی هەرێم دەیبەین، هەر بۆ مەعلومات، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم لەوەیە بەوەی کە تێ چوونمان ئەگەر کەم بێت یان زیاد بێت مانای ئەوە نیە کە ئێمە حەقی موشارەکەمان نابێت سبەی لەو کۆمسیۆنە باڵایەی کە لە بەغدا دێت، چونکە ڕاستە ئێمە ئیقلیمێکمان هەیە کە رەئیسی ئیقلیممان هەیە، مەجلسی وزەرامان هەیە، پەرلەمانمان هەیە، ئەگەر بەو قسەی ئەو بەڕێزانە بێت کە  کردیان، ئێمە ئەو کاتە حەقی موشارەکەمان نابێت لە پەرلەمان و لە وەزارەتەکان و لە ریئاسە و لە شوێنە سیادیەکانی عیراق، لە نوێنەرایەتی عیراق لە دەرەوەو لە وڵاتانی دەرەوە، بەڵام لە تەتبیق و لە مومارەسە کردنندا ڕێك بە پێچەوانەوەیە، ئێمە حەقێکی دەستووریمان هەیە، قانونیمان هەیە، بۆ مومارەسەی ئەو حەقەی خۆمان نەکەین، کە ئەویش دانانی کۆمسیۆنێکی باڵا بۆ هەڵبژاردنەکانە، بۆ ئەوەی ئیدارەی خۆمانی پێ بکەین، ئەوەی کە بەڕێزان و هاوکاران ئاماژەیان پێیدا گرنگیەکەی زیاتر یەکەم: لە بەرجەستە کردنی سیادی............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن ئیشارەت بە قسەی بەڕێزان مەدە، خۆت چ رەئیەکت هەیە لەسەر قانونەکە ئەوەمان پێ بڵێ، پێت باشە بەردەوام بێت، بۆ؟ ئیتر هەر برایەك و هەر خوشکێك ئازادە لەو بیروڕایەی کە هەیەتی و خۆی

دەیڵێت، ئەوە خۆی لە قسەی خۆی مەسئولە، بەڵام جەنابت وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بۆ ئەم مەوزوعە چیت هەیە بیڵێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی دا دەڵێم لە زیاترین ئەو خاڵانەی کە گرنگن بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایە، یەك: ئەوەی کە باسی لێوە کراوە لە یاساییەکەش غیر موباشر لە ئەسبابی موجبە ئاماژەی پێدراوە، بەرجەستە کردنی زیاتری سیادەی هەرێمی کوردستان، دوو: کرانەوەی زیاتر لە هەرێمی کوردستان بەرەو ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەوەی کەوا وکالات و موئەسەساتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بتوانن موشارەکە بکەن، ئێمەش لەڕووی سیاسیەوە هەرێمی کوردستان زیاتر کراوە بێت بەرەو ڕووی دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئەرسەلان موداخەلەی هەیە و ئاخر کەسە قسە دەکات و دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا ئەو کۆمسیۆنە پێویستە یان پێویست نیە؟ ئایا لەڕووی قانونیەوە دەستوور ڕێگای پێ دەدات یان پێی نادات؟ ئایا ئیقرار کردنی بە تەوافوق بێت یان بە ئەقەلیەت و بە ئەکسەریەت بێت؟ من پێم وایە ئەم کۆمسیۆنە وەکو مەسەلەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی زەروریە، چۆن ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی خۆمانمان هەیە و حکومەتمان هەیە و سەرۆکایەتی ئیقلیممان هەیە، ئەمە شتێکە لە شتە زەرورەکانەو بۆ نەتەوەکەمان پێویستە، دەستووریش بە پێی ڕەئی قانونیەکان و ئەوەندەی ئێمەش لێی دەزانین دەستووریش ڕێگەی پێداوە کە ئەمە حەقی خۆمانە ئەوە بکەین، سێیەم: یەك سوئالی جەوهەری دێتە پێشەوە، ئایا ئێمە لە کوردستان ئەگەر بۆمان بکرێت قیادەی خۆمان بکەین، ئەوەندەی دەکرێت بۆ شتێکی مەحەلی و هەرێمایەتی یان لە بەغداوە قیادە بکرێین؟ ئەوە سوئالێکی جەوهەریە، ئێمە وەکو نەتەوەی کورد حەقە هەمیشە ئیش بۆ ئەوە بکەین تا بۆمان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان خۆمان قیادەی موئەسەساتەکانی خۆمان بکەین، نەك ئێمە چاوەڕێی بەغدا بکەین و تەفزیلی بەغدا بکەین لەسەر خۆمان لێرە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەمە بەردەوام بێت یان تەئجیل بکرێت؟ بە نەزەری من هەردووکی لە یەك شوێندا یەکتر دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن پەلە نەکرێت لە موناقەشەکانی وە دەرفەتی ئەوە بدرێت کە لیژنەکان و فراکسیۆنەکان لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان لەسەر ئاستێکی بەرزتر موناقەشە بکەن، بە ڕەئی من لەوە مەسەلەکان یەکتر دەگرێتەوە، موهیم ئەوەیە پەلە نەکرێت لە موناقەشەکەی دەرفەت بدرێت بە هەمووکوتلە سیاسیەکان، ئەگەر چی ماوەی 3 مانگە ئەم پرۆژە یاسایە تەقریبەن لەبەردەستی هەموو لایەکمان بووە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە تەوافوق بێت، فعلەن تەوافوقەکە باشترە، دەبێت هەوڵ بدەین لە ئایندە زۆربەی پرۆژە یاساکان بە تەوافوق بکەین، چونکە تەوافوق قوەتێك

دەداتە پەرلەمان، قوەتێك دەداتە میللەتەكەمان، بۆیە منیش پێم وایە بەردەوام بێت موناقەشەكانی، بەلآم پەلەی تێدا نەكەین، دەرفەت بدەین بۆ ڕاوێژی زیاتر بۆ گفتوگۆی زیاتر، چ لە نێوان لیژنەكان و چ لە دەرەوەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان پرسیاری هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پرسیارەكەم ئاراستەی جەنابتان دەكەم، جەنابت دووجار باسی ئەوەت كرد كە پارەی تێ چوونی هەڵبژاردن لەسەر هەرێمە، من پرسیارەكەم بۆ بەڕێزتان ئەوەیە كە ئێمە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوو كە 7/25 كرا بۆچی ئەوەنە وەستاین هەتاكو حكومەتی مەركەز موافەقەتی لەسەر تێ چوونی پارەكەمان كرد؟ بەڵێ وەستاین تەئجیلەكەشی لەسەر ئەوە بوو، كە حكومەت موافەقەتی پارەكەمان بۆ بكات، ئایا حكومەت وەكو مەركەز دەبێت موافەقەت بكات كە ئێمە لە بودجەی خۆمان مەسرەفی هەڵبژاردنەكانمان بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ وەلآمی بەڕێزت نەخێر، خەلاس، موناقەشە داخرا، رجائەن تەواو، كۆمسیۆنی بالآی بێ لایەنی هەڵبژاردنەكانی عیراق، ئەوەڵەن لەو وەختەی كە ویستمان هەڵبژاردنەكە بكەین ئەوان سەبەب بوون كە نەیانهێشت، یەعنی ئەوە سەبەبێكە هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، بە نیسبەت ئەوەوە كە موحاوەلەیەكی زۆر كرا كە لە بودجەی سیادی پارەكە سەرف بكرێت، نەیان كرد لە ئەخیری لەسەر ئەوە ئیتیفاق كرا هاوكاری بكەن، بەلآم لە میزانیەمان ببڕنەوە، ئێمە ئێستا ئەو پارەیەی هەڵبژاردنی پێشوو لەسەر هەرێم كەوت، ئەمەش لەسەر هەرێم دەكەوێت، لە موستەقبەلیش ئەگەر عیراقیش هەڵبژاردنێكی تر لێرە بكات بۆ هەرێمی كوردستان بێت هەر پارەكەی لەسەر ئێمە دەبێت، ئەگەر هی حكومەتی ئیتیحادی بێت ئەوە مەسەلەیەكی ترە، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز ئێمە ئەم پرۆژە یاسایە لە دانیشتنی ژمارە 19 لە 2010/6/27 ئێمە ئیحالەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆمان كردووە، ماوەیەكی زۆرە، یەعنی 3مانگ كەم 7 ڕۆژ دەقیق لەبەردەستە، ئێستاش پرۆژەیەكی موهیمە، یاسایەكی موهیمە و دەست كەوتێكی موهیمە بۆ هەرێمی كوردستان، حەقی هەریەكێك لە ئێوەو لە خەڵكی هەرێمی كوردستانە پاداگیری بكات كە هەرێمی كوردستان یاسایەكی لەو شێوەیەی هەبێت، بەلآم من سەدی سەد لەگەڵتانم چەند لەسەری بوەستین و چەند لەسەری وردبینەوە كە كەموكورتی تیا نەبێت كەلێنەكانی پڕبكەینەوە، ئێمە لەگەڵتانین، لەبەرئەوەش لەسەرۆكایەتی ئیتیفاقمان كردووە كە بەوپەڕی ئەمانەتەوە لەگەڵ ئەم پرۆژەیە لەگەڵتان بە هێمنی و بە هێواشی بڕۆین، ئێوەش فراكسیۆنەكان لەگەڵ خۆتان و لە بەینی خۆتان موناقەشەی بكەن، لەبەینی ئەندامەكان بۆ ئەوەی چەند ماددەی لە ڕۆژێكدا........ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبێت گرنگی پرۆژەكە لە گەڵ داواكردنی تەئجیلەكە جیابكەینەوە، ئاراستەی قسەكان لەوە بوو كە مەسەلەی نیشتمانی و سەروەری هەرێم و ئەمانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە حەقی خۆمە قسە دەكەم، كەرەمكە و دانیشە رجائەن، زۆر موهیمە لەڕووی نیشتمانیەوە ڕاستە، لەڕووی ئەوەی كە كاك ئەرسەلان ئیشارەی پێی كرد كە كوێستان خان داوای كرد و جەنابت تەئیدت كرد كە تەئجیل بكرێت، هەندێك خوشك و برای تریش ئیشارەتیان پێیداوە و بە هێمنی لەسەری بڕۆین و وەختی پێ بدەین تا هەردووكی یەك دەگرێتەوە، بۆیە ئێستا پێشنیاری ئێوەی بەڕێز وەكو لیستی گۆڕان كە ئەم پرۆژەیە تەئجیل بكرێت بۆ ماوەیەكی تر تا باش لەسەری گفتوگۆ بكەن، پێشنیاری چەند ئەندامێكی تری بەڕێز لە لیستی كوردستانی كە ئەوەی بەردەوام بین لەسەری و گفتوگۆ بكەین بە هێمنی، لیستی یەكگرتووی ئیسلامیش پێشنیاری ئەوە بوو كە بە هەمان شێوە كە تەئجیل بكرێت بۆ ئەوەی زیاتر وردبینەوە بۆ ئەوەی یاسایەكی مەعقول بێت، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێوەی بەڕێز كێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بكرێت، تكایە دەست بەرزبكەنەوە؟30 كەس لەگەڵ ئەوەن كە دوابخرێت و تەئجیل بكرێت بۆ ماوەیەكی تر، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەردەوام بین؟ 67 كەس لەگەڵە بەردەوام بین، بۆیە ئێستا بەردەوام دەبین. تكایە لیژنەی یاسایی بۆ دەستبەكار بوون بیخوێننەوەو بۆ ئەوەی پاشان موناقشە بكەین، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 1

تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا للانتخابات والاستفتاء في أقليم كوردستان ـ العراق بأسم الهيئة العامة المستقلة للانتخابات والاستفتاء في أقليم كوردستان ـ العراق لتكون السلطة الحصرية تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية والاتحادية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 1

بە گوێرەی ئەم یاسایە كۆمسیۆنی باڵا بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی كوردستان لە عیراقدا بەناوی دەستەی گشتی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق دادەمەزرێت بۆ ئەوەی

ببێته تاکه دەسەڵاتێك کە هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکی ناوخۆ (لۆکال) فیدراڵی لە هەرێمدا بەجێ بگەیەنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین، وە داوای پێشنیاری ئیعادەی سیاغەمان کردووەتەوە، لەهەمان کاتدا فەقەرەیەکیشمان ئیزافە کردووە بەو شێوەیەی کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە:

المادة 1

1- تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا مستقلة للانتخابات والاستفتاء فی أقليم كوردستان - العراق بأسم الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء فی أقليم كوردستان - العراق لتكون السلطة الحصرية التی تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية فی الاقليم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية بالتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقی.

2- يكون المقر الرئيس للهيئة فی محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب فی سائر مراكز محافظات الاقليم.

واتە بە حەسیلەی نیهائی ئێمە وشەی موستەقیلەمان ئیزافە کردووە، لەگەڵ ئیعادەی سیاغەی ناوەڕۆکی ماددەکە، وەلە هەمان کاتدا فەقەرەیەکیشمان ئیزافە کردووە بەو شێوەیەی کە خوێندمەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتەکەمان ئامادە کرد لە فەقەرەی یەکەم لە ئەخیری فەقەرەکە دەڵێت (تنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية بالتنسيق مع المفوضية المستقلة للانتخابات العراقی) ئێمە پێمان باشە، لەبەرئەوەی ماددەیەکی موستەقیلمان داناوە، بۆ ئەوەی تیکرار نەبیتەوە، تەنها ئیعتماد لەسەر مادده موستەقیلەکە بکەین، ئەو (تنفيذ الانتخابات)ە بە نیسبەت ئەو فەقەرەیە لابرردرێت بۆ ئەوەی ئەو فەقەرەیە تەنها حەسری بیت لە ئینتخاباتی کە لە هەرێمی کوردستان، مەسەلەی تەنسیقەکە داخل نەکرێت، لەبەرئەوەی لە ماددەیەکی موستەقل لەوێ موعالەجە کراوە، کەی هاتینە سەر ماددەکە ئەو وەختە دەیخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ کەرەمکەن، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەرەتاوە بۆ ناوی پرۆژە یاساکەش رەئیەکی ترمان هەبوو، سەبارەت بەناوی پرۆژە یاسایەکە ڕاپرسیەکەی لێ هەڵبگیردرێت تەنها بوترێت دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان -

عیراق، ئەویش لەبەرئەوەی لە ماددەی 3 لەبڕگەی 2 لە ئەرکەکاندا ڕاپرسی بۆ دیاری کراوە کە یەکێك لە ئەرکەکانی ڕاپرسیە، بۆیە بەزیادی دەزانین کە تەنها ڕاپرسیەکەی لێ جیابکرێتەوە، هەروەها لە ماددەی 1 وشەی دەستەی گشتی هاتووە کە بکرێتە دەستەی باڵا و بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراقی فیدراڵی بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت دستەی گشتیەکە، ئێمە چارەسەرمان کردووە، بەڵام بە نیسبەت ئیستفتایەکە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئیستفتایەکە داخل بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئیستفتامان داخل کردووە کە 3/2 ی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆی داوە کە ئێستا پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، ئەگەر دەتانەوێ نەسەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

1. تؤسس بقانون هیئة علیا مستقلة للانتخابات والاستفتاء فی کوردستان ـ العراق

ئەمە نەسێکی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە 97 ئەندام لە ئەندامانی پەرلەمانی پێشوو دەنگیان لەسەری داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لەسەر ئەم ماددەیە کێ دەیەوێ قسە بکات دەستی هەڵبڕی تکایە؟ بەڵێ ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسرا، عمرعبدالعزیز، د.احمد وەرتی، سۆزان شهاب، کوێستان محمد، ئاسۆ کریم، حسن محمد، گوڵێزار قادر، بلال سلێمان، بەفرین حسین، حمە سعید حمە علی، ژیان عمر، سالار محمود، کاردۆ محمد، عمر نورەدینی، عمر عبدالرحمن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 1 پێشەکیەك عەرز دەکەم، چونکە پەیوەندی بە ماددەکەوە نیە کە لە موداخەلەکەی تریشدا ئاماژەم پێی کرد کە جێی پرسیاریشە لە عەینی کات پێشنیاریشە ماددەیەك ئیزافە بکەین، یەعنی ماددەیەك ببێتە دوو بڕگە یان ماددەیەکی سەربەخۆ بێت کە دەستەواژەکان پێناسە بکەین، دەستەواژەی هەیئە و دەستەواژەی ئیقلیم و دەستەواژەی قانون و دەستەواژەی مەجلس، چونکە تەنها کەلیمەی مەجلس 17 جار لەم یاسایە هاتووە کە دوو، سێ دێری کوشتووە کە وابزانم ئەوە نەریتێکە هی یاسایەکانی تریشە، نەریتێکی دایم بووە لە یاساکانی تر، تێبینی دووەمم کوردی و عەرەبیەکە بەڕاستی تەتابوقیان لەبین دا نیە، ............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە بکەنە ئەساس بۆ موناقەشە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هەندێ تێبینی داوە بۆ یاسایەکە مەسەلەن لە کوردیەکە هەیە بۆ نموونە لە کوردیەکە داوای ئەوە کراوە پەسەند کردن لە ماددەیەك لە بڕگەی 4 بنووسرێ (تصدیق) لە عەرەبیەکە نووسراوە، جەنابیشت دەفەرمووی عەرەبیەکە ئەسڵ بێت، تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی لەسەر کوردیەکەیە وەکو مولاحەزەیەك، بەرهەرحاڵ تەتابوق لە بەینی عەرەبی و کوردیەکە نیە بە کورتی ئەوە عەرز دەکەم، بە نیسبەت ماددەی 1 ەوە هەر لە عەرەبیەکەی دوو تەناقوزی گەورەی تیایە، یەکێکیان هەر لە دێری یەکەم دەڵێت هەیئەی عولیاو لە دێری دووەم دەڵێت هەیئەی عامە کە ئەوە لیژنەی یاسایش ئاماژەیان پێی کردووە، دەڵێت (بموجب هذا القانون هیئة علیا للانتخابات) کەچی دەڵێ (باسم الهیئة العامة المستقلة للانتخابات)، ئەوە یەك، دووەم/ لە کوردیەکە باسی کۆمسیۆن کراوە یەعنی ئێمە دەمانەوێ موجامەلەی خۆمان بکەین.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر ئێستا عەرەبیەکە ئەساسە، وەرە موناقەشەی سەر عەرەبیەکە، ئەگەر لە جێگایەك خەلەلێك هەبوو، ڕاپۆرت هەیە و شەرح کراوە، ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی پرۆژەکە منیش پشتگیری لە ڕای لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە وشەی ئیستفتا و ڕاپرسی لابردرێت، هەر دەستەی بالأی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە لە ماددەکانی تر لە ئەرکەکانی دەستە هاتووە کە ڕاپرسیش ئەنجام دەدات لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پێناسەکان بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەم کە هەندێك لە پێناسەکان لێرە لە ماددەی 1 جێی بۆ بکەینەوە، ئەگەر لە فەقەرەیەك بێت و سەربەخۆ بێت، چونکە لە پرۆژە یاساکانی تر ئێمە کۆمەڵێك تەعریفاتمان کردووە یان مەبەستەکانی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە یاساکەدا هاتوونە پێناسەمان کردوون، بەڵام لێرە هیچ پێناسەیەك نەکراوە، سەبارەت بە (الهیئە العامە)ەکە کە دەڵێت هەیئەتێك دروست دەکرێت (باسم الهیئە العامە) تەبعەن لەناو قانونەکە نەهاتووە، دەستەی گشتی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام لەوێ دەڵێ (الهیئە العامە) یەعنی عامەکە وەکو ئەوەیە لەویا پێشنیار کراوە کە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆیە، عامەکە لابردرێت واتە ئەوە شتێکە پێویست ناکات بە ڕای من، سیاغە کردنەوەی وەك ئەوەی پرۆژەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە سیاغەکە من پشتگیری لەوە دەکەم بە دوو خاڵ پۆلین بکرێت، خاڵی یەکەم/ (اولا) وە (ثانیا) کە هاتووە لە (ثانیا) کە بارەگای دەستەکە لە شاری هەولێر دەبێت کە پایەتەختی هەرێمی کوردستانە، بەو شێوەیە ئەو پۆلینەی بۆ بکرێت و منیش لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی لەبەرئەوەی کە

ڕاستە لێرە باسی ئیستفتا هاتووە لە پرۆژە یاسای هەرێم، بەڵام لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەڵام دیارە پرۆژەی دەستووریش هێشتا هەر پرۆژەیە لە ڕاستی دا، لێرە کە دەڵێ (لتكون السلطة الحصرية التى تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية والاتحادية فى الاقليم)، بۆیە لێرە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق من پێموایە ئەوە گرنگە لێرە باس بکرێت، چونکە لێرە دەڵێت سوڵتەی حەسری، دەسەڵاتی حەسری هەیە، بۆیە لێرە ئەگەر هەماهەنگیەکەی لەگەڵ دا باس بکرێت، ڕاستە لە ماددەکانی دیکە باس لەوە دەکات کە یەك لە ئەرکەکانی دەستەکە بریتیە لە ڕاپرسی، بەڵام لێرەدا چونکە باس لە دەسەڵاتی حەسری دەکات، ئەو هەماهەنگیە پێویستە لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقیش دا مفهوەزیە هاتووە کە ئیستفتائاتی ئیتحادی و ئینتخاباتی ئیتیحادی لە هەرێمی کوردستانیش ئەو سەرپەرشتی دەکات، بۆیە ئەگەر هەماهەنگیەکەی لەگەڵ دا بێت، من بە زەروری دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە هەر دوو برای بەڕێزم کاك عمرو د.احمد دەکەم لەسەر ئەوەی ئێمە پێویستە ماددەیەکمان هەبێت، ماددەی 1 کە تیایدا پێناسەی هەموو ئەو دەستەواژانەی تیا بێت کە لەناو ئەم یاسایەدا هاتووە، ئێمە هەتا ئێستا یاساکانمان بەو شێوەیە هاتووە، ئەمەش یاسایەك نیە بەدەر لە یاساکانی تر، بگرە تایبەتمەندیەکی زۆریشی هەیە، هەموو دەستەواژەیەك تیایدا پێناسە بکرێت، سەبارەت بە لابردنی ئیستفتائات من لەگەڵ ئەوە نیم ئیستفتائات لابردرێت، بەڕێزان ڕاپرسی کلتورێکە کە لە زۆر لە وڵاتانی دنیا ڕاپرسی لەسەر دروست کردنی پرد دەکەن، لەشوێنێك دا کە پرد دروست بکرێت یان دروست نەکرێت، لەبەرئەوە ئێمە مەفروزە لەگەڵ ئەو هینە بین بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان هەست بکەن بەو بڕیارە ئەوانیش بەشدارن تیایدا، لەبەرئەوە من داواکارم کە بمێنێتەوە مەوزوعی ڕاپرسی یاخود ئیستفتائات، سەبارەت بە (تنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية بالتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية) ئەمە پێم باشە بمێنێتەوە، ڕاستە لە ماددەیەك لە پشتەوە لەوانەیە هات بێت، بەڵام لە پێشەکیەکەیدا تۆ تەواو تەواو دەری دەخەی کە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆ ئەم هەیئەتە دەیکات، وە تەعاون و تەنسیق دەکات لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق بۆ هەڵبژاردنە ئیتیحادیەکان، لەسەرەتای ماددەکەدا یاخود لە سەرتای یاساکەدا تۆ ئەمە ڕوون دەکەیتەوە، بەڵام هەر داواش دەکەم ئەو ماددەی یەکەم تەعاریفەکە دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، یەکەم/ پشتگیری هاوڕێیانی پێش خۆم دەکەم بۆ ئەوەی کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت بۆ پێناسەی زاراوەکان، دووەم/ پشتگیری لەو ڕایەی هاوڕێیانم و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە ئیستفتا لاببردرێت، لەبەرئەوەی ئیستفتاش جۆرێکە لە هەڵبژاردن، پێشم وانییە تەعاروز لەگەڵ دەستووردا بکات، ئەو دەستوورەی کە هێشتا ریفراندۆمی لەسەر نەکراوە، ئەگەر سەیری دەستووری عیراق و یاسایی ژمارە 11ی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بکەین لە 100٪ ناوەکەش وەکو یەك نیە و تەعاروزی دەستووریشی نەکردووە، بۆیە من پێم وانیە ئەمە تەعاروزی ئەو دەستوورە بکات کە ئیستفتای لەسەر نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ماددەی یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

یەکەم/ بە گوێرەی ئەم یاسایە کۆمسیۆنێکی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەناوی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان ـ عیراق دابمەزرێ و ببێتە تاکە دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکی ناوخۆیی لە هەرێمدا.

دووەم/ دەستە بۆهەر هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکی فیدڕاڵی (دەکرێت لەناو قەوس (سەرانسەری) دابندرێت)، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق دا بکەن.

سێیەم/ بارەگای سەرەکی دەستە لە پایتەختی هەرێم دەبێ و نووسینگە لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم دا دەکاتەوە.

پێشنیازی لیژنەی یاسایی لە عەرەبیەکەدا هاتووە ( سائر مراکز........) سائر نابێت، باقی، یەعنی خۆی دەبێت بڵێین مەراکزەکانی هەموو موحافەزاتەکان بێت، بۆیە بەبڕوای من دەکرێت ئەو سائرەش لاببردرێت لە عەرەبیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت بنووسە و بیدە لیژنەی یاسایی، کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو پێشنیارە دەکەم کە ماددەی 1 زیاد بکرێت بە پێناسەی وشە و دەستەواژەکان، هەروەکو لە هەموو یاساکاندا هاتووە، بەنیسبەت ناوەکەوە من تەئیدی ئەو دەکەم کە وەك ئەوەی لە لیژنەی یاسایی دا هاتووە، دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، چونکە

وەكو باسكرا هەم لە دەستووری پێشنیار كراویش وا هاتووە، هەروەها من بە نیسبەت لابردنی وشەی ناوخۆ و فیدراڵی واتە ئەو تەقسیم بەندیە، یاخود مەحەلی و ئیتیحادی، بەڕای من ئەم تەقسیم بەندیە هەر لابرێت، بەڵكو وەكو ئەوەی لێ بكرێت كە لە عەرەبیەكەدا هاتووە( تقوم بأجراء جميع الإنتخابات والاستفتاءات في الاقليم)واتە هیچ گرنگ نیە ئێمە بڵێین محەلی و ئیتیحادی، بۆ هەماهەنگی و تەنیسیق بەڕای من ئەوە ئێمە نین داوای هەماهەنگی و تەنسیق دەكەین، بەڵكو لە یاسای كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراقیدا لە فەصڵی دووەم لە ماددەی دووەم هاتووەو خۆیان داوای ئەو جۆرە هەماهەنگیە دەكەن، كە پێویستە هەماهەنگی لەنێوان سوڵتاتی مەركەزی لەگەڵ ئەقالیم هەبێت، بۆیە تەبیعی ئەمە تەحصیل حاصلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی دەستەكە، دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان بێت، ڕاپرسی لابرێت، وشەی گشتیش لە دەستەی گشتی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله( بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەكانی من كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئكید لەسەر ئەو خاڵە دەكەمەوە كە ماددەیەك زیاد بكرێت بۆ وشەو زاراوەكان بە هەمان شێوە، ناوی دەستەكەش لە دەستەی گشتی بكرێت بە دەستەی باڵا، پێشنیار دەكەم بەم جۆرە بێت( بەگوێرەی ئەم یاسایە كۆمیسیۆنی باڵا بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا، بەناوی دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی كوردستان – عێراق دادەمەزرێت بۆ ئەوەی تاكە دەسەڵات بێت لە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیە ناوخۆییەكان وهەماهەنگی كردن، لەگەڵ كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق لەبەڕێوەبردنی سەرجەم ئامادەكارییەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسی فیدڕالیدا) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ماددەیەك زیاد بکرێت بۆ پیناسەو شەرحی زاراوەو موفرەداتەکان، ئەوە یەك: دووەم: بەڕاستی ناوی ئەم دەستەیە دوورو درێژە، بۆیە ئیستیفتائەکەی لێ بکرێتەوە، چونکە ئیستیفتائیش هەر جۆرێکە لەهەڵبژاردن تۆ کە هەڵبژاردن دەکەی ئیتر ئیستیفتا چیە؟ هەڵبژاردن دەقێکی یاساییە، دەقێکی سیاسیە، دەقێکی دەستووریە، کەواتە ئیستیفتائیش هەر نەوعێکە لە هەڵبژاردن، لەبەرئەوە با ئیستیفتائی لێ بکرێتەوە، تەعاروزیش نابینم لەگەڵ ئەوەی کە لەدەستووردا هاتووە، بۆیە کورت بکرێتەوە بۆ دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکوردستان، ئەو ئیستیفتای محەلی و ئیتیحادییەشی لێ لابرێت، چونکە ئێمە بە عەملی ناتوانین سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکەین لەهەموو عێراق و ئیتیحاددا، بەڵام ئەوەی تێدا بێت بەتەعاون و تەنسیق و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵا، چونکە ئێمە هەندێجار مەسائیلی ئامار و ئەو شتانەمان هەیە و پێویستیمان بەو تەعاونە ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان عمر، فەرموو.

**بەڕێز د. ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم: ناوی پڕۆژە یاساکە، وشەی باڵا زیادەیەو لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە وەرگیراوە، لەکاتێکدا کۆمیسیۆنەکەی فیدڕاڵ بۆ ئەوە نازناوی باڵای لەخۆی ناوە، تا هەرکاتێ هەرێمەکان دروست بوون وشەی باڵا لەوەی هەرێمەکان جیا بکرێنەوە، دووەم: ئەسباب موجەبە لەم یاسایەدا نەهاتووە، یەعنی لە پڕۆژەکەدا نەنووسراوە، منیش پشتگیری هاوڕێیانم دەکەم کە تەرخان کردنی ماددەیەك بۆ پێناسەکردن و ناساندنی هەندێك لەو زاراوانە کە لە پڕۆژەکەدا هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم، بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانیان، بەڵام تێبینیم لەسەر عینوانەکە هەیە بەڕاستی لەسەر وشەی ڕاپرسی هەرچەندە بە تەفصیل لە ماددەی یەکەم و ماددەکانی تریش هاتووە، پێم وایە مەسەلەی پڕۆژەی دەستووری هەرێم نابێتە مانعێك لەبەردەم لادانی

ئـەو دەســتەواژەیە، هــەروەها پشــتگیری ئــەو ماددەیــەش دەکــەم کــە ئیزافــە بکرێــت بــۆ تــەعاریف و موستەلەحاتەکان، خاڵێکی تر کە بەلای منەوە زۆر گرنگە کە تێبینی خۆمی لە بارەوە بڵێم، ئـەویش ئـەو ناوچـانەی کـە ناکۆکیـان لەسـەرە، کـە لەبـەردەم ڕاپرسـیدان لـە ئاینـدەدا، ئـەو ناوچـانە بـۆ هـەموومان ناوچەیەکی مەصیرین و جێگای بایەخی هەموو لایەکمانن، ئایا دەکرێ ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان و لەڕێگەی ئەم پڕۆژە یاسایەوە کە ئەو ناوچەیە بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری ناوچەی ناکۆکی لەسەرە لـەنێوان دوو ئیـدارە کـە هـەرێمی کوردسـتان و دەوڵـەتی ئیتیحادیـە، ئێمـە سـەلاحیەتمان هـەبێت یـان لـە موشــارەکە کردنــدا لــە چوارچــێوەی پڕۆســەکانی هەڵبــژاردن و ڕاپرســیدا قســەی خۆمــان هــەبێت، هەماهەنگیمان هەبێت، یان بەشداری کردنمان هەبێت؟ لە ڕێگەی ماددەی یەکەمدا هاتووە کـە ئەمـە تـەنها حەسرییەن لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانـدرێت کارەکانی خۆی بکات، ئـەم دەسـتەیە، بـەڵام بـۆ ناوچـەی نـاکۆکی لەسـەر ئێمـە دەزانـین لەبەرچاوی کۆمیسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکان لـە عێـراق، وە لەبەرچـاوی وەزارەتی تجارەی عێراقی و لەبەرچاوی زۆر لایـەنی تـری بەرپرسـیار لەسـەر سیادەی عێـراق بینیمـان کـە لەچوارچێوەی هەڵبژاردنـەکانی ڕابـردوودا چۆن لەسـەر مەسـیری ئـەم وڵاتـەی ئێمـە تـەعامولیان کـرد، بـۆ نموونە لە نموی دانیشتواندا لەشاری موصڵ لە 40٪ یان ئیزافـە کردبـوو، بـەس بـۆ شـارێکی گـەورەی وەکو سلێمانی کە بەدەر بووە لەو هەموو مەسائیلانەی کە لەڕابردوودا ڕوویداوە نموەکەی نەك سفر بووە، بەڵکو بـە نـاقص دەسـتی پێکـردووە، ئێمـە چـۆن دڵنیـا بـین لـەو پرۆسـانەی کـە لـە ئاینـدەدا دەکرێـت، بـۆ یەکلاکردنەوەی مەصیر و موستەقبەلی ئەو ناوچانە، کە بۆ ئێمە خاڵی گرنگن، من لەڕێگای ئەم ماددەیـەوە کە ماددەی یەکەمە، داوا دەکەم کە دیقەتی زیاتر بدرێت و ئەم یاسایە هاوکار بێت بـۆ ئـەو پرۆسـانەی کـە لەناوچەی ناکۆکی لەسەر ئەنجام دەدرێن بتواندرێت بەشێك لـەهاوکاری یـان هاوکاریـان بـین بـۆ ئـەوەی بـە تەوازون و دوور لە ناعەدالەتی پرۆسەکان بەڕێوە نەچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من خۆم لە لیژنەی یاسایم، بەڵام بەڕاستی ئەوەندە پەلە بـەو پڕۆژەیـەوە کـرا، ئەگـەر بـۆ تاکـە جارێکیش لە لیژنەکە ئێمە لە دەقێکدا کەپێمان وابوو دانانی با دوو لەسەر سێ بێت دەنگیشمان هێنـا کـاك شێروان وتی ئیتر بە دوو ڕەئی دەچینە ناو پەرلەمانەوە، یەعنی بۆ ئەوەمـە کـە پەلـەکردن بـە پڕۆژەکـەوە دیارە، ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر ئەوەیە کـە پـڕۆژە یاسـای دەسـتەی هەڵبـژاردن، مـن پـێم وایـە باڵاکـە ئەمـە عێراق بەکاری دێنێت بۆ فیدڕاڵ، ئەمە زیادە، دووەم: ڕاپرسی، ڕاپرسی چ هەڵبژاردن چ ڕاپرسی هەمووی لە پرۆسەی هەڵبژاردنە، بەڵام ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی دەقی یاسایی یان دەستووری یان دۆخێکی سیاسیە چ بە پەسەند کردن، یان ڕەفز کردن ئەمە ڕێگر نابێت لە نـاو نـەهێنانی کـە لـە پـڕۆژەی دەسـتوورەکەدا هـاتووە،

لەدەقێکی یاسایی کە بڵێت ڕاپرسیش ئەنجام دەدات، بەڵام ناوەکەی زەرووری نیە، چونکە ئێمە سیستەمی نوێنەرایەتین، یەعنی دیموکراتیەتێکی ناراستەوخۆیە، وەکو ئەو پڕۆژە یاسا دەستووریەی کە دراوە، ئەندامانی پەرلەمان لە دیموکراتیەتی ناڕاستەوخۆ، پەسەندی پڕۆژە دەستووریەکەیان کردووە، یەعنی تۆ لە شوێنێکی وەکو سویسرا نیت کە بە دیموکراتیەتێکی ڕاستەوخۆ هەموو شتێك بدەیت بە ڕاپرسی، لەبەر ئەوە ئەم ناوە بەزیاد دەزانم، خاڵێکی تر کەبەلامەوە گرنگە، کە ئێمە ناوی ڕاپرسی لێ دەنێین من، لەگەڵ قسەی هاوکارم کاك سالارم، کە ڕاپرسی، تەعدیلی دەستووری عێراق بکرێت، یان ئەگەر ڕاپرسی لەسەر جێگا ناکۆکەکان بکرێت ئەمە ئامانجی ئەم دامەزراوەشە کە لەڕووی نەتەوەیی و نیشتمانی با ئێمە تەجروبەکەمان بەهێز بکەین، بەڕاستی ئەم ئیشکالە ساغ نەکرێتەوە، ئیشکالیەتێکی گەورەیە تۆ قبوڵی ئەم کۆمیسیۆنە بکەیت بەم شێوەی ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمرحمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکدا هاتووە، هەرچەند من تەئیدی بیرو بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەو ئیزافەش کە کاك شێروان باسی کرد، بەڵام لەوێ هاتووە دەڵێت ئەم دەستەیە( تقوم بأجراء جميع الانتخابات)بەڕەئی من لە کوردستان چەندین جۆر هەڵبژاردنمان هەیە، هەندێکیان تایبەتن، لەوانەیە پەیوەست بێت بە ناوخۆی حزبێك، هەندێکیان تایبەتە بە سەندیکاو یەکێتیەکان، بۆیە بەڕەئی من لێرەدا بڵێین (جميع الانتخابات العامە) لەوانەیە باشتر بێت و دەقیق تر بێت لەڕووی یاساییەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە باسی ئەوە دەکرێت بواری کارکردنی ئەم دەستەیە وەکو قسەی لەسەر کرا، بەڕوونتر و وازحتر دیاری بکرێت، ئێمە لە عێراقی نوێدا لە بەردەم دوو پڕۆسەی هەڵبژاردنین یەکێکیان: ئەوەیە کە تایبەتمەندی نیشتمانی هەیە، ئەگەر لەهەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت بۆ نموونە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراقی، ئەمە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی باڵای سەربەخۆیی عێراقی ئەنجامی دەدات، بەڵام ئێمە لەهەرێمی کوردستان چەندین هەڵبژاردنی تایبەت بە هەرێمی کوردستانمان هەیە، بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ سەرۆکی هەرێم، لەداهاتوودا بۆ پارێزگاکان، هەموو ئەمانە تایبەت دەبن بەوەی کە ئەم دەستەیە، ئەم کۆمیسیۆنە لەهەرێمی کوردستان سەرپەرشتی بکات و جێبەجێی بکات، بۆیە ئەوەی کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی نیشتمانیەوە هەیە، ئەم دەستەیە، وا ئاماژەی پێ بدرێت، کە بەشدار دەبێت لە جێبەجێ کردنی ئەو هەڵبژاردنانەی کە تایبەتمەندێتی نیشتمانیان هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بوارەکە لێك جیا بکرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی ڕاپرسی و هەڵبژاردن من پشتگیری لەوە دەکەم کە ڕاپرسیشی لەگەڵ بێت، دەرفەتی ئەوە نیە کە باسی ئەوە بکەین کە جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردن و ڕاپرسیدا چیە؟، چونکە

بێگومان جیاوازییان لەنێواندا هەیە، بۆیە ئەگەر ڕاپرسیەکە بمێنێتەوە لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە هیچ ئیشکالیەتێك نیە پێویستیشە، چونکە لەداهاتوودا ئێمە لەبەردەم چەندین پرۆسەی ڕاپرسیدا دەبین لەهەرێمی کوردستان، مەسەلەی دەستوور پاشان تەعدیلی دەستوور و چەندین ڕاپرسی تر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەمەسەلەی ناوچە جێ ناکۆکەکان باس کراو ئاماژەی پێکرا، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە ناوچە جێ ناکۆکەکانەوە هەیە، ئێمە کەباس لە هەرێمی کوردستان دەکەین لەبەردەم موستەڵەح و چەمکێکی ئیداریداین، ئەوەی تا ئێستا پیادەی دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەم دەستەیە لەم سنووورە ئیداری و لەم سنووورە قانونیە لەداهاتوودا سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن و جیبەجێکردنی دەکات، بەڵام دیوەکەی تری کە لەوێدا هاتووە لە ماددەکەدا هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەوێدا دەکرێت ئێمە لەداهاتوودا لەڕووی سیاسیەوە هەوڵ بدەین کە ئەم دەستەیە لەگەڵ دەستەی بەغداد بۆ مەسەلەی ڕاپرسی لەناوچە جێ ناکۆکەکان هاوکاری لەگەڵ یەکتری بکەن و تەنسیق لەگەڵ یەکتری بکەن، چونکە ڕاستە ئێمە لەڕووی نەتەوەیی و سیاسیەوە کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەو ناوچانە بەشێکن لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لەڕووی قانونی و دەستوورییەوە تا ئێستاش بۆمان ڕوون نەبوەتەوە کە بەشێکن لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ڕاستە من لە لیژنەی یاسایی لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا بەشداریم تێدا کردووە، بەڵام هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە مەفروز بوو، هەندێ موستەڵەحاتی تێدایە تەعریف بکرایە، چونکە یاسا بۆ سەرتاسەری کۆمەڵانی خەڵك دەردەکرێت، بۆ تەوزیح کردنی یاساکە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر، دەستخۆشی لەبرادەرانی لیژنەی یاسایی کە ئێستا لەسەر ماددەی یەکەم ڕێکخستنەوەیەکیان تێدا کرد، بەتەئکید ئیجرای هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکی محەلی و ئیتیحادی وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە من پێم وایە بکرێت هەتا ( والاستفتاءات المحلية والاتحادية بالتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة) لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێ لە بڕگەی 10 دا بە تەنسیق لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵادا بەو شێوەیە هاتووە، لەلایەکی تر من پێم وانیە، بوونی ڕاپرسی کارێکی ناڕەوا بێت یان کارێکی خراپ بێت لەم یاسایەدا هەبێت، بە تەئکید ئێمە لەداهاتوودا بەرامبەر بە چەند ڕاپرسیەك دەبینەوە لەناوچەکەی خۆماندا، بۆ نموونە ماددەی 140 کە ڕاپرسی لەسەر دەکرێت، ئەم ڕاپرسیە بە ئامادەبوونی کۆمیسیۆنی باڵای عێراقی دەکرێت، ئەگەر ئێمە لێرەدا باس لە هەڵبژاردن و ڕاپرسی نەکەین، سبەینێ چۆن دەتوانین وەکو لە فەقەرەی 10ی ماددەی سێ باسمان کردووە، ئێمە دەتوانین تەنسیق لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی عێراقی بکەین، بۆ ڕادەربڕین

و هەڵبژاردن، ئەگەر لێرەدا لەم یاسایە باس نەکرێت بەڕاستی ئەم دەستەیە، دەست بەستراو دەبێت، ناتوانێ هەستێ بە عەمەلیەی ڕاپرسی لەو ناوچانە دابڕاوانەی کەلە کوردستان جیا کراونەتەوەو دابڕاون، لەلایەکی تریش، ئەگەر هاتو سبەینێ ئەو عەمەلیەی ڕاپرسی دەستی پێکرد، ناچار دەبین ئێمە، ئەگەر لێرەدا باس نەکرێت، ئەبێ یاسایەکی تر دەربکرێت و دەستەیەکی تر دروست بکرێت، بەڵام ئێستا ئەمە یاسایەکە لەبەردەستماندایە، یاسایەکی چڕ وپڕە، یاسایەکی ڕێك وپێکە، زۆر باشە عەمەلیەی هەڵبژاردن و ڕاپرسی پێشم وایە لە دەستووری هەرێمی کوردستان هەرچەند پڕۆژەیە نەبووە بە یاسا هەیە، هەڵبژاردن و ڕاپرسی با وەکو خۆی بمێنێتەوە ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ موداخەلەی ئەندامانی بەڕێز، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەندێك لەو مولاحەزاتانەی کە درا، پەیوەندی بە مەسەلەی صیاغەی کوردی و عەرەبی هەیە، ئێمە چەندین جار وتوومانە ئێمە بەرپرسیار نین لە مەلەسەی کوردی و عەرەبی بەڕاستی ئێمە زمانەوان نین، لەم مینبەرەشەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و تکاش دەکەین کە لەمەودوا کە پڕۆژەمان بۆ دەنێرێت با بەزمانی عەرەبی و کوردی بێت و نوقستانیشی تێدا نەبێت بۆ ئەوەی ئەرکەکەمان سووك بکات، چەندین جاریش داوامان لێکردوون هەتا ئێستا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە، هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئیشارەتیان بەوەدا کە پێویست ناکات ئیستیفتا داخلی ئەو پڕۆژەیە بێت، ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت ئیستیفتا لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە، وە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەر داوە، بڕیاری ئەم پەرلەمانەی پێ دەرچووە دەستوورەکە، کەواتە ئێمە پابەندین بە پڕۆژەی دەستوور کە باسی ئەم دەستەیە دەکات، چۆن لەپڕۆژەی دەستووردا هاتووە، ئێمە بەو شێوەیە لەم پڕۆژەیەدا دامان بەزاندووە، تەسەوری ئەوەش ناکەین هیچ زەرەرێك هەبێت وشەی ڕاپرسی لەناو بێت، بە عەکسەوە ئەگەر وشەی ڕاپرسی تێدا نەبێت ڕەنگە لە داهاتوودا ئێمە تووشی نوقسانی ببین، تووشی تەعدیلاتی دەستووریش ببین، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە زۆر تەبیعی و ئاساییە کە وشەی ڕاپرسی تێدا بێت، چونکە پرۆسەی ڕاپرسی لەبەردەمماندایە، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد، کە پێویستە پێناسە لەماددەی یەکەمدا دابنێین، من بۆ ئەو بەڕێزانە دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، حەز دەکەم ئیتیلاعیش بکەن لەسەر قەوانین، هەندێ قەوانین هەیە، تەعریفاتی تێدایە، هەندێکی تریش هەیە تێیدا نیە، یەعنی مەرج نیە ئیلا تەعریفات هەبێت، تەعریفات بۆ چیە؟، ئەگەر دەستەواژەیەکی موبهەمی تێدابێت، ئاساییە تەعریفاتی تێدا بێت، ئەگەر هاتو دەستەواژەیەکی درێژی تێدا بێت، بۆ ئەوەی کورتی بکەیتەوە، ئاساییە تەعریفاتی تێدا بێت، ئەگەر هاتو

دووبارەیەکی زۆر هەبوو، بۆ دەستەواژەیەکی زۆر درێژ ئەویش هەر ئاساییە کە هەبێت، بەڵام ئێمە ئەوەی کە برادەران باسی دەکەن، باسی مەجلسی دەستە دەکەن، کە 18 جار دووبارە بووەتەوە، ڕاستە 18 جار دووبارە بووەتەوە، بەڵام تەعریفاتی لە خودی یاساکەی تێدایە، دەسەڵاتەکانی تێدایە، ئیدارە کردنەکەشی تێدایە، بە تەفصیل چۆنیەتی دامەزراندنیشی تێدایە، زۆر لە پێناسەکە وازحترە، کە تەعریفی بکەین، وە ئەندامانی لیژنەی یاسایش یەك کەس ئیسارەی تەعریفی نەکردووە، ئێستا لەناو هۆڵی پەرلەمان ئیسارەی تەعریفەکان دەکەن، ئەگەر نا تەعریف دانان شتێکی زەحمەت نەبوو، بۆیە بەحەقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەصڵەن تەعریفاتی تێدا بێت، چونکە شتێکی وای تێدا نیە، من دووبارە بێم پەرلەمان تەعریف بکەمەوە، یان وەزارەتێك تەعریف بکەمەوە، هەموو تەعریفاتەکان لە قەوانینی نافیزدا هاتوون، بەنیسبەت ئەوەی کە ئەندامێکی بەڕێز داوای ئەوەی کرد بەنیسبەت هەڵبژاردن، هەڵبژاردن شمولی ڕێکخراوەکان دەکات، من پێم وایە شمولی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکان ناکات، شمولی هەڵبژاردنی دامەزراوەکانی ئێمە دەکات، شمولی ڕاپرسی دەستووری دەکات، شمولی تەعدیلاتی دەستووری دەکات، هەڵبژاردنی دامەزراوەی ئێمە پەیوەستە بە هەڵبژاردن بە نیسبەت دامەزراوەی هەرێم، نەك بەهەڵبژاردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یان دەستەیەك، چونکە یەکەم شت ئەوان یاسای خۆیان هەیە، ئەگەر یاسای خۆشیان نەبێت بەپێی یاسای کۆمەڵەکان هەڵبژاردن دەکەن، نەك بەپێی ئەم یاسایەی کە ئێمە دەری دەکەین، من تەنها ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، ئەگەر مولاحەزاتی تر هەبێت، نازانم دکتۆرە ڕۆژان چ مولاحەزاتێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەسەر ئەوەی کە بڕگەیەك زیاد بکرێت هەماهەنگی لەنێوان ئەو دەستەیە لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای عێراق، بەنووسراویش بۆمان هات(التنسيق بين مفوضية الهيئة والمفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق)لەبەر ئەوە ئێمە بە باشمان نەزانی لێرە زیادی بکەین، چونکە لە ماددەیەکی سەربەخۆ لەماددەی سێ بڕگەی 10 باس لەو هەماهەنگیە دەکات، لەنێوان دەستەی هەڵبژاردن لەکوردستان لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای عێراق بۆ هەڵبژاردنەکانی ئیتیحادی، لەبەر ئەوەی کە لە ماددەیەکی سەربەخۆ لە بڕگەی 10ی ماددەی سێ هاتووە، پێویست ناکات لێرە باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان، فەرمووون.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێشدا لەگەڵ پێشنیازی زیاد کردنی پێناسەین بۆ ئەو دەستەواژانەی کە چەند جارێك دووبارە بوونەتەوە، سەبارەت بە ڕاپرسیش ئێمە پێمان وایە، ڕاپرسی جیایە لەگەڵ هەڵبژاردن، هەڵبژاردن بەیاسا

کاتێکی بۆ دیاری کراوە، هەرچەند ساڵێك جارێك دووبارە دەبنەوە، یەعنی وەکو شتێکی دەورییە، بەڵام ڕاپرسی بۆی دیاری نەکراوە، بەڵکو لەکاتی پێویستدا ئەنجام دەدرێت، لەیەکێك لەماددەکانیش وەکو ئەرکێکی ئەو دەستەیە بۆی دیاری کراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە ڕاپرسی لەسەر لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ڕەئی لیژنەی ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەروەکو پێشتریش تەوزیحم کرد، ئێمە پێمان وایە کە ماددەی یەکەم، موستەقیل بێت بە تەئسیس کردن و تەشکیل کردنی ئەم دەستەیە، با جارێ داخلی مەسائیلی تەنسیق نەبین، بەماددەیەکی موستەقیل تەنسیقەکە بهێنینە خواری، هەم بۆ جەمالیەتی ماددەکە، هەم بۆ بایەخدان بەو دەستەیە، چونکە تەنفیزەکە تەنسیقی بۆ بهێنینە ناو مەسەلەکانەوە کە لەماددەیەکی تر هەبێت، دووبارەش بێت ئەوە هەر پێویست ناکات، بۆیە ئەو ماددەیە خاص بێت، بە تەشکیل کردنی ئەو دەستەیە، هیچ دەستەواژەیەکی تری لەگەڵ داخل نەکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ هەمان صیاغە، هەمان تەنسیق داخل کراوە، ماددەیەکی تایبەتیشی دراوەتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ئێستا ڕەئیتان لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کردتان، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر پێشنیازەکەی خۆمان بەردەوامین، چونکە وەکو دەزانن برادەرانی تریشمان لێرە نین، ئێمەیان تەکلیف کردووە کە دیفاع لە ڕەئیەکانی ئەوانیش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالعزیز نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکەم یەکەم: لەسەر پێشنیارێك کە 20کەس تەسنیەی کرد.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە كاكە ئەوە دێمە سەری جارێ پێش مەكەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوەمان داناوە بۆ پێناسەكە، چونكە چەند بەرێزێك زیاتر لە 2كەس داوای كرد دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر نوقتەیەكی تری نیزامیت هەیە بەسەرچاو، بەس ئەوە ئێمە دامان ناوە ئیتیفاقمان كرد دەیخەینە دەنگدانەوە، بەرێزان ئێستا بۆ ئەوەی پێناسە زیاد بكرێت، لەماددەی یەكەم، ماددەیەك زیاد بكرێت پێناسەی ئەو زاراوانە بكرێت، ئێمە ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، دووكەس شەرحی بكات بۆ پێناسە بكرێت، دوانیش لەگەڵ لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان بدەن لەسەری، كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەرێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی كاك شێروان فیعلەن مەنتقین و ڕاستە، بەڵام ماددەم ڕاستە ئێمە تا ئێستا لە یاساكانمان هەمووی یەك: پێناسەكانمان تەعریف كردووە، وا بزانم مانع نیە، دووەم: بەڕاستی حاجەت هەیە، چونكە زۆر لە دەستەواژەكان 4 جار و 5 جار دووبارە بوونەتەوەو درێژیشن، بۆیە من لێرە دەبینم، ئەو ماددەیە ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر، فەرموو.

**بەرێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئكید بۆ كاك شێروان دەكەمەوە، دەفەرمووی جارێ باسی مجلسی دەستە نەبوو، دوو وشەیە، 14 جار دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن هاتووە، هەر ئەمە خۆی دەكاتە 7 دێڕ، بەلانی كەمی جگە لە وشەی تریش، بۆیە تەئكید دەكەمەوە كە لاپەڕەیەك یان سێ چارەكی لاپەڕەیەك كەم دەبێتەوە لە یاساكە، چونكە پێویست ناكات هەموو جارێ دووبارە ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر پێشنیارەكان وەردەگرن، یان لەسەر ڕەئی خۆتان بەردەوام دەبن لەسەری كاك شێروان تكایە، فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەعریفەکە ئێمە ڕەئی خۆمان داوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، لەسەر چی قـەرار دەدەن ئێمـە مەناعـەتمان نیـە، بـەڵام ئێمـە ئەسـبابەکانی کـە وای کـردووە تـەعاریف دانـەنێین، دەستنیشانمان و دیاریمان کرد، ئێستاش دوا ڕەئی ڕەئی پەرلەمانە کە چ قەرارێك دەدات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ماددەیەك بۆ پێناسەکان دابندرێت، با دەستی بڵند بکات تکایـە؟، زۆر سـوپاس، کێـی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەبێ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، تکایە دایبڕێژنەوە، بۆ ئـەوەی ئیزافـە بکرێـت، بەنیسـبەت پێشـنیاری لیژنـەی کـە دەسـتەکە بـە تەنسـیق لەگـەڵ عێـراق بێـت، بۆیـە داوا لەلیژنە یاسایی دەکەین کە ڕوونکردنەوە بدات، لەسەر ئەو خاڵە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کرد ڕستەی ئەخیری ماددەی یەکەم فەقەرەی یەکەمی لابرێـت، لەبـەر ئـەوەی لـەماددەی سێ فەقەرەی $10$ی پڕۆژەکە کە لەکۆتاییدا باسکراوە، ئێسـتا دەیخوێنمـەوە لەوێـدا هـاتووە، بـەباشمان زانـی لەوێـدا نەمێنێتـەوە، ئـەوە بابـەت بێـت بـە تەئسـیس کردنـی دەسـتەکە، بـەڵام تەنسـیقەکە کـە نـاوەڕۆکی فەقەراتەکانی تێدایە، لەفەقەرەی $10$ی ماددەی سێدا هـاتووە، بـەو شـێوەیە( التنسـیق مـع المفوضـیة العلیـا المستقلة للانتخابات في العراق، لتنظیم وتنفیذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادیة في الاقلیم عبر تشکیل لجان مشترکة لجمیع مراحل العملیة الانتخابیة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە هـەر بـۆ ڕوونکردنـەوە، دەسـتەیەکی سـەربەخۆ بـۆ هـەرێمی کوردسـتان دادەنـدرێت، تێکـەلی مەکەن و مەیبەستنەوە بەوەی کە نەتوانێت هیچ بکات بێ دەستەیەکی تر، بۆیە ئیختیصاصەکان جیا بێت، مەسـەلەن وەختـێ حکومـەتی ئیتیحـادی دەبێـت بـا تەنسـیقیش هەبێـت، بـەڵام ئێسـتا هـەر لەبیدایەتـەوە بیبەستیتەوە هیچی پێ ناکرێت، لەسەر ئەم خاڵە، چونکە ڕەئی لیژنەیەکە دوو کەس دیفاعی لێ بکات، دوو کەسیش دژی بێت، کە بەبێ تەنسیق بێت لەگـەڵ کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکانی عێـراق، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن کاك ئاسۆ کەریمیش موقتەرەحێکی نارد، کاتێ کە تۆ باس دەکەی جیای دەکەیتەوە بەخاڵ، لیژنەی یاسـایی دەڵێـت، لـە مـاددەی سـێ لـە فەقـەرەی $10$دا هـاتووە، ئـەوە ئەرکەکانیـەتی ئـەوە ئـەرکی ئـەو کۆمیسیۆنەیە، کە هەڵدەستێت پێی، بەڵام کە تۆ دێیت تەعریف دەکەی، بزەبـت بـەو شـێوەیە مـن تەئیـدی ئەوە دەکەمەوە، کە پێناسەکەی بکرێت بە سێ بەشـەوە، بەشـی یەکـەم: ئەوەیـە کـە دەڵێـت( الهیئـة العامـة المستقلة للانتخابات والاسـتفتاء في اقلـیم کوردسـتان – العـراق) لتکون السـلطة الحصـریة الـتي تقـوم بـأجراء

جميـع الانتخابـات والاسـتفتاءات المحليـة في الاقلـيم. ئەمـە يەكەمـە: دووەم: تنفيـذ الانتخابـات والاسـتفتاءات الاتحادية بالتنسيق مـع المفوضـية العليـا المستقلة للانتخابـات. سـێيەم: يكـون مقـر الرئيسـي للهيئـة عاصـمة الاقلـيم وتفـتح لهـا مكاتـب في مراكـز محافظـات الاقلـيم، بـەو شـێوەيە ئێمـە دەتـوانين هـەموو ئەركـەكانى و تەعريفەكەشى بكەين و ئەو مەهامەشى كە بۆى دروست بووە، ڕێك لەناو ئـەو پێناسـەيەدا ڕەنـگ بداتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

پێشنيارەكەى كاك ئاسۆ، بەتەنها خۆى بوو، كەسى تر تەسنيەى نەكرد، لەبەر ئەوە داواى لێبوردن دەكـەين، ليژنەى ياسايى ئاخر ڕەئيتان بۆ تەوزيح لەسەر ئەو مەسەلەيە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وايە، هەروەكو پێشتريش وتمان، تەشكيلى ئەو دەستەيە خصوصيەتێكى بدەينێ تـا تەنسيقەكە داخڵى مەسـەلەكان نەكـەين، چـونكە تەنسـيقەكە لـە ماددەيـەكى سـەربەخۆدا هـاتووە، ئـەوە ڕاى ليژنـەى ياساييە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك دكتۆر ئەحمەد نوقتە نيزاميەكەت، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

مـن پـێم وايـە ڕەئـى هـەردوو ليژنەكـە ئەوەيـە كـە بەهەماهـەنگى لەگـەڵ كۆميسـيۆنى بـاڵاى سـەربەخۆى هەڵبژاردنـەكان بێـت، بـەڵام ڕەئـى سـەرۆكايەتى و ليژنـەى ياسـايى لێـرەدا گـۆڕاوە، ئـەگينا لـە ڕاپۆرتەكـەدا هاتووە، كە دەبێت بە هەماهەنگى لەگەڵ كۆميسيۆنى باڵاى سەربەخۆى هەڵبژاردنەكان بێت، ئەوە بە نەص هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

براى بەڕێز هەر بۆ ڕوونكردنەوە ڕاپۆرتى ليژنەى ياسايى لەلاى ئێمەيە، ئەركەكانى جيـا كـردۆتـەوە، بـەڵام ئەمە كۆميسيۆنى هەرێمى كوردستانە، كۆميسيۆنە بۆ هەڵبژاردنەكانى ناو هەرێمى كوردستان، ئەوانەى بەو هەڵبژاردنانە هەڵدەستێت، ئەوەى عێراق، كە بـۆ ئەنجومـەنى نوێنـەران دەكـات، دەتـوانێ تەنسـيقت لەگـەڵ بكـات، ئەشـتوانێ نـەيكات، يـەعنى تـۆ نـاتوانى ئـەوە فـەرز بكـەى، كـە دەبـێ تەنسـيقت لەگـەڵ بكـات، ئـەوە

پرۆژەیە و هاتووە، بەس تۆ پەرلەمانتاری دەتوانی چاکی بکەیت، کاك شێروان تکایە بە تەوزیحێکی موفەصەڵ ڕوونی بکەرەوە، تا بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تەنفیزی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ئیتیحادی بە تەنسیق لەگەڵ کۆمیسیۆن ئەمە فیعلەن ئەرکێکە لەماددەیەکی سەربەخۆ هاتووە، ئیشارەتیشمان پێداوە لەناو ڕاپۆرتی خۆمان بە تەوزیحی، ڕاستە دکتۆر ئەحمەد دەڵێت، ئێمە لە لیژنە تەنفیزی هەڵبژاردن و ڕاپرسیمان لەماددەی یەك هاتووە، بەڵام دوایی کە تەماشامان کرد، دووبارەیە لە عەمەلییەی تەشریعی موکەڕەڕ قبوڵ نیە، لەبەر ئەوەی تکرار بکرێتەوە مەقبول نییەو، تایبەتمەندیەك بدرێتە ئەو دەستەیە، ئێمە خۆمان دەبێت دەستەکەی خۆمان بەرز ڕابگرین، نەوەك مەسائلی تر، با تەعریفی دەستەکەی خۆمان بکەین جارێ، بۆ بچینە مەسائلی تەنسیقەوە، مەسائلی تەنسیق بە ماددەکی موستەقل ئیمکان هەیە موعالەجە بکرێت، وە فعلەن بە ماددەکی موستەقلیش عیلاجمان کردیە، بۆیە بە قەناعەتی من ئێمە تەرکیز بکەینە سەر دامەزراندنی هەیئەکە، وە ئەرکی هەیئەکە، نەوەك بچینە مەسائلی تەنسیق و ئەوانە، وە ئەمنیش کە لێرە دادەنیشم وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی و ئەندامان، ئەمن مەفروزە مخەوەل بم لێرە بەو مەسەلانە، وە دژی هیچ شتێك قسەم نەکردووە، مەبدەئەکە دەڵێم هەیە، بەڵام لە ماددەیەك هەیە، لە ناوەڕۆکی تەعریفی دەستەکەی خۆمان، من وام گوتووە، لەگەڵ عەینی مەبدەئین، ئێستاش لەگەڵ عەینی مەبدەئین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك فرسەت موداخەلەیەکی هەیە، بفەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی قانونیمە، لەبەر ئەوەی کو هەیئەی ئینتیخاباتی هەرێم ئیختیصاصێکی ئەصلی هەیە، ئەویش هەڵبژاردنی ناو هەرێمە، بەڵام ئیختیصاصی تر ئەوی کو هاریکاری تەنسیق لەگەڵ دەستەی عولیا بکات لە بەغدا، ئەوە ناتوانێت لەسەریان فەرز بکات، ئیختیصاصێکی ثانویە، یان ئیختیصاصێکی طارئە، ناتوانێت ئەوەش فەرزی بکات لەسەر هەیئەی عولیای بەغدا، ئیلا بە موافەقەی هەیئەکە، هەیئەی بەغدا ئەگەر داوای کرد ئەتوانێت لەگەڵیان بکات، ئەگەر داوا نەکاتن، هەیئەی هەرێم خۆ ناتوانێت حەشری بکات لەناو ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکەم ئەو پرسیارە ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکەم،ئایا ئەو ڕاپۆرتە کە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی ئیمزایان کردووە، نووسیویانە بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی، ئەمەیان ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچی، ئەڵێین بۆ ئیستیفتائاتی ئیتیحادی، بۆ ئیتیحادی زۆر تەبیعیە، ئەگەر ئەوان قەبوڵ بکەن.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئێستا لیژنەی یاسایی ڕەئی وایە، بۆ ئەوەی ئیتیحادی بە تەنسیق بێت، ئێستا سەرۆکایەتی لێرە ئەیانەوێ ئەو تەنسیقە لابەرن، ئایا کامەیان ڕەئی لیژنەی یاساییە؟ نوقتەی نیزامی دووەمم، دوو نوقتەی نیزامیم هەبوو، دووەمیان ئێمە چەند ئەندامێکی پەرلەمان داوامان کرد ناوی یاسایەکە ئیستیفتای لێ لابرێت، ئایا ئەوە دەخەنە دەنگ دان یان یان نایخەنە دەنگدانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، بەڕێزان ئێستا دێینە سەر ئەوە کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان، پێشنیاریان کرد وتیان، وشەی ئیستیفتا لەسەر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لابرێت، وازحە یەك کەلیمەیەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیستیفتا لا بچێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 30 کەس لەگەڵە کە لابرێت، کێ لەگەڵدایە وەکو ئەوەی لێژنەی یاسایی هاتووە بەو شێوەیە بمێنێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 50 کەس لەگەڵ ئەوەیە وەکو لیژنەی یاسایی بمێنێتەوە، ئەوە پێشنیارەکە سەری نەگرت، لیژنەی ناوخۆ ئێستا ئێوە لەگەڵ ئەوەن پێشنیارەکەتان سەحب بکەنەوە، یان بخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی پێناسەکەمان بۆ ئیعلان بکەن، بیخوێننەوە بەچ شکلێکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی تەعریفی:

الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

البرلمان: برلمان كوردستان - العراق.

الهيئة: الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في الاقليم.

المجلس: مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تکایە ئێستا، کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە ماددەكەی پێشنیار كراو دەخوێنمەوە:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

البرلمان: برلمان كوردستان - العراق.

الهيئة: الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في الاقليم.

المجلس: مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێی بوو بەو صياغەی كە بەڕێز كاك عونی خوێندیەوە، بەناو لیژنەی یاسایی، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو كەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەكەی تر، كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای قبول كردنی پێشنیارەكە بە ئیزافەی ماددەی تەعریفی، واتە ژمارەی ماددەی یەك بووە ماددەی تەعریفی، ئێستا ماددەی یەكی پڕۆژەكە دەبێتە ماددەی دوو كە بەم شێوەیە دەیخوێنمەوە:

المادة الثانية:

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا مستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق بأسم (الهيئة المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق) لتكون السلطة الحصرية التي تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية في الاقليم.

ثانياً: يكون المقر الرئيسي للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لەگەڵ دەقی پێشنیازەكەی لیژنەی یاساییین، بەلام یەك شتی بۆ زیاد بكرێت، چونكە تەنها ئێمە مەركەزی محافەزەمان نیە، بەڵكو ئێستا ئیداراتیشمان هەیە، وەكو ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی بۆ زیاد بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان لەو داخوازیەی لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەکاتبەکان تەنها لە مەراکزی محافەزات دەبێت، نا لەقەزاو ناحیەکان، ئیمکان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە، ئەگەر نیزامیە، ئا، ئەگەرنا دوایی.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا مستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق بأسم (الهيئة المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق) لتكون السلطة الحصرية التي تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية في الاقليم.

ثانياً: يكون المقر الرئيسي للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات الاقليم والوحدات الادارية عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەپێی ئەو یاسایانەی کە لەم خولەدا بۆ تەشکیلەی وەزارەتەکان و هەندێ لە دەستەکان ئیقرارمان کرد لە پەرلەمانی کوردستان ئیدارەی گەرمیان وەکو ئیدارەییەك لە پاڵ پارێزگاکانی کوردستاندا ناوی هێنرا بە نەصی سەریح، هیوادارم لەم پرۆژەیەشدا بە نەصی سەریح ناوی ئیدارەی گەرمیان بهێندرێت، چونکە خصوصیەتێکی ئیداری تایبەتی هەیە، وەکو چۆن لە یاسای دەستەی مافی مرۆڤ و یاسای وەزارەتەکانی تر بەو نەصە ناو هاتووە، لێرەش بەو شێوەیە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، دوو لە ئەندام پەرلەمان، وابزانم زیاتر لە دوو پێشنیاری ئەوەمان کرد کە تەفسیم بەندییەکە لابرێت، واتا مەحەلی و ئیتیحادی هەردووکی لابرێت، چونکە ئەگەر لێرە مەحەلی زیکر بکرێت، ئەو

وەختە ئەم هەیئەتە بۆی نییە بەشداری ئینتیخاباتی ئیتیحادی بکات، بۆیە هەردووکیان لابرێت باشترە، تەنها بکرێت بە (جمیع الانتخابات والاستفتاءات في الاقليم)، واتا حەصر نابێت لە هیچیان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئەو بڕگەی دووەمیان هەر بێتە سەر ماددەکەی تر، چونکە من وا تەسەور دەکەم ماددەی یەکەمیان کە دەڵێت هەیئەتێك دروست دەکرێت، مادام لە بڕگەی دووەمدا، لە ماددەی دووەمدا دەڵێت پێناسەی هەیئەی عولیای موستەقیلەی ئینتیخابات دەکات، بۆ ئەوەی نەبێتە بەدیلی ئەو، دووەمیان بکرێتە دوو بڕگە، یەعنی واز لەو بڕگەیەی دووەمیان بێنین، کە دەڵێین مەقەری هەیئە لە هەولێر، چونکە یەکەمیان بەس تەفصیلەکەی، دوایێ دەڵێت (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان هيئة مهنية حكومية مستقلة ومحايدة.......) باسی دەکات، تەفاصیلەکەی هەیە، تەسەور دەکەم بۆ ئەوەی واز لەو ئیشکالەتە بێنین، بێینە سەر بڕگەی دووەمیانەوە باشترە لەجیاتی ئەوەی کە لەپێناسەی یەکەمیاندا بڵێین ئەو هەیئەتە دروست دەکرێت، مەقەرەکە بێتە بڕگەی دوو، چونکە ئەگەر وا نەبێت ماددەی دوای ئەوە قیمەتی نامێنێت، هیچ بەهایەکی نامێنێت، چونکە تۆ دوو پێناسە لە یەك شتدا دووبارە دەکەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی کاك دکتۆر حەسەن باسی ئەوەی کرد کە بیکەینە (الانتخابات في الاقليم)، (الانتخابات في الاقليم) خۆی ئیتیحادیش ئەگەر ئینتیخابات بکرێت لە ئیقلیمە، هەرێمیش ئەگەر تایبەتمەندی خۆی هەبێت و ئینتیخاباتی خۆی بکات هەر لە ئیقلیمە، بۆیە ناکرێت بەڕاستی ئەو موستەلەحە داخیل بکەین، بەلاّم ئێمە دەتوانین ئەوەی بەنیسبەت هەرێمە جیامان کردۆتەوە، ئەوەی بەنیسبەت ئیتیحادیە جیامان کردۆتەوە، کە بەشێوەیە تەنسیق دەبێت، بەنیسبەت ئیدارەی گەرمیان، ئێمە تەمەنا دەکەین کە بتوانین لەوێ کۆمسیۆنی ئێمە رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردنی خۆی لە ئیدارەی گەرمیان بکات، ئیدارەی گەرمیان حاڵەتێکی موەقەتەو بەندە بە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140، ئێستا ئێمە کۆمسیۆنیش دابمەزرێنین لەوێ لەو زورفەی، ئێمە ناتوانین لەوێ ئینیتخابات و ئەو شتانە بکەین، ئەوەی عێراقی ئیشراف دەکات، تۆ بتەوێت، یان نەتەوێت، چونکە (المناطق المتنازع عليها)، بەلاّم ئەگەر گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، ماددەکە دەیگرێتەوە کە

دەڵێن (والوحدات الادارية عند الاقتضاء)، بۆیە بە قەناعەتی من ناوهێنانەکە لێرە هیچ سوودێکی نییە، من تەمەنا دەکەم هەروەکو گوتم رۆژێك لە رۆژان بتوانین ئەوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل کەرەم بکە.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیدارەی گەرمیان مەناتق موتەنازیع عەلیها نییە، یەعنی بەس تەوزیحێك بۆ قسەی کاك شێروان...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کە دەڵێت ئیدارە، نیزامیە کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیدارەی گەرمیان لە سێ قەزا پێکهاتووە، کە وەختی خۆی لەو گۆڕانکارییە ئیدارییەکان کە حکومەتی بەعس کردویەتی وهێناویەتی جیای کردۆتەوە، ئێستا ئیدارەکانی، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی زۆر زۆر فراوانە، ئیدارییەکی بۆ دروست کراوە، ئیداریەکەی پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوەو لەناو بودجەی ئەمساڵ باسمان کردووە، قەیدی چی دەکات، ئەگەر ئێمە ئێستا سبەی رۆژێ بۆ ئەوەی کۆمسیۆن فەرعێکی هەبێت لەوێ، ئەگەر خواو پێغەمبەر کردی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم گەڕایەوەو ئەم تەرکیبەیە گۆڕا، کۆمسیۆنەکەش بەشێوازێکی تر دادەنرێت، مەعقول نییە ئێستا باس نەکرێت بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەرسەلان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ناوی موحافەزەکان هاتووە؟ خۆ ناوی موحافەزەکان نەهاتووە، هەتا ناوی گەرمیانیش بێت، گەرمیان بەسەرچاو، بەلآم کە تۆ ناوی موحافەزەکان نەهێنیت چۆن دەبێت ناوی گەرمیان بێنیت؟ کە دەڵێیت وەحداتی تر، مەبەستی ئەوەیە چ وەحدەی تر کراوەتەوە ئەوە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ئاخیر نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە موحافەزاتەوە هەبێت وازیحە بە نەصی سەریح لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە سێ پارێزگامان هەیە هەولێر، دهۆك، سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان خصوصیەتێکی خۆی هەیە،

ناوچەیەکی بەرفراوانە لە رووی جوگرافیەوە، لە رووی ستیراتیجیەوە ئیهتیمامی خۆی هەیەو، هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، ئەو مەنتیقەیەش بەشداری گەرم دەکەن، چونکە لە بنیاتنانی ئەم حکومەتەو ئەم ئەزموونە دیموکراسیە قوربانیەکی زۆر زۆر گەورەیانداوە، دووش/ کە ئێمە قسە لەسەر یاسا دەکەین، بەپێی یاسا..............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا ئەوە نیزامی بوو؟ رجائەن کاك سالار ئەوە شەرحە، نیزامی نییە، بەڕێزان، ئێستا ئاخیر صیاغەی لیژنەی یاسایی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا نییە دەنگی پێ نەدات.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة عليا مستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق بأسم (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان – العراق) لتكون السلطة الحصرية التي تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية في الاقليم.

ثانياً: يكون المقر الرئيسي للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات الاقليم والوحدات الادارية عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، چوار کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە لە رێگای راگەیاندن، تکایە زۆر زۆر وەختتان دەدەینێ، زۆر باش بیخوێنن و دیراسەی بکەن و موناقەشەی بکەن، تەوافوق بکەن ئاگادارتان دەکەین، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**چوارشەممە رێکەوتی 29\9\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/9/29

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2010/9/29 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (2)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/9/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای كۆمسیـۆنی هەڵبـژاردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جـەژنی ئێزیدیـەكان بەپشووی فـەرمی لـە هەرێمی كوردستان – عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هـەرێمی كوردستان – عێراق.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و كۆبوونەوەكانی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (2)، ڕۆژی دانیشتن 2010/9/29، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2010/9/29 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای كۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزیدیەكان بەپشووی فەرمی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و كۆبوونەوەكانی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەكەم تەشریفیان بێنن بۆ شوێنی خۆیان كەرەم بكەن، فەرموون، تكایە دانیشن، هێشتا دەستمان بەهیچ نەكردووە، نیزامی چی؟ فەرمووو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەو دەسەڵاتە دراوە بە سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان، كە هەر بابەتێك بە گرنگی بزانن داوا بكەن لە سەرۆكایەتی پەرلەمان..............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەسند نەكرا، دانیشە تكایە، داوا دەكەن، بەڵام دەتوانین ڕەفزی بكەین، ئێمە لەسەر بەرنامەی كار، تكایە دانیشە، ڕجائەن دانیشە، ڕجائەن دانیشە، ڕجائەن، ڕجائەن دانیشە تەواو، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن بڕۆنە سەر بابەتەكە، سەرۆكایەتی پەرلەمان قەبولی نەكرد، چاوەڕێ دەكەین ئەم بەرنامەی كە هەمانە تەواو بێت پاشان، نەخێر، تەواو، ڕجائەن دانیشە، ئاگادارت دەكەم دانیشە، داوات لێ دەكەم لە شوێنی خۆت دابنیشە، دەیخەینە بەر دەنگدان عبداللە محمد نوری مەنعی دەكەین لەم دانیشتنە، كێ لەگەڵدایە دەستی

بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ، تەواو بوو، رجائەن تەواو، عبدالله محمد نوری لەم دانیشتنە بە رەسمی مەنع كرا، تەواو، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن، تكایە رجاتان لێ دەكەم هێمنی بپارێزن، چونكە ئەو ئوسولەی هەیە، ئێمە لەسەر ئەوە دەڕۆین و نییە، دەتوانن دوایی بێن ئیعتیراز تەشكیل بكەن، تكایە، رجائەن، تەواو، پاشان دەتوانن بێن ئیعتیراز بكەن، بەسەرچاو، حەقی نییە، ئەوە تەجاوزە لەسەر سەرۆكایەتی پەرلەمان و لەسەر پەرلەمان، لەم جەلسەیە بە رەسمی و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەركرا، ، رجائەن، وەختی نییە، وەختی قسە جیایە، ئێستا بەرنامەمان هەیە، پاشان وەرە سەرۆكایەتی، كەی هاتە ناو بەرنامە ئینجا، تكایە ئیلتیزام بە بەرنامەكە بكەن، تكایە، رجائەن، فەرموو كەرەم بكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (20) دەبێت بەرنامەی كار بە (48) سەعات بگات، لەم پەرلەمانە، نەك (48) سەعات ناگات، (24) سەعات، وابزانم لە دوێنێوە ئەمڕۆ گەیشتۆتە دەستمان، واتا (15) سەعاتیش ناكات، بۆیە جارێ پێش هەموو شتێك خودی ئەم جەلسەیە قانونی نییە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت ئەم جەلسەیە ئیلغا بكرێتەوە.

خاڵی دووەم/ وەكو برادەران باسیان كرد، دوو یاداشتمان پێشكەش كردووە، دوو یاداشت لەسەر ئەوەی پرسی راگەیاندن بخرێتە ئێرە، ئیستینادمان كردۆتە سەر كۆمەڵێك ماددە، لەسەر یاسای هەڵبژاردن، لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر یاسای رۆژنامەگەری، فەقەرە بە فەقەرە باسمان كردووە، ئەم مەوزوعە وتوومانە ئەم پرسە بخرێتە ناو پەرلەمانی كوردستان و ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان قسەی لەسەر بكەن، لەبەر ئەوەی بوو بە كێشەیەكی موزمین، نامانەوێت پەرلەمان بەم شێوەیە دوور لە چاوی كامیرەكان و دوور لە رای گشتی كۆبوونەوەكانی بكات، باسی حەلمان كردووە، لەگەڵ جەنابتان چەندین جار باس كراوە، بەڵام ئەم پرسە هیچ وەڵامێكی رەسمی نییە، بۆیە ئێمە بە رەسمی داوا دەكەین ئەم كۆبوونەوەی ئەمڕۆ بخرێتە بەرنامەی كارەوە، كە نەكراوە بخرێتە بەرنامەی كارەوە، بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا قسەی لەسەر بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرسەت موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەوزوعی (48) سەعات، تۆ بەرنامەی كار بۆ ئەوەیە ئەندامان خۆیان ئامادە بكەن بۆ برگەكان، ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ، ئەوە هەفتەیەك زیاترە تەئجیل بووە، هەموو برادەران دەزانن ئەوە بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی پێش ئێستا، لەبەر ئەوەی تەفسیری ئەو ماددەیە بەو شكلە ناكرێت، وەكی تر مەوزوعی

سەرۆكی فراكسیۆن، راستە حەقی هەیە، بەس ئاخیر سێ شەرتی تێدایە، یەك/ طارئی بێتن، موستەعجەل بێت، عام بێت، تەقدیری ئەو شتانە بە دەست سەرۆكایەتییە، ئەگەر هاتو موناقەشەی لەسەر كرا، موناقەشەی لێرە لەسەر ناكرێت، لە دەستەی سەرۆكایەتی، ئەگەر هاتو ئەو فراكسیۆنە رازی نەبوو، سەرۆكایەتی دەتوانێت بیخاتە دەنگدانەوە لەناو پەرلەمان، ئەو وەختە ئەگەر پەرلەمان، بڕیاری لەسەر بدات داخیلی بەرنامەی كار دەبێت، ئەگەر بڕیاری لەسەر نەدات خارجی بەرنامەی كار دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن بۆ بەرنامەی كارتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كۆبوونەوەی پێشتر دوو ماددەمان لەپرۆژەكە پەسند كردو، ئێستا دەچینەوە سەر ماددەی سێیەم، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سورەتێكی وازیحیان هەبێت لە مەسەلەكە، ئێمە ماددەی یەك تەعاریفمان زیاد كرد، بەلاّم كە دەچینە سەر ماددەكانەوە، بۆ ئەوەی لە ئەندامانی پەرلەمان تێك نەچێت، ئێمە لەسەر ئەسڵی پرۆژەكە ماددە بە ماددە دەڕۆین، دوایی تەسەلسولی ماددەكان بەپێی ماددەی ئیزافی دەگۆڕدرێت، زۆر سوپاس، ئێستا دەچینە سەر ماددەی سێیەم، كە برایانی بەڕێزم بە زمانی كوردی و عەرەبی دەخوێننەوە، پاشان راپۆرتی لیژنەكان سەبارەت بەو ماددەیە دەخوێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە ئەسڵی پرۆژەكە بە زمانی عەرەبی:

المادة الثانية:

الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان، هيئة مهنية مستقلة ومحايدة تتمتع بالشخصية المعنوية ولها ميزانية مستقلة ضمن الميزانية العامة للاقليم وتخضع لرقابة برلمان كوردستان – العراق، وتكون مسؤولة امامه.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

دەستەی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی كوردستاندا، دەستەیەكی پیشەگەری حكومی سەربەخۆ و بێ لایەنە، خاوەنی كەسایەتی مەعنەوییەو بودجەیەكی سەربەخۆی لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمدا هەیەو لەژێر چاودێری پەرلەمانی كوردستان - عێراقدا دەبێت، لە بەرامبەریشیدا بەرپرس دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم: لیژنە پشتگیری دەكات دوای لابردنی وشەی (حكومیـة)و (بودجـەی سـەربەخۆ) بكرێت بە (بودجەی تایبەت)، ئەسبابی لابردنیشی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە ئـەوە دەسـتەیەكی سەربەخۆیەو، پەیوەندی بە حكومەتەوە نییە، بۆیە وشەی حكومەتمان لابردووە، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت ئـەم دەستەیە دەستەیەكی سەربەخۆیە، هەرچەندە ئیشەكەی ئەم دەستەیە ئیشێكی تەنفیزییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی ناوخۆ لەسەر ماددەی دووەم بەم شێوەیە:

1- وشەی حكومی لێ هەڵبگیرێت، واتە تەنها بگوترێت دەستەیەكی پیشەیی و سەربەخۆو بێ لایەن.

2- بارەگای سەرەكی دەستەكە لە هەولێری پایتـەختی هـەرێم و،وا بنووسـرێت (نووسـینگەكانی لـە ئیـدارەو پارێزگاكاانی تر بكرێتەوە)، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، واتا نووسینگەی ئیـدارەكانی بـۆ زیـاد بكرێـت، جگـە لـە پارێزگاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكە كاكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەكەمی لیژنەی ناوخۆ، هەمان ڕەئی ئێمەیان هەیە، بـەلاَم بەنیسـبەت فەقـەرەی دوو، ئێمە لە ماددەی یەك سەپاندمان و، نەصەكەمان داڕێشتەوەو دەنگیشی لەسەر درا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت قسە بكەن دەستیان بـەرز بكەنـەوە، تـاكو ناویـان تۆمـار بكـەم، ئـەو بەڕێزانەی كە ویستیان قسە بكـەن ڕێـزداران (سـۆزان شـهاب، ئـەڤین عمـر، هـاژە سـلیمان، حمـە سـعید، دانـا سعید، جلال علی، رزگار محمد امین، سمیرە عبداللە، امینـە ذكـری)، كەسـی تـر هەیـە؟ ڕێـزدار سـۆزان شـهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ لابردنی حکومیەو، موستەقیلەش بکرێت بە خاصە، بەڵام ئەوەی کە لەلای من گرنگە (تخضع لرقابة برلمان کوردستان)، ئەمە ئەگەر لەناحیەی میهەنیەوە بێت، بەڵام لەناحیەی مالیەوە دەبێت ئەویش خازیع بێت بۆ رەقابەی مالی، (تخضع لرقابة مالية)، چونکە لە رەقابەی مالی بۆ ئوموری مالی، میهەنیەکەشی بۆ پەرلەمانی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، کەوا رەقابەی مالی بۆ ئیزافە بکرێت و خازیع بێت بۆ رەقابەی مالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رەئی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم، بەوەی کەوا وشەی حکومی لابرێت، چونکە ئەوە لە زیمنی کابینەی حکومەت نییە، هەر بگوترێت (هيئة مهنية تنفيذية)، دەکرێت بەو شێوەیە دابنرێت، ئەو بودجە سەربەخۆیەش بکرێت بە بودجەی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حەمە سەعید کەرەم بکە.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە لە فەسڵی چوارەوە دەست پێ دەکات، پێم باشە فەسڵی یەك و دوو و سێش زیاد بکەین بۆ ماددەکە، فەسڵی یەك (التعاريف) بێت، فەسڵی دوو (المهام)، یان (مهام الهيئة)، فەسڵی سێ (تشكيلة الهيئة)، ئەوە مولاحەزەیەکە، چونکە پرۆژە یاساکە لە فەسڵی چوارەوە دەست پێ دەکات.

بەنیسبەت ماددەکەشەوە، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەو حکومیەیە لابرێت بکرێت بە تەنفیزی، یەعنی (هيئة مهنية تنفيذية ولها ميزانية.........)، ئینجا (ميزانية عامة للاقليم تابعة لبرلمان كوردستان وتخضع لرقابته وتكون مسؤولة امامه)، ئەوا بۆی زیاد بکرێت، بەو شێوەیەی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دانا سعید سۆفی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوّفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆبەری تێبینیەکانم گوترا، بەس ئەوەی ماوە بڵێم مەسەلەی پیشەگەرییە، نازانم بۆ دەزگایەکی وا میهەنی زەرورە بێت، یاخود نا؟ هەر ئەوەندە تێبینیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەلال عەلی کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بێت کە (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان هيئة مهنية رسمية)، سیفەتی رەسمی بدرێتێ (مستقلة ومحايدة تتمتع بالشخصية المعنوية والقانونية ولها ميزانية مخصصة)، نەك موستەقیلە، چونکە موستەقیلە لەوانەیە سیفەتێکی وا بێت کە کەس نەتوانێت موحاسەبەی بکات (ضمن الميزانية العامة للاقليم وتخضع لرقابة برلمان كوردستان – العراق، وتكون مسؤولة امام القانون والتعليمات المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حاکم رزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز رزگار محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراح دەکەم ئەم ماددەیە بەم جۆرەی لێ بێت، ببێت بە چەند بڕگەیەك:

بڕگەی یەکەم: (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات في اقليم كوردستان هيئة محايدة تتخذ من مدينة اربيل مقراً لها، تتولى الاشراف على الانتخابات أو الاستفتاء في الاقليم وتشكل برئاسة قاضي من محكمة تمييز الاقليم وعضوية كل من رووٴساء محاكم المناطق الاستئنافية ورئيس الادعاء العام أو من يمثله في الاقليم من بين المدعين العامين والمحافظين ومدير عام الاحصاء في الاقليم أو من يمثلهم على ان لا تقل درجته الوظيفية عن مدير).

بڕگەی دووەم: (للهيئة سكرتير تعينه لتنظيم اعمالها).

بڕگەی سێیەم: (تشكل الهيئة لجان فرعية في المحافظات والاقضية لاداء مهامها برئاسة قاضي أو مدعي عام أو نائب مدعي عام لايقل صنف اي منهم عن الثالث وعضوية ممثل عن المحافظة أو القضاء وممثل عن دائرة الاحصاء في المحافظة).

بڕگەی چوارەم: (تتولى الهيئة التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق عند اجراء الانتخابات العامة أو الاستفتاء التي تشمل بها الاقليم وتختص بها المفوضية العليا وذلك عن طريق لجان مشتركة تشكل من الطرفين لهذا الغرض).

بڕگەی پێنجەم: (تمارس اعضاء الهيئة اعمالها وصلاحياتها المنصوص عليها في هذا القانون أو اية قانون انتخابي اخر في الاقليم، اضافة الى وظائفهم ولهم حق التفرغ التام ايام التصويت والفرز لانجاز مهامها بأحسن صورة).

بڕگەی شەشەم: (تتخذ الهيئة قراراتها بالاغلبية وللمتضرر من اصحاب العلاقة حق الطعن فيها لدى الهيئة الموسعة من محكمة التمييز خلال ثلاثة ايام من تاريخ صدور القرار الحضوري أو من اليوم التالي من تاريخ تبليغه وعلى هيئة الطعن البت فيه خلال عشرة ايام من اليوم التالي من تاريخ الوصول......)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار ببوورە، ئەوە خارجی ماددەکەیە، ئێمە ماددەی دوو، لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی دووە، کە بۆتە ماددەی سێ، ئەو تەعاریفانە، ئەوە لە ماددەکانی داهاتوو دێت، ئەوە جەنابت باست کرد، ئەگەر ماددەی دوو جەنابت لەبەر دەستە بیخوێنی لەسەر ئەوە شتێکت هەیە بەسەرچاو، ئەگەرنا سەبر بگرە هەتا ئەو وەختی.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوقیعەکانیان سابیتە، دەتوانن ئەو چەند رۆژە تەفەروغ بکەن، لە ئێستاشدا ئەگەر جەنابتان سەرنجتان بدەن، ئێمە کۆمەڵێکی زۆر ئیتیحادات و مونەزەماتمان هەیە، لایەزال کە ئینتیخاب دەکەن بۆ ئینتیخاباتی خۆیان قازییەك لەگەڵ نوێنەرێکی موحافەزە تاکو ئێستا ئیشراف دەکاتە سەر ئینتیخاباتەکانی موفەوەزیە، یەعنی بە سەدانمان هەیە لەو ئیتیحاداتانەی کەوا تاکو ئێستا، بۆیە من پێموایە ئەو فەقەرەیە، یان ئەو ئیتیحاداتانە وەکو خۆیان بمێنێنەوە بەپێی پێشوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سمیرە عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئیەکەم گوترا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە ذکری کەرەم بکە.

**بەڕێز امینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئاخافتنا مه هاته كرن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سۆزان خان و ئەڤین خان ئیشارەتیان بەوەدا كە حیساباتی ئەم هەیئەیە خازیعی ڕەقابەی مالی بێت، ئەگەر تەماشای ماددەی چواردە بكەین لە پڕۆژەكە بەسەراحەت ئەمە هاتووە، دەڵێت (تخضع حسابات الهيئة الى الاسس المعتمدة لدى ديوان الرقابة المالية)، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت كاك حەمە سەعید كە ئیشارەتی بەوەدا فەسڵەكان هەندێك دیاری نەكراوە، ڕاستە، ئێمە فەسڵی یەكەم، فەسڵی تەعاریف و تەئسیس بوو، بەڵام ئەوانی تر لە چوار پەڕیەوە، ئێمە دەركمان بەوە كردووە، كە هاتینە سەر فەسڵەكان بە تەئكید ناوی فەسڵەكان دەهێنین، سەبارەت بە قسەكانی برای بەڕێزم كاك جەلال كە بڵێ ڕەسمیە، خۆی ئێمە بە قانون دایدەنێین بە تەئكید سیفەتێكی ڕەسمی هەڵدەگرێت.

برای بەڕێزم كاك ڕزگار ئیشارەتی بەزۆر مەسائیلدا، لەوانە تەشكیلاتی هەیئە، لەوانە سەلاحیاتە، لەوانە مەقەری هەیئەیە، بەڕاستی مولاحەزەكانی زیاتر لەسەر مەوادی تر بوو، لەسەر ماددەی تەعریفەكە زۆر مولاحەزەیەكی وای نیشان نەدا، كە بتوانین وەڵامی بدەینەوە، كەی هاتینە سەر ماددەكان ئیعتیادی بەنیسبەت ئەو خاڵانەی كە ئیشارەی پێ كرد، بە تەئكید ئێمە موستەعیدین وەڵامی بدەینەوەو، دوا ڕەئیش ڕەئی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی ئێمە هاتووە پێشنیاری سێ ماددەمان كردووە، كە ئیزافە بكرێت لەسەر پڕۆژەكەی، یەك لەوانە (تخضع حسابات الهيئة للتدقيق والرقابة من قبل ديوان الرقابة المالية في الاقليم)، لە فەقەرەی چواردەمی ڕاپۆرتەكەمان، نەك لە ئەسڵی پڕۆژەكەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی ناوخۆ هەمان ئەو ڕەئیەی پێشوومانە، بەلاَم بۆ زیاد کردنی پابەند کردنـی ئـەو دەسـتەیە بـە ڕەقابەی پەرلەمانەوە، چ لێرە بنووسرێت، چ لەو مادده پێشنیاز کراوەی کە لە لیژنەی یاسـایی کردوویـەتی، پێمانوایە هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نابێت، گرنگ ئەوەیە پابەند بکرێت بۆ ڕەقابەی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی نیهائی بۆ ماددەکە، کە دەبێتەوە ماددەی سێیەم:

المادة الثالثة:

الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في الاقليم هيئة مهنية مستقلة ومحايدة تتمتع بالشخصية المعنوية ولها ميزانية خاصة ضمن الميزانية العامة للاقليم وتخضع لرقابة البرلمان، وتكون مسؤولة امامه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، ئێسـتا دەیخەمـە دەنگدانـەوە بـەو صـیاغەیەی کـو گوێتـان لـێ بـوو، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ پەسـند کـرا، بـۆ ماددەی سێ لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی چوار، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەست بـە مـاددەی سـێ دەکـەین، واتـا پـێش ماددەکـە فەسـڵی دووەم دەسـت پـێ دەکـات، کـە مـەهامی هەیئەیە، بەڕێزان دەیخوێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثاني

المادة الثالثة : تتولى الهيئة العليا للانتخابات في الاقليم ما يلي:

1- وضع الأسس والقواعد المعتمدة في الانتخابات والاستفتاءات وإصدار الأنظمة والتعليمات والاجراءات الخاصة بها بموجب القوانين المرعية في الاقليم لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

2- الاشراف على جميع الانتخابات والاستفتاءات في الاقليم.

3- تنظيم تنفيذ عملية تسجيل الناخبين وتحديث سجل الناخبين وفق صيغ مناسبة وحديثة.

4- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل تصديق الكيانات السياسية والائتلافات والتصديق على قوائم المرشحين.

5- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل مراقبـي الانتخابات والمنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية.

6- البت في الشكاوى والطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابية وتكون قراراتها خاضعة للطعن امام محكمة تمييز اقليم كوردستان.

7- اعلان النتائج النهائية.

8- المساعدة في بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة بالاحزاب والكيانات السياسية ومنظمات المجتمع المدني وبناء قدرتها وتطوير مهارات اعضائها من النواحي الفنية والتقنية وعبر التنسيق مع اللجان الاستشارية للاحزاب.

9- المصادقة على اجراء العد والفرز لاصوات الناخبين وتنفيذها.

10 - التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظيم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية في الاقليم.

11- في حال مشاركة الاقليم في الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية والتي يشرف عليها المفوضية العليا المستقلة في العراق، يتم التنسيق الكامل بين الهيئة المستقلة للانتخابات في اقليم كوردستان والمفوضية العليا للانتخابات في العراق بتشكيل لجان مشتركة في جميع مراحل العملية الانتخابية.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی دەستە**

**ماددەی چوارەم: دەستەی هەڵبژاردن لە هەرێمدا ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆ دایە:**

1- دانانی بنەماو ڕێسای تایبەت بە هەڵبژاردن و ڕاپرسی و سیستەم و ڕێنمایی و ڕێکاری تایبەت بەوان بەپێی یاساکانی پەیڕەو کراو لەهەرێمدا دەردەکات، بۆ مسۆگەر کردنی جێ بەجێ کردنیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو پاك.

2- سەرپەرشتی کردنی هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەك لە هەرێمدا.

3- بەپێی شێوازێکی گونجاو و نوێ جێ بەجێ کردنی پرۆسەکانی تۆمار کردنی دەنگدەران و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران ڕێك دەخات.

4- ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی پرۆسەی تۆمار کردنی قەوارەی سیاسی و کۆبەندەکان و پەسند کردنی لیستی پاڵێوراوان (کاندیدەکان).

5- ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی پرۆسەی تۆمار کردنی چاودێرانی هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکان و میدیاکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆ.

6- بڕیاردان سەبارەت بەو سکاڵاو تانانەی پەیوەندییان بە پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە هەیە، بڕیارەکانیشی قابیلی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای تەمییزی (پێداچوونەوەی) هەرێمی کوردستاندا.

7- ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان.

8- یارمەتیدان بۆ دروست کردنی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن لەلای تێکڕای ناوەندەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەهێز کردنی کەلتووری هەڵبژاردن لە رێی درێژەدان بە پەیوەندی بە پارت و قەوارەی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بنیاتنانی تواناکانی و پەرەپێدانی شارەزایی ئەندامانی لە رووی هونەرو تەکنیکەوە لە رێی هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەکانی راوێژی پارتەکان.

9- پەسند کردنی پرۆسەی دەست پێ کردنی ژماردن و جیا کردنەوەی دەنگی دەنگدەران و جێ بەجێ کردنی.

10- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراقدا بۆ رێکخستن و جێ بەجێ کردنی هەڵبژاردن و راپرسی فیدراڵی لە هەرێمدا.

11- لە حاڵەتی بەشداری کردنی هەرێم لە هەڵبژاردن و راپرسی فیدراڵدا، کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ لە عێراقدا سەرپەرشتیان دەکات، هەماهەنگی تەواو لەنێوان دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراقدا دەکرێت، بە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە: لیژنە پشتگیری بڕگەکانی (1، 2، 3، 5) دەکات هەروەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.

سەبارەت بە بڕگە (4) لیژنە پێشنیاز دەکات بە زیاد کردنی (پەسەند کردنی)، واتا (تصدیق) دوای وشەی (تۆمار کردنی)، واتا (تسجیل).

سەبارەت بە بڕگە (6) لێژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(6-یەکلاکردنەوەی سکاڵاو تانەکانی کە پەیوەندیدارن بەکردارەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکان و بڕیارەکانیش دەکەونە بەر تانە لێدان لەبەردەم دەستەی دادوەریی تایبەت لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق).

سەبارەت بە بڕگە (7): لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(7- ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەراییی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان لە ماوەی دوو ڕۆژداو ئەنجامی کۆتایی لە ماوەی حەوت ڕۆژدا)و، لە بارەی بڕگەی (8): لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(8- یارمەتیدان لە بنیات نانی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن هەموو کۆمەڵگای کوردستانی و پتەوکردنی رۆشنبیری هەڵبژاردن لە رێگەی بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هەموو بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردن)و، لە بارەی برگەی (9) لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

(9- رێکخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژێرەکان و جێبەجێکردنی).

بەڵام لە بارەی برگەکانی (10، 11) : لیژنە پێشنیاز دەكات بە لێکدانی ئەم دوو برگەیە لە برگەیەکداو بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

(10- هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ رێکخستن و جێ بەجێ کردنی هەڵبژاردنەکان و راپرسیە فیدراڵیەکان لە هەرێمدا لە رێگەی لیژنەی هاوبەش بۆ هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن)و، هەروەها لیژنەکەمان پێشنیار دەكات بە زیاد کردنی برگەیەك بۆ ماددەکە بەم شێوەیە: (رێکخستنی کارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و چاودێری کردنی)و، راستکردنەوەی زنجیرەکان بەگوێرەی کە برگەکانی پێ زیاد کراوە، لە کۆتاییشدا لیژنەکەمان پێشنیاری هەیە، لەبەر ئەوەی برگەکانی ئەو ماددەیە زۆر زۆرە، ئەگەر بکرێت دەستەی سەرۆکایەتی برگە بە برگە گفتوگۆی لەسەر بکەن، پاشان دەنگدانی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ناوخۆ رەئیتان.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنەکەمان پشتگیری لە برگەی (1و 3و 4و 5و 8و 9 و 10 و 11) دەكات، بەڵام لە برگەی دوو لیژنەکەمان پێشنیار دەكات وشەی جێ بەجێ کردنیشی بۆ زیاد بکرێت، واتە ببێتە جێ بەجێ کردن و سەرپەرشتی کردن، لە برگەی شەش لە ماددەی سێ بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

(یەکلا کردنەوەی سکاڵاو تانە لێدانەکانی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ماوەی (3) رۆژدا ئەنجام بدرێ)، هەروەها لیژنەکەمان پێشنیار دەكات لە ماددەی سێ برگەی حەوت بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

1- ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیەکان لە ماوەی (2) دوو رۆژ رابگەیەندرێ.

2- ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیەکان لە ماوەی (7) حەوت رۆژدا رابگەیەندرێ لە دوای پەسند کردنی لەلایەن دادگای تەمییزەوە، جگە لە هەڵبژاردن و راپرسیەکانی حکومەتی فیدراڵ.

سەبارەت بە خاڵەکانی تر تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە برگە بە برگە گفتوگۆی لەسەر بکەین، لەسەرۆکایەتیش موتەفیقین لەسەری، ئێستا بۆ برگەی یەك لە ماددەی سێیەم کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

1- وضع الأسس والقواعد المعتمدة في الانتخابات والاستفتاءات وإصدار الأنظمة والتعليمات والاجراءات الخاصة بها بموجب القوانين المرعية في الاقليم لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: دەستەی هەڵبژاردن لەهەرێمدا ئەم ئەركانەی لە ئەستۆ دایە:

1- دانانی بنەماو رێسای تایبەت بە هەڵبژاردن و راپرسی و سیستەم و رێنمایی و رێكاری تایبەت بەوان، بەپێی یاساكانی پەیڕەو كراو لەهەرێمدا دەردەكات، بۆ مسۆگەر كردنی جێ بەجێ كردنیان بەشێوەیەكی دادپەروەرانەو پاك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوانەی دەیانەوێت تەنها لەسەر برگەی یەك قسە بكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیووە رێزداران (عمر عبدالعزیز، ئارام قادر، ئاسۆ، جەمال طاهر، حمە سەعید، سمیرە عبدالله، حاكم رزگار، ناسك تۆفیق، محمد شارەزووری)، كەسی تر هەیە؟ نییە، تەواو، كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم برگەی یەكە لەم ماددەیە باس لە دانانی بنەماو رێسا دەكات، بۆ دەستەی باڵای هەڵبژاردن، بەو پێیە یاساییەكی تر هەیە لە عێراق، ئەویش یاسای ژمارە (11)ی موفەوەزیەیە، لەوێش باس لە دانانی بنەماو رێسا دەكات و، ئاماژەشی كردووە بە ئینتیخاباتی ئیتیحادی و ئینتیخاباتی ئیقلیمی، پرسیارەكە لێرە ئەوەیە، ئایا ئەمە تەناقوض نییە لەگەڵ ماددەی دوو لە برگەی یەكی موفەوەزییە، كە ئاماژە دەكات بە عەینی عیبارەت، بەهەمان دەستەواژەكانیش كە لێرە هاتووەو لەوێش هاتووە، كە دانانی بنەماو رێسایە بۆ ئینتیخاباتی ئیتیحادی و ئیقلیمی، پرسیارەكە ئەوەیە كە ئایا ئێمە لە عێراقدا دوو رێساو ئوسسمان هەبێت؟ ئەوە ئێرە ئەوێش دەگرێتەوە، یان نا؟ پرسیارەكە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەو موشكیلەیە چۆن چارەسەر كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئارام كەرەم بكە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی مامۆستا عومەر، بەلاَم بۆ چارەسەر کردنی ئەوە، من پێشنیارەکەم ئەوە بوو، کە (دانانی بنەماو ڕێسای تایبەت بە هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان)، چونکە ئێمە ناتوانین قواعیدو ئوسسێك دانێین بۆ هەموو ئینتیخاباتەکان، بەڵکو تەنها مافی ئەوەمان هەیە، ئەو لیژنەیە کە قواعیدو ئوسس بۆ ئینتیخابات دادەنێ کە تایبەت بێت بەکوردستان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.**

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ دەقی بڕگەکەم، تەنیا لەدوای (الانتخابات والاستفتاءات) وشەی (المحلية) ئیزافە بکرێت، لەوەش ڕزگارمان دەبێت، کە برادەران گوتیان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیارم ئەوەیە (وضع الأسس والقواعد المعتمدة في الانتخابات والاستفتاءات العامة)، چونکە هەیە ئینتیخابات عیلاقەی بە نەقابەی مامۆستایانە، بە ئەندازیارانە، بە پارێزەرانە، ئایا لێرە ئەگەر بڵێین (الانتخابات)؟ کام ئینتیخابات؟ لێرە بەس ئەوەیە تەشخیص بکەن، بیکەنە (الانتخابات والاستفتاءات العامة)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار حەمە سەعید کەرەم بکە.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو تێبینیەی مامۆستا عومەر هەیبوو، منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەوە یەك.**

**دووەم/ حەز دەکەم مولاحەزەیەکم بڵێم، کە خزمەت بە لیژنەی یاسایی دەکات، حەوت بڕگە لەم بڕگانەی ماددەی چوار، کە ئێستا چوارە، دووبارە بۆتەوە لە ماددەی پێنج، کە صەلاحیاتە، یەعنی تەداخولێك هەیە لە بەینی مەهام و سەلاحیاتدا، بۆیە ئەگەر ئەم حەوت بڕگەیە تەصفیە........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دێینە سەر ئەوێ، ئێستا بەس بڕگە یەك، دوایێ دەچینە بڕگەی دوو و سێ و بڕگەکانی تر، سمیرە عبدالله کەرەم بکە.**

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە بەنیسبەت خاڵی حەوتەم، پێویستە ماوەی کاتی بۆ راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دیاری بکرێت، لەو پرۆژە یاسایە روون بکرێتەوە، لە خاڵی یازدەمدا هەر لەو ماددەیە، عەفوو، ببوورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەم جۆرەی لێ بێت (1- وضع الأسس والقواعد العامة للانتخابات أو الاستفتاء التي تجري في الاقليم وإصدار الأنظمة والتعليمات) کەلیمەی (الاجراءات) لابرێت، تەبعەن (المعتمدة)، ئەگەر سەیری دەقەکە بکەین (وضع الاسس والقواعد المعتمدة)، کە ئێمە دەڵێین (وضع) لەم لایە کەلیمەی (المعتمدة) رێك ناکەوێت لەگەڵیدا، کە (المعتمدة) یەعنی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین (وضع القواعد والاسس)، یەعنی ئەو هەیئەتە دایدەنێ، (المعتمدة) ئەگەر هەبێت (وضع) نابێت، دەبێت ئەو کاتە بڵێی (تبني الاسس والقواعد المعتمدة)، کەلیمەی (المعتمدة) دەبێت لەوێ لابچێت، دوایی (واصدار الانظمة والتعليمات والاجراءات)، کەلیمەی (الاجراءات) چۆن ئیصدار دەکرێت؟ بە بۆچوونی من کەلیمەیەکی زیادە (واصدار الانظمة والتعليمات الخاصة بها بموجب القوانين المرعية في الاقليم لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة)، یەعنی کەلیمەی (الاجراءات) دەبێت لا بچێت، ئەگەر بیخوێنیەوەو سەیری بکەیت لەگەڵی رێك ناکەوێت، کەلیمەی (اصدار الاجراءات) وابزانم قەبول نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش هەر هەمان ئەو پرسیارەی بەڕێز مامۆستا عومەر کردی، لەلام ئیشکالیەتێکی دروست کردووە، چونکە ئەگەر هەموو هەڵبژاردنەکان بڵێین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو کاتە ئێمە چۆن دەتوانین؟ ئایا تەعاروزو تەزاروب دروست نابێت لە بەینی ئەو یاسایانەی لە هەرێم دەردەچێت، لەگەڵ ئەوانەی لە مەرکەزەوە دەردەچێت؟ بۆیە پێم باشە ئەگەر لیژنەی یاسایی چارەسەری ئەوە بکات، بۆ ئەوەی بیکات بە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار محەمەد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکەی کاک حاکم ڕزگار دەکەم بۆ لابردنی (والاجراءات الخاصة) دوای (التعليمات والاجراءات الخاصة بها)، چونکە خۆی ئەمە تەعلیمات و ئەنزیمەو ئەوانە دەردەکات، لە ئەرکەکانی ئیجرائەتەکەیەتی، لەبەر ئەوە منیش ئەو وشەیە بە زیادی دەزانم (الاجراءات الخاصة بها) لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان دەربارەی ئەم پێشنیارانەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو تێبینیانەی کاک عومەرو چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش پشتگیریان لێ کرد، ئێمە تەمەسوکمان بە نەصی دەستووری کردووە بۆ دەرهێنانی ئەم یاسایەو، بەتایبەتیش ماددەی (115) دەڵێت (كل مالم ينص عليه في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية يكون من صلاحية الاقاليم والمحافظات الغير المنتظمة في الاقليم والصلاحيات الاخرى المشتركة بين الحكومة الاتحادية والاقليم تكون الاولوية فيها لقانون الاقاليم والمحافظات الغير المنتظمة في الاقليم في حالة الخلاف بينهما)، ڕاستە ئێمە هەڵبژاردنمان بەپێی ئەو یاسایەی کە لە عێراقەوە دەرچووە کردووە، بەڵام ئێمە کۆمسیۆنێکی تایبەتمان نەبووە، هەتا یاسایەکی تایبەتیشی بۆ دەربکەین، بۆیە کە ئەو یاسایە دەرچوو بە تەئکید ئێمە ئەنزیمەی خۆمان دەردەینین، تەعلیماتی خۆمان دەردەینین و، ڕێنماییەکانی خۆمان دەردەینین، ئەوە زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادییە، هیچ تەناقوزێکیش ناکرێت، ئەو وەختە ئێمە عەمەل بە قانونی خۆمان دەکەین، چونکە ئەولەویەت بۆ خۆمانەو عەمەل بە قانونی بەغدا ناکەین و، لە هەمان کاتدا ئەنزیمەو تەعلیماتی خۆمان دەردەکەین.

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاک ئاسۆ کردی، مەسەلەی مەحەلیە ئەگەر ئیزافە بکرێت، ئێمە پێشنیارەکەمان پێ قەبولەو، یەك، دوو برادەریش ئەوەیان ئیسارە کرد، ڕەئی ئەوانیش هەر قەبولە، ئەگەر مەحەلی ئیزافە بکرێت، واتا جیا دەکرێتەوە لە ئیتیحادییەکە، هەرچەندە ئێمە لە پێناسەکەدا مەحەلیەمان ئیشارەت پێدایە، بەڵام هیچ مانع نییە لێرەش ئیشارەتێکی پێ بدەین.

بەنیسبەت کاک ڕزگار کە دەڵێت (وضع الاسس والقواعد المعتمدة في الانتخابات)، ئێمە پێمانوایە ئەو ئوسس و ئەو قەواعیدەی موعتەمەدە مەقصەدی (القواعد المعتمدة في الانتخابات) دەولیەن بیکەینە یاسا لەناو یاساکەدا داخیلی بکەین و لە پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایە پەسندی بکەین، ئینجا ئەوان دەتوانن بە نیزام جێ بەجێی بکەن، بە تەعلیمات جێ بەجێی دەکەن، چۆن جێ بەجێی دەکەن، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمسیۆنەکە، کەواتە ئەو مەعاییرە دەولیەن هەیە، بەڵام ڕەنگە لەناو یاسایەکەی ئێمەدا ڕەنگدانەوەی نەبێت، بۆیە ڕەنگدانەوەکەی لەناو یاسایەکەی ئێمەدا زەرورییە.

ئەوەی کە ئیسارە کرا، ئەوە بوو وەڵامەکانی، هیوادارم هەڵەمان نەکرد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ رەئیتان.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، سەبارەت بە بوونی ئەنزیمەو تەعلیماتی تر لە بەغداو تەناقوز بوونی لەگەڵ ئەنزیمەو تەعلیماتی خۆمان، هەروەکو لە ماددەی (115)ی دەستووری عێراق، هەموو ئەو سەلاحیاتە حەصریانەی کە لە زیمنی سەلاحیاتی حەصری حکومەتی فیدراڵی نییەو دەکەوێتە زیمنی سەلاحیاتی حکومەتە فیدراڵیەکان و موحافەزەکان، بۆیە ئەولەویەت بۆ قەوانین و بۆ ئەنزیمەو تەعلیماتی خۆمان دەبێت و کار بەهی ئەوان ناکەین.

خاڵی دووەمان/ ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاك جەمال دەکەین بۆ زیاد کردنی وشەی عامە، یەعنی بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنە رێکخراوەیی و ئیتیحاداتەکان جیا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وادیارە مەشغولی ئەو موفتەرەحەی منن، ئەوەی جەنابی کاك شێروان فەرمووی، دەکرێت بە نەوعێکی تر ئیعتیماد بکرێت، بڵێین یەعنی ئەگەر صیغەکە بەو نەوعە بگۆڕین (وضع الأسس والقواعد العامة للانتخابات أو الاستفتاء التي تجري في الاقليم وبما تتفق مع المعايير الدولية)، ئەگەر ئەوەی جەنابت بتەوێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (وإصدار الأنظمة والتعليمات الخاصة بها بموجب القوانين المرعية في الاقليم لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تێبینیەکانی کاك حاکم رزگار، ئێمە بەباشی دەزانین صیاغەکە بەو شێوەیە بێت:

1- وضع الأسس والقواعد المتبعة دولياً للانتخابات أو الاستفتاءات العامة التي تجري في الاقليم وإصدار الأنظمة والتعليمات الخاصة بها بموجب القوانين المرعية في الاقليم لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئتیان لەسەرە؟

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارەی تازە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە بەو صیاغەیەی كو گوێتان لێ بوو، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ فەقەرەی یەك پەسند كرا، یەك دەنگ لەگەڵدا نییە، ئێستا بۆ فەقەرەی دوو كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(2- الاشراف على جميع الانتخابات والاستفتاءات في الاقليم).

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(2- سەرپەرشتی كردنی هەموو هەڵبژاردن و راپرسیەك لە هەرێمدا).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەك تەنیا سەرپەرشتی، بەڵكو جێ بەجێ كردن و سەرپەرشتی كردن، واتا ببێتە جێ بەجێ كردن و سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكان، وشەی جێ بەجێ كردنی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت قسە بكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن ریزداران (عمر هەورامی، خليل عثمان، عمر عبدالعزيز، د.احمد، حاكم رزگار، دانا سعيد صۆفی، سالار محمود) كەسی تر ماوە؟ كاك عومەر هەورامی كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاش دەستخۆشی بۆ هەردوو لیژنەی بەڕێز، بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی لیژنەی ناوخۆ بۆ جێ بەجێ كردن، من پێشنیار دەكەم لە بڕی جێ بەجێ كردن بەڕێوەبردن بێت، چونكە تەنها دەستەی باڵای هەڵبژاردن و

راپرسی لە هەرێمی کوردستان موشارك نابێت لە عەمەلیەی ئینتیخابات و راپرسیەکان، بەڵکو لایەنی تریش هەن، بۆیە ئیدارە کردنەکەی لە ئەستۆی ئەوانە، یەعنی هەموو جێ بەجێ کردنەکە لە ئەستۆی ئەوان نییە بە تەنها، تەنها لایەن نین لە جێ بەجێ کردنی ئەو رێنمایی و ئەو ئالیەت و ئەو رێ و شوێنەی کە دەیگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێك، یان هەر راپرسییەك، بەڵکو ئیدارەکەی لە ئەستۆی ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خەلیل عوسمان کەرەم بکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو ئیزافەم هەیە، تەقریبەن هەر عیلاقەی بەو بڕگەیەوە هەیە، ئینجا یاخود بخرێتە سەر ئەم بڕگەیە، یاخود بە بڕگەی جیاجیا لە ماددەکەدا دێن، یان (الاشراف على جميع الانتخابات والاستفتاءات في الاقليم) ئەمەشی بۆ زیاد بکرێت (وابداء الرأي في مشروعات القوانين الخاصة بالانتخابات)، یەعنی مەشاریعی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن بەس ئیشی پەرلەمان و هین نەبێت، بەڵکو رەئی ئەوانیشی لەسەر بێت وەکو دەزگایەکی موختەس، جا ئەمە دەکرێت ئیزافە بکرێتە سەری، یاخود بە بڕگەیەکی تازە بێت.

خاڵێکی تر کە بە لامەوە گرنگە، ئەویش لەوانەیە تا سەر کوردستان هەر یەك دائیرەی ئینتیخاب نەبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، یاخود سێ دائیرەی ئینتیخابی نەبێت بەگوێرەی کەسافەی سوکانی، لەوانەیە لازم بکات سبەینێ ئەم دائیرە ئینتیخابیانە بگۆڕێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر بڕگەیەك هەر لە پاڵ ئەوە زیاد بکرێت، ئەویش (اقتراح قواعد تحديد الدوائر الانتخابية مع الجهات ذات العلاقة)، یەعنی لەگەڵ دەوائیری ئیحصای عام حەسب کەسافەی سوکانی ئەو قەواعیدی عامە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دانا سەعید سۆفی کەرەم بکە.

**بەڕێز دانا سعيد صوفي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەکەمدا هەڵبژاردنی گشتیمان، یەعنی تەنیا سەرپەرشتی هەڵبژاردنە گشتیەکان دەکات، بەڵام لەو بڕگەیەدا هاتووە سەرپەرشتی کردنی هەموو هەڵبژاردن و راپرسییەك، پێموایە ئێستا تەناقوزییەك هەیە لەبەینی بڕگە یەك و بڕگە دوو، یان دەبێت هەمووی لابدەین، یان دەبێت بیکەین بە هەڵبژاردن و راپرسیە گشتیەکان لێرەشدا، بۆ مەسەلەی ئەو پێشنیارەی لیژنەی ناوخۆ، پێموایە سەرپەرشتی کردن هەمووی دەگرێتەوە، هەم جێ بەجێ کردنیشە، هەم ئەوەیە، ئەگەر ئیزافەش بکرێت هیچ کێشەیەك نییە، بەڵام پێموایە سەرپەرشتی کردن هەم بەڕێوەبردن وەك ئەوەی کاك عومەر ئیشارەتی پێدا، هەم بابڵێین جێ بەجێ کردنیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە موجمەلی بۆچوونی ئەندامانی بەڕێزەوە، من ئەم صیاغەیەم ئامادە كردووە، هیوادارم تێرو تەسەل بێت، كە بەم جۆرەی لێ بكرێت (بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی كردنی هەموو ڕاپرسی و هەڵبژاردنێكی گشتی لە هەرێمدا)، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەكەت بە نووسین بنێرە، ڕێزدار عمر عبدالعزیز كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەم كاك دانا گوتی، بەس من صیاغەكەم نووسیوە، ئەو كەلیمەی (جمیع)ـە، فیعلەن ئیتلاق و تەعمیمێكی زۆری تیایە، مانای وایە ئێمە حەصری بكەین بۆ ئینتیخاباتی عمومی، لەبەر ئەوە پێم باشە بەم شێوەیە بنووسرێت (الاشراف على الانتخابات والاستفتاءات العامة في الاقليم) فەقەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ئەحمەد كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ هاوكارانم هاوڕام، كە داڕشتنەكەی بەم شێوەیە بێت، بەس من پێم باشە وشەی (المحلیة)شی بۆ زیاد بكرێت، ماددەكە بەو شێوەیە بێت (الاشراف على جمیع الانتخابات والاستفتاءات المحلیة العامة في الاقلیم)، لەبەر ئەوەی ئینتیخاباتی ئیتیحادی لە بڕگەی (10) دەڵێت (التنسیق مع المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظیم وتنفیذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادیة في الاقلیم)، لەوێ بە هەماهەنگی لەگەڵ موفەوەزیەی عولیایە، بەڵام ئەگەر لێرە بۆ ئەوەی جیای بكەینەوە لەگەڵ ئەو بڕگەیەش، كە ئەو هەڵبژاردنانە مەحەلین و، گشتیشن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەكانی دیكەی غەیری گشتی جیای بكەینەوە، ئەگەر بشكرێت لەو فەقەرەشدا نەبێت، لە شوێنێكی تر بتوانین بۆ مەناتیقی موتەنازیع عەلیها شوێنی بكەینەوە بەڕاستی، ئەگەر لە حاڵەتێكدا هەرێم بتوانێت شێوازێك لە سەرپەرشتی كردنی هەبێت لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان، یاخود ئیستیفتیائات لەو ناوچانە، بەڕاستی وابزانم لێرە موعالەجە نەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حاكم ڕزگار كەرەم بكە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (کجمیع الانتخابات والاستفتاءات في الاقلیم)، (جمیع)ـەکە زۆر موتڵەقە، یەعنی هەر ئینتیخاباتێك بکرێت لە کوردستاندا، ئیتر دەبێت ئەوان ئیشراف بکەن، بە بۆچوونی من دەبێت ئیستیسنایەکی تێ بخەن (بأستثناء الاشراف على الانتخابات أو الاستفتاء) وابزانم (أت)ی ناوێ جمعەکەش، (أو الاستفتاء التي تجري في الاقلیم ولا تشمل ذلك انتخابات الاتحادات المهنیة أو الجمعیات أو الاحزاب ومنظمات المجتمع المدني التي تتبع الاجراءات والضوابط المتبعة في اجراءها قبل صدور هذا القانون)، یەعنی بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە، ئەو هەیئەتە هیچ رۆژێك نییە بۆ ئینتیخاباتی مەجلیسی ئیدارەی ئیتیحاداتەکان و مونەزەمات و ئەحزاب و ئەوانەو ئینتیخابات نەکرێت، کە ئەو موتڵەقیەتی دایە، ئەو کاتە شەرعیەت نامێنێت بۆ هەر ئینتیخاباتێکی تر، کە بکرێت بۆ ئەو جیهاتانەی ترو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تێبینی ئەندامانی بەڕێز، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە لێرە ئیحصا زیاد بکرێت، بەڕێزان لەبەر ئەوەی ئیحصا لە دەسەڵاتی حەصرییە بەپێی دەستووری عێراق، لێرە ناتوانین زیادی بکەین و ئاماژەی پێ بکەین وەکو ئەرکێك کە ئەو دەستەیە پێی هەڵستێ، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە وەکو هەرێمی کوردستان و، ناتوانین باسی بکەین.

باس لەوە کرا سەرپەرشتی کردن و یان بەڕێوەبردن، سەرپەرشتی کردن فراوانترە، چونکە ئەو دەستەیە تەنها هەڵبژاردنەکان بەڕێوە نابات هەروەکو لە بڕگەی یەك ئێستا دەنگمان بۆدا، باس لەوە دەکرێت کە بۆی هەیە چەندی بنەماو بنچینەو قەواعیدو ئوسس دەربکات بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن، هەتا ئەو ئەنزیمانەی کە دەردەکات بەپێی ئەو قانونەی کە دەنگی بۆ دەدەین پەسند دەکرێت، بۆیە سەرپەرشتی کردن فراوانترەو باشترە ئەو وشەیە هەبێت، هەمووی ئەوانەی ئاماژەتان پێ کرد بەڕێوەبردن و دەرکردنی ئەو رێکارانە بۆ رێکخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن سەرپەرشتی کردنەکە فراوانە، ئەو دەستەواژەیە هەمووان دەگرێتەوە.

پێشنیاری ئەوە کرا (في الاقلیم) فەقەت زیاد بکەین، ئەوە پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دوو کە دەنگمان بۆدا لە دانیشتنی پێشوو، خۆمان دەنگمان بۆ ئەوەدا (لتكون السلطة الحصرية التي تقوم باجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات المحلية في الاقليم)، ئێمە لە ماددەکەی پێشوو دەنگمان بۆ ئەوەدایەو ئەوەمان یەکلا کردۆتەوە، بۆیە پێویست ناکات تەنها بۆ هەرێم لەو بڕگەیە زیاد بکرێت لەو ماددەیە.

باس لەوە کرا کە ئیستیسنا بکرێت، هەندێك لەو هەڵبژاردنانە هەیە وەکو هەڵبژاردنی بۆ نموونە یەکێتی پەرلەمانتاران، هەڵبژاردنی نەقابەکان، ئەوە پێویست ناکات، چونکە ئەوان یاسای تایبەتی خۆیان هەیە لە

یاساکانیان باس لەچۆنیەتی هەڵبژاردن و دەستەکان کراوە، ئەو دەستەیەی کە ئێستا ئێمە گفتوگۆو تاوتوێی برگەو بەندەکانی دەکەین تایبەت نییە بەو جۆرە هەڵبژاردنانە، ئەوان یاسای تایبەتی خۆیان هەیەو بەو کارە هەڵستاون، ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی تێدا رێکخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای لیژنەکەمان ئەوەیە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنیا وشەی جێ بەجێ کردنی بۆ زیاد بکرێت، چونکە جێ بەجێ کردن و سەرپەرشتی کردن بە رەئی ئێمە جیاوازە، پێش سەرپەرشتی کردن دەبێت جێ بەجێ بکرێت، ئینجا سەرپەرشتی بکرێت، بۆیە لەسەر رەئی خۆمانین کە وشەی جێ بەجێ کردنەکەی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- الاشراف على جميع الانتخابات والاستفتاء في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار هات کە (جميع) لابدرێت، (عامة) بخرێتە سەری، چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئیشارەیان پێ کرد، ئەو پێشنیارەی (عامة) دەخەینە دەنگدانەوە، گشتییە، چونکە (جميع) بەیانی حزبێك ئینتیخابات دەکات خاصە بۆ خۆی، تایبەتە بەخۆی، نەقابەیەك دەیکات تایبەتە بەخۆی، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە هات، بۆیە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە کە گشتی ئیزافە بکرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ فەقەرەی دوو پەسند کرا، تکایە بەرەچاو کردنی ئەو پێشنیارە دووبارە صیاغەی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی دووەم بەم شێوەیەی لێ دێت:

(2- الاشراف على الانتخابات والاستفتاءات العامة في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ فەقەرەی دوو پەسند کرا، بۆ فەقەرەی سێ تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- تنظيم تنفيذ عملية تسجيل الناخبين وتحديث سجل الناخبين وفق صيغ مناسبة وحديثة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- بەپێی شێوازێکی گونجاو و نوێ جێ بەجێ کردنی پرۆسەکانی تۆمار کردنی دەنگدەران و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران رێك دەخات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، پشتگیری لە بڕگەکە دەکەین هەروەکو خۆی لە دەقی پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نییە، وەکو خۆی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناویان تۆمار بکەین، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە، ئەمینە زکری، ئاسۆ کریم، تارا ئەسعەدی، جمال تاهیر، جلال علی، خورشید أحمد، دانا سعید صوفی، حمە سعید حمە علی، عمر عبدالعزیز، زکیە سید صالح، سالار محمود، حاکم رزگار، دلێر محمود، خلیل عوسمان، شەونم محمد، کەس ماوە ناوی نەبێ؟ کەرەمکە ئامینە زکری.

**بەڕێز أمینە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگترین بابەت د هەڵبژاردنادا، سجلی ناخبینە، یان سجلا ناڤێ دەنگدەرانە، ئەگەر هاتو سبەی هەڵبژاردنێت فیدراڵی بێنە کرن، یا هەماهەنگی، یەعنی سجلێت کو تەنزیماوێ ژ لایێ ڤێ کۆمسیۆنێ دێتە

کرن، پشت بەستن دبیت سجلا ناخبینا یا عیراقیٚ دبیتن، یان پشت بەستن دڤیٚ بیتن، دویٚ حالەتیدا ناکۆکی مابەینا هەرێمیٚ و یا عیراقیٚ دروست نابیت، ل بەر هندیٚ ئەز بینم ئەگەر ئەم بێژین ب هاڤکاری گەل کۆمسیۆنا ئیتیحادی بیتن، تەنزیما یا سجل ناخبین یا دیتەژی، پاشتەکی دی سبەی هەر هەرێمەکی ئیستقلالیا داتەخۆ، یا هەرێمی یا فیدرالی پەیدا کرد، هەر هەرێمەکی ژی دیٚ سجلیٚ خۆی ناخبینیٚ خۆ هەبیتن، دیسا هەر سەر ژمێری و ئەم زانین دیسا هەتا نوکەژی معاناتا مەزن دگەل سجلا ناخبین هەی، بەشداریا هەڵبژاردنا کێشەیەکی مەزن سەر وی هەیە، ژبەر هندیٚ ب تەسەورامن ئوسا نەحەل کەن کو هاڤکاری دگەل کۆمسیۆنی ئیتیحادی بهێنە دروست کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆ کریم، کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕەئیەکەی ئامینە خان دەکەم، پێشموایە بەو شکلە صیاغە بکرێ، (تنظیم تنفیذ عملیة تسجیل الناخبین و تحدیث سجل الناخبین بالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة)، چونکە ڕەنگە بە تەنیا هەر موفەوەزییە نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس (جهات ذات العلاقة) کێ یە؟ ڕوون بێ، وازح بێ.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موفەوەزییە یەك لە تەرەفەکانە، ئیحصا دووەمە، ڕەنگە ئەجهیزەی دیکەش هەبێ، ڕەنگە وەزارەتی چووزانم، تیجارە هەبێ، یەعنی کۆمەڵێك جیهات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای بە باش دەزانم (تنظیم و تنفیذ و تسجیل سجل الناخبین وفق صیغ مناسبة)، هەر ئەوەندە بێت، پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکا، هەر هەمان مەبەست هەیە، بەس بۆ ڕێکخستنی بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جمال طاهر کەرەمکە.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو وشە هاتینە بیدایەتیَ، (تنظیم تنفیذ عملیة التسجیل)، (تنظیم) و (تنفیذ) دوو وشەن لەیەك جیانـە، پێشنیار دەكەم هەموو ئەو عیبارە دووبارە بێتە صیاغە كرن، پێشنیارم ئەوەیـە بكرێـت بـە ئیـدارە عملیـە، ئەگەر كردی بە ئیدارە، تنظیم ئەكرێت، تنفیذ ئەكرێت، تخطیط دەكرێـت، هـەموو دەكرێـت، بكرێـت بـە ( ادارة عملیة تسجیل الناخبین وتنظیم و تحدیث سجلاتهم وفـق او باعتمـاد الاسـالیب الالیكترونیـة الحدیثـة) چونكە ( وفق صیغ مناسبة وحدیثة) مناسبە وحدیث مەبەستی چیە؟، ئەگەر مەبەستیان بە داتابیس بێت و قەواعید بیانات بێتن، بەكار هێنانی كۆمپیوتەر بێت، ئەوا لێـرە( باعتمـاد اسـالیب الالیكترونیـة ) شـوێنی هەموو ئەوانە دەگریتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جلال علي، كەرەمكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای هاوڕێكانمم كە پێش خۆمان قسەیان كرد، بەڵام من داوا لە لێژنـەی یاسایی بەڕێز دەكەم، یان ئەو بەڕێزانەی كە ئەو یاسایەیان پێشكەش كردووە، ئەگەر بكرێ شەرحێك یان تەوزیحێكمان بدەنێ لەسەر (عملیة تسجیل النـاخبین) و (تحـدیث سـجل النـاخبین)، چـونكە (سـجل النـاخبین) لـە چـەند ئینتیخابـاتیَ كراوە، بە تایبەتی ئینتیخاباتە نزیكەكان، ئایا سجلی فیدڕالییە؟ ئایا خۆمان دەتـوانین تـەحدیسـی سـجلەكان بكەین؟ لەسەر چ ئیسلوبێك؟ لەسەر چ ئەساسێك؟ ئەوە حەز دەكەم ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ئەو یاسـایەیان تەقدیم كردووە، یان بەڕێزانی سەر مینەصەكە، ئەگەر بكرێت شەرحێكمان بۆ بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خورشید أحمد، كەرەمكە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز یێ دگەل وێ چەندێم، كو ئەم تەركیبەكێ دانێین، تەنسیقەكێ بكەین دگەل كۆمسیۆنا بالآیا عیراقێ، بۆ تحدیث سـجل نـاخبین، چـونكە دوو ئینتیخابـات دوێ سـجلا دێنـە كـرن، یـەك ئینتیخاباتێـت نـاڤخۆیی یـێ هەرێمێ، دوو ئینتیخاباتێت مەركەزی، كو فیدرالی ل سەر ئاستێ عێراقێ هەموو دێنە كرن، لـەوما ڤـێ دڤـێ خالێدا ئەم هشیار بین، ئاماژە بوێ چەندێ بدەین، كو ئەڤ تحـدیث سـجل نـاخبین تەنسیقەك هـەبی دگـەڵ بەغدایێدا، ئەڤە خالآ یەكێ، یا دوێ، من یێ باشە لـەباتی تنسـیق، ئیلـزام بێـت، وتكون الجهات ذات العلاقـة ملزمة بالتعاون مع الهیئة لانجـاز هـذە المهـام، تنسـیق اختیاریـە، لێـرە لەبـەر ئـەو شـتەكە زۆر گرنگـە و زۆر مهیمـە، ڤێـت ئـەو دەوائیرێـت مـەعنی چ بـن، احسابیت هـەر چیەك بیـت مـولزەم بیـت، تەنسیقێت دگـەل هەیئەی بكات، بۆ ئەنجامدانا ڤێ كاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار دانا، كەرەمكە.

**بەڕێز دانا سعيد صوفي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستیەكەی منیش تێبینیم هەر لەسەر میكانیزمی دیاری كردنی مەسەلەی تۆماركردنی دەنگدەرانە، ئەوە با بڵێین لە پرۆژە یاساكەدا هاتووە، میكانیزمەكەی ئەوەیە دەڵێ شێوازێكی گونجاو و نوێیە، بەڕاستی شێوازێكی گەنجاو و نوێ نازانم یەعنی مانای چیە؟ یەعنی بە چ شێوازێكی نوێ و گونجاو؟ لەوانەیە ئێمە یاسایەك دەركەین دواتر هیچ شێوازێكی نوێتر نەدۆزینەوە بەڕاستی، لەوانەیە هەر شێوازە كۆنەكان بەكار بێننەوە، بەهەر حاڵ ئەوە میكانیزمێكی گونجاو نیە، میكانیزمێكی وا نیە، جا منیش پێموایە، یەعنی پێمباشە دیاری بكرێ، ئەو لایەنەی كە ئێمە تەنسیقی لەگەڵ دەكەین بۆ چ سەرچاوەیەك دەگەڕێینەوە؟ ئایا بۆ سەرژمێری عیراق دەگەڕێینەوە؟ بۆ خۆمان سەرژمێری دەكەین؟ یاخود بە تەنسیق لەگەڵ با بڵێین ئەو سجلاتەی لە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لە عیراق هەیە؟ یەعنی بەڕاستی دەبێ ئەوە دیاری بكرێ، ناتوانین ئێمە هەروەها بڵێین، ئێستا مەعلوماتی وەزارەتی بازرگانی بۆ كۆمسیۆنی باڵای عیراقی سەرچاوەیە، بۆ تۆماری دەنگدەران، بەیانی چی دەبێ؟ ئایا سەرژمێری هەیە كە ئێستا دەكرێ، ئایا تەواو دەبێ یان تەواو نابێ؟ پێموایە دەبێ ئەوە یەكلایی بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حمه سعيد حمه علي، كەرەمكە.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دووبارەكردنەوەی پشتگیریم بۆ ڕای ئەو بەڕێزانە، بەتایبەتی كاك خورشید و كاك دانا، چونكە مەسەلەی سەرژمێری مەسەلەیەكی گرنگ و هەستیارە، خۆمان دەزانین لە پارێزگاكان سەرژمێری بە تایبەتی ئەوەی موصل و بەغدا چەند ڕێژەكەی زیادی كرد؟ بۆ ئەو تەنسیق و تەعاونە لە نێوان ئێمە و لە نێوان كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان و هەردوو وەزارەتی تیجارەی ئێرە و بەغداد، ئەوە زۆر گرنگە، عیبارەتێكیش زیاد بكرێت بۆ ئەو ماددەیە (پاش گەڕانەوە بۆ نوێترین سەرژمێری دانیشتووانی هەرێمی كوردستان)، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عمر عبدالعزيز، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن وادەزانم ئـەو بڕگەیـە، جەوهـەری ئـەو بڕگەیـە بـاس لـە تۆمـارکردنی نـاوی دەنگـدەران دەکـات، بـەڵام صیاغەکە وای کردووە کە ئەصلی مەوزووع خەریکە لە بیردەچێ، (تنظیـم و تنفیـذ عملیـة تسجیل ال...)، یەعنی تۆزێك درێژە، ئـەوە تێبـینی یەکـەم، تێبـینی دووەم ئەوەیـە (وفـق صـیغ مناسـبة و حدیثـة) منـیش هاودەنگم لەگەڵ ئەو بەڕێزانە کە هیچ پێویست ناکات، قابیلـە ئێمـە صـیەغی نامونـاسـیب، یـان صـیەغی عەتیقە بە ئیصلاحی عەرەبی بێنین، حەتمەن هەر نوێترین، مۆدێرنترین صیەغ یان میکانیزم دادەنرێ بۆ ئـەو شـتانە، لەبـەر ئـەوە تەحصیل حاصـلە، پێویسـت ناکـات ببێـت، پێموایـە کەلیمـەی تـەنزیم و تـەنفیذ هەردووکیشی زیادە، کەلیمەی (عملیة) زیادە، ئەگەر لێژنەی یاسایی لێم وەرگرێ، پێمباشە بەو صیغەی لـێ بکەین، زۆر کورت و مورەکەز، (تسجیل أسماء الناخبین و تحدیث سجلاتهم)، ئەوە جەوهەری ئەو بڕگەیەیە، باسـی تەسـجیلی نـاوی دەنگـدەران و نوێکردنـەوەی سـجلاتییانە، جـارێ هـەر کەلیمـەی (سـجل النـاخبین) دووبارەیە، نایەوێ (ناخبین) دووبارە ببێتەوە، (تسجیل أسمـاء النـاخبین و تحـدیث سـجلاتهم)، بـە نیسـبەت تێبینیـەکانی تـر، بـەڕێزان وتیـان، منـیش پشـتگیرم، بـەس وابـزانم تـەعلیمات دەردەکـرێ، عادەتـەن ئـەو تەفصیلاتە دەچێتە ناو تەعلیماتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی تەنسیق، مەسەلەی هەماهەنگی لەگەڵ بەغـدا، لەگەڵ ئیحصا، یان لەگەڵ ئەو شتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە صالح، کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئاخافتنا من هاتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سالار محمود، کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە ڕاسـتیدا مـن ئیشـکالی صـیاغە کوردییەکـە لـەوە دەبینمـەوە کـە هەسـت دەکـەم تەرجەمـەکراوی بڕگـە عەرەبیەکەیە، پاش و پێش کراوە، من ڕام وایە کە بەو شێوازە ئەگەر گونجاو بـێ کوردییەکـە دابڕێژێتـەوە، پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەشێوەیەکی سەردەمییانە ڕێك دەخات، دەسـتەواژەی سـەردەمییانە بـەدیل بـێ بـۆ گونجـاو و نـوێ، کـە خۆشـمان دەزانـین هـەموو ئـەو ئـەجهیزە ئەلکترۆنیانـە دەتوانـدرێ کـاری پـێ بکـرێ، ئەوانـەش کەرەسـتەی سـەردەمین، مەسـەلەی تەنزیمەکەشـم ئیزافـە کـردووە، پێموایـە ڕێکخسـتنەکەش بەشـێك دەبێـت لـەو ئەرکانـەی کـە لـە شـێوازی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران و نوێکردنەوەیانە، دەشێ ئەو ڕێکخستنەش ببێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حاکم ڕزگار، کەرەمکە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ، ئیقتیراحەکەم بەو جۆرەی لێ دێت بەڕێز، (الإشراف علی إعداد و تنظیم و تحدیث قوائم الناخبین)، (قوائم أو سجلات الناخبین و المرشحین)، نازانم مورەشەحەکانیش پێویستیان بە ئیعدادی قەوائیم هەیە پێموابێ، بەڵام ئەوە دەخەمە قەوسێکەوە، مورەشەحەکانیش، ئایا ئەوان ناکرێ هەر خازیع بێ بۆ ئیعداد و تەنزیم کردن و ئیشراف کردن لەسەری، لەسەر مورەشەحەکانیش، هەیە؟ لە چوارەم دا هەیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە فەقەرە چوار باسی مورەشەح دەکات، ئێستا ئێمە لە فەقەرە (3)ین، دلێر محمود کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەرجەمە کوردییەی کە کراوە زۆر تەقریبەن دەبینم کەم و کووری تێدایە، هیچ شتێك ناچێتە سەر عەرەبییەکە، بەڵام هەندێ گۆڕانکاریشی تێدایە من وام پێ باشە بەو شێوەیە بێت: بە گوێرەی شێوازێکی زانستی و نوێ و باوەرپێکراو هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ئەوە وەکو ئەوە، لە هەمان کاتدا پێویستە لە کاتی تۆمارکردنی دەنگدەران و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دا ئەو دەستەیە پەیوەندی بکات بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بۆ ڕاستی و دروستی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران، لە هەمان کاتدا بۆ دەرخستنی ژمارەی تەواوی دانیشتوان و دەنگدەرانیش پێویستی بە پەیوەندی کردن و هاوکاری وەزارەتی پلاندانانی عیراق و کوردستان هەیە، کە ئێمە لە کاتێکدا دەڵێین سجلی ناخبین بەو شێوەیە تەنزیم بکرێ و جێ بەجێ بکرێ کە بە شێوازێکی گونجاو بێت، ئەو شێوازە گونجاوە شەرت نیە پشت ببەستێ بە شێوەیەکی عیلمی و بە بنەمایەکی عیلمی و باوەڕپێکراو، لەبەر ئەوەی باوەڕ پێکراوە من بە زەرووری دەزانم کە بچێتە ناو ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خلیل عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا مولاحەزەکەی من ئەو جارە مولاحەزەیەکی شکلییە، یەعنی دەبینم کەلیمەی تەنفیز و تەنزیم زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئایا ئەوە ناکرێ عیباراتی تر هێن بکرێ؟ یەعنی ئەگەر لێژنەی یاسایی صیاغەیەکی

تری بۆ بدۆزنەوە، بە تایبەتی چونکە لێکچوونێك هەیە لە بەینی ئەو پرۆژە یاسایە و لەگەڵ ئەو قانونەی کە لە عیراقدا دەرچووە، بەشێك لە شتەکان هەست دەکەم دووبارەیە، بۆیە ئەگەر صیاغەی گونجاوتر هەبوایە لەلایەن لێژنەی یاساییەوە من پێم باش بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك بەڕێزتان ئاگادارن ئەو بڕگەیە یەکێکە لەو بڕگانەی کە دەبێ زۆر بە وردی کاری لەسەر بکرێ، چونکە مەصیری عەمەلییەی ئینتیخابیەکە دەستنیشان دەکات، لەو حاڵەتەشدا دەبێ ئەو مەعلوماتانەی کە وەری دەگری، مەعلوماتێکی زۆر ورد بێت، من پێم باشە لەو بڕگەیەدا ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێت (بالتعاون و التنسیق مع الهیئات الحکومیة)، لەبەر ئەوەی ئینتیخابات ئیعتیماد دەکاتە سەر دائیرەکانی ئیحصا، دائیرەکانی تیجارە، هەروەها دائیرەکانی دەوڵەت کە موەزەفەکانی دەوڵەت هەڵدەستن چ لە دادگا، چ لە دائیرەکانی تەربیە، دائیرەکانی کە موەزەفەکانی دەوڵەتن هەڵدەستن بەو کارە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو بڕگەیە ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ وەڵامی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی/ لێژنەی یاسایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم گفتوگۆیە تێروتەسەلە دەربارەی تەسجیل و تەحدیسی سجلی ناخبین، ئەوە بەشێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئێستا ئەو هەڵبژاردنانەی کە تا ئێستا کرایە نووسینگەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عیراق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەو کارە هەستاون، کارێکی گرنگە، زۆرجاران کە هەڵبژاردن دوادەخرێ هۆی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو پرۆسەیە پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە، لە هەر هەڵبژاردنێکی نوێ سەر لە نوێ پێویستی بە نوێ کردنەوەیە ئەو سجلانە، بزانن چەند کەس مافی هەڵبژاردنی هەیە، مافی دەنگدانی هەیە، یاخود خۆپاڵاوتنی هەیە، بۆیە ئەوە گەلێك گرنگە، بەڵام ئەو وردەکارییەی بەڕێزتان باستان کرد هەمووی لە ناو ئەو یاسایە جێی نابێتەوە، ئێمە لە بڕگە (1)ی ئەو ماددەیە مافمان دا ئەو دەستەیە کەوا ئەنزیمە دەربکات، نیزامی تایبەت هەیە بە تەحدیسی سجلی ناخبین، ئەو وردەکارییانە هەموو لەوێ جێی دەبێتەوە، ناتوانین ئێمە، دوای ئەوە ئێمە مافمان دا بەو دەستەیە کەوا ئەنزیمە دەربکات، یەك لەو نیزامانە، نیزامی تەحدیسی سجلی ناخبین، ئێستا لە موفەوەزییەی عیراقیش دەریان کردییە، کاری پێ دەکرێ و پەیڕەو دەکرێ، سەبارەت بەوەی کە باس کرا وەسائیلی ئەلکترۆنی زیاد بکەین، کە دەڵێت (بموجب) یان (وفق صیغ مناسبة و حدیثة)، ئەو (حدیثة)یە

ئەو وەسائیلانە دەگرێتەوە، ئێمە وشەی ئەلکترۆنی پێویست ناکات لە هەموو شوێنێك باس بکەین، ڕاستە دەقە کوردییەکە زۆر لەگەڵ عەرەبییەکە یەك ناگرنەوە، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی تر دامانڕشتەوە دەقە کوردییەکە، کەوا ئەو شێوازە سەردەمییانە بەکار بێت لەو کاتەی ئەو دەستەیە بەو کارە هەڵدەستێ بەو قۆناغە لە هەڵبژاردن، کە پێی دەوترێ تەسجیل و تەحدیسی سجللی ناخبین، بۆیە (صیغ مناسبة و حدیثة)، (حدیثة)کە ئەو ئەلکترۆنییە دەگرێتەوە، پێویست ناکات ئەگەر وشەی ئەلکترۆنیشی تێدا نەبێت، دواتر بەڕێزێك ئاماژەی بەوە کرد کە لەوانەیە ئامێری تر پەیدا بێت، یاخود شێوازی نوێتر پەیدا بێت، بەڕێزان کە ئێمە دەڵێین (وسائل مناسبة) یان (صیغ حدیثة)، ئەگەر یاساکە لە 2011 هەڵبژاردن کرا، لەو کاتە جێ بەجێ کرا، ئەو کاتی چی سەردەمییانەیە و نوێترین شێوازە، مەفرووزە ئێمە بەو دەقە یان بەو بڕگەیە دەستەمان پابەند کرد کە ئەو شێوازە بەکاربێنێت، دواتر دوای چوار ساڵ کە هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە، دیسان لەو کاتی چ سەردەمییانەیە، چ گونجاوە، چ نوێیە، ئەو بەکاردێت، پێویست ناکات ئێمە هەموو وەسائیلەکان لێرە دانێین و زیاد بکەین، کە ئەوڕۆ ئەوە جێ بەجێ دەکرێ، پەیڕەو دەکرێ، دواتر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئامێری نوێتر پەیدا دەبێت، بۆ ئەو قۆناغە، بۆ ئەو پرۆسەیە بەکاردێت، باس لەوە کرا کە مورەشەحین زیاد بکەین، ئەوە لە بڕگەی دواتر، لە بڕگەی چوارەم باس لە مورەشەحین کراوە، لەبەر گرنگی ئەو زانیارییانەی دەربارەی مورەشەحین و کیاناتی سیاسی، ئەوە لە دوو بڕگەی جیاواز و سەربەخۆ باس کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، مولاحەزەیەکیان عامە، مەجبوورم لێرە ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە لێرە ئێمە باس لە ئەوە دەکەین کە هەیئەی عولیا ئیش و کارەکانی چیە؟ هەیئەی عولیا ئیش و کارەکانی ئەوەیە کە ئێمە ئێستا پێی دادەچین، بەڵام هەیئەی عولیا بریتی یە لە دوو دەزگا، دەزگایەکیان مەجلیسی هەیئەی پێ دەڵێن، کە دەسەڵاتەکانی جیایە، کە وەکو دانانی ڕێنماییەکانی ئەنزیمە، دەزگای دووەم ئیدارەی ئینتیخابییە، ئەویش کە تەنفیزی عەمەلییەی ئینتیخابییە، وەکو ئەوەی بڵێی ئەو تەشریع دەکات، ئەو تەنفیزی دەکات، ئەوە تەوزیحێکە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خاڵی دووەم دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، سجلی ناخبین ئیعتیماد دەکاتە سەر ئیحصائیات، ئێمە ئیحصائیاتمان نیە ئێستا، ئیشاڵڵا ئیحصا دەکرێت لە مانگی داهاتوو، بە نیسبەت ئیحصا دەسەڵاتێکی حەصری ئیتیحادییە، سجلی ناخبین یەك سجلی ناخبینە، چ بە نیسبەت عیراق بێت، چ بە نیسبەت ئێرە بێت، ئەوان بە نیسبەت ئینتیخاباتی ئیتیحادی تەنفیزی دەکەن، بە نیسبەت ئەو سجلی ناخبینە، ئێمەش بە نیسبەت ئیتیحاداتی محەلی خۆمان تەنفیزی

دەكەین، كەواتە تەنسیقیش هەیە بەینی هەردوولا، بڕگەیەكی تایبەتیمان دایە، ئیمكان هەیە ئیعتیماد بكرێتە سەر ئەو بابەتانە بۆ تەنسیق بە نیسبەت سجلی ناخبین كە زۆر لەسەری قسە كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر/ لیژنەی ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گشت ئەو تێبینیانەی خوشك و برا پەرلەمانتارەكان باسیان كرد، بە تایبەت ئەوەی كاك ئاسۆ و ئامینە خانیش، ئێمەش هاوڕابووین، بەڵام دەچێتە بابی تەعلیماتەوە، بۆیە لێرەدا هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، كە ماددەكە وەكو خۆی بێت، تەنها هەماهەنگی زیاد بكرێت، بەڵام ئەگەر لێرەش لە خاڵەكانی تر باس كرابێت، دەتوانین ئەوەش نەكرێت، هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە بۆ دەنگدان، نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكا بۆ كاك شێروان، ئەگەر دەسەلاّتا حەسریە، ئەو سجلێت ناخبین ئەو بن ئەوێت كۆمسیۆنا یا بالاّیا عیراقێ، دێ چۆن ئەم دێن نی كرنێ و تەنزیم كرنەكا دی نی بكەین؟ ئەڤە یا وازحە ، ئەڤ خالاّ بێژی نی كرنێ، ئو تەنزیم كرنا سەرێ، یەعنی نوی كرناو چێ كرنا وێیە، ئەگەر دەسەلاّتا حەسریا كو دێ چەوا جارەكادی وی مافی دا ڤێ كۆمسیۆنێ كو شولێ بكاتەڤە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چ كۆمسیۆنی عیراقی بێت، چ كۆمسیۆنی هەرێمی كوردستان بێت، ناوەكان لە دائیرەی ئەحوالی مەدەنی وەردەگرێ، كەواتە سجلی ناخیبەكان لەوێ هەمووی هەیە، كێ 18 ساڵی تەواو كردووە، كێ تەواوی نەكردووە، داوای لێ دەكەن، ئەوانەی 18 ساڵیان تەواو كردووە ناوەكانیان بێتە لایان، بۆ ئەوەی تەحدیدی ناخبین بكرێت، ئەوە مەوزووعێكە پەیوەندی بە ئەحوال مەدەنی هەیە، پەیوەندی بە ئیحصاوە هەیە، بەڵام لەوانەیە ئنتیخاباتێك بۆ ئینتیخاباتێكی تر فەرق دەكات، ئەوە پێی دەڵێن (تحدیث سجل الناخبین)، بۆ ئەوەی ژمارەكانیان زیاد دەكات، ئەوانەی كە 18 ساڵیان تەواو كردووە، تەحدیسەكە مەسەلە ئەوەیە، ئەوەی تر سجللی ناخبین پەیوەندی بە ئەحوال مەدەنی هەیە، ئەحوال مەدەنیش بە ئیحصا دەكرێت، ئیحصایەكەش لە زیمنی دەسەڵاتی حەصریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە لیژنەی یاسایی تا بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3-ادارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم وذلك بالتعاون مع الجهات المعنية.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە عەرەبیەکەیە دەیکەمە کوردی.

3- بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە بەو صیاغەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ فەقەرەی سێ پەسند کرا، بۆ فەقەرەی چوار کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تنظيم و تنفيذ عملية تسجيل و تصديق الكيانات السياسية و الإئتلافات و التصديق على قوائم المرشحين.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4- ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی پرۆسەی تۆمارکردن و پەسندکردنی قەوارەی سیاسی و کۆبەندەکان و لیستی پاڵێوراوان و کاندیدەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کردووە کە ئیعادەی صیاغەی ماددەکە بکرێتەوە، وشەی (تصديق) ئیزافە بکرێت، دوای وشەی (تسجيل)، ئێمەش بەڕاستی زۆربەی ئەو مەعلوماتەمان وەرگرتووە لەو بەڕێزانەی کە

شارەزاییان هەیە لە مەسەلەی کۆمسیۆن لە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوان وتیان پێمان باشە ئەوە ئیزافە بکرێت، بۆ ئیش و کاری ئێمە ئاسانکاری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (4) هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە پشتگیری لە ڕایەکەی لێژنەی یاسایی دەکەین، بۆ زیادکردنی وشەی (تصدیق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن، عمر عبدالعزیز، د. أحمد إبراهیم، ئارام قادر، هاژە سلیمان، تارا ئەسعەدی، شلێر محمد، شوان کریم، عمر نورەدینی، عمر عبدالرحمن، شونم محمد، حاکم ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بڕگەی پێشوومان گۆڕی، کەلیمەی تەنفیز و تەنزیمەکەمان لابرد، کردمانە (إدارة)، کەلیمەی ئیدارەمان لە جێی دانا، لەبەر ئەوە نەوەکو بەسەریدا تێپەڕین، لێرە پێم باشە ، کەلیمەی تەنفیز و تەنزیم و عەمەلیە هەمووی لابەین، هەر یەکسەر بڵێین (تسجیل الکیانات السیاسیة)، چونکە ئەمە باس لە تەسجیلە، ئیتر ئەگەر قەرارە باسی کەلیمەی عامەش لێرە بێ، پێم باشە بیکەینە (إدارة عملیة تسجیل الکیانات السیاسیة)، وەکو بڕگەی پێشوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پشتگیری لەو ڕایە دەکەم بەڕاستی، تەنزیم کە لەو سێیەم خاڵەدا دووبارە بۆتەوە، بەڕای من ئیدارەکە بەسە، چونکە ئەگەر لێرە تەسجیلی کیاناتی سیاسیە، هەڵبەتە فەرقی هەیە لەگەڵ تەسجیلی ناخبین، تەسجیلی ناخبین ئیحتیمال ئەرکی زیاترە، تەنزیمی دەوێ، ڕێکخستنی دەوێ، بەڵام تەسجیلی کیاناتی سیاسی ئەوەندە زەحمەتەی ناوێ، یەعنی ئەوەندە موعەقەد و ئاڵۆز نییە، بۆیە تەنها ئیدارەکردن بەسە بەڕای من، (إدارة تسجیل الکیانات السیاسیة و التصدیق علی قوائم المرشحین)، کافیە لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز أيوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پرسیارێکم لە لێژنەی یاسایی هەیە، ئەویش ئەو برگەی چوار، لەگەڵ زیادکردنی وشەی پەسندکردن، لە ماددەی (5) لە برگەی (2) و (3) دووبارە بۆتەوە، تێکەڵاوییەك هەیە لێرە، ئەگەر دایبنێین بە ئەرك، لەولاوە ئێمە جارێکی تر دووبارەمان کردووە کە صەڵاحیەتە، ئایا کامیان شوێنێکی گونجاوە؟ لێرە وەکو ئەرك دابندرێ؟ یاخود لە ماددەی (5) کە بریتی یە لە صەڵاحیەتی ئەو هەیئەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە کۆتایی برگەکە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، بە پێی قانونی ئەحزاب، ژمارە (17)ی ساڵی 1993، کە ئێستا لە کوردستان کاری پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا حسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروای بە باش دەزانم، هاوڕام لەگەڵ هاوکارەکانم کە پێشتریش باس کرا، کە (إدارة تسجيل الكيانات والأحزاب السياسية و الإئتلافات و التصديق على قوائم المرشحين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە دەڵێ (الكيانات السياسية و الإئتلافات)، ئەگەر (الشخصيات المستقلة) زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی دوایی موشکیلە دروست نابێ، چونکە جارێ ئێمە لە ئینتیخاباتدا بینیمان، (وتصديق على قوائم المرشحين) بەسە ئەو جوملەیە بە نیسبەت، پرسیارەکەم لە لیژنەی یاساییە ئەو مەوزوعی نەزاهەت یان

دوای ئەوە (اجتثاث)ی بەعس و ئەو شتانە دوایی لە ئەنزیمە و شتەکانیان دەردەچێت، یەعنی بۆ ئەو مورەشەحانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەوەی شلێرخان گوتی منیش هەمان ڕام هەبوو کە ئەشخاس زیاد بکرێت، کە بە پێی یاسای هەڵبژاردن تاکە کەسیش مافی ئەوەی هەیە خۆی بپاڵێوێ مەرج نیە کیانات و ئیئتلافات بێت بە تەنها بەشداری هەڵبژاردن بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمرحمد امین خدر ( نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی دەکرێت کە لەناو پڕۆژەی یاساکەدا چەندین جار زاراوەو چەمکی قەوارەی سیاسی دووبارە بۆوەتەوە، بەڕەئی من پێویست بە ناساندن دەکات، واتە تەعریفێك هەبێت بۆ ئەوەی کە قەوارەی سیاسی یان کیانی سیاسی چیە؟ خاڵی دووەم/ ئەوەیە کە چەند پرسیارێك دێتە ئاراوە سەبارەت بەو موستەڵەحە و بەو چەمکە، ئایا تەنها بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن سیفەتی بە سیاسی بوون، یان قەوارەی سیاسی بوون دەبەخشێ بە لایەنەکان یان نا؟، یان تەنها سیاسی بوون کورت دەکرێتەوە، بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن؟، بە ڕەئی من نەخێر، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لەوێدا کیانی سیاسی یان قەوارەی سیاسی بگۆڕێت بۆ قەوارەی ئینتیخابی، قەوارەی هەڵبژاردن، چونکە کە دەڵێین کیانی سیاسی یان قەوارەی سیاسی، زیاتر دەبێت ڕەبتی بکەینەوە بە لایەنە یاساییەکەی، واتە ئەو حیزبە سیاسی و پارتە سیاسی و کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە بە گوێرەی یاسای پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە سیاسیەکان، ئەوان مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە، پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش ئەوان بەردەوام دەبن لەچالاکی سیاسی، بەلاّم کە دەگوترێ قەوارەی هەڵبژاردن، تەنها بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات، مەرج نیە پێش بەشداری کردن لە هەڵبژاردن ئەو کیانی سیاسی بووبێت، مەرج نیە دوای بەشداری کردن لە هەڵبژاردنیش وەکو کیانی سیاسی درێژەی بوونی خۆی بدات و بمێنێتەوە، لەلایەکی تر دەبینین ئەوانەی کە بەشداری دەکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردن، مەرج نیە بە گوێرەی یاسای پارتە سیاسیەکان ئەوانە قەوارەی سیاسی بن، لەوانەیە ئەوانە ئەشخاصی تەبیعی بن، بەلاّم کە دەگوترێ کیانی سیاسی هەردوو لای بەیەکەوە کۆ دەبێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و بە پێویستی دەزانم کە ئەمە واتە چەمکی قەوارەی سیاسی بگۆڕێت بە قەوارەی هەڵبژاردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە بە تەئكید لێرە (تنظیم و تنفیذ، عمل تسجیل وتصدیق الكیانات السیاسیة والائتلافات و قوائم المرشحین) دێتە كایەوە، بە تەئكید لێرە لیژنەی یاسایی دەستیان خۆش بێت لێرە لە كاتی خۆیدا دوای كەلیمەی تەسجیل، تصدیقی هێناوە، چونكە ئەوە بە تەئكید لە صولبی ئیشی ئەو مفەوەزییە كە هەڵبستێت بە ڕێكخستنی وە تەسجیل كردنی ئەم كیانات و ئەحزاب و ئەو ئیئتیلافاتانە، وەهەروەها قائیمەی مورەشەحین، لەبەر ئەوە صولبی ئیشەكەی خۆیەتی كە بمێنێتەوە بە تەنفیذ، بة تنظیم و تنفیذ عملیة تسجیل وتصدیق الكیانات السیاسیة والائتلافات وقوائم المرشحین، بە واتا وەك تەصدیقەكەی ئەو سەریشی لەسەرلا ببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم محمد فەرمووو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم لەلایەن كاك عمر كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حاكم رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگارمحمدامین حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ مامۆستا عمر نورەدینی، لەگەڵ شلێرخان، لەسەر مەسەلەی داخل كردنی ئەشخاس، وە تەعریف كردنی كیاناتی سیاسی لە دوای كیاناتی سیاسیش ئیئتیلافات هاتووە، ئیئتیلافاتەكە مەبەستی چیە؟، موجەرەد ئیئتیلافات، ئیئتیلافات چۆن؟، دوای ئەم جیهەتانە ئەم هەیئەتە، ئەمە ئیجازە ئەدات بەو هەیئەتانە بۆ ئەوەی داخلی ئیینتیخاباتەكە ببن، یان خۆیان لە شوێنێكی تر ئەو هەقەیان پێ دراوە و دێن ئەم تەنزیمی دەكات، ئەو تەسجیلی دەكات، ئەمە مەسەلەیەكی موهیمە، ئەمان هەقی ئیجازەیان هەیە؟، ئەگەر ئەم ئیجازەی نەداتێ ئیتر مەحروم ئەبێت لە ئینتیخاباتەكە یان نا؟، ئەم نوقتەیە زۆر گرنگە كە پێویستە زیاتر لەسەری بوەستین، بەرەئی من ئەبێت ئەو دوو، سێ شتە وازح بێت، ڕەنگە ئەگەر بڵێی تنظیم، كەلیمەی تەنفیذیش نازانم لەوێ بۆ چیە، دووبارە ئەبێتەوە، پێموایە ئەو كەلیمەی تەنفیذ مەبەست چیە؟، تنفیذ عەمەلیەی تەسجیل، كە تۆ تەنفیذیەكەی، یەعنی جێبەجێی دەكەی، جیهەتێكی تر

ئەمرت بەسەرا ناكات، بۆ خۆت بەو كارە هەڵدەستیت، كە ئەوەی تەنفیذ دائیمەن جیهەتێكی تر هەیە ئەمر بەسەر تۆ دەكات جێبەجێی دەكەی، كە بەو كارە هەڵدەستیت، ئەڵێ تتولی مایلی، تەنفیذەكە بەرەئی من لە شەوێنی خۆی نیە، دوایی ئەگەر بڵێیت تنظیم عملیە تسجیل الاشخاص او الجهە التی لها حق مشاركە الانتخابات، ئەگەر وامان گوت، بحق لها حق المشاركە، لە شوێنێكی تر ئەو حەقەی وەرگرتووە، یان ئەم ئەو حەقە ئەدات، حەزەكەم ئەوە ڕوون بێتەوە، من تۆزێك غموز هەیە لەلام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ وەڵامی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر لە تێبینیەكان تایبەت بوو بە وشەی ڕێكخستن، جێبەجێ كردن بگۆڕدرێت بۆ وشەی بەڕێوەبردن، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی پێشوو ماددەكەمان بەو شێوەیە داڕشتەوە كرا بە بەڕێوەبردن، بەڵام ئایا لێرە كە باس لە تۆماركردنی قەوارە سیاسیەكان دەكەین و پەسەند كردنیان، لێرە بەڕێوەبردنەكە، هەمان شوێنی ڕێكخستن و جێبەجێ كردنەكە دەگرێتەوە یان نا؟، باس لەوە كرا كە بە پێی وشەی قانونی ئەحزاب بڕگەیەك زیاد بكرێت لە كۆتایی ئەو بڕگەیە، قانونی ئەحزاب زیاد بكرێت، بەڕێزان قانونی ئەحزاب، باس لە ئەحزاب دەكات، نەوەك كیاناتی سیاسی، وە لەوانەیە هەندێك قەوارەی سیاسی بەشداری بكەن لە هەڵبژاردن، تۆمار نەكراون لە حزب، مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، یان خۆیان نەیان ویستووە كە ببنە حزب، وەكە پێناسەی حزب كراوە هەموو حزبێك كیانی سیاسیە، بەڵام هەموو كیانی سیاسی، قەوارەی سیاسی، حزب نیە، بۆیە ئەگەر بڵێین بە پێی قانونی ئەحزاب ئەو بڕگەیە زیاد بكەین، ئەوە دەكات ڕێگربووی لە بەر دەم بەشداری كردنی قەوارە سیاسیەكان لە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنها ڕێگەتدا بە حزبەكان، باس لە مەرجەكان كرا، كێ خۆی هەیە؟، كێ مافی هەیە؟، بەشداری بكات، یان تۆمار بكات، یان داوا پێشكەش ئەو دەستەیە بكات، لایەنەكی تر هەیە ئەو دەستە تەحدید دەكات، بەڕیزان هیچ لایەنەك نیە، تەنها یاسا هەیە، ئێمە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانمان هەیە، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانمان هەیە، كەلەو دوو یاسایە مەرجەكانمان داناوە، بۆ ئەو كەسانەی مافی ئەوەیان هەیە بۆ تەرشیح كردن، بۆ دەنگدان، ئەوە تەنها ئەو دەستەیە میكانیزمەكەو شتە تەكنیكیەكەو ئەو لایەنە دەكاتن، تەفاصیلەكانی تر و وردەكاریەكانی تر ئەوە قانونی ئینتیخابیە، هەر لایەنێكی ترئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو بۆ نموونە، پەرلەمانی كوردستان، دەبێت ئەنزیمەكان دەربكات، بە پێی قانونی ئینتیخابی پەرلەمانی كوردستان، هەروەك لە بڕگە یەكی ئەو ماددەیە دەنگمان بۆی داوە، وفق القوانین المرعیە فی اقلیم كوردستان، ئەگەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بوو، دەبێت ئەنزیمەكانی دەربكاتن، بە پێی قانونی ئینتیخابی، مجلس محافەزات ئەوە تەحدید دەكات كە بەچ شێوەیەك تۆماركردنی ئەو قەوارە سیاسیانە و ئەو لایەنانە دەبیتن كە دەتوانن و مافیان هەیە، بەشداری بكەن لە هەڵبژاردن، بۆیە

مەرجەکانی مورەشەحین باس ناکرێت، یاسای تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەوەندەم لای خۆم تۆمار کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە بڕگەی 4 وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنها ئەو پێشنیازەی بەڕێز کاك عمر نورەدینی پشتگیری لێ دەکەین، کە لە جیاتی قەوارەی سیاسی بنووسرێ قەوارەی هەڵبژاردن، وە دەکرێت لەناو کەوانەیەکیش تەعریفی ئەوە بکرێت، چونکە قەوارەی هەڵبژاردن شەرت نیە بەس حزب و کۆمەڵە بێت، بەڵکو لە شەخسیاتیش قەوائم تەقدیم دەکەن، بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن، لە دوای قەوارەی هەڵبژاردن کەوانەیەك بکرێتەوە، قەوسێك بکرێتەوە جا چ شەخسیات یان کۆمەڵە یان حزب بێتن، بۆ ئەوەی تەعریفەکەی شامل بێت، موهیم ئەوەیە شەخسیاتیش بگرێتەوە، تەنها حزب نەگرێتەوە، یان تەنها قەوارەیەکی سیاسی نەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، پێشنیار دەکەین صیاغەکە بەو شێوەیە بێت، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵیان کرد، ( تسجیل الکیانات السیاسیە والائتلافات والتصدیق علی قوائم المرشحین).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە مێژە کاتی دانانی قانونی عیراقیش ئێمە ڕەئیەکی تایبەتمان هەبوو، کو کەلیمەی کیانی سیاسی لەسەر ئەو قەوائیمانە تەتبیق نابێت، حزب کیان سیاسیە، تەنزیمەکە بەردەوام دەبێت، پێش هەڵبژاردن و

پاش هەڵبژاردن، بەڵام چوار برادەران، پێنج لە برادەران خۆ ڕێك دێخن، قائیمەیەك دروست دەكەن، پاش هەڵبژاردن یەكەك بەسەر دەكەوت، چواری تر دەچنەماڵی خۆیان، دوورنیە هەر عیلاقاتیشیان تێك بچێت و لە یەكتری عاجز بن، چونكو دەرنەچوون، لەبەر ئەوە كەلیمەی كیان سیاسی لەسەر ئەو قەوائیمانە، بەڕەئی من شتێكی غەڵەتە، من لەگەڵ رەئی كاك عمرم، چونكو بەردەوام نابێت، دوو: كیان سیاسی حزبە، ئەو مفەوەزیە، ئەو هەیئەیە هەق نیە ئیجازە بە كیان سیاسی بدات، كیانی سیاسی خازعی قانونی جەمعیات و ئەحزابە، ئەوانە ئیجازەی پێ دەدەن، ئەوە وەك ئیجازەی لێدێت، باشە ئەگەر هاتو ئەو كیانی سیاسیە یەك دەرچوو، بەڵام تەنزیم بەردەوام بوو، تێك نەچوو مابەینیان، ئێ ئەوە دەبێتە تەنزیمێكی سیاسی كە ئیجازەی نیە، لەبەر ئەوە كەلیمەی كیانی سیاسی من ئیشم پێی نیە كو لە بەغدا ئەوە بەكار دێنێت، خۆ شەرت نیە هەموو شتیكی بەغدا ڕاست بێت، بەرەئی من یان ببێتە قائیمەی ئینتیخابی، دوور نیە باشتر بێت، شاملی هەموویانە، هەتا شاملی ئەحزابیشە، قائیمەی ئینتیخابی حزب پێشكێشی دەكات، تەصدیق دەكرێت، شاملی ئەحزابیشە و شاملی غەیری ئەحزابیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیاری كاك فرست سكرتێری پەرلەمان دەخوێنمەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵیان كرد، دەنگی پێ دەدەین،( تسجيل القوائم الانتخابيه والائتلافات وتصديقها).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ خاڵی پێنج كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

5 - تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل مراقبي الانتخابات و المنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم: ڕێكخستن وجێبەجێ كردنی پرۆسەی تۆماركردنی چاودێرانی هەڵبژاردنی ڕێكخراوەكان و میدیاكانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رەئیتان لەسەری كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەو فەقەرەیەمان کردووەو هیچ ملاحەزەیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموون.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی بڕگەکەین، کەلە ئەصڵی پڕۆژەکەدا هاتووە، هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو خاڵە قسە بکات، سۆزان خان لەوێوە ناوت، ، ئەو بەڕێزانەی ویستوویانە قسە بکەن، سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، خلیل عثمان، جلال علی، تارا ئەسعدی، حاکم رزگار، ناسك تۆفیق، محمد شارەزووری، سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تنظیم وتنفیذ عملیة تسجیل مراقبی الانتخابات والمنظمات والاعلامین الدولیة والمحلیة، من لێرە عملییەی تسجیل جارێکی تر ئەکەوینەوە ئەوەی کە ئەمانە، مەسەلەن مونەزەمەیەك چۆن ئەچێت ناوی خۆی تسجیل دەکات، بەڵکو دەبێت ئەمان تەنزیمی ئەوە بکەن، ئەو تەنفیذەو جارێکی تر و تەسجیلەکە لابرێت، هەر بڵێ تنظیم عملیة اشراف مراقبی الانتخابات من المنظمات والاعلامیین، ئەوە بەسە، بەو شێوەیەی لێ بێت، یەعنی پێویست ناکات، چونکە تسجیل، خۆی منظمة مسجلة، تەسجیل کراوە، ئەمان بەس هەرئەوەندە ئەچن ئەیانەوێت بڵێن ئێمە لەگەڵتان هاوبەشەبین لە موراقەبە کردنی ئەم پرۆسەیە، یاخود کۆمەڵێك مونەزەمات هەیە، ئیشیان بەس ئەوەیە کە موراقەبەی ئیشرافی ئینتیخابات دەکەن، ئەمە خاڵی یەکەم، من پێش ئەم خاڵە پێشنیارێکمان هەیە، کەوا تنظیم عملیة کەمپەینی هەڵبژاردنەکان، ڕێکخستنی پرۆسەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئەویش دەکەوێتە زمنی ئیختیساسی ئەوانەوە، چونکە دەبێت کۆمەڵێك تەعلیمات دەربکەن لەسەر ئەوەی، کەی دەست پێ دەکات؟، کەی دەوەستێت؟، چۆن ڕێك دەخرێت؟، لەکاتی تەجاوزاتا، ئەمەش ئەبێت بکرێت بەخاڵێك ئیزا فە بکرێت، لە بەینی خاڵی چوار و پێنجا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ سۆزان خان، لەگەڵ ڕەئی سۆزان خان، کە وا وشەی تنفیذ لێرە هەڵبگیرێت، چونکە پێویست ناکات، کەتۆ تەواو تنظیمت کردو تسجیلت کرد، موراقبینەکان تەنفیذ کردنی چیە یەعنی؟، ئەو

وشەیە لێرە وابزانم جێگای خۆی نیـە، وەهـەروەها مـن لەگـەڵ ئـەوەم کـەوا مـوراقبی ئینتیخابـات، کیانـاتی سیاسـیی و مونـەزەماتی موجتەمـەعی مـەدەنی و مونـەزەماتی دەولـیش دەگرێتـەوە، وابـزانم کەلیمـەی مونەزەماتیش لێرەدا ئەگەر لابرێ، چونکە بوونی و نەبوونی هەروەکو یەك ئەبێت، لەگەڵ ئـەوەم منـیش، پشتگیری رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، کەوا حەملەی ئینتیخابات یاخود حەملەی ئیعلامی ئینتیخابات تـەنزیم بکرێـت، لێـرەدا نـاوی بهێنرێـت و تـەنزیم کردنەکـەی دیـاری بکرێـت و بکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەم دەستەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەلال علی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕەئی مـن ئـەو تنظیم تسجیل مراقبی الانتخابات والمنظمات ذوی العلاقة، یان بڵێی المنظمات المدنیـة والمهنیة ذوی العلاقة، چونکە لـە کوردسـتانا، لـە هـەرێمی کوردسـتانا بەسـەدان ڕێکخـراو هەیـە، ئەگـەر ذوی العلاقة نەبێت چۆن تەسجیلی ئەکەی، ئەو مەسـەلەی ئـەو اعلامـین الـدولین والمحلین، ئـەوەش قەواعدیـەن وابزانم ڕێك نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەڤین خان و سـۆزان خـان، زۆر شـت بەڕاسـتی لێـرەدا لـەو عەمەلییـەی هەڵبژاردنـەدا پێویستمان بەروون کردنەوەو بە دانانی ئەو پرۆسەیە بە پێی ئەو تەعلیماتەی کە لەگـەڵ ئـەم هەرێمـەمان دەگـونجێ، لەگـەڵ مـەعایری دوەلی ڕێـك بکـەوێت، هـەمووی بـە شـێوەیەك دەبێـت بکرێـت، ئـەو کەمپینـە ڕێکخستنەی کە بۆ هەڵبژاردنەکە، تاکو بتـوانین بـە ڕێکـی ئـەو شـتانەی کـە تۆزێـك نامۆیـە ئێسـتاش لـەناو مێشکی زۆرێـك لـە ئەندامەکانمانـدا، هـەمووی بـە ڕێـك و پێکـی بکرێـت بـە پێـی ئـەوەی کـە دادەنرێـت، وە ئیدارەی تەسجیل کردنەکە هی ئینتیخابات وابزانم خۆی هەر مونەزەماتە کە ئەبێت، ئەگـەر داش نـەنرێت مونەزەماتەکە، ئیعلامیەکان لە ڕووی دوەلیەوە وە محەلیەوە دابنرێت کافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە خاڵی پێنجەم مورەشەحی ئەوێت، باس لە پرۆسەی تۆمار كردنی چاودێرانی هەڵبژاردن دەكات، بەلاّم لێرە كە دەخوێنیتەوە وا هەست دەكەی دەڵێت، تۆمار كردنی چاودێرانی هەڵبژاردن و ڕێكخراوەكان، ڕێكخراوەكان تەسجیلیان ناوێت، بۆیە ئەبێت بڵێین، ڕێكخستن و تۆماركردنی چاودێرانی هەڵبژاردن لە نوێنەری قەوارە سیاسیەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاكارانی نێودەوڵەتی وناوخۆیی، یەعنی ئەو واوە زیادە، وای كردووە ئەڵێین، تۆ لێرە باس لە تەسجیلی ڕێكخراوەكان دەكەی، نەوەك ئەوان ئەوان وەكو چاودێر وابن، بۆیە ئەگەر بكرێت بڵێین چاودێرانی هەڵبژاردن لە نوێنەری قەوارە سیاسیەكان و ڕێكخراوەكان و میدیاكارانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حاكم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە من پێمومایە تەنزیمی ئیجرائاتی موشارەكەكە بكات ئەم، یەعنی ئیجرائاتی موشارەكە كردنەكە، ئەوان هەقیان هەیە، مونەزەماتی دولی بە پێی مەعایری مونەزەماتی دەولی ئیعلامیەكان موراقیبەكان، مورەشەحەكان موراقبی خۆیان هەیە، كیانەكان موراقبی خۆیان هەیە، بەلاّم ئەم تەنزیمی ئیجرائاتی ئەو موشارەكەیە دەكات، لەسەر صعیدی داخلی و صعیدی دولی، ئینجا ئەگەر بەو جۆرە صیاغە بكرێتەوە، تنظیم اجراءات مشاركة المراقبين والاعلامين على الصعيدين الدولي والداخلي في العملية الانتخابية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێمومایە خاڵی پێنج بكرێت بە دوو بڕگەوە، تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل مراقبي الانتخابات والمنظمات والاعلامين الدولية والمحلية وممثلين عن الكيانات والائتلافات، چونكە ئەو ئیئتلافات و كیاناتیش مومەسلیان هەیە لەوێ، كە موافەقەتی لەسەر بكات، خاڵی دوو، تنظيم عملية الحملات الانتخابية والقيام بمراقبتها، سوپاس.

**بیەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، دەربارەی موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دکتۆر ئەم خاڵە زیاتر دەلالەتە بۆ زیاتر شەفافیەت دان بە عەمەلیەی ئینتیخابات لە هەردوو مەراحلی دەنگدان و فەرز کردن، بۆیە وەکو برادەران باسیان کرد، لێرە ناوی وکلای قوائم نەهاتووە ئیزافە بکرێت، وە مونەزەماتیش لێرە، مونەزەمات تەعریف بکرێت، یەعنی ئەگەر بڵێی بەس مونەزەمات، مونەزەماتی (رابیش) هەیە، وەمن پێموایە بکرێت بە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، دەتوانی بڵێی وضع قواعد واجرائات والمشاركة وكلاء القوائم ومراقبى الانتخايبات ومنظمات المجتمع المدني والاعلاميين الدولية والمحلية في متابعة عمليات الاقتراع والفرز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، دەربارەی موداخەلەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەو بڕگەیە ئەوەیە کە ئەو نەزاهەتە و حیادیەو شەفافیەتەی باسی دەکەین، بتوانین لە ڕێگەی بەشداری کردن یاخود چاودێری کردنی ئەو لایەنانەی کە لەو بڕگەیەدا هاتووە، ئێمە بتوانین بە دەستی بێنین، کە باس دەکەین ئینتیخاباتەکە پێویستە نەزیهبێ، حیادیەت لەبەرچاو بگیرێت، ئەوە لە حاڵەتی بەشداری کردنی ئەو لایەنانە، ئێمە دەتوانین ئەو شتە مسۆگەر بکەین، بەلأم هەندێك شت هەیە، مەبەستەکە تەحقیق بێت، ئەو مەبەستەکان هەیە ئێمە لەو بڕگەیە، بەلأم ئەگەر پێشنیارەك هاتووە وشەی داخل اقلیم و خارج اقلیم بەکار بێت، لەباتی وشەی دەولی و مەحەلی، یان تەعریفی مونەزەمات بکرێت، بەڕێزان ئەوا جێی نیە ئەو ماددەیە، ئێمە باسی قانونەکە دەکەین، قانونەکە چەندین بنچینەی گشتی لە خۆدەگرێ، بۆئەوەی ئەو مەبەستەی کە ئێستا باسم کرد، لەسەرەتا ئەوە تەحقیق بکات، ئەوجا بەچ شێوەیەك بە چ صیاغەتەك ئەو کێشەمان نیە، بەلأم هەندێك شت هەیە لێرە جێی نابێتەوە، چونکە ئەنزیمە دواتر دەردێت، هەروەکو لە تێبینی بڕگەکەی تر باسم کرد، ئەنزیمە دەردەچێت باس لە وردەکاریەکان دەکات، بەلأم ئایا لە بەشداری کردن چ لایەنێك هەیە لەبیر کرابێت، کەلەو پرۆسەیە تاوەکو ئەو شەفافیەتەو ئەو حیادیە تەحقیق بکرێت، سۆزان خان پێشنیارەکی هەبوو، کەوا ئیستیعانە بە چەند لایەنێکی تر بکرێت، ئەوە ماددەیەکی سەربەخۆ هەیە لە پڕۆژە هاتووە، ماددەی 11، لە ئەصلی ئەو پڕۆژەیە کە باس دەکرێت، ئیستیعانە بە خوبەرا، على الهيئة الاستعانة بخبراء دولين في مجال الانتخابات في جميع المراحل، مەراحلەکانی باس کردووە، مراحل اعداد وتحضير واجراء الانتخابات والاستفتاء، بناغەکانیشی باس کردووە، ئەوە ماددەیەکی سەربەخۆیە باس کراوە، ماددەکی سەربەخۆ بێت باشترە لەوەی کە بەبڕگەیەك بچووکی بکەینەوە، لێرە بە بڕگەیەك باسی بکەین، دەنا پێشنیارەکەت لە جێگای خۆیەتی و شتێکی باشە، بەلأم وشەی تنفیذ هەڵبگیرێت، یا هەڵبگیرێت، لاریمان نیە، بەلأم چ لایەنێك لەبیر

کراوە بەشداری بکەن لەوە، ئەوە مەبەستە لێرە زیاد بکرێت یان نا، بەچ شێوەیەك بە چ صیاغەتێك ئێمە کێشەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کۆی تێبینی و پێشنیاری بەڕێزان، ئێمەش گەیشتینە ئەو رایەی کە لە کۆتایی تەنیا ئەوە لەبیر کراوە، نوێنەرانی قەوارەکانی هەڵبژاردن، بابڵێین ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی پرۆسەی تۆمارکردنی چاودێرانی هەڵبژاردن و نوێنەرانی قەوارەکانی هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکان و میدیاکاران، نوێنەرانی قەوارەکانی هەڵبژاردن لە بیر کراوە، پێشنیار دەکەین کە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزدەکەم ملاحەزەیەکم هەیە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە، بەپێی زانیاری من هەتاوەکو ئێستا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق 25 نیزام دەرچووە، ئەو 25 نیزامە هەموو تەفسیرە بۆ ئەو ماددانەی کە لە قانونەکە هاتووە، یەعنی مەخسەدم لەو قسەیە ئەوەیە مەرج نیە ئێمە زۆر تەفصیلاتی لێرە بدەینێ، چونکە ئەکیدەن دەبێت، ئەو نیزامانە هەموو لەلایەن دەستە دەربچێت، وە هەموو ئەو تەفسیراتانەی بداتێ کە لە بڕگەکانی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەمە تەنها بۆ تەوزیح بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5 - تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل مراقبي الانتخابات و المنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە، کەرەمکە

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە صیاغەکەی بەم شێوەیە هەڵەیە، چونکە ئەگەر بڵێن، تنظیم وتنفیذ عملیة تسجیل مراقبي الانتخابات و المنظمات والاعلامیین الدولیة والمحلیة، بۆ منظماتەکە ئەگەڕێتەوە یان بۆ مراقبي، ئەگەر مراقبی جمعة، ناکرێت دولي والمحلی بۆ بەکار بهێنین، وابزانم لێرەدا مەبەستی لە بڕگەکە ئەوەیە، چاودێرانی هەڵبژاردن لە منظمات و الاعلامیة، یەعنی ئەگەر وابێت باشترە، مراقبی للانتخابات من المنظمات والاعلامین داخل الاقلیم وخارجە، پێموایە باشترە و ڕێك ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە بڕگەی پێشوو تردا کە دەنگیشی هێنا، کیانی سیاسی نەمابوو، بە قوائمی انتخابی، پێویستە ئەو نوێنەرە لێرە بکرێتە قوائمی انتخابی، باس بکرێت تیایە، سوپاس، لەبەر ئەوەی کیان نەماوە تیایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو صیاغەی دەیخوێنمەوە، پێشنیارە، ئەگەر ئەندامان قبوڵیان کرد دەیخەینە دەنگدانەوە،(تنظیم عملیة تسجیل مراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلامیین الدولیة والمحلیة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێین( تسجیل مراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلامیین) ئەی کیاناتەکەی تر هی سیاسی هی ئینتیخابی، ئەبێ ئەوانیش نوێنەریان هەبێت لە هەڵبژاردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كياناتی سياسيش حەقی ئەوەيان هەيە چاودێری خۆيان دابنێن، ئەوە شتێكی ئاساييە، بەڵام ئەوە هەموو ناوەكان وەكو ئيشارەتمان پێدا ناكرێت لێرە ناويان بێت، بەڵام چاودێر بەسيفەتێكی عام دەگرێتەوە، نوێنەری كيانە سياسيەكانيش بە سيفەتی چاودێر لەوێ دەمێننەوە، بۆيە غەيری كيانيش دەگرێتەوە وەكو ڕێكخراوەكان، ئيعلام هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان، نوقتەی نيزامی هەيە، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەڵێم مادام هەمووی دەگرێتەوە، بۆ هەر نەنووسين پرۆسەی تۆمار كردنی چاودێرانی هەڵبـژاردن، بۆ ئەوەی ناو نەهێنين، ئەگەر قەرارە با ئەوەش بگرێتەوە، چونكە چاودێرانی هەڵبـژاردن يان ئەبێ بيڵێيت ڕێكخراوكان و نوێنەرانی قەوائيمی هەڵبژاردن، يان هەر بەكورتی كۆتايی پێ بهێنين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەندەی ئاگادار بم ئەرك و ماڧ چاودێر، لەگەڵ نوێنەری قەوارەی هەڵبژاردن جياوازە، بۆيە پێويست دەكات ناوی هەردووكيان بهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر عبدالعزيز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم فەقەرەيە تەحديدەن تەسميە كراوە، لە ماددەی پێنج فەقەرەی (4)ئەوەی تێدايە، (اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء الكيانات السياسية والاعلاميين) ئيتر ئايا لێرەدا دووبارەی دەكەينەوە يان پێويست ناكات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دائیمەن ئەوانەی كە چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەكان دەكەن، بەشێكن لەوانە ڕێكخراوەكان، لەوانەی كە لەدەرەوە دێن، ئیتر مەرج نیە ئەوانەی كە لەدەرەوە دێن هەر ئیعلامیی بن، هەیە شەخصیاتی سیاسی دێت بۆ چاودێری هەڵبژاردنەكە، ئەمانە بە دەعوەت دێن، ئەم كۆمیسیۆنە ئەم شتانە ڕێك دەخەن، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەو قائیمەی هەڵبژاردنەو ئەو خەڵكانەی كە خۆیان هەڵبژاردووە ئەویش مافی هەیە كە یەكێك دابنێت وەكو نوێنەری خۆی ئەویش هەر بۆ چاودێری كردنی ئەو پرۆسەیە، كەواتە ئێمە ئێستا ئەوان لابەرین لە مەوزوعەكەدا بڵێین ئەوان جارێكی تر بە نزوم و ئەو شتانە ئەمانە ڕێك بخەنەوە، لێرەدا كەلییەك دەبێت لەناو پرۆژەكەدا، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی یەكسەر بە كورت كراوەیی بیبڕینەوە و بڵێین(تنظیم عملیة تسجیل مراقبي الانتخابات) ئیتر (مراقبي الانتخابات) ئەوانە هەمووی ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك محمد شارەزووری، فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە چەند ئەندامێك پێشنیاری ئەوەمان كرد ( وتنظیم عملیة الحملات الانتخابیة والقیام بمراقبتها)چونكە لەم یاسایەدا تەنزیمی بانگەشەی هەڵبژاردن نەكراوە، حەقی هەیە لەم خاڵەدا باسی ئەوە بكرێت(وتنظیم عملیة الحملات الانتخابیة والقیام بمراقبتها) زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شۆڕش، فەرموو.**

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر بەو صیاغەی لیژنەی یاسایی بێت دەبێ دووبارە صیاغە بكرێتەوە، چونكە بە كەلیمەی (من) ئەوە ئەو موراقەبەیە حەصر دەكات لەچەند شتێك، كە دەڵێت(تنظیم عملیة تسجیل مراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلامیین الدولیة والمحلیة)واتە لێرەدا حەصری كرد تەنها مونەزەمات و ئیعلامی دەولی دەگرێتەوە، كەواتە نوێنەری كیاناتی تێدا نیە، بۆیە یان دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، یان (من) لابەرن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان ئەوەی خۆتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی نوێمان هەیە بەو شێوەیەیە کە دەیخوێنمەوە(تنظيم عملية تسجيل مراقبي الانتخابات من ممثلي القوائم الانتخابية والمنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخر صياغە دەخوێنێتەوە بەدەنگێکی بەرز پاشان دەیخەینە دەنگەوە، کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5- تنظيم عملية تسجيل مراقبي الانتخابات من ممثلي القوائم الانتخابية والمنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عومەر هەورامی نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە صیفەتی چاودێری بدەین بە نوێنەری قەوارەی هەڵبژاردن، ئەو کاتە لە نوێنەرایەتی کردنی قەوارەکەی خۆی صیفەتەکەی لێ دەسەنینەوە، چاودێر کە دەچێتە ناو عەمەلییەی هەڵبژاردن بەس تەنها چاودێری دەکات، بەڵام نوێنەری کیانی سیاسی یان قەوارەی هەڵبژاردن بەشداری دەکات لەسەیر کردنی عەمەلییەی هەڵبژاردنەکە، واتە ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە، ئەگەر لە مەرکەزێك بزاندرێت کەموکوڕی هەیە لە بەڕێوە چوونی ئیدارەی هەڵبژاردنەکە، ئەو کاتە نوێنەری کیانە سیاسیەکە یان حزبە سیاسیەکە، دەچێتە لای مودیری مەرکەزەکە و دەڵێت لە فلان وێستگە کێشە هەیە، دەبێ چارەسەری بکەیت، بەڵام ئەم حەقە هەیە بۆ نوێنەری کیانی سیاسی یان حزبی سیاسی، بەڵام چاودێر تەنها دەنووسێت، هیچ بەشدارییەك ناکات لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی عەمەلییەی هەڵبژاردنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد لە سێ کەس ئەو پێشنیارەیان کردو لیژنەی ناوخۆش پێشتگیرییان کرد، کە( تسجيل مندوبي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات .... الخ)ئیتر بەوە موشکیلەکە حەل دەبێت، ئەو قسەی کاک عومەر هەورامیش زۆر دەقیقە، چونکە موراقیب و مەندووب فەرقیان هەیە، بەو شێوە دابڕێژرێت حەل دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا صیغەکەی لیژنەی ناوخۆ دەدەینە دەنگدان، کاك حمە سەعید ڕاست دەکات، چەند کەسێك پشتیوانی لێ کرد، فەرموو

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین صیغەی کۆتایی وای لێبکرێت،( تنظیم وتسجیل عملیة ممثلي الكيانات ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلاميين الدولية) چونکە دەسەڵاتی موراقیب جیایە لە دەسەڵاتی نوێنەری کیاناتی سیاسی، هی کیانات دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە کە تەداخول بکات و شکات بکات، بەڵام موراقیب تەنها مولاحەزاتی خۆی تەسجیل دەکات، بۆیە دەبێت لێرەدا جیا بکرێتەوە، بکرێت بە ( ممثلي الكيانات) ئەوی تر( مراقبي الانتخابات)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کیاناتی سیاسی بەدوو شێوە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن بەنیسبەت نوێنەرکانیان، یەکیکیان: بە صیفەی چاودێر ئەوی تریان بە صیفەی نوێنەر بەشداری دەکات، ئەوی کە نوێنەرە بەشدارە لە عەمەلیەتەکە، ئەوی کە چاودێرە بەشداری ناکات، لەدوورەوەیە، تەنها مولاحەزات لەسەر ئەدائی ئەوانە دەدات کە لەناو هەڵبژاردنەکەدان، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە (مراقبی الانتخابات) کە هاتووە، چاودێری کیاناتی سیاسیش دەگرێتەوە، هی هەموو لایەك دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە حزبەکانەوە هەبێت لەناو هەڵبژاردنەکەدا ئەوە ئیمکان هەیە بە ماددەیەکی سەربەخۆ ئێمە عیلاجی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر بچینەوە بۆ فەقەرەی یەکەم ئەوەی تێدایە، ئێمە خۆمان زۆر ماندوو کرد بەو فەقەرەیەوە، فەقەرەی یەکەمی ماددەکە دەڵێت( وضع الاسس والقواعد المعتمدة) ئەوانە هەمووی ناگرێتەوە، ئیتر بۆ ئێمە بچینە ناو تەفاصیلەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومـراقبي الانتخابـات مـن المنظمـات والاعلامـيين الدولية والمحلية وغيرهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ دواجار بیخوێننەوە پاشان دەیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومـراقبي الانتخابـات مـن المنظمـات والاعلامـيين الدولية والمحلية وغيرهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایـە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟، بـەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ خاڵی شەشەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

البت في الشكاوي و الطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابيـة و الاسـتفتاءات وتكون قراراتها خاضـعة للطعـن امام الهيئة القضائية الخاصة في محكمة تمييز اقليم كوردستان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- یەکلاکردنەوەی سکاڵا و تانەکانی کە پەیوەندییان بە پرۆسـەکانی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیەکانەوە هەیـە، بڕیارەکانیش قابیلی تانە لێدانن لە بەردەم دادگای تەمییزی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنــەی یاسـایی بـەم شـێوەیە ئیعـادەی صـیاغەی بڕگـەی (6) بکرێتــەوە بـەم شـێوەی خـوارەوە کـە دەیخوێنمەوە:

( 6- البت في الشكاوي و الطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابية و الاستفتاءات و تكون قراراتها خاضعة للطعن امام الهيئة القضائية الخاصة في محكمـة تمييـز اقلـيم كوردسـتان – العـراق ). کەواتـە دوو گۆڕانکـاری بەسەردا هاتووە یەکـەم: (هيئـة قضـائي)ەکـە زیـاد کـراوە، دووەمـیش( والاسـتفتاءات) زیـاد کـراوە، ئـەو دوو مولاحەزەمان هەبوو کە لە ئیعادەی صیاغە ڕەچاومان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە بڕگەی(6) لەماددەی سێ بەم شێوەی لێ بکرێت(یەکلاکردنەوەی سکالاو تانە لێدانەکانی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەنجام بدرێت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەی ناوخۆ ئیشارەتی پێدا، ئێمە موعالەجەمان بۆ دۆزیوەتەوە، ڕێگای تانەلێدان سەقفی زەمەنیمان بۆ داناوە، لە کۆتایی یاساکەدا، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا داخڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەری لە ئەخیرەوە ناوتان دەنووسم فەرموون، ئەم بەڕێزانە داوایان کردووە کە قسە بکەن،( قادر حسن، عبدالسلام بەرواری، سۆزان شهاب، ئارام قادر،حاکم ڕزگار)، کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك لەم ماددەیە زیاد بکرێت کە بانگەشەی هەڵبژاردن ڕێك بخات، کە هیچ ئاماژەی پێ نەکراوە بۆ ڕێکخستنی بانگەشەی هەڵبژاردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم، ئەگەر بڕگەکان بخوێنینەوە لە (2 تا 6) تەسەلسولی زەمەنی پرۆژەکەی تێدایە، لێرەدا تێك چووە، ئەگەر تەماشای (9) بکەین فەرزە، (8) ئیعلانی نەتائیجە، ئینجا (6)( البت في الشكاوي)ە ، من وەکو پێشنیارێك بۆ لیژنەی یاسایی ئیعادەی تەسەلسولەکە بکەنەوە تا شتەکە مەنتقی بێت، ئەگەر وەربگیرێت ئێستا بێ ئەوە من مولاحەزەم لەسەر (9) هەیە، چونکە ئەو کاتە ئەبێت بە (6)ئەگینا تەئجیلی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (البت في الشكاوي و الطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابية) (البت) تەنها لەشتێکە کە بۆ مەحاکم دەگەڕێتەوە، مەحاکم بەت ئەکات لە شتێکداو بڕیاری نیهائی دەدات، ئەوان تەنها سەیری شەکاویەکان دەکەن، کە شەکواکە چووە بەردەمیان ئەوەی کە صالحە و وای پێ دەوترێت، و شەکوایەکی تەواوە، ئەوە تەسنیفی دەکەن، ئەوەشی کە دەڵێن شەکوای صالح نیە، ناچێتە چوارچێوەی شەکواوە لای دەبەن، لەکۆتایدا ئەوان بەرزی دەکەنەوە بۆ مەحکەمەکەو مەجرای یاسایی خۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەوە (البت) ئەبێت بکرێت بە (النظر) وە کاك قادر حسن، جارێکی تر باسی ئەو ماددەیەی کرد کە ئیقتراحم کردووە ئیزافە بکرێت، هەمووومان لەسەر ئەوە موتەفقین کە حەملاتی هەڵبژاردنیش دەبێت تەنزیم بکرێت، لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، مەوعیدەکەی و شێوازی هەڵواسینی پۆستەرەکان و هەموو شتێك دەبێت تێیدا دیاری بکەن، ئەوان ئەبێ ئەمە بکەن، بە نیزام دەبێ دەری بکەن، ئەبێت شوێنەکان و شارەکان و شارەوانیەکان دەبێ ئیلتیزامی پێوە بکەن، ئەگەر ئەوان ئەوە نەکەن ئەوە دەبێتە فەوزا، بۆیە جارێکی تر باسی دەکەمەوە، ( تنظيم الحملات الدعائية)ئەویش دەبێت بەماددەیەکی جیا بخرێتە ناو یاساکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، سەبارەت بەدانانی ماوە بۆ ئەو سکاڵایانەی کە پێشکەش بە ئەنجومەنەکە دەکرێن، چونکە ئەو دەستەیەی کە دانراوە، لە بڕگەی(4 و 5و 6) لە ماددەی نۆدا باس لە تەعنی ئەو بڕیارانە دەکرێت کە لەلایەن دەستەی دادوەرییەکەوە دەکرێت، یاخود لە مەحکەمەی تەمییز، بەڵام ئەو بڕیارانەی کە دەستەکە دەریدەکات، هیچ ماوەیەکی بۆ دەستنیشان نەکراوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی کە ماوەیەك دیاری بکرێت کە سێ ڕۆژە، ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە سکاڵاکان دەردەچێت، پێویستە ماوەیەکی بۆ دەستنیشان بکرێت، چونکە پاشان دەچێتە ئەو مەجلسی دادوەرییەی کە دادەندرێت، هەروەها پاشتر دەچێتە مەحکەمەی تەمییز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حاکم ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەخیردا فەصڵێکمان هەیە (الشكاوي الانتخابیة) لەوێ تەعن و شەکواکان باس دەکرێت، لە فەقەرەی پێنج لە ماددەی پێنج هەر باس کراوە، نازانم من وای دەبینم لەبەر ئەوەی فەصڵێکی تایبەتمان هەیە بە شکاوی ئیتر بۆ لێرە دایبنێین، با لەوی بە تەفصیل باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا وەڵامتان بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سۆزان خان، باسی حەمەلاتی هەڵبژاردنی کرد، لەگەڵ کاک قادر حسن، ئەگەر تەقریرەکەی ئێمە دواین بڕگە سەیر بکەین، بڕگەیەکمان ئیزافە کردووە، بەناوی (تنظيم عملية الحملات الانتخابية و القيام بمراقبتها) ئەوە ئاخر فەقەرەیە لە تەقریری ئێمە، کە پێشنیارمان کردووە ئێزافەی ئەم بڕگەیە بکرێت، ئەمە یەك، دوو: ئەم مەبدەئەی کە هاتووەو دەسەڵاتی داوە بەم دەزگایە بۆ ئەوەی بەت لە تانەکان بکات، ئەمە مەبدەئێکی عامە هاتووە، بەڵام ئەو مودە زەمەنیانەی یان ئەو سەقفە زەمەنیانەی کە تێیدا هەیە، بەماددەی جیا جیا هاتووە، لەناو پڕۆژەکەشدا هەیە، ئێمەش پێشنیارمان کردووە کە سەقفی زەمەنی دابندرێت، ئەگەر موئەخیرەی ڕاپۆرتەکە تەماشا بکەن، هەموو ئەو سەقفە زەمەنیەی تێدایە، ئەوەش پەیوەندی بە بابی شەکاوییەوە هەیە، هەروەکو حاکم ڕزگار وتی لەوێ ئێمە ئەوەمان داڕشتۆتەوە، سەقفی زەمەنیمان داناوە، قەراراتی ئەو دەستە خاصەی کە لە تەمییزە ئیعتیبار دەکرێت بە بات، هیچ تەعنێکی تری لێنادرێت، بۆیە ئەو دوو نوقتەیە ئیسارە کراو وەڵاممان دایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردن و باس نەکردنی لەوێ پێمان وایە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییدا لەشوێنێکدا دەستنیشان کراوە، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بکرێتەوە، لەوی تریشدا پشتگیری لە پێشنیازەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام وتی ڕەنگە لەجێگای خۆی بێت بە نیسبەت تەسەلسولی فەقەرات، بەڵام ئیمکان هەیە، ئەگەر دەنگی لەسەر درا، جەنابی سکرتێری پەرلەمان تەنزیمی فەقەرەکان بکاتەوە، وابزانم هیچ لەمەوزوعەکە ناگۆڕێت، تەنها تەسەلسولێکی مەنتقیە بۆ ڕێکوپێك کردنی ئەگەر بیدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارەکەتان بخوێننەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئیعادەی تەسەلسولی فەقەرات بکرێت، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- البت في الشكاوي و الطعون ذات العلاقة بالعمليات الانتخابية و الاستفتاءات و تكون قراراتها خاضعة للطعن امام الهيئة القضائية الخاصة في محكمة تمييز اقليم كوردستان – العراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، لەگەڵ ئیعادەی تەسەلسولەکەی لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە، کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی حەوتەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

7- اعلان النتائج النهائية للانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیعادەی صیاغەی بڕگەی حەوتمان بەم شێوە کردۆتەوە(7- اعلان النتائج الاولية للانتخابات و الاستفتاءات في غضون يومين و النتائج النهائية في غضون سبعة ايام ). لێرە تەنها باسی نەتائیجی نیهائی دەکات، ئێمە پێمان باش بوو نەتائیجی ئەوەلیش باس بکەین، ئیستیفتائاتیش ئیزافە بکەین وهەفتەیەکیش دابنێین بۆ ئەوەی نەتائیجی نیهائی ئیعلان بکات ئەو دەستەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێت لەسەر ئەو فەقەرەیە قسە بکات دەستی بڵند بکات تا ناوەکان بنووسم، با ئێستا لیژنەی ناوخۆ قسە بکات پاشان ناوەکان دەنووسم، فەرموو.**

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ڕای لیژنەکەمان ئەنجامە بەراییەکان لەماوەی دوو ڕۆژ ئەنجامی کۆتایی کۆتاییەکانیش کە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانیش بۆ ماوەی 7 ڕۆژ ڕابگەیەنێت لە دوای پەسەند کردنی لەلایەن دادگای تەمیزەوە، جگە لە هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکانی حکومەتی فیدراڵ، تەنها ئەو تێبینیەمان هەبوو.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغەتان بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بەڕێزان قسە بکەن،. کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**7-اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات في غضون يومين والنتائج النهائية في غضون 7 أيام.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن با ناویان بنووسین، عمر عبالعزیز، هاژە سلیمان، عبدالسلام بەرواری، تارا، عماد محمد، شەونم محمد، کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت بڕگەی 7 دوو تێبینیم هەیە، یەکەم/ پشتگیری لە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ تەحدید کردنی کات کە گرنگە، دووەم/ من ئەشکالێکی یاسایی دەبینم من وا دەزانم لە بڕگەی 7ی ماددەی 93 ی دەستووری عیراقی حەسری موسادەقە لەسەر ئیعلانی نەتائیجی ئینتخاباتی کردووە بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی عولیا، ئایا ئەمە چۆن لێرە چارەسەر دەکرێت، جگە لەوە کە لە مەجلسی مفەوەزیەی عولیاش لە عیراق ئەوە هیچ متمانە جوابی ئەوەیە کە تەنسیق دەکەین و ئەولەویەت بە هی خۆمان دەدەین، بەس لەگەڵ ماددەی 93ی دەستووری عیراقی کە دەڵێت ئیعلانی نەتائیج و موسادەقە لەسەر نەتائیجی نیهائی حەسرە لە مەحکەمەی ئیتیحادی دا، چۆن لەگەڵ ئەوە یەك دەگرێتەوە؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**هاژە خان فەرموو.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی منیش پشتگیری لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم بەوەی کە وەخت دابندرێت بۆ ئیعلانکردنی نەتائیجی ئینتخابات دوای پەسەند کردنی لەلایەن دادگای تەمیزەوە، یەعنی بەوەی کە ئەو**

دوو بڕگەیە دابندرێت نەتائیجی بەرایی لە ماوەی 2 ڕۆژ و ئەوەی کۆتاییش لەماوەی 7 ڕۆژ دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشکراوان، یەکەم/ ئەنجامە بەراییەکان شتێکی (فضفاض)ە نازانین چیە؟ ڕێژەی دەنگدەرانی فەرز کراون، تەوەقوعاتە تاوەکو من بزانم ئەوە کە ئیعلان بکرێن، تۆزێ ئەوەی تێدا، دووەم/ ئەوەی کاری کردبێت لەو پرۆسانە وە تۆزێك معامەلەی لەگەڵ داتا کردبێت، دەزانێ ئێمە ناتوانین لە یاسایەك تەحدید بکەین دوو ڕۆژ بۆ ئەنجامە بەراییەکان، کە نازانین بەرایی یەعنی چی؟ وە حەوت بۆ نیهائی، ئەوە ڕەنگە بە پێی هەلومەرج و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بابەتی داتا وات لێ بکات کە لە ئەوروپا بەراییەکان پاش نیو سەعات، یەعنی سەعات کە 6 قەپات دەبیت سندوق، نیو سەعات دواتر نەتائیجی بەرایی دەردەچێت کە زائید، ناقس دوو یان سێ جیاوازیە لە نیهائیەکان، بۆیە ڕۆژێك دێت ئێمە لە کوردستان ڕەنگە شەبەکەی مواسەلاتی ئێمە وای لێ بێت توانای ئەوەی نەبێت نەتائیجی نیهائی بە دوو ڕۆژ ئیعلان بکەین، من لەگەڵ ئەوەمە بۆ ئەوەی نەچینە ئەشکالیاتی ئەوەی کە کاك عمریش باسی کرد، بە ڕەئی من ئیعلانی نەتائیجی ئینتخابات کافیە، چونکە (المصداقة علی الطعون) هەمووی مەوزوعێکی ترە، کاك شێروان مولاحەزەیەکی زۆر جوانی وت ماددەی 1 کە سەلاحیاتی دەداتێ ئەنزمە دەربکات، ئەم شتانە و چۆنیەتی ئیعلانی نەتائیج بە نیزامێك دەردەچێت، بەس من دژی ئەوەمە ئێمە دوو ڕۆژ و حەوت ڕۆژ دابنێین بێ ئەوەی خۆمان کە ئێستا دەیزانین، مومکین نیە لەڕووی لۆجستیەوە و لەڕووی داتاو ئیدخال، بۆیە ماددەکە هیچ ئەوەی نابێت، لەسەرەتاوە ئێمە ماددەیەك دابنێین تەنفیز ناکرێت، ڕەنگە لە سبەینێ ئێمە توانای ئەوەمان نەبێت سەریع تریش ئیعلانی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەبیعی تەئیدی ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەس یەك ئیزافەم هەیە کە لە خاڵی 7 (والاحتفاظ بالاوراق الانتخابیة لمدة لاتقل عن 6 اشهر)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بۆ ئەم ماددەیە، بەم شێوەیە سیاغە بکرێت، (اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات فی غضون 3 أيام والنتائج النهائية فی غضون 15 يوما بعد المصادقة عليها من الجهات القضائية المختصة)، چونکە ماوەی 7 ڕۆژ کەمە بۆ یەکلاکردنەوەی تعونەکان، دیسان نەتائیجی نهائی نابێت یەعنی ئیعلان بکرێت، دەبێت، تەسدیق بکرێت، دوایی ئیعلان بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای هاوڕێکانم دەکەم لەم بڕگەیە، پێم باشە ئەم بڕگەیە وای لێ بکرێت کە نەتائیجی ئەوەلی لەڕۆژێکەوە بۆ سێ ڕۆژ بێت، چونکە هەندێ مولاحەزات باسکرا کە ئەوە کاتەکە و جۆری عەمەلیەی ئینتخابیەکە تەحدیدی ئەوە دەکات لەچەند ڕۆژ دەربچێنێت نەتائیجە ئەوەلیەکان، ڕۆژێ بۆ سێ ڕۆژ بۆ ئەوەلیەکە بێت، ئەوەی تریش بۆ حەوت ڕۆژ بێت، هەمان مولاحەزەم هەیە کە کاك عمادیش باسی کرد کە ئیزافە بکرێت (اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل الجهات القضائية المختصة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ وەڵامدانەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بەڕێزەی ئاماژەی بە ماددەیەکی دەستووری عیراقی کرد کەوا تەعاروزێك لەوانەیە هەبێت، ڕاستە ئەو ماددە هەیە، بەڵام ئەو ماددە باسی پەسەند کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکات، (المصادقه على نتائج انتخابات مجلس النواب)، بۆیە هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە، تایبەتە بە هەڵبژاردنێکی خۆیان، تایبەتە بە ئەنجومەنی نوێنەران، سەبارەت بە ماوە کە ئایا دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ بێت و یان پێنج ڕۆژ بێت؟، کە دەڵێین لە ماوەی 2 ڕۆژ مانای ئەوە نییە وەکو ئەوەی کاك عبدالسلام ئاماژەی پێی کرد ئەگەر ئەنجامەکان لەلایەن دەستە ڕوون بوو هەمووی تەواو بوو مانای ئەوە نیە دەستە چاوەڕێ دەکات، دوو ڕۆژەکە تەواو بێت ئەوجا نەتائیجەکان ئیعلان بکات، لەوانەیە هەر کە تەواو بوو پێش ئەو دوو ڕۆژەش لەماوەی نیو سەعات خۆزگە بەو شێوەیە با و بەو جۆرە ئەنجامەکان بەزووترین کات بڵاوبکرابایەوە، ئەوە هەر کاتێك کە تەواو بوو دەتوانێ ئیعلان بکات، بەڵام لە دوو ڕۆژ تەجاوز نەکات ئەوە حەدە ئەعلایەکە ئێمە دیاریمان کردووە، بۆیە هیچ ڕێگریەك نیە لەبەردەم ئەو

حاڵەتەی کە کاك عبدالسلام ئاماژەی پێی کرد، لەوانەیە نیو سەعاتی یەکەم دوای هەڵبژاردن ئەنجامەکان ئیعلان بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئایا ماوە دیاری بکرێت یان دیاری نەکرێت؟ ئەگەر ماوەکەش دیاری نەکرێت هیچ لاریمان نیە، بڕیار بڕیاری بەڕێزتانە کە ئایا تەنها بڕگەکە بەو شێوەیە بێت (اعلان النتائج الاولية والنهائية للانتخابات والاستفتاء) پێویست بە مودە نەکات و مودەش باس نەکرێت، با ئێمە دەستەکە تەحدید نەکەین، تەقیدی نەکەین و نەی بەستینەوە بە ماوەیەکی دیاری کراو، بەڵام خۆی هەر کە ئەرکەکانی تەواو بوون و ئەنجامەکانی تەواو بوون بڵاوی بکاتەوەو خەڵك ئاگادار بکاتەوە، نەتائیجی ئەوەلی و نهائی عادەتەن نەتائیجی نهائی ئەوەیە کە دوای ماوەی ئیعتراز و ئەو شتانە پێی دەگوترێت نەتائیجی نهائی، ئەوەلیەکەش ئەنجامی سەرەتاییە کە هێشتا لەوانەیە لایەنێك هەبێت و قەوارەیەك هەبێت و لیستێك هەبێت شکات بکات و تانە لە ئەنجامەکان بگریت، بۆیە پێی دەگوترێت نەتائیجی ئەوەلی و نەتائیجی نهائی کە دوای تەعن یەکلا دەکرێتەوە، ئەگەر پێتان باش بوو ماوەکە لابدەین ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لاریمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد کە ئەو مودانە زیاد بکرێت چ بە نیسبەت نەتائیجی ئەوەلی و چ بە نیسبەت نەتائیجی نهائی، هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان پێیان وابوو کە نەمێنێت، لێرەدا ڕەنگە پێویست بە تەسویتی پەرلەمان بکات، بەڵام ڕەئیکی تریش هەیە ئەگەر پێتان باشە ئێمە بە نیسبەت نەتائیجی نهائی ڕەبتی بکەین بە موسادەقەی هەیئاتی قەزائی کەنگی موسادەقە کرا، پێویستە فەوری ئیعلان بکرێت، ئەوە لەلایەك، بە نیسبەت نەتائیجی ئەوەلیش ئیمکان هەیە بە نیزام تەنزیمی بکەن بۆ خۆیان، ئەو ڕەئیەش هەیە، ئینجا ئەوە پێویست بەوە دەکات کە ئەندامانی پەرلەمان سورەتێکی وازحیان هەبێت بۆ ئەوەی بە تەسویت ئەوە حەسم بکەین یان پێشتر ئیتفاقی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی پرۆژەکە ماوە باس نەکراوە و مودە نەهاتووە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە بۆیە ئەگەر بدرێتە دەنگدان، دەبێ پێشنیارەکە بدرێتە دەنگدان، ئایا دوو ڕۆژەکە و پێنج ڕۆژەکە زیادبکرێت یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرە یەك پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەو پێشنیارەی ئێوە لەسەر ئەساسی ئەوەیە كە پاش ئەوەی كە دانیشتوون لەگەڵ خوبەرای ئینتخابات و هەیئاتی ئینتخابات لەلای خۆمان یان وا هەروا هاتووە؟ ئەگەر ئێوە لە ئەنجامی دانیشتنەكانتان و ئەوان تێیان گەیاندوون كە ماوە دابندرێت باشە دوو بۆ حەوت بۆ ئەوەی ئیلزامی ئەوان بكەین، ئەوە ئێمە ئێستا لێرە بەبێ ئەساس ناتوانین لای ببەین، ئەگەر دانانی ئێوە لەسەر ئەساسێك نیە و هەروا حەزتان كردووە هەیئەكە ئیلزام بكەن بە دەكردنی بڵێین نەتائیج، ئەوا ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین ئیلزامیان بكەن بۆ ئەوەی تەئخیری نەكەن، چاوەڕێ نەكەین مانگێك و دوو مانگ، ئێمە بڵێین لەماوەی دوو ڕۆژ و حەوت ڕۆژەكە ئەگەر دوو ڕۆژەكەش دانەنرێت موشكیلە نیە، بەڵام هی نهائی دەبێت دابندرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەك زەمانی ئەوە بكەن كە دەست و بردی تیا بكرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە بێ بنەما ئەو ماوەیەمان دانەنا، دوای ئەوەی دانیشتن لەگەڵ پسپۆڕان و ئەو لایەنانەی كەوا بەو كارە هەڵدەستن كە خاوەن شارەزا و پسپۆڕن كە ئەو ماوەیە دابنێین و پابەندیان بكەین كەوا نەتوانن لەو ماوەیە تەجاوز بكەن، بەڵام ڕێگر نیە لەبەردەم ئەوەی كەوا لە ماوەیەكی كەمتر، لە دوو ڕۆژەكە كەمتر بەچەند سەعاتێك نەتیجەكان ئیعلان بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ كەرەمكەن، كاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایش كە ماوەكەی دیاری كردووە لەسەر ئەو ئەساسە بووە تاخیر بوونی ڕاگەیاندنی ئەنجامی كۆتایی یان بەرایی ئەسڵەن لە ئەساس دا پرسیار دەخاتە سەر پرۆسەكە و گومان دەخاتە سەر پرۆسەكە، وەك بینیمان هەم لە عیراق و هەم لەوڵاتانی دەرەوەش كە ئەنجامەكان ڕادەگەیەندرێت گومان دەخرێتە سەر پاكی پرۆسەكە، بۆیە تەحدید كردنیان بە ماوە كارێكی باشە، ئەوەی یەكەم بۆ بەراییەكە دەكرێت

بڵێین لەڕۆژێك تا سێ ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەوەی تریشیان دوای موسادەقە کردنی هەیئاتی قەزائی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە دوو نەوع ئینتخاباتمان هەیە بەشێکیان مفەوەزیە پێی موختەسە، جەنابی کاك عمریش پێم وابێ ئیشارەتی بەوە دا، ئەم ئیعلانە بەشێکی عیلاقەی بە ئێرە نیە، یەعنی ناتوانێ ئەم چۆن ئیعلانێك بکات لەکاتێك بەغدا پێی مەعنیە پێی، مەعلومیشە ئیعلانەکە بە موسادەقەی هینەوە کە عیلاقەی بە غەیری ئەو ئینتخاباتانەی لای خۆمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەغدا مەعنی نیە پێی، ئەوە بۆ کۆمسیۆن و بۆ هەیئەی هەرێمی کوردستانە کە 100٪ موستەقلە و خۆی قەرار دەدات، بەغدا علاقەی پێی نیە، بۆ مەجلسی نواب ئێمە نایکەین، بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مە گۆتی 10 ڕۆژ ئان 15 ڕۆژ، مەحکەما تەمیزێ موسادەقە نەکات، قیمەتی ئەو تەحدیدە چیە؟ لبەر ئەوە مە با رەبت بکەین بە تەسدیقی مەحکەمە، کەنگی مەحکەمە تەسدیقی کرد ئەو کاتە ئیعلانی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و هەم لە لیژنەی ناوخۆش هاتووە، دوای تەسدیقی دادگای تەمیز ئەو کاتە بە هەفتەیەك زیاتر نەبێت ئیعلانی نەتائیج بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

7-اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات فى غضون يومين، والنتائج النهائية فى غضون 7 ايام بعد المصادقة عليها من الجهات القضائية المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شكلەی كە خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 1 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ خاڵی 8 كەرەمكەن، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

8-المساعدة فى بناء الثقة فى العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستانى وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

8-یارمەتی دان بۆ دروست كردنی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن لەلای تێكڕای ناوەندەكانی كۆمەڵگای كوردستان و بەهێزكردنی كلتوری هەڵبژاردن لەڕێی درێژە دان بە پەیوەندی بە پارت و قەوارەی سیاسی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و بنیادنانی تواناكانی و پەرەپێدانی شارەزایی ئەندامانی لەڕووی هونەری و تەكنیكەوە، لەڕێی هەماهەنگی كردن لەگەڵ لیژنەكانی ڕاوێژی پارتەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەین كە ئیعادەی سیاغە بكرێتەوە، وە ئیختساری ئەو برگەیە بكرێ بەو شێوەیەی كە دەیخوێنمەوە ئێستا:

8-المساعدة فى بناء الثقة فى العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستانى وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پێشنیازەکەی لیژنەی یاساییین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە نیسبەت خاڵی 8، کەس هەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی کە داوای قسەکردنیان کردووە، عمر عبدالعزیز، امینە ذکری، حاکم رزگار، عبدالسلام بەرواری، فاضل بەشارەتی، د.احمد، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەرچەندە لیژنەی یاسایی سیاغەی کردووەتەوە، بەڵام دەمەوێ ئەوە عەرز بکەم ئەم بڕگەیە زۆر درێژە، هێشتا ئەوەی بەڕێزانی لیژنەش هەر درێژە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بکرێت مبەرری ئەوەش بگۆڕدرێت ئەوەیە کە سەرەتا مەهیممەکە باس بکرێت ئەوجا هەدەفەکە باس بکرێت، لێرە باسی مەهامەکە ئەوەیە کە تەعزیزی سیقە بکرێت، یەعنی یان تەنسیق بکرێت لەگەڵ ئەترافی مەعنی پێویست (المساعدة فی بناء الثقة فی العملیة) ئەوە بخەینە پێشەوە، پێشنیار دەکەم ئەسڵی ئیشەکە و مەهامەکە بنووسرێت بەم شێوەیە (التنسیق مع الاحزاب والکیانات السیاسیة والمنظمات الاهلیة) ئەمە ئیشەکەیە، یەعنی ئەمە مەهامەکەیە، ئامانجەکەشی ئەوەیە کە بڵێین (لتطویر الثقافة الانتخابیة وبناء الثقة فی العملیة الانتخابیة) ئەگەر پێیان باش بێت لیژنەی یاسایی لەمەش کورت تر ئەو دەستەواژەی خۆیان (التنسیق مع شرکاء العملیة الانتخابیة لتطویر الثقافة الانتخابیة)، پێویست ناکات زۆر درێژە، ئامانجەکەش بۆ دوو، سێ کەلیمەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم بڕگا 8 پتر بڕگەکا نیزامیا، پێویستی هندێ ناکات ببیتە بڕگەیەکا یاسایی، لبەر هەندێ ژی ئەز پتر دبینم بچیتە پەیڕەوی ناوخۆیی دا، یەعنی د نیزامی دا بێتە بەحس کرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم فەقەرەیەوە بە بۆچوونی من جێگەی نیە لەم ماددەیە، لەڕاستی دا نازانم ئایا ئەو نوسخەی کە لەلای منە فەسڵەکانی باس نەکردووە، چونکە لە فەسڵی 4 ەوە هەیە، بەڵام فەسڵی 1 و 2 و 3 و 4 تیانیە لای من نازانم، ئەمە مەفروزە ببێت بە (اسس القانون)، لە دوای ماددەی 1 ەوە ببێت بە ئوسوسی قانونەکە، چونکە ئەمە ئەساسی ئەم هەیئەتە ئەوەیە کە موساعەدە بکرێت لە عەمەلیەی سیقە و لە عەمەلیەی ئینتخابی و ئەوە نەك بە فەقەرەیەك مەهام نیە لە (تتولی الهیئە ما یلی)، ئەمە دەبێتە ئوسوسی قانونەکە و بە فەسڵێك لە فەسڵەکانی ئەگەر تەوزیع کراوە، چونکە لەڕاستی دا من وەك عەرزم کردن فەسڵی 4 دەست پێ دەکات و هەیە، بەس فەسڵی یەك و دوو و سێ نابینم لە قانونەکە، ئەمە ببێتە فەسڵێك و ببێتە ئوسوسی قانونەکە لەم فەقەرەیە ئەم نەسە دەربهێندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چاوەڕێ دەکەم ئەم ماددەیە هەبێت باشە، یەك لە موهیماتە سەرەکیەکانە، بەڵام ئیعادەی سیاغەیەکی کورت بکرێت، یەك لە موهیمەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن و بەرزکردنەوەی تواناکانی شورەکائی عەمەلیەی ئینتخابی، سیغەیەك بدۆزنەوە تەنها ئەو دووئەرکەی تێدا بێت، بە تەسەوری من زۆر گرنگە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی بچووکم هەیە لەسەر شێوەی نووسینەکە لەبڕگەی 8 کە دەڵێت (یارمەتی دان بۆ دروست کردنی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن)، ئەو یارمەتی دانە بە بڕوای من بکرێت بە بڕیار، لە بڕگەیەکی تردا دەڵێت (کۆمەڵگای کوردستان) پێشنیار دەکەم ئەو کۆمەڵگای کوردستانیشە بکرێت بە (جەماوەری کوردستان یان گەلی کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵامن دوو تێبینی بچووکم هەیە، یەکەم/ ئێمە لەپێش ئەوە قەوائیمی ئینتخابیمان زیاد کرد، پێم باشە لێرە قەوائیم زیاد بکرێت (وعبر التنسیق مع لجان استشاری الاحزاب والقوائم الانتخابیة) چونکە تەنها ئەحزاب نیە قەوائیمی ئینتخابیشمان زیاد کرد، ئەگەر تەنسیق بێ وهەماهەنگی بێت، پێویستە لەگەڵ ئەوانیش بێت، دووەم/ لیجانی ئیستشاری نازانم ئەم موستەڵەحە هەیە، مومەسیلی ئەحزاب هەیە، لجانی ئیستشاریمان هەیە لەڕووی قانونیەوە، نازانم ئەوە! زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی موداخەلەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دابەشکردنی ماددەکان بۆ بەشی یەك و بەشی دوو، ڕاستە ئەوە لەچاپ نەکراوە و لەبیر کراوە، دەنا هەمووی کە لە کاتی ئێمە دەیخوێنینەوە پێشنیار و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئاماژەمان بە بەشی یەك و دوو کردووە، سەبارەت بە گرنگی ئەو بڕگەیە هەندێك داوایان کرد کە ئەو بڕگەیە وابزانم دوو ئەندام بوون گوتیان کە ئەو بڕگەیە بمێنێ یان نەمێنێ کەوتنە شك، بەڕێزان ئەو بڕگەیە زۆر گرنگە کە بمێنێ، لەبەر ئەوەی لەبواری هەڵبژاردن، نەك لە کوردستان لەسەر ئاستی عیراق، ئێمە بێین لە هەڵبژاردن، بەداخەوە، چونکە ڕێگەمان پێ نەدرابوو و ئەو دەرفەتە نەبوو ئازادانە ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەین، وە مومارەسەی ئەو پرۆسەیە بکەین، بۆیە ئەو بڕگەیە زۆر گرنگە کە بمێنێ کە ئەو دەستەیە بەو ئەرکە هەڵسێ و ئەو متمانەیە دروست بێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، ئێمە تا چەند متمانەمان هەیە، چونکە کە ئەو متمانەیە دروست بوو، هەست پێ دەکەین کە ئەرکێکە لەسەرشانمان بەشداری لە هەڵبژاردن بکەین، پێشنیاری ئەوە کرا موساعەدەکە و یارمەتیەکە بکرێتە بڕیار، بەڕێزان متمانە بە بڕیار دروست نابێت، زۆر زەحمەتە، هیچ متمانەیەك بە هیچ شتێك باوەڕێك بە بڕیارێك ناتوانین دروستی بکەین، ئەوە پێویستی بە ڕۆشنبیریە، پێویستی بە ئاستی وشیاری خەڵکەکەیە لەبواری هەڵبژاردن، بۆیە زۆر گرنگە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە، بەڵام پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە ڕاستە لەلایەن لیژنەی یاسایی دامانڕشتەوە، ئەگەر پێشنیاری دیکەش هەبێت وابزانم هەندێکمان بۆ هات کە ئەوە دادەڕێژینەوە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی د.احمد، وشەی ئەحزاب و وشەی لجانی ئیستشاری لێرە زیادە و ڕوون نیە، ڕاستە ئێمەش هەستمان پێی کرد وەکو بەڕێزت ئاماژەت پێی کرد، بۆیە لەڕاپۆرتی ئێمە دووبارە دامانڕشتەوە تاوەکو (عبر ادامە الصلە شرکائی عملی الانتخابی) مان زیاد کرد، کە ئەو لایەنانە و لایەنی تریش هەموو دەگرێتەوە، کەوا دەتوانن بەشدار بن لەو پرۆسەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ مولاحەزەتان هەیە؟ ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ مانەوەی بڕگەكەین بۆ دروست كردنی متمانە، هەروەها هاوڕاین لەگەڵ داڕشتنەكەی لیژنەی یاسایی و بەزیادكردنی هەندێ تێبینی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغەتان؟ كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سیاغەكە بەو شێوەیە دەبێت كە ئێستا دەیخوێنمەوە:**

**8-العمل على بناء الثقة فى العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستانى وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة الشركاء العملية الانتخابية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها دووكەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ خاڵی 9 كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**9-المصادقة على اجراء العد والفرز لاصوات الناخبين وتنفيذها.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**9-پەسەندكردنی پرۆسەی دەست پێ كردنی ژماردن و جیاكردنەوەی دەنگی دەنگدەران و جێ بەجێ كردنی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ئەوەی کە دانیشتین لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە هات بوونە لیژنەی یاسایی دوو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئێمە کرد کە پسپۆڕن لەو بابەتە، پێیان باش بوو ئیعادەی سیاغەی ئەمە بکرێتەوە، ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی قسەی ئەوان ئیعادەی سیاغەمان کردووەتەوە، بەم شێوەیەی کە ئێستا بۆتان دەخوێنینەوە:

9-تنظيم واجراء عملية العد والفرز لاصوات الناخبين وتنفيذها.

ئەوان گوتیان ئەمە یەکێکە لە مەهامەکان، ڕەنگە بۆ مەراکزی ئینتخابی تەنها ئەوەندە ئیشیەتی موسادەقەکە لە مەجلسی هەیئەوە دەبێت، تەبریرەکان ئەوانەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیازەی لیژنەی یاساییین کە تەنزیم و وە ئیجرای عەمەلیەی عەدەکەش بکات و فەرزی ئەسوات کە عەرەبیەکەی (تنظيم واجراء عملية العد والفرز لاصوات الناخبين) بە هەمان شێوەی کە لیژنەی یاسایی گوتی پشتگیریان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزانی ئەندامان کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ ئەڤین عمر، ئاسۆ کریم، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایی دایە، کەوا دەبێت کەلیمەی (الاجراءات)ەکەی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام کە ئیجرائاتەکە زیاد کرا، وابزانم وشەی (تنفيذها) لە ئەخیر زیادە دەبێت، ئەگەر بێتو وشەی (تنفيذها) لە کۆتاییدا هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ قسەکانی ئەڤین خان، ئەو (تنفيذها) زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان بەرامبەر ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین و هاوڕاین کە (تنفیذها) لا بدەین، چونکە ئیجرائ عەمەلیەکە خۆی تەنفیزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

9- تنظيم وإجراء عملية العد والفرز لاصوات الناخبين.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی دە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

10- التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظيم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية في الاقليم.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

10- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراقدا بۆ ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی فیدراڵی لە هەرێمدا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەگەر مولاحەزە بکەن بڕگەی دەو بڕگەی یازدە لە پرۆژەکە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا وامان بە باش زانی کە ئەم دوو بڕگەیە دەمج بکرێت، بڕگەیەکیشمان پێشنیار کردووە، کە جێگای هەردوو بڕگە بگرێتەوە بەشێوەیەکی موختەسەر، کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە:

(10- التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظيم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية في الاقليم عبر تشكيل لجان مشتركة لجميع مراحل العملية الانتخابية). یەعنی وامان کردووە کە ئیتیحادیەکە جیا ببێتەوە، هی خۆشمان جیا ببێتەوە، بەو نەصەش عیلاجمان کردووە، مەسەلەکەش تەنسیقە، ئەگەر تەنسیقیان ویست ئەهلەن وەسەهلەن، ئەگەر تەنسیقیشیان نەویست، ئەوە مەوزوعێکی ترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان موداخەلەی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە لیژنەی قانونی خۆیان لە هەمووومان باشتر دەزانن، كە موفەوەزیەی عولیای هەڵبژاردنی فیدراڵی مولزەم نییە بەوەی كە لەگەڵ ئێمە تەنسیق بكات، یەعنی ئێمەش ناتوانین ئەوان مولزەم بكەین بۆ ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان چیە پێمان بڵێن، پێش ئەوەی بەڕێزان موناقەشە بكەن، كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دووبارە ماددەكەی بخوێننەوە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوەیە موفەوەزیەی خۆمان، هەیئەی خۆمان ئیلزام بكەین بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەی ئیتیحادی عێراق، نەك ئەوان ئیجبار بكەین، واتە صیاغەكە زۆر تەواوە، هیچ كێشەی قانونی لەدوا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ موداخەلەی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە؟ ئەم بەڕێزانە داوای قسە كردنیان كردووە، ڕێزداران (د.بەشیر خەلیل، سۆزان شهاب، يشار نجم الدين، حمە سەعید، ئاسۆ كریم، شڤان احمد، شلێر محمد، صباح بەرزنجی، ناسك تۆفیق، عمر عبدالرحمن، حاكم رزگار)، كەرەم بكە كاك دكتۆر.

**بەڕێز د.بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو ئیقتیراحەی لیژنەی یاسایی، كە ئەو دوو فەقەرەیە دەمج بكرێت، چونكە بەڕاستی پێویستیان بەدەمج كردن هەیە، چونكە یەك مانایان هەیە، بەلاَم بۆ ئەوەی سیفەتێكی ئیلزام نەدەین بە تەنسیقەكەو سیفەتێكی ئیختیاری پێ بدەین، من پێم باشە لە سەرەتاوە ئەوەی بۆ زیاد بكەین بڵێین (للهيئة التنسيق مع المفوضية العليا..........)، بزانین ئەگەر ئەوان كردیان، بیكەین، ئەگەر نەیانكرد، نایكەین، تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێز لیژنەی یاسایی.**

من پرسیارێك دەكەم، دەمەوێت وەڵامەكەم لەلای ئێوەی بەڕێز دەست بكەوێت، مەكاتبی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق لەناو هەرێمی كوردستاندا دەمێننەوە، باشە، كە ئەوان دەمێننەوە مەكاتبەكانی خۆمان بۆ هەڵبژاردنەكانی خۆمان دەبێت، ئەوانەی كە لەسەر سەعیدی ناوخۆییە، ئێمە ئەگەر هاتو هەڵبژاردنێكی ئیتیحادی كرا، ئەوان ئامادە نەبوون ئەو تەنسیقە بكەن لەگەڵ ئێمە، بڵێن ئێمە لە ڕێگەی مەكاتبەكانی خۆمانەوە ئەم عەمەلیەتە تەنفیز دەكەین، هیچ مانعێك هەیە بۆ ئەوەی ئەوان ئەو عەمەلیەتە تەنفیز بكەن؟ كەواتە بۆ ئێمە ئەم ماددەیە لێرە دابنێین؟ ئەوان كە مەكاتبی خۆیان حازر بێت و وجودی هەبێت لەناو هەرێمی كوردستان و هەڵستن بە كارەكانی خۆیان، ئەگەر ئێمە ئەم مەرجە دابنێین و دوایی بوو بە ئیشكالیەتێك و تەعاون نەكراو تەنسیق نەكرا، یەعنی بەڕاستی وەزعێكی ناخۆش دەبێت، ئەگەر وایەو ئەوان هەڵدەستن بەو كارانەی خۆیان، با ئێمە ئەو ماددەیە هەر ئەسڵەن دانەنێین، من وای بۆ دەچم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار یەشار كەرەم بكە.

**بەڕێز يشار نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەزم كرد ئاماژە بە خاڵێك بدەم، كە یەك لەمەهامەكانی ئەم لیژنەیە ئەوەیە وادەی دەنگدان زۆرجار زیاد دەكات، مومارەسەی ئەو عەمەلیە دەكات، چەند سەعاتێك زیاد دەكات، لەهیچ لەو خاڵانە ئاماژە بەوە نەكراوە، كە سەلاحیاتیان هەیە ئەو وەختی ئینتیخابات درێژ بكەن، یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حەمە سەعید كەرەم بكە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی یاساییم بۆ دەمج كردن، دوو تێبینیم هەیە، تێبینیەكیان/ ئێمە لەناو پێناسەی هەیئەكە باسی ئەوەمان كردووە، كە تەنسیق و تەعاون لەنێوان موفەوەزیەی عولیای بەغدا لەگەڵ ئەم دەستەیە هەبێت، كەواتە ئەم خاڵە یەعنی بەپێی ئەوە ئەم دوو خاڵە هەردووكی زیادن، ئەگەر هەر ئیسراری كرد بۆ ئەوەی بڵێین دووبارە بوونەوەكە بۆ تەئكیدە، پێم باشە تەعاون و تەنسیقەكە لە هەڵبژاردنی تەنها ئیتیحادی نەبێت، چونكە لە مەحەلی، لە ئیقلیمیش هەر پێویستمانە، لە مەسەلەی سجلی ناخیبین و ئیحصاو تەعلیمات و ئوسس و لەو شتانەش هەر پێویستمان بە تەنسیق و تەعاون هەیە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەمج كردنی هەردوو فەقەرەكەم لە فەقەرەیەكدا، بەلاَم بەم شێوەیە صیاغە بكرێت (للهيئة التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق فيما يخص الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية في الاقليم)، نازانم (في كافة المراحل...........) و چی و چی، ئەوانە پێویست ناكات، بەو شێوەیە صیاغە بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییمە كە دەڵێن دەمجی ئەم دوو فەقەرەیە، چونكە مەفهومیان یەكە، دیسان لەگەڵ ئەوەمە ئەو تەنسیقەی ئیلزامیەمان هەبێت، یەعنی حەقیقەتەن ئێمە داخیلی ئەوە نەبین، ئەوان نەیكەن كەیفی خۆیانە، بەحەقیقەت دەنگ دەدەنە كێ كەیفی خۆیانە، بەلاَم ئێمە مولزەمین، ئەو ئیلزامەمان لەسەر خۆمان بە قانون مولزەم بكەین، ئەمە زۆر پێویستە، چونكە ئەوان ئەسڵن، ئێمە جوزئین.

دووەم/ من پێشنیارێكی ترم هەیە لەسەر مەهامەكانی كە هاتووە لە پاش دەمج كردنی ئەم دوو فەقەرەیە، فەقەرەی تر ئیزافە بكرێتن، كە لە ماددەی یازدەدا هاتووە سوڵبی مەهامە كە لەوێ هیچ مانایەكی نادات لە ژێر بابی شەكاوی ئینتیخابی و ئەوانە، واتا فەسڵی شەكاوی و ئەوانە، ئەو ماددەی یازدە ماددەیەكی رووتە لەوێ، سوڵبی مەهامی ئەم هەیئەیە ببێتە بڕگەی ئەو وەختەی كە دەمج بوو بڕگەی (10 و 11) ببێتە بڕگەی (11)، كە مەهامەكە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر صباح كەرەم بكە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە كە باسی مەهام و ئەركەكان دەكات، من پێموایە بڕگەی (10 و11)، چونكە ئیلزامی تیایە بۆ مەسەلەی كۆمسیۆنی بالاَی عێراق، ئێمە ئەو سەلاحیاتەمان نییە كە ئەوان ئیلزام بكەین، كە باسی

هەماهەنگی دەکرێت، تەنانەت ئەو صیغانەش کە پێشنیاز کرا، کە دەڵێت (للهیئة)، خۆتان دەزانن کە دەڵێین (للهیئة)، ئەمە ناچێتە بابی ئەرك و مەهامەوە، دەچێتە بابی سەلاحیاتەوە، یەعنی لە حاڵەتێکدا، ئەگەر ئەم مەوزوعە بمێنێت شوێنەکەی ئەوەیە بچێتە فەسڵی سەلاحیاتەوە، نەك لێرەدا بمێنێتەوە، بۆیە من پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەم، کە ئەم دوو بڕگەیە، نەك دەمج نەکرێت، هەر لابرێت، چونکە قوەتی ئیلزامیمان نییە بۆ کۆمسیۆنی باڵا کە هەماهەنگی بکات، یەعنی ئەگەر ئەو هەماهەنگی نەکات، ئێمە لە وەڵامدا دەبێت چی بکەین؟ وەکو کاك حاکم عەونی فەرمووی هیچ، یەعنی مەوزوعەکە ئەوەیە کە شتێك نەکەین لە سەلاحیەتی ئێمە نەبێت، مادام ماددەکەش باسی مەهامەو، ئەمەش نابێت بە مەهام بخرێتە فەسڵی سەلاحیات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من هەر لەسەرەتاوە قسەم لەسەر ئەوە هەیە، کە بەڕاستی ئەگەر هەماهەنگی نەکرێت، ئیشەکان عەرقەلەی تێ دەکەوێت، چونکە وەکو پێشتریش هاوڕێیانم ئیشارەتیان پێدا، ئەگەر هەماهەنگی نەکرێت لەگەڵ موفەوەزیەی عولیا ئیشەکانمان عەرقەلەی تێ دەکەوێت لەو کاتە حەساسانەدا، ئەگەر بڵێین ئێمە بە یاسا خۆمان دیاری بکەین، ئەگەر ئەو نەیکات، ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، بەڕاستی ئەم کێشەیە وەکو چۆن ئێستا لە یاسای نەوت وغازدا کێشەمان بە وازیحی بۆ دەردەکەوێت، زۆر جار ناتوانین ئیش بکەین لە بەرامبەر ئەوەی کە ئێمە بە بەندێکی یاسایی لەناو یاساکاندا تەحدیدمان کردووە لە سەلاحیاتی خۆمان، کەچی ئەو لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە، ئەو ئەسڵە، تەعدای سەلاحیەتی تۆ دەکات و تۆش ناتوانیت ئیش بکەیت، من پێموایە ئەمەش دیسان دەبێتە نوقاتێکی خیلافی ئەم یاسایە، ئەم قانونە، ئەگەر نەنووسین هەماهەنگ دەکەین، ئەی چۆن عەمەلیەتەکە بکەین؟ ئەگەر دەنووسین ئەی چۆن ئێمە ئەو ئیلزامە بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە پێشەکی ئەو دوو بڕگەیەی تەوحید کردووەو صیاغەیەکی تازەی بۆ داڕشتووە، خۆی ڕاستە ئەم بڕگەیە بڕگەیەکی یاساییە، بەڵام ئەمە بە سوودێکی سیاسی بۆ

هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم تەنسیقە لەگەڵ موفەوەزییەی عولیای ئینتیخابات راستە، ئەوان دەتوانن تەنسیقمان لەگەڵ نەکەن، بەلاّم ئێمە لە ناحیەی سیاسیەوە سوودمەند دەبین، بەچی؟ بە موشارەکە کردن، ئەگەر باسی لەسەر بکرێت لەگەڵ موفەوەزیەی عولیا، چونکە ئەسڵی ئەم یاسایە، یاسایەکە خاص نییە تەنیا بە هەڵبژاردن، خاصە بە ئیستیفتا کردنیش لەناوچەکانی کوردستان، ئێمەش ئەوەڵ و ئەخیرمان جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)ە، کە تایبەتە بە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، هەر کاتێ ئیستیفتای لەسەر کرا، باشترە ئەم کۆمسیۆنە موشارەکەی موفەوەزیەی عولیا بکات لەو ئیستیفتائانە، بۆ ئەوەی بە ئاگادار بوونی موفەوەزیەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ئەو ئیستیفتایە جێ بەجێ بکرێت، ئێمەش ئەوەندە لە گلەیی و گازاندە بکەوین بڵێین موفەزەیەی عولیای ئینتیخابات هاتن بۆ خۆیان سەر بە سەر راپرسیەکیان لەناوچەکەدا کرد، ئەو کاتی بە ئیشرافی موفەوەزیەی عولیای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان بکرێت، پێموایە سوودێکی سیاسی بۆ ناوچەکەیە، راستە ئەمە سەلاحیاتی حەصرییە، راستە ئەوان مولزەم نین تەنسیقمان لەگەڵدا بکەن، بەلاّم ئەگەر بەم صیاغەیەی کە لە لیژنەی یاسایی دایڕشتووە، هەتا ئەگەر (في العراق لتنظيم وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات) تەنفیزەکە بکرێتە موشارەکەش، من پێموایە ئەو بڕگەیە هێزێکی یاسایی زیاتر دەدات و فەعالتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دەبێت ئێمە لەزاویەی ئەوەوە سەیر بکەین، کە هەیئەکە مولزەمە بەوەی یارمەتی موفەوەزیە بدات لەو ئینتیخاباتانەی کەوا موفەوەزیەکە پێی موختەسە، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم بەم جۆرەی لێ بێت (على الهيئة تقديم المساعدة الممكنة للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات في حال طلبها منها ذلك في كل ماتتعلق بتسهيل اجراءات الانتخابات والاستفتاءات التي تختص بها المفوضية وتجري في الاقليم)، یەعنی لەو گۆشەیەوە سەیری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم دوو فەقەرەیە باس لە ئینتیخابات و ئیستیفتای ئیتیحادی دەکات، دیارە ئینتیخابات و ئیستیفتای ئیتیحادیش قانونی بۆ دانراوە لە مەرکەز، لە قانونی موفەوەزیەش هاتووە کە ئەمە حەصرە بە

موفەوەزیەی باڵای ئینتیخابات، بۆیە دەبێت ئێمە بەپێی قانون نابێت لێرە شتێك ئیلزام بکەین، یان شتێك فەرز بکەین، کە دژی ئەم قانونەی ئەوە بێت، ئەگینا خۆی قانونەکەی ئێمە دەکەوێتە بەر تەعن، لێرە باسی تەنسیق و موشارەکە دەکات، یەعنی تەنسیق چیە؟ تۆ داوای موشارەکە دەکەیت لە ئینتیخاباتی عێراقی، ئەگەر رێگات پێ نەدات خۆ تۆ ناتوانیت، ئەمە بە تەداخول حیساب دەبێت، بۆیە بە رەئی من یان دەبێت ئێمە سیفەتەکە وا لێ بکەین ئیستیعدادی خۆمان نیشان بدەین لە حاڵەتی داوا کردن، کە ئەویش هەر زەروری نییە، چونکە ئەمە تەحصیل حاصلە، بە رەئی من هەر خۆی ئەم دوو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت و پێویست ناکات داخیل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر خان کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی کە سۆزان خان لە لیژنەی یاسایی کرد، منیش بەهەمان شێوە، چونکە وابزانم لەگەڵ کاك سەردار عبدالکریمم ئەمانە لە موفەوەزیە دانیشتوون، ئەو ئیشکالیەتە دروست نەبێت لەو مەکاتبانەی موفەوەزیەی کە سەر بە ئەوانەو لەوانەی عێراقیشدا، ئەوە پرسیارێکە بۆ ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەو کۆمسیۆنی باڵای بێ لایەنی هەڵبژاردنەکانی عێراق فیعلەن یاسای خۆی هەیەو، حەصرییە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، کە هەڵبژاردن بکات بۆ گشت عێراق ئەو دەیکات، ئەو نوێنەرایەتی خۆشی هەیە لە شارەکان و لە ئیقلیمش هەیەتی، مەکتەبی خۆی هەیە، مەکتەبەکەی پێی هەڵدەستێت، لە حاڵەتێك داوای تەعاونی کرد، ئەو کۆمسیۆنە ئامادە بێت هاوکاری لەگەڵ دەکات، داوای نەکرد هیچ تەدەخول لە ئیشی ناکات، ئێمە نامانەوێت بە یاسا لە هەرێمدا روو بدات، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە ئاخیر صیاغەیان پێشکەش بکەن، زۆر سوپاس، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای موتالەعە کردنی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ماددەی دووەمدا دوو بابەت هاتووە لە فەسڵی دووەمدا لە ماددەی دووەمدا دوو بابەت هاتووە، بابەتی یەکەم کە لە خاڵی دووەمدا خۆی دەبینێتەوە دەڵێت (الاشراف على جميع انواع الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية والاقليمية وفي المحافظات الغير المنتظمة في الاقليم)، ئەوە ئیشراف کردنە، حەقی ئیشراف کردنی داوە بەخۆی.

خاڵی چوارەمی دەڵێت: (تقوم هيئة الاقاليم للانتخابات بالتنسيق والتعاون مع المكتب الوطني) مەکتەبی وەتەنی لەکوێیە؟ لەعێراقە، مەکتەبی وەتەنی لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا خۆیان لەناو یاساکەی

خۆیاندا وتوویانە (تقوم هیئة الاقالیم للانتخابات بالتنسیق والتعاون مع المكتب الوطني بمهام الادارة والنظم الانتخابیة الاقلیمیة والمحلیة الخاصة بالاقلیم تحت اشراف المفوضیة العلیا للانتخابات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بەنیزام دەریان كردووە، ئەوە بەنیزامە، ئەگەر سەیری بكەیت خۆیان نیزامیان دەركردووە بۆ خۆیان، ئەم كۆمسیۆنە دانرا، ئەم هەیئەتە دانرا، هەیئەتێكی بێ لایەنە، سەربەخۆیە، ئیشی هەرێم دەكات، ئیشی هەرێم ئەو هەڵبژاردنانەی عام، گشتی كە رەبتی بە هەرێمەوە هەیە، ئەو پێی هەڵدەستێت، تەدەخول لە ئیشی ئیتیحادی ناكات، ئەگەر ئەوان داوایان كرد، ئەمان هاوكاریان دەكەن، داوایان نەكرد بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژاردن بكەن، ئێمە هیچ تەدەخولی لێ ناكەین، ئیشی ئێمە نییە، یەعنی ئەوە بۆ ئەوەیە وازیح بێت، لیژنەی یاسایی تكایە ئاخیر صیاغەتان كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

10- التعاون مع المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق لتنظیم وتنفیذ الانتخابات والاستفتاءات الاتحادیة في الاقلیم عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، دوای ئەوەی بڕگەی 10 و 11 ئیلغا دەكەینەوە، ئەمە جێگەیان دەگرێتەوە بە فەقەرە 10 ، ئێستا بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، بەڕێزان سوپاس بۆ ئێوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كۆتایی بڕگەكاندا فەقەرەیەكمان ئیزافە كردووەو، دوای ئیزافە كردنی ئەو فەقەرەیە، پێویستە تەسەلسولی فەقەرەكان چاك بكرێتەوە، فەقەرەكەش بەم شێوەیە:

(تنظیم عملیة الحملات الانتخابیة والقیام بمراقبتها) كە زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش ئیشارەتیان پێیدا، ئەمە موقتەرەحی لیژنەی یاساییە بۆ زیاد كردنی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا كە گوێتان لێ بوو ئەو بڕگەیەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ پێشنیاریان كردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، بەڕێزان، ئەم پرۆژەیە زۆر زۆر گرنگە بۆ هەرێمی

**کوردستان و، زۆریش حەساسە، بۆیە لەسەر دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبین تا ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو سەعات 11 بەخواتان دەسپێرین.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 4\10\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## دووشەممە رێكەوتی 2010/10/4

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2010/10/4 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2010/10/4 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزیدیەکان بەپشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (3)، ڕۆژی دانیشتن 2010/10/4، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2010/10/4 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزیدیەکان بەپشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان کەرەم بکەن، فەرموون، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ ماددەی چوارەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی پێنجەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەماندا گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی چوارەمی پرۆژەکە، کە ئێستا بەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کراوە، لە پەرلەمان پەسند کرا، ماددەیەك ئیزافە بوو، واتا ماددەی پێنجەمە، کە ئێستا باسی لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەکان.

ماددەی چوارەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی پێنجەم:

المادة الرابعة:

تتألف الهيئة العليا للانتخابات في الاقليم من التشكيلات التالية:

1- مجلس الهيئة.

2- الادارة الانتخابية.

اولاً: مجلس الهيئة: وتتألف من سبعة اعضاء اثنان منهم على الاقل من القانونيين يختارهم برلمان كوردستان بالاغلبية المطلقة لاعضائه بعد ترشيحهم من قبل هيئة رئاسة البرلمان مع مراعاة تمثيل النساء وتكون مدة ولاية الهيئة خمس سنوات تقويمية.

ثانياً: يشترط فيمن يرشح لمجلس الهيئة مايلي:

1- ان يكون من مواطني الاقليم ومقيما فيه اقامة دائمية.

2- ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية على الاقل.

3- لا يقل عمره عن (35) خمسة وثلاثين سنة.

4- ان يكون من ذوي الخبرة والاختصاص في العمل الاداري والانتخابي والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والاستقلالية.

5- ان لايكون محكوماً بجريمة مخلة بالشرف.

6- ان لايكون مشتركاً في الجرائم التي خططت لها أو ارتكبتها السلطة القمعية في الاقليم.

7- ان يكون مستقلاً من الناحية السياسية.

ثالثاً:

1- ينتخب مجلس الهيئة في جلسته الاولى من بين اعضائه وباغلبية اربعة من اعضائه رئيساً ونائباً ومقرراً للمجلس.

2- تكون مدة ولاية رئيس المجلس ونائبه والمقرر سنة واحدة قابلة للتجديد باغلبية اربعة من اعضائه على الاقل.

3- رئيس المجلس هو الممثل القانوني للهيئة.

4- يمارس رئيس المجلس اومن ينوب عنه الصلاحيات الآتية:

أ- ادارة اعمال المجلس الادارية والتنظيمية.

ب- اعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤوسها بما في ذلك اي اجتماع يطلبه ثلاثة من اعضاء المجلس على الاقل.

ج- اية مهام اخرى يكلفها به المجلس.

رابعا:

يؤدي اعضاء مجلس الهيئة اليمين القانونية امام مجلس القضاء في الاقليم وبالصيغة التالية:

(اقسم بالله العظيم ان أؤدي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان واخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة الي باستقلال وحياد والله على ما اقول شهيد).

خامسا: يكون اجتماع المجلس صحيحا بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه وتتخذ قراراته باغلبية الحاضرين وفي حال تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی ماددەكە بخوێننەوە، پاشان لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم، كە لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی چوارەمە.

دەستەی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمدا لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێك دێن:

1- ئەنجومەنی دەستە.

2- ئیدارەی هەڵبژاردن.

یەكەم: ئەنجومەنی دەستە، لە حەوت ئەندام پێك دێت بەلای كەمەوە دوانیان یاساناس دەبن، پەرلەمانی كوردستان بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی دەست نیشانیان دەكات، لە پاش ئەوەی لەلایەن دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کاندید دەکرێن، بە رەچاو کردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان/ ئافرەتان، ماوەی دەسەڵاتی دەستەکەش پێنج ساڵی تەقویمی دەبێت.

دووەم: ئەوەی بۆ ئەنجومەنی دەستە کاندید دەکرێت، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

1-دەبێ هاووڵاتی هەرێم بێت و بەشێوەیەکی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێ بێت.

2- بەلای کەمەوە دەبێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت.

3- تەمەنی لە (35) سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

4- دەبێ لەبواری ئیدارەو هەڵبژاردندا خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت و گەواهی بەتواناو پاکی و سەربەخۆییەکەی بدرێت.

5- بە تاوانێکی ئابوروبەر (مخلة بالشرف) حوکم نەدرا بێت.

6- بەشداری لەو تاوانانەدا نەکرد بێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە هەرێمدا پلانی بۆ دارشت بێت و، یان کرد بێتی.

7- لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت.

سێیەم:

1- ئەنجومەنی دەستە لە یەکەمین دانیشتنی خۆیدا بە زۆرینەی چوار ئەندام، سەرۆك و جێگرو بڕیاردەری ئەنجومەن لەنێو ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.

2- ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و بڕیاردەر یەك ساڵ دەبێت و بەزۆرینەی چوار ئەندام بەلای کەمەوە قابیلی نوێ کردنەوەیە.

3- سەرۆکی ئەنجومەن نوێنەری یاسایی دەستەکەیە.

4- سەرۆکی ئەنجومەن، یان ئەوەی دەبێتە بریکاری ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات:

أ- بەڕێوەبردنی کاری ئیدارەو رێکخستنی ئەنجومەن.

ب- ئامادە کردنی خشتەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و گرێدان و سەرۆکایەتی کردنی، لەنێویشیاندا هەر کۆبوونەوەیەك کە بەلای کەمەوە سێ ئەندامی ئەنجومەن داوای دەکەن.

ج- هەر ئەرکێکی دیکە کە ئەنجومەن رایدەسپێرێت.

چوارەم:

ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە سوێندی یاسایی لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا بەم جۆرەی دادێت دەخۆن:

(سوێند بەخوای مەزن دەخۆم کە ئەرکی یاسایی و پیشەیی خۆم بە ئەمانەت و لەخۆ بووردوانەو بە دڵسۆزییەوە بە جێ بگەیەنم و، کار لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشانم بەسەربەخۆیی و بێ لایەنی دەکەم و، خوداش لەوەی کە دەیڵێم شاهێدە).

پێنجەم:

کۆبوونەوەی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی راست دەبێت و بەزۆرینـەی ئامـادە بووانیشی بڕیار دەدات، لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگدا ئەرێ بۆ ئەو لایە دەبێت کە سەرۆك لەگەڵیدایە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوارەم ئەم پێشنیاریانەی خوارەوە دەخاتە روو:

1- دەستەکە لە (7) حەوت کەسـەوە بکرێـت بـە (9) نـۆ کـەس، بـۆ ئـەوەی نوێنەرایـەتی زۆرینـەی خـەڵکی کوردستان بگرێتەخۆ و، بە یەك لیست بێت و، زۆربەی پێکهاتەکان و لایەنە کوردستانیەکانی تێدا بێت.

2- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم دەستەیە بە رێژەی (3/2) دوو لەسەر سێ دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێت.

3- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چواری بڕگەی (2)ی خاڵی (4) پێشنیاز دەکات وشـەی (انتخـاب)یەکـە لاببرێت.

4- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی (2) خاڵی (6) پێشنیار دەکات بەم شێوەیە بێت:

بەشـداریی و هاوکـاری نـەکرد بێـت لـەو تاوانانـەی کـە رژێمـی لەناوچـوو لـە کوردسـتانی عێراقـی فیـدراڵ نەخشەی بۆ دانابێ.

5- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی (3)ی خاڵی(1) پێی باشە لە (4) کەسەوە بکرێت بە (5) کەس.

6- لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی چـوار بڕگـەی (3) خـاڵی (2) پێـی باشـە بکرێتـە (5) کـەس و لـە (2) جار زیاتر نەتوانێ خۆی هەڵبژێرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی چوارەم بەم شێوەیە:

1- لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمدا پێك دێ لە:

1- ئەنجومەنی دەستە.

2- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن.

2- سەبارەت بە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەکە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: ئەنجومەنی دەستە: لە حەوت ئەندام پێك دێ و بە لایەنی کەمەوە دوانیان یاسایی دەبن، کە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵیان دەبژێرێ، ئەمەش دوای پاڵاوتنیان دەبێ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت کە پەرلەمان پێکی دەهێنێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتان و ماوەی کاری دەستە (ویلایەتی) پێنج ساڵی تەقویمیە.

3- بڕگەی (چوارەم) بکرێتە زنجیرەی بڕگەی (سێیەم) واتە زنجیرەکەش پێش بخرێ.

4- سەبارەت بە بڕگەی (سێیەم  کە دەبێتە زنجیرەی چوارەم): لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەکانی (1، 2) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(1- ئەنجومەنی دەستە لە دانیشتنی یەکەمدا لە ناو ئەندامانی و بە زۆرینەی پێنج لە ئەندامانی سەرۆك و جێگری سەرۆك و بڕیاردەری ئەنجومەن و سەرۆکێك بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ.

2- ماوەی کارکردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و بڕیاردەرو سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن یەك ساڵەو دەکرێ نوێ بکرێتەوە بە زۆرینەی پێنج لە ئەندامانی  بە لایەنی کەمەوە).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

رابعا: بالنسبة للمادة الرابعة:

1- تقترح اللجنة اعادة صياغة مقدمة المادة بالشكل الآتي:

(تتألف الهيئة العليا للانتخابات في الاقليم من:

1- مجلس الهيئة.

2- الادارة الانتخابية).

2- بالنسبة للفقرة (اولا) منها تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(اولاً: مجلس الهيئة: ويتألف من سبعة اعضاء اثنان منهم على الاقل من القانونيين يختارهم برلمان كوردستان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان مع مراعاة تمثيل النساء وتكون مدة ولاية الهيئة خمس سنوات تقويمية).

3- جعل الفقرة (رابعاً) بتسلسل الفقرة (ثالثاً) اي تقديم تسلسلها.

4- بالنسبة للفقرة (ثالثاً) والتي تصبح بتسلسل (رابعاً) تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرتين (1 ، 2) بالشكل الآتي:

(1- ينتخب مجلس الهيئة في جلسته الاولى من بين اعضائه وباغلبية خمسة من اعضائه رئيساً ونائباً ومقرراً للمجلس ورئيساً للادارة الانتخابية.

2- تكون مدة ولاية رئيس المجلس ونائبه والمقرر ورئيس الادارة الانتخابية سنة واحدة قابلة للتجديد باغلبية خمسة من اعضائه على الاقل).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی، فەرموو کاك عمر عبدالعزیزو کاك عبدالسلام بەرواری، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وابزانم لەبەر هەستیاری و گرنگییە ئەم بڕگەیە لە یاساکەوە لەبەر راسپاردەی بەڕێزتانەوەو هەموو لایەك کە موشاوەرەو تاوتۆی زۆری لەسەر بکرێت، پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ تەئجیل بکەین، بۆ ئەوەی موشاوەراتێکی زیاتر بکەین، لەبەر سەرقاڵی لیژنەکان و فراکسیۆنەکان، وابزانم حەقی تەواو نەدرا بێت بە ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە، لەبەر ئەوە داواکارم لە بەڕێزتان، ئەگەر دەکرێت ئەم بڕگەیە دوا بخەین، بچینە سەر بڕگەکانی تر، تا لە کاتێکی تردا بەشێنەیی قسەی زیاتری لەسەر بکەین، بەدڵنیایی مشتومڕ هەڵدەگرێت، من دڵنیام حەقی خۆی نەدراوەتێ لە تاوتۆ کردن و تەداول، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من بۆیە بە نیزامیم دانا، چونکە لەسەر ئەو پرنسیپە ئەگەر ماددەیەك دەنگی لەسەر درا، پاشان ناتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، من بە تەحریریش لەگەڵ لیژنەی قانونی باسی ئەم مەوزوعەم کردووە، ئەوەی ئێستا باسی دەکەم، تەئیدی منیان کرد بوو لەترسی ئەوەی ئێمە بچینە موناقەشەو دەنگدان، پاشان مەجال نەبێت، ئەگەر رێگام بدەیت:

یەك/ ئێمە دیتمان لە فەسڵی دووەم و فەسڵی سێیەم نەبوو، رەئسەن فەسڵی چوارەم بوو، فەسڵی یەکەممان داناو دووەمیش، پێشنیارەکەی من ئەوە بوو کە:

یەکەمین/ ماددەی دە و یازدەو دوازدەو سێزدە، ئەگەر تەماشای بکەیت باسی هەیئە دەکات، کەچی ئێمە هاتووینە باسی مەجلیس دەکەین و پاشان دائیرەی ئینتیخابی، ئینجا جارێکی تر گەڕاوەتەوە، ئیقتیراحەکە ئەوە بوو پێش ئەو ماددە چوارە، ماددەی دەو یازدەو دوازدە بیخەینە تەسەلسولی یان پێش لەگەڵ رەچاو کردنی ئەوەی دە دووبارەیە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کە هاتینە سەر موناقەشە ئەو کات پێشنیار بکە، رجائەن، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە هەندێك ماددەو بەشەکان پێویستیان بە دووبارە دارشتنەوە هەیە، یاخود پاشەو پێشە، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەگەر رەزامەندی بفەرموون سکرتێری پەرلەمان تەخویل بکرێت، ماددەکان وەکو بەو شێوەیەی هاتووە لە ئەسڵی پرۆژەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و دەنگی بۆ بدرێت، بەڵام بۆ تەبویب کردن و دارشتنەوەو ریزبەندی سکرتێری پەرلەمان تەخویل بکەین پاش ئەوەی یاساکە هەمووی دەنگی هێنا، ئەو ریزبەندی ماددەکان بگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەدنان کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە یەکێکە لە ماددە گرنگە هەستیارەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، بۆیە من هاوڕای مامۆستا عومەرم، کە هەوڵ بدەین ئەم ماددەیە تەئجیل بکەین، گفتوگۆیەکان تەئجیل بکەین، بوارێکی زیاتر بە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بدەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لەسەر شێوەی پێکهێنانی ئەم دەستەیە بکەن، کە قسە لەسەر ئەوە کرا ئەم دەستەیە دەستەیەکی نیشتمانییە، بچینە سەر ماددەکانی ترو بڕگەکانی تر، بەڵام ئەم ماددەیە تەئجیل بکەین بۆ کاتێکی تر، بۆ ئەوەی فرسەتێکی زیاتر بە فراکسیۆنەکان بدرێت و زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین ئەم پرۆژە یاسایە لە 2010/6/27ەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، واتا ماوەیەکی زۆرە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ پرۆژە یاساکەمان جوان دیراسەت کردووە، ئەو ماددەیەمان کە داناوە ئێستا دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، هیچ ئیجابی ئەوەی نییە کۆبوونەوە دوابخرێت بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەوە هەیە پرۆژە هەیە حەوت، هەشت مانگە هاتۆتە ئێرە، یارمەتیم بدە قسەکانمان باش بێت، خراپ بوو شەتبی بکە، بەلاّم پێویستی بە تەوافوقێك هەیە تاکو ئێستا نەهاتۆتە پێش، ئەمە لە مانگی شەش و حەوتەوە، هاتبێت موبەرریر نییە، پرۆژە هەیە حەوت، هەشت مانگە دەنگیشمان نەکردووە، بەلاّم ئەگەر دیقەت بکەین لە بیدایەتەوە قسەکانی کاك ئەرسەلان و دەنگدانی جەنابت، شوێن و جێگەی بیرکردنەوەی پەرلەمان وا بوو ئەمە تەوافوقێکی نیشتمانی پێویستە، بۆیە ئێمە هیچ عەیبی تیا نییە، خەڵك هەیە حەوت، هەشت مانگە حکومەتی پێ تەشکیل ناکرێت، ئێمە ئەگەر حەفتەیەکی تر بۆ لێك گەیشتن، لەبەر ئەوە نەخشەی سیاسی هەرێم جیاوازە، خەریتەی سیاسی گۆڕاوە، هیچ عەیبی تیا نییە بچینە سەر ماددەی پێنج، ئەو ماددەی چوارە بیهێڵینەوە بۆ موناقەشەی زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیاریان کرد بۆ دواخستن، لیژنەی یاساییش لەگەڵ ئەوەیە دوا نەخرێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە داوا دەکەن دوا بخرێت، ئەندامێکی تریش قسە بکات، کەرەم بکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکە تەوجیهی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوان وەلاّم بدەنەوە، نەك لیژنەی یاسایی، وەلاّمەکە لەلای ئێوەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی گفتوگۆکردن تایبەت بەم یاسایە، ئەوە خرایە بەر دەنگدانەوە، کە ئایا ئەم پرۆژەیە بەردەوام بین لێی، یان تەئجیل بکرێت؟ من تەسەور دەکەم دەنگدانیش لەسەر ئەو بابەتە کراوە، پێویست ناکات جارێکی تر دەنگدان بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بۆ تەئجیل نییە، بەس ئەو ماددەیە تەئجیل بکرێت، تەنیا بۆ روون کردنەوە، ئێستا بەڕێزان چوار ئەندامی بەڕێز پێشنیاریان کرد ئەم ماددەیە، کە دەکاتە ماددەی پێنج بۆ گفتوگۆکردن دوابخرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئەو ماددەی چوار لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی پێنج، سێ، چوار بەڕێز مەجموعەیەکی تریش پشتگیریان کرد، داوا دەکەن جارێ گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە نەکەین و دوابخرێت بۆ دوای ماددەکانی تر، بۆ ئەوەی لەگەڵ فراکسیۆنەکان گفتوگۆ بکەین، هەندێك بەڕێزیش

دەیەوێت بەردەوام بین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی چوار لە پرۆژەکە بۆتە ماددەی پێنج، ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکرێت و دوابخرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (61) کەس لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (41) کەس زۆر سوپاس، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ئێستا ئەو ماددەیە دوا دەخەین بۆ کاتێکی تر، کە لەسەر پرۆژەکە گفتوگۆ دەکرێت، ئێستا بۆ ماددەی پێنج لە ئەسڵی پرۆژەکە بۆتە ماددەی شەش، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج لە ئەسڵی پرۆژەکە دەبێتە ماددەی شەش:

الفصل الرابع

صلاحيات مجلس الهيئة

المادة الخامسة:

يمارس مجلس الهيئة الصلاحيات الآتية:

1- انشاء وتحديث سجل الناخبين بالتعاون والتنسيق مع مكاتب محافظات الاقليم.

2- تنظيم سجل الكيانات السياسية والمصادقة عليها لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها.

3- تنظيم سجل المرشحين للانتخابات والمصادقة عليها.

4- اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء الكيانات السياسية والاعلاميين.

5- البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن امام محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال مدة ثلاثة ايام من اليوم التالي لنشرها.

6- المصادقة على اجراءات العد والفرز.

7- اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة التمييز باستثناء الانتخابات والاستفتاءات الاتحادية.

8- وضع الانظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها.

9- المصادقة على هيكلية الادارة الانتخابية والتعيين في الوظائف.

10- تعيين منتسبي المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم.

11 - منح المخصصات لمنتسبي الهيئة على ان لا تتجاوز مايعادل نظرائهم في المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق.

12- رسم السياسة المالية للهيئة.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە**

ماددەی شەشەم لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی پێنجەمە.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی دەستە ئەم دەسەڵاتانەی دەبێت:

1- دانان و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی پارێزگاکانی هەرێمدا.

2- ڕێکخستنی تۆماری قەوارەی سیاسی و پەسند کردنیان بە مەبەستی چوونە هەڵبژاردن و بەشداری کردن.

3- ڕێکخستنی تۆماری کاندیدانی هەڵبژاردن و پەسند کردنی.

4- پشت بەستن بەچاودێرانی هەڵبژاردن و بریکارانی قەوارەی سیاسی و میدیاکاران.

5- بڕیاردان لە تێکڕای سکاڵاو تانەکانی هەڵبژاردن، بڕیارەکانیش قابیلی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بلاْو کردنەوەی.

6- پەسند کردنی کارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.

7- ڕاگەیاندنی دوایین ئەنجامی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دوای پەسند کردنی لەلایەن دادگای پێداچوونەوە، بەدەر لە هەڵبژاردن و ڕاپرسی فیدراڵی.

8- دانانی پێڕەو و ڕێنماییەك کە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن دەپارێزێت.

9- پەسند کردنی پێکهاتەی ئیدارەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی لە فەرمانەکان.

10- دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

11- پێدانی دەرماڵە بەکارمەندانی دەستە بەمەرجێك لەوەی هاوتاکانیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن لە عێراق تێپەڕ نەکات.

12- گەڵاڵە کردنی سیاسەتی دارایی دەستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەری تکایە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان سەبارەت بەم ماددەیە تەنیا دوو پێشنیازی هەیە:

1- سەبارەت بە بڕگەی یەكەم بەم شێویەی لێ بكرێت:

(دروست كردن و نوێ كردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە ڕێگەی نووسینگەكانی ئیدارەو پارێزگاكانی هەرێم و نووسینگەی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم).

2- لیژنەكەمان پێشنیاز دەكات لە فەسڵی چوار ماددەی پێنج بڕگەی چوار ئەمەی بۆ زیاد بكرێت:

(ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و چاودێرە نێودەوڵەتیەكان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی پێنجەمی پرۆژەكە، كە دەكاتە ماددەی شەشەم:

1- لیژنە پێشنیاز دەكات دەسەڵاتەكانی دەستە بكرێتە بڕگەی (یەكەم)ی ماددەكە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(یەكەم: ئەنجومەنی دەستە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ).

2- سەبارەت بە بڕگەی (1) هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

3- سەبارەت بە بڕگەكانی (2، 3) لیژنە پێشنیاز دەكات لێك بدرێن لە یەك بڕگەدا بە زنجیرەی (2)و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(2- پەسەندكردنی تۆماركردنی قەوارە سیاسیەكان و یەكگرتووەكان و پاڵێوراوان بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان و بەشداری كردن تێدا).

4- سەبارەت بە بڕگەكانی (4 تاكو 10) هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

5- لیژنە پێشنیاز دەكات بڕگەی (11)ی بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(11- بەخشینی دەرماڵە بە كارمەندانی دەستە هەروەك هاوكارانیان لە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق).

6- لیژنە پێشنیاز دەكات بڕگەیەك بە زنجیرەی بڕگەی (دووەم) زیاد بكرێت بۆ ماددەكەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دووەم: پاڵاوتن بۆ دامەزراندن لە پلە بەرزەكان لە بەڕێوەبەرەكانی فەرمانگەكان لە دەستەو نووسینگەكانی هەڵبژاردن لە هەرێم بە پێشنیاز كردنی سێ پاڵێوراو دەبێ، كە یەكێكیان لە لایەن لیژنەی پەرلەمانەوە دەستنیشان دەكرێت).

ئێستاش بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:

بالنسبة للمادة الخامسة:

1- تقترح اللجنة جعل صلاحيات الهيئة بتسلسل الفقرة (اولا) من المادة وبالشكل الآتي:

**(اولا : يمارس مجلس الهيئة الصلاحيات الآتية:).**

**2- بالنسبة للفقرة (1) منها لاتوجد عليها اية ملاحظة.**

**3- بالنسبة للفقرتين (2، 3) تقترح اللجنة دمجهما بفقرة واحدة بتسلسل (2) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(2- المصادقة على تسجيل الكيانات الانتخابية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها).**

**4- بالنسبة للفقرات من (4 الى 10) لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**5- تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة (11)منها بالشكل الآتي:**

**(11- منح المخصصات لمنتسبي الهيئة اسوة باقرانهم في المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق).**

**6- تقترح اللجنة اضافة فقرة بتسلسل الفقرة (ثانياً) الى المادة وبالشكل الآتي:**

**(ثانياً: الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في الهيئة والمكاتب الانتخابية في الاقليم يكون باقتراح ثلاث مرشحين ويتم اختيار احدهم من قبل اللجنة البرلمانية).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، بۆ ئاگاداریتان قەوارەی سیاسی لە یاسای پێشتر کردمانە قەوائیمی ئینتیخابی، ئەوە موراعاتی ئەوە بکەن، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، تکایە دەستیان بەرز بکانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ویستوویانە قسە بکەن: عمر عبدالعزیز، ئارام قادر، هاژە سلیمان، کوێستان محمد، زانا، ئاسۆ، جلال، حسن محمد، خلیل عوسمان، حمە سعید، بەیان أحمد، سالار محمود، سەردار رشید، شلێر محي الدین، حاکم ڕزگار، ڤیان أحمد، نەسرین جمال، نەریمان، عبداللە، عبدالسلام، هاوڕاز خۆشناو، فازل بەشارەتی، ئاشنا عزیز، کەس ماوە؟ کەرەمکە کاک عمر عبدالعزیز.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی (5)، ببوورە ماددەی (4)، لەگەڵ ماددەیەکی پێشوودا، ئێمە گەڵاڵەمان کرد، سەر بە ماددەی (6)ە بە پێی ئەو تەعدیلاتە، دووبارە بوونەوەیەکی زۆر هەیە لەبەینی مەهام و صەلاحیات، لە بڕگەی (1) کە (إنشاء و تحديث سجل الناخبين)، بڕگەی (2) (تنظيم سجل الكيانات السياسية)، بڕگەی (4) (إعتماد مراقبي الإنتخابات)، بڕگەی (5) (البت في الشكاوي)، بڕگەی (7) (إعلان النتائج)، هەمووی لە ماددەی (3) بە عەینی عیبارەت بە تۆزێك تەغیرەوە هەیە، ئایا ئەوە ئەسڵە؟ یان ئەوی تر؟ من یان متەوەجیهـ نەبووم، یان هەمووی دووبارەیە، ئەوە خاڵی یەکەم، پێویستە ئەو خاڵانە لابرێن، تەنها ئەوە بمێنێتەوە کە لەویٚ ئیشارەیان بۆ نەکراوە، مولاحەزەی دووەمم لەگەڵ ئەو تەعدیلاتەم تەسنیەی دەکەم، ئەوەی لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوخۆ، بە تایبەتی ئەو تەصنیفە تازەیەی کە لێژنەی یاسایی کردوویەتی بۆ ماددەکە، چونکە ئەوە سەلیس و باشتر دێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز أيوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دووبارە بوونەوانەی خاڵی (2، 3، 4، 5) کە دووبارە بۆتەوە، لەوێ مەهامە، لێرە صەڵاحیاتە، دەبێ لێژنەی یاسایی چاکی بکات، یان لە صەڵاحیات دایبنێ، یان بیکاتە مەهام، سەبارەت بە خاڵی (11) بە موخەصەصاتی ئەو دەستەیە، بێگومان لە کوردستانیشدا هیچ، نە پەرلەمانتار، نە وەزیر، نە پێشمەرگە، نە پۆلیس مووچەی وەکو حکومەتی ناوەندی نیە، لێرەدا ئەگەر بێت و ئێمە ئەوان هاوتا بکەین، ئەوە بێگومان ستەمێکی زۆرە لە چین و توێژەکانی تری هەرێمی کوردستان، خاڵی (10) سەبارەت بە تەعینی مونتەسیبین، لێرە دەبێ لە خاڵی (10) ئاماژە بکرێت بەوەی کە بەپێی سیستەمی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستاندا، دوای ئەوە ئاماژە بە خانەنشین بکرێت، وەکو لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای حکومەتی ناوەندی هاتووە، بۆ ئەوەی کە مافەکانیان نەفەوتێ پاش دامەزراندنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دووبارەبوونەوەکان بە نووسین ئاراستەی لێژنەی ناوخۆ و یاسایی بکەن، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (5) لە ئەسڵی پرۆژەکە، من لە برگەی (1) و برگەی (4)، پشتگیری لە لێژنەی ناوخۆ دەکەم، بۆ ئەوەی کە برگەی یەکەم وای لێ بکرێت: (دانان و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ئیدارە)، چونکە ئیدارەی گەرمیانمان هەیە و، نووسینگەکانی پارێزگاکانی هەرێمە و هەڵبژاردنی نووسینگەکانی دەرەوەی هەرێم، دەربارەی برگەی چوارەم، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ (رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێرە نێودەوڵەتیەکان)، دەربارەی برگەی (11) (بەخشینی دەرماڵە بە کارمەندانی دەستە بە مەرجێك وەکو هاوکارانیان بێ لە بەغدا)، یەعنی پشتگیری لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەو برگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانم كرا، بەڵام ئەوەی كە زۆر گرنگە لام و دووبارەی دەكەمەوە، ئەوەیـە كـە لـە بڕگـەی (4) ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێرە نێودەوڵەتیەكانی بۆ زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زانا، كەرەمكە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هەندێك ئەو بیروڕایانە دەكەم كە باس كران، لەوانە ڕاپۆرتی لێژنـەی نـاوخۆ سـەبارەت بـەوەی كـە كوێسـتان خـانیش باسـی كـرد، سـەبارەت بـە بـوونی ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگـەی مـەدەنی و چـاودێری نێودەوڵـەتی، بـەڵام نـازانم لـە دانیشتنەكانی ڕابـردوودا سـەبارەت بـە بـوونی مـەكاتیب، ئایـا هـەر ئێمـە لـە پارێزگاكاندا باسمان كرد؟ یاخود بۆ ئیدارەكانیش؟ ئەگەر وابێت دەبێ پێداچوونەوەیەك بكەین بـە بڕگـەی یەكەمدا، بۆ دروستكردنی سجلی نـاخبین لـە مـەكاتبی محافـەزات، ئەگـەر ئێمـە ئیـداراتمان زیـادكردووە، وا هەست دەكەم دەبێت لێرەشدا ئیزافەی بكەین، ئەگەر نا وەكو خۆی بمێنێتـەوە هـیچ كێشـەیەكمان نیـە، بـە نیسبەت مەنحی موخەصەصات، بە بڕوای من بڕگەی (11) ڕەنگە هـەر زیـاد بێـت، یـەعنی بۆچـی مـەنحی موخەصەصات بۆ مونتەسیبی هەیئـە؟ مـادام سیاسـەی مـالی هەیئەكـە خـۆی دادەنێیـت، ئـیتر بۆچـی لێـرە شەرتێك دادەنێی لەسەر ئـەو دەسـتەیە؟ بەشـكەم زرووفی دارایـی هـەرێمی كوردسـتان بـە ئاراسـتەیەك بێـت جیاواز بێت لەوەی بەغدا، تۆ ئیجباری بكەی بڵێی: ئەو پارەی كە وەری دەگرێ دەبێ هەمان شت بێ لەگەڵ ئەوەی بەغدا وەری دەگرێ، ڕەنگە ئەوە كۆمەڵێك ئیشكالیاتت بۆ دروست بكات، ئەو تەبیعاتە مالیـە، ڕەنگـە بیدەینە دەست هەیئەكە خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكـات، نـەك وەكـو مـەرجێك لەسـەری دابنێـی ئـیللا دەبـێ پارەكە بەو شێوەیە صەرف بكرێ، یەك خاڵی تریش هەیە بە نیسبەت منەوە ئیشكالیەتێكە، نـازانم ئەگـەر هەندێك لە بەڕێزان وەڵامم بدەنەوە سەبارەت بە موصادەقە كردن لەسەر ئیجرائاتی عـەد و فـەرز، وابـزانم لە پرۆژە یاساكەی بەغداشدا، لـە یاسـای بەغداشـدا ئـەوە دووبـارە كراوەتـەوە، بـەڵام ئایـا موصـادەقە كـردن لەسـەر عـەد و فـەرز تەقریبـەن هـەر بەشـێك نـابێ لـە عەمەـلی ئیعلانـی نـەتائیجی نیهـائی؟ یـان ئـەوە عەمەلیەیەكـە ئـەو خـۆی موصادەقەی دەكات؟ خۆشـی ئیعلانـی نەتائیجـەكان دەكـات، یـەعنی بـۆ بـە دوو مەرحەلە ئەو ئیشە بكرێت؟ بۆ هەردووكی لە یەك عەمەلییەدا نەبێت؟ یەعنی ئیعلانی نـەتائیجی نیهـائی، دوایی مەرحەلەی عەد و فەرزمان هەیە، دوایی ئیعلانی نەتائیجی نیهائیشمان هەیە، لە بڕگەی حەوتەمیدا باس لەوە دەكات دەڵێ: (إعلان النتائج النهائية للإنتخابات و الإستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة التمييز بإستثناء الإنتخابات و الإستفتاءات الإتحادية)، ئەو عیبارەتە بەشـێكی ڕاسـتە، بـەڵام بەشـەكەی تـری كە ئیستیسنات كرد، دەڵـێ ئیستیفتائاتە ئیتیحادییـەكان، خـۆ ئێمـە ئیسـتیفتائی ئینتیخاباـتی ئیتیحادیش هەندێك جار پێویستمان بەوە هەیە موصادەقەی مەحكەمـەی تـەمییزی بـۆ بكرێـت، یـەعنی ئـەو بڕگەیـە ڕەنگە صیاغەكەی لە شتێكدا بكرێتەوە، ئەوە ئیعلانی نەتائیجی نیهـائی لـە صـەڵاحیەتی كۆمسـیۆنە، بـەڵام

تەصدیقی مەحکەمەی تەمییز لەو حاڵەتەدا بە نیسبەت ئینتیخاباتێکی محەلی، ئینتیخاباتێکی ئیتیحادی، مەحکەمەی تەمییز لە هەردووکیاندا تەواجودی هەیە، بەس کە تۆ لێرەدا ئەو ئیستیسنایەمان بۆ دانا، دەڵێین: (بإستثناء الإنتخابات و الإستفتاءات الإتحادية)، ئایا ئێمە بەو مەوزووعە بە حیساب مەحکەمەی تەمییز موعادەلەکەی دێنینە دەرەوە؟ یان تەنها بۆ ئیعلانی نەتیجەکە بابەتەکەمان هێنایە دەرەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ تێبینییەکانی لێژنەی یاساییم سەبارەت بەو ماددەیە، لێژنەی ناوبراو پێشنیازی کردووە کە بڕگەیەك ئیزافە بکرێ بۆ ئەو ماددەیە، بەڵام من پێم باشە کە دەستکارییەك بکرێن، با بڵێین بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (الترشيح للتعين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر من الهيئة و المكاتب الإنتخابية يكون بإقتراحها)، یەعنی مەبەستم هەیئەتەکەیە، (للهيئة ثلاثة مرشحين يتم إختيار أحدهم من قبل اللجنة البرلمانية الخاصة التي يشكلها البرلمان لهذا الغرض على أن يصادق عليها البرلمان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جلال علي، کەرەمکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من کرا بەڵام هەر بۆ صیغەی ماددەی یەکەم: (بالتعاون و التنسيق مع مكاتب الهيئة لمحافظات الإقليم و الإدارات القائمة و المستحدثة)، چونکە ئێمە ئیدارەی گەرمیانمان هەیە بەڕاستی، ئەگەر لە یاساکە ناوی نەبەین بەجۆرێ لە جۆرەکان، یان ئەگەر بمانەوێ تەبیعی تەتەور هەیە لە ئیداراتدا، لەوانەیە جگە لە گەرمیان شوێنی تر گەورە بووبێ، پێویست بکات کە ئیستیحداس بکرێ، ئەو صیغەیە، ئەگەر ئەو دوو شتە ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د. حسن، کەرەمکە.

**بەڕێز د. حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له فەقەرەی ($10$) هاتووە (تعين منتسبي المكاتب الإنتخابية في محافظات الإقليم)، بەڕەئی من ئـەوەیان زیـاد بکرێ: (عن طريق الإعلان وفق الشروط التي تضعها اللجنة)، (الهيئة)، چەند ئیشێکی تریش هەیـە لـە کـاتی ئینتیخاباتـدا دەکـرێ، بـە پێویسـتی دەزانم صـەڵاحیاتەکان دیـاری بکـرێ، ئەگـەر هـی ئـەو لیژنەیـە لـە مەهامەکان بێ، ئەگەر هی ئەو لیژنەیە نیە، ئەوە لیژنەی یاسایی جوابێکمان بداتێ، یەکێکیان بـە نیسـبەت تەقسیمی ئیقلیم: (إلى الـدوائر الإنتخابيـة)، ئەگـەر صـەڵاحیاتی ئـەو هەیئەیـە پێویسـتە لـە ئێسـتاوە بـاس بکرێ، دووەم: باسی موەزەفینی مەکاتبی موحافەزاتمان کردووە، بەڵام تەشکیلی و تەعینی..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی فەقەرەکان بڵێین دائیمەن بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ لێمان، کە ئەو فەقەرەی قسەتان لەسەرە بڵێ.

**بەڕێز د. حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فەقەرانەی کە باس دەکەم ئێستا لە مەهامەکان نەهاتوون، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەگەر هەبێت، (تشكيل و تعين رؤساء أعضاء مكاتب المحافظات)، تـەبیعی ئـەوە سـەرۆك و ئەندامـەکانیش هـەر لـە زیمـنی ئەوەیـە، نـاتوانین ئەمـە بـە نـاوی مونتەسـیب نـاوی بنـێین، ئەوانـە هەیئـەی موحافەزاتـە، یـان مـەکاتبی موحافەزاتە، سێیەم: تـەبیعی هـەر ئـەو هەیئەیـە، (تجهيـز الإسـتمارات و الجـداول و المسـتندات و الوثـائق و البطاقات الإنتخابيـة و الصـناديق الخاصـة)، یـەعنی ئەوانـە هـەمووی ئـیش و کـاری ئـەو هەیئەیـە لـە کـاتی ئینتیخاباتدا، چوارەم: دیارە لە مەسائیلی ئەمنی وازحـە کـە کـێ، مەسـەلەی ئـەمنی ڕۆژانـی ئینتیخابـات لـە ئەسـتۆی کـێ یـە؟ بـەڵام بـەلای مـن (وضـع القواعـد و إصـدار التوجيهـات اللازمـة لضـمان الترتيبـات الأمنيـة بسلامة و حرية الإنتخابات)، ئیش و کاری ئەو هەیئەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خلیل عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا برادەران دیارە بەشێکی زۆری قسەکانی منیان کرد، بـەڵام مـن تەئکیـد لەسـەر قسەکەی کـاك د.حسن دەکەمەوە، کە چ لە مەهامی کۆمسیۆن، چ لە صەڵاحیاتی ئەو مەجلیسـە باسـی لایـەنی ئـەمنی نـەکراوە، کـە من پێموایە بەشێك لە دارِشتنی سیاسەتی ئەمنی و ستراتیجی ئەمنی کار و صەڵاحیاتی ئەو مەجلیسەیە، کە ئەویش دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنـەکیان پاراسـتنی ئەمنیـەتی دەنگـدەر، واتـە ناخیـب کـە ئـەوە لەوانەیـە زیاتر عیلاقەی بە دەزگا ئەمنیەکانـەوە بـێ، بـەڵام خـاڵێکی تـر پاراسـتنی ئەمنیـەتی سـەربەخۆیی و پـاکی هەڵبژاردنەکانە، کە من پێموایە دەخرێتە چوارچێوەی صەڵاحیاتی ئەو کۆمسیۆنەوە، خـاڵێکی تـر کـە بـاس نـەکراوە، ئـەویش پـێم باشـە زیـاد بکـرێ، بـە بڕگەیـەك، ئـەویش دانـانی ڕەمـزی ڕموزەکانـە بـۆ هەڵمـەتی هەڵبژاردنی ئـەحزاب و موستەقیلین، یـەعنی ئەگـەر لیژنـەی یاسـایی بڕگەیـەك دابڕێـژن لەسـەر ئـەوە کـە

مەسەلەی دانانی ڕموزی ئینتیخابی بۆ حەملەی هەڵبـژاردن، هـەروەها تەئکیـد لەسـەر ئـەوە دەکەمـەوە کـە خاڵی (11) و، پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە من پێموایە خـاڵی (11) لەوانەیـە ببێتـە عیبئێکـی مـالی گەورە بەسەر مالیەی هەرێمی کوردستـانەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئەگـەر مونتەسـیب و فەرمانبـەرانی ئـەو دەزگایە موخەصەصات و مەعاشیان وەکو بەغدای لێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**حمە سعید، کەرەمکە.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆبوونەوەی پێشووش ئیشارەتم پێکرد کە تـەداخوولێك هەیـە لـە بـەینی مـەهام و صـەڵاحیات، ئـەو بڕگانەشـم نـارد بـۆ لێژنـەی قـانونی، ئێسـتاش دووبـارەی دەکەمـەوە، بڕگـەی (1، 2، 3، 4، 8) تیکـرارە لـە مەهامـدا، لێـرە لابـبرێن، لـە بڕگـەکانی (3، 4، 5، 1)دا تیکـرار بوونەتـەوە لـە مـەهام، کەواتـە ئـەو بڕگانـە بخرێنە مەهام، لێرە لاببرێن، بڕگەی (6، 7، 8، 9) لە مـەهام لـە صـەڵاحیاتە، لێـرە دووبـارە بۆتـەوە، وەکو دیـارە لـە (5، 6، 7، 9) ئـەوە خاڵێـك، ئـەو دووبـارە بووانـە بەڕاسـتی زیـادە و پێویسـت ناکـات، هـەروەها تەناقووزێك هەیە لە بەینی بڕگەی (7) لەگەڵ بڕگەی (7)ی ماددەی (3)، لەوێ بە موتڵـەقی دەڵـێ (إعـلان النتائـج)، لێرە (قید)ی تێخستووە، کەواتە ئەو موتڵەقی و ئەو قەیـدە تـەناقووزە یـەعنی، یـان ئـەوەیان، کـە من پێموایـە ئـەوە صـەڵاحیەتە ئـەوە بهێڵرێتـەوە، ئـەو لابـبرێ، ئیشـکالەکەش حـەل دەبـێ، خـاڵێکی تـر بـە نیسبەت تەعینەوە، من پێم باشە (بعد الإعلان من وسائل الإعلام)، یەعنی بۆ ئـەوەی خـەڵکی ئاگـادار بـێ و هەر کەسێك کە کەفائەت و ئـەو شـرووت و ئـەو هینانـەی تێدایـە، لـە ئیعلانـدا، لەگـەڵ ئەوەشـدام کـە ئـەو بڕگەی (11) لابـبرێ، چونکە ئـەوە ئیلتیزاماتێـك دروسـت دەکـات، مـادام سیاسـەتی مـالی تێدایـە، پێموایـە لابـبرێ باشـە، پشـتگیری لێژنـەی قـانونی دەکـەم کـە ئـەو بڕگەیـەی زیـاد کـردووە، دووەم: پاڵـاوتن لـە پلـە بەرزەکانـدا، کـە لەلایـەن سـێ پـاڵێوڕاو هـەبێ و یەکـەکیان لەلایـەن لێژنـەی پەرلەمانییـەوە بێـت، هـەروەها پشـتگیری لـە لێژنـەی نـاوخۆش دەکـەم، هەڵبژاردنـەکانی دەرەوە، نووسـینگەکانی هەڵبـژاردنی دەرەوەی ڕێکخستووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەیان احمد کەرەمکە.**

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت خالا ئێکێ، انشاء وتحديث سجل الناخبين بالتعاون، ببیتە رێکا نڤیسینگەهـ و ئیدارات و ئیداراتی پارێزگەها هەرێم، وەهەروەسا نڤیسینگەهێ هەلبژاردنا ل دەرەڤێ هەرێما کوردستانێ، سەبارەت خالا دوێ، خالا دوێ و سێیێ، ئەز باش دبینم کو بێتە دەمج کرن، هەر دوو خال ببنە ئێك، (تنظيم سجل الكيانات السياسية وسجل المرشحين للانتخابات والمصادقة عليها) یەعنی تەمام ببیتن، ئەڤ هەردوو خالا ببیتە ئێك، خالا چارێ، پشتگیری ل بۆچونا کوێستان خان و کاك د.زانا دکەم، کو ئیزافەی NGO مراقبێت دەولی بێتە کرنێ بوو، خالا هەشتێ ئەز بینم دووبارەیە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە تکراری ئەو بڕگانەوە هەیە، لە مابەینی ماددەی سێ و ئەم ماددەیە ماددەی پێنج، من تەسەورم وایە تەنها بڕگە دوو، سێ، شەشە، لەماددەکە لابدرێت، چونکە ئەوانی تر کە هاتوون، هەندێك تەفاصیلی داوە، ئەبێتە مایەی زیاتر ڕوون کردنەوە، هیوادارم لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەمەدا دیقەتێك بکەن، وەهەروەها من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی سەلاحیات بدرێت بەم ئەنجومەنە، کە لە هەر ناوەندێکی دەنگداندا حاڵەتی ساختەکاری هاتە پێشەوە، بتوانن بە زووی معالەجە بکرێت، وەکو هەڵوەشانەوەو لادان، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر تەواوی پرۆسەکە نەبێت، لە بازنەی گشتی هەڵبژاردندا، وە پرسیارێکی تر لێرەدا دەکەم، ئەویش پەیوەندی بە کوردستانیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، واتە ئەوروپا و جالیەی کوردی لە وڵاتانی دوور، ئایا لە چوار چێوەی ئەم پرۆسەیە ئەکرێت کار ئاسانیان بۆ بکرێت، وە سەلاحیەتی ئەم ئەنجومەنە چۆنە؟، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوان، بۆ بەشداری کردن لەو پرسانەی کە پەیوەندی بە هەڵبژاردن و ڕاپرسیەوە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا زۆرێك لە قسەکانم هاوڕێیان کردیان، بەڵام لە بڕگەی چواردا هاوڕێیان، ڕام لەگەڵ زۆرێك لەو هاوڕێیانەم، کە بۆ چاودێری هەڵبژاردن، جگە لە قەوارە سیاسیەکان و میدیا، هەقیقەتەن لەبەر گرنگی و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەقە ئەوانیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێرخان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن لە بڕگەی یەك هەتاوەکو حەوت، دووبارە بوونەوەی تێدایە، دووبارە بوونەوەکە لە مەهامی هەیئەی هەموو ئەو مەهامانە هاتووە، ئەو خاڵانە هاتووە، هەتا بڕگەی حەوت، لێرەش لە سەلاحیاتی مەجلسی هەیئە دووبارە بۆتەوە، بۆیە دەتوانین لە مەهامی مەجلسی هەیئە ئیزافەیەك بکەین، لە ئەخیری بڕگەی حەوت بڵێین، وتمارس الهیئة هذه الصلاحیات عن طریق مجلس الهیئة، یەعنی ئیشارەت بدەین کە لە ڕێگای مەجلسی هەیئە ئەو مەهامانە ئەنجام دەدا، یەعنی ئەوە لێرە دووبارە نابێتەوە، ئەگەر لەوێ ئیشارەت بە مەجلسی هەیئە بدەین، لەناو مەهامی هەیئە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار فەرمووو.

**بەڕێز ڕزگار محمدامین حمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی دوو و سێ، پێموایە یەکسەر بکرێت بە، المصادقە علی قوائم الانتخابیە، بەو جۆرەی لێبێت، دوایی لە فەقەرەی یەکا، انشاء وتحدیث سجل الناخبین بالتعاون والتنسیق مع مکاتب محافظات الاقلیم، ئێمە نازانم مەکاتبی مەحافەزاتی الاقلیم لە پێش ئەم ماددەوە لە هیچ شوێنێك ناوی هاتووە، جارێ نازانین ئایا ئەو مەکتەبە دروست دەبێت یان دروست نابێت، ئێمە لێرە ئێستا مصادقەی بکەین ڕەنگە لەدواترا بەو عیبارەتە دروست نەبێت، ئەوە جێگەی پرسیارە لای من، لە فەقەرەی پێنج، البت في الشکاوي والطعون الانتخابیة کافة وتکون القرارات قابلة للطعن امام محکمة التمیز خلال مدة ثلاثة ایام من الیوم التالی لنشرها، نەشر لەکوێ؟، یەعنی ئەڵێت لەبەر دەمی مەحکەمەی تەمیز، بە بۆچوونی من تەعنەکە لەبەر دەمی هەیئەی موەسەعە بێت، لە مەحکەمەی تەمیز، هەیئەی موەسەعەی مەحکەمەی تەمیز، ئەم تەعنە ئینتیخابیانە بچێتە هەیئەی موەسەعە، دووەم، خلال مدة ثلاث سنوات من الیوم التالی لنشرها، لێرە مەجلیس هیچ فەقەرەیەکی تیانیە کە نەشری قەراراتی خۆی بکات، وە ئالەتی نەشر کردنەکەی، چۆن نەشری ئەکات؟ یەعنی ئێمە چۆن بزانین ئەم نەشرە لە کەیەوە؟، وەلە لەکوێیە؟، هەتاوەکو ببێتە اختیصاصێك بۆ ئەوەی مودەکەی تیا بژمێرین، دوای فەقەرەی حەوت، پێموایە ئیعلانی نەتائجی نیهائی، لە دوای ئەوەی کەوا تەصدیق دەکرێت، لە مەحکەمەی تەمیزەوە، بە بۆچوونی من تەصدیقەکەش هەر لەلایەنی هەیئەی موەسەعەی مەحکەمەی تەمیز بێت، مودەیەك دابنرێت بۆ ئیعلانەکە، یەعنی فەورەن موصادەقە، یەعنی وەقتێکی زۆر ئەبێ دیاری بکرێت، کە موصادەقە کرا لە مەحکەمەی تەمیزەوە، پاشی چەنێك ئەم صەلاحیاتی هەیە ڕای بگرێت، لە ئیعلان کردنەکەی؟ ئێمە پێمان باشە کە مودەیەکی بۆ دابنرێت، کە مودەکە زۆر کەمیش بێت، لە سەعاتی یەکەمی گەیشتنی نەتیجەی ئینتیخابات لە موصادق علیە لە سەعاتی یان لە ڕۆژی یەکەم ئیعلان بکرێت، ئەوە بە کراوەیی نەهێڵرێتەوە باشە، لەفەقەرەی

هەشت، پێموابێت تکرارە، خاصەتەن لەکاتی خۆی لە فەقەرەی هەشت، تتولى الهيئە العليا لنتخابات في الاقليم مايلی، ئەوە وەلەو لەکاتی خۆی ویستم ئەوە ماددەیەکی موستەقیل بێت، وە ببێتە ئەساسی قانونەکە، بەلاٌم ئەوە قبوڵ نەکرا، ئەصڵەن ئەمە ئەڵێی في بيناء ثقة في العملية الانتخابية، هەموو ئەو شتانەی کەوا باسی کردووە لەویّ، ئەو فەقەرەیەی هەشتە یەعنی ئەو نەزاهەتە ئەچێتە بابی ئەو فەقەرەیەوە، تۆسیقە دروست دەکەی وە ئیتمیئنان ئەدەی بە خەڵکی، وە ختیّ سیقەو ئیتمیئنان دەبێت، کە ئینتیخاباتەکە بە شێوەیەکی نەزیە ڕۆیشتبێت، بۆیە پێموایە ئەوە ڕەنگە تکرار بێت، لەگەڵ ئەو فەقەرەیەی هەشتا، ئەوە ئەچێتە ئەو خانەی فەقەرەی هەشتەوە، المصادقة على هيكلية الادارة الانتخابية والتعين في الوظائف، لە ڕاستیدا ئێمە ئەو ماددەیەی تەشکیلەکە کە ناوی ئیدارەی ئینتیخابیش هەر تەئجیل بوو، چونکە هەردووکیان بۆ مەجلسی هەیئە و ئیدارەی ئنتیخابی لەوێیا، ئێستا هەتا ئیدارەی ئینتیخابی ئایا بەو مانایە ئەمێنێتەوە؟، لەو ماددەیەی کە دێیینەوە مناقەشەی دەکەین، بەو کەلیمە ئەمێنێتەوە یان نا؟، ئەوەش تۆزێك جێگەی سەرنجە، و تعين في الوظائف، یەعنی لەکویّ؟، وەزائفی کویّ؟، و تعين في الوظائف، یەعنی مەبەست چیە لەوە؟، و تعين في الوضائف، المصادقة على هيكلية الادارة الانتخابية والتعيين في الوظائف، تۆزێك قرتاوە لای من، نازانم، بە نیسبەت موخصصاتیشەوە، ئەوەش هەر ڕەنگە کاتی پێش وەقت بووبێت، ئەکرێت بە نیزام دوای خۆی دەربیکات، یەعنی هەقی هەبێت کە نیزامێك ئەوە لەباتی ئەوە، یەعنی صەلاحیاتی نیزام دەرکردنی هەیە بۆ تەسهیلی ئومورو ئەو شتانەی کەوا موهیمەی مۆزەفین هەموو لەخۆ دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فیان خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە، صلاحيات مجلس هيئة، فەقەرەی یەك، ئەگەر لە کۆتاییەکەی بامن بیخونمەوە، انشاء وتحديث سجل الناخبين والتعاون والتنسيق مع مكاتب محافظات الاقليم ومكاتب خارج اقليم كوردستان، بۆ نمونە ئەوەی وەحدەی گەرمیانمان هەیە، ناوچەی گەرمیان یان مەناتقی موتەنازع عليها، ئەگەر ئەوانیش مەکاتبیان هەبیت باشە، بە نیسبەت فەقەرەکانی ثانیاو ثالثا وخامسا، هەست دەکەم ئەوانە مەهامن، صلاحيات نینە، یەعنی هەیئەك دادەمەزرێت، حەتمەن ئیش و کاری هەیە، ئەوانە لە زمنی مەهامە، فەقەرەی چوارەم، وەك هاوکارانم باسیان کرد، مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، لەگەڵ موراقبین دەولیین، لە بۆ ئیزافە بکرێت، بە نیسبەت فەقەرەی 11 و 12، حەتمەن هەیئە رەسمی سیاسەی مالی للهيئه نووسراوە، ڕام لەگەڵ بەڕێز د.زانا کە باسی کرد، سیاسەی مالی ئەوە نیزامی محاسبیە، لۆخۆی حیسابات و کتاباتی خۆی تەنها موخصصات نیە، بیداتە مونتەسبەکانی هەتاوەکو دیاری بکرێت، یەعنی دیاری کردنی منحى موخصصات لمنتسبى الهيئه، یەعنی شتەکی ئیستیسنائیە دانرایە، پێمباشە ئەگەر ئەو

فەقەرەیە لابرردرێت، لۆخۆی رسم السیاسە المالیە للهیئە، وابزانم کافیە لە بۆ هەموو مەصاریفەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین جمال فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە هاوڕێکانم دەکەم، ئاماژەیان بە زۆر شتدا کە ئەمویست بیلێم، من تەئکید لە دوو بڕگە دەکەمەوە، ئەویش بڕگەی چوارە بە تایبەتی، ناکرێت ئێمە هەڵبژاردن بکەین، دوور لە بەشدار بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێری نێودەوڵەتی، بۆ زیاتر باشتر کردنی هەڵبژاردن و ڕێك و پێك کردنی، بۆ ئەوەی کەمترین تەعن هەبێت، پێویستە ئەو دوانەی بۆ ئیزافە بکرێت، بڕگەکەی تر کە ئەمەوێ پشتیوانی بکەم، مەسەلەی ئیدارەیە، دیارە هەموو هاوڕێیانم ئاماژەیان بەوە دا کە پێویستە ئیدارە ئیزافە بکرێت، چونکە ئەمە بەبەرچاوی هەمووومانەوە ئیدارەی گەرمیانمان هەیە، ئیدارەیەکی بەرفراوانە، وەلە داهاتووشا لەوانەیە ئیدارەی ترمان هەبێت کە جیا بکرێتەوە، ئەمە یاخود ئەبێت، ئەو شوێنانەی کە بەقانونێك لە قانونەکانی هەرێمی کوردستان، خراوەتە سەر ئیدارەی گەرمیان، بۆ نموونە، چەمچەماڵ کەکاتی خۆی لەسەر کەرکووك بووە، دەربەندیخان لەسەر سلێمانی بووە، یان ئەبێت ئەمانە بخرێتەوە سەر سلێمانی، ئەوکاتە ئەبێت ئیدارەی تری بۆ ئیزافە بکەین، بەڵام ئەبێت ئیدارەی بۆ ئیزافە بکەی، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانی چەمچەماڵ و دەربەندیخان و کەلار ئەمانە مەحروم نەبن لە هەڵبژاردنا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرمووو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەك، لەماددەی شەش کە ماددەی پێنجە، بەم شێوەیەی لێ بکرێت پشتگیری لە رەئی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، کە لە ڕێگەی نووسینگەکانی ئیدارەکان، وەکو هاوکارانم باسیان کرد، ئیدارەی گەرمیان ئێستا وجودی هەیە، چەند پێشنیارێکیش هەیە کە ئیداراتی تریش دروست بێت لە داهاتوودا، پێشوەخت ئەرزیەتی بۆ ئامادە بکەین و ئیدارەی تێدابێت، پارێزگاکانی هەرێم و نووسینگەکانی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم، ئەمە یەکێك لە خاڵە سلبیەکان کە گلەیی هاتۆتە سەر، ئەم خولەی پەرلەمان لە $7/25$ هەڵبژاردنی بۆ کراوە، ڕێگە نەدرا بە هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە بەشدار بن لە دەنگدان، لەکاتێکدا ئەمە مافێکی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و موعاهەداتی نێودەوڵەتی ئەو هەقەی داوە، وەلە قانونی عیراقیشدا بەهەمان شێوە ڕێگە دراوە بە هەموو هاووڵاتی و پێکهاتەیەکی عیراقی کە بەشدار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو مافە نەدەین، بەڕاستی ئەوە خاڵێکی لاواز دەبێت بە

پرۆژەکـەوە، وە ئێمـە موتـەفقین لەسـەر ئـەوەی کـە چارەنووسـی هـەرێم بـە ئاقـاری پراکتیـزە کـردن و پێشخستنی کۆمەڵگاکە بەرین، بۆیە من پێم  باشە ئەو خاڵە زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی 4، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیـەکان و کۆمـەڵگای مـەدەنی و چـاودێرە نێودەوڵەتیـەکان، زۆر زەرورە لەبـەر ئـەوە بتـوانین مصـداقیەی شـەفافیەتی ئـەو پرۆسـەی هەڵبژاردنـە زیـاتر بـە هێـز بکـەین لـە ئاسـتی نـاوخۆو دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەسەلەی صەلاحیات و مەهام زۆر تکرار کرا، تەسەور دەکەم لەسـەرەتاوە چـونکە هەیئـە پێشان نـاوی هەیئە هاتووە، وەکو وجودێکی فیزیای هەبێتن کەچی دەرچوو هەیئە بریتی یە لە، مەجلس و لە ئیـدارات، بۆیە وابزانم ئەوە هاتبوو، من بە تەحریری بۆ لیژنەی یاسا و نـاوخۆ ئـەم پێشـنیارەی ئێسـتا بـاس دەکـەم، ناردم، تەصەور دەکەم زۆربەیان کۆکین لەسەر ئەوەی ماددەی، بڕگـە (1، 2، 3، 5، 6، 7) مـەهامن، ئـەوانی تـر ئـەرکن، ئەگـەر مـن باسـم کـرد، تـەنها باسـی ئەوانـە دەکـەم، بـۆ پێشـنیارێکی موحـەدەد، مـاددە دەسـت پێدەکات بە ( تمارس مجلس الهیئة الصلاحیات التالیة: أولاً: تنفیذ المهام المبینة في المادة الرابعة)، ئەوە حەلی تیکرارەکەش دەکات، هەر تەرکیزیش دەکات لەسەر ئـەوەی ئـەو شـتانە ئـەنجام دەدات، دیـارە ئەوانـە مـەهام بوون، بەڵام ئەوە حەل دەبێت، ( ثانیاً: ممارسة الصلاحیات التالیة)، ئەو کاتە چوار و تا خوارەوە دێت، ئەوە پێشنیاری موحەدەدی کەمینە، دووەمیان: من تەصەور دەکـەم فەقـەرە (11)، چـونکە تـۆ مـاددەی (10) ت هەیە باس دەکـەی میزانیـەی خـۆی هەیـە، لـە بڕگـەی 12 دەڵێـت (رسـم السیاسـة المالیـة) لەبڕگـەی (9)ش دەڵێت (المصـادقة علـی هیکلیـة الادارة الانتخابیـة والتعـیین في الوظـائف)ئەمانـە هـەمووی موعالەجـەی ئـەو مەوزوعە کراوە، تۆ ئیمتیازاتێکی بدەریٚ، لەڕێگای ئەوانەوە دەبێت، بـەس مەسـەلەی تەقاعـد و ئـەو شـتانە بەڕەئی من لەمەودوا هەوڵ بدەین بچین بەرەو بە موئەسەساتی کردن، تەقاعد بەکەسێك بـدەین سـێ سـاڵ ئیش بکات بە تەقاعد و ئیمتیاز پاش 10 ساڵ جەیشێکی خەڵکی 30 ساڵی و 40 ساڵیمان هـەبێت، بـۆ 40 ساڵ تەقاعد وەردەگرن، بۆیە ڕەئی وایە ئەو ئیقتراحە ئیزافە نەکرێت، پێشنیارێك لەلایەن دکتـۆر حەسـەن و یەك دوو برادەری تر دروست بوو، کە لە ئەرکەکانـدا ئـەوەی تێـدا نیـە دیـاری کردنـی دەوائیـرو مـەکاتبی ئینتیخابی کە ئەوە یەکێکە لـە سـەڵاحیاتەکانی ئـەوان، موهیمەیەکیشـە، مـن ئـیقتراح دەکـەم ئـەوە ئیزافـە بکرێت بە بڕگەیەك، دەربارەی دەنگدەرانی دەرەوە کە دوو، سێ پێشنیار هات، وەکو پرەنسیپ، من نامەوێت خـۆم قسـەیەکی وا بکـەم هەسـتێکی گـران بێـت بۆخـەڵك، چـونکە هـەموویان خۆشـە ئینسـان بڵێـت ئـەوە حەقیانە، من خۆم وەك تەجروبەی شەخصی و موعایشـەم، پرەنسـیپێك هەیـە لـە هەڵبژاردنـەکانی نـاوخۆ ئەوانەی دانیشتووی فیعلی ئەو جێگایەن بەشدار دەبن، لە هەڵبژاردنە نیشتمانیەکان، هاووڵاتیـان ئەوانـەی

بۆ ئەو لەحزەیە لەدەرەوەن، تەرتیباتیان بۆ دەکرێت، ئەکرێ ئێمە لێرەدا ئەوەش لە ماددەکانی تر بێ ئەوەی لێرە باسی بکەین، سیستەمی ئامادەکردنی کارتی دەنگدان پێی دەڵێن لەدەرەوە، لەو وادەی کە هەڵبژاردن دەکرێت، من سەفەرێکم هەیە، ئەتوانم بەشێوەی دەنگدان لەدوورەوە من پێش وەخت دەنگی خۆم بدەم، و کارتەکەم داخلی نیزام بکەم، ئەوە لەدەرەوەش ئەو نیزامە پەیڕەوی دەکەن، بڕگەی (4)(اعتماد مراقبی الانتخابات)، من تەسەور دەکەم کێن موراقیبی هەڵبژاردن، غەیری ( ئین، جی، ئۆ) و دەرەوە، ئەگەر بێت و ئێمە ناو بڵێین، ڕەنگە هەندێ خوشك وبرا پێیان باشە، بەڵام خۆ وازحە هەڵبژاردن دەکرێت لەلایەن ( ئین، جی، ئۆ( یۆ، ئێن)ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاوڕاز خان، فەرموو.

**هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من لەخاڵی چوار قسەم هەیە، کە چاودێرانی هەڵبژاردن بە موتڵەقی هاتووە، پێم باشە بۆ نەزاهەتی پرۆژەی هەڵبژاردن و موسداقیەتی هەڵبژاردن، ڕێکخراوکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چاودێرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی بۆ زیاد بکرێت، بەشێوەیەکی گشتیش لەسەر دەسەڵات و ئەرکەکان تێکەڵکردنێك هەیە، لەگەڵ دووبارە بوونەوە لەخاڵەکانی، من هاوڕام و پشتگیری لەڕەئی کاك حمە سەعید دەکەم، کە دەبێت ئەمە لەوێ چارەسەر بکرێت بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر دوو خاڵ هەیە، خاڵی 10 یەکەم: باس لەنووسینگەی ئەو دەستەیە دەکات کە لە پارێزگاکان هەبێت، بەبڕوای من ئێمە چەند قەزایەکی فراوانمان هەیە لەکوردستان، جگە لەوەش ئیدارەی سەربەخۆشمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە بەحەقیقەت پێویستە نووسینگەی ئەو دەستەیەی تێدا بێت، وە پرسیارێکیشم هەیە، ئایا لە دانانی نووسینگەکان ئێمە لەڕووی یاساییەوە دەتوانین لەکەرکووك نووسینگەمان هەبێت؟، چونکە باس نەکراوە، کە بە بڕوای من ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە لە هەموو هەڵبژاردنەکان کێشەی گەورەی ئێمە لە ناوچەدابڕاوەکان و بەتایبەت کەرکووکە، ئەگەر بکرێت نووسینگەی ئەم دەستەیە لە کەرکووك هەبێت ئەوە شتێکی زۆر باشە، دوو: لە خاڵی (11 و12) زۆر باسی سەربەخۆ بوونی ئەو دەستەیە دەکات، من لێرەدا یەك پرسیارم هەیە، ئایا ئەم دەستەیە لە سەرۆکەوە بۆ هەموو ئەندامانی، ئەگەر لایەنگری خۆیان دابڕێ بۆ قەوارەیەکی سیاسی، هەرچەند لە بڕگەیەکی تردا باس لەوە دەکات کە ئەم دەستەیە لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندا دەبێت، بەڵام لە ئەسنای

هەڵبژاردنەکان، ئەگەر کەسێك لەم دەستەیە، چونکە دەتوانێ کاریگەرییەتی هەبێت بۆ لایەنگری خۆی بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی، کێ چاودێرە؟، یان بەرپرسە؟، لە لێپرسینەوەی ئەو کەسە لەوکاتەدا کە ئیدامە بەو خروقاتە نەدات کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشتی عەزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من سەرەبارەت بە ماددەی پێنجەم، خاڵی 8، لێرەدا جارێکی تر تەئیدی ئەو ڕایانەی تر دەکەم کە مەسەلەی پاراستنی نەزاهەتیان باس کرد، کە پەیوەندی هەیە بە ئەرکی دەستەکەوە، ئەوەندە پەیوەندی نیە بە سەلاحیەتەوە، ڕاستە لێرەدا وەکو ئەنزیمەو تەعلیمات دانراوە، بەلام ئەگەر مەسەلەی پاراستنی نەزاهەت کە ڕۆحی پرۆسەی هەڵبژاردنە، ئەمە ئەگەر تەنها سەلاحیەت بێت بە بڕوای من شێوازێکە لە دەسەلاتی حەسری ئەو دەستەیە خۆی، کە ئەکرێ جێبەجێی بکات یان نەیکات، بەلام ئەگەر نەزاهەت وەکو ئەرك دابندرێت، ئەوکاتە زیاتر ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو چاودێری کردن ئەبێت، کە ئەمە زیاتر پاراستن و زەمانەت کردنە بۆ پاراستنی نەزاهەت، هەر بۆیە ئەگەر لەحاڵەتێکدا ئەم خاڵە مایەوە، بۆ دانانی ئەنزیمەو تەعلیمات، ئەبێ ئیزافەی ئەرکێك بکرێت کە پاراستنی سەربەخۆیی و نەزاهەتی هەڵبژاردنە، دواتر میکانیزمی جێبەجێکردنەکەی دادەندرێت، چونکە وەك ئاشکرایە لای هەموومان، میکانیزمی جێبەجێ کردن ڕووبەڕووی لێپرسینەوە نابێت، ئەوەندەی ئەرك زیاتر تووشی لێپرسینەوە دەبێت، سەبارەت بە خاڵی 10 تەعین کردنی منتسبی مکاتب، ئەگەر بکرێت ئەم وشەیە تەحدید بکرێت، تەعین کردنی مونتەسبی مەکاتبی هەڵبژاردن تەنها بۆ دەستەیەکی دیاری کراو تەعین کردن هەبێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە تەعین کردنی فەرمانبەرێکی زۆر ئاپۆڕایەك لە فەرمانبەرمان بۆ دروست دەبێت، کە شێوازێکی ترە لە بارقورس کردنی دارایی حکومەت و لەبەرامبەریشدا ئەگەر هاتو بەشێوازی تەعین کردن بێت، ئەم فەرمانبەرانە قابیلی ئەوەی هەیە، کە ڕۆحی کێبڕکێ و زۆرجاریش کڕینی دەنگیان و لادانیان لەمەسەلەی سەربەخۆیەتی، مەسەلەیەکی ئاسان بێت، بەس ئەگەر بەشێوازی کۆنتراکت بێت و عەقد بێت و بەشێوەیەکی خولی هەم شێوازی سەرپەرشتی و چاودێری کردنیان بەرۆحیەتی مونافەسەوە زیاتر مونافەسە کردنە، سەرەڕای ئەوە لەڕووی داراییەوە، بارقورسیەك نامێنێت لەسەر حکومەت، هەروەها شێوازێك لە بەتاڵی موقەنەعە، وەکو دەزانین ماوەیەکی زۆرە لە خولەکانی هەڵبژاردندا، بێکارییەکی زۆر لەناو ئەم فەرمانبەرانەدا دروست دەبێتەوە، یەعنی ئەمە بەشێوازێکی تر جۆرێکی تر هاوکاری کردنە، بۆ دروست بوونەوەی ئەو بەتاڵەیە، ئەگەر لەبری ئەوە بە گرێبەست موعالەجەی بکرێتەوە یان لەگەڵیدا گرێبەست لەگەڵیدا تۆمار بکرێت شتێکی خراپ نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە زۆربەمان موتەفق بووین لەسەر ئەوەی کە تێکەڵاوییەك هەیە لەبەینی دەسەڵاتەکان و ئەرکەکان، ئەوەی من ئێستا لێرەدا تێبینیم کردووە، لەماددەی پێنجدا، بڕگەی یەك تا چوار، تەقریبەن کۆپی ماددەی سێیەمە، کە بوو بە ماددەی چوارەم، لە بڕگەکانی یەك تا پێنج بەڕاستی هەمووی دووبارە بوویەوە، بەتەنها ئەوەیە لە بڕگەی یەکەمدا، بەهاوکاری و هەماهەنگی، لەگەڵ نووسینگەی پارێزگاکانی بۆ زیاد کراوە، نازانم ئەوەش تا چەند دەگونجێت لەوێ لە ئەرکەکان ئەوەی تێدا نیە، کە هەماهەنگی بکرێت، لەگەڵ نووسینگەی پارێزگاکاندا، بەنیسبەت بڕگەی شەش، ڕاستاندنی کارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە، ئێمە پێشتر هەر لەماددەی سێدا، مەسەلەی دوای تەصدیق کردنی لەلایەن دادگای تەمییزەوە بۆی زیادکرا، وا هەست دەکەم تەنسیقێك نیە لەبەینی ئەو دوو بڕگەیەدا، بەنیسبەت بڕگەی 11 هەست دەکەم زیادەیە، لەبەر ئەوەی لەبڕگەی 12دا نووسراوە، گەڵاڵەکردنی سیاسەتی داراییانەی دەستە، خۆی لەخۆیدا، ئەوەی لە بڕگەی 11 هاتووە لەوێدا جێگای دەبێتەوە، پێویست ناکات لەناو یاسایەك دەربچین و ئەو تەفصیلاتە باس بکەین کە دەرماڵەکەیان چەند بێت و چەند نەبێت، پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێت، لەبەرئەوە ئەگەر بەیاسا ئێمە سەلاحیەت بەو کۆمیسیۆنە نەدەین، یەعنی توانای مەسەلەی سزادانی ماددی و مەعنەوی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر یەکێك یان لایەنێك سەرپێچی ئەو یاسایانەی کرد، دەبێ یاسایەك هەبێت ئەو کۆمیسیۆنەی تەخویل کردبێ تا بتوانێ نەوعێك لە سزا کە ئایا ماددیە یان مەعنەوییە دەبێت دابڕێژرێت، لەوانەیە کۆمیسیۆن خۆی نەتوانێ ئەو سەلاحیەتەی هەبێت، وەکو وتم بڕگەکانی یەك تا چوار ئیزافەن، بەڵام ئەوەی لە بڕگەی چواردا هاتووە، ئەگەر تەماشای بکەین، زۆرلایەن هەیە بەتایبەتیش لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆدا هاتووە، کە مەسەلەی کۆمەڵی مەدەنی زیاد بکرێت، کۆمەڵی مەدەنی ئەمڕۆ شانسی باش بوو، زۆربەیان دیفاعیان لێکرد، بەس من پێم وایە زیادە چونکە لەوێ هاتووە، لە ماددەی سێ هاتووە ئەوەش ئیزافەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت سەلاحیات و مەهامەوە، منیش هاوڕام، لەگەڵ لیژنەی یاسایی باسی ئەوەم کرد، کە لێرەدا دووبارە بوونەوەی زۆر هەیە بەڕاستی ئەو بڕگانەی کە باس لە سەلاحیاتی مەجلسی دەستە دەکات، لەگەڵ مەهامی دەستەکە، جیاوازییەکە ڕەنگە لێرەدا تەنها ئەوە بێت، لێرە سەلاحیاتی مەجلسی هەیئەیە لەوێ بەشێوەیەکی گشتی باس لە مەهامی دەستەکە دەکات، دیارە دەستە فراوانترە لە مەجلسی دەستە، بەڵام بەڕاستی دووبارە بوونەوەی زۆر هەیە، من لەوێش وام پێشنیار کرد کە ئەو خاڵانە زۆربەیان یان دەمج بکرێن یان لابرێن، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستی بە داڕشتنەوەیەکی تر هەیە، پشتگیری لەو فەقەرەی دەکەم کە لیژنەی یاسایی زیادی کردووە، لەشوێنی خۆیدایە، لەبارەی بڕگەی یەکەمی ماددەی شەشەم، کەلیژنەی ناوخۆ پێشنیاری کردووە، من پشتگیری لێ دەکەم، بەتایبەتی کە لێرە ئیدارەو پارێزگای پێکەوە هێناوە، ئیدارە زۆر گرنگە لێرە ببێت، بەتایبەتیش نووسینگەی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم، ئەمەش لێرەدا بەپێویست دەزانرێت، بەڵام ئەبێت لەماددەکانی داهاتوو ئێمە موعالەجەی بکەین، چونکە باسی نووسینگە نەهاتووە، باسی ئیدارەش نەهاتووە، بۆیە دەبێ لەماددەکانی دواتر چارەسەری بکەین، هەم لەگەڵ پارێزگاکاندا ئیدارەی بۆ زیاد بکرێت، خاڵێکیش زیاد بکرێت، بۆ نووسینگەی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم، سەبارەت بە بڕگەی 12 ڕەسمی سیاسەی مالی، هەرچەندە لەسەرەتاوە باس لەوە دەکات کە دەستە میزانیەیەکی سەربەخۆی دەبێت، لەزمنی میزانیەی گشتی هەرێمی کوردستان، خازعیش ئەبێت بۆ چاودێری پەرلەمان، لێرەدا بەکورتی باس کراوە، (ڕەسمی سیاسەی مالی دەستە) چۆن دیاری دەکرێت؟، بڕگەی چەند دەبێت؟، ئایا دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ پەسەند کردن یان چۆن دەبێت؟، ئەگەر باسی ڕەسمی سیاسەی مالی بکرێت، بەڕای منیش ئەوەیە کە خاڵی 11 پێویست ناکات، چونکە لەزمنی ڕەسمی سیاسەی مالی مەنحی دەرماڵەش هەیە بۆ مونتەسبی دەستە، ئەو کاتە بڕگەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەندامان تەواو بوون، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامتان بۆ ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری پێشنیارەکان، پەیوەست بوو بە دووبارە کردنەوەی بڕگەکانی ماددەی سێیەم کە دەنگمان لەسەر داوە، لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە لێرەدا باسی دەکرا، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەکاتی گفتوگۆکردن تێبینی ئەوەمان کرد، فیعلەن تێکەڵاوییەك هەیە، بەڵام مەبەستمان ئەوە بوو لەویش باسمان لەوە کرد، ئەوی ئەرك و مەهامە لێرەدا سەلاحیاتە، وتمان با زیاتر تەئکید بێ، هەرچەندە دووبارەیە، ئیمکانە ئێستا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ڕازی بوون لەسەری ئەو پێشنیارانەی کە باسی لێوە کرا، هەڵبگیرێتەوەو ئیکتیفا بکەین بەوەی کەهەیە، چونکە لەوێ دەنگمان لەسەری داوە، ناتوانین گۆڕانکاری لەسەر بکەین بەو شێوەی کە لەوێ هاتووە، لێرە ئەو زیادەی کەماوە دەتوانین لای بەرین، برادەرێك باسی دامەزراندنی

مونتەسبینی کرد، دامەزراندنی مونتەسبینی لەو دەستەیە تەبعەن بە پێی سیستەمی دامەزراندن کە بەپێی یاساکانی کار پێکراو لەکوردستان ئیشی پێ دەکرێت، بەشێك لە برادەران باسی ئەوەیان کرد، کە ماددەکانی سێیەم دەنگمان لەسەری داوە، کاك زانا باسی ئەوەی کرد ئەوانەی تێدا نیە، بەڵام ئەو ماددەیە بە وازحی باسمان لێوە کردووە، لەماددەکانی تر کە دەنگمان لەسەردا، تەصدیق کراوە زۆربەی زۆری قسەکانی کاك زانا پەیوەست بوو بەوەی کە ئێمە ئیشمان لەسەر کرد، بەنیسبەت هەندێ پێشنیاری تر کە پێشکەش کرا، سەبارەت بە ئیزافە کردنی هەندێ مادده، ئەگەر سەیری ماددەکانی ئەخیری پرۆژەکە بکەین، ئێمە باسمان لێوە کردووە، لە ماددەی 11 دەڵێین(للهیئة العلیا المستقلة للانتخابات في اقلیم کوردستان الاستعانة بالخبراء الدولیین والمحلیین في مجال الانتخابات في مراحل الاعداد و التحضیر و اجراء الانتخابات و الاستفتاءات). لە ماددەی 13 دەڵێت(علی الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات و الاستفتاء التنسیق و التعاون مع منظمات المجتمع المدني و ممثلوا الکیانات السیاسیة لتسهیل عملیة مراقبة الانتخابات و الاستفتاءات و ذلك لضمان نزاهتها، بەشێك لە برادەران باسی گەرمیانیان کرد، ئێمە لەماددەی دووەمی پرۆژەکە بە وازحی باسمان کردووە، لە فەقەرەی دووەم دەڵێین (2- یکون المقر الرئیسي للهیئة في محافظة اربیل عاصمة الاقلیم و تفتح لها مکاتب في مراکز سائر محافظات الاقلیم). والوحدات الاداریة عند الاقتضاء) (والوحدات الاداریة عند الاقتضاء) باسی لێوە کراوە هەرچەندە ناوەکەی بەڕاشکاوی نەهاتووە بەس مەبەستمان ئەو وەزعەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو خاڵانەی کە دووبارەیە ئێمەش پشتگیری ئەو خاڵە دەکەین کە دەڵێت ئەوەی دووبارەیە لێرە لابرێت و پێویست ناکات، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین کە میکانیزمەکەی جێبەجێ کردنی ئەو مەهامانەیە بۆیە لێرەدا هێشتبوومانەوە، بەڵام پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، زۆر لەبەڕێزان جەختیان لەوە کردەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زیاد بکرێت، ئێمە لە بڕگەی 5 لە ماددەی 3 زیادمان کرد، ئەوکاتیش پشتگیریمان لەو پێشنیارە کرد، 5-تنظیم و تنفیذ عملیة تسجیل ممثلي القوائم الانتخابیة ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلامیین الدولیة والمحلیة وغیرهم)، ئەوکاتیش پشتیگریمان لەو پێشنیارە کرد لەسەر ئەو بنەمایە ئەوە زیاد کرا، لەماددەی سێیەم خاڵی 5 دەنگی بۆ درا، باس لە بەشداری کردنی ئیعلام کرا، لەهەمان خاڵ دەنگی بۆ درا لە ماددەی سێیەم، یەکێك لە ئەندامانی باسی لە ساختەکاری کرد، بڕگەیەك لەو ماددەیە زیاد بکرێت، بەڕێزان پێویست بەو بڕگەیە ناکات، لەبەر ئەوەی لەماددەی نۆیەم ماددەیەکی تایبەتمان هەیە، بەشێکی تایبەت کەباس لە شەکاوی هەڵبژاردن دەکات، هەر کەسێك هەست بکات یان گومان لەوە بکات پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێك و پێکی و نەزاهەت ئەنجام نەدراوە، ڕێکاری یاسایی

دەستنیشان کراوە تا بتوانی بەچ شێوەیەك بیسەلمێنێت بەپێی ئەو ڕێکارە یاساییە لەبەشی هەشتەم ماددەی نۆیەم هاتووە، کاك حاکم ڕزگار باسی لە بڵاوبوونەوەی بڕیارەکان کرد، کە لە هیچ شوێنێك باس نەکراوە، لەکوێ ئەو بڕیارانە بڵاودەکرێتەوە، تەنها بۆ بەڕێزیان ئەو بڕگەیە دەخوێنمەوە، بڕگەی 3 لەماددەی نۆیەم، کەباس لەبڵاوبوونەوەی ئەو بڕیارانە دەکات، دەڵێت( 3- تنشر قرارات مجلس الهيئة في ثلاث صحف محلية يومية في الاقليم و باللغتين الكوردية و العربية و للمجلس الحق باصدار صحيفة خاصة لهذا الغرض) هەروەها تانەکان، چەند پێشنیارێکی هەبوو حاکم ڕزگار، کەلێرە باس بکرێت، ئەو وردەکارییانە هەمووی لەماددەی نۆیەم باس کراوە، ماوەی تەعنەکە چ لەلایەنێك بۆی هەیە ئەو تەعنە پێشکەش بکات؟، لەبەردەم چ لایەنێکیش پێشکەش دەکرێت؟، هەموو وردەکارییەکانی تانەو تانە گرتن لەماددەی نۆیەم هەیە، هەیکەلی ئیدارەی هەڵبژاردن و پەسەندکردنی ئەوەش لە بڕگەی یەکەم باسکراوە، کە پێشنیار دەکرێت، لەوێ ئاماژە بەوە کراوە، لەماددەی شەشەم بڕگەی یەکەم، کە ئەو دەستەیە (یصادق علیها مجلس الهیئە)ئیقتراح دەکرێت لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردن و ئەنجومەنی دەستە پەسەندی دەکات، کارتی دەنگدان، ئاماژە بەوەش کرا، ئەوەش هەر وردەکارییە، لەیاساکە ئەو وردەکارییە باس ناکرێت، کە شێوازی دەنگدان چۆن دەبێت، باس لە نەزاهەت کرا، بەڕێزان ئەو دەستەیە سەر بە پەرلەمانە، هەروەکو لەماددەی دووەم دەنگمان لەسەر داوە، پەرلەمان چاودێری دەکات، هەروەها وەکو ئاماژەم پێکرد لەماددەی نۆیەم، باس لەوە کراوە بەتایبەتی خاڵی یەکەم، باس لەدامەزراندنی فەرمانبەران کرا بەشێوەی هەمیشەیی بێت یان بەشێوەی گرێبەست، بەڕێزێك وابزانم ئاشتی خان بوو، کە پێی وایە، بە گرێبەست بێت، ئەوەش بۆچوونێکەو ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کە بەشێوەی هەمیشەیی بێت باشترە، چونکە کە بزانێ بەدائیمیە خزمەتی ئەو دەزگایە دەکات، لەوانەیە ئیشوکارەکانی باشتر بکات، هەرچەند ڕێزم بۆ ئەوانە هەیە کە بە گرێبەست دادەمەزرێن، لەکاتی هەڵبژاردن لەوانەیە ئەو دەستەیە پێویستی بەژمارەیەکی زیاتر فەرمانبەر هەبێت، هەموو ئاگادارین پێش هەڵبژاردن خول دەکرێتەوە، تاکو چەند فەرمانبەرێك شارەزاییەك پەیدا بکەن یاخود فێری ئەو کارە ببن، کەلەماوەی هەڵبژاردن چەند ڕۆژێکە هەفتەیەکە یان چەند مانگێکە ئیستیعانەیان پێ دەکرێت، تا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، ئەوە هیچ ڕێگرێك نیە لەیاساکەدا لەبەردەم ئەوەی کە ئێستا بە گرێبەست چەند فەرمانبەرێك دابمەزرێنن، بەڵام پێویست بەوە دەکات کە چەند فەرمانبەرێکیان هەبێت بەشێوەی هەمیشەیی، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە دیارە تیکراری زۆر تێدایە، ئیحتیمالی حەزفیشی تێدایە، بۆ ئەوەی باشتر صیاغە بکرێت، ئەو پێشنیارانەی کە کردتان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، ئێمە ئێستا دەنگدان لەسەری ناکەین، دەیهێڵینەوە ئیعادەی صیاغەی بکەن، بۆ ئەوەی لەدانیشتنی داهاتوو ئەوەی پێویستی بە حەزف کرد بەدەنگدان حەزفی دەکەین، ئیعادەی صیاغەی بکەنەوە، کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو پێشنیارانەی كەكراوە، مەسەلەن زیاتر لە ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاری كردووە، لە دانیشتنی داهاتوو دەخرێتە دەنگدانەوە یان نا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا موداخەلەكان زۆر بوون، هەمووشی هاوشێوەیە، ئەیهێڵینەوەو هەمووی ئیعادەی صیاغەی بكەنەوە، لەبەردەستی ئەمانیش هەیە، دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا با بچینە سەر ماددەی دواتر، كاك شۆڕش موداخەلەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیاری هەندێ لە برادەران باس لەپاراستنی پرۆسەی هەڵبژاردن بوو، كێ ئەو ئەركە دەگرێتە ئەستۆ؟، من پێم وایە هەموو قۆناغەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەر لە پاراستنی بنكەكان تا دەگاتە پاراستنی فەرمانبەران و دەنگدەران لەئەستۆی هێزەكانی ناوخۆیدایە، ئەوەی تری دەمێنێتەوە بۆ ئەو كێشەو گرفتانەی كە لەكاتی دەنگداندا یان لە خروقاتی یەكێك لەكارمەندەكاندا، یان لەنووسینگەكاندا ڕوو دەدات، ئەوە بەپێی ئەو ئەنزیمەو تەعلیماتانەی كە هاتووە لەیاسای هەڵبژاردنیشدا بە وازحی دیاری كراوە، بۆیە پێویست ناكات لێرە دووبارە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا بۆ ماددەی شەشەم لە پرۆژەكە، كە دەبێت بەماددەی حەوتەم، فەرموون.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێت بە ماددەی حەوتەم:**

**الفصل الخامس**

**الادارة الانتخابية**

**المادة (7):**

**ادارة الانتخابية:**

1 - **تتألف الادارة الانتخابية من المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم وفقاً لهيكلية يتم اقتراحها من قبل رئيس الادارة الانتخابية ويصادق عليها مجلس الهيئة لتنظيم وادارة اعمالها.**

2 - **ترتبط المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم بالهيئة العليا للانتخابات في اقليم كوردستان.**

3 - **تتولى الادارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الانظمة والتعليمات الصادرة من قبل مجلس الهيئة وادارة كافة النشاطات التنفيذية في الاقليم.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن**

**ماددەی شەشەم لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێت بە ماددەی حەوتەم:**

1 - ئیدارەی هەڵبژاردن لەنووسینگەكانی هەڵبژاردن لەپارێزگاكانی هەرێم پێك دێت، بەپێی ئەو پێكهاتەی كە سەرۆكی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن پێشنیار دەكرێت و ئەنجومەنی دەستە پەسەندی دەكات، بۆ ڕێك خستن و هەڵسوڕاندنی كارەكانی.

2 - نووسینگەكانی هەڵبژاردن لەپارێزگاكانی هەرێمدا سەر بە دەستەی باڵای هەڵبژاردن دەبن لەهەرێمی كوردستاندا.

3 - بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن ئەركی جێبەجێ كردنی ئەو پەیڕەو ڕێنماییانەی كە لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە دەردەچن دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها هەڵسوڕاندنی هەموو چالاكیەكی جێبەجێ كردن لەهەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ئەحمەد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیارم ئەوەیە كە كۆبوونەوەكە دوابخەین، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەی كە ئێمە لێرە دەنگی لەسەر دەدەین، دواتر ماددەكانی پێشتر بەڕاستی ڕەنگە گۆڕانكاری دروست بكات بەتایبەتی لە دروست كردنی ئیدارەو لیژنەی هەڵبژاردنی دەرەوەی هەرێم، ئەوانە بەڕاستی، ئەبێ لە ئیدارەی هەڵبژاردن جێگایان بۆ بكەینەوە، چونكە ئەگەر لێرە دەنگیان بۆ بدەین و ئەو ماددەیەش پەسەند نەكراوەو دەنگی لەسەر نەدراوە، پێم وایە جیاوازییەك دروست دەكات، بۆیە پێم باشە كۆبوونەوەكە دوابخرێت، دوای پەسەند كردنی ماددەی پێشوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمه پێشنیارەکه بـه مـەنتقی نـازانین، لەبـەر ئـەوەی ئەگـەر موناقەشـەی بکـەین هـیچ تێکەڵاوییـەك نیـە، لەماددەی دی کـەباسمان کـرد، ئـەوە سـەڵاحیات بـوو، ڕێکـی بکـەین بـەجۆرێك کـە تـەعاروز نـەکات، لەگـەڵ مـاددەی سـێ کـە دەنگمـان لەسـەردا، بـەڵام ئێسـتا ئـەوە دامەزرانـدنی ئـەو ئیدارەیـە، هـیچ پەیوەنـدی بەماددەکانی تر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکرێ ئەوەی کە ئەو برادەرە بەڕێزانە باسیان کرد، ڕەبتی بـە سـەڵاحیەتەوە نیـە، بـەڵام هـەر ماددەیـەکی ئیزافی هات دەکرێت دوایی لەبابەکانی کۆتاییدا لە ئەحکامی خیتامی ئیزافەی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبین، لیژنەی ناوخۆ، فەرموون.\

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بەماددەی شەشەم، ڕای لیژنەکەمان بەم شێوەیە:

1 - ئیدارەی هەڵبژاردن پێـك دێـت لـە ئیـدارەی هەڵبـژاردن و نووسـینگەکانی هەڵبـژاردن، لـە ئیـدارەو پارێزگاکانی هەرێم.

2 - بەبڕیارێك لە ئەنجومەنی دەستەکەوە، لیژنەیەکی تایبەت پێك دێت، بۆ ئامادەکردنی هەیکەلیەتی ئیـدارەی هەڵبـژاردن و پەسـەند کردنـی، لەلایـەن ئەنجومـەنی دەسـتەوە، بەمەبەسـتی ڕێکخسـتن و ئیدارەکردنی کاروبارەکانیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەماددەی شەشەم، بەم شێوەی خوارەوەیە:

لیژنە پێشنیار دەکات ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یەکـەم : بـەڕێوەبردنی هەڵبـژاردن لـەم پێکهاتانـەی خـوارەوە پێـك دێـت و هەریـەکێکیان فەرمانبـەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و دەبێ خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بنەڕەتی بێت .

1- فەرمانگەی کاروباری دارایی .

2- فەرمانگەی چاودێری  و وردبینی .

3- فەرمانگەی پرۆسەکان .

4- فەرمانگەی بنیاتنانی تواناکان .

5- فەرمانگەی کاروباری کارگێری و یاسایی .

6- فەرمانگەی پەیوەندی جەماوەری .

7- نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمدا .

دووەم : کارگێڕی هەڵبژاردن بەرپرسیارییەتی جێبەجێکردنی پێڕەو و ڕێنماییەکانی کە لەلایەن ئەنجومەنی دەستە و بەڕێوەبردنی هەموو چالاکیەکی جێبەجێ کاری لە هەرێم دەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ئێوە ڕەئیەکی ترتان هەیە لەسەری، باشە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن(ئەڤین عومەر، ئارام قادر، عومەر عبدالعزیز، حمە سەعید، دکتۆر دانا، دکتۆر زانا، پەیام خان، ئامینە خان، جمال تاهیر، دکتۆر ئەحمەد، سیوەیل عوسمان، عەزیمە خان، حاکم رزگار، شوان کریم، شڤان ئەحمەد، دکتۆر صباح، ناسك تۆفیق، شلێر خان، عومەر هەورامی)، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی شەشەم خاڵی یەکەم، کە باسی تەشکیل کردنی ئیداراتی هەڵبژاردن دەکات، لەگەڵ نووسینگەکانی هەڵبژاردن، من پێشنیار دەکەم، لەگەڵ ئەوەی کە لە پارێزگاکانی هەرێمدا ئەم نووسینگانە دادەمەزرێن، لەگەڵیدا ئەو ئیدارە تایبەتیانەی کە لە کوردستان هەیە، لێرەدا ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی من وەك ئەوەی خەڵکی گەرمیانم دەزانم لەو ناوچەیەدا، ئەگەر بێت و لەگەڵ ئەو خاڵەی کە لە پێشوودا باسمان کرد، لە مەهامی ئەنجومەنەکەدا، ئەبینین ئینشا و ئیحداسی سجلی ناخبین بەتەنسیق دەکرێت، لەگەڵ ئەو نووسینگانەی پارێزگاکانی هەرێمدا، ئێمە دەزانین لەناوچەکانی گەرمیاندا، سجلی ناخبین لەوێدا تێکەڵیەکی تێدایە، کێشەیەك هەیە، لەبەر ئەوەی لەوێ ماددەی 140 هەیە، هەروەها لە شوێنەکانی تریش هەیە، بەڵام من لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو شوێنەم دەتوانم باسی ئەوێ بکەم، ئێمە سجلی ناخبین لەوێ کێشەی لەسەرە، جا بە بۆنەی ئەوەی کە کێشە لەو شوێنانە هەیە دەبێت چارەسەر بکرێت ئەو کێشانە، وابزانم بە مەکاتبی موحافەزات ئەو کێشەیە لە نزیکەوە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر ئیدارات لەوێ دا خۆیان لە شوێنی مەوقعەکەدابن، وابزانم بە شێوەیەکی باشتر دەتوانن تەنزیمی سجلی ناخبین بکەن کە دەبێتە یەکێك لە مەهامەکانی مەجلسی هەیئە، لێرەدا تەشکیل کردنەکەی دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پێشنیارم هەیە، خاڵی یەکەم سەبارەت بە ئیدارەی ئینتخابی تەئکید کردنەوە لەو پێشنیارەی کاك سالار کە لە گفتوگۆکەی پێشوو دووبارەی کردەوە لێرەدا دەبێت جێگەی بکەینەوە کە ئیداراتی ئینتخابی تەنها باس لە پارێزگاکانی هەرێم کراوە، بوترێت پارێزگاکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم کە مەبەست لە ئەو کوردانەیە کە لە هەندەران دەژین بۆ ئەوەی کە ئەو دەستەیە سەلاحیەتی هەبێت لە پاشەڕۆژ دا بە پێی ئەم فەقەرەی قانونە بتوانێ ئیدارەیەکی تایبەتی دروست بکات بۆ هەڵبژاردن لە دەرەوەی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی 6 ەوە من یەك تێبینیم هەیە و سێ پرسیار لە ماددەی 6 هەیە کە بووە بە ماددەی 7 بۆ لیژنەی یاسایی، بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی من پشتگیری دەکەم کە بەو شێوە تەشکیلاتە بکرێت، بەس ناوبنرێن یەکە، وەحەدات، یەعنی بەم شێوەیە بنووسرێت (تتألف الادارة الانتخابیة من الوحدات الاتیة، الوحدة المالیة، الوحدة الرقابیة، وحدة بناء القدرات، الوحدة الاداریة وحدة الاتصال الجماهیری)، بۆیە عەرەبیەکان دەڵێم لەسەر پێشنیاری جەنابتان کە مادده عەرەبیەکە بکەینە ئەسڵ، دەکرێ بە ئاسانی بکرێ بە کوردی، پرسیاری یەکەم/ باسی رەئیسی ئیدارەی ئینتخابی هەیە، لە هیچ جێگای تر تەبعەن لەم یاسایە باسی نەهاتووە، مەرجی ئەو رەئیسی ئیدارە ئینتخابیە چیە؟ ئایا ئەندامە لە مەجلسی هەیئە، یان هەیئەی عەلیا، یان نا؟ ئەوە نازانم ڕوون نیە؟ پرسیاری دووەم/ لەبڕگەی 2 باسی پەیوەندی مەکاتبی پارێزگاکان کراوە لەگەڵ هەیئەی عولیا، ئالیەتی ئەم پەیوەندیە چۆن تەنزیم دەکرێت لە بەینی مەکاتبی موحافەزات و هەیئەی عولیا؟، پرسیاری سێیەم/ بە نیسبەت مەکاتبی ئینتخابیەوە چۆن تەشکیل دەدرێت؟، یەعنی چۆنیەتی پێکهێنانی مەکاتبەکان چۆنە؟ ئایا لێرە دەیەوێ یان تەعلیماتی بۆ دەردەکرێت؟ ئەوە ئەگەر بکرێت لیژنەی یاسایی وەڵاممان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمه سعید فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئیدارەی ئینتخابیە لە تەشکیلاتی هەیئەکە لەماددەی 4 دا هاتووە کە موناقەشە نەکرا، ئایا موسادەقە دەکرێ و دەمێنێتەوە یان نامێنێتەوە؟ ئەوە بەستراوەتەوە بە کاتی موناقەشەی ئەو ماددەی 4 ەمەوە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی ترم، (تتألف الادارة الانتخابية من المكاتب الانتخابية فى محافظات الاقليم والوحدات الادارية المستقلة والادارات الانتخابية فى خارج الاقليم) دەکرێت ئێمە چەند دائیرەیەکی ئینتخابیش لە دەرەوەی هەرێم بکەینەوە، بۆیە ئەوەشی بۆ زیاد دەکەین، لەبڕگەی 2 دا (ترتبط مكاتب الانتخابية فى محافظات الاقليم) هەر لای ببەین یەکسەربڵێین، چونکە مەکاتبی ئینتخابی وەسفمان کرد لەو شوێنە کە پێکهاتووە موحافەزات و وەحداتی ئیداری و خارجی ئیقلیم، یەکسەر بڵێین بە هەیئەی عولیاوە، بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە ئەو فەرمانگانەی نووسیوە، من پێم باشە ئەم فەرمانگانە یان ئەو بەشانە مدیریات بێت، ئەقسام بێت، یان فەرمانگە بێت، هەرچی بێت ناوەکەی لە تەشکیلەی مەجلسی هەیئە بێت کە تەشکیلەی مەجلسی هەیئە لە 9 ئەندام یان 7 ئەندام پێك بێ لە مەجلسە باڵاکە ئەو تەشکیلانە هەبێت، ئەوە یەك، دوو/ گۆڕانکاریشی تیا بکرێت، گۆڕانکاریەکە من پێم وایە 7 زۆرە بکرێت بە 5، فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی بخرێتە لای دارایی، بکرێت بە فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی، فەرمانگەی بەشە یاساییەکەشی بخرێتە لای بڕگەی 2 فەرمانگەی یاسایی و چاودێری، فەرمانگەی پەیوەندیەکانیش، پەیوەندیە جەماوەریەکان نەبێت، پەیوەندیەکان بە موتڵەقی بە جەماوەر و ئەحزاب و مونەزەمات، بخرێتە پاڵ پرۆسەکان، فەرمانگەی پەیوەندیەکان و پرۆسەکان، هەروەها لە فەرمانگەی بنیادنانی تواناکاندا هۆشیاری بۆ زیاد بکرێت، فەرمانگەی هۆشیاری و تەئهیل، یەعنی فەرمانگەی هۆشیاری و بنیادنانی تەدریب و ڕاهێنان، ئەو تەعدیلاتەی تیا بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە دەقە کوردیەکە تەماشای بڕگەی 1 و 2 بکەین، لە بڕگەی 1 دا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە بڕگەی 2 کارگێری هەڵبژاردن، پێموایە ئەوە تەوحید بکرێت، لەبەرئەوەی مەبەستمان ئیدارەی هەڵبژاردنە لەهەردوو حاڵەتدا، یەکێکیان کارگێڕی هەڵبژاردن هاتووە و ئەوەی تریان بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، پێموایە بەڕێوەبردن تەرجومەیەکی غەڵەتیشە لەو جانبە، بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسایی منیش پێم باشە بەو شێوەیە تەنزیم بکرێت لەبەرئەوەی لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە بەڕاستی زۆر ڕوون نیە ئەو ئیدارەیە چۆن پێك دێ و بە چ شێوەیەکە؟، بەڵام پێم وایە پێشنیاری 6 فەرمانگە کراوە، کە ئەو شەش فەرمانگەیە زۆرە وەك کاك حمە سعید ئیشارەی پێدا دەکرێ هەندێکیان لێك بدرێت، بۆ نموونە نازانم فەرمانگەی بنیادنانی تواناکان بۆ دەبێ ئەرکی ئەو کۆمسیۆنە بێت؟ بەڕاستی من پێموایە دەبێت ئەوەیەکی موختەس و ئەکادیمی ئەو ئیشە بکات، نەك ئەو دەستەیە بیکات؟ یان ئەو ئیدارەی هەڵبژاردنە

بیكات، دەكرێ فەرمانگەی كاروباری كارگێڕی و یاسایی وەك كاك حمە سعید ئیشارەی پێیدا دەمج بكرێ لەگەڵ فەرمانگەی كاروباری دارایی و فەرمانگەی چاودێری و وردبینی، بە نیسبەت ئەو فەرمانگانە من نازانم بۆ دەبێ پلەی بەڕێوەبەری گشتیان هەبێت؟ ئەوەش جێی پرسیارە، ئەگەر هەموو ئەوانی تر وایە كۆمسیۆنەكانی تر، یەعنی فەرمانگەكانیان بەو شێوەیەیە؟ ئەوە دەكرێت لێرەش وابێت، دەكرێ لیژنەی یاسایی ئەوەمان بۆ ڕوون بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پێشنیاز دەكەم، بۆ ئەوەی كە لە ئەشكایەتێك دەربازمان بێت كە لە ماددەكەی پێشوو هەبوو بۆ باسكردنی بوونی دەستەواژەی مەكاتبی ئینتخابات لە ماددەی 5 دا باسی مەكتەبی ئینتخابات كراوە، بەڵام دواتر باسی مەكاتبەكان دەكرێت، من پێشنیار دەكەم جا ئەگەر بە پێی دەقی ئەسڵێ یاساكە بێت یاخود بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بێت، لە بڕگەی 7 كە نووسراوە، 7- المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم، ئەكرێ لەوێدا یەك ئیزافەی بۆ بكرێت كە لە لاپەڕەی پێشوودا هاتووە، ئەویش ئەوەیە، (ويتولى التنسيق مع مجلس الهيئة في عملية انشاء وتحديد سجل الناخبين) یەعنی ئەوەی كە لەپێشوودا هاتووە، لە مەوزوعی مەكاتبی موحافەزات، لەماددەی پێنجەم ئەگەر صیاغە كرایەوە، دەستەواژەی مەكاتبی محافەزات بێنینە دەرەوە، لێرەدا ئیزافەی بۆ بكەینەوە، بەم صیاغەیە كە بڵێین(وتتولى التنسيق مع مجلس الهيئة في عملية انشاء وتحديد سجل الناخبين)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەكەی لیژنەی ناوخۆ دەكەم، كە پێك دێت لە ئیدارەی هەڵبژاردن و نووسینگەكانی هەڵبژاردن لە ئیدارەو پارێزگاكانی هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش بگرێتەوە، چونكە ئێمە خۆمان، من بۆ خۆم كە لە خانەقین بووم كۆمەڵێك مەشاكیلمان هەبوو، لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا، هەندی خەڵك هەبوو كە خەڵكی خانەقین بوون، بەڵام دەمان بینی كە شمولی كردبوون و ماددەی 140 شمولی كردبوون، نە لەهەرێمی كوردستان ناویان هاتبوویەوە نە لە دیالەش ناویان هاتبوویەوە، بۆیە تووشی ئیشكالیاتێكی زۆر بوونەوە، لەبیریشمان نەچێت، ئێمە لە ناحیەی بەمۆ لەگەڵ ناحیەی قۆرەتوو، لەگەڵ مەیداندا، كە سەر بە پارێزگای دیالەن، بەڵام ئەمە لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا، سەر بە ئیدارەی گەرمیانن، بۆیە دەكرێ لەوێ ئیدارەیەكی یان چەند دائیرەیەكی هەڵبژاردن بكرێتەوە، بۆ كار ئاسان كردنی ئەو هەڵبژاردنە، هەروەها ئەو

خەڵکەش تووشی ئەو ئیشکالیاتە نەکرێن، دوای ئەوە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بۆ کردنەوەی فەرمانگەکان، پشتگیری لەوە دەکەین، بەڵام وەکو کاک حمە سەعید و کاک دانا وتیان، دیارە ئەو فەرمانگانە زۆرن، ئەگەر لەیەك بدرێنەوە دواتریش ئەو پرسیارە بۆ بەڕێوەبەری گشتی بێت؟ بۆ بەڕێوەبەر نەبێت؟ ئایا فەرمانگەکانی تر هەر هەموویان بەو شێوەیە کراون، یان نا؟ ئەوە پرسیارێکە حەز دەکەم ڕوونتر بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ ئەو فەرمانگانەی کە دایناوە، لە ژمارە پێنجەوە، بڕگەی پێنجەم دوایش شەشەم دەبێت بە (مرتبط الاتصال الجماهیري ). بڕگەی حەوتەم (7- المکاتب الانتخابیة في محافظات الاقلیم). بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارەی کە لەماددەی پێشەوە باسمان کرد، لیژنەی ناوخۆش تەبەنی کردووە لێرەدا، من پێشنیار دەکەم لێرەدا ئیدارە لەگەڵ مەکاتبی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێم زیاد بکرێت، یەعنی( المکاتب الانتخابیة في محافظات الاقلیم و ادارة المحافظة) لەگەڵ نووسینگەی هەڵبژاردن لە دەرەوەی هەرێم، ئەمەش کە لێرە پێشنیار کراوە لە بڕگەیەکدا جێگای بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە تەنها خاڵی یەکەم کە دەڵێت(تتألف الادارة الانتخابیة من المکاتب الانتخابیة في محافظات الاقلیم وخارجها)، چونکە ئێمە لەماددەی پێشتر پێشنیارمان کرد، بەس نەخرایە دەنگدانەوە کە ئایا لەگەڵیداین یان لەگەڵی نین؟ ئێستا دەتوانین ئیزافەی بکەین یان وەکو خۆی بیهێڵینەوە؟، ئەوی ترمان لەپێشدا نەخستە دەنگدانەوە کە ئایا لەگەڵیداین یان نا؟ ئێستا چۆن دەتوانین موناقەشەی بکەین یان ئیقراری بکەین، یان دەنگی لەسەر بدەین؟، لەبەر ئەوە ئێمە پێشتر وتمان (المکاتب خارج الاقلیم) لێرەدا تێیدا نیە، ئەو پێشنیارە ماوەو دەنگی لەسەر نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره لەم ماددەیەدا من پێم باشە وەکو ئەو پێشنیارەی لیژنەی ناوخۆ، ئیدارەی هەڵبژاردن پێك بێت لە ئیدارەی هەڵبژاردن و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە ئیدارەو پارێزگاکانی هەرێم، ئیدارەشی تێدا بێت، خاڵێکی تر کە لەم پڕۆژەیەدا باسی لێوە نەکراوە، باسی مودیری مەکتەبی پارێزگاکان نەکراوە، ئەمە بخرێتە پڕۆژە یاساکەوە پاشان دروست کردنی لیژنە لەپەرلەمان بۆ سەرپەرشتی دەستە سەربەخۆکان، هەروەها دانانی ئالیەتی دروست بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەو دروست کردنی لیژنە بۆ پالاوتنی ئەندامانی دەستەکە، لەجیاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئالیەتێك دابندرێت بۆ دروست کردنی ئەو دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەگەر ماددەی پێنجەکە ئەم بەشێك بێت لەو ماددەیەی کە تەئجیلمان کرد، پێم وایە وارد نیە، چونکە دەڵێت (تتألف الهيئة من المجلس) لەگەڵ دائیرەی هەڵبژاردن، یەعنی قسەکردن لەسەری پێم وایە ئێمە حەسممان کردبوو، بۆچوونی من ئەوەیە نابێ لە ئیدارەی هەڵبژاردنیش قسە بکەین هەتا دەچینەوە سەر ئەصڵی ماددەکە، ڕاستە ئەم ماددەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەم بەشێکەو تەفصیلاتە، بەس لەناو ماددەی پێنج پێم وایە قسە کردن لەسەری نیە، ئەگەر ئەم تەرحەی من قبوڵ نەبێت، ئەوکاتە قسەی لەسەر دەکەم، ئێستا تەرحەکە قبوڵ نەبوو؟ باشە، ئێستا پێم وایە ئەو ئالیەتەی کەمن دەمەوێت یان پێش ئەوەی بچمە سەر ئەو ئیدارەیەی کە دەمەوێت چۆن تەشکیل ببێت، لێرەدا لە فەقەرەی یەکەم هاتووە، دەڵێت (تتألف الادارة الانتخابية من المكاتب الانتخابية في محافظات الاقليم وفقاً لهيكلية يتم اقترحها من قبل رئيس الادارة الانتخابية) کێیە سەرۆکی ئیدارەی ئینتخابی؟ جارێ سەرۆکی ئیدارەی ئینتخابی دیار نیە، ئەم هەیکەلیەتەش ئەبێت ئەو دیاری بکات، لەبەر ئەوە ئێستا چۆن قسە لەسەر ئەم ئیدارەی ئینتخابیە بکرێت؟، ئەوە هەر بۆ مولاحەزەی خۆتان، ئایا بەردەوام بوون لەسەری پێش ئەوەی قسە کردن لەسەر سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردن واریدە یان وارید نیە؟، من بڕوا ناکەم وارید بێت، ئەگەر ئەم تەرحەش قبوڵ نیە هەتاکو من ئەو ئیدارەی ئینتخابیە دەمەوێت ئاوا بێت، یەعنی ماددەکە بەم جۆرە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ وتت ئاواهی بێت، یەعنی چۆن بێت، ڕوونی بکەرەوە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اللجان الانتخابية في محافظات اربيل و دهۆك والسليمانية، يەعنی (1- تتألف الادارة الانتخابية من اللجان الانتخابية في محافظات اربيل و دهۆك وسليمانية لتنفيذ وادارة المهام المتعلقة بالعملية الانتخابية المنصوص عليها في القوانين والانظمة والتعليمات النافذة وتشكل كل لجنة برئاسة قاضي او مدعي عام لايقل صنف اي منهم عن الصنف الثالث وعضوية ممثل عن المحافظة يرشحه المحافظ لاتقل درجته عن المدير ومدير احصاء المحافظة، او من يمثله من ذوي الخبرة والاختصاص، ويحق لها ابرام العقود المؤقتة مع الموظفين لتسهيل مهامها بعد استحصال موافقة مجلس الهيئة، 2- اللجان الفرعية التي تشكلها لجان المحافظات لتسهيل وتنفيذ العملية الانتخابية في كل مركز المحافظة او القضاء او الناحية حسب الحاجة، يترأسها قاضي او نائب مدعي عام او موظف قانوني وعضوية ممثل عن مركز المحافظة او القضاء او الناحية، واخر عن دائرة الاحصاء يعمل تحت اشراف لجنة المحافظة. 3- المراكز الانتخابية يتحدد تشكيلاتها بنظام من قبل مجلس الهيئة. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نووسین بینووسە و بیدە لیژنەی یاسایی، كاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم لە ئەصلی پرۆژەكە، كە ئێستا ماددەی حەوتەمە، من پشتگیری تەواوی پێشنیارەكەی لیژنەی قانونی دەكەم، كە فەرمانگەكان بەو شێوازەی كە كراوە جیا بكرێتەوە بۆ ئەوەی وازح بێت، بەڵام لە یەكەمەوە دەست پێ دەكەم كە دەڵێ، هەر یەكێكیان فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، من پرسیار دەكەم مەرجە بەڕێوەبەری گشتی بێت؟ ناكرێت بەڕێوەبەر بێت؟، یان ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بێت بۆچی؟، یەعنی من پرسیارەكەم لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەمە تێبینی یەكەم، تێبینی دووەم، لە فەرمانگەكانا فەرمانگەیەكی گرنگ باس نەكراوە، كە فەرمانگەی ڕاگەیاندنە بەڕاستی پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستیەكی گەورەی هەیە بە ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ئەو عیلاقەی لە بەینی دەستەكە هەیە لەگەڵ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، وە بۆخۆشی چی هەیە؟، چ پێویستیەكی بە ڕاگەیاندن هەیە؟، لەبەر ئەوە پێویست دەكات فەرمانگەیەكی ڕاگەیاندن هەبێت، ئەگەر قسەش لەوە دەكرێت كە فەرمانگەكان زیاد دەبێت، دەكرێت فەرمانگەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بكرێت بە فەرمانگەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، یەعنی بكرێت بە یەك فەرمانگە، جیا نەكرێتەوە، بۆ ئەوەی یەك كەسیش سەرپەرشتی بكات، وەلەیەك فەرمانگە جێگەی بكرێتەوە ئەمە دوو، سێهەم/ بە نیسبەت حەوتەمەوە، منیش پشتگیری ئەوە دەكەم لێرەوە بە وازحی نووسینگەكانی هەڵبژاردن یەكە ئیداریەكانی هەرێمیشی تیا جێ بكرێتەوە لەگەڵ دەرەوەی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت منیش وادەبینم، ئیدارەی ئینتیخابی شەقی دووەمی ماددەی چوار، کە ئێستا بوەتە ماددەی پێنج، منیش تەئیدی کاك حاکم رزگار دەکەم، کە ئەمە شەقی دووەمی ئەو ماددەیە کە تەئجیلمان کرد، موحتەوایەکەی دەچێتە ناوەوە، ئەگەر بەردەوام بین لەسەر ئەمە، دەبینم ئەو دائیرانەی کە لیژنەی قانونی، لێرە لە موقتەرەحی لیژنەی قانونیدا هاتووە، هەندێکیان لای من وازح نینە بەراستی، کە دەبینم دائیرەی الرقابە والتدقیق، رقابە و تدقیق لە چ؟، یان دائیرەی عملیات، دائیرەی عملیات بۆچی؟، من پێم باشە ئەو حەوت دائیرە بکرێتە پێنج دائیرە، لە دەرەجەی مدیر بێت، نەوەك لە مدیر عام بێت، یەکەم دائیرەی (شؤون الادارية والمالية)، نزیکی یەکن، دائیرەی اعلام کە کاك شوان باسی کرد، دائیرەیەکی زۆر موهیمە کە نەهاتووە لێرەدا، سێیەم، دائیرەی (تسجيل الناخبين والكيانات والائتلافات والمرشحين)، کە زۆر مهیمە، دائیرەیەکی موهیمە کە ئیشی ئەم هەیئەیە، دائیرەی (بناء القدرات)، یان (تطوير المهارات) بێت، پێنجەم (دائيرة تسجيل الطعون والشكاوى والشؤون القانونية)، هەمووی پێکەوە یەك دائیرە بێت، وە دەکرێت سود لە تەشکیلیەی مفەوەزیەی عولیا وەربگیرێت، لە موفەوەزیەی عولیای عیراق، لەم تەشکیلاتانەی کە لێرەدا هاتوونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، پەیوەندی بە ئۆرگانێك و عوزوی هەیە بە ماددەی پێشوو ترەوە، کە باسی ئیدارەی هەڵبژاردن دەکەین، ئیدارەی هەڵبژاردن دیارە جوزئی موکەمیلی ئەنجومەنی دەستەیە، ئەوەی کەمن تەسەور دەکەم، پێویستە ئەم ماددەیە ئەم بابەتانەی تێدابێت، یەکەم پێناسە، دووەم، پێکهاتە، سێهەم ئەرك و فەرمانەکان، ئەوەی مولاحەزەم کرد سەبارەت بە ئەنجومەنی دەستە کە دیارە موناقەشەکانی دواخرا، تەفسیلاتێکی زۆر تری تیا ڕەچاو کراوە، بەلأم لەمەسەلەی ئیدارەی هەڵبژاردندا، مەسەلەکە زۆر بە ئیجمال هێڵراوەتەوە، یەکەم/ پێناسەکە پێناسەیەکی زۆر وازح و ڕوون نیە، دووەم/ پێکهاتەکانیشی تەنها ئیکتیفا کراوە، ئەو پرۆژەی کە لەبەر دەستماندایە، تەنها ئەڵێت پێك دێت لە نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێم، کە ئەمە بەڕاستی دەقیق و ورد نیە، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی بەڕێز پێشنیازیان کردووە، بەشێك لەو ئیشکالاتانەی حەل کردووە، چونکە باسی پێکهاتەکانی ئەم ئیدارەی هەڵبژاردنەی کردووە، هەرچەندە ئەوەش بوونی فەرمانگەکان بەو زۆریەو بەڕێوەبردنیان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیەوە، خاڵی نیە لە ئیشکال، دەکرێت ئەو فەرمانگانە بەڕێوەبەرێك بەڕێوەیان ببات، بۆیە من پێم باشە تەبەنای صیاغەی لیژنەی یاسایی بکەین، بەلأم بە ورد کردنەوەیەکی زیاتر، بۆ ئەوەی

تەناسوب و تەناسوقێك هەبێت، هەم لە نێوان ئیدارەی هەڵبژاردن، تەنها وەكو گرنگی پێدان لەگەڵ ئەنجومەنی دەستەكەدا، ئەوەی دووەم لە پرۆژەكەدا خاڵی دووەمیان، بەراستی تەحصیلی حاصلە، چونكە نووسینگەكانی هەڵبژاردن لە پارێزگاكانی هەرێمدا سەر بە دەستەی هەڵبژاردن دەبن، وە تەحصیل حاصلەو، هەر برگەیەكە كافیە لەو بارەیەوە، بۆیە من تەئكید دەكەمەوە، كە صیاغەكەی لیژنەی یاسایی بەو جیاوازیەی كە پێویست ناكات فەرمانگەكان بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەیان ببات، بەڕێوەبەرێك كافیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئامینە ذكری كەرەمكە.

**بەڕێز ئامینە ذكری سعید یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەز تەئیدا گۆتنا كاك حاكم رزگار و شڤانی دكەم، چنكی ئەم نیقاشی سەر هەیكەلیەتا یا ڤی ماددەی دكەم، یا كو گرێدایە ماددەی چار و پێنج ڤە، ئەگەر بێم بەحس بكەم رەئیسی دائیرەی ئینتیخابی دێ چەوا دێتە هەڵبژاردن؟، كیە د ئەندامێ وێ هەیئەی بیتن؟، مەرجێت وی چنە؟، كی دێوان دانیتن؟، یا رەئیسێت مەكاتبێت یا مەحافەزاتە، سەلاحیەتێت وان دێ چ بیتن؟، چەوا هێنە دارشتن؟، تشتەكا گرێدایا ب هەیكەلیەتا، ڤێ ئیداریێ ڤە، یەعنی ڤێ مەجلسێ ڤە، ژلایێ دیكەش ئەگە ئەم بێین سەح كەینێ، یەعنی ئەمە مناقەشەی سەر تشتەكی دكەین، بۆ نموونە ئەگەر بێی برگا سێیێ، كاملەن گەل ماددەیا چارێ كو دبێژیتن هەیئە پێك دێتن ژ مەجلسێ ئو ئیدارا ئینتیخابی، ڤێ برگێدا دبێژیت وەسەنا پێچیت كو یا خازعە بۆ مەجلسێ، كو یاساییێدا یەكسانن بەرانبەر ئێك و دوو، یەعنی كو دێ چەوا یا خازع بیتن، ژوان دێ ژی ئەزی دبینم، ئەزی چونكی گرێدایا ب هەیكەلی داخازێ دكەم كو بێتە تەئجیل كرنێ و دیراسا بێتە سەر كرنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرمووو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ كاك حاكم و ئامینە خان، كە بەڕاستی ئەوە ئەو ماددەیە ڕەبتی زۆرە بە ماددەی (5)ەوە، ئەسڵی ماددەكەش، ماددەی شەشەم بڵێین لە ئەسڵی پرۆژەكە كەم و كورتی زۆرە، ئەوانە د.صباح ئیشارەتی پێدا، من حەز ناكەم زۆر لەسەری بڕۆم، بۆیە یەكسەر لەسەر پێشنیارەكەی لێژنەی یاسایی دەڕۆین ئەگەر تەئجیل نەكرا، ئەوان هاتوون بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، جارێ هەر ناوەكەی فیعلە، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، ئایا ئەوە بەڕێوەبەرایەتی یە؟ چیە؟ هەر ناوەكەی، ئەوە یەك، دوو: سەرۆكی ئەوە بەڕێوەبەرە جێگەی نەبۆتەوە، لە ناو پێشنیارەكەی ئەوانیشدان نازانین سەرۆكی ئەو ئیدارەیە چیە

یەعنی؟ ئایا ئەی ئەگەر ئەو فەمانگانە بەپلەی بەڕێوەبەری گشتین، ئەی سەرۆکی ئەو ئیدارەیە چی دەبێت؟ ئەی ئەو ئەندامی دەستە کە دەبێ، بە پلەی چی دەبێت؟ ئینجا ئەگەر ئەو فەرمانگە زۆرە هەیە، بەڕاستی دیسان مەخاوفی ئەوەی کە ئەو کەم کەم و کورتیەی کە لە بودجە هەبوو، بڕێکی زۆر کە لە بودجەی ئەمسالّ ڕۆیی بۆ بودجەی تەشغیلی، دیسان لێرە ژمارەیەکی زۆر، بۆیە ئەگەر هەتا بکرێ کەم بن، یەکیان بخەین، کاروباری دارایی و کارگێری بەیەکەوە بن، یاسایی بچێتە پالّ چاودێری، بەڕاستی پەیوەندییەکان دەبێ ئیعلامی لەگەلّ بێ، چونکە من پێموایە ڕاگەیاندن زۆر زەروورە، ئینجا نووسینگەکان دیار نیە لە چی پێك دێن، بەرپرسەکانیان کێن؟ ئینجا دوای ئەوە دێتە سەر ئەوەی باس لە پارێزگاکانی هەرێم دەکات، ئەوانەی دەرەوە، بەڕاستی ئەوانە هەموو کۆمەڵێ مولاحەزەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، لەگەڵ زیادکردنی دوو بڕگە، نووسینگەکانی دەرەوەی هەرێم، لەگەڵ ڕاگەیاندن دا، هەروەها پێم باشە ئەو بڕگەیەش ئیزافە بکرێت بۆ سەرعەرەبیەکە (یتم محاسبة رؤساء و أعضاء المكاتب الإنتخابية عن إدارة أعمالهم و يتم محاسبتهم و إستبدالهم بصوت أكثرية أعضائهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەو ماددەیە من پشتگیری لە ڕای لێژنەی ناوخۆ دەکەم بەوەی کە زۆر نەچۆتە ناو تەفاصیلی هەیکەل و پەیکەربەندی ئیدارەی ئینتیخابی، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەکانی پێشوو بۆ مەسەلەی ئیدارەکردنی مالی، بۆ دەرکردنی ڕێنمایی، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چاودێران، لەگەڵ میدیاکاران، لە ناوخۆ و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خەبیرەکان، حەقمان داوە بە ئیدارەی ئەنجومەنی دەستەکە، بەرێنمایی ئەو بابەتانە ڕێکبخات، ئەوە خالّێك، خالّێکی تر: ئەوەی کە پێی دەوترێ (بەڕێوەبەری ئیدارەکە)، بە هەمان شێوە بۆ فەرمانگەکانی تریش دەکرێ دواتر بە ڕێنماییەك یان بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنەکەوە دەست نیشان بکرێت، وەکو ئەوەی کە لێژنەی ناوخۆ پێشنیاری کردووە، کە سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە رابسپێرن بۆ ئامادە کردنی ئەم پەیکەرە، ئەوە کە بەڕێزان لە لیژنەی ناوخۆ پێشنیاریان کردووە، من تەسەور دەکەم زۆر واقیعی بێت بۆ ئێستاو بۆ داهاتووش، بۆ؟ لەبەر ئەوەی مەعاییری دەولی بۆ باش بەڕێوە چوونی کاروباری هەڵبژاردن بەردەوام پێشوە چوون بەخۆیەوە ببینێت،

بۆیە لەوانەیە هەندێك مەعاییر لە داهاتووی نزیك كە دروست ببن، وا بكەن كە تۆ فەرمانگەیەكی نوێ دروست بكەیت بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان، بۆیە بە باوەڕی من نەچوونە ناو تەفسیلی بەڕێوەبەرەكان و فەرمانگەكانی ئیدارەی ئینتیخابی كارێكی باش دەبێت، ئەمە بەدوورمان دەخات لەوەی كە سبەی رۆژ ئەگەر دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی كوردستان پێویستی بەوە بێت فەرمانگەیەكی نوێ بكاتەوە لەناو ئەو دەستەیە، یان لەناو ئیدارەی ئینتیخاباتدا، جارێكی تر مەشروعێك تەقدیم نەكەین بەوەی كە هەمواری ئەم قانونە بكرێت و تەنها لەبەر ئەوەی كە فەرمانگەیەك دروست بكەین، واتا ئێمە لە رێی ئەوەی كە نەچینە ناو تەفاسیلی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەكان، سەلاحیەت دەدەین بەو ئەنجومەنەی كە لێرە لە پەرلەماندا دەنگیان پێ دەدرێت و سیقەیان پێ دەدرێت و، مەسئوولن بەرامبەر بە پەرلەمان، ئەوان حەقیان هەبێت پەیكەری ئیدارەی ئینتیخابی دابنێین، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر/ ئەوەی كە لە بڕگەی 3 هاتووە، بزەبت ئێمە ئەو واجبە، ئەو مەسئوولیەتە دەخەینە سەر ئەستۆی ئەنجومەنی دەستەكە، بەوەی كە ئیدارەی ئینتیخابی و ئەوانەی كە كارمەندن تێیدا لە بەڕێوەبەرەوە تا فەرمانبەرێكی ئاسایی لەبەرامبەر ئەم ئەنجومەنە لێپرسراو بن، یەعنی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت، ئەگەر بەباشیش زانرا، ئەنجومەنەكە ئەو كاتە كار دەكات بەپێی ئەو رێنماییانەی لەداهاتوو دەریدەكات، فەرمانبەرەكە، یان بەڕێوەبەرە گشتیەكە، یان هەر كەسێك كەموكوڕی هەبوو، یان لادانی هەبوو لە یاساكە بە رێكاری یاسایی لایبەرێت، بۆیە بە باوەڕی من جارێكی تر دەڵێم چوونە ناو تەفسیلی پەیكەر بەندی ئیدارەی ئینتیخابی تەسەور دەكەم لە بەرژەوەندی پرۆژە یاساكەو ئیدارەی ئینتیخابی نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز كە بۆچوونی باشتان پێشكەش كرد، ئێمە ئێستا لەسەرۆكایەتی دانیشتنەكە دوادەخەین بۆ رۆژی چوارشەممە سەعات (10)، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەین، كە دەیانەوێت پرۆژەكە دەوڵەمەند بكەن، محاوەلە دەكەین رۆژی چوارشەممە تەواوی بكەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەكەین و سەرۆكایەتیش لەگەڵیان كۆ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوازێكی زۆر رێك و پێك دابڕێژێتەوە، تا رۆژی چوار شەممە سەعات (10) بەخواتان دەسپێرین، ئێستاش كۆتایی بە دانیشتنەكەی ئەمڕۆ دەهێنین بۆ رۆژی چوار شەممە سەعات (10)ی بەیانی دەستی پێ دەكەینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 6\10\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## چوارشەممە رێكەوتی 2010/10/6

**کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2010/10/6 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/10/6 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەسـتەی بـاڵای کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جـەژنی ئێزیدیـەکان بەپشـووی فـەرمی لـە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هـەرێمی کوردستان – عێراق.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (4)، ڕۆژی دانیشتن 2010/10/6، بەرنامەی کار:**

**بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (4)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (10)ی سـەرلەبەیانی، ببـوورن بـەهۆی کێشەی تەکنیکیەوە دانیشتنەکەمان سەعاتێك دوا خرا، سەعات (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکەوتی 2010/10/6 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەسـتەی بـاڵای کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جـەژنی ئێزیدیـەکان بەپشـووی فـەرمی لـە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

3- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

4- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**هەروەك هەموو لایەك ئاگادارن کە لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەدوا کۆبوونەوەیدا کە بڕیار درا بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، بۆ بەدواداچوونی ئەو بڕگەو ماددانەی کە لە کۆبوونەوەی پێشتر ڕاو سەرنجیان لەسەر درا، دوێنێ وەکو هەردوو لیژنەی هاوبەش کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا کە (7) سەعاتی خایاند لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشداری کرد، لەدوای پێداچوونەوە بە پرۆژەکەو پێداچوونەوە بە بڕگەو ماددەکانی گشت پرۆژەکەو، بەهەند وەرگرتنی ڕاو سەرنج و تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئێمە وەکو هەردوو لیژنەی هاوبەش گەیشتینە ئیتیفاقێك لەسەر هەموو بڕگەی ئەم پرۆژەیەو، ڕاپۆرتیشمان ئامادە کردووەو دەست نیشانی بڕگەو ماددەکانمان کردووە، بەهەند وەرگرتنی ڕاو سەرنج و تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەنها دوو ماددە نەبێت، یەکەمیان/ ماددە (4)ـە لە ئەسڵی پرۆژەکە، دووەمیان/ ماددەی (13) لە ئەسڵی پرۆژەکە، کەی هاتینە سەر ئەو بڕگانە تەوزیحات و تەفسیلاتی زیاتری دەدەینێ، بۆیەش ئێستا پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەو بڕگەو ماددانەی کە ماونەتەوە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە لە ئەسڵی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، بۆ ئەوەی بڕگە بە بڕگە بە ماددەکاندا بچینەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاوی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەم بکەن، فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## الفصل الثالث

## تشكيلات الهيئة

**المادة الخامسة:**

**تتألف الهيئة من:**

**اولا- مجلس الهيئة**

**ثانيا- الادارة الانتخابية.**

**1- مجلس الهيئة: و يتألف من (9) تسعة اعضاء يختارهم البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان من جميع مكوناته على ان يكون ثلاثة من اعضاء المجلس على الاقل من القانونيين وعلى ان يراعي تمثيل النساء وتكون مدة ولاية الهيئة خمس سنوات تقويمية.**

**2- يشترط فيمن يرشح للمجلس ما يلي:**

**أ- ان يكون من مواطنى الاقليم و مقيما فيه اقامة دائمية.**

**ب- ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية على الاقل.**

**ج- لا يقل عمره عن ( 35 ) خمسة وثلاثين سنة .**

**د- ان يكون من ذوي الخبرة والاختصاص في العمل الاداري والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والاستقلالية.**

**ه- ان لايكون محكوما بجريمة مخلة بالشرف.**

**و- لم يشارك في الجرائم التي خطط لها او ارتكبها نظام البعث في العراق.**

**ز- ان يكون مستقلا من الناحية السياسية.**

**3- يؤدي اعضاء المجلس اليمين القانونية امام مجلس القضاء في الاقليم وبالصيغة التالية:**

**(اقسم بالله العظيم ان أودي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان واخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة الي باستقلال وحياد والله على ما اقول شهيد).**

**4- يكون اعضاء المجلس بدرجة خاصة ومتفرغين لاعمال الهيئة لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد.**

**5- أ- ينتخب المجلس في جلسته الاولى بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه رئيسا ونائبا ومقررا للمجلس ورئيسا للادارة الانتخابية.**

**ب- تكون مدة ولاية رئيس المجلس ونائبه والمقرر ورئيس الادارة الانتخابية سنة واحدة قابلة للتجديد بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه.**

**ج- رئيس المجلس هو الممثل القانوني للهيئة.**

**6- يمارس رئيس المجلس اومن ينوب عنه الصلاحيات الآتية:**

**أ- ادارة اعمال المجلس الادارية والتنظيمية.**

**ب- اعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤسها بما في ذلك اي اجتماع يطلبه ثلاثة من اعضاء المجلس على الاقل.**

ج- اية مهام اخرى يكلفها به المجلس.

7- يكون اجتماع المجلس صحيحا بحضور الاغلبية المطلقة لعدد اعضائه وتتخذ قراراته باغلبية الحاضرين وفي حال تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە ئەسڵی پرۆژەكەمان وەكو خۆی دەمێنێ، ئەمە هی هەردوو لیژنەی هاوبەشە، كە ئێستا پێشكەشی دەكەن، ئێمە لە جەلسەی پێشووتریش گفتوگۆمان لەسەر كردو هێشتمانەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو لیژنەیە راپۆرتی خۆیان دووبارە دابڕێژنەوە لەسەر ئەو كەموكوڕیانەی كە هەبوو، بەلاَم لە ئەسڵی پرۆژەكە ئێمە خوێندمانەوە بە كوردی و بە عەرەبی، رەئی هەردوو لیژنەمان لەسەر وەرگرت، ئێستا ئەمە رەئی لیژنەی هاوبەشە بۆ ئەسڵی پرۆژەكە، یەعنی بۆ ئاگاداریتان، ئەوە پرۆژەیەكی تازە نییەو رەئی لیژنەی هاوبەشە، هەردوو لیژنەكە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەسەر پرۆژەكە كە لە ئەسڵدا خوێندنەوەمان بۆ كرد، بۆیە كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی ناوخۆ و یاسا راپۆرتی هاوبەشمان دانا، بەلاَم ئێستا ئەو راپۆرتە لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەماندا نییەو نەخراوەتە سندوقەكانەوە، بۆیە داوای دواخستنی كۆبوونەوەكە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێشنیارەكەت قەبول كراو حەقی خۆتە، داوا دەكەین ئێستا ئەو پرۆژەیە بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆ كەرەم بكەن.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی سێ یەم**

**پێكهاتەی دەستە**

ماددەی چوارەم

دەستە پێك دێت لە:

یەكەم:ئەنجومەنی دەستە

دووەم :بەرێوە بردنی هەڵبژاردن

1- ئەنجومەنی دەستە:

لە 9 ئەندام پێك دێت كە لە لایەن لێژنەی یەكەی تایبەتەوە پالێوران كە پەرلەمان لە هەمووپێكهاتەكان دروست دەكات كەلەلایەنی كەم 3 ئەندامی ئەنجومەن یاسایی بن و رەچاوەی نوێنەرایەتی ئافرەتان بكرێت و ماوەی كاركردنیان تەنها 5ساڵ دەبێت.

2- دەبێت پالێوراو بۆ ئەنجومەن ئەو مەرجانەی هەبێت:

ا- هاوولاتی ودانیشتووی هەمیشەیی هەرێمی کوردستان-عێراق بێت.

ب-لایەنی کەم خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت.

ج- تەمەنی لە 35ساڵ کەمتر نەبێت.

د- خاوەن تواناو شارەزایی وپسپۆری لەکاری بەڕێوەبردنداو پاك وبێ لایەن وبێت و سەربەخۆبێت.

هـ- بە تاوانێکی (مخلة بالشرف)حوکم نە درابێت.

و- بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێت کە رژێمی بەعس لە هەرێمی کوردستان وعێراقدا نەخشەی بۆ کێشابێ وئەنجامی دابێت .

ز- لە رووی سیاسی یەوە سەربەخۆبێت .

3- ئەنجامدانی ئەنجومەنی دەستە لەبەردەم ئەنجومەنی قەزای هەرێمی کوردستان ئەم سوێندە یاسایی یە دەڵێن:

(سوێندبێ بەخوای مەزن کە ئەرکی یاسایی وپیشەیی خۆم بەئەمانەتەوە ولە خۆبوردانەو بەدڵسۆزی یەوە بە جێبگەیێنم و کار لەپێناو بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشانم بەسەر بەخۆیی بێلایەنی دەکەم و، خواش لەوەی کە دەیلێم شاهێدە).

4- ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی تایبەت تەرخان دەبن بۆکاری دەستە بۆ ماوەی پێنج ساڵ وە دەکرێت تازە بکرێتەوە.

5/ أ- ئەنجومەن لە یەکەم کۆبونەوەی خۆیدا بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەر، بەڕێوەبەری هەڵبژاردن دەست نیشان دەکات .

ب- ماوەی کارکردنی سەرۆك وجێگر و بڕیاردەری ئەنجومەن و بەڕێوەبەری هەڵبژاردن یەك ساڵە ودەکرێ تەنها یەکجاریش بەزۆرینەی رەهای ئەندامان ماوەی کار کردنیان تازە بکرێتەوە.

ج- سەرۆکی ئەنجومەن نوێنەری یاسایی دەستەکەیە.

6- سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەو کەسەی دەبێتە بریکاری ئەم دەسەلاٌتانە پیادە دەکات.

ا- بەڕێوەبردنی کارەکانی بەڕێوەبردن .

ب-ئامادەکردنی خشتەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و گرێدان و سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکان. بەوانەشەوە کەلە سەر داوای سێ لە ئەندامان گرێ دەدرێ .

ج- هەر ئەرکێکی تریش کە ئەنجومەن رایدەسپێرێ.

7- کۆبوونەوەی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی راست دەبێت وبەزۆرینەی ئامادەبوانیش بڕیار دەدات ولەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەرێ بۆ ئەلایە دەبێت کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بۆ ئەوەی ئەم ئیستنساخە بکرێت و لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێز بێت، ئێمە وامانزانی دابەش کراوە بەسەرتان، یەعنی بەحەقیقەت حەقی ئێوەیە، بۆیە سەعاتێك دانیشتنەکە دوا دەخەین، تاکو دێتە لای ئێوەی بەڕێزو پاش سەعاتێکی تر بەدەوام دەبین لەسەری.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ کارەکانتان، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موداخەلە بکەن، دەتوانن ناویان بنووسن، ئەگەر هیچیش نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە بۆ قسە کردن، (پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، عدنان عوسمان، ئاراس، ئەمیر گۆگا، ئارام قادر، د.احمد، عمر عبدالعزیز، حمە سەعید، هاوڕاز خۆشناو، پەروین عبدالرحمن، بێریڤان سەرهەنگ، امینە زکری، جعفر علی، د. زانا، پەیام احمد، عبداللە ملا نوری، شاهۆ سعید، سەرهەنگ، رزگار محمد، سەروەر عبدالرحمن، ناسك تۆفیق، سەرگوڵ، سمیر سلیم، رفیق صابر، عبدالسلام بەرواری، نەریمان عبداللە، کاردۆ محمد، هاژە، ئاشتی عزیز، عبدالرحمن حسین، گەشە، عمر عبدالرحمن، عمر نورەدینی، بورهان رشید، سۆزان شهاب)، کەسی تر نییە؟ کەرەم بکە پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتای قسەکانی دەنگی دەرنەچووە.

لە پەرلەمانـدا قسەی لەسەر دەکرێت، ئێمە گرنگی زۆرمان پێداوەو هەموومان بە ئەهمیەتەوە بە جیاوازی ئیتیجاه و بیروڕاکانەوە، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم کۆمسیۆنە پرۆژەیەکی هەرە گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی یە، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە بە تەواوی تاوتوێ بکرێت، دوای ئەو چەند رۆژ تەئخیر کردنە، ئێمە لە کاتێك دا دێینە سەر قسە کردن لەسەر ئەم مەوزوعە، دەبێ ئێمە بزانین ئیجابیات و سلبیاتی زۆرینە لە چی دایە و ئیجابیات و سلبیاتی کە موقتەرەحێکی پێشتر هەبوو من بۆ خۆم هەتاوەکو ئێستاش لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ناوخۆم کە بە دەنگی دوو لەسەر سێ بێت، سلبیاتی کامیان زۆرتر یان کەمترە، بەبڕوای من ئێمە لە پەرلەمانـدا بۆ خۆمان دوو حاڵەت زۆر ڕۆشنە لەبەرچاومان، یەکێکیان گرفتی زۆینەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دا هەیە، دووەمیان گرفتێکە کە ئێمە لە پەرلەمانی عیراقدا دیسانەوە لە حاڵەتەکەداین زۆر جار لەبەرئەوەی کورد لەگەڵ ئەوەی کەمینەیە لەڕووی ژمارەوە، بەڵام پێداگری زۆر گەورەو گرنگ دەکەین لەسەر ئەوەی کە شتێك نیە بەناوی کەمینە و

زۆرینە لەو حاڵەتانەی کە دێتە ناو بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان و بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانەوە، ئەم پرۆژەیەش لێرەدا وایە، بۆیە بەبڕوای من ناکرێت ئێمە بە دوو فاقی لە عیراق دا تێڕوانینمان بۆ کەمینە و زۆرینە لەبەرامبەر پرۆژە نەتەوایەتیەکاندا شێوەیەك بێت، بەلام لە هەرێمی کوردستاندا بە 180 پلە جیاوازی هەبێت، بۆیە من لەو خاڵەدا بۆ زەمانەتی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوایەتی و بۆ زەمانەتی پاکی و ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان لە ئاییندەی هەر هەڵبژادنێك کە لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن ئەم کۆمسیۆنەوە بکرێت لەگەڵ ئەوە دام کە بە وەرگرتنی ڕای دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بێت، خاڵێکی تر کە هەر لەو ماددەیەیە و دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی موشارەکەی ژنە کە دیسانەوە لە راپۆرتە هاوبەشەکەشدا هاتووە کە باس لەوە دەکات کە (یراعی تمثیل النساء) کە ئەمە بەڕاستی بۆ دڵخۆشکەریە یان بڵێین ناچێتە قاڵبی یاساییەوە کە چۆن موراعاتی نسبەی ژن دەکەی؟ بە چ ئالیەتێك کە پێویستە ئەوە تەحدید بکرێ، چونکە مەبەست لە موشارەکەی ژن لە هەر با بڵێین دەزگایەکی یان دامەزراوەیەکی ئەم هەرێمە مەبەست لێی ڕووکەشی نیە بۆ ئەوەی ژنێك یان دووان دابنێی بۆ ئەوەی بڵێی تەمسیلی ژنانم هەیە، سوپاس

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیارێکم هەیە بە نیسبەت ماددەی (تتألف الهیئة) بۆ نموونە ئەگەر سەیری الاغلبیة المطلقة بکەین لە هەموو بڕگەکاندا هاتووە، ئەگەر زیاتر حەق بدەین بەو کۆمسیۆنە کە بڵێی دیموکراتی تر بێ و ئەغلەبیەی موتڵەقەکە لاببەین بیکەین بە دوو لەسەر سێ ئەوە زۆر زۆر باش دەبێت، یەعنی بۆ نموونە قەرارەکە دوو لەسەر سێی ئەعزای ئەو کۆمسیۆنە بێت هەرچی قەرارێك بێت، هەروەها دەنگدان لەسەر ئەم کۆمسیۆنە لە پەرلەمان بە دوو لەسەر سێ بێت، هەروەها لە بڕگەی (ز) هاتووە (ان یکون مستقلا من الناحیة السیاسیة) زکری نەکردووە ناحیەی سیاسی یەعنی چۆن میکانیزمەکە چیە بۆ ئەوەی بزانین فعلەن ئەمە موستەقل دەبێت لە ناحیەی سیاسی، ئەگەر ئەوە زیاتر ڕۆشن بێت باشتر دەبێت، هەروەها بە نیسبەت پەیمان خانیش ئەوەی گوت کە تەمسیلی نیساء بکرێت بە چەند یەعنی؟ خۆی 9 ئەعزائی تیایە، ئەگەر نیوەی بێت، یان پێنج بە چوار بێت، سێ بە نۆ بێت، یەعنی ئەمە هین نیە، ئەگەر ئەمە لابردرێت بە تەئکید عەددەکە زۆر باشتر دەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، هەموومان ئاگادارین لە یەکەم ڕۆژی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە کۆمەڵێك لە هاورێیانم ئەوەیان دووبارە کردەوە، کە ئەم دەستەیە دەزگایەکی نیشتمانی و نەتەوەییە، هەمووشمان دەزانین دواتر هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی تر بەر ئەنجامی کاری ئەم دەستەیە دەبێت، واتا بەری کاری ئەم کۆمسیۆنە نەخشەی سیاسی هەرێمیش دەگۆڕێت، جا بۆ ئەوەی هەموومان ئەو نیەتە باش و پاکەمان بکەینە واقیع، وا پێویست دەکات دەستە بە دەنگی هەموو پێکهاتەو لایەنەکانی ناو پەرلەمان دابمەزرێت، خۆ ڕەنگە ڕۆژێك دابێت نەخشەی سیاسی ئەم پەرلەمانەش بگۆڕدرێت، ئەوەی ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنە ببێتە دەسەلات و ئەوەی دەسەلاتە ببێتە ئۆپۆزسیۆن، کەواتە بەشداری هەموو پێکهاتەکان بۆ ئایندەی ئەم

نیشتمان و نەتەوەییە، بەڵام نەك بۆ ئەو واقیعەی ئەمڕۆی پەرلەمان، بۆیە داوا دەكەم دەنگدان بۆ دەستەكە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پەسند بكرێت، نەك زۆرینەی رەها، سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی (ج) پێشنیار دەكەم تەمەنی (35)ساڵ بكرێتە (30) ساڵ، چونكە ئێستا كۆمەڵێك گەنج لە بواری هەڵبژاردن تێگەیشتوون، كە ماوەیەكە لە دەزگاو دامەزراوەكانی هەڵبژاردن كار دەكەن، سەبارەت بە خاڵی (ز) سەبارەت بە بێ لایەنی بوونی ئەندامانی، رەنگە كەسانێك هەبن پێش دوو، سێ رۆژ لەكاندید كردنیان واز لە حزبە سیاسیەكانیان بهێنن، بۆیە وا باشە ئەو كەسانە ماوەی چەند ساڵێك بێت كاری حزبیان نەكرد بێت، جا هەشت ساڵ، یان دە ساڵ بێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بین كە سەربەخۆیی تەواوەو ماوەیەكە كاری حزبی نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەدنان كەرەم بكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی دەتوانێت هەرێمەكەمان بپارێزێت، ئەوەی دەتوانێت موئەسەساتێكی شەرعی و تەشریعی بەهێزو كارێگەر لە وڵاتەكەمان دروست بكات، بۆ ئەوەی بتوانێت كابینەیەكی بەهێز دروست بكات، بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتێكی زیاتر لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بكات، بۆیە كە دێم قسە لەسەر دەستەیەكی لەم چەشنەدا دەكەین، لەڕاستیدا دەبێت تێبگەین لەوەی كە دیموكراسیەت تەنها بەكارهێنانی زۆرینە نییە، وەكو پرۆسەیەك، وەكو پرۆسەیەكی دەنگدان، دیموكراسیەت بەشێكە لە مافەكانی زۆرینە، بەڵام بە دیوەكەی تریشیدا، دیوێكی زۆر گرنگ كە ناتوانێت ئەوەكەی تری پێ هێن بكەین پارێزگاری كردنەو پاراستنەو رێز گرتنە لە مافی كەمینەش، بەتایبەت لە دامودەزگا گەلێكی گرنگ و هەستیاری لەم چە شنەدا، من پێموایە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەمڕۆ ئەو رۆژە هەستیارە گرنگەیە، كە ئێمە بەرەو دوو ئاراستە دەبات، ئاراستەیەك، ئەگەر خوا نەكردە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە لیستەكانی تر رەزامەند نەبن لەسەر ئەوەی پێكهاتەكە بەشێوەیەك بێت، كە رەنگدانەوەی هەموو پێكهاتەكانی ببێت لە پەرلەماندا بە زۆرینەی موتڵەقە، وەكو ئەوەی لەم یاسایەدا هاتووە، لەڕاستیدا ئێمە بە ئاراستەی ئەمە دەڕۆین، كە زۆرینە لە پەرلەماندا رێز لە كەمینەكەی نەگرێت، رێز لە ئیرادەی دەنگی دەنگدەرەكانی نەگرێت، رێز لە.............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وەرە سەر ماددەكە، رجائەن وەرە سەر ماددەكە، رەئیت چیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەوەمان بۆ شەرح بكە، ئیحتیراممان بۆ رەئی زۆرینە هەیە، بۆ كەمینەش هەیە، هەموو یاسایەك كە دەدرێتە دەنگدان، دەنگی زۆرینە دەخوات، شەرتیش نییە دەنگی زۆرینە لە لیستێك بێت، یان لە فراكسیۆنێك بێت، لەوانەیە بۆ هەر ماددەیەك جەنابت بێت، یان هەر برایەكی تر لە فراكسیۆنێكی تر دەنگ دەدات، ئێمە رێزمان بۆ دەنگی زۆرینە هەیە، هەروەها رێزمان بۆ دەنگی تاكێكی ئەندامی پەرلەمان هەیە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستت وەكو كێ؟ دەڵێی ئێمە رێزمان هەیە! جەنابت وەكو كێ دەڵێی ئێمە رێزمان هەیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو ئەندام پەرلەمان، وەكو سەرۆكایەتی.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش باسی ئەوەم كردووە، منیش باسی ئەوە دەكەم كە دەبێت زۆرینە ڕێز لە ڕەئی كەمینە بگرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لە هەفتەی ڕابردوودا لە چەند هەفتەیەكدا ئەمەمان تەئجیل كردووە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە هەستیارەو، تكام وایە بوار بدرێت لە چوارچێوەی قانون و ئوصولدا موناقەشەیەكی وردتر لەگەڵ هاوڕێكانی خۆماندا بكەین، چونكە كە لێرە بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم مەسەلەی، ئەمڕۆ بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم مەسەلە حەساسە، چونكە ئەمە پەیوەستە بە ئایندەی سیاسییەوە، پەیوەستە بە ئیستیحقاقات هێزە سیاسیەكانەوە، پەیوەستە بە نزیكیەوە، پەیوەستە بە ئایندەی كورد لە بەغدا، یەعنی بە هەموو مەسائیلەكانی ترەوە، هەندێك مەجال بدرێت بەو مەسەلە، بۆ ئەوەی باشتر قسەی لەسەر بكەین، بە دیوەكەی تریشدا من پێموایە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بڕیاری ئەوە بدەین ئەم موئەسەسە نیشتمانییە تەوافوقی هەموومانی تیا بێت بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، كە لە فراكسیۆنەكان و بەدەنگی خەڵكی كوردستان هاتونەتە پەرلەمان، ئەم موئەسەسەیە بڕیاری لەسەر بدرێت، پێموایە ئێمە دەچینە هەنگاوێكی گەورەوەو، هەنگاوێكی زوو لەو پەرلەمانە دەست پێ دەكات، ئەویش ئەوەیە كە هەوڵی پەرلەمانی كوردستان ئەو دەزگایەیە كە هەوڵ دەدات جۆرێك لە تەفاهوم، جۆرێك لە ئیتیفاق، جۆرێك لە تەوافوق لە كوردستان دروست بێت، بەتایبەتیش لەسەر موئەسەسە نیشتمانییەكان، كە پەیوەستە بە ئایندەمانەوە، بۆیە لەڕاستیدا ئەمڕۆ ئینفیراد كردن، منیش ڕێزم هەیە بۆ دەنگی زۆرینە، لە هەموو جەلسەكانی تردا ڕێزمان گرتووە لە زۆرینەو كەمینە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ ئەم پرۆژەیە ئەگەر بە ئەغلەبیەی موتڵەق بێت، ئەمە حیسابی هەمان پرۆژەو یاساكانی تری بۆ دەكرێت، بەڵام ئەم دەستەیە جیاوازە، ئەم دەستەیە دەستەیەكی موتەخەصیصە، ئەم دەستەیە دەستەیەكی پرۆفیشناڵە، ئەم دەستەیە كە تەحەكوم بە ژیانی سیاسیەوە دەكات، كە تەحەكوم بە پەرلەمان و ئایندەی پەرلەمان و حكومەت دەكات، بۆیە شتێكی مەنتیقیەو، شتێكی یاساییە، ئەمڕۆ ئێمە پەسندی ئەوە بكەین كە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ئەو هەیئە دروست بێت، ئەمەش وا دەكات كە هەموو ئەو پێكهاتانەی كە لە پەرلەمان حزوریان هەیە بە دەنگی خەڵكی كوردستان هاتوون، خەڵكی كوردستان ئیختیاری كردوون، بۆ نموونە (35) كورسی لە پەرلەمان دەكاتە نزیكەی 33%ی دەنگی خەڵكی كوردستان، كە حزوریان هەیەو چەند جارێك داوای ئەوەیان كردووە كە دوو لەسەر سێ بێت، لێرەدا زۆرینە ئەمڕۆ لە پەرلەماندا، خوشك و برایانی ئێمە لە پەرلەمانتاران لەڕاستیدا بەو هەڵوێستەوە بێن، لەگەڵماندا ڕێز لە ئیرادەی و، مەترسیەكان و تەفەهومی مەخاوفەكانی كەمینە، یان ئەقلیە بكەن، لەڕاستیدا مەخاوفێكی زۆر گەورەمان هەیە لەوەی كە ئەم دەستەیە ئەگەر بەو شێوازە دیموكراسیانە نەبێت، ئەم دەستەیە ببێتە هۆكارێك بۆ

ئەقصائى ئۆپۆزسیۆن، بۆ پەراوێزخستنى ئۆپۆزسیۆن، لەڕاستیدا ناتوانین ئێمە وەکو نوێنەرایەتى سەدان هەزار خەڵکى کوردستان لێرەدا تەئیدى شێوازى پێکهێنانى دەستەیەك بکەین، کە ئەو دەستەیە خوا نەکردە ببێتە هۆکارێك بۆ پەراوێزخستنى دەنگ و ئیرادەى ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

نوقتەى نیزام فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

ئەم تەقریرەى بۆ ئێمە هاتووە، ئەوە نییە دوێنێ لە لیژنەى قانونى و لە بەینى هەردوو لیژنە، لیژنەى قانونى و لیژنەى ناوخۆ لەسەرى ڕێکەوتین، یارمەتى بدە، قسەکەم تەواو نەکرد..........

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەى یاسایى ڕەئیتان، با جوابتان بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەرى:**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

هیچ دەستکارییەکى ئەو تەقریرە نەکراوە، بەڕێزان تەوقیعیان لەسەر کردووەو ئەو تەوقیعى کردووە، ئەوەى لەوێ نەبووە ڕەنگە مولاحەزاتى خۆى تەدوین کردیە لەسەر بڕگە و ماددەکانى.

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

یارمەتیم دەدەیت، سێ فەقەرەى نەقصە ئەم ڕاپۆرتەى لێرە هاتووە:

یەکەمیان/ (على الهیئة وضع الآلیات المناسبة لضمان مشارکة المواطنین خارج الاقلیم في الانتخابات)، ئەمە وجودى نییە لەوە.

دوو/ (الاعتماد على الاحصاء السکاني)، وجودى نییە لەو راپۆرتە، هەموو ئەوانەى دوێنێ لەم کۆبوونەوە دابوون ئاگایان لێ بوو ئەوە هەیە.

سێ/ (تعیین منتسبي المکاتب الانتخابیة في محافظات الاقلیم على ان یتم الاستفادة من الملاکات الوظیفیة الفائضة)، ئەمە بۆ من هاتووە تیاى نییە، ئەو سێ نوقتەى تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەى یاسایى ئەو خیلافە هەیە، یان نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونى کمال سعید بەزاز:**

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٧

سالی/ ٢٠١٤ – بەرگی نەوەت و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالی ٢٠١٤

# پێڕست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی چواردەی هەڵبژاردن - **پێنج** شەممە ٢٠١٤/٧/١٧ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی چواردەی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٧/٢٢ ل ١٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی چواردەی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٧/٢٣ ل ٢٥٣

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی دووشەممە (٣٠) پووشپەڕ (٢٧١٤)ی کوردی بەرامبەر بە (٢٠١٤/٧/٢١) زایینی، کۆبوونەوەی ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی هەردوو پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە رۆژی چوارشەممە بەرواری (٢٠١٤/٥/١٤) و دانیشتنی ژمارە (١٤) لە رۆژی دووشەممە بەرواری (٢٠١٤/٧/٧) رەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنە گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێش ئەوەی داخیلی برگە و ماددەکانی یاساکە ببین کە لە ناو راپۆرتەکەدا هاتووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین لەبەر بوونی دوو پرۆژە یاسا لەسەر ئەو بابەتە، لەبەر بوونی چەند تەوسیاتێکیش لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پێشکەش کراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە تەنها راپۆرتی لیژنەی یاسایی ببێتە بە ئەسڵ، دەنگدان لەسەر ئەو برگە و ماددانە بکرێ کە لە ناو راپۆرتەکەدا هاتووە، بفەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا داواکاری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە راپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٧٦) لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١- کە لە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە ناونیشانی پرۆژەکە پێشنیارکراوە کە بکرێ بە (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، ژمارە ( ) ساڵی (٢٠١٤)، لە ناو هەردوو پرۆژەکاندا کە پێشکەش کرا بوو بە ناوی (دەستە) بوو، بەڵام لیژنە داوا دەکات کە ناوی پرۆژەکە بکرێ بە (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی).

٢- مادده و بڕگەكانی ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە هەردوو زمانی (عەرەبی، كوردی) ئامادەكراوە، بۆیە بەڕێز د.بەهار بە زمانی كوردیەكەی دەخوێنێتەوە، منیش بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس تەنها زمانی كوردی بخوێننەوە پێویست بە زمانی عەرەبی ناكات، كاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە گفتوگۆكە لە ناو فراكسیۆنەكان، خۆمان گفتوگۆكانمان لەسەر نوسخە عەرەبیەكە كردووە، لەسەر ئەوەش تەوافق و رێكەوتنمان كردووە، ئەوە كار ئاسانیمان بۆ دەكات، ئەگەر ئێوە ئێستا رایبگەیەنن لەوێ لیژنەی یاسایی یان سەرۆكایەتی پەرلەمان كە ئیعتیماد دەكرێ بۆ یاساكە، ئیعتیماد دەكرێتە سەر نوسخە عەرەبیەكە، من بۆ خوشم پێموایە كار ئاسانی بۆ ئێوەش دەكات ئەگەر نوسخە عەرەبیەكە بۆ وتووێژیش بكەنە گفتوگۆوە، هیوادارم بە هەندی وەربگرن ئەو پێشنیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كامە نوسخە دەكرێتە ئەسڵ بەس ئەو بخوێندرێتەوە كافیە، ئینجا چ عەرەبی بێ یان چ كوردی بێت، بەلأم ئەوان لیژنەی یاسایی كامەیان كردۆتە ئەسڵ گفتوگۆ لەسەر ئەوە بكرێ، ئەوان خۆیان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەڕێزان دەنگیان لەسەر ئەو راپۆرتە دا، ئەو راپۆرتە دەكرێتە ئەسڵ، هەروەها لەگەڵ فراكسیۆنەكانیش لەسەر ئەساسی ئەو راپۆرتە موناقەشەكراوە، بۆیە زەرورە ئەو راپۆرتە ئێستا بە كوردی و بە عەرەبی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی لە پڕۆتۆكۆڵیش تەسجیل بێت، ئەمەشە كە گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من کوردیەکە بخوێنێتەوە لە کوێ کێشە دروست بوو بگەڕێینەوە بۆ دەقی عەرەبیەکە، خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا بۆ ئەوەی بچێتە پرۆتۆکۆڵ، هەردوو دەقەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بڕواتە پرۆتۆکۆڵەوە دوایی موناقەشەی دەکەین ماددە بە ماددە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

دووەم: ماددە و بڕگەکانی ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی کۆمسیاران.

هەرێم بە زەرورمان زانی ئیزافەمان کردووە، لە عەرەبیەکەدا هەیە.

## بەشی دووەم

ماددەی دووەم:

یەکەم: بەپێی ئەم یاسایە کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دادمەزرێت، تاکو ببێتە دەسەڵاتی حصری بۆ هەڵسان بە ئەنجامدانی سەرجەم هەڵبژاردن و راپرسییەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان – عێراق.

دووەم: بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لە پارێزگای هەولێری پایتەختە ، نووسینگەی خۆی لە سەنتەری پارێزگاکانی کوردستانی عیراق و یەکە کارگێڕییەکان دەکاتەوە لە کاتی پێویستیدا.

ماددەی سێیەم:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کۆمسیۆنێکی پیشەیی سەربەخۆ و بێ لایەنە و خاوەنی کەسایەتی مەعنەوەیە و ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت و لە بەردەمیدا بەرپرسە.

ماددەی چوارەم:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- دانانی بنەما و رێسای کارپێکراو بۆ هەڵبژاردنی گشتی و راپرسی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بۆ مسۆگەرکردنی جێیبەجێ کردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و پاك.

٢- سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی گشتی راپرسییەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق.

٣- راگەیاندنی کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکان و راپرسی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤- رێکخستن و جێبەجێ کردنی هەموو جۆرەکانی هەڵبژاردنی گشتی و راپرسییەکان لە گشت ناوچەکانی کوردستانی عیراق.

٥- بەرێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و رێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی دەنگدان.

٦- تۆمارکردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیەکان و پەسەندکردنیان.

٧- رێکخستن و جێبەجێ کردنی پرۆسەی تۆمارکردنی نوێنەرانی لیستەکانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە رێکخراو و رۆژنامەنووسانی نێودوڵەتی و ناوخۆیی و ئەوانی تر.

٨- راگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن و راپرسی بە زووترین کات ، و دەرئەنجامە کۆتاییەکان پاش پەسەندکردنی لەلایەن لایەنی دادگەری تایبەتمەند.

٩- کارکردن لەسەر دروستکردنی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن سەرجەم نێوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیی و پتەوکردنی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێگەی بەردەوام بوونی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

١٠- رێکخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەران، راگەیاندنی ئەنجامەکان لەناو ویستگەکاندا و دابەشکردنی وێنە لە کۆنووسەکانی ژماردن و جیاکردنەوە بەسەر قەوارەکاندا .

## بەشی سێیەم

## پێکهاتەکانی دەستە

ماددەی پێنجەم:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پێك دێت لە:

یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران.

دووەم: کارگێری هەڵبژاردن.

یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران.

١- ئەنجومەنی کۆمسیاران: لە (٩) نۆ ئەندام پێکدێت لە لایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی پاش کاندید کردنیان لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکیدەهێنێت،

هەڵدەبژێردرێن، بەو مەرجەی بەلای کەم دوو لە ئەندامانی ئەنجومەن یاساناس بن و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان مسۆگەر بکرێت و ڕەچاوی نوێنەرایەتی ئافرەت بکرێت و ماوەی ویلایەتی دەستەش (٥) پێنج ساڵی ڕۆژمێرییە.

٢- پێویستە کاندید بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمسیاران ئەم مەرجانەی تێدابێت:

أ- پێویستە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و تیایدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێت.

ب- پێویستە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

ت- تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت.

پ- خاوەنی شارەزایی بێت و شاهێدی لەسەر کارامەیی و دەسپاکی و سەربەخۆیی بۆ بدرێت.

ج- بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

ح- بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا پلانی بۆ داناوە یان ئەنجامیداون بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستان.

خ- پێویستە سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبێت لە کاتی ئەندامێتی.

٣- ئەندامانی ئەنجومەن لەبەردەم ئەنجومەنی دادگەریی لە هەرێمدا بەم شێوەیەی خوارەوە سوێندی یاسایی دەخۆن: (سوێند دەخۆم بەخوای گەورە بەرپرسێتی یاسایی و پیشەیی خۆم بە ئەمانەت و ئەمەك و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و کاربکەم لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی پێم دەسپێردرێت بە سەربەخۆیی و بێ لایەنیی، و خودا شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

٤- أ- ئەنجومەن لە یەکەم دانیشتنی خۆیدا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرێك بۆ ئەنجومەن و سەرۆکێك بۆ کارگێڕی هەڵبژاردن، هەڵدەبژێرێت.

ب- سەرۆکی ئەنجومەن نوێنەری یاسایی کۆمسیۆنە.

٥- سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

أ- بەڕێوەبردنی کارە کارگێڕی و ڕێکخستنەکانی ئەنجومەن.

ب- ئامادەکردنی خشتەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و گرێدان و سەرۆکایەتی کردنیان لە نێوانیشیاندا هەر کۆبوونەوەیەك بەلای کەم سێ لە ئەندامانی ئەنجومەن داوای بکەن.

ت- هەر ئەرکێکی تر کەوا ئەنجومەن پێی ڕاسپێرێت.

٦- کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئامادەبووان دەردەکات و لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵداوە.

دووەم: کارگێڕی هەڵبژاردن

١- کارگێڕی هەڵبژاردن لە نووسینگەی گشتی و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێم و یەکە کارگێڕییەکان پێکدێت بەپێی ئەو هەیکەلیەتەی لە لایەن کارگێڕی هەڵبژاردنەوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیاران پەسەند دەکرێت.

٢- کارگێڕی هەڵبژاردن بەرپرسێتی جێبەجێکردنی پێڕەوو رێنماییەکانی دەرکراو لە لایەن ئەنجومەن و بەرێوەبردنی سەرجەم چالاکییە جێبەجێکارییەکانی لە هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ئەستۆ دەگرێت.

## بەشی چوارەم

## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

ماددەی شەشەم:

**یەکەم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:**

١- دامەزراندن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- پەسەندکردنی تۆماری لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییە کاندیدکراوەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بەشداریکردن تیایدا.

٣- متمانە پێدانی چاودێرانی هەڵبژاردن و بریکارەکانی لیستەکانی هەڵبژاردن و رۆژنامەنووس و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٤-یەکلاکردنەوەی سەرجەم سکاڵاو تانەکانی هەڵبژاردن و بڕیارەکانی شیاوی تانەلێدان دەبن لەبەردەم دەستەی دادگەریی لە دادگای تەمییزی هەرێمدا.

٥- پەسەندکردنی رێکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.

٦- راگەیاندنی دەرئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن و راپرسی پاش پەسەند کردنی لە لایەن دادگای تەمییزی هەرێمەوە.

٧- دانانی ئەو پێڕەوو رێنماییانەی کەوا پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن دەپارێزن.

٨- بڕیاردانی هەیکەلیەتی کارگێڕی هەڵبژاردن.

٩- دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکاندا.

١٠- وێنەکێشانی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆن.

دووەم: کاندیدکردن بۆ دامەزراندن لە پلە باڵاکان لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کۆمسیۆن و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان لە ڕێگەی پێشنیارکردنی سێ کاندید دەبێت بۆ هەر یەکێکیان و لە لایەن ئەنجومەنەوە یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ژمارەی ئەندامەکانی.

## بەشی پێنجەم

## لێپرسینەوەو کۆتایی هاتنی ئەندامێتی

ماددەی حەوتەم:

**یەکەم:** ئەندامێتی لە ئەنجومەن بە یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوە کۆتایی دێت:

١- دەست لەکارکێشانەوە.

٢- مردن یان پەککەوتە بوونی ئەندام لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

٣- دەرچوونی حوکمێکی دادگەریی بنبڕ دەرهەق بە ئەندام لە تاوانێکی ئابڕووبڕدا.

٤- هەڵسانی پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی  ژمارە ئەندامەکانی بە ئیعفاکردنی ئەندامانی ئەنجومەن هەموویان پێکەوە یان بە تاك لە ئەرکەکانیان لەکاتی سەرپێچیکردنیان بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێڕەوەکان.

٥- ئەگەر سەلمێندرا ئەو زانیارییانەی لەکاتی کاندیدکردن پێشکەشی کردوون دروست نین.

**دووەم:** لە حاڵەتی شاغربوونی یەکێك لە کورسیەکانی ئەنجومەن لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی لە بڕگەکانی سەرەوەدا هاتوون ئەوا ئەندامێکی تر بە هەمان میکانیزمی هاتوو لەم یاسایەدا دادەمەزرێت.

## بەشی شەشەم

## مافەکانی ئەندامان

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: ئەندامانی ئەنجومەن ئیمتیازاتی بریکاری وەزارەتیان دەبێت بۆ ماوەی (پێنج) ساڵ و شیاوی نوێ بوونەوەیە.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە دەرماڵەیەك بداتە فەرمانبەرەکانی کە لە دەرماڵەی فەرمانبەرانی ئەنجومەنی وەزیران زیاتر نەبێت.

سێیەم: نابێت ئەندامانی ئەنجومەن لە وەزیفە گشتییەکاندا دابمەزرێن، جگە لە پێگە ئەکادیمیەکان، و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی کارەکانیان وەك کۆمسیار.

چوارەم: کۆمسیاران مووچەی خانەنشینیان بەڕێژەی (٨٠٪) کۆی مووچەکەیان دەبێت دوای کۆتایی هاتنی کارەکانیان جگە لە حاڵەتی ئیقالە و دەست لە کارکێشانەوە یان ئیدانەکردنیان بە تاوانێك کە پەیوەندی بە کارەکەیانەوە هەبێت.

## بەشی حەوتەم
## سکالاکانی هەڵبژاردن

ماددەی نۆیەم:

١- ئەنجومەن دەسەڵاتێکی حصری دەبێت لە جێبەجێ کردنی ڕێکار و پەیڕەو مەدەنییەکان و، پێویستە لەسەری هەر کێسێکی تاوانکاری ڕەوانەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بکات ئەگەر بەڵگەیەکی لا دەستکەوت لەسەر خراپ مامەڵەکردن بە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

٢- پێویستە لەسەر ئەنجومەن ئەو ناکۆکیانەی دەرئەنجامی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دروست دەبێت چارەسەریان بکات و بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتە بە کارگێڕی هەڵبژاردن راسپێرێت بۆ چارەسەرکردنی لە کاتی سەرهەڵدانیدا.

٣- لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی دادگەریی پێکهاتوو لە سێ دادوەری ناخۆتەرخانکار پێکدەهێنرێت بۆ سەیرکردنی ئەو تانانەی لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنەوە دەگیرێن لە لایەن ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە بڕیارەکانی ئەنجومەن زەرەرمەند بووینە.

٤- بڕیارەکانی ئەنجومەن لە سێ ڕۆژنامەی خۆماڵی ڕۆژانە لە هەرێمداو بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاودەکرێتەوە، ئەنجومەن مافی هەیە ڕۆژنامەیەکی تایبەت دەربکات و بۆ ئەم مەبەستە پێگەیەکی ئەلیکترۆنی هەبێت.

٥- تانەلێدان لە بڕیارەکانی ئەنجومەن لە ماوەی سێ ڕۆژ، کە لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی بڕیارەکە لە لایەن ئەنجومەنەوە یان ڕاستەوخۆ لە لایەن زەرەرمەندەکان لە بڕیارەکانی ئەنجومەنەوە دەست پێدەکات، پێشکەشی دەستەی دادگەریی هەرێم دەکرێت.

٦- پێویستە لەسەر دەستەی کارگێڕی ئەو تانانەی پێشکەشی کراون لە ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی تانەکان بۆی یەکلاییان بکاتەوەو بڕیارەکانی دەربارەی تانەکان بنبڕ دەبێت و ڕێکارەکانی سەیرکردنی بۆ تانەکان ملکەچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسای دادبینیی مەدەنی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراوو یاسا ڕێکارییەکانی تری بەرکار لە هەرێمدا لەو شتانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر نەهاتووە.

## بەشی هەشتەم

## حوکمی جۆراوجۆرو کۆتایی

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەن میکانیزمی گونجاو بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێم لە هەڵبژاردن و راپرسیەکاندا دابنێت.

**ماددەی یازدەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە پشت ببەستێت بە شارەزایانی نێودەوڵەتی و خۆماڵی لە بوارەکانی هەڵبژاردن لە قۆناغەکانی ئامادەکردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسییەکان.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەن هەماهەنگی و هاوکاری بکات لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەرەکانی قەوارە سیاسییەکان بۆ ئاسانکاری پرۆسەی چاودێری هەڵبژاردن و راپرسییەکان ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی پاکییان.

**ماددەی سێزدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەن راپۆرتی ناوبەناو دەربارەی ئەرکەکانی ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**ماددەی چواردەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن دەسەڵاتی وەزیری هەیە لە ئەنجامدانی نووسراوی فەرمی لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە فەرمیەکانی تر.

**ماددەی پازدەم:**

١- کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی هەیە کە بەپێی پرنسیپ و رێسا کارپێکراوەکان دادەنرێت کە لەلایەن ئەنجومەن بە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی پێشنیار دەکرێت و پەرلەمان پەسندی دەکات لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم دادەنرێت.

٢- ژمێرەکانی کۆمسیۆن دەکەوێتە بەر وردبینی و چاودێری لە لایەن دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمدا.

**ماددەی شازدەم:**

١- ئەنجومەن پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بە کۆمسیۆن دادەنێت.

٢- ئەرك و پێکهاتەکانی ئەنجومەن بە پێڕەو دیاری دەکرێت.

٣- ئەنجومەن بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لە کاتی پێویستدا بێنێتەکایەوە یان هەڵی بوەشێنێتەوە یان لێکی بدات.

٤- ئەنجومەن بۆی هەیە پێڕەوی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی حەڤدەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی هەژدەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی نۆزدەم:

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر پێویستی نیشتیمانی بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی، و لە پێناو رێکخستنی پێکهاتەو ئەرکەکانی و پێراسپاردنی بە دەستەیەکی باڵای بێ لایەن و سەربەخۆو بەستراو بە پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، روونکردنەوەیەکی بچووك لەسەر مێژووی کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری یاسایی لە رۆژی چوارشەممە لە (٢٠١٤/٧/١٦) کۆبوونەوەکەی خۆی ئەنجامداوە، لێرە تەنها هەڵەیەکی مەتبەعی هاتووە، روونکردنەوە بۆ بەڕێزتان، تکایە.

**مشروع قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**الفصل الاول**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

١- البرلمان: برلمان كوردستان – العراق.

٢- المفوضية: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء.

٣- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

٤- المجلس: مجلس المفوضين.

## الفصل الثاني

**المادة الثانية:**

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات العامة والاستفتاءات على مستوى جميع انحاء كوردستان – العراق.

ثانياً: المقر الرئيسي للمفوضية في محافظة اربيل العاصمة وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات كوردستان – العراق والوحدات الادارية عند الاقتضاء.

**المادة الثالثة:**

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء هيئة مهنية مستقلة ومحايدة تتمتع بالشخصية المعنوية وتخضع لرقابة البرلمان، وتكون مسؤولة امامه.

**المادة الرابعة:**

تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء مايلي:

١- وضع الاسس والقواعد المتبعة للانتخابات والاستفتاءات العامة التي تجري في جميع انحاء كوردستان – العراق لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

٢- الاشراف على الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان - العراق.

٣- القيام باعلان موعد الانتخابات العامة والاستفتاءات وفقا للقوانين النافذة.

٤- تنظيم وتنفيذ كافة انواع الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان – العراق.

٥- ادارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم لضمان حق الاقتراع.

٦- تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها.

٧- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم.

٨- اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات باسرع وقت والنتائج النهائية بعد المصادقة عليها من الجهة القضائية المختصة.

٩- العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.

١٠- تنظيم واجراء عملية العد والفرز لاصوات الناخبين، واعلان النتائج داخل المحطات على ان يزود الكيانات نسخة من محاضر العد والفرز.

## الفصل الثالث

## تشكيلات المفوضية

المادة الخامسة: تتألف المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء من:

اولاً: مجلس المفوضين.

ثانياً: الادارة الانتخابية.

اولاً: مجلس المفوضين:

١- مجلس المفوضين: يتألف من (٩) اعضاء يختارهم البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان على ان يكون اثنان من اعضاء المجلس على الاقل من القانونيين وعلى ان يضمن تمثيل النساء والمكونات وتكون مدة ولاية المجلس (٥) سنوات تقويمية.

٢- يشترط فيمن يرشح لمجلس المفوضين مايلي:

أ- ان يكون من مواطني اقليم كوردستان – العراق ومقيماً فيه اقامة دائمة.

ب- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل.

ت- لايقل عمره عن (٣٠) ثلاثين سنة.

ث- ان يكون من ذوي الخبرة ومشهود له بالكفاءة والنزاهة والحياد.

ج- ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوماً بجريمة مخلة بالشرف.

ح- لم يشارك في الجرائم التي خطط لها او ارتكبها نظام البعث في العراق لقمع الشعب الكوردستاني.

خ- ان لا يكون منتميا الى اي حزب سياسي اثناء عضويته.

٣- يؤدي اعضاء المجلس اليمين القانونية امام المجلس القضاء في الاقليم وبالصيغة التالية: (اقسم بالله العظيم ان اودي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان وإخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة الي باستقلال وحياد والله على ما أقول شهيد).

٤- أ- ينتخب المجلس في جلسته الاولى بأغلبية الثلثين لعدد اعضائه رئيسا ونائباً ومقرراً للمجلس ورئيساً للادارة الانتخابية.

ب- رئيس المجلس هو الممثل القانوني للمفوضية.

٥- يمارس رئيس المجلس او من ينوب عنه الصلاحيات الاتية:

أ- ادارة اعمال المجلس الادارية والتنظيمية.

ب- اعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤسها بما في ذلك اي اجتماع يطلبه ثلاثة من اعضاء المجلس على الاقل.

ت- اية مهام اخرى يكلفها به المجلس.

٦- يكون اجتماع المجلس صحيحاً بحضور الاغلبية المطلقة لعدد اعضائه وتتخذ قراراته باغلبية الحاضرين وفي حال تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

ثانياً: الادارة الانتخابية:

١- تتألف الادارة الانتخابية من المكتب العام و المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الادارية وفقاً للهيكلية المقترحة من الادارة الانتخابية والمصادق عليها من قبل مجلس المفوضين.

٢- تتولى الادارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الانظمة والتعليمات الصادرة من قبل المجلس وادارة كافة النشاطات ذات الطابع العملياتي والتنفيذي والاجرائي.

## الفصل الرابع

## صلاحيات المجلس

المادة السادسة:

أولاً : يمارس المجلس الصلاحيات الآتية :

١- إنشاء وتحديث سجل الناخبين بالتعاون والتنسيق مع الجهات المعنية.

٢- المصادقة على تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها.

٣- اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء القوائم الانتخابية والاعلاميين ومنظمات المجتمع المدني.

٤- البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن أمام الهيئة القضائية في محكمة تمييز الإقليم.

٥- المصادقة على إجراءات العد والفرز.

٦- اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة تمييز الإقليم.

٧- وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها.

٨- اقرار هيكلية الإدارة الانتخابية.

٩- تعيين منتسبي المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية.

١٠- رسم السياسة المالية للمفوضية.

ثانياً : الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في المفوضية والمكاتب الانتخابية في المحافظات يكون باقتراح ثلاث مرشحين لكل منها ويتم اختيار احدهم من قبل مجلس المفوضين باغلبية الثلثين.

## الفصل الخامس

## المسائلة وانتهاء العضوية

المادة السابعة:

أولاً: تنتهي العضوية في المجلس لأحد الاسباب الآتية:

١- الاستقالة.

٢- الوفاة أو عجزا للعضو عن أداء مهامه.

٣- صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف.

٤- إعفاء برلمان كوردستان أعضاء المجلس مجتمعا أو منفرداً من مهامهم عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون والأنظمة باغلبية الثلثين.

٥- إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة.

ثانياً: في حال شغور احد مقاعد المجلس لأحد الأسباب الواردة في الفقرات أعلاه يتم اختيار عضو أخر بنفس الآلية الواردة في هذا القانون.

## الفصل السادس

## حقوق الاعضاء

المادةالثامنة:

اولا: يتمتع اعضاء مجلس المفوضين (بامتيازات وكيل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد.

ثانيا: لمجلس المفوضين منح مخصصات لموظفيه لاتتجاوز المخصصات الممنوحة لموظفي مجلس الوزراء.

ثالثا: جميع اعضاء مجلس المفوضين لايمكن تعينهم في وظائف عامة، باستثناء المناصب الاكاديمية، ولمدة ثلاث سنوات من تاريخ انتهاء مهمتهم كمفوضين.

رابعا: يتمتع المفوضون براتب تقاعدي يبلغ ٨٠٪ من مجموع ما كانوا يتقاضوه من رواتبهم بعد انتهاء مهامهم عدا حالات الاقالة والاستقالة او الادانة بجريمة لها علاقة بعملهم.

## الفصل السابع

## الشكاوي الانتخابية

المادة التاسعة:

١- يتمتع المجلس بسلطة حصرية فيما يتعلق بالتنفيذ المدني لاجراءاته وانظمته ويجب على المجلس ان يحيل اية قضية جنائية إلى السلطات المختصة إذا توفر لديها دليلا على سوء تصرف جنائي يتعلق بنزاهة العملية الانتخابية.

٢- على مجلس المفوضية حل النزاعات الناجمة عن إعداد وتنفيذ الانتخابات العامة والاستفتاءات وله ان يفوض هذه الصلاحية للإدارة الانتخابية لحلها حال وقوعها.

٣- تشكل في محكمة تمييز إقليم كوردستان هيئة قضائية مكونة من ثلاث قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون التي تقدم على قرارات المجلس من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة.

٤- تنشر قرارات المجلس في ثلاث صحف محلية يومية في الإقليم وباللغتين الكوردية والعربية، وللمجلس الحق بإصدار صحيفة خاصة وانشاء موقع الكتروني لهذا الغرض.

٥- تقدم الطعون في قرارات المجلس إلى الهيئة القضائية في الإقليم خلال مدة ثلاثة أيام تبدأ من اليوم التالي لنشر القرار من قبل المجلس أو من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة.

٦- على الهيئة القضائية حسم الطعون المقدمة إليها خلال مدة عشرة أيام من تاريخ تقديم الطعن إليها وتعتبر قراراتها بشأن الطعون باتاً ويخضع إجراءات نظرها للطعون لأحكام هذا القانون مع مراعاة قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل والقوانين الإجرائية الأخرى النافذة في اقليم كوردستان فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

## الفصل الثامن

## إحكام متفرقة وختامية

المادة العاشرة:

على مجلس المفوضين وضع الآليات المناسبة لضمان مشاركة المواطنين خارج اقليم كوردستان - العراق في الانتخابات والاستفتاءات.

المادة الحادية عشر:

لمجلس المفوضين الاستعانة بخبراء دوليين ومحليين في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضير وإجراء الانتخابات والاستفتاءات.

المادة الثانية عشر:

على مجلس المفوضين التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني وممثلو الكيانات السياسية والاعلاميين لتسهيل عملية مراقبة الانتخابات والاستفتاءات وذلك لضمان نزاهتها.

المادة الثالثة عشر:

على مجلس المفوضين إعداد تقارير دورية عن مهامها وتقديمها إلى البرلمان.

المادة الرابعة عشر:

لرئيس مجلس المفوضين صلاحية الوزير فيما يتعلق بالمخاطبات الرسمية مع الوزارة والدوائر الرسمية الاخرى.

المادة الخامسة عشر:

اولاً: تكون للمفوضية ميزانية سنوية مستقلة يتم اعدادها وفقا للاسس والقواعد المتعارف عليها تقترح من قبل مجلس المفوضين بالتشاور مع وزارة المالية يصادق عليها البرلمان وتدرج ضمن الموازنة العامة للاقليم.

ثانياً: تخضع حسابات المفوضية للتدقيق والرقابة من قبل ديوان الرقابة المالية في الإقليم.

المادة السادسة عشر:

١- يضع مجلس المفوضية نظام داخلي خاص به.

٢- يحدد بنظام مهام وتشكيلات المفوضية.

٣- للمجلس المفوضين استحداث أو الغاء أو دمج مديريات أو أقسام أو شعب عند الاقتضاء.

٤- للمجلس المفوضين اصدار الأنظمة اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السابعة عشر:

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الثامنة عشر:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ إحكام هذا القانون.

المادة التاسعة عشر:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

**الأسباب الموجبة**

نظراً للحاجة الوطنية الملحة إلى تأسيس هيئة عليا مستقلة لإجراء الانتخابات والاستفتاءات، وبغية تنظيم تشكيلاتها ومهامها وإناطتها بهيئة عليا محايدة ومستقلة ومرتبطة ببرلمان كوردستان ـ العراق، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا برگە بە برگە راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنەی کاروباری یاساییە دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، دەنگدانی لەسەر بکرێ، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پێشنیاری لیژنەی یاسایی ناونیشانی پرۆژەکەیە کە ببێت بە (یاسای کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس گفتوگۆ دەکات لەسەر ئەمە؟ د.شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى(د.شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ناونیشانەکە درێژە هەر بەو شێوەیە بنووسرێ (کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان)، ئەو ئیستفتایە زیادە لە موهیمەکانی ئەم کۆمسیۆنە ئەوەبێ کەوا ئیستفتا بکات، ئینجا چ ئیستفتای خاص بێ، یان عام بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بێگەرد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ گۆڕینەکە دام (کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، هەرێم بڕیار بوو لای ببەین بیکەینە کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی تێدا نییە، کوا؟ ئێستا لە یەکەم داین، پێش پێناسەکان، ناونیشانی پرۆژەکە بکرێتە (یاسای کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ناونیشانەکە مەبەستم ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دوێنێش قسەمان لەسەر کرد، یەعنی (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کوردستانی عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا وشەی راپرسی لێرە ئەوەندە گرنگە هەڵبژاردن ئەوەندە گرنگ نییە، چونکە ئێمە راپرسی لەبەر دەماندایە، هەر دانانی ئەم پرۆژەیە لە ئەسڵدا خۆ هەر پێویست نییە، ئەنجومەنی قەزا دەتوانێ راپرسیش بکات، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کۆمسیۆنێکمان هەبێت، کۆمسیۆنەکەمان دەنگدانەوەیەکی هەبێ لەبەر راپرسیەکە ئەوە یەك، من هەر لەبەر ئەوە دەنگی پێ دەدەم ئەگەر نا ئەنجومەنی دادوەری دەتوانێ راپرسی بکات و ئەم هەموو مەسروف دامودەزگا و ناو و ناونیشانەش هەر پێویست ناکات، بەڵام ناوێکی خۆشە بۆ مەسەلەیەکی دەولی و بۆ دەنگدانەوەی لە پەرلەمان با ئەمەمان هەبێ، راپرسی لێرە گرنگترە لە مەسەلەی هەڵبژاردن ئەوە یەك، دوو: من لەسەر کۆی شتەکان رام هەیە، بەڵام قسە ناکەم و دەنگیشی پێ دەدەم، زمان لێرە وێران بووە ئابرووبڕ یەعنی چی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە با بێینە سەر ئەو ماددانە ئێنجا ئەو کاتی کاك فەرهاد، ئێستا تەنها (٣) کەس گفتوگۆی لەسەر کرد، بەڵێ، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان نوسخەی یەکەم و ئەوەی ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێ، کەواتە دەبێ دەنگدان بکرێ لەسەر ناوەکە، ناوەکەش هەر وەکو پێشتریش ئیتیفاقمان کردووە ئەوهایە وەکو لە ڕاپۆرتەکە هاتووە (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، چونکە دەبێ دەنگدانی بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەکە هاتووە دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی داوا دەکات ناونیشانی پرۆژەکە بکرێتە (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمار ( ) ساڵی ٢٠١٤)، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٨٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، زۆر سوپاس، بەڕێزان دەمەوێ تەنها

ڕوونکردنەوەیەکتان بدەمێ ئێستا لیژنەی پێشمەرگە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەو پڕۆژە بڕیارانەن کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەبارەت بە ڕەوشی پێشمەرگە لە ناوچە جێ ناکۆکەکان هاتۆتە کایەوە ئامادەی دەکەن، پڕۆژە بڕیارەکان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی هەر لە چوارچێوەی ئەم دانیشتنانەماندا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بەڕێز د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی لە چەند ڕۆژی داهاتوو لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئێمەشدا تەنها پڕۆژە یاساکە بە زمانی عەرەبی گفتوگۆی لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین لە بەڕێزتان کە ماددە بە ماددە تەنها دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژە بکرێ کە لە ناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الاول

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- البرلمان: برلمان كوردستان – العراق.

٢- المفوضية: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء.

٣- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

٤- المجلس: مجلس المفوضين.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك ناو لەلای من ناویان نووسیوە لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە، بەس ماددەکانمان بۆ دیاری بکەن، ئەگەر زەحمەت نەبێ بە نووسین بۆمان بهێنن، یەکێك لەوانە بەڕێز (سهام عمر) لەسەر چ ماددەیەك بە تەحدید دەتەوێ گفتوگۆ بکەی، پاشان بەڕێز (فرحان جوهر) ماددەکەمان بۆ دیاری بکەن هەردوو ئەو بەڕێزانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەشێكی دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ مەسەلەی راپرسییە لەسەر مەسەلەی كوردستانی بوونی هەندێك ناوچە، یەعنی چی بە عەرەبی موناقەشە دەكرێ، یەعنی ئەو دوو فاقییە بۆ؟....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شتێكی زۆر ئاساییە لەبەر ئەوەی راپۆرتەكە لە سەرەتا بە عەرەبییە، ئەسڵەن پڕۆژە یاساكان بە عەرەبی پێشكەش كراون.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلأم مادام بە كوردی هەیە بۆ بە كوردی گفتوگۆ نەكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوردیەكەی بە پەلە تەرجومە كراوە، لیژنەی یاسایی رەنگە پێی باش بێ كە عەرەبیەكە موناقەشە بكرێت.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەوەی لیژنەی یاسایی هەموو ئیشەكانی بە پەلەیە، یەعنی ئەوە بۆتە گرفت بۆ پەرلەمانی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا، ئێوە كە بەشێكن لەوانەی فراكسیۆنی ئێوە و فراكسیۆنەكانی تریش دوو پڕۆژە یاسا كە هاتۆتە بەر دەستمان بۆ ئەم كۆمسیۆنە، هەردوو پڕۆژە یاساكە بە عەرەبی ئامادە كراوە، ئێوەش دەتان توانی باشتر تەتەڵەی بكەن بە كوردی دایبڕێژن، بە كوردی بیدەن بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بە كوردی موناقەشە بكرێ، د.ڤالأ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گفتوگۆكە بە زمانی كوردی دەكرێتن، تەنها دەنگدان و خوێندنەوەی ماددەكە بە نەصی عەرەبییە، گفتوگۆ بە زمانی كوردیە بە زمانی عەرەبی گفتوگۆ ناكرێ لەسەر پڕۆژەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی یەكەم دەخەینە گفتوگۆوە، كێ لەسەر ماددەی یەكەم قسە دەكات؟ د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، من پێشنیار دەکەم دائیرەی ئینتیخابیشی بۆ زیاد بکرێ، ئێمە پێناسەی پەرلەمان و کۆمسیۆن و ئەنجومەنمان کردووە، پێشنیارەکەم ئەوەیە کە دائیرەی ئینتیخابیش پێناسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم دوو چەمکی تر زیاد بکرێ بۆ ڕوونکردنەوە، لەبەر ئەوەی لە ناو پرۆژە یاساکە زۆر دووبارە بوونەتەوە، ئەویش (العملیة الانتخابیة) پرۆسەی هەڵبژاردن لەگەڵ ڕاپرسی، لەبەر ئەوەی کە زۆر دووبارە بۆتەوە بۆ ئەوەی کە وازح بێت و مەتاتیەتی تێنەکەوێ، هەروەها عورفێکیشە لە زۆربەی یاساکانی دونیادا ئەم چەمکانەی کە زۆر دووبارە دەبێتەوە، پێناسە دەکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دوو چەمکەش بخرێتە ناوی، ئەگەر چی ئەو دوو چەمکە دوو چەمکی سیاسین پێناسەی دیاریکراویان هەیە لە قامووسی سیاسیدا، بەڵام دیارە هەر چەمکێکیش کە پێناسە دەکرێ پێناسەی جۆراو جۆری بۆ دەکرێ لە خولگەیەکدا دەخولێتەوە کە یەك مانا دەبەخشێت، ئێمە شتێك هەڵبژێرین کە لەگەڵ یاساکەی خۆماندا بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی دەقی ماددەکە جارێکی تر بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، دوایی پێشنیار هەبوو بۆ ئیزافە ئەویش دەخەینە دەنگدان، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

یقصد بالمصطلحات والتعابیر الاتیة المعاني المبینة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- البرلمان: برلمان کوردستان — العراق.

٢- المفوضیة: المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء.

٣- الاقلیم: اقلیم کوردستان — العراق.

٤- المجلس: مجلس المفوضین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٨٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، روونکردنەوەی ئێوە لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو زیادکراوانەی کە داوا کرابوون؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە داواکرا تەنها یەك پێشنیار بوو لەسەر ئیدارەی ئینتیخابی کە پێناسە بکرێ، ئیدارەی ئینتیخابی لە هەر شوێنێك کە هاتبێ ئێمە نەمان گوتووە ئیدارە بە تەنها، گوتوومانە (الادارة الانتخابية)، کە دەڵێ (الادارة الانتخابية) ئەوە پێویستی بە پێناسە ناکات، کە پێناسەی (مجلس)مان کردووە گوتوومانە (مجلس) بۆیە پێناسە دەکەین (مجلس المفوضين)ە لە هەموو یاساکەدا تەنها ناوی (مجلس)مان بردووە، بۆیە ئەوە پێویستی بە پێناسەیە، بەڵام لە هیچ شوێنێك نەمان گوتووە (الادارة) بە تەنها، گوتوومانە (الادارة الانتخابية) ئەوەیان پێویستی بە پێناسە ناکات، ئەو دوو پێشنیارەی تر کە باسکرا بۆ پێناسە ئەویشیان هەر موعەرەفن، لەو یاسایەدا پێویستی بە پێناسە ناکات، چ بۆ عەملیەی ئینتیخابی، عەملیەی ئیستفتا، ئەوانە هەردووکیان موعەرەفن پێشتر پێویستی بە پێناسە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەبەر ئەوەی کە داواکراوە فراکسیۆنەکان خۆیان داوایان کردووە کە ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، بۆیە رەچاوی ئەوە ناکەین هەر پێشنیارێك (٣) کەسی لەگەڵ نەبوو نەیخەینە دەنگدانەوە، هەر پێشنیارێك کە لەلایەن هەر ئەندامێکی پەرلەمانەوە دەکرێ دەیخەینە دەنگدانەوە بە تایبەتی ئەگەر ئەوها بەم شێوەیە بێت ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، کاك رابوون فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفێك هەیە لە پەرلەمان کاری پێدەکرێت کە هەر پێشنیارێك ئەگەر (٣) کەس دیفاعی لێ نەکات ناخرێتە دەنگدانەوە، دوایی کێشەتان بۆ دروست دەکات بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو، چونکە تۆ ئەگەر ئێستا بیخەیتە دەنگدانەوە بۆ (١) پێشنیار، دوایی بۆ هەموو دانیشتنێك مولزەم دەبی بە درێژایی چوار ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەم دانیشتنە بە شێوەیەکی تایبەت ئەوە رەچاو دەکەین کە هەر پێشنیارێك لەلایەن (١) ئەندامیشەوە پێشکەش کرا دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی پێویستمان بەوە نەبێ ژمارەیکی زۆرتر ئەندامی پەرلەمان

موداخەڵە بکات و داوای ئەوە بکات پشتگیری لە ئەندامەکەی تر بکات، بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری ئەوە کرابوو کە پێناسەی ئیدارەی ئینتیخابی ئیزافە بکرێ، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٤١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، ئەو دوو پێشنیارەی تریش تکایە لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیارەکەی تر تایبەت بوو بە (العملية الانتخابية وعملية الاستفتاء).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە پێشدا (العملية الانتخابية) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە (العملية الانتخابية) ئیزافە بکری بۆ پێناسەکان؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٤٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند نەکرا، ئێستا پێشنیاری دووەم، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم (عملية الاستفتاء).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا (عملية الاستفتاء) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئیزافە بکری بۆ پێناسەکان؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٤٠) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، کەواتە بەڕێزان ماددەی یەکەم وەکو خۆی پەسەندکرا بە بێ دەست کاری، ئێستا ماددەی دووەم تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**المادة الثانية:**

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان — العراق.

ثانياً: المقر الرئيسي للمفوضية في محافظة اربيل العاصمة وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات كوردستان — العراق والوحدات الادارية عند الاقتضاء.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی دووەم؟ ناوەكان (مامۆستا ماجد، د.عبدالله، كاك عمر عینایەت، بەهار خان، كاك بەهزاد، كاك قادر)، فەرموو د.عبدالله.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس دووەم ئیحتیماله له لای لوغەوی بێت (المقر الرئيسي للمفوضية في محافظة اربيل)، یەعنی بەس ئەگەر عەكس دەكەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لوغەوی دوایی چاك دەكرێ، له سیاغەدا چاك دەكرێت، مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەینەن مولاحەزەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات العامة) لێرە دەبێ (عامە)كە لاببرێ، یان (خاصە)شی لەگەڵدا دابنرێ، لەبەر ئەوەی هەندێك جار لە یەك پارێزگا هەڵبژاردن دەكرێ كە وتت (عامە) دەبێ گشتگیر بێ، یان (عامە)كە لابرێ، یان ببێتە (الانتخابات العامة والخاصة) ئەوە خاڵێكیان، ثانیاً: (في مراكز محافظات كوردستان – العراق والوحدات الادارية)، (الوحدات الاداریە) پێویست ناكات، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەبەستیان ئیدارە سەربەخۆكانە، ئیدارە سەربەخۆكان بە پێی هەیكەلی تەنزیمی لە شوێنی نییە ئەو (الوحدات الاداریە) لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەم یەكەكارگێڕیانە هەیە كە دەڵێ لە كاتی پێویستدا بكرێتەوە، لە روانگەی دوو شتەوە كە نا روونی لە یاساكەدا دروست دەبێت، چونكە یەكەی كارگێڕی پێناسە نەكراوە نازانی چۆنە، دووەمیشیان لە روانگەی ئەوەی ئیشكالیاتمان بۆ دروست نەبێ، ئەم یەكە كارگێڕیە چۆن دەكرێتەوە،

پێکهاتەی چییە، کە خودی کۆمسیۆن خۆی پێکهاتەکەی ئیشکالە، ئەم یەکەکارگێڕیە لە کاتی کردنەوەیدا ئیشکالات دروست دەکاتەوە، بۆیە پێویست دەکات زۆر بە وازحی یەکەی کارگێڕی هەبێت لە پڕۆژەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک قادر وتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر وتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسینگە تەنها لە سەنتەری پارێزگاکانی کوردستانی عێراق، یەعنی بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەشەوە، یان هەر تەنها ئەو پارێزگایانەی کە ئێستا لە ژێر فەرمانڕەوایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دان، ئەگەر تەنها ئەو پارێزگایانە بێ من پێم باشە کە نووسینگەی کۆمسیۆنەکە یان دەستەی هەڵبژاردنەکە تەنها لە پارێزگاکان نەکرێتەوە، بەڵکو لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ ئەوەی بێ بە یاسا لە راستیدا هەدەفی سەرەکی گێڕانەوەی ئەو ناوچانەیە، ئیدی پێویستە ئەو ناوچانەش سەنتەری ئەم دەستەیە لەو ناوچانەدا بوونی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی دووەم ئەگەر کوردیەکە بێت دەبێت (لە) زیاد بکرێ، کە نووسراوە (یەکە کارگێڕیەکان)، (لە یەکە کارگێڕیەکان)، ئەگەر عەربیش بێ (الف، لام)ەکە زیاد بکرێ دەبێتە (المقر)، وەکو هاوڕێیان باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان(جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی یەکەم کە دەڵێ (تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية)، نازانم بە کوردیەکەش هەر (حصریە)کەش نووسراوە دەگۆڕدرێ بۆ سەردەمیانەش هەیە زیاتر ماناکە دەبەخشێ بە رەئی من، دوو: (مقر رئيسى) بە رەئی من بکرێتە (مقر مجلس المفوضية)، چونکە لە پێشەکیەکەش (المجلس: مجلس المفوضية) نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی پێم باشە هەموو هەڵبژاردن و راپرسیەك لە هەرێمی کوردستان کۆمسیۆن بیکات و سەربەخۆیی ئێرە بپارێزین، بەڵام لە رووی واقیعییەوە ئێستا بە هەموو شارەکانی کوردستان دائیرەی ئینتیخابی سەر بە کۆمسیۆنی ئینتیخاباتی عێراقی هەیە، هەڵبژاردنی مەجلیس نوابی عێراقیشمان هەیە، دیاریش نییە ئایا ئێمە کەی ئەگەر بڕیاریش بێ جیاببینەوە کەی جیا دەبینەوە، بۆیە لە هەموو حاڵەتەکان ئەو سولتە حصریە کە بە هەموو شێوەیەك دەرگا لەبەردەم کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق دادەخرێ، لە دواییش ئەوەی تەعاونیشی نییە ئایا تووشی ئیشکالمان ناکات؟ بە تایبەتی لە کاتێکدا ئێستا دەوائیری ئینتیخابی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەنە و دەشمێنن، لەبەر ئەوە ئەگەر تۆزێك خەفیف تری بکەین ئەو (حصریە) هەڵبگیرێن بە تەسەوری من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سهراب میکائیل فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێ دووێ (وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات كوردستان – العراق والوحدات الادارية عند الاقتضاء)، ئەز دبێژم (عند الاقتضاء) یا زێدەیە، (وتفتح لها مكاتب في مراكز محافظات كوردستان – العراق والوحدات الادارية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی روونکردنەوەتان هەیە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرا.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کەلیمەی (عام)ە کە نووسیومانە (جميع الانتخابات العامة)، ئێمە مەبەستمان لەوەیە ئینتیخاباتی عام ئینتیخابی پەرلەمان دەگرێتەوە و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی خۆجییەتی قەزا و ناحیەکان دەگرێتەوە، ئەمانە دەگرێتەوە، خۆمان پاراستووە لەوەی کە کەلیمەی (خاصە)ی بخەینە ناوەوە، بۆیە سەندیکاکان کە کاتێ هەڵبژاردن دەکەن مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم کۆمسیۆنە تایبەتمەندی نییە بەو هەڵبژاردنانەی کە لە سەندیکاکان و لە شوێنەکانی تر دەکرێ جگەلە ئینتیخاباتە عامەکان، ئینتیخاباتە عامەکان مەبەستمان لەوەیە ئەوەی کە هەموو گەل بەشداری

تێدادەکەن، نەك فیئەیەکی موعەیەن، ئەمە سەبارەت بە کەلیمەی (عامة)، سەبارەت بە ئەوەی کە (المقر الرئيسي للمفوضية) بکەینە (المجلس) ئەو پێشنیارە کە لە شوێنی خۆیدایە، بەڵێ، چونکە ئێمە (مجلس)مان پێناسە کردووە لەوێ، سەبارەت بە کردنەوەی نووسینگە لە مەراکیزی موحافەزاتی کوردستان، ئێمە وتوومانە موحافەزات (کوردستان_العراق)، نەمان وتووە (اقليم کوردستان_العراق)، واتە موحافەزەکانی تریش دەگرێتەوە ئەوانەی کە ئێستا لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن، سەبارەت بە (الوحدات الادارية عند الاقتضاء) مەبەستمان ئەوەیە کە نووسینگەیەك لە وەحدە ئیداریەکاندا بکرێتەوە کاتێك کە پێویستی کرد، لێرە وتوومانە لە مەراکیزی موحافەزەکان دەکرێتەوە، کەواتە مەعنای (وەحدەی ئیداری) لێرەدا مایەوە قەزا و ناحیەکان، واتە لە کاتی پێویستدا لە قەزا و ناحیەکانیشدا نووسینگەیەك دەکرێتەوە تایبەت بە هەڵبژاردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەوەی کە (لتكون السلطة الحصرية)، (الحصرية) لابرێ.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەی پەیوەندی بە (السلطة الحصرية) دیارە ئێمە لێرە هەدەف لە دامەزراندنی ئەو کۆمسیۆنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ئەوەیە کە هەموو ئەو هەڵبژاردن و راپرسیانەی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێن، یاخود بڵێین لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێن دەسەڵاتەکە بدەین بەو دەستە سەربەخۆیە، یان بەو کۆمسیۆنە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئینتیخابات و ئیستفتا لەسەر موستەوای ئیتیحاد ئەوە حکومەی ئیتیحادی، یاخود بڵێین ئەو هەیئە موستەقیلەی کە لەسەر موستەوای ئیتحاد هەیە ئەو خۆی ئیشراف دەکات، چونکە ئەو لە قانونەکەیدا هاتووە کە هەر ئینتیخاباتێك بکرێتن، ئینتیخاباتەکە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقەوە هەبێتن ئەوەیان ئیختیصاصی خۆیەتی، لێرانە ئەوەی کە دانداروە بۆ ئەو ئیختیصاصە (حصريه) بە هیچ شێوەیەك تەناقوزێکی ئەوەتۆ روونادان، ئێمە پێمان باشە دەسەڵاتەکە دەسەڵاتێکی (حصری) بێ بۆ ئەوەی لە کاتی تەنازوع لە بەینی قەوانینی ئێمە و قەوانینی ئەوان، هی ئێمە هەرچەندە بە پێی دەستوور ئەولەویەتی هەیە لە پێشە، بەڵام لە قانونەکەشدا تەئکید لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەگەر بێت و تەنازوع لە بەینی دوو یاساکەدا رووبدات ئەوە ئەولەویەت بۆ کۆمسیۆنی ئێمەیە کە ئیشراف بکات و تەنفیزی هەڵبژاردن بکات لە هەموو مەناتیقەکانی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە بەهار خان بە سەهوو لە مەبەستەكەی من تێگەیشت، من مەبەستم كە دەڵێم یان (عامە)كە لابرێ، یان (خاصە)كە دابنرێ، بۆ نموونە پارێزگایەك كە ئێستا بۆ نموونە پارێزگای هەڵبجە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش هەر ئینتیخاباتی عامە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها بۆ خۆی دەكرێ، (عامە) نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئینتیخاباتی (عامە) لەسەر موستەوای موحافەزەی هەڵەبجە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبێتە (عامە) یەعنی ئەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی تریان (الوحدات الادارية) پێمان بڵێن لە ناو قەوسدا بنووسن (الاقضية والنواحي).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەحداتی ئیداری ئیدارەی سەربەخۆ ناگرێتەوە، ئەوە موناقەشەی لەسەر كراوە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەزانم، لە ناو قەوسێكدا بنووسن (الاقضية والنواحي).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دەمانەوێ لیژنەی یاسایی تەوزیح بدات بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە یاساكە، كە بۆ نموونە ئەگەر پارێزگای دهۆك لە كاتی هەڵبژاردنی شارەوانیدا دۆخی هاوسەنگی نێوان فراكسیۆنەكان، فراكسیۆنی دهۆك

وا دەبێت هەڵبژاردنەکانیان پێ ناکرێ، سەرۆکایەتی هەرێم بتوانێ بانگەواز بۆ دووبارە هەڵبژاردن لە پارێزگای دهۆك بکاتەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی وا بڵێن کێشەکە نامێنێ (عامە)کە بە خۆی ئەوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە هەموو گەل بەشداری دەکات ئەگەر لە مەنتیقەیەکی موعەیەنیشدابێ ئەوە هەڵبژاردنێکی (عام)ە، کاتێك فیئەیەکی موعەیەن بەشداری دەکات ئەوە هەڵبژاردنێکی (خاص)ە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئینتیخاباتی (خاص) ئینتیخاباتە لەسەر مستەوای سەندیکا و ڕێکخراوەکان، یەعنی ئەوە ئینتیخاباتی (خاص)ە، ئەما ئینتیخاباتێك کە موحافەزەیەك تێیدا بەشدارە، ئیستفتائێك کە ناحیەیەك تێیدا بەشدارە، کە قەزایەك تێیدا بەشدارە هەمووی ناوی ئینتیخاباتی (عام)ە، بەڵام ئیستفتای (خاص) بۆ نموونە نەقابەی موحامیین ئینتیخاباتێك لە بەینی خۆیان دەکات بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیەکەی ئەوە ناوی ئینتیخاباتی (خاص)ە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەوەی کە (الانتخابات العامة) (خاصة)شی بۆ ئیزافە بکرێ، ئێستا ڕوونکردنەوە درا، بەردەوام بین لەسەری کاك عمر؟ کەواتە ئەوە وازمان لێ هێنا، پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەوەی کە ئەو (السلطة الحصرية) چارەسەر بکرێ، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو ماددەیەی کە هاتووە تەحقیقی هەدەفی خۆی بکاتن، نیەتی موشەریع تێیدا وازح بێتن، دەتوانین بڵێین (تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات العامة والاستفتاءات على مستوى جميع انحاء كوردستان – العراق).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، مەبەست دەپێکێ (علی مستوی جمیع انحاء کوردستان – العراق)، د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێی سوڵتاتی حەصری، یەعنی حەصرەن کەسی تر بەشداری پێ ناکەی، کە دەڵێی ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراقی حەصریە، یەعنی ئەقالیم کەس لەگەڵی بەشدار نابێ، کە تۆ دەڵێی ئینتیخابات لە کوردستانی عێراق حەصریە بۆ ئەو مفەوەزیە، یەعنی قەبوول نییە کەسی تر لەگەڵ خۆت موشارەکە پێ بکەی، کە دەشڵێی (جمیع الانتخابات) ئیستسنات نەکردووە بڵێی ئەو ئینتیخاباتە نا ئەوە نا، یەعنی مەبەستم (مجلس النواب) نییە، مەبەستم ئینتیخاباتی کوردستانە، لەبەر ئەوە دەڵێم لەوانەیە لە داهاتوودا ئیشکالیەتێکمان بۆ دروست ببێ کە لە ئەمری واقیعیشدا مفەوەزیەی عێراقی مەوجودە لێرە، ئەوە کێشەکە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا لێرە مەبەستەکە ئەوەیە مەبەستی لیژنەی یاسایی و مەبەستی پڕۆژە یاساکە ئەوەیە کە ئەمە سولتەی حەصری هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەبێ کە لەسەر مستەوای هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، نەك ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەسەر مستەوای عێراق ئەنجام دەدرێت، مەبەستەکە لەمەیە ئەگەر نا روونیەك لە سیاغەکەدا هەبێ دوایی بەو شێوەی سیاغە دەکرێتەوە کە ئەم مەبەستە بپێکی، کە مەبەست لێی سولتەی حەصریە لە هەموو ئەو هەڵبژاردن و ئیستفتائانەی لەسەر مستەوای هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لەسەر مستەوای کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێت، بۆیە تکایە ماددەکە بخوێننەوە، ئەو بڕگەیەی (اولاً) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات العامة والاستفتاءات على مستوى جميع انحاء كوردستان – العراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٧٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا ئەو بڕگەیە، بۆ بڕگەی دووەم تکایە پێشنیارەکان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە پێش ئەوەی کە دەنگ لەسەر بڕگەی دووەم بدەین.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پێشنیارەکان ئەوە بوو کە وەحداتی ئیداری لە بەینی قەوسێکدا (الاقضية والنواحي) بنووسرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ناو قەوسێکدا (اقضية والنواحي) بنووسرێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە لە تەنیشت (الوحدات الادارية) لە ناو قەوسێکدا (الاقضية والنواحي) بنووسرێ؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، بەڕێزان بۆ روونکردنەوەی زیاتر لە یاسا کار پێکراوەکانی هەرێمی کوردستان وەحداتی ئیداری پێناسە کراوە کە بریتییە لە (پارێزگا، قەزا، ناحیە)، پێشنیارێك هەبوو کە (عند الاقتضاء) لاببرێ، بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٤١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، پێشنیارێك هەبوو کە بوترێت (المقر الرئيسي للمجلس يكون في محافظة اربيل العاصمة)، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بەس تەنها بوترێت (المقر الرئيسي للمجلس في محافضة اربيل)؟ بەڵێ، کاك تحسين فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، بەو شێوەیە کە (المقر الرئيسي للمفوضية) بێت لە جیاتی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکات، کاك تحسين، لەسەرەوە (مجلس) پێناسەکراوە کە مەبەستمان (مجلس المفوضين)ە، پێشنیارەکە ئەوەیە کە بوترێت (المقر الرئيسي للمجلس يكون في محافظة اربيل)، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٤) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، پێشنیارێك هەبوو کە سەرەڕای ئەوەی نووسراوە (مراكز محافظات كوردستان_العراق والوحدات الادارية عند الاقتضاء) پێشنیارکراوە کە (المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم) ئیزافە بکرێ، بەڵێ، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەماندا ئەوە پێویست ناکات بخرێتە دەنگدانەوە، (مراكز محافظات كوردستان_العراق) نەمان وتووە (اقليم كوردستان_العراق)، هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەحبی دەکەی کاك قادر؟ فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی بەهار خان دەڵێ ڕاستە، منیش وتم تەعبیرەکە وایە یان نا؟ بەڵام لە ڕاستیدا بە پێی دەستووری عێراقی تاوەکو ئێستا ئەوەی کە لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە بە قانونی ئەم چوار پارێزگایەیە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک قادر، ئەوە (اقلیم کوردستان_العراق) ئەو چوار پارێزگایەیە، بەڵام ئەمە لێرە دەڵێ (کوردستان_العراق).

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەعبیرەکە وابێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تکایە ماددەی دووەم بڕگەی دووەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەواتە هیچ یەکێك لە پێشنیارەکان بۆ گۆڕانکاری لەو بڕگەیە پەسەند نەکرا، بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیاً: المقر الرئیسي للمفوضیة في محافظة اربیل العاصمة وتفتح لها مکاتب في مراکز محافظات کوردستان – العراق والوحدات الاداریة عند الاقتضاء.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٧٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، کەواتە کۆی ماددەی دووەم پەسەندکرا، کاك د.فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٢) بڕگەی (٣) لە ئاخیر بڕگە ئەگەر سەیری بکەی دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاساکان ماددە بە ماددە دەکرێت، ئەوەی ئێستا کردمان بڕگە بە بڕگە بوو، بۆیە وا باشە مولاحەزات وەرگیرێ لەسەر هەردوو بڕگەکە ئینجا بە یەکەوە بدرێتە دەنگدان، چونکە لێرە زۆر بە روونی دەڵێ ماددە بە ماددە دەدرێتە دەنگدان، نەك بڕگە بە بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، بەو شێوەیە هاتووە لە پەیڕەوی ناوخۆ، ڕاستە کە پێویست دەکات ماددە بە ماددە بخرێتە دەنگدان، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی جاری وا هەیە گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا دەکرێ، پێشنیار هەیە بۆ بڕگەکان و گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا دەکرێ، بۆیە ئەگەر بڕگە بە بڕگەش بخرێتە دەنگدانەوە هیچ کێشەیەك دروست ناکات، ئێستا دەچینە سەر ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء هيئة مهنية مستقلة ومحايدة تتمتع بشخصية معنوية وتخضع لرقابة البرلمان، وتكون مسؤولة امامه.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك قادر وەتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لە ڕاستیدا من نامەوێ لە دەرەوەی تەوافق قسە بکەم، بەڵام بەر لەوەی گفتوگۆ بکرێ لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە دیارە فراکسیۆنە سەرەکیەکانی ناو پەرلەمان تەوافقیان کرد لەسەر ئەوەی بەر لە تەشکیل کردنی تەنانەت دروست کردنی قانونەکەش کە چۆن کۆمسیۆنەکە تەشکیل دەبێ، بۆیە هیچ کەسێکی سەربەخۆ.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر، ئەمە پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە، تکایە پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە ئەم باس خواستە، بەڕێزان ئێستا ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی سێیەم دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٧٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی چوارەم لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء مايلي:

١- وضع الاسس والقواعد المتبعة للانتخابات العامة والاستفتاءات التي تجري في جميع انحاء كوردستان – العراق لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

٢- الاشراف على الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان_العراق.

٣- القيام باعلان موعد الانتخابات العامة والاستفتاءات وفقا للقوانين النافذة.

٤- تنظيم وتنفيذ كافة انواع الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان_العراق.

٥- ادارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم لضمان حق الاقتراع.

٦- تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها.

٧- تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم.

٨- اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات باسرع وقت والنتائج النهائية بعد المصادقة عليها من الجهة القضائية المختصة.

٩- العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.

١٠- تنظيم واجراء عملية العد والفرز لاصوات الناخبين، واعلان النتائج داخل المحطات على ان يزود الكيانات نسخة من محاضر العد والفرز.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی سێیەم دەستم بەرزكردەوە، بەڵام بەداخەوە دەستی منتان نەبینی، تەنها یەك سەرەنجم هەبوو هەرچەند دەنگی لەسەر دراوە، داوای لێبووردن دەكەم، (المفوضية العليا المستقلة للانتخابات)، مادام پێناسەی (المفوضية) كراوە پێویست ناكات ئەم عیبارە دووبارە بكرێتەوە.......

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تازە دەنگی لەسەر درا كاك عمر، ببوورە دەستی تۆمان نەبینی.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستم بەرزكردەوە بەداخەوە دەستی منتان نەبینی، بەڵام خۆی هەدەفەكە چییە كە پێناسەكان دەكرێ، هەدەفەكە ئەوەیە ئەم ماددەیە كورت كرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی جارێكی دیكە دووبارەیان كردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینییەی کاك عمر لە کاتی سیاغەکردنەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرن، ڕاستە، چونکە پێناسەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ماددەی چوارەم، کێ قسەی لەسەر دەکات؟ فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ماددەیە ئەم بەڕێزانە ناویان لای من تۆمارە بۆ گفتوگۆ (سهام عمر، صالح فقێ، انور قادر، بەهزاد دەروێش، سهراب میکائیل، د.عبدالله، د.فرست، عمر عینایەت، ماجد عثمان، محمد سعدالدین، ڤەمان فیصل، مریم صمد).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام عمر فەرمووو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا چوارێ خالاً (٢، ٤) ئەگەر بهێتە دەمج کرن، چونکە سەرپەرشتیکرن هەر بەوان ئەرکا دێ رابیت رێکخستن و جێبەجێ کرنا هەموو جۆرەکانی هەڵبژاردن، هەر لە خالاً دووێدا کو بە زمانێ کوردی بەس دا تەئیکیدێ لێ بکەم کو لیژنەیا یاسایی دەما ئیصدارێ دکەن زمانەوانی دبیتن موراجەعە بهێتە کرن، بۆ نموونە ل ڤێرێ یا کوردیدا هاتیە (سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی گشتی راپرسیەکان)، (واو) هەر تێدا نییە، پێتڤیە ئەڤ زمانەوانیە و خەلەتیانە بهێنە رەچاو کرن، خالاً (٥) ل ماددەیا چوارێدا حەز دکەم لیژنەیا یاسایی دیار بکەت مەبەستا وان پێ (بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و رێکخستن.......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو یا دیار (عملیة تسجیل الناخبین).

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، (ادارة عملیة تسجیل الناخبین)، ل ڤێرێ مە بەخۆ لە هەرێمێدا ئیشکالەکا هەی (سجل الناخبین)، مەبەستا لیژنەیا یاسایی ئەوە نوێ کرنا (سجل الناخبین) ئەڤە کو گەلەك ئیشکالا تێدا، یان ئەڤە ئەون یا کو دشینیکا تۆمار ئەڤە ژیی وا بهێتە یا ئینتیخاباتا بێن (سجل) بۆ بهێنە ڤەکرن، یان ژی ئەو (سجل) کو

نوكه ئیشكال تێدا هەیە بهێتە نویٚ كرن، بەس حەز دكەم لیژنەیا یاسایی ڤیٚ دیار بكات، ئاماژە پێبكاتن، دبیتن وەك دارشتنا وی یا دیارە كو تەحدید (سجل الناخبین) ل ڤێریٚ، بەس سەریح نەهاتیە، چونكە بەری هەنگی بەحسا ل هەندیٚ كری كو ئەڤە دشینیكا دێنە ناڤ ئینتیخاباتا بهێنە تۆماركرن.....

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سهام خان، ئەو یا دیارە، ناڤ كۆمسیۆنیٚ دا نۆرمەكی پەیڕەو دكەن وەكی نەریتەكی هەردووكن، یەعنی هەم ییت (١٧) سالی دەبن، (١٨) سالی، هەم یا دینە ژی.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلیٚ، خالا (٧) ل ڤێریٚ دا یا هاتی ل دوماهیكیٚ ئەوانی تر هەر ڤێریٚ ژی تەوزیح بێت، چونكە هەندی مە دیتینە ل ناڤ هەلبژاردناندا رێكخراو و، رۆژنامەنفیس و، چاڤدێرن، لایەنێن سیاسی تێدا هەی، ئەڤێن دیكە نەك لیژنەیا یاسایی، یان ئەڤە سیاغەكرن چییە؟ ئەوانی تر مەباستا وان پیٚ چییە؟ یەعنی مەعقولە ژ بری كو یاسایی هەندەكا رێك هەبیتن بهێن و هەندەكا دیش بهێن، بە چ یاسا دهێنە ناڤدا هەندەكی دی بۆ نموونە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیٚمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەستە بە خالا (١، ٤)یە، پەیوەستە بە دارێشتنیٚ ڤە، ئیدی دەرفەت دەدەین بە لیژنەی یاسایی كو بەرسڤا تە بدەن، بەڕێز صالح فقیٚ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقیٚ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە ناوچەكانی كوردستانی هەندێك جار تەعبیری تر هەلدەگریٚ، بۆیە پێم باشە سەرجەم ئەوانەی كە ناوچەكانی كوردستانی هاتووە بە ناوچە كوردستانیەكان باشترە، لە خالی (٥)دا حەقە ئاماژە بە رۆلی بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئامار بدریٚ، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی ئامار ناكریٚ هەر لەسەر فۆرمی خۆراك سەدان دووبارەی تێدایە، سەدان مردووی تێدایە، هەتا ئێستا هەر ماوە لەسەری، پوخت نەكراوەتەوە، بۆیە هەولبدریٚ لە ئایندەدا سوود لە هەماهەنگی لەگەل بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئامار وەربگیریٚ بۆ ئەوەی ئەو (سجل الناخبین)ە پوخت بكرێتەوە، باس لە رۆلی بەرپرسیاریەتی چاودێریكردنی هەلبژاردنەكانیش هەر لە ئەستۆی ئەم كۆمسیۆنە بە روونی و بە وازحی بێت، ئەوەی راگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییەكان زووترین كات (كات)ی بۆ دابنریٚ، (٤٨) كاتژمێر بۆنموونە، زووترین كات نا، روونە، تەفسیری زۆر هەلدەگریٚ، ئەگەر ئەوەی پەسەندكردنەكەشی هیچ مودەیەك دیاری نەكراوە رەنگە زۆر بە تەئخیری كۆمسیۆن بیگەیەنێتە دادگەری تایبەتمەند، لە خالی كۆتاییشدا بیر لە ئامێری تەكنەلۆجیا بكرێتەوە بۆ ژماردنی دەنگەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی چوارەم لە خاڵی (٨) تێبینیم لەسەری هەیە دەڵێ (ڕاگەیاندنی دەرئەنجامە بەرایییەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە زووترین کات و دەرئەنجامە کۆتاییەکان پاش پەسەندکردنی لەلایەن لایەنی دادگەری تایبەتمەند)، لە بڕگەی (٢) پێموایە لە جێگای خۆیەتی، بەڵام (ڕاپرسی بە زووترین کات) پێموایە ئەمە روون نییە، پێموایە کات دیاری بکرێ، ڕەنگە لای من (بە زووترین کات) مودەیەك بێ، لەوانەیە کۆمسیۆن بڵێ (٦) ڕۆژ، (٧) ڕۆژ، بۆیە من پێموایە لە (٢) ڕۆژ تێنەپەڕێ ئەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالآ (٥): (ادارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم) ئیزافەیەك دوای وی بێتە کرن (بالاعتماد على البطاقة التموينية والبطاقة الالكترونية) ئەڤە خاڵەك، خالآ دووێ: ئەوەی دیش ئەز دگەل ڤێ رەئی مە (وغيرهم) بێتە لادان یا بڕگەیا (٧)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهراب میکائیل فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دکەم خالآ (١١) زێدە ببیتن ڤی شکلی (بيان العقوبات المترتبة على خرق قوانين وتعليمات المفوضية لكل انتخاب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەیەت هەی، ئەز پێشنیار دکەم کو بێنە ئیزافەکرن، گەلەك جار ئینتیخابات پێویستە کو تەمدید بیت هەتا ئینتیخاباتێ، ئەز دبێژم ئەڤە ژی یەکێك لە سەلاحیاتێت (هيئة المفوضية)، (تمديد مدة الاقتراح وفق احكام قانون الانتخاب)، هەروەسا ژی گەلەك جار صندوقا ئینتیخاباتا و ئەوراقێت ئینتیخاباتا

ختمیٚ ژی مواسەفاتێت خۆیەت هەی، ئەڤە ژی هەر یەکێ ئەرکێت کو بێژم (مجلس المفوضية) کو (اعتماد مواصفات كل من صندوق الاقتراح واوراق الاقتراح والاختام الرسمية الخاصة بلجنة الاقتراح)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەت وە دێتە نڤیسین، بەڵێ، بەڕێز د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم باسکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، (المادة الرابعة: تتولى المفوضية العليا) جارێکی دیکە هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە، ئەوە دەبێ هەر بکرێ (المفوضية)، بە رەئی من هەر بنووسرێ (مهام المفوضية)، سەرەتاکە ببێتە (مهام المفوضية) ئەوە بەسە لێرە.....

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە سیاغە چاك دەکەنەوە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، دووەم: جارێکی دیکە لە بڕگەی یەکەمدا هەمان شت (للانتخابات العامة والاستفتاء)، من تێناگەم ئایا (ئیستفتای عامە) یان (خاص)ە ئەوەیان، دەبێ وەڵاممان بدەنەوە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر وابێ بنووسن (المتبعة للانتخابات والاستفتائات العامة)، یەعنی (عام)ەکە بخەنە دواوە، ئەوە زۆر گرنگە، لە بڕگەی چوارمیشدا هەمان هەڵە هاتووە (الانتخابات والاستفتائات العامة) ئەوە زۆر گرنگە، چونکە ئیستفتایەکەش هەر (عام)ە، ئایا ئیستفتائی (خاص)یش دەگرێتەوە، یان نا؟ ئەمەوێ روونی بکەنەوە، ئەگەر (عام)ە پێویستە (الانتخابات والاستفتائات العامة) ئەوە زۆر گرنگە، من لەگەڵ ئەوەدام بە نیسبەت بڕگەی (٨) بچێتە شوێنی بڕگەی (١٠)، بڕگەی (١٠) بێتە شوێنی بڕگەی (٨)، بڕگەی (٨) بەم شێوەیەی لێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدام کە باسکرا (غيرهم) لابرێ لە بڕگەی (٧)، بەڵام (اعلان النتائج الاولية للانتخابات والاستفتاءات خلال مدة (٤٨) ساعة)، یان (٧٢) کاتژمێر، یەعنی لەوە زیاتر نەبێ (والنتائج النهائية)، ئەخیر نوقتەم وتم بڕگەی (١٠) بچێتە شوێنی بڕگەی (٨)، لەبەر ئەوەی لە (محطات) زووتر ئیعلان دەکرێ، یەعنی لە (محطات) ئیعلانەکە زووتر دەکرێ، کەواتە دەبێ بڕگەی (١٠) بچێتە شوێنی بڕگەی (٨)، بڕگەی (٨)

بچێته شوێنی برگەی (١٠)، هەروەها وشەی (محطات)یش بە (ت) نووسراوە دەبێ بیکەی بە (ة)ی خڕ، (ة) مودەوەر، موهیم وەیە بە (ط) نییە، بەڵێ بە (تیێ) درێژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشیم لە لیژنەی یاسایی، بەلاَم هەندێ شت هەیە لەو خالاَنە حەز دەکەم ئەندامانی لیژنەی یاسایی مولاحەزەی بکەن، مەسەلەن لە خاڵی حەفتەم (تنظیم وتنفیذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم)، ئەگەر مەبەست لە (الدولية والمحلية) و مونەزەماتەکەیە، ئەوە تەواوە ببێتە (من المنظمات الدولية والمحلية والاعلاميين) دەبێ وای لێ بکرێ، ئەگەریش مەبەست (الاعلاميين الدولية والمحلية) ئەوە نابێ، دەبێ بڵێین (الاعلاميين والدوليين والمحليين)، ئەوە دەبێ چاك بکرێتەوە ئەگەر مەوزوع ئەوە بێ ئەوە لە خاڵی حەفت، لە خاڵی دەیەم (تنظيم واجراء) من پێمباشە (اجراء) بێتە پێش (تنظيم)، لەبەر ئەوەی پێشتر (اجراء) دێ دوایی (تنظيم) دەکرێت، هەندێ شتیش هەیە دووبارە دەکرێتەوە مەسەلەن لە سیاغەکردنەکە حەز دەکەم ڕەچاوی ئەوە بکەن، چونکە بەڕاستی لوغەی عەرەبی لوغەیەکی زۆر ئەوەیە، پێم باشە وەلەو زۆر ماندوونە دەست خۆشیان لێدەکەم، مەسەلەن دووبارە کەلیمەی (ك) لە یەك جوملەدا دووجار دووبارە بۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمد سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە خاڵی (٦) تێبینیەکم هەیە (تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها) لە پاش ساڵی (٢٠٠٣)، یەعنی شێوازە هەڵبژاردنێك هەبوو لە عێراق، لەبەر ئەوەی لە بەغدا زۆرینەی هێزە سیاسییەکان گرووپی مەزهەبی و تەیارەتەکان بوون کە ئەو مەجموعانەی لە دەوروبەری هەندێك سەرکردەکان دەبوون، لەبەر ئەوەی نیزامی قەوائیم هەبوو، بەس لە زۆربەی دەوڵەتەکان تەنزیماتی سیاسی یان مورەشەحی فەردی دەبێتن، لەبەر ئەوەی کە لە بەغدا ئەو سیستەمە نییە، بەلاَم لە هەرێمی کوردستان یاسای پارتە سیاسییەکان هەیە، پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی مونەزەم لە هەرێمی کوردستان کاری سیاسی خۆیان دەکەن، بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، شەرت نییە ئیلا وەکو بەغدا بێت دەتوانین بڵێین (تسجيل الاحزاب السياسية والكيانات)، یەعنی تەنها نەگوترێت لیستەکانی هەڵبژاردن، پارتە سیاسییەکان، یاخود ڕێکخستنە سیاسییەکان و قەوارەکان، چونکە ئەگەر وا بنووسرێتن دووبارە ئەو مفهومزیەیە هەندێ

سەوابت و شروت دادەنێ بۆ تەشكیل كردنی لیستەكان، مادام لێرە لە حكومەت حیزبەكان مۆڵەت پێدارون و تەنزیماتی سیاسی هەیە، حیزبە سیاسییەكان ئینجا لیستەكان بنووسرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كیانە سیاسییەكان، كیانی سیاسی وەكو حیزب وەكو ئەشخاصیش هەیە، راستە دەبێ رەچاوی ئەوە بكرێت، بەڕێز ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله منیش هەر مولاحەزەم لەسەر خاڵی (٦) هەیە، ئەویش كە دەڵێت (تسجیل القوائم الانتخابیة والائتلافات وتصدیقها)، كەواتە ئەگەر بە پێی ئەم برگەیە بێتن (تصدیق تسجیل القوائم الانتخابیة) ئەوە حوكمێكی (بات) دەبێتن لەلایەن ئەنجومەنی كۆمسیۆنی باڵا دەربچێت، ئەگەر بێینە سەر فەسلی حەوتەمیش هیچ حەقێك بەو كەسەی نەداوە كە كیانێكی سیاسی بێت یاخود شەخصێك بێتن قائیمەی پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆمسیاران بكات ئەو كاتە كۆمسیاران رەفزی دەكات، یەعنی حەقی تەعنی پێیدابێت بچێتە بەردەم دادگای یاخود جیهەتێكی قەزائی تەعن لە قەراری ئەنجومەنی كۆمسیۆن بداتن لەسەر ئەو بابەتە، ئینجا مەخسەدم ئەوەیە یان ئەو تەصدیقە لە ئەنجومەنی كۆمسیۆن وەربگرێت بداتە جیهەتێكی قەزائی، چونكە رەفزكردنی هەر قائیمەیەك بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردن دەبێ لەسەر هەندێك موبەڕیراتی قانونی بێت، یانیش ئەگەر پێتدا بە ئەنجومەنی كۆمسیۆنتدا ئەو تەصدیقە حەقی تەعن بە كیانات و قەوائیمی ئینتیخابی بدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مریم صمد فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە من پشتگیری لە رەئیەكەی هەڤاڵان (كاك صالح فقێ و انور قادر) دەكەم، لە خاڵی (٨) لە ماددەی چوارەم كە دەڵێ (راگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییەكانی هەڵبژاردن و راپرسی بە زووترین كات) لە بری ئەوە ئەگەر ماوەیەكی بۆ دابنرێت كە (٤٨) كاتژمێر كەمتر نەبێ، یان ئەگەر بكرێت هەر لەو ماددەیەدا خاڵێك زیاد بكرێت، چونكە من بە زەروری دەزانم ئەگەر خاڵ بێ یان لەگەڵ خاڵی (٩) دەمج بكرێ (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان ناوەندێكی تایبەتی هەبێت بە هاوكاری رێكخراوەكانی (N-G-O) و دامودەزگاكانی حكومەت بۆ كردنەوەی خولی وەرزی بە مەبەستی رۆشنبیری هەڵبژاردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەكانی هەڵبژاردن و ئەو سیستەمانەی كە كاریان پێدەكرێت لە هەرێمی كوردستان لە ناو زۆربەی چین وتوێژەكاندا بۆ ئەوەی لە كاتی هەڵبژاردن

رووبەڕووی ئاستەنگ نەبنەوە)، ئینجا ئەگەر بکریّ ئەو خاڵە ئیزافە بکریّ، یان بە شێوەیەك لە شێوەكان لەگەڵ خاڵی (٩) ڕێکبخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەڵێ (باسرع وقت)، یەعنی بە خێراترین کات بە مانایەکی تر، من لەگەڵ ئەوەدام بنووسرێت ئەنجامە سەرەتاییەکان، یان داتای ئەوەلی لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا، هەروەها ئەنجامی کۆتاییش لە ماوەی حەفتەیەکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران ئازاد فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئێمە تەقریبەن موتەفیق بووین لە لیژنە، بەڵام لێرە نەمزانی بۆ دانەنرایەتەوە، موتەفیقین کە دانرێتەوە لە خاڵی (١) دانانی بنەما و ڕێسا کارپێکراوە نێودەوڵەتیەکان، موهیمە مەعایری دەوڵی لە ناو قانونەکەدا وجودی هەبێ و موصداقیەتیشی زیاتر دەبێ بۆ نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن، لە خاڵی (٦) ئەوەی کە (کاك قەمان) وتی من پشتیوانی لێدەکەم، زۆر ڕاستە، ئێمە ئەو حەقە موتلەقە با بڵێین ئەو قانونە، لە عێراقدا قانونی ئەحزاب نییە، بەس لە کوردستان قانونی ئەحزاب هەیە، حەقی موصادەقەکردنی کیاناتی سیاسی ئێمە نەدەین بە کۆمسیۆن، بەڵکو تەنزیمەکە بدەین بەو، موصادەقەکە بدەین بەو، بەڵام قانونێکی دیکە حەقەکەی ڕێکخستووە کە قانونی ئەحزابە، ئەگەر قسەش لەسەر کیاناتی با بڵێین قائیمەی فەردی و ئەوانە دەکریّ، ئەوانە دائیمەن لە قانونی ئینتیخابات پێناسە دەکریّ، ئەگەر پێناسەکرا کە فەرد هەیە بۆ ئەوەی خۆی هەڵبژێریّ ئەو کاتە قانون ئەو حەقەی پێدەدات، بۆیە لەو بڕگەیە با بڵێین تەصدیقی ئەم قائیمەی ئینتیخابیانە بڵێین حەسەب قانونی ئەحزاب و قانونی ئینتیخابات یاخود شتێکی لەم شێوەیە، بۆیە حەقەکە بە موتلەقی لای کۆمسیۆن نەبێ، ئەم سەر ئێشەیەش بۆ کۆمسیۆن نەبێ، زۆرجار حیزبێك ئەو حەقە بە خۆی دەدات بێبەشی کات لە هەڵبژاردن یاخود بێبەشی نەکات، ئەوە قانونی تر ئەم حاڵەتە ڕێکبخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی جاری یەکەم لەسەر پێشنیارەکان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرمووون.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زیاترین ئەو پێشنیارانەی هەبوون لەسەر فەقەرەی (٨) بوو کە پەیوەندی بە (اسرع وقت)ەوە هەبوو، ئەوەیان کە (اسرع وقت)مان داناوە ئێمە لێرە دیارە بە موشاوەرە دامان ناوە لەگەڵ جیهەتی کۆمسیۆن، کاتێك کە کۆمسیۆن سەرەدانیان کردووین و موشاوەرەمان لەگەڵیان کرد پێیان باش بوو لێرانە بە (اسرع وقت) دانێین و تەحدیدی مودەکە نەکەین، لەبەر ئەوەی ئەو مودەیە زۆر کەمە بۆ ئەوان، بەلآم بۆ زەمانی زانینی نەتائیجی ئەوەلی فەقەرەی (دەیەم)مان زیاد کرد کە دەڵێ (تنظیم واجراء عملیة العد والفرز لاصوات الناخبین، واعلان النتائج داخل المحطات علی ان یزود الکیانات نسخة من محاضر العد والفرز)، لێرە دامانناِ، ئەوەیان وەکو زەمانێك بۆ ئەوەی (باسرع وقت) لەسەر داواکاری ئەوان بوو کە ئەو (٢٤) کاتژمێر، یان (٤٨) کاتژمێر، یان (٧٢) کاتژمێرەی کە هەیە کاتەکە زۆر کەمە، بەلآم وەکو زەمانێك بۆ ئەحزابی سیاسی بۆ ئەوەی نەتائیجی ئەوەلی لە بەردەست دابێتن ئەو فەقەرەیەمان یاخود ئەو عیبارەیەمان ئیزافەکردووە بۆ فەقەرەی (دەیەم)، ئەوە ئەوەی پەیوەندیدار بوو بەو ئەم پێشنیارە، پێشنیارێکی تر لەسەر ئیشراف و تەنفیز بوو، ئیشراف و تەنفیز هەردووکی دراوەتە مفەوەزیە، لێرە لە ئیجراکردنی ئەو عەمەلیەی چ ئیستفتا بێ چ ئینتیخابات بێتن، (ادارة عملیة تسجیل الناخبین وتنظیم وتحدیث سجلاتهم لضمان حق الاقتراع)، (تنظیم وتحدیث سجلات)ەکان ئەوە ئەوان هینی دەکەن، بەلآم ئێمە بڕگەیەکمان بۆ زیاد کردووە، یاخود بڵێین عیبارەیەکمان بۆ زیاد کردووە بە جۆرێك بێتن تەنزیم کردن، تەحدیس کردنەوەکەی کە زەمانی حەقی ئیقتراع بکاتن، حەقی دەنگدان بکاتن، فەقەرەی (٦) (تسجیل القوائم الانتخابیة والائتلافات وتصدیقها) تەبعەن ئەو (تسجیل)کردنە ئەو تەنها ئیجرائاتێکی شکلیە کە دەیکاتن کۆمسیۆن، لەبەر ئەوەی پێشتر قانونی ئینتیخابات، هەروەها قانونی ئەحزاب ئەو دیاریکردووە قانونی ئینتیخابات کێ بۆی هەیە حەقی بەشداریکردن و حەقی (تسجیل)ی هەیە، کۆمسیۆن تەتبیقی قانونی ئینتیخابات دەکات کە حەق دەداتن بە تەنزیمی یان (تسجیل)ی قەوائیمی ئینتیخابات و ئیتیلافات دەکات، ئیسناد لەسەر قانونێك دەکات لە خۆیەوە نە رەفز دەکاتەوە داواکاری هیچ کیانێك و لایەنێك و تەنانەت تاکە کەسێکی سەربەخۆش، نە بۆشی هەیە قەبولی بکات لە خارجی ئەوەی کە قانونی ئینتیخابات تەحدیدی کردووە، (تنظیم وتنفیذ عملیة تسجیل ممثلي القوائم الانتخابیة ومراقبي الانتخابات من المنظمات والاعلامیین الدولیة والمحلیة) هەندێك تێبینی لوغەوی هەبوو لەسەر ئەو نەصە ئەوانە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، بەلآم (وغیرهم) کە دامان ناوە بۆ ئەوەی بتوانین کەسانی دیکەش بگرێتەوە کە بە پێی قەواعیدی موتەبەع (دولیا و داخلیا) حەقیان هەیە لەو بابەتە، لە موراقەبەکردن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تریش هەبوو وتیان ناوچە کوردستانیەکان بەکار هێنراوە، ئەو ناوچە کوردستانیەکان لە نوسخە کوردیەکەدایە، ئێمە وتمان تەرجومەکە باش نییە، بەڵام لە نوسخە عەرەبیەکە (جميع انحاء كوردستان)مان بەکار هێناوە، لە کاتی سیاغەکردنەوەدا لە کوردیەکەدا ئەوە چارەسەر دەکەین، پێشنیارێکی تریش هەبوو سەبارەت بەوەی کە داواکراوە ناوەندێك هەبێ بۆ تەسقیف کردن و بۆ بڵاو کردنەوەی سەقافەی ئینتیخابی، ئەوە لە بڕگەی (٩) جێگەی کراوەتەوە (العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية) ئیتر بە کردنەوەی ناوەندە، بە هەر چ شتێکە ئێمە ئەوەمان باسکردووە لە بڕگەی (٩)، ئەو پێشنیارەی کە داوای ئەوە دەکرێ (باسرع وقت) تەحدید بکرێ، پێموایە زیاتر لە چوار ئەندام داوایان کردووە، بۆیە ئەوە ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك عمر عینایەت؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی د.یوسف کە پێشتر لە شوێنی جەنابت بوو، بەڕێزیان وتی ئەگەر (١) کەسیش هەر پێشنیارێکی هەبێ دەبێ بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر وا دەکەین، ئەگەر (١) پێشنیاریش هەبێتن لەسەر یەك لەو خاڵانەی لەم ماددەیەدا هاتووە دەیخەینە دەنگدان، تکایە بێ دەنگی، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کاتەکە لێرە هاتووە (باسرع وقت)، یەعنی بە زووترین کات ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان دیاری بکرێت؟ ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم جار دەبێ پێشنیارەکە بخەیتە دەنگدانەوە، نەك ئەسڵەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، راستە، کاتەکە سنووردار بکرێتن، یەعنی دیاری بکرێتن دواتر ئەوەی تر دەخەینە دەنگدانەوە، (٤٨) کاتژمێر هاتووە، (٧٢) کاتژمێر هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کاتەکە سنووردار بکرێت؟ یەعنی کاتێکی دیاریکراو ئەوە دیاری بکرێت، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس،

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەڵێ، دیارە بە زۆرینەی دەنگ کاتەکە دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس، ئێستا ئەوەی ماوە دوو پێشنیار هەیە، کاک گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی دوای موشاوەرە، دیارە ئەندامانی پەرلەمان دوو رەئیان هەبوو (٤٨) کاتژمێر و (٧٢) کاتژمێر، ئێمە ئەوها بە گونجاوتری دەزانین کە بوترێت لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێ لە (٧٢) کاتژمێر، ئەو کاتە ئەگەر بە (٤٨) کاتژمێریش توانی دەبێ، بەلاَم ئەگەر زیاتر نەبێ لە (٧٢) کاتژمێر، یەعنی حەدی ئەعلایەکەی دەست نیشان بکەین، نەك ئەدنایەکە، هەردوو رەئی دەگرێتەوە ئەگەر گونجاو بێ ئەو رەئیە بخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە ئەوەیە کاتەکە دیاری بکرێت لە (٧٢) کاتژمێر زیاتر نەبێت، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەڵێ، کاك انور نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەمە دوو پێشنیار هەبوو (٤٨) کاتژمێر لەگەڵ (٧٢) کاتژمێر، بەس تۆ هەردووکیت خستە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین ئیتیفاقێك لەسەر ئەوە هەبوو، ئیتیفاق لەسەر ئەوە هەبوو لە (٧٢) کاتژمێر زیاتر نەبێ، کێ لەگەڵ ئەوەدانییە بە (٧٢) کاتژمێر زیاتر نەبێ دیاری بکرێتن، تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا کاتەکە دیاری دەکرێت لە (٧٢) کاتژمێر زیاتر نەبێت، پێشنیارێکی تر هەیە ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە و ئەم دانیشتنە کۆتایی پێ دێنین، کاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام (٧٢) کاتژمێرەکە دەنگی هێنا، پێویست ناکات هیچ پێشنیارێکی تر بخەیتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەویش دەنگی هێنا، مادام پێشنیارێك دەنگی هێنا (٧٢) کاتژمێرەکە نابێ هیچ پێشنیارێکی تازە بخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کاك انور سوور بێ لەسەر ئەو پێشنیارە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، من سوورم لەسەر پێشنیارەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کاتەکە دیاری بکرێت موحدەد، نەك (٧٢) کاتژمێر زیاتر نەبێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە موحدەد بە (٤٨) کاتژمێر؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەدانییە کاتەکە بە (٤٨) کاتژمێر دیاری بکرێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢٢) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە ڕەتکرایەوە، سوپاس بۆ هەمووتان، بەڕێزان (نیو) کاتژمێر پشوو وەردەگرین.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاساکە، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و(٧٤) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ئەو پێشنیارانەی کەماون بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوەو دوایش دەنگ لەسەر کۆی ماددەکە بدەین، نەجیبە خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بیرۆکەیەکم هەیە لەدوێنی شەوەوە بە نووسراو پێشکەشم کردووە بە دەستەی سەرۆکایەتی، پێم خۆشە ئەگەر مەجال هەبێت باسی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ پێشنیارێك ماوە، فەرموو دکتۆرەڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی شەش، ـتسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها. لێرەدا داوایان کرد کە ئیزافەی ئەوە بکرێت( وفق القوانين ذات العلاقة)چونکە ئایا کۆمیسیۆن بۆ ئەوەی بزانین تەنها تەسجیلی عەمەلییەکەی

دەكات، ئەم قەوائیمی ئینتیخابی و ئیتیفاقیات ئەو مەوزوعە قانونی هەڵبژاردن حوکمی دەكات، بۆیە لێرە پێشنیار كرابوو كە ئیزافەی ئەو عیبارەیە بكەین، (وفق القوانین ذات العلاقة)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە كە (وفق القوانین ذات العلاقة) ئیزافە بكرێت بۆ بڕگەی شەش لەماددەی چوارەم، تكایە بادەستی بڵند بكات؟، ٤٧ كەسی لەگەڵدایە، كێی لەگەڵدا نییە؟، كەس نییە لەگەڵی نەبێت، كەواتە پەسەند كرا، پێشنیاری تر هەیە، باش، دكتۆر شێركۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیازێكی ترم كرد لە پێش ئەوەی پشووەكە وەر بگرین، وتم ئەوەی كە خرایە دەنگدانەوە بۆ ئەنجامی سەرەتایی، یان داتای ئەوەلی كە دەنگمان لەسەردا، لەماوەی ٧٢ سەعات تێپەڕ نەكات، ئەوەم پێشنیاز كرد ئەنجامی كۆتایی بەهیچ شێوەیەك لەماوەی هەفتەیەك تێپەڕ نەكات، واتە لەماوەی حەوت ڕۆژدا پێویستە ئەنجامی كۆتایی ڕابگەیەندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەنجامی كۆتایی ئێمە ماوەی تەعنمان هەیە، لە یاسا ئیجرائیەكان هاتووە، ناتوانین لەو ماوەی تانانە لابەرین، كەمترین ماوەی تەعنیش ١٠ ڕۆژە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر شێركۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆ ئەكرێت ماوەی تانەدانەكە بهێندرێتە پێشەوە، یەعنی لەماوەی ٥ ڕۆژدا تانە بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئیجرائاتەی دكتۆر شێركۆ دەیكات شتێكی باشە بۆ مەسەلەی مەبدەئی شەفافیەت، بەڵام ئەمە حاڵەتێكە زۆر زۆر فەنیاتە، زۆر زۆر ڕەبتی بە كۆمیسیۆنەوە هەیە، ئسلوبی دەنگدانەكە ئەلكترۆنیە، یا بڵێین كۆكردنەوەی وەرەقەكان چۆنە، لەوانەیە هەرجارەو بەشێوازێك بێت، لە چ ناوچەیەك دەبێت،

یەکلایی کردنەوەی شەکوا پێمان وایە ناتواندرێت ئەوە بکرێت، لەکۆمیسیۆنیشمان پرسی، لەگەڵ لایەنی بەرپرسیش قسەمان کرد، تەنانەت ئەوەی پێشووشیان نە ئەتوانێ، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو ئەوەی ئەنجامی بەرایی دەربکەوێت، ئەوەی تر ڕەبتی بە تەعن، بە شەکواوە هەیە، ئەوەی دکتۆرە بەهار دەیڵێت، زۆر ڕاستە، لەبەر ئەوە لەڕووی مەبدەئی، لەڕووی واقیعیەوە، ئەگەر داشی بنێین عەمەلی نابێت، ئەو کاتە دەبێتە هۆی شکاندنی ئەم مەفهومە، ئەوکاتە گومان دەکەوێتە سەر نەتیجەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکان بێت ناتوانین دەنگی لەسەر بدەین، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێچەوانەی یاسای موڕافەعاتی مەدەنی ژمارە(٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ یە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئێستا ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة :

تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء ما يلي:

١-وضع الأسس والقواعد المتبعة دوليا للانتخابات العامة و الاستفتاءات التي تجري في جميع انحاء كوردستان - العراق لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.

٢-الإشراف على الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان _ العراق.

٣-القيام باعلان موعد الانتخابات العامة والاستفتاءات وفقا للقوانيين النافذة.

٤-تنظيم وتنفيذ كافة انواع الانتخابات العامة والاستفتاءات في جميع انحاء كوردستان _ العراق.

٥-إدارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم لضمان حق الاقتراع.

٦-تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها وفق القوانين ذات العلاقة.

٧-تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات والإعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم.

٨-إعلان النتائج الأولية للانتخابات والاستفتاءات على ان لا تزيد عن ٧٢ ساعة والنتائج النهائية بعد المصادقة عليها من الجهة القضائية المختصة.

٩-العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة أوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر إدامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.

١٠-تنظيم وإجراء عملية العد والفرز لأصوات الناخبين،واعلان النتائج داخل المحطات على ان يزود الكيانات نسخة من محاضر العد والفرز.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سهراب نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەك پێشکەش کربوو نەخاند و نەئێخستە دەنگدانێ ژی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چی بوو پێشنیارەکەت؟

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گۆت خالآ(١١)زێدەکەن بڤی شێوەی بیت، بيان العقوبات المترتيبة على خرق لقوانين وتعليمات المفوضية لكل انتخاب.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە تەحدیدی عقوبە نەکراوە، تەحدیدی عقوبە بۆ هەر خەرقێك کەدەکرێتن لەقەوانینی ئینتیخابات قانونی ئینتخابات و قانونی دیکە کە(ذات العلاقة)یە تەنزیمی دەکاتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قانونی ئینتیخابات تەنزیمی دەکات، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم کرد هیچی نەخرایە دەنگدانەوە، یەکەم وتم (الانتخابات العام) بکرێت (الانتخابات وا الائستفتاء ئەلعام) ئایا عامە ئستیفتاء عامە یان عام نییە جەنابی هەردوو دکتۆرە ئەوەیان لەیاد چوو بەداخەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەخاڵی چەند؟ خاڵی(٨).

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی(١)هەیە لەخاڵی(٢٤)هەیە وە هەمووی ئیعادە بۆتەوە، ئایا ئستیفتائەکەش عامە یان هەر (ئینتیخابات عامە) دەبێ ئەمە یەك لایی بکەنەوە، وە ڕەئیی دیکەشم هەبوو کە ماددەی(١٠)بچێتە شوێنی(٨)و(٨)بێتە(١٠)لەبەر ئەوەی عەمەلیاتی عەدو فەرزی(اصوات الناخبین واعلان النتائج داخل المحطات)زووتر دەکرێت لە ئیعلانی سەرەتایی، وە غەیریهیمیش لەفەقەرەی(٧)دا ووتمان غەیریهیم چوار پێنج لە هاوڕێیانمان باسیکرد ئەو غەیری هیمەش نەخرایە دەنگدانەوە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پێشنیاری یەکەمی ئستیفتائات هەموو ئستیفتائێك کە دەکرێتن بەمۆتڵەقی لە ئستیفتائات عامە، بەلآم ئەمە بۆ مۆستەلحی تەنها ئنتیخابی دامان ناوە، لەبەر ئەوە ئنتیخاب هەیە ئنتیخابی خاصە وە هەشە ئنتیخابی عامە، لێرانە بەلآم ئستیفتاء نییە یەعنی شتێك نییە ناوی ئستیفتائی خاص بێ، لەبەر ئەوەی ئستیفتاء لەسەر موستەوای شەعب عادەتەن بەو ئمورانەشن کە موتە عەلیقن بە تەحدیدی مەصیری شەعبێك زیاتر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەبارەت بە پێش و پاشەکەش ئەوە دوای ئەوە تەصویتی لەسەر دەکەین دەتوانین پێش و پاشەکەشی بکەن؟ فەرموو د. ڤالآ.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسیاغەکردن پێش و پاشەکە بەنەزەری ئیعتیبار وەر دەگیرێتن وە لەجێگای خۆیەتی ئەویان ئەنجام دەدرێ، وە غەیریهم جەوابم دایەوە لەبەر ئەوە یەکێکی دیکەش پێشنیاری کردبوو گوتمان بۆ ئەوەی نیتاقەکەی واسع کەین زیاترین موئەسەسات و زیاترین ڕێکخراوە هینەکان بۆیان هەبێ موراقەبەی پرۆسەی ئینتیخابی بکەن تەنها ئەوەندەیە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لەویدا ئەو غەیریهم بۆ زیادکردنی موراقیبە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئستیفتائی چۆن نییە؟ ئستیفتائی خاص چۆن نییە، هەرمونەزەمەیەك، هەر ڕێكخراوێك بۆ خۆی خەریكە ئستیفتاء دەكا، ڕاپرسی دەكا، ئەوە ڕاپرسیم لە فلانە، كرد ئەوە فلانە وەردەگرم، چۆن ئستیفتائی خاص نییە؟ لەبەر ئەوە چ زیانێك بەو مانایە دەگەیەنێت ئەگەر بڵێ (الانتخابات العامة والانتخابات والاستیفتاءات العامة). سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ هیچ شتێكتان هەیە لیژنەی یاسایی؟ تەواو دەیخەمە دەنگەوە ئەوە، پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی لەخاڵی(١) وەخاڵەكانی تر (الانتخابات والاستیفتاءات العامة)عامە بكەوێتە دوای ئنتیخابات و ئستیفتائەوە، كێ لەگەڵیەتی؟ تازە خستمانە دەنگەوە باشە (٤١) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نیی ە؟، (١٧) كەس لەگەڵی نییە كەواتە پەسەندكرا، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێنرایەوەو بەو دەستكاریەی كە ئێستا بە دەنگدان كردمان كێ لەگەڵیەتی؟ ماددەی چوار كۆی ماددەكە كێ لەگەڵیەتی (٩١)كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ (١) كەس لەگەڵی نییە كەواتە پەسەندكرا. دكتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**تشكيلات المفوضية**

المادة الخامسة :

تتألف المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء من:

أولاً : مجلس المفوضين.

ثانيا: الإدارة الانتخابية.

أولاً : مجلس المفوضين:

٤- مجلس المفوضين: يتألف من ( ٩ ) تسعة اعضاء يختارهم البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان على ان يكون اثنان من أعضاء المجلس على الأقل من القانونيين و على ان يضمن تمثيل المكونات القومية ويراعى تمثيل النساء وتكون مدة ولاية الهيئة ( ٥ ) سنوات تقويمية.

٥- يشترط فيمن يرشح لمجلس المفوضين ما يلي:

د- ان يكون من مواطني اقليم كوردستان ومقيماً فيه إقامة دائمة.

ذ- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الأقل.

ر- لا يقل عمره عن ( ٣٠ ) ثلاثين سنة.

ز-	ان يكون من ذوي الخبرة والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والحياد.

س-	ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوماً بجريمة مخلة بالشرف.

ش-	لم يشارك في الجرائم التي خطط لها أو ارتكبها نظام البعث في العراق لقمع الشعب الكوردستاني.

ص-	ان لا يكون منتميا الى اي حزب سياسي اثناء عضويته.

٦-	يؤدي أعضاء المجلس اليمين القانونية أمام مجلس القضاء في الإقليم وبالصيغة التالية: (اقسم بالله العظيم ان أؤدي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان وإخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة إلي باستقلال وحياد والله على ما أقول شهيد ).

٤- أ- ينتخب المجلس في جلسته الأولى باغلبية الثلثين لعدد أعضاءه رئيساً ونائباً ومقرراً للمجلس ورئيساً للإدارة الانتخابية.

ب - رئيس المجلس هو الممثل القانوني للمفوضية.

٥-يمارس رئيس المجلس أو من ينوب عنه الصلاحيات الآتية :

ت-	إدارة إعمال المجلس الإدارية والتنظيمية.

ث-	إعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤسها بما في ذلك إي اجتماع يطلبه ثلاثة من أعضاء المجلس على الأقل.

٦-يكون اجتماع المجلس صحيحاً بحضور الأغلبية المطلقة لعدد أعضاءه وتتخذ قراراته بأغلبية الحاضرين و في حال تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

ثانياً: الإدارة الانتخابية:

٣-	تتألف الإدارة الانتخابية من المكتب العام والمكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية وفقاً للهيكلية المقترحة من الإدارة الانتخابية والمصادق عليها من قبل مجلس المفوضين.

٤-	تتولى الإدارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الأنظمة والتعليمات الصادرة من قبل المجلس وإدارة كافة النشاطات ذات الطابع العملياتي والتنفيذي والاجرائي.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەيە لەسەر ئەم ماددەيە؟، با ناوەكانيان بنووسين، كاك عادل نوقتەی نيزامی هەيە، فەرموو.

**بەڕێز عادل عزيز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وابێ لە فراكسيۆنەكان ئيتيفاق كراوە كە كەمترين كەس قسە بكات، ئێستا هەموو دەستيان بەرز كردۆتەوە، ئێمە پابەندين بەو ئيتيفاقيەوە، ئەگينا ئێمەش قسەمان هەيە، بيكەين، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆرە ڕێواز نوقتەی نيزامی هەيە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەو قسەیە لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕاستە لەدەرەوە ئیتیفاق کراوە لەنێوان فراکسیۆنەکان، بەڵام ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، لەم پەیڕەوەدا هیچ شتێك نییە، کە ئەندامانی پەرلەمان پابەند بکات بەوەی کە بە ژمارە قسە بکەن، من ڕێزی زۆر زۆرم هەیە بۆ سەرۆکی فراکسیۆنەکەم و ئێستا پێم بڵێت قسە مەکە، من قسە ناکەم لەبەر حورمەتی شەخصی ئەو، بەڵام ئەم ئسلوبی ئیتیفاق کردنە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، بەڕاستی ئسلوبێکە خەریکە ئێمە وەکو پەرلەمانتار نیگەران ئەبین، من ئەزانم بەشێك لە پەرلەمانتاران قسە ناکەن، بەڵام ئێمە هەست بەنیگەرانیەکی گەورە ئەکەین، پێم بڵێن قسە مەکە من ئێستا هیچ قسە ناکەم، بەڵام داوا ئەکەم مەسەلەی ڕێك کەوتن لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ئەوە باش نییە، لەبەر ئەوە من شەرم ئەکەم، ئەو ڕێککەوتنانەی لەدەرەوە دەکرێت و لێرە باس ئەکرێت و ئەبێتە هۆکاری بێدەنگ کردنی ئەندامی پەرلەمان لێرەدا نییە، من ئیلتیزام بەس بەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆرە ڕێواز هیچ شەرم نییە، فراکسیۆنەکان ئیتیفاق بکەن، فراکسیۆنیش ئیعترافی پێ کراوە لەپەیڕەودا، فراکسیۆنەکان ڕێز لێ گیراون لە پەرلەمانی کوردستان، ئیتیفاقی خۆتانە ئێمە تا ئێستا نەمان وتووە قسە مەکەن یان قسە بکەن، کاك ئاری هەرسین نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم(ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من زۆرم لا سەیرە، کە ساڵەهای ساڵە لەم کوردستانەدا بەو ئسلوبە حوکم ئەکرێت، بەڵام ئێستا ئەندام پەرلەمانێك لەبەر ئەوەی پەخشی ڕاستەوخۆیەو موزایەداتی سیاسی ئەکات، وەڵڵا من شەرم ئەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئەمە ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك ئاری با ئەوە نەبێتە وەڵامدانەوەی یەکتری، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین( مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ئەو دانیشتنەی، لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان کراوە، مەشوەرەت لەگەڵ فراکسیۆن کراوە، ڕەئی فراکسیۆن وەرگیراوە، شتێکمان نەکردووە کە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەندامانی فراکسیۆن بێت، بەڵام بۆ کورت کردنەوەی ڕەئیەکانە بۆ ئەوەی کەمترین گفتوگۆو موناقەشە بکرێت، ئەگەر وابێت سەرۆکی فراکسیۆن بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەئی فراکسیۆنەکان ڕەئی خۆی فەرز بکات حەقی ئەوەیە کە برایان و خوشکان قبوڵی نەکەن، بەڵام بە ئیتیفاقی سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆن ئێمە

چووین دانیشتووین، ڕەئی سەرجەم فراکسیۆنەکانمان پێ بووە، قسەشمان لەسەر ئەو خاڵانە یەك یەك کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا ڕابوون، فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ حورن، مافیان هەیە ناوی خۆیان بنووسن قسە بکەن، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان بۆیە هەن تا ئیشوکاری پەرلەمان بخەنە سەر خەت و میکانیزمێك بدۆزنەوە تا چالاك بن، ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان تەئیکیدمان کردۆتەوە هەموو ئەندامێکی فراکسیۆنی ئێمە مافی هەیە، دەتوانێت بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەست هەڵبڕێت و ناوی خۆی تەسجیل بکات و قسە بکات، بەڵام بۆ ئەوەی کاروباری یاسادانان لەناو پەرلەمان باش بڕوات، ئەو قسەو ڕاوێژانەمان ڕاسپاردووە بەو کەسانەی کە شارەزای بواری یاسایین، چەند ناوێکمان بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە دیاری کردووە، کە ئەوان ئەو قسانە بکەن کە ئێمە پێشتر موناقەشەمان کردووە، نەك بەبێ ئاگاداری ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستیدا من هەر ئەمەویت ئەوە بە جەنابتان بڵێم کە قسە کردن بەپێی تەخەصووص، قسەکردن بە نوێنەرایەتی فراکسیۆن شتێك نیە لەدەرەوەی عورفی پەرلەمانی بێت، ئەمە ڕەچاو ئەکرێت لە پێشکەوتووترین پەرلەمانەکانی دونیاش، سەیری موناقەشەکانی پەرلەمانەکانی تر بکەین، بۆ نموونە سەیری ئەوروپا، وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین، دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر کەم قسە ئەکەن، ئەمە شتێکی موتەبەعە، شتێکی زۆر زۆر ئاساییە، ئەصڵەن ئەوەی کە ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دەیکەین زۆر جار لەسەر بابەتێك ٨٠ کەس، ٨٠ ئەندام پەرلەمان قسە ئەکات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تەخەصوص بکرێت، ئەمە ڕەنگە بووبێت بە شێتێکی نەشاز، لە عورفی پەرلەمانی ڕەنگە جار بەجارە شتێکی نەشاز هەبێت، بۆیە ئەگەر خۆتان ئیتیفاق بکەن، فراکسیۆنەکان لەناو خۆیاندا جارێ لەسەر ئەو بابەتانەی کە دێتە ناو پەرلەمان، دوایش فراکسیۆنەکان پێکەوە ئیتیفاق لەسەر بابەتێك بکەن، پێویست ناکات هەموو پەرلەمانتاران قسە بکەن، کاك صالح نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێ ڕێگە بدەی کاك ئاری وەڵامی خاتوو ڕێواز بداتەوە، بە پێی پێڕەو ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە وەڵام بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بڕیمان، لەبەر ئەوە قسەکانمان بڕی، بەڵێ کاك سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی ئەوە دەکەین کە ئیتفاقات بکرێت و یاساکان بە ڕێوشوێنێك بەڕێوە بچن کە کەمترین کاتی بوێت، بەڵام باشترین صیاغە کردن بۆ ئەمە هەبێت و دەکرێ ئەم صیاغانە لە دەرەوە، لیژنەی مەعنی باش ئامادەی بکات، ڕاستە پەرلەمانتاران حەقیان هەیە قسە بکەن و مافیان بە پێی پێڕەو زامن کراوە، بەڵام نە هەشتا کەس و نە دوو کەسیش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح کریم ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من لەسەر ئەم بابەتە قسە ناکەم، چونکە زوو وتم قسەم زۆرە، بەس نایکەم...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە با ناو بنووسین کاك فەرهاد، ئینجا دەرفەتی قسەکردن بە جەنابیشت ئەدەم، ناو دەنووسین، ئێستا ناوەکان دەنووسرێت، خاتوو بەهار بە سەرچاو ...

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە بۆ گفتوگۆ لای من تۆمار کراوە، ﴿بێگەرد خان، ڕێواز خان، بەهار عبدالرحمن، عمر عنایت، دکتور شوان، کاك ئایدن، کاك کمال ، مامۆستا انس، شێخ شامۆ، عباس غەزالی، دکتور محمد، دکتور شێرکۆ حەمە ئەمین، کاك مەردان خدر، دکتور عبدالله، کاك یروانت، مامۆستا غریب، کاك انور قادر، کاك یعقوب، مدینە خان، کاك ناظم کبیر﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو بێگەرد فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دلشاد شکرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم، خاڵی دوو، فەرعی ﴿أ﴾، من ئەم مولاحەزەیەم دایە بەڕێزان لە لیژنەی قانوونی ﴿ان یکون من مواطنی اقلیم کوردستان و مقیما فیە اقامة دائمة﴾ ئەقلیمی کوردستان، ئێمە لێرە باس لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی کوردستان دەکەین لە باشووری کوردستان بە شێوازێکی

گشتی کە ناوچە دابرێندراوەکانی ئێستاش دەگرێتەوە، لەبەر ئەمە ئەگەر ئەم وشە لا نەبرێت مافی ئەوان لە ناو دەستەکەدا ئەفەوتێت، بۆیە ئومێد دەکەم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو سهام فەرمووِ،

**بەڕێز سهام عمر قادر عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگا یەکەم، سەبارەت ئەنجومەنێ کومیسیاران ماددێ پێنجێ، ل دوماهیکێ هاتیە کو یاساناس بهێتە مضمون کرن کو تێدا هەبن و پێکهاتە و نەتەوەکان مضمونە، بەس زامنا هەبوونا ژنێ تێدا نینە، چونکی لێرەدا گوتییە رەچاو بکرێت یەعنی ﴿یراعی﴾، کەواتە پێشنیار دکەم رەچاو بکرێت یان ﴿یراعی﴾ بهێتە لابرن داکو مضمون بیتن، هەبوونا ژنێ د کومیسیونێدا، زور سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو بەهار فەرمووِ،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمیسیۆن قسەم هەیە کە دیارە پێکهاتەکە لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران و لەگەڵ کارگێری هەڵبژاردن پێکهاتووە و ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە رووی ژمارەوە دیاری کراوە، هەیکەلییەت دیاری کراوە، چۆن هەڵدەبژێرێ دیاری کراوە؟ مەرجەکانی دیاری کراوە، کارگێری هەڵبژاردن کە پێکهاتەیەکی سەرەکی و بەشێکن لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران زۆر بە سادەیی نە مەرج دیاری کراوە، نە هەیکەلییەتی دیاری کراوە، نە، یەعنی من پێموایە ئەمە لە داهاتوودا ئیشکالییەت دروست دەکات، بۆیە لە ئێستادا چارەسەر بکرێت باشترە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە کارگێری هەڵبژاردن تەفسیلێکی پێبدرێت، چۆن مەرج بۆ ئەمە دانراوە؟ هەیکەلییەتی دیاری کراوە؟ مەرجەکانی چییە؟ بەم شێوەیە دیاری بکرێت لە پرۆژە یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو ڕێواز فەرمووِ،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ﴿ت﴾ شەشەمی ماددەکە، ﴿یکون اجتماع المجلس صحیحا بحضور الاغلبیة المطلقة لعدد اعضائه ارائه و تتخذ قراراته باغلبیة الحاضرین﴾ واتە، لەم نۆ کەسە، ئەگەر پێنجیان حاضر بێت لە کۆبوونەوەکە، کۆبوونەوەکە صەحیحە و ئەگەر سێ کەسیان بریار بدەن بریار دەدرێ، من دەزانم ئەمە بۆ ئەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان حاڵەتێك دروست دەکات کە نامەوێ لێرە باسی بکەم و خوشت هەست

دەکەم لێم تێدەگەی، من داوا دەکەم قەراری مجلس موشکیلە نییە ئینعیقاد دەبێ بە ئەغلەبیەی موتلەقە، بەڵام ﴿تتخذ قراراتە بأغلبیة اعضاء المجلس﴾ یەعنی قەرارات بە پێنج بێت، چونکە بە سێ زۆر زۆر زەحمەتە، دەزانم رەنگە بوترێت دەبێتە هۆی ئەرقەلە درۆست کردن و حاڵەتێك دێتە پێش کە موتەوەقیع نییە و لە رووی رۆتینەوە کێشە دروست دەکات، بەڵام من داوا دەکەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت کە حاڵەت دێتە پێش جاری وا هەیە ئەم حاڵەتە لە مفوضیە ی ئینتیخاباتی بەغداد روویداوە، بە ئەنقەست خەڵك نێردراوە بۆ سەفەر و کۆبوونەوە کراوە و قەرارات دراوە و من تەوەقوعی ئەم حاڵەتە لە کوردستانیشدا دەکەم لەبەر ئەوەی ئێمە هەڵگری هەمان ئەقلیەتین لە چوارچێوەی مامەڵە کردن لەسەر، بە تایبەتی مەسەلەی ئینتیخابات، سەبارەت بە ثانیا، لە عەینەن ماددە، من بێگومان پشتگیری لە رەئیەکەی خاتوو بەهار دەکەم سەبارەت بەوەی کە من پێموایە سەرۆکی ئیدارەی ئینتیخابی لە سەرۆکی ﴿مجلس مفوضین﴾ گرنگترە لە رووی عەمەلییەوە ئەو ئیشەکان دەکات و ناکرێت ئەو هیچ مەرجێکی بۆ دانەنرێت، سیفەتەکانی واضح نین، سەبارەت بە ئیدارەی ئینتیخابی من هەست دەکەم کە نەقس هەیە و پێویستە ئەم نەقسانە چارەسەر بکرێن و ئەو تەفسیلەی دراوە بە مەجلسی مفوضین ئەگەر بە عەینەن تەفسیلیش نەبێ لێرە پێ بدرێت لە برگەی یەکەمی ئەو ﴿ثانیا﴾، من پێشنیار دەکەم کە باسی ئەوە دەکات کە هەڵبژێررێن، راستە لە خوارەوە وتراوە لە ماددەی شەشەم، ئەمانە مدرا و مەناسبی گەورەن و عولیات و اغلبیە بە ثلثین ترشیح دەکرێت و بڵێین موصەدەقە دەکرێت، بەڵام من پێشنیارەکەشم لێرە وەکو تەئکید دابنرێتەوە، چونکە بەکارهێنانەوەی ئەمە و تەفسیرکردنی بە حاڵەتێکی تر متەوەقیعە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت ﴿ تتألف الادارة الانتخابیة من المكتب العام و المكاتب الانتخابیة في المحافظات و الوحدات الاداریة وفقا لهیكلیة مقترحه من الادارة الانتخابیة و المصادقة علیها من قبل مجلس المفوضین بأغلبیة الثلثین﴾، ئەمە ئەگەر وەکو خۆی مایەوە و ئەگەر ئەم پێشنیارەم دەنگی هێنا، من پێشنیار دەکەم کە ئیدارەی ئینتیخابی لە یەك کەس پێك نەیەت، من پێشنیار دەکەم لە مەجلسێك پێك بێت کە لە سێ کەس کەمتر نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا انس فەرموو،

**بەڕێز انس محمد شریف طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت وەکی بەری نوکە بەحس کری، دبیت ئیتفاق ژ درەفەی پەرلەمانی لسەر هندەك نوقتا هاتبێتە کرن، بەس دیسان نابیتە رێگر کو ئەم رەئیێ بدەین، ئێك ژڤان اولا ﴿مجلس المفوضین یتألف من تسعة أعضاء﴾ هندی بەرێ خو ددەینە ئەزمونێت وەلاتێت عالەمێ پرانیا وان یان پێنجا دەست پێدکەت یان لە هەفتا، ئیللا ﴿ئۆرۆگوای﴾ نەبێت کە نەه کەسن و ئەڤە ل وێرێ دیسان دووبارە بوویە، ئەز نزانم حکمەت ژێ چییە؟ یا دویێ رەقەم دوا، ﴿یشترط في من یرشح لمجلس المفوضین﴾ أ: ﴿ان لا تقل عمره عن ثلاثین

سنة﴾ والله اعلم بەس ثلاثين هەر زور كەمە، پێشنيار دكەم ببيتە چل ساڵ و چل ساڵا كێمتر نەبيتن، هەروەسا ﴿ت﴾، ﴿ان يكون من ذوى الخبرە و ان يكون مـن ذوى الخبرە و المشهود لـه بـا الكفاءە﴾ نـازانم چ جيهەتە شەهادەى بۆ ددەت كو ئەو كەسە كەفوئە؟ ئەويش لەوێ واضح نييە، زور سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عمر عينايەت فەرموو،

**بەڕێز عمر عينايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من سەرنجم دووبارە ئەكەمەوە ﴿المفوضية العليـا المستقلة للانتخابـات﴾ جارێكى ديكـە مفوضيـة بـەس بـۆ مەجليسە، ئەوانە ئيعادەيان كردووە داواى لێبوردنيان لێدەكەم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

لە كوێ كاك عمر عينايەت؟

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە هەموويدا وايان كردووە مجلس مفوضين، مەجلس بەسە لە هەمووى دەبێ ريعايەتى بكەن و لاى بەن ،بە نيسبەت ﴿بعد ترشيحە من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان﴾، ئەم ليژنەيە نەكاتەكەى ديـارى كـراوە، كـەى تەشكيل دەكرێ؟ و نە عەددەدى اعضائى ئەم ليژنەيە ديارى كراوە، بە ڕاى من ئەگەر بوترێت لێـرە ﴿لجنـە خاصە يـشكلها البرلمـان بعـد تـصديق هـذا القـانون بخمـسة عـشرة يومـا﴾ لەبـەر ئـەوەى زووتـر بـا بێت ئـەم قانوونە، ماوەيەكى كراوە لەبەردەم پەرلەماندا نـەبێت و ماوەيـەكى ديـاريكراو، سـنووردار هـەبێت بـۆى، لـە ئاخيرى فەقەرەكەدا نووسراوە كە ﴿تمثل المكونات القوميە يراعى و يـراء تمثيـل النـساء و تكـون مـدة ولايـة المجلس﴾ نەك هەيئە، نووسراوە هەيئە، المجلس پێموايە، نازانم وايە يـان نـا؟ دووەم دەڵێـت: يـشترط بـە ڕاى من دەبێ بنووسرێت ﴿يشترط على المرشح لمجلس المفوضين﴾ نـەك ﴿في مـن مرشـح نفسە﴾ كە لـە لايـەنى لوغەوييەوە ئەمەش نوقسانە، ﴿يـشترد علـى المرشـح مجلـس المفوضـين﴾ أن يكون يـان ان تكـون، كەواتـە ان يكون زيادە، من ﴿مواطنى اقليم كوردستان﴾، ان يكونەكەى لابردرێت لە هەموويان هەتا ئـاخير لابردرێت ئەمانە، ئيتر من شتێكم نييە دەستان خۆش، پـشتگيرى لـە ئـەوەش دەكـەم كـە لـە ڕووى ژنـەوە ژمـارەى ژن ديارى بكرێت، ڕێژەيەكى بۆ ديارى بكرێت كە لە ﴿٢٠٪﴾ بێت يان ﴿١٥٪﴾بيتن، ڕێژەى ديـارى بكرێـت يـان بوترێت بە لايەنى كەم ژنێكى تێدا بێت ئەم مەجليسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شوان فەرموو،

**بەڕێز د.عمر مصطفى باوەمیر ﴿شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم کۆمیسیۆنە یەکەمجارە دادەمەزرێت لە هەرێمی کوردستان بە ڕاستی ئەویش وا باشە، وەکو سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمان زۆر ئەمە قۆرغ نەکرێت وا باشە نوێنەرایەتی پێکهاتەی پەرلەمانی پێوە دیار بێت و ئەو نۆیەش کە دیاری کراوە مەفروز بوو لەگەڵ نۆیەکەشدا ژمارەیەکی تر ئیزافە کرابا، بۆ نموونە/ ﴿پێنج، حەوت، نۆ، یانزە هەتا سیانزەش﴾ نەك ئێستا نۆیەکە لەوێ سابت کرابێت بە پێی ئیتفاقیە، کە لەوێش باسی موستەقیللە دەکرێت، موستەحیلە کۆمیسیۆن موستەقیل بێت، هەتا ئەمەش نووسراوە، لەبەر ئەمە من پێم باشە نۆیەکە بکرێت بە یانزە، ئەوەی موکەوناتیش، موکەوناتەکان دیاری بکرێت، ﴿تورکمان و کلد و ئاشووری﴾ مکوناتن لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە ڕەسمی، وەکو موکەوناتی قەومی، تۆ کە موکەوناتی قەومی دێنی، ئێستا کە کوردستان پڕ بووە لە عەرەب، لەوانەیە عەرەبیش داوا بکات لەو کۆمیسیۆنە ئەندامیان هەبێت، خاڵی دووەم وەکو بێگەردخان وتی: دووەم فەرعی أ: اقلیم کوردستان بکرێت بە کوردستان، کە هەموو کوردستانی باشوور دەگرێتەوە، ئەوەی تریشیان دووەم فەرعی ح/ دەڵێ ئەوانەی موشارەکەی ئیبادەی جەماعی و لەناو بردنی خەڵکی کوردستانیان نەکردبێت ئەم شەرتە بکرێت بەوەی کە هەر بەعسی نەبووبێتن، چونکە مەرجەکە ئەوە بێت کە هەر نەك موشارەکەی نەکردبێت، بەڵکو بەعسیش نەبووبێت بە هیچ شێوەیەك لە عومری ئەو سی و پێنج ساڵەی تەمەنی حزبی بەعسدا، مەسەلەی بەشداری ئافرەتانیش، ئەمن لەگەڵ ئەوەدام هەر ژمارەیەك بێت موشکیلە نییە، ئەو حەتمەن دابەش دەکرێت بە پێی موحاسەسەی حزبی، با ئەو حزبە بۆ خۆی کە سێی بەردەکەوێ ئافرەتێك دیاری بکات، ئەوەی کە دووی بەردەکەوێ یەکێك دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك أنور فەرموو،

**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنجەم، من تێبینیم لەسەر ئەنجومەنی کۆمیساران لەو برگەیە هەیە، نوێنەرایەتی بکات و کەمە نەتەوەییەکان مسۆگەر بکرێت و ڕەچاوی نوێنەرایەتی ئافرەت بکرێت، پێشەکی قسەکەم بە هەڵە لێك نەدرێتەوە و بە هەڵە تەفسیر نەکرێت، لێرەدا چونکە من دژی پێشێلکردنی مافی هیچ چین و توێژێك و هیچ لایەنێك نیم، بەڵام لە خاڵی دوو، لە برگەی ﴿أ﴾ دا، هاتووە دەڵێ: پێویستە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و تیایدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێت، بۆیە وشەی ﴿مراعات﴾یش لێرە بۆ ئافرەت بە کەم بایەخ سەیرکردنە و بۆ پێکهاتەکانیش مادەم مافیان لە خاڵی دوو برگەی ﴿أ﴾ دا دیاری کراوە، پێم وایە ئەمە زیادەیە لێرەدا هاتووە پێویست ناکات لە وێدا هەبێت و لەگەڵ ئەمەشدا نیمە کە حسە و پۆست لەسەرەتادا هیچ پێکهاتەیەك بىرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ شامۆ فەرموو،

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا من خالا ئێکێ دگریت، جڤات ژ نەهـ کەسان پێك دێت و تێدا نوێنەراتیا پێکهاتێن نەتەوەیی مسۆگەر ببا، جارێ ئاڤاکرنا ڤی دەزگایی هەر بخۆ بۆ خۆحازرکرنێ یە ریفراندۆمەکێ ل دەڤەرێن تازە رزگار کری یێن دابڕاندی، ئەم نیف ملیونێن ئینسانێن کوردێن ئێزدی پەیوەندیدارین ب ڤێ ریفراندۆمێ، ئەز بەرژەوەندییا نەتەوەییدا دبینم ئەگەر بەحسێ پێکهاتێن نەتەوەیی بهێتە کرن رەوشا پێکهاتێن ئاینی ژی بهێتە رەچاو کرن، سبەهی ما چ تێدایە ژ وان نەهـ کەسان کەسەکی کوردێن ئێزدی ژی ل ڤی دەزگەهێ بلندا نەتەوەییدا تێدا بیت؟ زور سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین کاکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی ﴿ب﴾ من پێم وایە ئەوەی خاوەنی شارەزایی بێت و شاهیدی لەسەر بدرێت من پێم وایە ئەم خاڵە زیادە هەر لاببردرێت، شارەزاییەکە ئەگەر لە پسپۆرییەکەیە ئەگەر دوو پسپۆرییەکەمان جیا کردبووەوە ئاسایی بێت ئەگەر بتەوێ پسپۆرییەکان دیاری بکرێت دەبێت لە خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەی پێبدرێت، بۆیە ئەم شاهیدی و کارامەیە نازانرێ کێ شاهیدی بۆ بدات؟ خاڵی ﴿خ﴾ ئەوەی سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبێت ئەوەش هەر با لابردرێت و زیادە، دەکرێ بڵێیت لە دوای پاڵاوتنی یان لە دوای دەستنیشانکردنی سەربەخۆ بێت، چونکە پێشتر سەربەخۆ نییە، لە دووەم، کارگێڕی و هەڵبژاردندا خاڵی دوو، لە هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم جیاکراوەتەوە، بەڵام لە خاڵی یەك، تەنها پارێزگاکانی هەرێم ئاماژەی پێدراوە، لە خاڵێکیش بە هەمان شێوە بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عباس غەزالی فەرموو،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالی دوو، فەقەرەی یەك، تەئیدی بێگەردخان و د.شوان قەڵادزەیی دەکەم، بەڵام هەر دانیشتوو نەبێ ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکی تریشی نەبێ بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت و بەرژەوەندی بەرزی کوردستان بپارێزێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی لەسەر دەقە کوردییەکە ئەگەر بۆ کاتێکی تریش بێ زۆر هەڵەی تێدایە، کوردییەکی زۆر تەواو نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر عەرەبییەکە قسە بکە.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر عەرەبییەکەش ئەوەی کە دەگوترێت بڕیارەکانیان بە زۆرینەی ڕەها یەعنی زۆرینەی نۆکە بێت کە پێنج کەس بێت لە ﴿بأغلبیة مطلقە﴾، لە ئیدارەی ئینتیخابیش خاڵی دووەم، لە ئیدارەی ئینتیخابی کۆتایی دێڕەکە ﴿طابع عملیاتي و تنفیذي و اجرائي﴾ نازانم لە مە دەچێ هەرسێکی هیچ جیاوازییەکی نەبێت، هیچ جیاوازییەکی هەیە ئەمانە؟ ئەگەر کورت بکرێتەوە بە ﴿ذات طابع تنفیذی﴾ یان ﴿ذات طابع عملی و تنفیذی﴾، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.محمد علی فەرموو،

**بەڕێز د. محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەسا ئەز هاڤ دژیەکی دبینم ل ماددا پێنجێ، دووەم، خالا (خ) کو پێویستە کۆمسیار سەر بە هیچ پارتەکی سیاسی نەبت، ئەز دبیژم ئان خالا لادەین، یان ئەز نازانم چۆن تەعامول دگەل وی بکەین، مە لە ئەساسدا لەسەر تەوافوقی سیاسی ئاڤاکری، ئەو کەسەی کو دەچنە وێ ڕێژێ لەسەر تەوافوقا سیاسی دەچنە وێرێ، یەعنی لایەنێن پارتا سیاسینە، یەعنی ئەڤە دەمێکیدا کو یاسایەك ڕەهەندێکی نیشتمانی هەبت، یان ڕەهەندێکی سەربەخۆ هەبت، ئەز لە واقعی سیاسی کوردستانێ باش تێ دگەم، ئەزانم چاڤەڕێ چین، وەلی دەبێت هەمی چاڤی خۆ بکەین هێدی هێدی مە دامەزراوا خۆ ئاڤەدان بکەین، دەبیتن مە باوەری ب سەربەخۆیی خۆمان هەبیتن، ئەز پێشنیار دکەم، یان خالا (خ) کە دەبیژێت ئەندامی کۆمسیار سەر بە پارتا سیاسی نەبت، بێتە لادان یان دەبیت مە حیلە دگەل خۆ نەکەین، ژبەر کۆ ئەگەر ڤی ڕەنگی دەرباز بین، ئەڤ خەلەتییێن بەری نوکە ئەم یێن دووبارە دکەین بو نموونە ئەز دێ نموونەیەکا سەندیکا ڕۆژنامەڤانان دێ ئینم کو هەمی تەوافوقا سیاسیی یان هەمی سازی یێن دی یێن جڤاکی مەدەنی و تەوافوقا سیاسی بووینە و ئەو کەسێن ل وێرێ کار دکەن ژی هەر ئەندام و لایەنگرێت حزبانە کو دمەسەلەکا وەکی

کۆمۆسیۆنا هەلبژارتنا کو دڤێت یا سەربەخۆیی بێت نە بتنێ پشتەڤانیا سەربەخۆیی و پروسێسا هەلبژارتنێ ناکەت بەلکو رێگریێ د پروسێسا دیموکراسیی دکەتن د هەرێما کوردستانێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی پێنجەم لەبەشی یەکەم، ئەنجومەنی کۆمسیاران، لەو بڕگەیەدا کە باسی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان ئەکات، ئێمە لێرە ئیقتراحمان ئەوەیە لەم پرۆژەیەدا ڕاپرسیە، ئەوە ئامانجی سەرەکیمانە، ڕاپرسی لەو ناوچانە دەکرێت کە کێشەی لەسەرە، بەتایبەتی کەرکووکە ناوچەکانی دەوروبەریەتی وەکو دوز خورماتوو، ئەوانەی کە تورکمان نشینی زۆری لێییە، دەبێت لەم کۆمیسیۆنە، لەم دەستەیە پێکهاتەی تورکمان ئەهەمیەتی پێ بدرێت، نوێنەرایەتی دیاری بکرێت، لێرەدا ئێمە لەو مولاحەزەیەدا لەنوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا دەبێت جیا بکرێتەوە، دیاری بکرێت کە ناوی تورکمان لەمە بنووسرێت، کە ئەویش بتوانێت بەشێوەیەکی فەعال بەشدار بکات، لێرەشدا ئێمە دیسانەوە، ئەگەر نوێنەری پێکهاتەکان مسۆگەر نەکرد، چۆن پێکهاتەی تورکمان پشتگیری لە ڕاپرسی دەکەن، ئەگەر لەیەکەم هەنگاو ناوی تورکمان بەنەصی سەریحی نەنووسرێت لەم بڕگەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کمال یلدا.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەم برگەی یەکەم، (ان یکون من مواطني و سکنة کوردستان) بەس ئەوەندە بکرێت، فەقەرەی (ج و ح) بکرێت بە یەك، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە، (ان یکون حسن السیرة والسلوك وغیر محکوماً بجریمة مخلة بالشرف ، او مشارك بجریمة ارتکبها نظام البعث في العراق للشعب الکوردستاني) سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا غەریب، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو سەرنجم هەیە ئەمەوێت بە کورتی بیگەیەنم، خاڵی یەکەم: کە ئەڵێت مسۆگەر کردنی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان، ئەم ئەنجومەنە پێنج لایەنی سیاسی زاهیرەن بەرێوەی ئەبەن، بەشداری ئافرەت ڕەنگە ئاسان بێت، لەناو ئەو کوتلە سیاسیانەدا جێگایان بکەنەوە، بەلام سەرنجی سەرۆکایەتی پەرلەمان ولیژنەی یاسایش بۆ ئەوە ڕائەکێشم، کە پێکهاتەی قەومی ئەگەر ئێمە بەڕەهایی

بیهێڵینەوە دوای هەم گرفت بۆ ئێمە دروست ئەکات هەم بۆ ئەو پێکهاتانەی کە جێگایان ناکرێتەوە، خاڵی دووەم، وشەی نەزاهە لە خاڵی (ف) (ان یکون من ذوي الخبرة ومشهود له بالكفاءة والنزاهة) ئەو وشەی نەزاهەیە هەر لابرێت، چونکە لەخاڵی (ج) ئەڵێت ان یکون حسن السیرە) مادام حسن سیرە بی نەزاهەش لەخۆی دەگرێت، بۆیە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری داخازیا کاك عباس غزالی و دکتۆر محمد علی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یعقوب گورگیس، فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پێشنیار هەنە، لەخاڵی ئێك: مجلس المفوضين: تمثيل المكونات القومية) وای لێ بکرێت،( على ان يضمن تمثيل المكونات القومية في مجلس المفوضية والهيئات المنبثقة عنه) نەك تەنها لە مەجلسی کۆمیسیۆن لەهەموو هەیئاتی مەجلسدا بەشداری بکەن، خاڵی دووەم: لە ح- لم يشارك في الجرائم التي خطط لها او ارتكبها نظام البعث في العراق لقمع الشعب الكوردستاني) ( وعموم الشعب الكوردستاني) یەعنی نابێت خەڵکێك لەو کۆمیسیۆنە بێت تاوانی دژی خەڵکی کوردستان کردبێت ئەوە نا مەعقولە، خاڵی سێیەم: لە خ- ان لا يكون منتميا الى اي حزب سياسي ( ببێت بە جهة سياسي) یەعنی حزب سیاسی لەوانەیە ئەندامێکی لە تەیاری سیاسی بێت، یەعنی وای لێ بیت، (ان لا يكون منتميا الى اي جهة سياسية اثناء عضويته) یەعنی سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك یروانت، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی قسەکانی کاك یعقوب ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مدینە، فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا محمد  علی دکەم لسەر ماددا دوو برِگا (خ) ئەو برگە یا زێدەیە و، ماددا دوو برِگا(ج) و(ح) دمجەك دهێت کرنێ، بڤی شێوەی بتن بەشداری نەکربێت لەتاوانی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا پلانی بۆ دانانی یان ئەنجام دراون بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستان یان بەتاوانێکی ئابرِو برِ حکوم نەدرابێت. سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن بێگەرد خان و ئەوانی تریش هاتە کردن، بۆیە پشتگیرییان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر کۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر(کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هێندیم خالا ئێك حەفت کەس بن، پشتگیریا کاك محمد علی دکەم، کو ئەڤێتە بێتە ئان لادان ئەوە نەمینیت، (ان لا یکون منتمیا الی اي حزب سیاسي) بقەناعەتا من بیژین (ان لا یمارس اي عمل حزبي) لەکاتا ئەندامێتی، خالا شەشێ برەئیا من (وتتخذ قراراته باغلبیة الحاضرین) ببێتە (باغلبیة ثلثین) سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەردان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل خالا چارێ هەڵبژاردنا سەرۆك و جێگرو بریاردەر و سەرۆکێ کارگێری هەڵبژاردن، کو دوو لسەر سێ ژمارا ئەنداما تێتە هەڵبژاردن، لێرە عەمەلی یان وەختێ جێبەجێ کرنێ واردە تووشێ حالەتێك بین کوو ئیشکالەکا قانونی درست کەت ڤێ یاسایە تەنزیم نەکریە، ئەویش ئەگەر دوو مورەشەح بوون، هەردوو مورەشەح دوو لسەر سێ دەنگی نەهینا، واتە یەکی پێنج دەنگ هینان، یەکی چار دەنگ هێنان، ڤ حالەتدا دڤێت یاسا تەنزیم بکەت، لەهەموو وا هەڵبژاردنێت کوو دوو لسەر سێ دەنگا تێتە یەکلا کرن، جەولەکا دیا هەڵبژاردن تێتە کرن، لەوێ جەولێ ئەگەر زێدەتر لە دوو مورەشەحا هەبن دوو مورەشەحی زۆرینەیا دەنگا بەدست هێنا دەچنە جەولا دوویێ، لە جەولا دووێ بزۆرینەیا دەنگ تێتە یەکلا کرن، هەروەکو مە لە خولا چوارێ پەرلەمانێ عێراقی دیتن، هەڵبژاردنا سەرۆك کۆمارێ وەختی چل مورەشەحێ دوو لسەر سێ دەنگ بەدەست ڤەنە لە

جەولا دوویێ سەرۆك كۆمار بزۆرینەیا دەنگا هاتە یەكلا كرن، لبەر هیندە فەقەرەیەك ئیزافە كرن، ئەگەر چ مورەشەحێ دوو لسەر سێ دەنگا بدەست ڤەنە لە جەولا دوویێ چ تۆڤ ئیتفاقا لسەر كری بێتە پركرنا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژمارەیەكی زۆر پێشنیار هەیە، هەندێ لە ڕەئیەكان پێویستی بە ڕوون كردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی نەخرێتە دەنگدان، پێم وایە ئەگەر ڕوونكردنەوە بدەین پێویستی بە دەنگدان نابێت، ئەوەی كە پەیوەندیدار بوو بە ژمارەی ئەندامان دیارە ئیتیفاق كراوە لەسەر ئەوەی كە نۆ كەس بێت، بۆ ژمارەی ئەندامان، پرسیار كرا لەسەر ئەوەی كە ئایا كێ شەهادەتیان بۆ دەدات كە خاوەن خیبرەن و كەفائەتیان هەیە، ئەو سیڤیەی كە تەقدیمی ئەكەن، ئەو سیڤیە لەلایەن لیژنەی تایبەتەوەیە ،كە پەرلەمان دای دەمەزرێنێت، سیڤیەكە خۆی شەهادەتیان بۆ دەدات، لیژنەكە هەڵسەنگاندن ئەكات، لەسەر موكەوینات زۆر باس كرا كە بۆ موكەویناتی قەومی بێت، ئێمەش وەكو لیژنەی یاسایی ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارەكە قبوڵ بكەن (المكونات الاخرى) بە موتڵەقی دەیهێنین، بۆ ئەوەی كە موكەویناتی قەومی بگرێتەوە هەم موكەویناتی ئاینیش بگرێتەوە، پێنشیار هەبوو لەسەر خاڵی دوو برگەی (أ) ان يكون من مواطني كوردستان – العراق ومقيماً فيه اقامة دائمة. وا پێشیار كرا بكرێت بە (مواطني اقليم كوردستان) بەڵام ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی وامان پێ باشە كە لەمواتنی هەرێمی كوردستان بێت و ئیقامەی دائیمیشی هەبێت، لەبەر ئەوەی جارێ ئیستیفتا نەكراوە لەو ناوچانەو نەگەڕاوەتە سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە ئێستا تەشكیل كردنەكە، ئەگەر حەصر بكەین لەسەر مواتنی هەرێمی كوردستان ئەوەمان پێ باشتر بووە، تەمەنەكە، (٣٥)ساڵ بوو، دیارە لەسەر ڕای ئەندامان كراوە بە (٣٠) بۆ موراعات كردنی لەنێوان (٣٠) ساڵ بۆ پەرلەمانیش (٢٥) هەیە، ئەو (٣٥) ساڵەش كە تەرح كرابوو ئەو (٤٠) ساڵەش كە بەڕێزیان پێشنیاریان كردبوو، چونكە ئێمە مەرجێكی ترمان هەیە كە خاوەن خیبرە بێت، بۆیە خاوەن خیبرە (٣٠) ساڵمان داناوە، كە سێك كە تەخەروج ئەكات و بڕوانامەی زانكۆ بەدەست ئەهێنێت ئەوە لە ٢٢ تا ٢٣ ساڵی ئەبێت، بۆیە دەبێت خیبرەیەك لەكارەكەی پەیدا بكات، تا دەگاتە (٣٠)ساڵ، بۆیە (٢٥)ساڵ زۆر كەمە، كە تەمەنمان داناوە مەرجی خیبرەشمان داناوە، بۆ ئەوەی تەنسیق هەبێت لەنێوانیان، (ان لا يكون منتميا الى اي حزب سياسي اثناء عضويته) ئەوەش قسەیەكی زۆری لەسەر كرا، ئێمە نەمان وتووە ئەو كەسە موستەقیل بێت كە دێت، ئەڵێین لە كاتی ئەندامێتیدا، واتە پێشتر كەسێك بووە سەر بەلایەنێكی سیاسی بووە، ئەندامی لایەنێكی سیاسی بووە، بەڵام كە دێت و ئەبێت بە ئەندام لەو كاتەی كە دەبێت بە ئەندام بۆی نییە سەر بەهیچ لایەنێكی سیاسی بێت، لەبەر ئەوەی كە ئەصڵەن ناوی كۆمیسیۆنەكە ناوی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانە، بۆیە پێش ئەوكاتە كەسێكی حزبی بووە ئەوە لێرەدا تەنزیم كراوە، بەڵام كە دێتە ناو كۆمیسیۆن لەكاتی وەزیفەكەی و لە كاتی ئەدا كردنی كارەكەی،

پێویستە وەکو کەسێکی سەربەخۆ لێرەدا کار بکات، لەسەر ئیدارەی هەڵبژاردن پێشنیار هەبوو، کو مەجلسی مفەوەزین تەنزیم کراوە بەهەمان شێوە ئیدارەی هەڵبژاردن تەنزیم بکرێت، ئیدارەی هەڵبژاردن لەیاسای هەموو وڵاتێك دەبێت هەیکەلەکەی بە نیزامێکی داخلی تەنزیم بکرێت، ئەو نیزامە یان ئەو هەیکەلیە پێشکەش دەکرێت بە مەجلسی مفەوەزین، مەجلسی مفەوەزین کە ئەندامەکانی لە نۆ کەس پێك دێت ئەوان موصادەقەی لەسەر دەکەن و پێك دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادار بن سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردن لەهەمان کاتدا ئەندامە لە مەجلسی مفەوەزین، واتە ئەو مەرجانەی کە بۆ ئەندامانی مەجلسی مفەوەزینمان داناوە سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنیش دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەو مەجلسە، مەسەلەی قەرارات کە بە ئەغلەبیەی موتڵەق بێت بۆ ژمارەی ئەندامان، ئەمە دەبێتە ئەرقەلەو کێشە بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئەسلەن کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەموو وولاتان ئەنزیمە بەرێوەی دەبات، نیزام زۆر دەردەکات، نیزامی هەیە تایبەتە بە ئموری مالی، هەیە تایبەتە بە ئموری ئیداری، تایبەتە بە ئەنزیمەی ئینتخابی، هەیە لێرانە بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێتن بە ئەغلەبیەی حازرینە دەنگدان، ئەوەش قاعیدەیەکی قانونی تازەی موتەبعە بەئەغلەبیەی عەدەدی ئەعزای مجلسەکە، بەئەغلەبیەتیش قانون و قرارات دەردەکات، ڕوونکردنەوەکانی تر بەجێ دێڵم بۆ هاوکارانم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هیچی ترتان ماوە، دکتۆرە بەهار ، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تایبەت بێت بە کوردییەکە، کاك دکتۆر شێرکۆ لەکاتی داڕشتنەوەیدا پرسی پێ ئەکەین و چاکی ئەکەینەوە، سەبارەت بەوەی کە ئیقتراح کرا جیاوازی چییە، بکرێت بە یەك عەمەلیاتی و تەنفیزی و ئیجرائی، عەمەلیاتی و تەنفیزی و ئیجرائی سێ شتی جیاوازن، عەمەلیات، یەعنی پرۆسە، بۆ نموونە: ئیستیفتا پرۆسەیە، تەنفیز، تەنفیزی عەمەلییەیەکە، بۆ نموونە: لەدوای ئەوەی کە هەڵبژاردن تەواو ئەبێت هیچ لایەنیك ناچێت ئەو هۆکارانەی بەکاری هێناوە بۆ هەڵبژاردن لێی بکاتەوە، لێرەدا ئێمە سەلاحیەتمان داوەتێ تەنفیزی مەدەنی بکات لەسەری، واتە غەرامەی لێ بسەنێت، ئیجرائی: ئیجرائاتیش ئەنزیمەیە، بۆیە ئێمە ئەم سێ شتە کە دامان ناوە هەریەکەیان لەمانە واتای خۆی هەیە، لای بەرین یان دەمجی بکەین ڕەنگە کەلێنێك لەیاساکەدا دروست بێت، سەبارەت بەوەی کە ئەڵێین لیژنەکە ئەوەی کە تەرشیحی ئەندامان ئەکات لە لیژنەیەکی خاص لەپەرلەمانەوە، ئەو لیژنەیە کاتەکەی بۆ دیاری نەکراوە، ئەندامەکانی کێن؟ بێگومان ئەندامەکانی لەپەرلەمانەوە دیاری دەکرێن، ئەندامی پەرلەمان ئەبن، کاتەکەش هەرکاتێك ئەم کۆمیسیۆنە دروست بوو، ئەوە پەرلەمان مولزەم ئەبێت بەوەی ئەو لیژنەیە دروست بکات، بۆیە بە پێویستمان نەزانیوە کاتەکەی بۆ دیاری بکەین، (ان یکون) لە مەرجەکان لابرێت، پێم وایە (ان یکون) سیفەی ئیلزامی ئەدات یەعنی (ان یکون) وەك ئەوە وایە بڵێت( یجب) پێویستە، بۆیە ئێمەش مەرجەکانمان بە ئیجباری داناوە،

یەعنی جەوازی نییە، ئیجبارییە، بۆیە دەبێت بمێنێت، سەبارەت بەو ئیقتراحەی کە کرا، ناوی تورکمانەکان بنووسرێت لەناو موکەویناتدا، لەیاسادا ئێمە نابێت بچینە ناو تەفاصیلەوە، قانون عام و موجەرەدە، کە ئێمە ئەڵێین موکەوینات، شتێکی عاممان بەکار هێناوە کە هەمووی ئەگرێتەوە، ئەگەر تورکمانمان نووسی کەواتە ئەبێت ناوی هەموو پێکهاتەکانی تریش بهێنین، کە ئەمە یاساکەمان وا لێ ئەکات یاسایەکی تەفسیری تەفصیلی بێت، لەعام و موجەرەدەکەی خۆی دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک گۆران ئەگەر تۆش شتێکت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانم هەموویان ڕوونکردەوە، بەڵام ئەوەی ئیشکالاتە لەسەر سێ خاڵی سەرەکی بوو، شێوازی دانانی ئەندامەکان بەڕێزان، چۆن دادەندرێت؟ شهادەکەیان چۆن مسۆگەر دەکرێت؟، ئافرەت چۆن مسۆگەر ئەکرێت؟، موکەوینات چۆن مسۆگەر ئەکرێت؟، بەپێی یاساکە لیژنەیەك هەیە، ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی پەرلەمانییە، کاری لیژنەکەیە ئەم کارانە مسۆگەر بکات لەسەر ئەو پێکهاتەیە لەبەر ڕۆشنایی یاساکە، ئەم لیژنەیە کار دەکات دواتر لیژنەکە دەیهێنێتە ناو پەرلەمان و دەنگی لەسەر دەدرێت، بۆیە بەشێك لە ئیشکالەکە کە بەڕێزتان باستان کرد لەناو لیژنەکە حەل دەکرێت، مەسەلەی بێ لایەنی قسە لەسەر کاتی ئەندامێتی کراوە، چونکە بە فیعلی ئەم ڕەخنەیە لەجێیە، کە ئەم حاڵەتە بە تەوافوقی سیاسی دەکرێت، ئەو کەسانەی کە دێن لە نەتیجە لەوانەیە لەلایەن حزبەکانەوە پێشکەش بکرێن، وە حزبەکانیش کەسی حزبی دەنێرن، یاخود کەسی بێلایەن دەنێرن، بەڵام لەوانەیە هەر لەوانەوە سەپۆرد بکرێن، بەڵام کە کار دەکەن پێویستە بێلایەن بن و ئەندام و لایەنگری هیچ حزبێکی سیاسی نەبن، هەیکەلیەتی مەجلسیش باستان کرد کە دەبێت پێناسە بکرێت و شەرح بکرێت، شێوازی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکی دائیرەی هەڵبژاردن باستان کرد، شێوازی هەڵبژاردنەکەی دیاری کراوە کە چۆن هەڵدەبژێردرێت، باسی ئەوەش دەکات کە پێك دێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی تریش، لەگەڵ شارەکان، ئەمە پێکهاتەکەیەتی لە لیژنەی یاسایی ئەو پرسەی ئێوەمان تاوتوێ کرد، کە خۆی ئەم دائیرە ئینتیخابیە شەش مەکتەبیشی هەیە، کە ئەم شەش مەکتەبە ڕۆحی کۆمیسیۆنە، زۆر ڕۆڵیان هەیە، بەشێك لە ئەندامانیش لە لیژنە وامان پێ باش بوو کە لەناو یاساکە بنووسرێت، کە دەستنیشان بکرێت ئەو مەکتەبانە چین، وەك چۆن یاسای وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تێدا دیاری دەکرێت، بەڵام کۆمیسیۆن وتیان دەبێت ئەو دەسەڵاتە لای خۆمان بێت، چونکە جاری وا هەیە کۆمیسیۆن کار دەکەین، بەڕێوەبەرایەتی دەمج دەکەین، بەڕێوەبەرایەتی ئیلغا دەکەین، بۆیە ئێمە هەموو دەمێك نابێت بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی تەعدیل کردن، ئەمە وای کردووە کە باس کردن لە هەیکەلیەی دائیرەی ئینتیخابیەکە کورت تر بێت و بە تەفاصیل نەبێت، من خۆم لە لیژنەی یاسایی پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم، کە لە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بن و تێیدا نیشتەجێ بن، چونکە لەوانەیە ئێستا هاووڵاتی هەبێت

خەڵکی هەرێم نەبێت بەس فۆرمی خۆراکی هەرێمی هەیە، ئەوەش دەبێتە هاووڵاتی هەرێم و مافیشی دەبێت، بەڵام هاووڵاتیمان هەیە فۆرمی خۆراکی ناوچە جێ ناکۆکەکانەو شمول ناکات، بۆیە ئەگەر بوترێت، پێویستە لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت و تێیدا نیشتەجێ بێت بەشێوەیەکی دائیم، ئەوە شمولی ترەو حەقی ئەو ناوچانەش ناخورێت، ئەگەر ویستیان ببنە ئەندام لە کۆمیسیۆنەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك بە یەك پێشنیارەکان دەخەینە دەنگەوە، پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ماددەکە بدەین، پێم وابێت بۆ ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران جگە لە ۹، کە خۆی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە ۲ پێشنیاری تریش هات بوون (۱۱ و ۷)، بۆیە لەپێشدا ئەوەی کە لە یاساکەدا هاتووە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر ئەوە پەسەند کرا ئەوە ۲ پێشنیارەکەی تر ناخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بە ۹ کەس بمێنێتەوە؟ ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بە ۹ کەس بمێنێتەوە؟ ۸۲ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ۱ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا بە ۹ کەس ئەمێنێتەوە، پێشنیارێك کرا کە ( بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان بعد (١٥) يوماً من تصديق القانون)، ئەوە لەڕاستیدا نابێ لێرە بنووسرێ، ئەگەر بشنووسرێ ئیزافە بکرێت، دەبێ لە ئەحکامی خیتامی و ئینتقالییە بنووسرێ، چونکە ئەوە یاساکە بۆ مەدای دوورە، یەعنی بۆ چەند جارێك کۆمسیۆنەکە ئیعادە ببێتەوە نەك بۆ یەکەمجار، بۆیە ئەگەر ئەوەش بنووسرێ پێویستە لە ئەحکامیە خیتامییە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت کاك عمر، پێشنیاری تر هەبوو کە ناوی سەرجەم پێکهاتەکان بهێندرێت یان ناوی مکەوناتی دینیش بهێندرێت، بەڵام لەپێشدا ئەوەی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگەوە، کە وتیان بیکەین بە (المكونات الاخرى)، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (المكونات القوميه) بکرێت بە (المكونات الاخرى)؟، (على ان يضمن تمثيل المكونات الاخرى)؟، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتێکدا ئەوە مانای دەبوو، ئەگەر پێشتر بگوترابا (المفوضية) کورد دەبن و، مراعاتی مکوناتی اخراش دەکرێ، بەس خۆ ناوی هیچ قەومییەك نەهاتووە تا مکەوناتەکی ئەوانی تر مراعات بکرێت، کەس ناوی نەهاتییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس خۆی لەپیشدا پێشنیارێکیش کرا بوو، کە (مکونات)لابرێت.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەیان مانای هەیە، بەس ئەوی تریان غەلەتی لوغەوی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، جارێ هەر ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە (مكونات) لابرێ، ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، لەوەدەچێ دەنگ نەهێنێ با بزانین كێ دەنگی بۆ دەدات، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە (مكونات) لابرێت؟ ١٦ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ٦٠ كەس لەگەڵی نییە كەواتە پەسەند نەكرا، لەسەر (مكونات) چەند پێشنیارێكی تر هەیە، یەكێك لە پێشنیارەكان ئەوەیە (مكونی توركمانی و مكونەكانی تریش بنووسرێ، مكوناتی دینیش بنووسرێ)، پێشنیارێكی تریش ئەوەیە هەر (قومیە) لابرێت، (تمثیل المكونات)، پێشنیارێكی تریش هەیە (المكونات الاخری)، باشە لیژنەی یاسایی فەرمووە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها (المكونات)، (تمثیل المكونات) دابندرێت، بۆئەوەی بە موتلەقی مكوناتی قەومی و مكوناتی ئاینی بگرێتەوە لێرە یان نا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەپێشدا ئەوە دەخەینە دەنگەوە كەواتە، بەس تەنها (المكونات) بێ (علی ان یضمن تمثیل المكونات) كێ لەگەڵیەتی؟، مەجالی قسە كردن نییە دەبوو پێشتر قسە بكەی، منی خان دەبوو پێشتر قسەی بكەی، دەتوانی لەكاتی ناونووسیندا قسە بكەی، ئێستا كاتی دەنگدانە، تكایە بێ دەنگی منی خان، ٦٤ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ٥ كەس، دەنگت نەدا د. ابراهیم پێشتر،؟ بەخوای وابزانم دەنگت دا تۆ، ٥ كەس لەگەڵی نییە، بەڕێزان بۆ زانیاری ئێوە (مكونات) ماوەتەوە، بەلاّم ئاماژە بە هیچ (مكونێك) نەكراوە، یەعنی ئەوەیە بۆئەوەی تەعقید نەبێ ئیشەكە باسی مكونی قەومی، مكونی دینی، توركمان، مەسیحی، بەشێوەیەكی عام، كاك محمد ئێوە ڕەئی خۆتان وت، كاك ئایدن ڕەئی ئێوەی وت، ڕەئی تریش هەبوو هەموو ڕەئیەكەمان خستووەتە دەنگەوە، ئێستا كاتی دەنگدانە، كاتی قسە كردن نییە، پێشنیارێك هەبوو بۆئەوەی كە (یراعی تمثیل النساء)، لەوێ (یراعی) لابرێت بۆئەوەی وای لێ بێ، (وعلی ان یضمن تمثیل المكونات و تمثیل النساء)، (یراعی) لابرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە (یراعی) لابرێت؟ بۆئەوەی بزانن دەنگ لەسەر چ دەدرێت، لێرە وایە (وعلی ان یضمن تمثیل المكونات و یراعی تمثیل النساء) وای لێ بكرێت، (وعلی ان یضمن تمثیل المكونات و تمثیل النساء) ئەوكاتەی (یضمن) بۆ هەردووكیان دەبێت، كێ لەگەڵیەتی (یراعی) لابرێت؟ ٤١ كەس لەگەڵییەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ١٦ كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا (یراعی) لادەبرێت، پێشنیارێكی تر هەبوو كە (تمثیل النساء) نیسبەكە دیاری بكرێت، بەلاّم نەوترا چ نیسبەیەك دیاری بكرێت، وتت چەند؟ لە ٢٠٪، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ڕێژەی ژنان لە ٢٠٪ دیاری بكرێت كێ لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ ئەوەیە ڕێژەی ٢٠٪ بۆ ژنان دیاری بكرێت؟ كێ لەگەڵیەتی؟ ٤ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ٣٨ لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، منیرە خان نوقتەی نیزامی؟ فەرمووە.

**بەڕێز منیر عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەو ڕێژەیە لەبەرئەوەی لە پەرلەمان لە ٣٠٪، پێویستە لە کۆمسیۆندا لە ٤٠٪ بێ ڕێژەی ژنان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە مونیرە خان، ببوورە، خاڵی ٢، أ- ان یكون من مواطني كوردستان – العراق ومقيماً فيه اقامة دائمة)، پێشنیار ئەوەیە (اقليم) لابرێت، (ان يكون من مواطني كوردستان)، کێ لەگەڵیەتی؟ هەر نووسراوە (کوردستان)، (ان يكون من مواطني كوردستان – العراق )، ٧٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، پێشنیارێکی تریش هەیە کە ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکی تری نەبێت، کێ لەگەڵیەتی؟ نوقتەی نیزامی، باشە، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ئەو پێشنیارە مەخەرە دەنگدانەوە، چونکە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووری عیراق، دەستووری عیراق ڕێگای داوە بە دوو ڕەگەزنامە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە بۆچوونەکەی دکتۆرە دەکەین، فیعلەن نەگونجاویشە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئینسان ئازادە ئەگەر سەیریش بکەین ئەو حاڵەتانەی لە کوردستان بووە، ئەوانەی ڕەگەزنامەی وڵاتانی تریان هەیە، دەزانین بە چ هۆکارێك کەوتوونەتە ئەو وڵاتانە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەیە، بۆیە نەگونجاوە لەگەڵ ئازادیەکانی مرۆڤ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من نازانم لەڕووە سیاسیەکەیەوە، نازانم چۆن دەنگی لەسەر دەدەن؟، بەڵام لەڕووی دەستوورییەوە ئەو پێشنیارە نایاسایی و دەستووری نییە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم خاڵە پەیوەندی بە شوێن و هەویەوە هەیە، ئێمە بیرمان نەچێت شەریحەیەکی گەورەمان هەیە ناوی ڕەوەندی کوردیە، هەویەی تریان هەیە و (ذو كفاءة) خاوەنی خیبرەن، ئەکرێ بۆ ئەم کۆمیسیۆنە دەست نیشان بکرێن، بۆیە هیوادارین زۆرتر حەسر نەکرێت دەرفەت بکرێتەوە، هیچ مانعێکی قانونی نییە خاوەنی دوو ناسنامەش بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتیوانیم بۆ قسەکانی بەڕێزان کاك سالار و کاك ئومێد خۆشناو، تەنها وەك ئیزافەیەك لەو ولآتانەی کە کراوەن، داخراون، ولآتی ستەمکارین، عادەتەن هەویەی یەك ولآت دەکەن بە بنەما واتە هەویەی ولآتێکی تر نەبێت، وەك ولآتە دیکتاتۆریەکانی خۆرهەلآتی ناوەڕاست، بەلآم لە ولآتە دیموکراتییەکان ، ولآتانی ئەوروپا هەموویان دوو هەویەیان هەیە، زۆر تەبیعیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود بەس نوقتەی نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی کاك ئومێد و کاك سالار دەکەم، شەخسی خۆم جنسیەی سویدیم هەیە، کەواتە مافی دەنگدانم نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ویستم قسە نەکەم، بەلآم هات، ئەگەر بۆ کەس بیت خەڵك بێت لە دەرەوە ئەوە ڕەئیەکی ترە، بەلآم بەخوای زۆر زەحمەتە، کۆمیسیۆنیش وای لێ دێت، شەش لە دەرەوە دێت یەك لەناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دیف دەستووریٚ هەمیشەییا عیراقیٚ مادده ١٨، هی خاڵە چاریٚ بێژێتن (یجوز تعدد جنسیه العراق) نە گۆتیە موخالەفەیە ئەگەر جنسیەك ئیسقات ببێتن,ژ بەرهەندیٚ تەئیدی دکەین کو ئەگەر جنسیەك بتەنێژ بێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی خۆتان دا، زۆربەی برادەران باسیان کرد کە بۆچی دژی ئەوەن، بەلآم ئەوە هیچ ناکۆکییەکی نییە لەگەڵ دەستوورو یاساکاندا، بۆیە وەکو مافێکی کاك عباس کە ئەو پێشنیارەی تەرح کردووە،

دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە رەگەزنامەی هیچ وڵاتێکی تری نەبێت، ئەوکەسەی کە دەبێ بە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو کەسەی دەبێ بە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆن، رەگەزنامەی هیچ وڵاتێکی تری تێدا نەبێت، واتە بەس تەنها رەگەزنامەی عیراق و هەرێمی کوردستانی هەبێ؟ ٢١ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٤٩ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، خاڵی (ت) تکایە ئاگادار بن، خاڵی (ت) دوو پێشنیار هەبوون، پێشنیارێکیان داوای ئەوەی کرد تەمەنەکە بکرێت بە ٤٠ ساڵ، پێشنیارێکی تر ئەوەیە داوای ئەوەی کرد کە تەمەنەکە بکرێ بە ٢٥ ساڵ، بۆیە لە پێشدا ئەوەی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاساکە هاتووە دەیخەینە دەنگەوە کە ٣٠، ئەگەر ئەوە پەسەند نەکرا ئەوکاتە پێشنیارەکەی تر دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە (لا یقل عمره عن ( ٣٠ ) ثلاثین سنة)؟ ٦٨ کەس لەگەڵیەتی) ، ٦٨ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ٣٠ ساڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵی نییە؟ ٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ٢ پێشنیارەکەی تر رەچاو ناکرێت، باشە فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێکجار پێشنیارەکە دەخەیتە دەنگدانەوە ئینجا ئەوەی کە لە راپۆرتەکەدا هەیە، هەندێکجار ئەوەی ناو راپۆرتەکە دەخەیتە دەنگدانەوە ئینجا پێشنیارەکە، ئەمە ئیحساسێکمان لادروست دەکات کە سوئنیەت هەیە، ئەو قسەیەشم حەزناکەم تەسجیل بێ، بەس من ئەو ئیحساسەم لادروست دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دڵنیابن بەس تەنها بۆ کورت کردنەوەی کاتە، بۆئەوەیە کە زوو ئیشەکانمان بڕوات، دوو پێشنیاری تر هەیە ئەگەر هەردووکی بخەینە دەنگدان و ئینجا رەئی ناو راپۆرتەکە بخەینە دەنگدانەوە، کاتی زۆرترمان پێ دەچێ، بەلام ئەگەر تەنها یەك پێشنیار هەبێ ئەوە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە، پێشنیار هەبوو کە نازانم باس لەوە کرا (المشهود له بالكفاءة) هیچ مانای نەبوو، بەلام هیچ پێشنیارێکی تر نەبوو، پێشنیارێکی تریش ئەوەبوو کە نەزاهە لابچێت لەوێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەزاهە لابچێت لە خاڵی (ث)؟ لەخاڵی دوو (ث) (ان یکون من ذوي الخبرة والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والحیاد) نەزاهە لابرێت، ١ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە لانەبرێت؟ ٧٠ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، لە (ح) پێشنیارێك هەبوو کە شەرتەکە وای لێ بکرێت کە ئەسڵەن بەعسی نەبووبێ، ئەوکەسەی کە دەبێ بە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەعسی

نەبووبێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەعسی نەبووبێ بکرێت بە مەرج بۆ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران؟ ٧٥ کەس لەگەڵیەتی، تەبعەن لێرە مەبەستمان ئەوەیە یاسای ریشە کێش کردنی بەعس نەیگرێتەوە، مەبەستمان لەوە ئەوەیە، کێ لەگەڵی نییە؟ دەبێ وای لێ بکەین، بەڵێ کاك ئومێد فەرمو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسەکە دەڵێت بەشداری نەکردبێ لەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس لە عیراقدا پلانی بۆ داناوە یان ئەنجامی داوە، زۆرکەس هەبووە بەعسی بووە، مەرتەبەی هەبووە، ئیمتیازاتی هەبووە، بەلاَم بەشداری تاوانانی نەکردووە، بۆیە ئەوەی کە دەنگی لەسەر درا هەر بەعسی نەبووبێتن نەك بەشداری تاوانانی نەکرد بێ یان یاسای ریشەکێش کردنی بەعس شمولی نەکات، رۆژەك لە رۆژان لە ژیانیدا کەسەکە بەعسی نەبووبێتن، نەك پلەشی نەبێتن هەر ئەندامیەتی بەعسی نەکردبێتن، پێم وایە دەنگدانەکە لەسەر ئەساسی ئەوەبووە بەعسی نەبووبێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز مامۆستا سراج.

**بەڕێز د.سراج احمد حمد امین :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

یاسای ڕێشە کێشی بەعس بوویە یاسای موسائەلە، ئەصلەن ریشە کێشی هەر نەمایە، بۆتە موسائەلە، موسائەلە هەر پەیرەو ناکرێ پێم وابێ شتەکە موتەزادەینە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك دکتور فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست موسائلە بێ ئەوە لە وێ دیاری کردووە، ئەڵێ روتبەکەی لەو حەدە بوو یەعنی بەعسییەکانی دیار کردووە، یەعنی ئەوەی مونتەمی حزبی بەعس بوو بێ ئیعتیادییە، چونکە ئەوە لە بیر نەچێ خەڵك بە زۆر کراوەتەوە بە بەعسی، یەعنی ئەو کاتەی، ئەوەش لە بیر نەچێ ئەمن چەند جارێکش بە هەمووی شێوەیەك دژی بەعسیەکان بووم، بەلاَم لێرە تەصەور دەکەم لە جیێ خۆی دا نییە ئەصەکە ئەگەر وای لێ بکەین کە دەنگیشتان لە سەر دا، بە موتلەقیش دەنگتان لە سەر دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، چەند کەس لە گەڵی نەبوو؟ کەس نەبوو لە گەڵی نەبێ، کەواتە ئەوە پەسەند کرا، (خطط لها او ارتكبها نظام البعث فی العراق لقمع الشعب الكوردی و عموم الشعب العراقی)، بۆ ئیزافە بکرێ، کێ لە گەڵ ئەوەیە؟ کاك تحسین. نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز تحسین اسماعیل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لێرە دەڵێ شەعبی کوردستانی نەك کوردی، هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەبەستی ئەوەیە کە پارچەکانی تری عێراقیش بگرێتەوە، (عموم الشعب العراقی) یەعنی بەشداریشی نەکردبێت لە قەمەع دژ بە شەعبی عێراقی، بەڵێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین محمد :**

نوقتە نیزام نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە بچینە ناو ئەوەوە، یەعنی حاڵات دێتە پێش هەبووە کورد بووە موخەتەتی ناوی داناوە، یەعنی لە ڕووی قانونیەکەوە ناوی جەریمەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش بییخوێنەوە دکتورە ڕێواز، ئەڵێ : (لم یشارك فی الجرائم التی خططها او ارتكبها نظام البعث فی العراق لقمع الشعب الكردی و عموم الشعب العراقی.)

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین محمد :**

تەواو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، کێ لە گەڵ ئەوەیە؟ ئەوە وابزانم خوێندمەوە، ئەو جارەشی دەخوێنمەوە. (لم یشارك فی الجرائم التی خطط لها او ارتكبها نظام البعث فی العراق لقمع الشعب الكردستانی و عموم الشعب العراقی). (و الشعب العراقی) بۆ ئیزافە بکرێ، یەعنی بەشداری نەکردبێ لەو پلانانەی کە حیزبی بەعس هەی بووە بۆ لە ناو بردنی شەعبی عێراقیش سەرەرای شەعبی کوردستان. دەنگدان کراوە جارێ. ٥٦ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ ٦ کەس لە گەڵێ نییە کەواتە پەسەند کرا، دوو نوقتەی نیزامی هەبوو، کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبد الله سعید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشووتر خستە دەنگدانەوە، ئەوانەی کە بەعسی نەبوو بێت لە گەڵ ئەم خاڵە ئایا دابنرێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەمج کرا.

**بەڕێز ابوبكر عمر هەڵەدنی :**

ئاخر تۆ جەنابت وا نەتخوێندەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەس ئەوەش دەمج كرێ لە گەڵی.

**بەڕێز ابوبكر عمر هەڵەدنی :**

دەیەوێ كەواتە هەر دووكیان بیكە بە یەك خاڵ، ئینجا دەنگی لە سەر بدە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دووایی كە مادەكە هەموو پێكەوە خوێنرایەوە، ئێستا تەنها بەس بۆ ئیزافە كردنی (عموم الشعب العراقی) دەنگمان دایە، (عموم الشعب العراقی.) كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمنیش هەر ئەو پرسیارەم هەبوو لە سەر ئەو ئەساسەش دەنگی لە سەر درا كە بەعسی نەبوو بێتن، ئینجا بەشداری تاوانی كردبێت و نەكردبێتن لە سەر ئەو ئەساسەش پشتیوانی لە بۆچوونەكەی مامۆستا دەكەم، هەر ئەو پرسیارە بوو، پێشتریش لە سەر ئەو ئەساسە دەنگەكە درا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئێستا هەر دووكی بۆ ئیزافە كرا، بەعسی نەبوو بێت ئەوەشی بۆ ئیزافە ئەكرێت، پێشنیارێك هەبوو كە خاڵی (خ)، لا یكون منتمأ الی ای حزب سیاسی اثنا عضویته، لا ببرێت پێشنیارێكی تریش هەبوو كە حیزبی سیاسی بكرێت بە جیهەی سیاسی، لێرە دوو پێشنیار هەیە كەواتە ئەصل ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی راپورتەكەیە جارێ لە پێشە، كێ لە گەڵ ئەوەیە كە خاڵی (خ) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ ٦٧ كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵ نییە؟ با دەنگدانەكە تەواو بێ، یەك كەس لە گەڵ نییە، كەواتە پەسەند كرا، خاڵی (خ) وەكو خۆی ئەمێنێتەوە، فەرموو، باش، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە كەلیمەی حیزبمان بە كار هێناوە لێرە زۆرتر مەبەستمان لە پاراستنی سەربەخۆیی كۆمسیۆنەكە بووە، بۆیە پێمان وایە كە حیزب لە هیچ لایەنێكی حیزبی نەبێ، جیهەی سیاسیش ئەكرێتە كیانی سیاسیشی ئەكرێت لێرە، مەبەستمان لە سەربەخۆییەكەیەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، كاك رابوون نوقتە نیزامی.

**بەرێز رابون توفیق معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کاتەی وەزارەتی ناوخۆ ئیجازەی دەدا بە حیزبێك یا بە زمانی خۆمان رێکخراوێکی سیاسی، لە وێ هەر کیانێکی سیاسی ئیجازەی وەردەگرێ دەبێتە حیزبی سیاسی کەواتە حیزبی سیاسی هەموویان دەگرێتەوە.

**بەرێز سالار محمود :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییە، بۆیە قسە ئەکەم، چونکە من دەنگم بەو برگەیە نەدا، باشترە لایەنی سیاسی بێت نەك حیزبی سیاسی، شەرت نییە کیانی سیاسی حیزبی سیاسی بێت، هەندێك جار فیدراسیۆنی سیاسی هەیە و لە رابردووشدا هەندێك لایەنی سیاسی پێش ئەوەی بە حزب بەشداری هەڵبژاردنیشیان کردووە، بۆیە ئەوە تەصەور ناکەم لە جێی خۆ بێ، ئەگەر لایەنی سیاسی بێ گونجاوترە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك عمر.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە سعید :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەنگی لە سەر درا، بە راستی ناکرێ جارێکی تر گفتگۆی لە سەر بکرێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك بەیار.

**بەرێز بەیار طاهر دۆسکی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

ب دیتنا من، من دڤیا روونکرنەکێ بدەم ئەگەر مەجالەك هەبیت دەرفەتێ بدەیە مە، روونکرنەکی بدەم ل سەر کیانێ سیاسی، ب راستی دەمێ کۆمیسیۆنێ، قەوارێ سیاسی یان کیانێ سیاسی دەرئێخستی، بۆ هندێ بی دا کو موستەلحەکێ شامل بیت، تەجاوزا حزبێن سیاسی یان لایەنێن سیاسی بکەتن، ماف هەبیتن کەسەکێ خۆ تەرشیح بکەت ببیتە کیان سیاسی، دیتنا من ئەڤ موستەلحە بمینیتن ڤێ لایی دا دێ گەلەکا گونجایی تر بیتن، چونکی هەر کەسەکێ ژی خۆ تەرشیح کەتن دێ شێت ببیتە کیان سیاسی، بەینەما نەشێت ببیتە حیزبا سیاسی، ژبەر هندێ ب دیتنا من ئەڤ مادە وەکو خۆ بمێنێت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتور فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

عیبرەت بە ناوەکەی نییە، مەجلیسە، حیزبە، حەرەکەیە، عیبرەت بە وەیە کە بە پێی قانونی ئەحزابی هەرێمی کوردستان بووی، بۆیە بە تەصەوری من هیچ کێشەیەکیش نییە ئەگەر کەلیمەی حیزبیش بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ابوبکر هەڵەدنی نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی) :**

بەڵێ قوربان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی) :**

نوقتەی نیزامییەکەی من ئەوەیە جەنابت، یەعنی ئێستا ئەمە دوو جۆر تەوەجوهمان بینی، بۆ منی خان پێشتر وەڵامت دایەوە کە گفتگۆی لە سەر کراوە نابێت گفتگۆی لە سەر بکرێت لە دوایی دەنگدان، بەڵام ئێستا لە دوایی دەنگدان تۆ گفتگۆی لە سەر ئەکەیت بە راست.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی راستیێ ئەمەوێت دەرفەتێك بدەین لیژنەی یاسایی سیاغەی ئەو فەقەرەیە بکەن، خەریکی ئەوەن، فەرموو کاك سالار، نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز سالار محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت سەرەتا ئەصلەکە دەنگدانی لە سەر ئەکرێ، سەرەتا واتە فەقەرەی دووەمیشن دەدرێتە دەنگدان، بۆیە فەقەرەی دووەمیش بێتە دەنگدان، ئایا لە دەنگدانی یەکێك ئەگەر دەنگی زیادی هێنا، ئەوا ئەچەسپێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێوە ئەتوانن؟

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە یەکەممان هێنایە دەنگدان زۆرینەی دەنگی هێناو، دژەکەش کۆ بوو، پێویست ناکات ئیتر بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆتایی پێ هات ئەو فەقەرەی خراوەتەوە دەنگدان، کۆتایی پێ هاتووە، لیژنەی یاسایی حازر بووە ئەو دەقە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم :**

(ح) لم یشارك فی الجرائم التی خطط لها او ارتکبها نظام البعث فی العراق لقمع الشعب الکوردستانی و عموم الشعب العراقی، و لم یکون بعثیا وفقا لقانون رقم ١٨ لسنة ٢٠٠٣. بەعسی نەبوو بێ بە پێی یاسای ژمارەی ١٨ ساڵی ٢٠٠٣ کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بۆ ئەو فەقەرەیە، ئەو بڕگەیە ئەخەینە دەنگەوە، ئیزافەی ئەکەین بیخوێنەوە وفقەن، بەڵێ کاك دکتور.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەرچاو روونی ئەندامانی پەرلەمان، قانونی رەقەم ١٨ ساڵی ٢٠٠٣، دیاری کردووە، یەعنی لە وێ تەحدیدی کردیە بەعسییەکان کێن، هەموو کەس ئەوانەی تەنها بەعسی بوون شمولیان ناکا، بۆ ئاگاداری برادەران، یەعنی تەنها ئەوانەی کە لە قانونەکەی علی سبیل الحصر ژماردیتن ئەوانەی خوارەون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەعسی نەبووبێ بە پێی قانونی رەقەم ١٨ ساڵی ٢٠٠٣، ئەوەی بۆ ئیزافەی بکرێ، بە پێی قانونی ژمارەی ١٨ ساڵی ٢٠٠٣، ئیزافەی ئەکرێ، ئەوە بۆی ئیزافەی ئەکرێ، ٧٤ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ ٣ کەس لە گەڵێ نییە کەواتە پەسەند کرا، پێشنیارێك هەبوو کە لە خاڵی شەش، عەفوەن، لە خاڵی چوار، ئەگەر ئەغلبییەی دوو لە سەر سێ بۆ هەڵبژاردنی سەروك و جێگر و موقەریی مەجلیس و سەرۆکی دائیرەی ئینتیخابی مسۆگەر نەبوو، لە جاری دووهەم بە جەولەی دووەم بە ئەغلەبییە دوو کەسی یەکەم ئەتوانرێ دەنگی لە سەر بدرێ و پەسەند بکرێ، کێ لە گەڵێیەتی؟ خاڵی شەش عەفو خاڵی چوار سەیری خاڵی چوار بکەن، ینتخب المجلس فی جلسه الاولی باغلبیة الثلثین، لعدد اعضاءه رئیسا و نائبا و مقررا للمجلس، و رئیسا للادارة الانتخابیە، پێشنیاری ئەوە هەیە کە ئەگەر لە جاری یەکەم دوو لە سەر سێ نەتوانی ئەم پرسەیەك لا بکرێتەوە، لە جاری دووەم بە ئەغلەبییە بە زۆرینە یەك لا بکرێتەوە، بە زۆرینەی رەها یەك لا بکرێتەوە، ٥٠ زائیدەن یەك، کێ لە گەڵێیەتی؟ ٢٠ کەس لە گەڵی بوو، کێ لە گەڵی نییە؟ ٥٠ کەس لە گەڵێ نییە کەواتە پەسەند نەکرا، تەواو، کاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەمام پەسەند نەکرا، بەس ئەگەر ئەڤ حاڵەتە عەمەلییەن روو بدەت دێ چەوا دێتە تەنزیم کرن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەردان، تازە پەسەند نەکرا، ئەوە پەسەند نەکرا، خرایە دەنگدانەوە پەسەند نەکرا، خاڵی شەش پێشنیاری ئەوە کرا : و تتخذ قراراتە بأغلبیة الحاضرین بکرێن بە : اغلبیە المطلقە لعدد الاعضاء، و پێشنیارێکی تریش هەبوو کە بکرێت بە اغلبیة الثلثین، کێ لە گەڵ ئەوەیە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ئەزانی ئەوە دوو پێشنیار هەیە ئەگەر هەر کامێکی تری بخەمە دەنگدانەوە ئەبێ ئەوێ تریش وا بێ، باشە اغلبیە المطلقە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵ (اغلبیە المطلقە) دایە؟ بەڕێزان دانیشتنەکانی دەستەی کۆمیسیاران بە زۆرینەی ئامادە بووان ئەبێ، بە زۆرینەی ئامادە بووان ئەتوانن دانیشتنەکانی بکەن، لێرە بە پێی یاساکە دەنگدان لە دەستەی باڵای کۆمیسیاران بە ئەغلەبییەی سادەیە بە ئەغلەبییەی ئامادە بووانە، واتە ئەگەر پێنج کەس ئامادە بێ سێ کەس لە گەڵی بێ، بڕیارەکان ئەڕوا، بەڵام پێشنیارەك هەیە کە تەنانەت بڕیارەکانیش بە ئەغلەبییەی موتڵەق بێ، واتە بە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بێ، کێ لە گەڵ ئەوەیە بڕیاردان لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە زۆرینەی ئامادە بووان بێ، عەفو بە زۆرینەی ئەندامان بێ، ئەندامانی کۆمیسێون؟ زۆرینەی ئەندامانی دەستەی کۆمیسیۆن، ٥٠ زائیدەن یەك، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە پێشنیاری من بووە، ئەگەر موئەسسەکە دەنگمان لە سەر ئەوە داوە مەجیلسەکە نو کەسە، بە گوێرەی ئەم فەقەرە شەشە بە پێنج کەس دانیشتنەکەیان تەواو، قانونیە، هیچ ئیشکال دروست نابێ، ئەگەر ئەم پێنج کەسە سێیانیان دەنگ بدەن قەرارییان دەڕوا، موهیمترین قەرارە ئەڕوا، بەویژدانتان لە ئێوە ئەپرسم موفاوزەیەکی نۆ کەسی مەفروزە سێ دەنگ قەراراتی بڕوا؟ عەقدی ماڵی ئەتوانێ بکا، ئەنزیمات ئەتوانێ دانێ، ئەنزیمەی ئینتیخابی ئەتوانێ دانێ، گەورەترین قەرارات ئەتوانێ لە ناو ئەو موئەسسەیە بدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رایە لە ڵاتان گەڵاڵە کرا بوو، بیخە دەنگدانەوە، دەنگی هێنا باشە، دەنگی نەهێنا زۆر ئیعتیادییە با بڕوا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەغلەبییا موتلەقا یا نەھ کەسا، پێنج کەس بیتن، واتە ئەغلەبییا موتلەقا پێنج کەسا چەندە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، ئەو کاتە ئەغلەبییەی موتلەقی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

نە بە پێ حازری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پێنج کەسیش حازر بێ لە سەر بڕیارەکانیان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

سەروکی پەرلەمانی پێنج کەس حازر نابن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

رەئیەك وەسا یا هەی دبێژیتن قەراراتێن خۆ ب ئەغلەبییا موتلەقا ڤان پێنج کەسا، یەعنی ئەغلەبییا موتلەقا پێنج کەسا چەندە هەر سێ دێ بێتن، دێ بێتن چەند؟ سەرۆکی پەرلەمانی پێنج کەس حازر نابن؟.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر پێنجە، بەڵێ فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

کە ئەڵێین دوو ئەغلەبیمان هەیە، ئەغلەبییەی بەسیتە و ئەغلەبییەی موتڵەقە، کە ئەڵێین ئەغلەبییەی موتڵەقە واتە ئەغلبییەی ئەعزاکان، واتە پێنج کەس، بەس کە ئەڵێین ئەغلەبییەی بەسیتە واتە ئەغلەبییەی حازرین، بۆیە کە ئەڵێین ئەغلەبییەی حازرین واتە ئەغلەبییەی بەسیتە ئەگرێتەوە لەوانە لە پێنج کەسەکە سێ کەس قەرارییان هەیە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله ئەمە تەبریر هێنانەوەیە بۆ ئیلتیزام نەكردنی كۆمەڵێك خەڵك كە ئەمە بە ئاراستەیەكی تریش زۆر بە ئاسانی دەتوانێ كەڵكی لێ وەربگیرێ، یەعنی چی؟ یەعنی كوتلەیەك زۆر بە ئاسانی دەتوانن ڤیتۆ یاخود بلۆكی قەرارات بكەن لەناو كۆمسیۆنەكەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كەواتە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ئەو پێشنیارە هەیە ناچارین بیخەینە دەنگەوە، كاك د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تۆزێ ڕوونتر، ئێستا ئەمەی كە هەیە لێرە، ئەگەر ٥ كەس ئامادە بوو كۆبوونەوەكان دەست پێ دەكات، ئەگەر لەناو ئەوە سێ كەسی دەنگی دا، یەعنی هەموو قەرارێك و هەموو بڕیارێك لەناو ئەم كۆمسیۆنە بە ٣ كەس بڕوات؟ ئەوە زۆر خراپە كەواتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نموونەیەكی زۆر ناشیرین هێنرایەوە لەوەی كە لە بەغدا ئەندامی ئەنجومەنی كۆمسیۆن ئیفادی لە بۆ ڕێك خراوە چووەتە دەرەوە و كۆبوونەوەی ئەنجومەنەكەی كراوە، كەسێك ئەندامی كۆمسیۆنێك بێت، نوێنەرایەتی ولاتێك بكات، هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمی بە ئیفادێك ئیغرا بكرێ، ئەگەر ئامادە نەبی لەجێگای دا، هەرچەندی لە جێگای ئەو دەنگ بدرێت واتە موبەررێكی زۆر نامەعقولە لەوەی ترسمان هەبی لە ٩ كەسی نیوەی زیاتری ئامادە نەبێ، موبەرری چییە ئامادەیی ئەو كۆبوونەوە نابێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر روخسەتم پێ بدەی دوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بكەین، ئێمە پێشتر ئیتفاقمان كرد دوو لەسەر سێ، لەبەرچی ئەوە كرا، بۆ ئەوەی زەمانی هەموو پێكهاتەكان و هەموو ئەحزابی سیاسی و سەرەكی لەناو ئەم كۆمسیۆنە جێگەی ببێتەوە، واتە ئێمە زەمانەتمان دروست كردووە، ئەوەی تر دەمێنێتەوە وەرگرتنی بڕیارەكان، بۆچی ئەغلەبیە حازرینە، بۆ ئەوەی ئەم كۆمسیۆنە بتوانێ كار بكات، ئەوە د.بەهار لە لیژنەی

قانونی لەگەڵ دایە، ئێمە بەحسێکی تەفسیلیمان خستە بەردەستی، نموونەی ٣٣ وڵات، یەك تاكە وڵاتم لەو ٣٣ یەی كە ئێستا لەبەردەستی دایە بە ئەغلەبیەی موتڵەقە قەرارات وەربگرێ یان بە دوو لەسەر سێ، هەمووی بە ئەغلەبیەی حازرینە، بۆ ئەمە كراوە؟ بۆ ئەوەی ئەو كۆمسیۆنە بتوانێ ئیش بكات و بتوانێ بڕیار وەربگرێ، بۆ تۆ دێی خراپترین دەڵێی ئەگەر ٥ ئامادە بوو، ئەدی ئەگەر ٧ ئامادە بوو، ئەگەر ٨ ئامادە بوو؟ ئەو كاتی قەرارات بەو شێوەیە نییە، ئەوە لەوانەیە لە هەموو ژیانی كۆمسیۆن یەك جار ڕوونەدات كە ٥ كەس بە تەنها ئامادەبن لە كۆبوونەوە، بۆ تۆ ئەسوەئی ئیحتمال دێنی و دێی ئەندامانی پەرلەمانی پێ كۆت و بەند دەكەی، ئەمە بەم شێوەیە نییە، بۆیە ئەغلەبیەی حازرین شتێكی زۆر گونجاوە كۆمسیۆن دەتوانێ كاری خۆی بكات، تكایە ئەوەی كە ئیتفاق كراوە با بەو شێوەیە بڕوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابور بكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە هەرێمی كوردستان قیاس ناكرێ بە وڵاتێك كە سەد ساڵە یان پەنجا ساڵە بنەماكانی دیموكراسی تیا چەسپیوە، دامودەزگاكانی بێ لایەنن، كۆمسیۆنێك ٩ كەس بێ، بۆ چوار كەسی دەڕواتە دەرەوە بە ئیفاد، لەبەرئەوە وا پێویست دەكات كە ئەم بەندە تەسبیت بكەین كە ئەو پێشنیارەی د.ڕێوازە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بۆیە دەرفەت دەدەم قسەی زیاتری لەسەر بكرێ، چونكە ئەمە پێشنیارە هێنراوەتە ناو بابەتەكەوە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار سەبارەت بە پرۆژە یاسایەكە نەهاتووە، بۆیە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە پێویستە فراكسیۆنەكانی تریش وتوێژی لەسەر بكەین، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك پرسیار ئاراستەی ئێوە و خۆشك و برایانی پەرلەمانتار دەكەم، تەماشای خەلفیەتی قسەكان ناكەم، لە چ خەلفیەتێكەوە ترسمان لەچییە و لە چی نییە، ئێمە ئەندامی پەرلەمانین، ئایا جەلسەی پەرلەمان كەی دەبێتە جەلسەیەكی شەرعی كە بتوانین قەراراتی پێ دابنێین، كە قەناعەتم وایە زۆرێك لەو پرۆژە یاسایانەی كە لەو پەرلەمانە دەردەچن ئەوە هەموومان موتەفقین ئەگەر نیوەی زائیدی یەك بێ لەو پەرلەمانە ئامادە بێ جەلسەكەی دەبێتە جەلسەیەكی شەرعی و جەلسەیەكی تەبیعی دەبێت، بەڵام دەنگدانی ئەو خەڵكەی كە لێرەیە بە چەند دەتوانێ بڕیار بدات لەسەر پرۆژە یاسایەك كە زۆر گرنگ بێ و تایبەت بێ بە هەموو خەڵكی كوردستان؟، دیارە بە زۆرینەی ئامادەبووان یان ئەوەتا دوو لەسەر سێی ئامادەبووان، حیسابی ئەو دەكرا حیسابی ١١١ كەسەكە ناكرێت كە كەس غائیبە یان غائیب نییە، من وەكو

تەجروبەی خۆشم چ لەڕووی سیاسییەوە چ لەڕووی ئیدارییەوە تاوەکو ئێستا ئەو دانیشتنانەی کە کراون و ئەو کۆبوونەوانەی کە کراون زۆرینەی ئامادەبووان بڕیارەکەیان دەبێتە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، ئەگەر وەکو یەکیش بوون دەنگی سەرۆك یەکلای دەکاتەوە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئەو بابەتە دوێنێ موناقەشەمان لەسەری کرد، من لەوێ ڕوونم کردەوە وتم بە ئەغلەبییەی موتڵەقەی ئەعزا کە دانیشتنە دەبێ کە دەکاتە ٥ کەس، ئەغلەبیەی بەسیت ئەگەر دەنگ بدات دەکاتە ٣ کەس، لەوێ کەس پشتگیری نەکردم دواجار لەسەر ئەم سیغەیە ئیتفاقمان کرد، ئەگینا ئەو ڕەئیە ڕاستە بە ٣ کەس دەتوانن قەرار بدەن، بەڵام ئێمە لەسەر ئەم سیغەیەی ئێستا ئیتفاقمان کرد، پێشنیارەکەی من ڕەد کرایەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا فراکسیۆنە جیاجیاکان قسەیان لەسەر ئەو پێشنیارە کرد، دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وای لێ بکرێ و بکرێتە بە (الاغلبیة المطلقة لعدد الاعضاء) واتە (تتخذ قراراته بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء مجلس المفوضیة) کێ لەگەڵیەتی؟ ٣٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٤٣ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، پەسەند نەکرا، کەواتە باشتر وابوو لەسەرەتاوە دەقە ئەسڵیەکەمان بخستایەتە دەنگەوە، ئەو هەموو موناقەشەیەش دروست نەدەبوو، کەواتە ئێستا پێشنیارێکی تر هەیە، کە بریتیە لەوەی کە بکرێ، (اغلبیة الثلثین) دەنگدان لەناو کۆمسیۆن بکرێ بە دوو لەسەر سێ، کێ لەگەڵیەتی؟ خاڵی شەش (تتخذ قراراته باغلبیة الثلثین)، وابزانم یەك کەس لەگەڵی بوو، کێ لەگەڵی نییە؟ ٥٠ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، لە (ثانیا/الادارة الانتخابیة)، پێشنیار هەبوو کە (وفقا للهیکلیە من الادارە الانتخابیە)، خاڵی ١ (تتألف الادارة الانتخابیة من المکتب العام والمکاتب الانتخابیة فی المحافظات والوحدات الاداریة وفقا للهیکلیة المقترحة من الادارة الانتخابیة المصادق علیها من قبل مجلس المفوضین) لەویا بکرێ بە (اغلبیة الثلثین)، واتە دەنگدان لەسەر هەیکەلیەی ئیدارەی ئینتخابی لەناو مەجلسی مفەوەزین بکرێ بە ئەغلەبیەی دوو لەسەر سێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ١٣ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٤٤ کەس لەگەڵی نییە، پەسەند نەکرا، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین سەرجەم بڕگەکانی ئەم ماددەیە بخوێنێتەوە جارێکی تر و بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە بەو شێوەیەی کە هەموار کراوە، کاك یعقوب نوقتەی نیزامی بێ فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم تەقدیم کردبوو لە خاڵی یەك، (على ان يضمن تمثيل المكونات فى مجلس المفوضية والهيئات المنبثقة عنهم) یەعنی نە بەس ب تەنێ مکەونات لە مەجلسی مفەوەزیە، لە هەیئات ئەدی؟ یەعنی ئەم نەبینە بەس نموونە ئێستا لە وەزارەتی هەرێمی کوردستان بەس بە یەك وەزیر هەیئاتیش نییە، با نەبێت ئەم مەوزوعە تیکرار بێ لێرە، ئەوە پێشنیاری منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەو پێشنیارە هەیە کە (ان يضمن تمثيل المكونات وتمثيل النساء فى مجلس المفوضين والهيئات المنبثقة عنە) کێ لەگەڵیەتی؟ ١٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ماددەکە بخوێنێتەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

تتألف المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء من:

اولاً: مجلس المفوضين.

ثانياً: الادارة الانتخابية.

**اولاً: مجلس المفوضين:**

١- مجلس المفوضين: يتألف من (٩) تسعة اعضاء يختارهم البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان على ان يكون اثنان من اعضاء المجلس على الاقل من القانونيين وعلى ان يضمن تمثيل النساء والمكونات وتكون مدة ولاية الهيئة (٥) سنوات تقويمية.

٢- يشترط فيمن يرشح لمجلس المفوضين مايلي:

أ- ان يكون من مواطني كوردستان — العراق ومقيماً فيه اقامة دائمة.

ب- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل.

ت- لايقل عمره عن (٣٠) ثلاثين سنة.

ث- ان يكون من ذوي الخبرة والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والحياد.

ج- ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوماً بجريمة مخلة بالشرف.

ح- لم يشارك في الجرائم التي خطط لها او ارتكبها نظام البعث في العراق لقمع الشعب الكوردستاني وعموم الشعب العراقي ولم يكن بعثياً وفقاً لقانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٣.

خ- ان لا يكون منتميا الى اي حزب سياسي اثناء عضويته.

٣- يؤدي اعضاء المجلس اليمين القانونية امام المجلس القضاء في الاقليم وبالصيغة التالية: (اقسم بالله العظيم ان اؤدي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان وإخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة الي باستقلال وحياد والله على ما أقول شهيد).

٤- أ- ينتخب المجلس في جلسته الاولى بأغلبية الثلثين لعدد اعضائه رئيسا ونائبا ومقررا للمجلس ورئيساً للادارة الانتخابية.

ب- رئيس المجلس هو الممثل القانوني للمفوضية.

٥- يمارس رئيس المجلس او من ينوب عنه الصلاحيات الاتية:

أ- ادارة اعمال المجلس الادارية والتنظيمية.

ب- اعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤسها بما في ذلك اي اجتماع يطلبه ثلاثة من اعضاء المجلس على الاقل.

ت- اية مهام اخرى يكلفها به المجلس.

٦- يكون اجتماع المجلس صحيحاً بحضور الاغلبية المطلقة لعدد اعضائه وتتخذ قراراته باغلبية الحاضرين وفي حال تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

**ثانياً: الادارة الانتخابية:**

١- تتألف الادارة الانتخابية من المكتب العام و المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الادارية وفقاً للهيكلية المقترحة من الادارة الانتخابية والمصادق عليها من قبل مجلس المفوضين.

٢- تتولى الادارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الانظمة والتعليمات الصادرة من قبل المجلس وادارة كافة النشاطات ذات الطابع العملياتي والتنفيذي والاجرائي.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دوو نوقتە نیزامی هەیە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی (الهیئە)گۆڕدرا بە مەجلس، نازانم بیریان چوو یان هەروا خوێنرایەوە؟.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو شتانە لە سیاغە چاك دەكرێ، نا نا دوایی لە سیاغە كردنەوەی سەرلەنوێ یاسایەكە هەمووی چارەسەر دەكرێ، مەجلسە، كاك د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەنگدان لەسەر كۆی ماددەكە بكرێ، بەس یەك ڕوونكردنەوەم بەنێ، جگە لەوەی كە لە خاڵی ٤ دەڵێ ئەوەی دانانی ئەندامەكان و سەرۆك و سەرۆكی دائیرەی ئینتخابی بە دوو لەسەر سێیە، جگە لەمە

هیچ بڕیارێکی تری ناو ئەم کۆمسیۆنە بە دوو لەسەر سێ یاخود هەموو بڕیارەکان بەوەیە کە لە خاڵی ٦ دیاری کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ د.شێرکۆ و ئەندامان، دوو خاڵی تیایە کە بە دوو لەسەر سێیە، خاڵێیکان لێرەیە کە بریتیە لە سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی ئیدارەی ئینتخابی، خاڵێکی دیکە کە لە دواتر دێینە سەری، بریتیە لە مودیری مەکاتبەکان و مودیر عامەکان، واتە پێکهاتەکە بە دوو لەسەر سێ زامن دەبێ دواتر قەرارەکانی بە زۆرینە بێ، یەعنی لێرە ئیدارەی ئینتخابی و سەرۆکی ئەنجومەن دوو لەسەر سێیە، لە ماددەیەکی دیکەش مودیری مەکاتبی موحافەزات و دەوائیری ئینتخابی دوو لەسەر سێیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئێستا ماددەی ٥ دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ماددەی ٥ی پرۆژە یاسایەکەیە؟ ٧٣ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ئەکەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا،بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێرەدا دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ کاتژمێر ١٠:٣٠ سەرلە بەیانی، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)**

**چوار شەممە رێکەوتی ٢٣\٧\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣

كاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی چوارەمی، سالّی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی سالّی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٨)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی سالّی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لە سەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای كۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساكە، بەپێی ماددەكانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار كراوی سالّی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساكە، بەپێی ماددەكانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار كراوی سالّی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق.

٣- دەنگدان لەسەر بڕیارەكانی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەر دۆخی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، سالّی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٨)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٢٣، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار كراوی سالّی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە ١٨ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی سالّی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر ٣٠-١٠ ی پێش نیوەڕی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لە سەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساکە، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساکە، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

٣- دەنگدان لەسەر بڕیارەکانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان. ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە ١٧ ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٢ مۆڵەت پێدراو بوون، یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون

١ تەلار لطیف_مۆڵەت

٢- ژۆزان صادق-مۆڵەت

٣- عزت صابر ئامادە نەبوو

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێننەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ١٧ لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٢ بەم شێوەیە:

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو و خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- سوێند خواردنی بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەروێش) بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان

٤- پەسند کردنی بڕیاردان لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان

٥- ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار و خاڵی چوارەم و بە پێچەوانەوە

٦- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و بەردەوام بوون بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست ئەکەین بە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کار، بۆیە داوا لە بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مەنەسە، بۆ دەست کردن بە خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو بەهار خان

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەبەر ئەوەی پێم وایە بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کار زۆر گرنگە، دوێنی بەسەرمان تێپەڕی، تەنیا بە پێشنیار ڕۆیشتین، پێشنیار ئەکەم کە بڕگەی سێیەم بکرێتە بڕگەی یەکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانین بیکەینە بڕگەی یەکەم، چونکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر بابەتێك گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ........

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

چەند جار وامان کردووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با من وەڵام بدەمەوە بەهار خان، ڕێبدە بزانە چی ئەڵێم، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر بابەتێك لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کرا پێویستە تەواو بێ، ئێنجا بابەتێکی تر وتووێژ بکرێ، ئەتوانرێ دواتر پێش و پاش بکرێ، خاڵی ٣ بکرێتە خاڵی ٢، خاڵی ٢ بکرێتە خاڵی ٣، ئەمە ئەکرێ، بەڵام ناتوانین بیکەینە خاڵی ١ ، بەڵام با خاڵی ١ تەواو بکەین، قسەیەك لەسەر ئەوەش ئەکەین.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

عەفوو، ئەوە دوێنێ پێش ئەوە بوو کە ئێستا باسی لێوە ئەکەین، واتە پێش ئەوە بوو کە.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەواو بوو، دوێنێ تەواو بوو، ئەمە بڕیارەکانە، دوای ئەوەش موناقەشە ئەکەین، فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من داوا ئەکەم فەقەرەی ٣ ببێتە ٢.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با فەقەرەی ١ موناقەشە بکەین، بە سەرچاو ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، ئێستا دەست ئەکەین بە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان کە بریتییە لە (بەردەوام بوون لە سەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساکە، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق)، فەرموو لیژنەی یاسایی تکایە ماددەی ٦ بخوێننەوە لە ڕاپۆرتەکەی خۆتان.

**بەڕێز د.ڤالاً فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**صلاحيات المجلس**

**المادة السادسة:**

**أولاً : يمارس المجلس الصلاحيات الآتية :**

١- إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين عبر جميع الوسائل الحديثة المتاحة، وعلى الجهات المعنية التعاون والتنسيق مع المجلس تحقيقاً لهذا الغرض.

٢- المصادقة على تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها.

٣- اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء القوائم الانتخابية والاعلاميين ومنظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي والداخلي.

٤- البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن أمام الهيئة القضائية في محكمة تمييز الإقليم.

٥- المصادقة على إجراءات العد والفرز.

٦- اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة تمييز الإقليم.

٧- وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها.

٨- المصادقة على هيكلية الإدارة الانتخابية.

٩- تعيين منتسبي المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية.

١٠- رسم السياسة المالية للمفوضية.

ثانياً : الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في المفوضية والمكاتب الانتخابية في المحافظات يكون باقتراح ثلاث مرشحين وفقا لمبدأ تكافئ الفرص، وذلك من قبل لجنة خاصة يشكلها مجلس المفوضين ويتم اختيار احدهم من قبل مجلس المفوضين باغلبية الثلثين.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ قسەی هەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم ماددەیە ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان لای ئێمە تۆمار کردووە (د.سیراج، د.فرست، سالار محمود، ئاواز جنگی، حیات مجید، عمر عینایەت، شێرکۆ حمە امین، وحیدە یاقۆ، ڕابوون توفیق معروف، قادر وەتمان، شیرین حسنی، د. شوان)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سیراج.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له خاڵی دووەم ئەوە باس ئەکات (المصادقة على تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات والمرشحين )، تەبیعی (المرشحين) هەڵەیە لە ڕووی زمانیەوە، (والائتلافات المرشحه)، ئەوە ڕاستەکەیە، خاڵی هەشتەم باسی ئیقرار ئەکات، (اقرار هيكليه الاداره الانتخابيه) ، بە ڕەئی من (المصادقه) چاکترە لە (اقرار هيكليه)، من سێ خاڵی ترم زیاد کردیە ئەگەر بکرێ باسی بکەم بۆ لیژنە و ئەندامان، ئەوەم زیاد کردووە پێویستە سەلاحیاتی مەجلس (القيام بعمليات الطوعية المتعلقة بالانتخابات و وضع القواعد الارشادية لسير العملية الانتخابية)، واتە شێوازی دارشتنی ئیرشاد و تەوعیە و ئەوانە ئەویش لە سەلاحیەتی مەجلیس بێ، خۆی بتوانێ ئەو ئیشانە ڕێك بخات، پاشان باسی تەئجیلی ئینتیخابات، ئەوە باس نەکرایە، ئەبوایە بە خاڵێك باسی کردایە (تأجيل الاجرائات لانتخابات وذلك لنتيجة اي ظروف قاهر و تجديد او تحديد موعد جديد لها) هەرکاتێ زروفێکی قاهیر هاتە پێش هەر سەلاحیاتی مەجلیس بێ تەئجیلی بکات، و کاتێکی تری بۆ دیاری بکات، و پاشان ئەگەر هەندێ ئیجرائات هەبێ ئەویش پێویستە لە سەلاحیاتی مەجلیس بێ بۆ هەندێ کەس کە موخالەفە ئەکات لەسەر یاساکانی کۆمیسیۆن، بۆ نموونە ئەوەش هەبێ بگوترێ (اتخاذ الاجرائات القانونية المناسبة لاي شخص في حال موخالفته لاحكام هذا القانون)، ئیجرائاتێك هەبێ، ئەوجا ئیجرائاتەکە با بڵێین وەکو موەزەف موخالەفاتی زەق و زل بکات، ئایا فەصل کردنە؟ وەکو سەلاحیاتی مەجلیس شکایەت کردنە؟ یان داوای غەرامە کردنە؟ شتێکی لەو بابەتە، وەکو شتێکی جەزری هەبێ، ئەوەش لە سەلاحیاتی مەجلیسە، ئەگەر بکرێ ئەوانە بخرێتە ناوی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم لە یەکەم بڕگەی سێیەم (متمانە بە چاودێرانی هەڵبـژاردن باشـتر وایـە تەحدید بکرێ، جگە لـە چـاودێرانی نـاوەوە چـاودێرانی دەرەوەش، بـۆ ئـەوەی لـە هـەر پرۆسـەیەکی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی کۆمیسـیۆن بتـوانێ کارئاسـانی بکـات بـۆ چـاودێرانی دەرەوە، لـە هـەمان بڕگـە باسـی ڕۆژنامـەنووس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکات، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانیان ڕۆڵی گەورەتر و گرنگتریـان هەیە، بخرێنە پێش ڕۆژنامە نووسان، ئەوان بخرێنە دوای ئەوانە، ئەوەی سەبارەت بە پرسی تەوعیەیە لـەو خاڵە لیژنەی مەعنی بتـوانن بڕگەیـەك ئیزافـە بکـەن ئـەم ئەنجومەنـە ڕۆڵـێ تەوعیـە کـردن و هەماهـەنگی

زیاتر و هۆشیاری هەڵبژاردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی لادان لە پرۆسەی مەدەنی هەڵبژاردن، برگەیەك ئیزافە بکرێ لە ڕووی مەدەنیەوە پێو وایە کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا ڕەخنەم لە برگەی چوارەم هەیە، (البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن أمام الهيئة القضائية في محكمة تمييز الإقليم.)، لێرە مفەوەزیە خۆشی ئەبێتە حەکەم، ناکرێ هەم خۆی خەسم بێ و هەمیش حەکەم بێ، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم ئەو برگەیە برگەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێ (تشكل الهيئة القضائية من قبل مجلس القضاء في الاقليم مكون من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الشكاوي والطعون التي تقدم على الانتخابات والبت فيها)، ئەمانە تەنیا سەیر ئەکەن، ئەوان بەتی پێ ئەکەن، بەلاّم تەمیزەکە ئەچێتەوە لای کێ؟ (قرارات الهيئة القضائية قابلة للطعن امام محكمة التميز و تكون قرار محكمة التمييز باتا)، یەعنی ناکرێ ئەو دەستەیە کە مفەوەزیە ناکرێ خۆشیان هەم شکات لێ کراو بن، خۆشیان حاکم بن و قەرار بدەن، و بڵێین قەرار یەکلایی ئەکەینەوە، و ئەمەش ڕوویدا لە ئینتیخابی پێشوو، ئەبێ کەسێك هەبێ لە سەرووی ئەوان، ئەوان سەیری ئەو قەزیەیە بکەن کە لێیان ئەکرێ، دوای ئەوانیش مەحکەمەی تەمیز قەراری نیهائی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو وحیدە.

**بەڕێز وحیدە یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەتا برگا یەکێ (إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين عبر جميع الوسائل الحديثة المتاحة، وعلى الجهات المعنية)، پرسیارا من ئەوەیە سجیلی ناخیبین ئێستا دزانین تەعدادی عام بۆ سوکان نەچێیە، لە عێراق ژی، لە کوردستان ژی، نازانم دێڤ چ تشتێ ئەو سجیلی ناخبین؟ چونکو گەلەك مە غەلەتی و هەندەك چوون دەرڤە، ئیشکالەکی هەی ل سجیلی ناخبین، دڤ جیهات مەعنیە نزانم ئەو جیهات مەعنیە کیشە؟ دیڤ بیتاقات تەموینییە؟ دیڤ چ تشتێ؟ چونکە ئیشکالات گەلەك هەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر فرست

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە برگەی دووەم لە ماددەی شەش کە موصادەقە کردنە لەسەر قەوائیمی ئینتیخابی، بەس ئەو قەوائیمانە یان ئەو سجیلە ئینتیخابیانە کە لەلایەن کیاناتەکانەوە دێت ئەبێ پێشتر لە جیهەتێکەوە ڕێك بخرێ، لەبەر

ئەوە.واباشترە (تنظيم سجل الكيانات السياسية والمصادقة عليها لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها)، چونكە ئەو سجيلە خۆی نايەتە ئەوێ تا موصادەقەی لەسەر بكرێ، ئەبێ تەنزيميش كرابێ، لە دووەم ( الترشيح في للتعين في الدرجات العليا)، تەبعەن لێرە هەم خۆی تەرشيحی ئەكات، هەم خۆشی موصادەقەی لەسەر ئەكات، ئەوەی كە لە موتەبەع هەيە جيهەتێك تەرشيخی ئەكات، جيهەتەكەی تر موصادەقەی لەسەر ئەكات، سەيری ئەوەی عێراقم كرد ئيدارەی ئينتيخابی تەرشيح ئەكات، ئەوجا مەجليس موصادەقەی لەسەر ئەكات، بۆيە باشترە تەرشيح و موصادەقە هەردووكی يەك جيهەت نەبێ، هەريەكەو جيهەتێك بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ئاواز.

**بەڕێز ئاواز جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەوێ لەسەر ماددەی شەش بڕگەی يەك خاڵی حەوتەم باس لە پاكی شێوازی هەڵبژاردن، (وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها ، ئەمەوێ باس لەوە بكەم كە ئەبێ هەوڵی ئەوە بدەن كە لە هەڵبژاردنەكان زۆرجار لە لايەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، لەلايەن حيزب و پارتە سياسييەكان و كۆمەلانی خەڵكی كوردستانيش نيگەرانيان هەيە بەرامبەر بەوەی هەڵبژاردنەكان پاك و بێگەرد نييە، لەبەر ئەوە هيوادارم سجيلی ناخيبين پاك بكرێتەوە، ناوی مردووەكان ڕەش بكرێتەوە لە سجيلەكان، و داوا ئەكەم سيستەمی ئەليكترۆنی جێگەی بگرێتەوە، لە هەرێمی كوردستان بە تايبەتيش بۆ ئەوەی خەڵك دڵنيا بكەينەوە كە هەڵبژاردنەكان پاك و بێگەردن، ئەو دەنگۆيانە ڕەت بكەينەوە، و ڕێگە بگرين لە هەر جۆرە تەزويرێك كە ئەنجام ئەدرێ، و ئەو سيستەمە باوەر پێكراويشە لە زۆر وڵات بەكاردێ، بۆيە هيوادارم لە شوێنێك جێگەی بكرێتەوە كە سيستەمی ئەليكترۆنی بەكار بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر شێركۆ.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمەامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەش خاڵی يەك كە ئەڵێ (مع الجهات المعنية) ئەگەر دياری بكرێ خراپ نييە، بۆ نموونە يەكێ لەوانەی كە ڕاستەوخۆ لەم ئيشە بەشدار ئەبێ بۆ پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەران كە يەكێكە لە داوا هەرە ئەساسيەكانی ئێستای ئەو لايەنانەی كە بەشداری پرۆسەی سياسی و هەڵبژاردن ئەكەن، و ئێمەش زۆر پێداگيريمان لەسەر كردووە لە ڕابردوو و لە ئێستاش پێداگيری لەسەر ئەكەين، بۆيەش پشتيوانی لە قسەكانی ئاواز خان ئەكەم، بۆ نموونە ئەتوانين ناوی بازرگانی و پيشەسازی بنووسرێ ناوی وەزارەتی تەندورستی، بە تايبەتی فەرمانگەی لە دايك بوون و مردنيان هەيە، بۆ ئەوەی ڕوون بێ، و بە بڕوای من

ئەگەر گونجاو بێ ماوەیەکیشیان بۆ دیاری بکرێ، لەو ماوەیە ئەبێ تۆماری دەنگدەران پاك بێ، ئەگەر ئەوە لێرەش جێگەی نەکرێتەوە دوایی مولزەم بکرێن بەوەی کە تۆماری دەنگدەران لە ماوەیەکی دیاری کراو پاك بکرێتەوە، ئەوە بەڕاستی مەتلەبێکی ئەساسی شەفافیەتی هەڵبژاردن و پاکیەتی ئەنجامەکانییەتی لە هەرێمی کوردستان، لە خاڵی چوارەم ئەوەی ئەوتریٚ کۆمیسیۆن سکاڵاکان یەکلایی بکاتەوە، وێرای ئەوەی پشتیوانی لە کاك عمر عینایەت ئەکەم، ڕەئیەکی تر ئەخەمە ڕوو، ئەگەر هەر وا مایەوە وەکو خۆی ئەوە بنووسرێ (کۆمیسیۆن مولزەمە لە ماوەی ٤ ڕۆژ دا وەڵامی تانەکان بداتەوە، چونکە ئێستا تەجروبەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، تا ئێستا هەڵبژاردنیش تەواو بووە، ئەنجامیش پەسند کراوە، ئێمە لە خولی گرێدانین، هێشتان وەڵامی تانە لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستان نەدراوەتەوە، و زۆر جار ماوەکە زۆر بەسەر ئەچێ، بەڵام وەڵامی تانەکە دەست ناکەوێت، بۆیە لێرە جێی ئەوە بکرێتەوە کۆمیسیۆن مولزەمە لە ماوەی ٤ ڕۆژ وەڵامی تانەکان بداتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێز عمر مصطفی( د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تا ئێستا لە هەڵبژاردنەکان بەڕاستی ئەزموونی هەڵبژاردنی ناشیرن کردووە مەسەلەی تۆماری مردووانە، لەبەر ئەوە لە عەرەبییەکە ئەگەر تەنقیحی بۆ زیاد بکرێ زۆر لە جێی خۆیدایە، ئەوەش کە خاتوو ئاواز شێخ جەنگی باسی کرد تەواو لەگەڵ ئەودام، دووەم، مەسەلەی ئەو دادگایە، ئەگەر دادگایەکی تایبەت هەیە بە ناوی دادگای سکاڵا، ئەو دادگایە ئەوەی کە تا ئێستا هەیە هەموو ئەو سکاڵایانەی کە دراون هیچ بەرەنجامی نەگۆڕیووە، کەواتە جێی خۆیەتی کە دادگایەکی تایبەت بە ناوی دادگای سکاڵا لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وجودی هەبێ، ئەوەی لە بڕگەی دووەم، ئەوەی باس لە ٣ کەس کراوە، ٣ کەس هەڵبژێردێ، ئەکرێ ئەو ٣ کەسە بکرێتە ٥ کەس بۆ ئەوەی مونافەسە زیاتر بێ لەو ٥ کەسە یەکێکیان هەڵبژێردێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو حیات.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم خاڵی دوو، پەسند کردنی تۆماری لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیە کاندیدکراوەکان بە مەبەستی هەڵبژاردن و بەشداری کردن تیایاندا، باسی ساڵ نەکراوە، مەسەلەن چوار ساڵ جارێکی بە تەحدید باس بکرایە شتێکی باش ئەبوو، چوار ساڵ جارێك بەر لە هەڵبژاردن، ئەوە بخرابایە ناو ئەو دێرە خراپ نەبوو، چوار ساڵ جارێك بەر لە هەڵبژاردن، و نوقتەیەکی تریش ئیزافە بۆ خاڵەکانی تر، پەسند

کردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردن، کە لێرە باسی پەسند کردنی تۆماری لیستەکان ئەکات، و هاوپەیمانە کاندیدکراوەکان، بەڵام باسی تەقیم کردنی کاندیدەکان ناکات، کاندیدی هەڵبژاردن ئەبێ تەقیم بکرێ لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە، خاڵی سێیەم متمانە پێدان و چاودێری هەڵبژاردن پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر چاودێری ناوخۆیی و بیانی، دیارە چاودێرانی بیانی لە هەموو ئینتیخاباتەکان وجودیان هەبووە، و نووسینی راپۆرتی خۆیان لەسەر هەڵبژاردنەکان، و نەزیهی هەڵبژاردنەکان و ئەو پێشێلکاریانەی لە هەڵبژاردنەکان روودەدەن، ئەوەش جێگەی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم بڕگەی یەکەم پیشنیار ئەکەم ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە بێت (ئەنجومەن ئەو دەستەلأتانەی خوارەوە پیادە ئەکات و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاریان تێیدا وەئەگیرێ، و لەسەر خاڵی سێیەمیش پشتگیری قسەکانی کاك سالار ئەکەم، منیش پێم باشە کە ئەنجومەن یەك لە دەستەلأتەکانی ئەوەبێ هەم داوا بکات لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بە تایبەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بێت پرۆسەی چاودێری بگرێتە دەست، چونکە ئەزانین یەك لە پێوەرکان بۆ شەرعییەت دان بە هەڵبژاردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەمەیە کە ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتیانە چاودێری هەڵبژاردن بکەن، سەبارەت بە بڕگەی دووەم ئەوەی کاك دکتۆر فرست گوتی منیش پێم وایە کاندید کردن و یەکلایی کردنەوەی کاندیدەکان هەردووکیان لە دەستەلأتی ئەنجومەنە، و ئەگەر لە دەستەڵاتی ئەنجومەنیش نەبێ کاندید کردن، ئەو جیهەتەی کە کاندید ئەکات نادیارە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەم بڕگەیە بکرێت بە دووخاڵ، خاڵی یەکەم کردنەوەی دەرگای خۆ پالأوتن بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کۆمیسیۆنی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە رێگەی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان، لە رێگەی پێشکەش کردنی سیڤی، و دووەمیان، کاندید کردن وەك دامەزراندن لە پلە بالأکان لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کۆمیسیۆن و نووسینەگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان لەلایەن ئەنجومەنەوە بە زۆرینەی یەك لەسەر سێی ژمارەی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا پێشنیارێت دکتۆر فرست و دکتۆر سیراجی دکەم، و من پێ باشە خالەکا دی ئیزافە ببێت ل سەر ڤێ مادێ، ئەو ژی (اعداد تقرير سنوي حول نشاط الهيئة للسنة المنقضية و برنامج عملها للسنة التي يليها، و يعرض على الجلسة العامة للمجلس التشريعي بمناسبة التصويت على الميزانية السنوية للهيئة، و ينشر على الموقع الاكتروني الخاص بها)، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی ڕوون کردنەوەتان چییە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە هەبوون؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی باس کرا لەسەر عەمەلیەی تەوعیە کە موتەعەلیق بێت بە ئینتیخابات و ڕاپرسی، لە فەقەرەی نۆیەم لە ماددەی چوارەم هاتووە (العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة اوساط المجتمع الكوردستاني وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر ادامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية.)، ئیجرائاتی قانونی عیقابی وەرگیرێ لەسەر ئەو کەسانەی کە موخالەفە ئەکەن بۆ ئەو تەعلیمات و قەوانینانەی کە لە مەجلیس دەردەچێ، ئەوە لێرە کە هینێکی خاصی نەدراوەتێ هەر خۆی موەزەفەکانی ئەوێ خازیع ئەبن بۆ ئەحکامی قانونی مەدەنی، موەزەف خازیعە بۆ چ عقوبەیەك، ئەو عقوبەیە شمولی ئەو موەزەفانەش ئەکات کە لەوێ کار ئەکەن، دواخستنی ئینتیخابات و تەحدید کردنی مەوعیدی ئینتیخابات، ئەوانە هەردووکیان قانون حوکمی ئەکات، ناچێتە ناو دەستەلاتی مفەوەزیە، مفەوەزیە تەنیا ئیعلانی لە دەستە، کە ئیعلانیش مەرحەلەیەکە دوای تەحدید دێت، فەقەرەی دووەم هەر لە ماددەی شەشەم (المصادقە على تسجيل القوائم الانتخابيە)، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی چوارەم فەقەرەی شەشەم (تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها)، لێرە زۆربەی ئیختیصاصەکان هەیە هی مفەوەزیە، بەلام ئێمە کە بە عام ئیختیصاصی مفەوەزیمان هێناوە لە ماددەی شەشەم هاتووین هەندێ ئیختیصاصیشمان خاص کردۆتەوە بە مەجلیس و زۆریشی دووبارەیە ئەگەر مولاحەزە بکەن، بۆ ئەوەی بە نیزام دەرنەچێ هەر لێرە قانونەکە تەحدید بکات، بۆیە مفەوەزیە خۆی تەسجیلی قەوائیمی ئینتیخابی ئەکات، ئیئتیلافات ئەکات ئینجا تەصدیقی ئەکات، بەلام عەمەلیەی تەصدیقەکە لێرە هێناومانەتەوە و بە خاص داومانە بە مەجلیسی مفەوەزین، سیستەمی ئەلیکتۆرنی و ئەوانە باس کرا، دیارە ئەو سیستەمە لە تەتەوەر دایە، ئەورۆ سیستەمی ئەلیکترۆنییە، بەیانی سیستەمێکی تر دێتە کایەوە بۆ مەسەلەی دەنگدان و پاراستنی شەفافیەت و نەزاهەت، بۆیە وەکو قانون لە ناو قانون نەچووینە ناو تەفاصیل، ئەوەمان جێ هێشتووە بۆ ئەنزیمە، واتە ئەو نیزامانەی مەجلیسی مفەوەزیە خۆی دەریئەکات بۆ تەنزیم کردنی ئینتیخاب، لەسەر تەرشیح بۆ تەعین ئەوەی لە فەقەرەی دوو هاتووە لە دەرەجاتی عولیا، بەڵێ حەقی

تەقدیم کردنی مورەشەحین هەر ئەوانن، دواجاریش ئیختیار کردن هەر ئەوانن، ئێمەش لە لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارە بە پەسند ئەزانین، و صیاغەیەکی بۆ ئەکەینەوە دوای ئەوەی موشاوەرە ئەکەین، یان ئەیدەین بە جیهەتێکی تر، یان هەر لەناو مەجلیسی مفەوەزین لیژنەیەك دروست ئەکەین کە تایبەت بێ بەو کارە، ڕوون کردنەوەکانی تر بۆ هاوکارانم بەجێ دێڵم.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم (البت في الشكاوي والطعون الانتخابية)، ئەو مولاحەزەی کاك عمر عینایەت زۆر لە شوێنی خۆی دایە، لێرە کۆمیسیۆن ئەبێتە خەسم و حەکەمیش، بەڵام ئەوە لایەنێکی تریشی هەیە، ئێمە لە مەحاکم دەرەجاتمان هەیە، ئەگەر ئێمە بێین ئەم حەقە لە کۆمیسیۆن بستێنینەوە، بیدەین بە هەیئەیەك لە مەحکەمەی تەمیز، دواتر قەرارەکەش قابیلی تەعن بێ لەبەردەم مەحکەمەی تەمیز، کەواتە ئێمە تەدەروجی مەحاکمان نەبوو، هەموو شتەکان لای مەحکەمەی تەمیز بوو، مەحکەمەی تەمیز خۆی لە خۆیدا مەحکەمەی ئەوراقە، واتە تعون نابینێ، تەنیا تەدقیق لە ئەوراق ئەکات، پێی ئەڵێن مەحکەمەی ئەوراق، بۆیە ئەگەر بێتو ئەم (البت في الشكاوي والطعون الانتخابية)، لە کۆمیسیۆن بستێنینەوە، نابێ بیدەین بە هەیئەیەك لە مەحکەمەی تەمیز، تەنیا ئەبێ مەحکەمەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین، مەحکەمەی هەڵبژاردن، ئینجا ئەگەر مومکین بێ لە یاساکە جێگەی ئەکەینەوە، ئەوە خراپ نییە، ئەگەر نا ناکرێ مەحکەمەی تەمیز خۆی سەیری تعون بکات، چونکە مەحکەمەی ئەوراقە، لە هەمان کات تەدەروجی مەحاکیمیشی تێدا نامێنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت باسی ئەوەت کرد هەیئەیەکی قەزائی دروست بکرێ....

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا من وام نەوت، (تشكل هيئه قضائية من قبل مجلس القضاء في الاقليم مكون من ثلاث قضاة غير متفرغين للنظر في الشكاوي، و الطعون في الانتخابات والبت فيها)، من باسی مەحکەمەی تەمیزم نەکردووە بە داوای لێبووردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، منیش سەرنجم دا، ڕوون کردنەوە ماوە؟ تەواو؟ ئێستا پیشنیارەکان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵێ کاك دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وتم هەر لە بڕگەی چوار...........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ وتت چوار ڕۆژ مۆڵەتیان بدەنێ، سوپاس، بیانخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، مـن بیخوێنمـەوە؟ باش، لە بڕگەی یەك پێشنیاری ئەوە کرا کە ئەو جیهاتی مەعنیە وەزارەتی مەعنی بەو بوارە تێدا بنووسرێ، مەسەلەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، و ئەوە هیچ ڕوون کردنەوەتان لەسەر نەدا، بازرگانی و سەحە.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ڕوون کردنەوەمان نەدا، باسیان کرد، ئێمەش لە لیژنە کە موناقەشەمان کرد، زۆر قسەمان لەسەر ئەوە کرد تەحدیدی لایەنەکە بکەین، بەڵام ئەوە زۆر فرە لایەنە، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین بە بیتاقەی تەموینی بکرێ ئەوە وەزراتی بازرگانییە، ئەبێ وەزارەتی سەحە لەگەڵی هاوکار بێ، بۆ نموونە بۆ گوزاندنەوەی ناوی مردووەکان، ئەبێ وەزارەتی ناوخۆ لە تەعدادی فەرعیەکەی کە ئەیکات دیسان ڕەبتی پێوە هەیە، لەوانەی کە لە نوێ تۆمار ئەکرێن ، لە ڕابردوو ئەو کارانە کراوە زۆر لایەنی تر ئەگرێتەوە، دوایی لەوانەیە سجیلەکە بگۆڕدرێ بە شێوازێکی تر ئەو لایەنانەت هەر پێویست نەبێ، بۆیە گرنگ ئەوەیە ئیشی مفەوەزیە سجیل دروست بکات، جا ئەو سجیلە پێویستی پێیە دروستی بکات، نوێ کردنەوەی، جا ئەو نوێ کردنەوە کە واجبی ئەوە پێویستی بە هەر جیهەتێك بێ هاوکاری بێ ئێمە دەستەڵاتەکەمان بە موتلەقی هێشتۆتەوە، لایەنە مەعنیەکان لەگەڵی هاوکار بن، بۆیە ئەگەر تەحدیدی بکەین تووشی گرفت ئەبین لە ئایندە، وەکو بەڕێز دکتۆرە ڤالا گوتی ئەم حاڵەتە لە تەتەوڕ دایە، ئەمڕۆ شتێکە، بەیانی شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەواتە ئەگەر جیهاتی مەعنی دیاری بکرێ ئەبێ هەموو ئەو جیهەتانە دیاری بکرێ، و گۆڕنکاریشی بەسەر بێ، بۆیە ناکرێ ئەوە دیاری بکرێ، پیشنیارێك هەبوو بۆ پاکردنەوەی سجیلی ناخبین، ڕەئیتان چییە لەسەری لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

ئەوەش دیسان واجبێکە دراوە بە کۆمسیۆن کە پێویستە سجیلی ناخبین پاك بکاتەوە، کە ئەڵێین نوێ کردنەوە، یەعنی ئەوانەی لە نوێ مافی دەنگدانیان هەیە دابنرێن، و ئەوانەی کە ئەمرن و ئەڕۆن بسرێتەوە، جا ئەوە لە قانونەکە هاتووە، پێویستی کردووە لەسەری، و لە صەلاحیەتەکانیش هاتووە کە ئەبێ ئەو تۆمارە نوێ بکاتەوە، ئەوەش یەعنی حاڵەتی پاکردنەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانین، لەبەر ئەوەی واجبی ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە تەحدیس بە مانای پاکردنەوەش دێت، واتە بەردەوام پێویست ئەکات ئەو سجیلە پاك بکرێتەوە، ناوی مردووی لێ لابرێ، ناوی تازەی لێ بنووسرێ، کەواتە لێرە جێی بۆتەوە، پێنشیارێك هەبوو بەوەی، پێشنیار نەبوو، پێم وابێ لە ڕووی صیاغەوە، (ائتلافات المرشحين) ئەو کێشە هەبوو لە ڕووی صیاغەوە،

چاك ئەكرێ، پێشنیارێك هەبوو لە بڕگەی یەك خاڵی دوو، چوار ساڵ جارێك بەر لە هەڵبژاردن موصادەقە بكرێ، ئەوەش بەر لە هەموو هەڵبژاردنێك پێویستە موصادەقە بكرێ، نەك چوار ساڵ جارێك، بەر لە هەموو هەڵبژاردنێك ئەو عەمەلیەیە دەست پێ ئەكاتەوە، واتە خۆیان ئەیكەن، بە شێوەیەكی ڕۆتینی، لە خاڵی سێ پێشنیارێك هەبوو كە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی بێتە پێش ئیعلامیین، ئەم پێشنیارە هەیە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی لە خاڵی سێ بڕگەی یەكەم بخرێتە پێش ڕاگەیاندن كارەكان؟ خاڵی سێ یەكەم ئەڵێ (اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء القوائم الانتخابية والاعلاميين ومنظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي والداخلي.)، كاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من پرسیار ئەكەم، جەنابت خاڵی یەكەم و دووەمت نەخستە دەنگدانەوە، بەلام.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەموو ماددەكە دوایی ئەخەینە دەنگەوە، بەس جارێ ئەو پێشنیارانەی كە كراون، ئەبێ ئەوانە بخەینە دەنگەوە، خاڵی سێ كێ لەگەڵ ئەوەیە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدنی بخرێتە پێش ڕاگەیاندن كارەكانەوە؟ كێ لەگەڵە؟ كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەز دگەل هندێ نیمە ئەڤ حەساسیەتە دروست ببیت ناڤبەرە جیهەتێكی مەدەنی و موئەسەساتێ ڕاهگەیاندنێ، پێشڤی یان پێشنەڤی چ فەرق نینە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیار كراوە، ئەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵە؟ ١١ كەس لەگەڵە، كێ لەگەڵ نییە؟ ٤١ كەس لەگەڵ نییە، كەواتە پەسند نەكرا، پێشنیارێكی تر هەبوو كە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی داخیلی و خاریجی بتوانن چاودێری هەڵبژاردنەكان بكەن، لێرە نەوتراوە داخیلی بێ یان خاریجی بێ، بەشێوەیەكی هین هاتووە، موتلەقە، پێم وابێ هەم ناوخۆ و هەم دەرەكی ئەگرێتەوە، بەلام پێشنیارێك هەبوو كە دیاری بكرێ كە موراقیبینی ناوخۆیی و دەرەكی بتوانن چاودێری هەڵبژاردنەكان بكەن، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان بە موتلەقی هەردووكی شمول ئەكات، بۆ جوانی صیاغە بە موتلەقی هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

٥٠ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ كەس نییە، كەواتە پەسند كرا، پێشنیارێك هەبوو لە خاڵی چوار، بڕگەی یەكەم، ئەڵێ لەجیاتی ئەوەی كۆمیسیۆن لە جاری یەكەم خۆی شەكوا و تعون ببینێ، لە پێشدا

هەیئەیەکی قەزائی دروست بکرێ لە مەجلیسی قـەزا، شـەکاوی و تعـون ببـینێ، دوای ئـەوەی ئـەوان بینیـان ئەوجا بەت لە قەراراتی ئەو هەیئەیە لەلای مەحکەمەی تەمیز بێ، فەرموو کاك بەیار

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمێ ئەم بێژین کۆمیسیۆنەکی سوڵتەکا حەصری هەبیتن، جیاوازی هەبیتن، ئان جودا بـیتن ژ دەسـتەلاتێ تەشـریعی و تـەنفیزی و قـەزائی، دیتنـا مـن دیـسان تێکەلیـەت هـەی، تـەنها سـوڵتا قـەزائی چـێتن، پـشتی کۆمیسیۆن حەسما وان شەکاویا بکەتن، بهێتە جێیت تـەمیزێ، نـابیتن بیدایـەتێ قـەزا دەستکاریەت کارێـت کۆمیسیۆنی بکا، چونکی کارەکی پیشەییە، ئەگەر تـەجروبات ۲۰۰۹ هـەبێ دیـسان تووشـی ئاریـشەکی بـوون، کارمەندێت یان هیژا بـەرێزێ دادوەر نـزانن کارێـت کۆمیـسیۆنێ چـەوا بەرێڤـە دچـیتن، دیتنـا مـن هەنـدێ دادگاها ژێ تووشی ئاریشەکێ کەت، دیتنا من نابیتن ئەم چ ئیزافاتێ ل سەر بکەین، تەنها هەیئەکا تـەمیزی بۆ تعونا سەح کا، ئەز تەئیدا بۆچوونێت لیژنا قانونی دکەم، دیتنا مـن نەصـەکە دروسـتە، پێـدڤی ناکـات چ کارێت تێدا بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێوەش ڕوون کردنەوەی خۆتان بدەن لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڤالا فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش داوا ئەکەین بڕگەی چوارەم لە ماددەی شەشەم وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمـە ئـەوە ئەخەینـە دەنگـەوە کـە لیژنـەی یاسـایی داوای کـردووە جـارێ، لەبـەر ئـەوەی ئەسـڵی ڕاپـۆرتی لیژنەکـەش دوێـنێ وەکو بنـەما بـۆ گفتوگۆکـان دیـاری کـراوە، بۆیـە خـاڵی چـوار وەکـو خـۆی ئەخەینـەوە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێ؟ ۷٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ دا نییە؟ ١٤ کـەس لەگـەڵ نییـە، کەواتە پەسند کرا، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، خاڵی پێنج هیچی لەسـەر نـەبوو، خـاڵی شەشـەم هیـچی لەسـەر نەبوو، خاڵی حەوت، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم کرد وتم........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەزانم، تۆ داوای ئەوەت کرد......

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

کۆمیسیۆن مولزەم بکرێ لە ماوەی چوار ڕۆژ وەلامی سکالاکان بداتەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دوو پێشنیار هەبوو، و ئەصڵی ڕاپۆرتەكەش كراوە بە بنەما، بۆیە لە پێشدا ڕاپۆرتەكەمان كردە بنەما، و خستمانە دەنگەوە، كە پەسند كرا ئەوكات تەواو، پێشنیارەكانی تر ڕەچاو ناكرێ،

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

بەس بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تۆ دوێنێ خۆت وتت ئەگەر یەك كەسیش پێشنیار بكات ئەیخەمە دەنگەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر دوو پێشنیاری تر هەبوو

**بەڕێز د.شێركۆ حمە امین:**

من ئیزافەم هەیە بۆ سەر بڕگەكە، پێش دەنگدانیش داوای نوقتەی نیزامیم كرد

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆر شێركۆ، ئەوە لە ماددەی ٩ بڕگەی شەشەم هەیە، ئاماژە بە چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵی ئەكاو كراوە، لەبەر ئەوە لەوێ باس كراوە، فەرموو كاك ابو كاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دوو پێشنیار هەبوو، پێویستە و عورفیش وایە وەكو سیستەمی خەیارات بەكاربێت، ئەمە موقتەرەحی یەكەم ئەخرێتە دەنگەوە چەندی هێنا، موقتەرەحی دووەم ئەخرێتە دەنگ چەندی هێنا، ئەوەی زۆرینەی هێنابێ ئەخوا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەوەی یەكەمجار زۆرینەی بەدەست هێنا پەسند ئەكرێ، و ئەوەی زۆرینەی بەدەست هێنا تەواو، بەڵام ئەو ڕئیەی خستمانە دەنگدانەوە زۆرینەی بە دەست نەهێنا، ئەچینە سەر ڕەئی دووەم، ڕەئی دووەم زۆرینەی بەدەست نەهێنا ئەچینە سەر ڕەئی سێەم، ئا بەو شێوەیە، ٧٥ دەنگی هێناوە، ئیتر دوو لەسەر سێ زیاتریشە، خاڵی پێنج هیچی لەسەر نەبوو، خاڵی شەش هیچی لەسەر نەبوو، بەڵێ دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم نوقتەی نیزامییە یان نا، بەس تێبینیەك ئەوەی ماددەی شەشەم فەقەرەی یەكەم، ئەخەیە دەنگدان یان نا؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەمووی ئەخەمە دەنگەوە دوایی.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل**

بەس مولاحەزەیەكم هەیە دكتۆر گیان، لەگەڵ ئەوەمە (إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين)، لێرەوە فەقەرەیەك، (و الزام الجهات المعنية بتقديم معلومات.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئەبوو لە کاتی خۆی قسە بکەی، ببورەن کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ تۆزێك درەنگ کەوتم ببورن، بەلاَم تێبینیەکم هەبوو لەسەر خستنە دەنگدانی پێشیارەکان، ئەبوایە پێشنیاری یەکەمیشت بخستایایە دەنگەوە، ئەوەی دەنگدان لەسەر مەسەلەی پاك کردنەوە و نوێ کردنەوە، چونکە ئێمە هەموو ساڵێك تۆماری دەنگدەران لەگەڵ هەموو ئینتیخاباتێك........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسمان کرد، لیژنەی یاسایی ڕوون کردنەوەی دا، کاك گۆران ڕوون کردنەوەی لەسەر ئەوە دا کە تەحدیسی سجیل بە مانای ئەوەیە کە مردوو ئەبێ لابرێ، ئەوەی نوێکان ئەخرێتە سەری، لە خاڵی هەشت، بەڵێ کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك وشەم هەیە ئیزافەی بکەن ئەو مەسەلەیە حەل ئەکات (إنشاء وتحديث وتنظيف سجل الناخبين)، زۆر ئاسانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەڕێز حسین اسماعیل(مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر ماددەیەك کە خرا تەسویت نابێ بگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەسویتمان لەسەری نەکردووە ئەوە.

**بەڕێز حسین اسماعیل(مەروان گەلاڵی):**

خاڵ ، خاڵ هاتووین، تەسویتمان لەسەری کردووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا نەکراوە، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موستەڵەحی (تحديث) کە لێرە بەکار هاتووە بە مانای پاکردنەوەیە، نوێ کردنەوە، یەعنی ئیزافەی دوو موستەڵەح لە تەنیشت یەك نەفسی مەعنا بدا، خۆی حیکمەتەکە لە واجبەکەیە، واجبەکە چییە؟ ئینشایە، دروست کردنە، تەنزیمە، دوای ئەو تەحدیسە، نوێ کردنەوە بۆ ئەکەی؟ بۆ ئەوەی هەر خەلەلێك هەبێ لە ناو هینەکە ئەنجامی بدەی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو وشەیە، هەموو کوردستان گیری خواردووە بە دەست تەنزیفەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە وشەی تەنزیف ئیزافە بکرێ، و داوا ئەکەم بیخەیتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا جیهاتی مەعنیە خرایە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەک دەقە با لیژنەی یاسایی ڕوون کردنەوەیەک بدەن، پێشنیارێك هەبوو، پێشتر لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە تەرح کرا، داوای ئیزافە کردنی وشەی تەنقیح کرابوو، جارێ بزانین لیژنەی یاسایی چییان هەیە؟

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوا ڕەئی بۆ بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمانە لەسەر ئەو بڕگەیە، بەڵام ئێمە لەسەر سیاغەی قانون ئەکەین، ڕاستە لە ڕابردوو تۆماری دەنگدەران زۆر ناڕێکی تێدا بووە، هەموو لا گلەییمان هەبوو، و لە پەرلەمان لیژنە دروست کرایە، بەڵام ئەوە کە بووە، تۆماری دەنگدەران پاك نەکراوەتەوە، مەسەلە ئەوە نەبووە لە قانونەکە ئەو واجبەی بە کۆمیسیۆن نەسپاردبێ، ئەسلەن بڕۆن سەیری نیزامەکە بکەن لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئەڵێ پێویستە لە ماوەی ئەوەندە پاکترین سیجلی ناخبین بخاتە بەر دەستی دەنگدەران، بخاتە بەر دەستی کیانە سیاسیەکان، یەعنی لە هەموو شوێنێك لە قانونەکە هاتووە، ئیشەکە لە ئیجرائاتی شکلی بووە، و گرفتێکی ئەساسی ئەو کات ئەوە بووە مودیریەتی کۆمیسیۆنی عێراقی کە لە هەرێمی کوردستان بوو لەبەر دەمی پەرلەمانی کوردستان مەسئول نەبوو، لەبەردەمی پەرلەمانی عێراق مەسئول بوو، بۆیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی ڕابردوو زۆرجار کە ئەمانەویست بانگیان بکەین، ئەیانوت ئێمە نایەینە بەردەمی پەرلەمان، چونکە لەبەردەمی ئێوە مەسئول نین، ئێستا ئەو کۆمیسیۆنە لەبەردەمی ئەو پەرلەمانە مەسئولە، دوو ڕۆژی تر ئینتیخابات هات، گۆمانتان هەبوو لە پاك نەبوونی سجیلەکە، بانگی کۆمیسیۆن ئەکەین بۆ ئەو پەرلەمانە بە پێی قانون واجبمان بۆ داناوە کە تەحدیسە، پێتانیش باشە بۆ دڵنایی خۆتان و جوانکاری دایئەنێن، ئەوە بیخەنە دەنگەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەم کۆمیسیۆنە لەبەردەم پەرلەمان مەسئول ئەبێ، واتە پەرلەمان لێی مەسئول ئەبێ، ئەگەر لە ڕابردوو ئێمە دەستەلاتێکمان نەبووە بۆ تەحدیس کردنی لیستی تۆماری دەنگدەران، لێرە ئیلزام بکرێن، چونکە نوێ کردنەوە ناکاتە پوخت کردنەوە، هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن تۆماری دەنگدەران نوێ ئەکرێتەوە، بەوانەی شمول ئەکەن، بەلاّم ئەوانەی کە حەقی دەنگدانیان نییە، و ناویان ماوەتەوە، بەو بیانووەوە هەر بەردەوام ئەبێ، لەبەر ئەوە لێرە ئەبێ سیغەکە نەهێڵینەوە بۆ تەئویل و تەمسیلی جیا، نوێ کردنەوە ناکاتە ئەوەی لە کوردستان هەموو لایەکمان لەسەری موتەفیقین، بۆیە ئەبێ ئەسڵی ئەو کۆمیسیۆنە بەشێکی لە ڕۆحی یاساکەش بریتییە لەوەی تۆمارێکی پاك و پوخت هەبێ بۆ نەزاهەتی هەڵبژاردن، ئەگەر ئەمە نەکرێ، پێم وایە کارێکی باش ناکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەوە لە ڕووی لوغەوییەوە مەسەلەی تەحدیس ناکاتە تەنزیف یان تەنقیح، زۆر زۆری فەرقە، ئەکرێ بەیاناتی ئەمرۆ دەربچێ، ئەبدەیت بێ، بەلاّم مەرج نییە پاك بێ بە پێی پێویست، وەکو ئەوەی ڕوویداوە لە ڕابردوو، بۆیە ئیقتیراحی مەسەلەی تەحدیس و تەنقیح زۆر زۆر واریدە کە پەسند بکرێ، ئەوەش زەمانەتی ئەوە ئەکات کە ئێمە بە قانون دواتر موسائەلەی کۆمیسیۆن بکەین، بەوەی کە بۆچی بەیاناتەکانی مونەقەح نین؟ نەك موحەدەس نیە، مونەقەح نییە، واتە بۆچی هەڵەی تێدایە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەینە دەنگەوە، کاك عادل

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عمرم، دیارە ئێمە لە ڕابردوو حەساسیەتێکی زۆرمان بەرامبەر بە تۆماری دەنگدەران پەیدا کردووە، بە تایبەتی دەنگی مردووەکان، یەعنی دەنگی مردووەکان دوو هێندەی دەنگی زیندەکان بووە لە دەنگدان، پێویستە تەحدیس و تەنزیف.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنقیح ئەخەینە دەنگەوە، لەوێ تەنقیحی بۆ ئیزافە بکرێ، یەعنی زۆربەی فراکسیۆنەکان قسەی خۆتان کرد لەسەر ئەو زیاد کردنە، ئیتر ڕەنگە پێویست نەکات دیسان هەمووتان، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە جیاوازی مەسەلەی وەختە، هەمی جارا کۆمیسیۆن مولزەمە کە تەحدیس بکرێ ئەو سجیلانە، بەلام کاتی ٣ مانگ ئەمینێ بۆ هەڵبژاردن ئەو کاتە ئەڵێ کاتم نییە، یان داتا نەهاتووە لە وەزارەتی سەحە، یان وەزارتی پەیوەندیدار، لێرە پێویستە ئەو تەنقیحە ئیزافە بکرێ، و کاتیش دیاری بکرێ، مەسەلەن شەش مانگ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەو سجیلە پاك بکرێتەوە، بە ڕوونی و ئاشکرایی، پاك کردنەوە جیاوازە لەگەڵ ئیزافاتی سەنەوی و ئەوەی تر کە دێتە پێش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وشەی تەنزیفت ئەویست، و جەنابیشت ڕازی بووی، داوا ئەکەم دەنگی من بچێتە پاڵ دەنگی ئەو برادەرانە و لە بری تەنزیف ببێ بە تەنقیح.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنقیح، چونکە پێشتریش ئەوە تەرح کرابوو، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ برادەرانم، لەگەڵ کاك سالارم، لەگەڵ دکتۆر شێرکۆم، دووەم، خاڵێکی گرنگم وت گوێتان لێم ڕانەگرت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چییە خاڵەکە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

گۆتم (- إنشاء وتحديث سجل الناخبين)، لەگەڵ ئەو (الزام الجهات المعنيە)، چونکە کە ئەڵێی تەنسیق بکەن لێیان ئەپارێیەوە، پێی بڵێی (الزام الجهات المعنية بتقديم معلومات دقيقة عن عدد الناخبين)، نەك بە تەعاون و تەنسیق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە (تنقيح) زیاد بکرێ بۆ خاڵی یەکەم لە ماددەی شەشەم (- إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين)؟ ٧٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، یەك کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسند کرا، پێشنیارێکی تر هەبوو بەوەی تەنقیح پێش شەش مانگ بێ لە هەڵبژاردن، کێ لەگەڵە؟

پێش شەش مانگ بێ، تەحدیس و تەنقیح پێش شەش مانگ بێ، نوقتەی نیزامی هەیە، پیشنیاری تازەیە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناتوانی کات دیاری بکەی، لەبەر ئەوەی کە شەش مانگ ئەوانەی شمولی دەنگدان ئەکەن، یان لە ژیان نامێنن، شەش مانگ زۆر شت ئەگۆڕێ، عەدەدەکەی زۆرە، عەدەدی سوکان ئەگەر لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان حیسابی بکەی، مردن و لە دایك بوون، یان ئەوانەی کە شمولیان ئەکات، زۆر ئەکات، ناتوانین شەش مانگ دیاری بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی کاك ئومێدم، چونکە مەسەلەی پرۆسەی پاك کردنەوە ئەبێ بەردەوامی هەبێ، ناکرێ یەك تەوقیت دابنرێ بڵێین ئەو مودەیە پاك ئەکرێتەوە، دوایی بڵێین فریا نەکەوتین، بە بەردەوامی کۆمیسیۆن بەرپرسە لە یەکەم لەحزەوە کە دەست بەکار ئەبێ، ئەبێ دەست بکات بە پاك کردنەوە تا کاتی دەنگدان، بەردەوامی هەبێ ئەم پرۆسەیە زۆر ئاسان ئەبێ وەك لەوەی تەوقیتێك دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست ئەوە نییە، دوای شەش مانگەکە تۆماری دەنگدەران دابخرێ، پێش شەش مانگەکە تۆمارەکە خاوێن بکەنەوە، دوای ئەوە ئەکرێ تەحدیس بکرێ، خەڵکی نوێ موالیدی شمولی ئەکات بخرێتە سەری، بەڵام ئەگەر بگاتە پێش هەڵبژاردن بە چەند ڕۆژێ، موبەڕیر هەیە ئەڵێ فریا نەکەوتم، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە لە ناو قانون باسی مودە نەکرێ، بە تایبەتی ئەو قانونە، لەبەر ئەوەی هەندێ مودە هەن بە ئەنزیمە کۆمیسیۆن تەحدیدی ئەکات، تا ئێرە ئەبێتە عەرقەلە لەبەردەمی کارەکانی زیاتر لەوەی تەسهیلی کارەکانی بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ترسی هەموو ئەندامان تێئەگەم، و حەقی خۆیانە، چونکە لە ڕابردوو وا بووە، بەڵام یەك تۆز ئەو حاڵەتە جیاوز بکەنەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە، یەکەم: جارێکی تر ئەڵێم ئەو کۆمیسیۆنە کۆمیسیۆنێکی هەرێمییە، و لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستان مەسئولە، و ئەندامەکانی پەرلەمان دەنگی پێ ئەدات، و تەوافوقاتی لەسەر ئەکرێ، جا بە خەڵکی بێ لایەن بێ، یان بە خەڵکی حیزبی بێ، خاڵی دوو: لە ڕابردوو مەواعیدی ئیعلان کردنی ئینتیخابات زۆرجار لای کۆمیسیۆن دیار نەبوو، با بڵێین مانگێك ئەما بۆ ئینتیخاب کۆمیسیۆن نەیئەزانی بۆ نموونە هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەکرێ یان نا؟ ئێستا بە پێی ئەوە ئێمە ئەوەمان داوە بە ئەو، کە بە پێی قانونی نافیز چۆنە حاڵەتەکانی ئینتیخابات، ئەو بزانی ئێمە ئەوەمان داوە بە ئەو بەپێی قەوانینی نافز چۆنە حاڵەتەکانی ئینتیخابات ئەو بزانێ کە دوای چوار ساڵێك کە پەرلەمانی کوردستان لە ١١/٦ سوێندی خواردووە، پێش ١١/٦ دەبێ ئینتیخابات بکاتەوە، سەلاحیەتەکە دراوەتەوە بە کۆمسیۆن کە خۆی ئیعلانی مەوعیدی ئینتیخابات بکات دوای حاڵەتی مەرسومەکە، لەبەر ئەوەی ئەو جیاوازیانە لێرەدا هەیە، و حاڵەتی پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەو پێیەی لە خولی رابووردوو لیژنەك دروست بوو ئەوەندە کارێکی قورس نییە، ئەگەر نیەت هەبێ، یەعنی ئێستا لەوانەیە شوێنی نەبێ لێرەدا باسی بکەین دوو، سێ ئیجرائاتە لە دوای دروستکردنی کۆمسیۆن پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی صحە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ یەك دانیشتن بکەن، سێ: تەعلیماتە کاتی خۆی رەفز کراوەتەوە هاوکاری کۆمسیۆن بکەن سجلی ناخبین ئۆتۆماتیکیەن رۆژانە یەعنی پاك دەبێتەوە، ئەگەر نموونەیەك بڵێین جاران تەعلیماتێك هەبوو کە کەسێك دەمرد دەبوایە شاهید وەفاتەکەی بباتە ئەو دائیرەی کەوا بیتاقەی تەموینیەکەی لێیە لەوێندەرێ مانگانە هەر شارێك چەند کەس دەمرد بە کتابێك ئاراستەی کۆمسیۆن دەکرا دەیانسڕیەوە، دوایی ئەو تەعلیماتە راگیرا هەر ئەو تەعلیماتە بکەوە مردووە بەردەوام خۆی ئەبدێت دەبێتەوە، ئیتر دوا رەئیش بۆ ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، بەڵام هەر دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم جاری وا هەیە ئینتیخاباتی پێش وەخت دەکرێ، بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان کە رەنگە ئەسڵەن بواری (٦) مانگ نەبێ بۆ تەنقیح کردن، بەڵام دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (٦) مانگ زیاد بکرێ لەوێدا پێش هەڵبژاردن بە (٦) مانگ سجلی ناخبین تەحدیس بکرێ و تەنقیح بکرێ؟ (٧) کەس لەگەڵیدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣٤) کەس لەگەڵدا نییە کەواتە پەسەند نەکرا، لە خاڵی (٨) (اقرار هيكلية الأدارة الانتخابية) پێشنیارێك هەبوو کە بکرێ بە (المصادقة على هيكلية الأدارة الانتخابية) لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەم، من ئەو ئیقتیراحەم دا نەخرا دەنگدانەوە، (إنشاء وتحدیث وتنقیح سجل الناخبین، الزام جهات المعنیة بتقدیم معلومات دقیقة عن عدد الناخبین) سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی (د. جوان)ە ؟ بەڵام لەوێدا كۆمسیۆن ئیلزامی ناكات، یاسا ئیلزامی جیهەی مەعنی دەكا، نەك كۆمسیۆن، (٥٥) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٧) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو د. ڕێواز نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگیشمتان لە سەردا، من خۆشم دەنگم بۆ دا، ئەمە لە زمنی دەسەڵاتەكانە، یەعنی وا ئەكەوێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبێ یاسا ئیلزامی بكا، نەك كۆمسیۆن ئیلزامی بكا، دەنگمان لە سەریدا لیژنەی یاسایی سیاغەی دەكاتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە لە خاڵی (٨)ە فەرموو كاك ڕابوون،

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا تكا لە لیژنەی یاسایی دەكەین ئەو بەندانەی كە كێشەی ئاوها دروست دەكەن، چونكە منیش سەرنجەكەی د. ڕێوازم هەبوو، ڕوونكردنەوەی تەواو بدەن پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی تووشی غەڵەتی تەكنیكی نەبین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەختێ دەنگدان سەر هەر ماددەكی، سەر هەر بڕگەكی دێتە دەنگدان كا ب چ شێوە دێتە دەنگدان؟ ئەو پەسەند بی، ئەز ڤەت تێناگەم، یەعنی ئەڤە چەندین جار تیكراڕ بیتن، د بێژم پشتی هەندێ دێتە سیاغە، ئانا ڤێ سیاغە ببێ، پێش هەندێ بێتە دەنگدان، چێ نابی دەنگدان بیتە كرن، پشتی هەندێ سیاغە بێتە كرن، بەڕاستیا غەڵەتە ئەڤە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، نا، دەكرێ لە دوای ئەوەش سیاغە بكرێ بە پێی ئەو شێوەیەی كە دەنگدراوە، فەرموو امنە خان،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، جەنابێتە د بێژی دەنگدان.سەر ڤێ نەوعێ خاندن و سیاغە هاتە كرن، تەواو بوو، هێش نی چ جۆرە سیاغەك بۆ د هێتە كرن، د ڤێت ئەز و پەرلەمانتار بزانن چ سیاغەك بۆ دهێتە كرن، لیژنا یاسایی ڤێ سیاغە بكا، ئەڤ سیاغە وێ د ڤێت بچێتە دەنگدانێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە لە خاڵی (٨)، (الأقرار) بكرێ بە ( المصادقة على هيكلية الأدارة الأنتخابية)؟ (١) لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (١٦) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، پێشنیارێك هەبوو كە لێرە لە یەكەم ماددەی (٦) ئیزافە بكرێ، بە خاڵێك باس لەوە بكرێ كە پێویست دەكات كۆمسیۆن راپۆرتی ساڵانەی حازر لە سەر بارودۆخی مالی كۆمسیۆن بڵاوبكاتەوە، بەڵام لە ماددەیەكی تردا باسی چۆنیەتی حازركردنی تەقاریری دەولی دەكا، ئەوە لەوكاتەدا پێویست دەكات شوێنی بۆ بكرێتەوە، لە سەر برگەی دووەم، فەرموو ئاواز خان،

**بەڕێز ئاواز جەنگی [illegible]هان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە خاڵی (٦)، خاڵی حەوتەم، من پێشنیارێكم كرد دوو بەڕێزیش د. شێركۆ حەمە امین و د. شوان قەڵادزەیی پشتیوانی پێشنیازەكەیان كردم، بەڵام نەتانخستە دەنگدانەوە، لە پاككردنەوە سجلی ناخبین سستەمی ئەلكترۆنی بەكار بێ

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامیان دایەوە روونكرنەوەیان دا، وتیان ئەمە دەبێ بەپێی نیزام رێك بخرێ، فەرموو خاتوو حیات،

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێشنیاری ئەوەم كرد كە پەسەندكردنی كاندیدەكانی هەڵبژاردن با بڵێین لێرە پەسەندكردنی تۆماری لیستەكانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانە كاندیدكراوەكان، بەڵام پەسەند كردنی كاندیدەكانی هەڵبژاردن پێشنیارم كرد، هیچ وەڵامێك نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە سیاغە غەڵەت كراوە، (الأئتلافات والمرشحين) وا نییە، روونكردنەوە بدە، د. ڤاڵا،

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، (الأئتلافات والمرشحين) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو خۆی (المصادقة على تسجيل القوائم الأنتخابية والأئتلافات والمرشحين لغرض خوض الأنتخابات والمشاركة فيها)

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر بەندی دووەم چیتان سیاغە کردووە لیژنەی یاسایی؟ چونکە چەند پێشنیارێك هەبوو لە سەر بەندی دووەم، پێشنیارێك هەبوو کە تەرەشوح لەلایەن دائیرەی ئینتیخابیەوە بێ، پێشنیاریتریش هەبوو دەرگای خۆ پاڵاوتن بکرێتەوە هەر لەلایەن کۆمسیۆن خۆیەوە، لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیاران خۆیەوە، دەرگای خۆ پاڵاوتن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ناو مورەشەحین کۆمسیۆن خۆی بەزۆرینەی دوو لە سەر سێ پاڵێوراو بۆ دەوائیری ئینتیخابی لە موحافەزات هەڵبژێری، هەردوو پێشنیارەکە دەخەینە دەنگەوە، بیخوێننەوە سیاغەکەی کە کردووتانە د. ڤالآ،

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(الترشيح للتعين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في المفوضيه والمكاتب الأنتخابية في المحافظات يكون بأقتراح ثلاث مرشحين من قبل لجنة خاصة يشكلها مجلس المفوضين ويتم اختيار احدهم من قبل مجلس المفوضين بأغلبية الثلثين)

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە وەك خۆی بوو،

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، لیژنەیەکی خاص پێك دێت هەر لە ناو مەجلیسی مفەوەزین، ئەو لیژنە خاصە ئیشی ئیقتیراح کردنی مورەشەحینە، ئینجا دوا جار ئەوەی کە ئەوان تەرشیحی دەکەن لیژنە بە (بأغلبية الثلثين) مەجلیس دەنگی لە سەر دەداتن،

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە خاصەکە هی ناو کۆمسیۆن خۆیەتی، فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێگەیشتین لە ئەندامانی پەرلەمان کەوا بکرێ ئەو دوو شتە لێك جیا بکرێتەوە، یەعنی هەر خۆیان نەیکەن و هەر خۆشیان داینەنێن، یەعنی فەصلێك هەبێ یاخود دیاری بکرێ کێ ئەو تەرشیحە دەکات، بۆیە ئەو پێشنیارەی ئێمە وتوومانە لیژنەیەکی خاصە، ئینجا لیژنەیەکی خاص بێ لە ڕێگەی ئیعلانەوە

یاخود ئەو ڕێگەیەی ئەندامان گرنگ ئەوەیە ئێمە موتەفیقین لە سەر جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتە و ئەو سیاغەیەی ئێمە ئەگەر ئەندامان پێیان باشە بیخەنە دەنگەوە ئەگەر نا ڕەئی ئەندامان خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دامەزراندنی پلە تایبەتەکان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دایە، دامەزراندنی پلە تایبەتەکان بۆ ئەم دەستەیە کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، پێویستە لە دەسەڵاتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەماندا بێ، نەنووسراوە ئەمە تەنها تەرشیح نووسراوە، بەس جیانەکراوەتەوە، ئەمان تەرشیحی دەکەن، جیا دەکرێتەوە، ئەیپاڵێون، بەڵام دانەنراوە کێ دایدەمەزرێنێ، ئەمرەکە کێ دەری دەکا، دەبێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەری بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ڕاستە، بەڵام هەر گرفتەکە لەوەیە کە خۆشیان، یەعنی با بڵێین ئەنجومەنی کۆمسیاران بە دوو لە سەر سێ خۆشیان دایان دەنێن ئەو کەسانە، و ئەوەی بەنیسبەت سەرۆکی هەرێم ئەمە دائیمەن مەرسومە، یەعنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم کاشفە لە سەر ئەوەدا، و ئەوەی بیهێنینە سەر پەرلەمان، بەڵام لە نەتیجە دەسەڵاتەکە یەعنی مونشیئەکە بۆ کۆمسیۆنە، و ئەوەی تر کاشفە لای هەر کەسێك بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من وایە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعی جودایە کە ئێرەیە، ئەم هۆڵەیە، ئەم بەڕێزانەن و، جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی، ئەو دەسەڵاتە پێویستە بدرێ بە سەرۆکی پەرلەمان و، یاسای سەرۆکایەتی پەرلەمانیشم خوێندۆتەوە کە تا ئێستا ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا نییە، کێ بەڕێوەی دەبات، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ڕاوێژکارەکان دائەمەزرێنێ لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا لای سەرۆکی هەرێمە، بەڵام لێرە ئەو بۆشاییە هەیە، ئەو گاپە هەیە، پێویستە ئەمە جێی بکرێتەوە، ئەگەر لێرەشدا بۆ ئەم بەڕێزانە جێی بکرێتەوە، و لە ئایندەدا ئەمە بۆ پەرلەمان دیاری بکرێ، چونکە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی تێدا نییە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کە ڕاستەوخۆ مەربووت بێ بە پەرلەمانەوە، ئایا ئەمە ناگەڕێتەوە سەر بە جیهەی تەنفیزی؟ ئەو کاتە چۆن لە پەرلەماندا ئەمە دەکرێ؟ ئەو کاتە بۆ ئەو موئەسەسانەی سەر بە پەرلەمانیشن وا دەبێ، فەرموو د. عبدالله،

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا من ئەوا کو یەعنی تەرشیحا وە یەعنی لیژنەیەکا موختەس هەبی پەرلەمانێ بۆ تەرشیحا ئەندامێ مفەوەزیێ، یەعنی لیژنەیەك موختەس بیتن تابعێ پەرلەمان بیتن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەیار،

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دکەم ئەو تەجروبا کو ل عێراقێ هەی بۆ هەوە روون کەم بیتن بۆ برادەرا پتر روون بیتن یا موعتاد ئەوە ل بەغدا لیژنەکێ ژوان مودیر عامێت بەغدا کو شەشن، سێ کەس، چار ژوانا تێنە تەرشیح کرن ئەڤە فۆرما لسەر مەوقعێ ئەلکترۆنی یان ژی هەر مەکتەبەکی، هەر کەسەکی بڤێتن تەرشیحێ بکەتن دێ ئیستیمارا خۆ پر کەتن و بوویێ لیژنێ هنێریت، ئەڤ لیژنە دێ هێتن فەرزا ڤان ئیستیمارا کەتن ئەو ژی لدیڤ هندەك معیارا ب تەئکید مەجمووعەکا معیارا دهێنە دانان کانێ چ نوقات بۆ هەر بەر بژێرەکی دهێنە دانان پشتی ئەو ئیستیمارە دهێنە دیارکرن کا کێ پتریا نوقاتا هەنە دێ هێنە بەرسینگێ مەجلسا مفەوزا ئەو دێ وان کەسا ئیختیار کەن، پشتی ئەو ئختیار دبن ئیعتیادیە وەکی کاك گۆرانی گوتی دێ بۆ سولتەت قائیم د بێژنێ یان سولتەت تەعین کا کیە ل هەرێما کوردستانێ کو سەرۆکایەتیا هەرێمێیە ئەوی ئەمری ئەو دێ تەعین کەن و ب د یتنا من ڤی شێوەی دێ برێڤە چیتن، بۆ ڤێ چەندێ دێ زڤرمەڤە ئیدارا ئینتیخابیە ڤی کاری د کەتن وەکی لیژنەك تەنها کۆمسیار ئیختیارکەن وی کەسێ کو ڤێ لیژنێ ئیختیار کری. سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی سیاغەی بکەنەوە، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دەستەیە سەر بە پەرلەمانە، پێویستە دامەزراندن لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەماندا بێت، ئێمە دەسەڵاتێکی جیاوازین، ئێمە دەستەی تەشریعین، پەیوەندیمان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە نییە، ئەو کەسەی لێرە دادەمەزرێ بە پلەی تایبەت دەبێ لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەماندا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێگەرد خان،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەرەتای دانانی قانونەکەدا باسمان لەوە کردووە، ئەم دەستەیە، دەستەیەکی سەربەخۆیە لە بەغدا حاڵەتێکی لەم شێوەیە هەبوو کە پەرلەمان تەداخولی کرد ئیشکالاتی گەورەی لێ دروست بوو، یەعنی ئەم دەستەیە، دەستەیەکی سەربەخۆیە راستە لەبەر دەمی پەرلەماندا بەرپرسە، بەڵام ناکرێ ئێمە تەداخول لەمەدا بکەین بەڕاستی، یەعنی لیژنەیەکی موختەس لەوێ دروست بکرێ لە ناو هەیئەکەی خۆیدا ئەوان یەك لایی بکەنەوە بە دوو لە سەر سێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کاك عمر باس دەکا بۆ موسادەقەکردنێتی کە لە ناو کۆمسیۆنەکە دەنگی لە سەر دەدرێ دوای موسادەقە لە سەر کردنی، بەڵێ کاشفەکەی، ئایا لای سەرۆکی هەرێم بێ، کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە یان لای سەرۆکی پەرلەمان بێ، کە سەرۆکی دەسەڵاتی تەشریعیە و ئەم موئەسەسەیە سەر بە پەرلەمانە، ئەوەی ئەو باسی دەکا تەدەخول نییە، لە دانانەکەی، بەڵکو دوای ئەوەی کە لەلای کۆمسیۆن خۆی دادەنرێ، ئینجا دەرکردنی قەرارەکەیەتی، لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە فەقەرەی دووەمی داڕشتەوە (الترشیح للتعین في الدرجات العلیا من مدراء الدوائر في المفوضیة والمکاتب الأنتخابیة في المحافظات یکون بأقتراح ثلاث مرشحین من قبل لجنة خاصة یشکلها مجلس المفوضین وفقا لمبدأ تکافئ الفرص ویتم اخیار احدهم من قبل مجلس المفوضین بأغلبیة الثلثین) واتە مەجلیسی مفەوەزین لە ناو خۆیدا لیژنەیەك پێك دێنێ ئەو لیژنەیە سێ کەس پێشنیار دەکا، بەڵام پێشنیارکردنی ئەو سێ کەسە بە پێی (لمبدأ تکافئ الفرص) واتە (اعلان عن الوظائف تکافئ الفرص) کامەیان بەپێی سیڤیەکە لە پێش بوو ئەو دەچێتە پێش، ئینجا دوا جار پێشکەشی دەکا بۆ مەجلیسی مفەوەزین، مەجلیسی مفەوەزینیش ئەو کەسە بە دوو لە سەر سێی دەنگدان قەبوڵ دەکا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەچێتە زمنی قاعیدەی عامەوە کە هەموو ئەو دەستەی کە سەر بە پەرلەمانن، سەرۆکی پەرلەمان بڕیارەکەی بۆ دەردەکا، مەبدەئی عامە، پێویست ناکات لە یاساکە بنووسرێت، باشە ئەوەی ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٧٦) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٤) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، (الفصل الخامس المسائلة وأنتهاء العضویة) نوقتەی نیزامی؟ فەرموو کاك سالار، ببورە جارێ ماددەکەمان نەخستۆتە دەنگەوە با ماددەکە بخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لە فەسلی چوارەم داین، و لە فەقەرەی دەسەلاتەکان، بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ سێ ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر پێشنیاری ئیزافەی بڕگەیەکی کرد، حەق وایە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە لیژنەی یاسایی دەتوانن جێگەی بکەنەوە، ئەگەر دەنگیشی نەهێنا ئەو کاتە ئەو مافە پیادە دەکرێ، بۆیە ئەو بابەتەی کە بۆ ئیستیحداس کردنی ، و بۆ تەنقیح و بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدان کرا، و لە پاڵ ئەوەشدا باسی ئیزافەکردنی ئامێرەکانی ئەلکترۆنی کرا، ئەو بابەتە سێ ئەندامی پەرلەمان زیاتر داوایان کرد، هیوادارین بخرێتە دەنگدانەوە، خزمەت بە پرۆسەکە دەکا، و خزمەت بە یاساکە دەکا، هیوادارم ئەمە وەکو مەسەلەیەکی قانونی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ بەپێی پەیڕەو،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان لە سەر ئەوەدا، بەڵام رێز لە رای ئەندامانی پەرلەمان دەگرین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لە بڕگەی یەك، کاك جعفر پێشنیاری ئەوە دەکات وا بخرێتە دەنگەوە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ کاتی دەنگدان، فەرموو کاك رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە قسەی لە سەر کرا، لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی تەواویاندا، مەعقول نییە لە پەرلەمان هەر کەسێك خەیاڵێکی بە مێشکدا هات یەکسەر بخرێتە دەنگدانەوە، کێشە بۆ خۆتان دروست دەکا،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر باسکرا، تەواو کاك سالار ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو ئاواز خان،

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو دەستەواژەیە بەکار بێ، بە بەکارهێنانی تازەترین ئامرازی ئەلکترۆنی بۆ تۆمار و بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی ئەوەی بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان، ئەویشت نەخستە دەنگدانەوە، تۆ چۆن ئەمەیان دەخەیە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەفسی شتە، فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەفسی شت نییە، تەکنەلۆجیا شمولیە، مەعنای وایە ئەو ئامێرە نوێیانەش دەگرێتەوە، هەمووی دەگرێتەوە، یەعنی ئیتر چ پێویست دەکا،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە پێویست ناکات داخلی یاسا بکرێتن، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی کۆمسیاران، کۆمسیۆن نیزامی هەڵبژاردنی دەبێتن، لە نیزامەکە دیاری دەکا بە چ شێوەیەك بێتن، واتە پێویست ناکات لە یاساکەدا دەربارەی ئەو بابەتە هەبێتن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێگەرد خان،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەیە کە لە ئیقتراحەکان خەیاڵ نییە، من داوا دەکەم ئەوقسەیەی کاك رابوون بسڕێتەوە لە پڕۆتۆکۆل ئەمە خەیاڵ نییە، و ئەمە ئیقتیراحی ئەندامانی پەرلەمانە زیاد لە سێ ئەندامی پەرلەمان پشتیوانی کردووە، با بخرێتە دەنگدانەوە، لە پێناو نەزاهەتی ئەو کارانەیە کە کۆمسیۆن لە مەسەلەی هەڵبژاردن ئەنجامی دەدات، ئومێد دەکەم ئەو حیساباتانە نەکرێت بەڕاستی عەیبە بڵێین ئەوە خەیاڵە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عەیبەش هەر بەکار مەهێنە، بەڵام ئەوەش لەبەر چاو بگرن، ئێستا بۆ نموونە لیژنەی یاسایی شتێکیان خستەروو، ئێستا بڕیارماندا دوو مانگی تر راپرسی لە مەناتقی نزاع بکەین لە کەرکووك بکەین، ئایا دەتوانین تۆماری دەنگدەرانی کەرکووك دروست بکەین ئێستا، یان ئەگەر ئەمە بهێڵینەوە بۆ نیزام لە ناو کۆمسیۆن ئەو کاتە بە باشترین شێواز دەیبا بەڕێوە فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە مەبدەئە، و دەبێ کاری لە سەر بکەین بۆ ئەوەی یوخت بکرێتەوە، قسە لە سەر ئەوە نییە ئەمە ببێتە وەسیلەیەك بۆ تەعتیل، مەسەلەی راپرسیش بابەتێکی ترە، بۆیە ئەو تەرحەی کە جەنابی جێگیری سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێکرد، بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لایەنگرانی ئەو بۆچوونەین کە پێمان وایە تەکنەلۆجیا یان ئەلکترۆنیات ئەگەر کاریگەر نابێتن لە سەر ئەنجامەکەی ئەوە نییە خوا نە خواستە لەگەڵ ئەوە دابین نەمانەوێ هەڵبژاردن پاك بیتن، چونکە زۆر جار لە تەکنەلۆجیادا فرت و فێڵی گەلەك زیاترە ئەوان لەگەڵ عەقلدا ناگونجێتن کە زیاتر فێڵی تێدا دەکرێتن، مەسەلە ئەوە نییە کە لەگەڵ ئەوە دابین کە نەزیهـ بێ یان نەزیهـ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشدا مەبەستم خۆمە، خەریکە نوقتەکان لە نیزامی دەردەچێ، بەڵام من پشتیوانی لە قسەکەی کاك سالار دەکەم، هیچ پێویست ناکات ئەو مولاحەزەیەی کە جەنابت هەتبوو ئەوەی کە فەرمووت ئایا ئەگەر ئێستا تۆ بڕیار بدەی دوو مانگی تر هەڵبژاردن بکەی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم فریای ئەوە دەکەوێت، بڵێین کەرەستەی تەکنەلۆجیا بەکار بێنی، پێویست ناکات ئینسان ئەوە بکا بە جەبر، لە کاتێکدا کە تۆ دەڵێی کەڵك وەربگرێ، سوود وەربگرێ لە تەکنەلۆجیای سەردەم بۆ لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا مەعنا ئەگەر هەبوو بەکاری دێنی، بەڵام ئەگەر نەبوو خۆ سیحر ناکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەوەی دەبینرێ خەریکە دوو بۆچوون دروست دەکرێ، گوایە یەکێك لەگەڵ نەزاهەتی هەڵبژاردنە، یەکێك لەگەڵ نەزاهەتی هەڵبژاردندا نییە، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەگەر بتەوێت تەکنەلۆجیا ڕێگای زۆر ئاسانی هەیە بۆ ساختەکاری بە یەك کلیك دەتوانی دەیان هەزار ناو داخل بکەی، باشترین بەڵگەش کارتی زانیاری بوو کە ئەوەی کارتی زانیاری بە هەڵبژاردنی کرد بەڕاستی با بە دەواری شەڕی نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو پێشنیارەکانمان دەمج کردووە، فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کە تەوافوقێك دروست بکەین لە نێوان ئەوەی کە ئایا ئیمکانیەتمان دەبێ بۆ تەکنەلۆجیای نوێ و، لە هەمان کاتیشدا تەکنەلۆجیای نوێش بەکار بێنین، وشەی ئەمە بەکار بێنین، بڵێین بەکارهێنانی شیاوترین تەکنەلۆجیا بۆ ئەم مەوزووعە، شیاوترین واتە مومکین ترین، واتە نوێترین، کامەیان مومکین ترین بوو، و نوێتر بوو ئەوە بەکار بێنین کە کۆمسیۆن خۆی دیاری دەکا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە با بیخەینە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی پێشنیارێکیان کرد، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمان خراپ نییە، وەکو تەوافوقێك لە بەینی ئەو پێشنیارانەی کە هەبوو، بڵێین (استخدام جميع الوسائل الحديثة المتاحة) کێ لە گەڵدایە؟

**بەڕێز ئاواز جەنگی بیرهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیکەین بە (الحديثة والمتاحة)،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(جميع الوسائل الحديثة المتاحة) کێ لە گەڵدایە؟ (٧٢) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە ئەمە ئیزافە دەکەین بۆ فەقەرە یەك، لە بڕگەی یەکەم، ماددەکە دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی لە سەر بدەین، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

أولاً : يمارس المجلس الصلاحيات الآتية :

١- إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين عبر جميع الوسائل الحديثة المتاحة، وعلى الجهات المعنية التعاون والتنسيق مع المجلس تحقيقاً لهذا الغرض.

٢- المصادقة على تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها.

٣- اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء القوائم الانتخابية والاعلاميين ومنظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي والداخلي.

٤- البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن أمام الهيئة القضائية في محكمة تمييز الإقليم.

٥- المصادقة على إجراءات العد والفرز.

٦- اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة تمييز الإقليم.

٧- وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها.

٨- المصادقة على هيكلية الإدارة الانتخابية.

٩- تعيين منتسبي المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية.

١٠- رسم السياسة المالية للمفوضية.

ثانياً : الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في المفوضية والمكاتب الانتخابية في المحافظات يكون باقتراح ثلاث مرشحين وفقاً لمبدأ تكافئ الفرص، وذلك من قبل لجنة خاصة يشكلها مجلس المفوضين ويتم اختيار احدهم من قبل مجلس المفوضين باغلبية الثلثين.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك انور،

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەكەم خاڵی یەكەم بخوێندرێتەوە و، پێم وایە كە وشەی مولزیم دەنگی لە سەر درا لە خوێندەوەكەدا تێیدا نەبوو،

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

(وعلى الجهات) سیفەی ئیلزامی دەدات كاك انور،

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێركۆ،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە جەنابتان ڕوونكردنەوەتاندا، من وتم كۆمسیۆن مولزەم بكرێ لە ماوەی چوار ڕۆژدا وەڵامی سكاڵاكان بداتەوە، ئەوەی كە جەنابت وەڵامتدامەوە كە وتت لە ماددەی (٩) لە خاڵی شەشەمدا ئەمە دەڵێ هەیئەی قەزائی مولزەمە كە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا، ئەوەی كە من وتم كۆمسیۆن مولزەم بكرێ، چونكە هەنگاوی یەكەم كۆمسیۆن سكاڵاكان یەك لایی دەكاتەوە، ئینجا ئەوەی كە جەنابتان بە منتان وت ڕوونكردنەوەكە لە ماددەی (٩) ئەوە هەیئەی قەزائی مولزەمە بەوەی لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا، من دەڵێم كۆمسیۆن مولزەم بكرێ لە ماوەی (٤) ڕۆژدا، وەڵامی سكاڵاكان بداتەوە، یان لە ماوەی هەفتەیەكدا وەڵامی سكاڵاكان بداتەوە، ببورە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ماوە بۆ كۆمسیۆن دیاری نەكراوە، ماوە بۆ هەیئەی قەزائی دیاریكراوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس، کۆمسیۆن وەڵامی هەموو تعونەکانی داوەتەوە، من ئاگادارم، فەرمووو کاك بەیار،

**بەڕێز بەیار طاهر سعید (بەیار دۆسکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب دیتنا من ئێکیش معیارێ دوەلی ئەوە کو حەقی بدەیە هەر لایەنەکی بشێ تەعنی بدەتن، فەریقێ ئومەمل موتەحیدە دائیمەن داکۆکی سەر هەندێ بکا کو تڤیابا هەر لایەنەکی (٤٨) هەبێتن، کو بشێت تەعنێ خۆ پێشکەش کەتن، پشتێ (٤٨) کۆمسیۆن تڤیابا ئەو ژی تەحقیقێ سەر ڤان شکاویا تعونا بکاتن، د بیت ئەڤە بکێشیتن دوو، سێ رۆژا حەتا جەوابا ڤان تعونا دەچێت، ل بەر هەندێ ب دیتنا من ئەو بۆچوونی کو دەمەکی بوو کۆمسیۆنێ دیار کەن رەدا شکوك یا تعونێ بکەت، ب دیتنا من جهێ خۆ دانینە، ژ بەر هەندێ ب دیتنا من نەصێکی یاسایێدا هاتی کو د بێژی نزیکترین وەخت کۆمسیۆن ئیجرائاتی خۆ رابیتن کو ئیعلانە نەتائیجا ب کەت، ب دیتنا من یا گونجایە ئەو نەصە، ئەڤێت دی نەحیا فەنیدا مومکین نینە یا ژ منڤە یا نڤێسای (في أسرع وقت)،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوێ هاتووە لە ناو یاساکە؟

**بەڕێز بەیار طاهر سعید (بەیار دۆسکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده چارێ، فەقەرە هەشتێ: (اعلان النتائج الاولیة للانتخابات والاستفتاءات بأسرع وقت)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کرایە (٧٢) سەعات، بەس ئەم تعون داوا دەکات، مادام لە یاساکەدا نەهاتبێ، دەبێ بە دەنگدان بێ، فەرمووو کاك خلف،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم خاڵی یەکەم: پێم وایە پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەوەی ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوەی پیادە دەکات و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاریان تیادا وەردەگیرێت، ئەو پێشنیارە هەبوو قسەی لە سەر نەکرا،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر دوێنێ دەنگی لە سەر درا قەرارات لە ناو مەجلیسی مفەوەزین چۆنە، ناچینەوە سەری، فەرمووو امنە خان،

**بەڕێز امنه زكری سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگە، بڕگە، ئەوەی پێویست بوو چووە دەنگدانێ، موناقەشە سەر هاتیە كرن، نووكە تەكمیلە وی ماددەیا هاتییە داڕشتن تەنها دبی بچیە دەنگدانێ، ئەڤ موناقەشە بۆ چییە؟ موناقەشە هاتیە دەنگدانێ، ئەڤ مەرحەلەیە خەلاس بوو، پێشنیار هاتە كرن، چوونە دەنگدانێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر بڕگە، بڕگە، نەمان خستە دەنگدانەو، تا ئیتر مەجالی پێشنیارنەبێ و، پێشنیارەكەش پێشتر كراوە، داوای ئەوە دەكات تەئكید لە سەر ئەوە دەكات كە پێشنیارەكەی بخرێتە دەنگەوە، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە كە لە ماوەی (٤) رۆژدا كۆمسیۆن پێویستە وەڵامی تعونی ئینتیخابی بداتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كۆمسیۆن لە ماوەی (٤) رۆژدا وەڵامی ئەو شەكواو تعونانە بداتەوە كە رۆشتۆتە بەر دەمی؟ (٣٦) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٣٢) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو كاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شتێك كە تەرح دەكرێ، هەمووی بەو نیەتە تەرح دەكرێ، كە وەك ئەوەی ئەو شتەی باس دەكرێ، زۆر زۆر باشە بۆ نەزاهەتی ئیتیخابات، لەبەرەكەی دیكە ئەگەر دژ بی لەگەڵ نەزاهەتی ئینتیخابات نییە، بۆیە زۆر جار دەنگدانەكان وا بەو شێوەیەی دەكەوێتەوە، ئێستا ئێمە چوار رۆژ دادەنێن لە سەر ئەو حاڵەتە، چوار رۆژەكە تەواو دەبێ ئەو شەكوایانە تەواو نەبوون، دەڵێ تەواو بووە، حەقی ئەو لایەنەی شەكوای كردووە دەسووتێ، یەعنی غەدر لەو لایەنە دەكەین، یەعنی كەی ئەوە نەزاهەتی ئینتیخاباتە، خۆ دەنگیشی لەسەردرا، یەعنی ئێمە یەك سەعات لێرە دانیشتووینە، یەعنی بەڕاستی ئەگەر وابێ سیاغەی ماددەمان پێ ناكرێ، پینەوپەڕۆی (٢٠) ماددەمان كردووە، هەر رەئیەك دەدرێ، دەنگی لە سەر دەدرێ، دێینەوە سەری دەڵێین موقتەرەحەكی تر هەبوو، دایدەڕێژینەوە ئاخر ئەوە بۆ عەیبی تەشریعیش خراپە، دوایێ بۆ كاری كۆمسیۆنیش خراپە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش تەواو لەگەڵ بۆچوونەكەی لیژنەی یاساییم بەڕاستی، ئێوە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ رەئی لیژنەی یاسایی لەبەرچاو بگرن، ئەوان سیاغە دەكەن، بەڵام ئێوە هەر ئیسراڕ دەكەن، ئیسراڕ دەكەن، پێشنیارمان هەیە، بیخە دەنگەوە، كاكە ئەو پێشنیارانەی ئێوە دەیكەن جاری وا هەیە، لە روی تەنزیمیەوە ئەسڵەن خراپە بۆ ئەو كەسەی كە شەكوا دەكا، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەتەشریع ناكرێ، یەعنی ئێستا ئێمە نازانین ئەو پێشنیارانەی چۆن بخەینە ناو یاساكەوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەبێ وابێ کە (بعد تقدیم طعن) فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەکەین دەڵێن ئەو ماددەیە، یان ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان، ڕەجا دەکەین، ئەی لیژنەی یاسایی ئیشی چییە لێرانە؟ ئەگەر هەر بڕگەیەك و هەر ماددەیەك پێشنیارەکە ڕاست بێ یان غەڵەت بێ، ئێمە جێگای بۆ بکەینەوە، تەشریع ناکرێ، ئەوە دەرناچێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، من تەئکیدم کردەوە، تکام کرد، وتم ئەگەر بابەتێك کێشە بۆ تەشریع کردن دروست دەکا و، کێشە بۆ لیژنەی یاسایی دروست دەکا، تەنانەت لە داڕشتنەوەشدا مەیخەنە دەنگدانەوە، چونکە ئەو حاڵاتانە ئاماژەیەك دروست دەکا، وەکو بەڕێز کاك گۆران ئاماژەی پێکرد، ئەگەر من لەگەڵ بم لەگەڵ نەزاهەی ئینتیخابیمە، ئەگەر لەگەڵیشی نەبم دژی نەزاهەی ئینتیخابیمە، ئەو حاڵەتانەش کاریگەری دەکاتە سەر دەنگدان، سبەی دەنگدان لەناو پەرلەمان، هیچ عەیبەی تێدا نییە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو جار ئەم پێشنیارە وتمان لیژنەی یاسایی مولاحەزەی هەیە لە سەری، بەڵام هەر ئیسراری لە سەر دەکەن، دەنگی لە سەردرا، فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکەی بەڕێز امنە زکری دەکەم، کە وتی دوای ئەوەی کە دەنگدرا، لە سەر نەصێکی قانونی، سیاغەکردنەوە یەعنی چی؟ خۆی قانون لە جوملە پێکهاتووە، جوملەش لە کەلیمە پێکهاتووە، کەلیمە دەور دەبێنێ لە تەفسیرکردنی قانوندا، سەیری ئێرەم کردووە، ئەوەی کە عیلاقەی بە قانون دانانەوە هەیە لە دوای ماددەی (٧١)ەوە، لە هیچ شوێنێکدا باسی ئەوە نەکراوە، کە لیژنەی یاسایی یان هەر کەسێکی تر، حەقی ئەوەی هەیە بەپێی قانون، لە دوای ئەوەی کە دەنگدرا بە قانونێك، جارێکی تر سیاغە بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێستا کەوتووینەتەوە عەینی حاڵەتەوە کە جەنابت فەرمووت، ئێمە دەنگمان لە سەر ئەمەدا، ئینجا ئێستا تەفسیر دەکرێ بۆ ئەو چوار ڕۆژە، ئەو چوار ڕۆژە لە کەیەوە؟ لەو لەحزەیەوە کە تەعنەکە دەدرێ، ئەمە بەڕاستی، نەخێر، ئێمە دەنگمان لە سەر ئەوە نەداوە، ئێمە دەنگمان لە سەر چوار ڕۆژ داوە، نەك لە سەر نەص، قانون نەصە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو لەگەڵ هاوکارانمم لە لیژنەی یاسایی، ئەمە زەرەر بە کیانەکان دەگەیەنێ، بەڵام تازە دەنگی لە سەر دراوە، دەنگی هێناوە، ئەگەر بمانەوێ تەنزیمی بکەین، دەبێ مودەیەك بۆ تەقدیمی تعونیش دانێن، یەعنی دەبێ بڵێین لە ماوەی ئەوەندە تەقدیم بکرێ، ئینجا لەو ماوەیە، ئینجا لە ماوەی چوار رۆژدا دەبێ جەواب بدرێتەوە، دەبێ بەو شێوەیە تەنزیم بکرێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، جارێکی تریش باسمان کرد، ئەوەی امنە خان و کاك ئاری باسیان کرد، ئێمە سوپاسی زۆر بۆ لیژنەی قانونی کە ماندوو دەبن، بەڵام بەڕاستی گرفتی سەرەکی ئەم قانونە، لیژنەی قانونی خۆیانن، کە بە روونی شتەکان ناهێننە ئێرە و، حەقیشە کە راپۆرتەکان ئامادە دەکەن، بانگمان بکەن ئێمە بچین لەوێ رەئی خۆمان بدەین، هەموو گفتوگۆکان نەیەتە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە بە دڵنیایی ناکرێ، ئەوەی لێرە دەنگی لە سەر دەدەین، دەبێ ئەوە لە ناو قانونەکە بێ، نەك شتی تر دوایی سیاغە بکرێ، کە ئێمە دەنگمان لە سەر نەداوە، چونکە ئەوە گرفت دروست دەکا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، دوێنێش هەندێك ناحەقی کرا، بەرامبەر بە لیژنەی یاسایی، لیژنەی یاسایی راپۆرت ئامادە دەکات، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر زۆر موهتەمە بە قانونەکە دەیەوێ لە سیاغە و داڕشتنی تێ بگا، ئازادە بێتە کۆبوونەوەکانی لیژنەی قانونی و، گوێشی لێ دەگرین، رەئیشی لێ وەردەگرین، ئەمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دوو: ئێمە هەموو رەئی ئەندامانی پەرلەمان خاڵ بە خاڵ کە دەڵێین لەگەڵ نین، ئێمە پێمان باشە وەك لیژنەی یاسایی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێمە رەئی لیژنەی یاسایی هەر وایە، لەبەر ئەوە ئێوە ئەوە لەبەرچاو بگرن، بەڵام ئێمە سیاغەش دەکەین، داشی دەرێژینەوە دوو، سێ جار، رەئی کاك بەیاریش وەردەگرین بەو پێیەی پیاوێکی موختەسسە لە کۆمسیۆن، هەموو ماددەکەش جارێکی دیکەش دادەڕێژینەوە، دەمانەوێ ئاخر دەقە بیخەینە دەنگدان، یەك کەلیمە لە مێشکی هەر برادەرێك بێ،

دەڵێ ئیلا و بیلا، دەبێ بیخەیە دەنگەوە، ئەمە گرفتی ئێمە نییە، خۆ ئێمە سەلاحیەتی ئەوەمان نییە، چ ماددەیەك دەخەیە دەنگ و یاخود ناخەینە دەنگ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە بە دوو جۆر دەتوانین قسە بکەین و گفتوگۆ بکەین، یەکەمیان ئەوەی کە سکرتێر ناو دەنووسێ و دوایی هەر کەسە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گرفتێکی ئیجرائی هەیە، لێرە بەڕاستی، خاڵی چوار، بەجیا لە هەموو خاڵەکانی تر بە جیا دەنگمان لە سەری نەداوە، خاڵی چوار لێرە لە ناو هۆڵی پەرلەمان دەنگمان لە سەریدا وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە من جارێکی تریش من بیرم چوو د. شێرکۆ پێم وتی، وتم دوو پێشنیار لە سەر ئەمە هەبوو، بۆیە ئەسڵی خاڵەکەی دیکە یاسایی هەیە، خستمانە دەنگەوە، بۆیە بەشێوەیەکی هەڵە، جارێکی تر ئەوەمان خستە دەنگەوە، کە ئیزافەی بۆ بکەین، دەنگدانەکەی دووەم هەڵەیە، چونکە لە جاری یەکەمدا خاڵی چوار، خاڵەکانی ترمان نە خستە دەنگەوە، بەڵام خاڵی چوارمان خستە دەنگەوە، وتمان وەکو خوی بمێنێتەوە، یان دوایی ئیزافەی بۆ بکەین، یان تەعدیلی بکەین، (٧٥) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بوو وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە ئەو خاڵە وەکو خۆی دەمینێتەوە، تەصویتی دووەم ئیلغا دەکرێتەوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەجالت دام قسەکەم نەکرد،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لە سەر ئەو بڕگەیەیە فەرموو قسە بکا ئەگەر نا ماددەکە دەخوێنینەوە، ، فەرموو بەهار،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە بە دوو شێواز گفتوگۆ دەکەین و قسە دەکەین، شێوازێکیان ئەوەیە کە سکرتێر ناوەکان دەنووسێت و هەر کەسە و ناوەکە دەخوێنێتەوە و گفتوگۆ دەکەین، دووەمیان ئەگەر نوقتەیەکی نیزامی هەبێ ئەو شتە موخالفی پەیڕەوی ناوەخۆ بێ، بەڕاستی لێرە لە قاعەی پەرلەماندا بۆتە جۆرێ لە

گفتوگۆ، یەعنی کەسی وا هەیە (١٠) جار موداخەلە دەکات نازانین ناوی بنێن چی؟ لە سەر شتەکانی خۆی، بەڕێزیشتان گوێی لێ دەگرن، ئەوە ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمانە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە وەکو ئەوەیە ئێستا جەنابت قسە دەکەی، دە تکات لێ دەکەم مەجالمان بدە با ئەو ماددەیە بخەینە دەنگەوە، تکات لێ دەکەم، بەهار خان تۆ یەکێکی لەوانە کە زۆر موداخەلە دەکەی، لیژنەی یاسایی تکایە ئەو ماددەیە، تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر لەم هۆڵەدا نوقتەی نیزامیت گرتووە و، ئێستا ئەمەشی کە وتت دیسانەوە نوقتەی نیزامی هەیە، دەیخەینە دەنگەوە، ماددەی شەش، بە هەموو بڕگەکانیەوە، بە هەموو خاڵەکانیەوە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٧١) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (١) کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا، ڕاستە لە دوای قسەکردنەکانیشتان جاری وا هەیە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، چونکە ئیزافات و موناقەشە دێتە کایەوە، لە سەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە، هیچ موناقەشەیەك نایەتە کایەوە، بەڵام کاتێك کە پێشنیاریکی تر دێتە کایەوە و، پێشنیارەکە لە ئەسڵی ڕاپۆرتەکەدا نییە، پێویست دەکات ڕای فراکسیۆنەکانی تریش وەربگرین، بۆیە چەند جار ئەگەر سەرەنجتان دابێت لە سەر پێشنیارە زیادەکان ڕای یەك بە یەکی فراکسیۆنە جیاوازەکانمان وەرگرتووە لە ڕێگەی ئەو نوقتە نیزامیانەوە کە ئێستا دەستیان بەرزکردۆتەوە، فەرموو شیرین خان،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن سوپاسێتە د کەین، تو سنگەکی بەرفرە تەحەمولە مە هەمیا د کەی، بەس من پێم خۆشە ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ بێتە تەتبیق کرن، نە هەرکەسێك پێشنیارەکی بدەتن بکەڤیتە دەنگدانێ، هەر سێ کەس یەك پێشنیار بدەن بکەڤیتە دەنگدانێ چ ئیستسنائات نەبن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شرین خان لەبەر ئەوەی ئێوە بڕیارتان دابوو کە کەم قسە بکەن، بڕیارتان دابوو کە لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەس یان دوو کەس قسە بکەن، دوێنێ ئێمە وتمان لەبەر ئەوە هەر کەس پێشنیارێك بکات دەیخەینە دەنگەوە، لەبەر ئەوەی پێویست نەکات دوو کەس پشتگیری بکات، فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ئەوە نازانم نوقتە نیزامە یان نا؟ بەس هەموو خەڵك ئێستا چاوەڕێی بەغدایە، پەرلەمانی عێراقە، برادەرانی ئێمەش کە دەچنە دەرێ زۆربەیان دەچن موتابەعەی ئەوە دەکەن، نازانم چۆن ڕەوایە سەعاتێك دوا بخرێ؟ بۆ ئەوەی بزانین وەزعی بەغدا لە چی دایە، ئێمە مەمنون دەبین،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، پشوویەك وەردەگرین، بەڵام با جارێ بەردەوام بین لە سەری، ماددەی حەوتەم لیژنەی یاسایی بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**المسائلة وانتهاء العضوية**

المادة السابعة: أولاً: تنتهي العضوية في المجلس لأحد الاسباب الآتية:

١- الاستقالة.

٢- الوفاة أو عجزا لعضو عن أداء مهامه.

٣- صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف.

٤- إعفاء برلمان كوردستان أعضاء المجلس مجتمعا أو منفرداً من مهامهم عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون والأنظمة باغلبية الثلثين.

٥- إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة.

ثانياً: في حال شغور احد مقاعد المجلس لأحد الأسباب الواردة في الفقرات أعلاه يتم اختيار عضو أخر بنفس الآلية الواردة في هذا القانون.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسە لە سەر ئەم ماددەیە دەكات؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆكردن لە سەر ماددەی حەوت ئەو ئەندامە بەڕێزانە ناویان تۆماركراوە، (حیات مجید، د. سیراج، ڤەمان فیصل، عبدالله جاسم، ڤیان عباس، كاك زیاد، بەهار عبدالرحمن، د. جوان، عمر عینایەت، د. فرست، محمود حاجی عمر، ابو كاروان)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو حیات،

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەمدا خاڵی سێیەم: دەرچوونی حوكمێكی دادگەری بنبڕ دەرهەق بە ئەندام لە تاوانێكی ئابڕووبڕدا، لە رووی یاساییەوە جەریمەی فەساد جیاوازە لە تاوانی ئابڕووبڕ، ئینجا بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم خاڵە بەم شێوەی لێ بكرێت، دەرچوونی حوكمێكی دادگەری بنبڕ دەرهەق بە ئەندام لە تاوانێكی

ئابڕووبردا یان یاریکردن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی یان تێوەگلانی بە دۆسیەی گەندەڵی، داوا دەکەم ئەم خاڵەی بۆ ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج،

**بەڕێز د. سراج احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی حەوتەم لە خاڵی یەکەم، باسی ئیستیقالە دەکات، وا تەسەور دەکەم تەنها بە ئیستیقالە ئەندامێتی هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو دەبێ بگوترێ (قبول الأستقالة من قبل المجلس) یەعنی ئیستیقالەکەی قەبول بکرێ، نەك تەنها بە پێشکەشکردنی ئیستیقالەکەی پێم وابێت (انتهاء العضويه)ی نابێ، پاشان باسی وەفات دەکات، (الوفاة أو عجزا لعضو عن أداء مهامه)، من وا تەسەور دەکەم تۆزێك عیبارەکە رەکیکە لەرووی زمانەوانییەوە، ئەوها بگوترێ سیاغە بکرێتەوە، (الوفاة أو حدوث عاهه عقلية أو جسديه تمنعه عن أداء مهامه استناداً الى شهادة طبية رسمية)من شتێکی تریش ئیزافە دەکەم، خاڵی شەشەم، باسی غیاب بکرێ، ( الغياب المتكرر لثلاث أو أربع اجتماعات متتالية دون عذرٍ أو أذنٍ مقبول) ئەوەش من پێشنیار دەکەم و دەستان خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێپرسینەوەو کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی دوو شتی جیاوازن، لێرەدا پێدەچێت لەبەر پۆختی و کورتی تێکەڵ کرابێت، بۆیە من پێم باشە جیابکرێتەوە لەوانەیە ئیزافە و لێپرسینەوەی زیاتری بکرێت، چونکە تەنها خاڵی (٤) باسی لێپرسینەوەیە، ئەویتر کۆتایی هاتنی ئەندامیەتییە ئەگەر ئەوەش نەکرا هەر پێکەوە بوو، من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە بۆ لێرەدا زیاد بکرێت، لەکاتی ساغ بونەوەی ئەنجامدانی گزیکاری یان هەوڵدان بۆ تێکدانی نەزاهەی ئینتیخابی ئەوە بخرێتە ئەوەی کۆتایهاتنی ئەندامیەتی ئیزافە بکرێت، هەروەها ماوەی ویلایەت کە دیاری کراوە (٥) ساڵە هی کۆمسیۆن، لێرە ئاماژەی پێبدرێت کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتەکە کە (٥) ساڵە، بۆئەوەی تووشی ئەو ئیشکالاتانە نەبین کە زۆر جار دام و دەزگا یان مۆئەسەسە هەبووە، ئەوە کێشەیەك بووە لە هەرێمی کوردستانا کۆتایی بەماوەکەی هاتووە، بەلام درێژەی پێدراوە و. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەبو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەبڕگەی(٣)یەم، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم ئەو ئەندامە لەتاوانێكی ئابرووبڕدا، یەعنی ئابرووبڕدا، من پێموایە ئەوە جۆرێك لە ئێستا بۆ ئەم سەردەمە تەفسیرێك و عینوانێكی تایبەتی نییە ئەوە لابدرێ، بەڵكۆ ئەوەی كە بەڕێزمان باسیكرد تاوانی گەندەڵی و ئەو جۆرە تاوانانەبێ تەعدیل بكرێتەوە بەو شێوەیە، لەبڕگەی(٥)م دا لەسەر زانیارییەكان ئێمە پێشتر هەروەكۆ چۆن یاسایەك لە یاسای قبوولكردنی تەرشیحی ئەندامیەتی پەرلەمانا چەند خاڵێك دیاری كرا، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوەی كە پێشكەش دەكرێت ناوەكەی ماوەیەكی بۆ دیاری دەكرێت پێویستە ئەوەی كە بەرپرسە لە مۆتابەعەكردنی بەتەواوەتی زانیاری لەسەر كۆبكات و نەهێڵێتەوە تاكۆ ئەوكاتەی كە بەڕێیی بخەن دواتر بێینەوە زانیاری لەسەر تەتبیق بكەین، بۆیە پێموایە ئەوە زیادە بخرێتە سەر ئەو هەیئەتە بەدیقەتەوە ئەو ئەندامە دیاری بكات و. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من ژی چەند تێبینییەكێت هەین، یەكێك لەو تێبینییانە ئەوەیە كە موددەی ئەندام بوونی لە ئەنجومەنی كۆمسیاران تەواو ببێتن، یەكەم خاڵ ئەوە بێتن بە تەواوبوونی ویلایەت بیتن، یەعنی دوای تەواوبوونی ئەو(٥)ساڵە یەكێك لەو خاڵانە ئەوە بێتن، دوای ئەوە پشتیوانی ئەوە دەكەم كە غیابی موتەكەڕیر لەسێ كۆبۆنەوە بەبێ ئیزن یان عوزری مەقبوڵ بێتن ئەوەش ببێت یەكێك لە ئەگەرەكان، لەكۆتایشدا ئەوە كەلەو كاتەی ویلایەتی ئەوە كۆتایی دێتن فەراغێكی تەشریعی دروست دەبێتن لەوانە، یەعنی كێ جیاتی ئەوانە دەگرێتن بۆئەوەی دەستەی نوێ لەدوای ئەوانە پێكدێنن، كەواتە مەقسەدم ئەوەیە فەقەرەیەك لێرە زیاد بكرێتن بڵێتن(یمارس الاعضاء المنتهیة مد تهم)،یەعنی ئەوانەی كەكارەكانییان تەواو بوون بەكارەكانی كۆمسیۆن هەڵسن تا ئەوانەی لەدوای ئەوانە دێن. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت فەقەرەی (١)م، (صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف) ئەوەش ئیزافە بكەین (او في حالة ثبوت عدم نزاهته)، فەقەرەی (٤)م تكا دەكەم لەلیژنەی یاسایی، بەس دەخوێنمەوە دوو ئەوەم هەیە، پاشە و پێش كرایە، لە ناحیەی شەكلی و لوغەوی، بەس هەستدەكەم هەڵەی تێدایە (اعفاء برلمان كوردستان لأعضاء المجلس مجتمعا او منفردا من مهامهم عند مخالفتهم لاحكام هذا القانون والانظمة

وبأغلبية الثلثين)، پێشنیارەکی دیکە (اعفاء أعضاء المجلس مجتمعا او منفردا من مهامهم من قبل أعضاء برلمان كوردستان عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون والأنظمة وبأغلبية الثلثين) دوو پێشنیارە، کامەتان پێ باشە؟، ئەوەی هەڵبژێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم کۆ خالەکا دیژی ئیزافە بکەم، تەبعەن پشتی کۆ پشتگرییێ ل ئاخفتنا کاك ڤەمان و دکتۆر سراج دکەم لسەر مەسەلا نەئامادەبوونا غیاباتا، فەقەرەیەکادی ژی (في حالة ترشح العضو بأي انتخابات مهما كانت طبيعتها)، چونکە بەبێ قانون مەمنوعە ئەو تەرەشوح بچیتە دچ ئینتیخابادا، (في حالة الترشيح لأي انتخابات مهما كانت طبيعتها)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگری لە حەیات خانم دەکەم دەربارەی ئەوەی کە وتی (صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف)، ئەمە ئیزافە بکرێت ئەگەر خوشکانی لیژنەی قەزائی لەگەڵ جەنابی کاك گۆران پێیان باش بوو،(او ارتكاب الجريمة نتيجة عن سوء استعمال وظيفته السابقة او الحالية)، ئەوە ئیتر نەزاهەو هەمووی دەگرێتەوە، من پێم وایە پشتگری ئەوە دەکەم کە ئامادە نەبوون لە (٥) جەلسەی یەك لەدوایی یەك، ئەو برادەرانە وتیان سێ جەلسە من دەڵێم (٥) جەلسەی یەك لەدوایی یەك ئەگەر ئامادە نەبوو ئیعفا بکرێت، من وا تەسەور دەکەم بڕگەی (٥) زیادە، (إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة)، ئەمە لەبڕگەی (٤)دا جێگەی کراوەتەوە پێویست ناکات ئەم بڕگەیە هەبێت، ئەگەر هات و ئەم زانیارییە نا تەندروستەیان پێشکەش کردبوو دوایی ئیسبات بوو کەواتە موخالەفەی کردووە لەبڕگەی (٤)، دەبێ لابرێ کەواتە بڕگەی (٥) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ڤیان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانییێ ل ئاخفتنێت کاك ڤەمانی دکەم دەربارەی نە ئامادەبوونا بەردەوام، هەروەسا من دوو پێشنیارێت هەین بۆ لیژنا یاسایی، ئێك ژوان (الجمع بين الوظيفتين)، هەروەسا (اذا ثبت اشتراكه في دعم جهة مرشحة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عینوانی فەسڵەكە پێم وایە موسائەلە زیادە، بەس (انتهاء العضوية) بەسە لەبەر ئەوەی بەس ئەگەر مەبەستییان خاڵی(٤)بێت ئەوەش هەر ئۆتۆ ماتیكییەن، یەعنی ئەوەی خۆی دا دەنێت دەتوانێت سیقەی لێ وەربگرێتەوە، پشتگیری كاك عمر عینایەت دەكەم خاڵی (٥)ش لەناو خاڵی (٤) جێگەی دەبێتەوە، ئەوەی كە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم دەزانم ئیتیفاق كرایە و نامەوێ ئەو ڕیزە نیشتمانییە كە باسی دەكەن تێك بدەین، بەلأم جۆرێك لەترسێك دەبینم لەدیاری كردنی ئەغلەبییەكان، یەعنی ئەوە لە قانونی یەكەمدا دادەنێین، دوو لەسەر سێ، دوو لەسەر سێ ئەوە بەڕاستی شتێكی زۆر موتەبەع نییە لە قانونەكان كە هەمیشە تۆ پەنا ببەیە بەر ئەو ئەغلەبییە، یەعنی دەوری پەرلەمان ڕادەگرێت، ئەگەر سەیری بكەین بابلێین ئەو نموونانەی من بەراوردم كرد لە لادانی كۆمسیۆن، هەتا ئەگەر بە ئەغلەبییە بكرێت، بەئەغلەبییەتی بەسیتە، ئەغلەبییەتی موتڵەقیش نییە، یەعنی ئەونموونانەی تریش كەلەبەر دەستمانن و دامە دەست هەندێك لەبرادەرانیش، یەعنی نییە دوو لەسەر سێ هەمووی ئەغلەبییەتی بەسیتە یان ئەغلەبییەتی موتڵەقە، یەعنی ئەو ترسە لەگەڵ یەكتر، یەعنی عێراق بەو تەعقیدەی خۆی و بەو تەوافوقەی كە خۆی هەیەتی بە ئەغلەبییەتی بەسیت ئەندامانی كۆمسیۆن لادەدات، ئەرێ هەرێمی كوردستان هەرنەبێت مادام بەئەغلەبییەتی موتڵەق دامان ناوە با بەئەغلەبییەتی موتڵەقیش لایان بدەین، چونكە دەبێت ئەوەش بزانین پەرلەمانی كوردستان ئەغلەبییەتی موتڵەق بەئاسانی پەیدانابێت، یەعنی (٥٦) دەنگ هیچ هێزێك نییە پێی پەیدابێت ئەگەر بەتەوافق نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم بابەتە، واتە بابی(٥)م ماددەی(٧)م، یەكەم لەبڕگەی(٣) بەڕای من دەرچوونی حوكمێكی دادگەری بنبڕ دەرهەق بەئەندام لەتاوانی ئابڕووبڕدا، من پێم باشە وای لێبكرێت بە داڕشتنە كوردییەكەی ساغ ببێتەوە بۆئەوەی حوكمێكی دادگەری بنبڕ دەرهەق بەهەر ئەندامێك كەبەتاوانێكی ئابڕووبەرانە تاوانباركرابێت، لەبڕگەی(٤)ش هەڵسانی پەرلەمانی كوردستان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ، وەتا كۆتایی، بەڕای من وا لێبكرێت ڕاو بۆچوونی پەرلەمانی كوردستان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامان، بە لێبوردنی ئەندامانی ئەنجومەن هەموویان، یاخۆد بە تاكەكەس لەئەركەكانییان لەكاتی سەر پێچیكردن لە پەیڕەو و حوكمەكانی ئەم یاسایە، لەدووەم لێرە لە حاڵەتی شاغر بوونی یەكێك لە كۆرسییەكانی ئەنجومەن، وا باشە

بکرێتە لەحاڵەتی چووڵبوونی یەکێك لە کۆرسییەکانی ئەنجومەن، هەروەها دوابڕگەشی بەمیکانیزمی هاتوو نووسراوە لەم یاسایەدا بکرێت بە میکانیزمی پێشوو لەم یاسایەدا دادەمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانییا شێخ سیراجی و ڤەمانی و عبداللە و ڤیانێ دکەم، ئەوژی بڤی شێوەی بێت خار فەقەرەیەك بێت ئیزافەکرنێ، (عدم التزام العضو بالدوام والاجتماعات بشكل متكرر وبدون سبب مقنع)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی روونکردنەوەتان چییە لەسەر ئەو ڕایانەی خرانە ڕوو؟ بەڕێز ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەی یەکەم مان لەسەر عینوانی فەسڵەکەیە، (المسائلة وانتهاء العضوية)، پێویستە هەردووکیان پێکەوە بێت، چونکە لەهەندێك حاڵەتدا موسائەلەی تێدایە و لەهەندێك حاڵەتیشدا بەبێ موسائەلەی ئینتیهائی عزوییەی دەگرێت، بۆ نموونە حاڵەتی یەکەم ئیستیقالەمان هەیە، لەئیستیقالەدا هیچ موسائەلەیەك ناکرێت خۆی ئەندامەکە دێتن تەقدیم دەکاتن دەڵێت من ئیستسقالە تەقدیم دەکەم لەو موفەوەزی یە نامێنم، لێرەدا کەس موسائەلەی نەکردووە ئەوە ئینتیهائی عزوییەکەیە، مەسەلەی موسائەلەی تێدایە موسائەلەی قەزائی تێدایە، موسائەلەی سیاسی تێدایە، کە موسائەلەی پەرلەمانی پێدەڵێن، بۆیە عینوانەکە پێویستە هەم موسائەلەی لە خۆ بگرێت و هەم ئینتیهائی عزوییە لە خۆ بگرێت دوو حاڵەتی جیاوازن، هەردوو حاڵەتەکانیش کۆکراونەوە و لەناو ئەو ماددانەی کەهاتوون، بابەتی دووەم باس لەوە کرا کە خاڵی (٥)م لەگەڵ خاڵی (٤)م دەمج بکرێتن و هیچ جیاوازییەك نییە لێرەدا، بەڕێزان لێرەدا مەسەلەی(موسائلة وانتهاء العضوية واعفاء) دوو جۆر موسائەلە لەخۆ دەگرێت، موسائەلەیەکیان لە ئیختیساسی سوڵتەی قەزائییە کاتێك دەبێت بەتاوان، موسائەلەی دووەمییان ئیعفایە لەلایەن پەرلەمانەوە، خاڵی (٥)م کە باسدەکرێت، (إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة)، پەرلەمان مەرج نییە پێدا بچێتەوە، لێرەدا ئیعفائەکە کەپەرلەمان دەیکات دەبێت موبەڕری هەبێت، ڕادەکێشێت ئەندامان بۆ بەردەمی پەرلەمان ئەوە لەبەر دەمی پەرلەمان مەسئوولن لاتانداوە لەنەزاهەت، لاتانداوە لەشەفافیەت، لاتانداوە لەئەحکامەکانی ئەو یاسایە، بۆیە بە دوو لەسەر سێی دەنگدانی ئێمە ئێوە ئیعفا دەکرێن و لەو مەجلیسەدا نامێنن ئەی جیاوازی چییە لەگەڵ خاڵی(٥)م، خاڵی(٥)م (إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة)، کاتێك کە ئیسبات دەبێت ئەو مەعلوماتەی کەداویەتی ڕاست

نییە، لێرەدا یەکسەر کۆتایی بە ئینتیهائی عزویەتەکەی دێتن بێ ئەوەی پێویست بەوەبکاتن جارێکی دیکە پەرلەمان ئیعفاءبکاتەوە و دانیشێت تەحقیق بکاتن ئایا ئەو مەعلوماتە راستە کە تەقدیمی کردووە یاخۆد نا؟، باس لە وەفات و لە عجز دەکرێت، (للعضو عن أداء مهامه)، مەسەلەی عجز، هیچ قانونێك بەتەفسیل ناچێتەوە سەری، لەبەرئەوەی قانونی مەدەنی هەمووی دیاری کردووە، ئایا لەچ حاڵەتێکی عجزدا وە نیسبەی چەندبێت وە چوون بە(عاجز عن العمل عن أداء المهام) دادەنرێت؟ ئەوە بەتەفسیلەن لەقانونە کە باسکراوە، لیرەدا قەزاء دەچێتەوە سەر قانونەکانی تر بۆ ئەوەی بە(عاجز عن أداء مهامه) دانێ لێرە بەتەفسیل هیچ یاسایەکی تر کاتێك کەباسی موسائەلە دەکات وە باسی ئینتیهائی عزوییە دەکات ناچێتەوە سەری، سدوری حوکمی قەزائی بات بێتن بۆ تەنها جەریمەی(مخلة بالشرف)داناوە بۆ مەسەلەی فەساد دانەنراوە، لێرەدا مەسەلەی فەساد دوو بابەت لەخۆی دەگرێتن، یەکێکییان دەچێتە ناو خاڵی(٤)م کە ئیعفای پەرلەمانە، یەعنی هەتا ئەگەر قەزاش دەستی بۆ نەبات وەکو تاوانێکی موعەرەف تاوانێك کە تەعریف کرابێت و ئەرکەکانی دیاریکرابێت، ئیشی پەرلەمانە لێرەدا کاتێك کەبۆی روون دەبێتەوە و ئەدیلەی دەبێت کە ئەندامانی دەستەی کۆمسیاران فەسادن و تەتبیقی نەزاهەت و شەفافەتیان نەکردووە، بووی هەیە لێرە رایانکێشێ و ئیعفایان بکا، بەلام ئایا ئیعفا کردنی پەرلەمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لێرە سوڵتەی قەزائیش بەدەوری خۆی هەڵنەستێ، ئەگەر فەساد بووە هۆی ئەوەی کە پەرلەمان ئیعفایان بکات وە لە هەمانکاتدا فەساد تاوانیش بێتن لەناو قانونی عقوبات ئەوە سوڵتەی قەزائی دەست بەکارەکانی خۆی دەکات دوای ئەوەی پەرلەمان ئیعفایان دەکاتن، بۆیە لێرەدا مەسەلەی ناو هێنانی جەرائیمەکانی تر ئەمە پابەندین بە قانونی عقوبات، ناتوانین ناوی جەریمەیەك بێنین کەلە قانونی عقوبات تەعریفی بۆ نەکرابێت و تەحدیدی ئەرکەکانی نەکرابێتن، مەسەلەی ئەغلەبییەکە باسکرا کە گوایە ئەغلەبییەی(الثلثین)لێرەدا زۆرە یان دەکرێت ئەغلەبییەی (المطلقة)بێ، (لعدد الاعضاء)، ئەو ئەغلەبییەی (بسیط)بێ، هەدەفی یان نییەتی موشەریع لێرەدا تەنیا ئیستیقراری مەجلیسەکەیە، ئیستیقرارە چونکە ئیعفاء کردن هەر چەندە ئەغلەبییەکە کەمتربێتن ئەوەندە نائیستیقرارییەت دروست دەکاتن، لەوانەیە زوو زوو بێتە ئیعفاء کردن وابکاتن ببێتە عەتەڵێك لەئەنجامدانی کارەکانی خۆی، بۆیە زۆربەی قەوانین ئەگەر دەنگدانیش لەسەریان بە ئەغلەبییەی موتلەق یان بە ئەغلەبییەی بەسیت بێتن، بەلام ئیعفاء کردنیان بە ئەغلەبییەی(الثلثین)دادەنرێت بۆ مەوزوعی ئیستیقرار، لەمەوزوعی وەزارەتەکانیش وایە وەلە حکومەتیش بەهەمان شێوەیە، لیژنەی یاسایی داوا دەکاتن ئەو ماددەیە وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر روونکردنەوەیەکی تریش هەبێت ئەوا هاوکارانم روونی دەکەنەوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی تریش هەبوو بۆ ئەوەی كە ماددەیەك ئیزافە بكرێت بۆئەوەی بڵێت (یمارس الاعضاء مهمتهم) واتە ئەعزائەكان بەكارەكانی خۆیان هەڵسن تاجارێكی تر كۆمسیۆن دروست دەكرێتەوە، ئێمە بەڕای لیژنەی یاسایی ئەمە وائەكات كە دەرگا ئەكاتەوە بۆئەوەی كە كۆمسیۆن دوای ویلایەتەكەی خۆی ئێمە ویلایەتی (٥) ساڵمان داناوە و دانانی ئەوەشمان سپاردووە بە پەرلەمان، ئەگەر ئەم ماددەیە هەبێت وا دەكات كە كۆمسیۆن لەویلایەتەكەی خۆی زۆر زیاتر بمێنێتەوە بەو شێوەیە، بۆیە ئەم ماددەیەش وەك هاوكارم وتی ئێمە پێمان باشە وەك خۆی بخرێتە دەنگدانەوە ئەم ماددەیە بەهەموو فەقەرەكانییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها یەك روونكردنەوەومان لەبیر چووبوو ببوورن، ئەویش پەیوەندیداربوو بەوەی كەئەگەر چەند جارێك غائیب بۆ لەناو هینەكە بێت، ئەوەیان موەزەفە، یەعنی خازیعە بۆ قانونی مەدەنی، كە خازیعە بۆ ئەو قانونەی حوكمی موەزەفین دەكات لەناو قانونەكەدا دیاری كراوە، حزوری ئەگەر نەبوو لە دەوام دیاری كراوە لەفتی ئینزاری بۆ دەكرێت، لەفتی ئینتیباهی بۆ دەكرێت ئەوە سەلاحییەتەكە، قانونێكی دیكە دیاری كردووە كە چۆن تەعامولی لەگەڵدا بكات كاتێ غیاب دەبێت و حزۆری نابێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەندێك پێشنییاری تریش هەبوون روونكردنەوەتان لەسەر ئەدا مەسەلەی(الجمع بین الوظیفتین في حالة الترشح للانتخابات)، یان لە حاڵەتی یاری كردن بەئەنجامی هەڵبژاردنەكان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە كە باسی سەلاحییات و باسی مەهاممان كردووە، لە مەهامەكانی باسمانكردووە كە نابێت تەلاعوب بكات بەهینی هەڵبژاردن، نابێت مەعلوماتی كازب بداتن كاتێك كە لادەدات ئیعفائی پەرلەمانی كوردستان ئەو ئیعفائەی كەدەكات لەسەر ئەو ئەساسەیە، یەعنی كاتێك حەق دەدرێتە پەرلەمان كە ئیعفائی ئەو ئەندام پەرلەمانە بكات و موسائەلەیان بكات و عقوبەیان بدات و دەسەڵاتەكەیان لێ بستێنێتەوە كە ئەوان لەمەهامی خۆیان لایاندا ئەو مەهامەش لەوێندەرێ تەحدیدكراوە، بۆیە لێرەدا بەزیادی دەزانین دووبارە ناو هێنانەوەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەهێڵم موتەتالی، بەس(الجمع بین الوظیفتین)، ئەی ئەوە ؟

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(الجمع بین الوظیفتین) هەربۆ خۆی ئەگەر نزیك نەبێ لە تاوان نابێت بکرێت، یەعنی بۆ خۆی موخالەفەیەکی ترە، ئەوە وازیحە کەجەمعت کرد لەبەینی وەزیفەتەین و روون بووەوە کەجەمعت کردووە لەبەینی وەزیفەتەین هەم لەڕووی ئیدارییەوە عقوبەی خۆی هەیە هەمیش پەرلەمان دەسەلأتی دەبێت لێرەدا ئیعفاء بکاتن، لەبەر ئەوەی موخالەفەیەکی سەریحی کردووە بۆ قەوانین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(في حالة الترشح للانتخابات)؟

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(في حالة الترشح للانتخابات)نییە (للوظیفة)یە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر خۆی هەڵبژارد بۆ یەکێك لە هەڵبژاردنەکان کە کۆمسیۆن خۆی سەرپەرشتییاری دەکات لەو کاتەدا عەزوییە دەمێنێت یان نا؟ فەرموو د. ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە (الجمع بین الوظیفتین) ناتوانێت هەتا لەوێندەرێ ئیستیقالەنەکات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەربچێت، یەعنی دەرنەچووە خۆی ئەندامی مەجلیسی موفەوەزینە و خۆی هەڵدەبژێرێت با کاك بەیار بزانین چ روونکردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەوە،

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدیهییە هەر کەسەکێ خۆ تەرشیح بکەتن نابیتن دڤیا ئیستیقالێ بدەت ژنویکا خۆ تەرشیح بکەت، هەر وەکو حالەتامن، ئەز مودیرێ موفەوەزییێ بووم هەتا من ئیستیقالە نەدای من حەق نەبوو ئەز خۆ تەرشیح بکەم، بدیتنا من بۆ ئەندامێ مەجلسێ ژی ئەگەر نییەت هەبیتن خۆ تەرشیح بکەتن دڤیا ئیستیقالێ بدەتن، حالەتەك ژی دبیت چێدبیت بۆ حەمدییا حوسەینی ل بەغدا ئەوێژی ئیستیقالا خۆ دا ژ مەجلیسێ ژنویکا خۆ تەرشیح کر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك أبوبکر فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵەی جەنابت باسی دەکەی لە ماددەی(٨)م لە خاڵی سێیەمدا جێگەی کراوەتەوە کە جگە لە وەزیفە ئەکادیمیەکان لەهیچ شتێکی ترا ناتوانێت جەمع بکات یان خۆی بپاڵێوێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ڕاستە ئەوەی(الجمع بین الوظیفتین)حەلکراوە، بەلاّم خۆ تەرشیح کردنی حەلنەکراوە، دەبێت ئیستیقالە بکات، بەلاّم لێرە مولزەمی نەکردووە بە ئیستیقالە، لەکوێ لەچ قانونێك تییا یەتی؟، باشە کاك ڤەمان فەرمووو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە دڤێتن برێکا تە سەرۆکاتییا لیژنا یاسایی ڕوونکردنەوەیەکێ بۆمە بدەت، یەعنی بۆچی بدۆماهیك هاتنا ماوێ ئەنجومەنی کو (٥) ساڵێ نەکرە خالەك، یەعنی ببت ئێك ژئەگەرێ ئەڤ کۆمسیۆنا هەی یان ژی ئەڤ ئەنجومەنێ هەی بدۆماهیك بێتن بۆ؟، یەعنی ئێستا لەیاسای هەڵبژاردن سەرۆکی پەرلەمان یەکەم خاڵ لە ماددەی(٤٣)دەڵێت کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان یەکێك لە ئەگەرەکانە بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆتایی بێتن، بەلاّم ئەوەی ئەنجومەن نەکرایە خاڵێك بۆ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەیان لەسەری دا،

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نەدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ ڕەنگە ئاگات لێ نەبووبێ. دکتۆرە ڤالاّ فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنییارە پەسەندە ڕوونکردنەوەمان لەسەر نەداوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە پەسەندە لەڕووی یاساییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك دکتۆر عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز .عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایتڵی ئەم فەسلە تەبعەن(المسائلة و انتهاء العضوية)، یەعنی ئەگەر ماددەیەك هەبێت(في حالة التلبس بالجريمة)، یەعنی دێ چبیتن چ مەسیرێ عزوی بیتن؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفو، دکتۆر عبدالله چی بوو مەوزوع؟

**بەڕێز عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(في حالة التلبس بالجريمة)یەعنی هەکە عزو جەریمەیەك گرت موتەلەبس چ حقوق تێدا هەنە؟، چونکە تایتڵی یانڤێسی(المسائلة و انتهاء العضوية).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەسانەی نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر تەلەبوس بە جەریمەیەوە بێت ئەوا ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ دەکرێت، یەعنی هیچ ڕێگرییەك نییە کە ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ بکرێت، دکتۆر سراج نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ئیستیقالە و تەڵەبی ئیستیقالەمان کرد، سەرۆکایەتی لیژنە ڕوونکردنەوەی نەدا حەزدەکەم ڕوونکردنەوەیەکم بداتێ، لەبەر ئەوەی تەنها بە ئیستیقالە قبوڵ ناکرێت دەبێت تەڵەبی ئیستیقالە قبوڵ بکرێت، پێم خۆشە ڕوونکردنەوەیەکی زیاترمان بداتێ لەڕووی یاساییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کەتۆ پێشنییارت کردووە دەبێت ئەوکاتە ئیستیقالەی ئەندام لەلایەن مەجلیسی موفەوەزینەوە قبوڵ بکرێت، بەلاّم ڕەنگە هەر پێویست نەکات کە ئیستیقالەیدا ڕاستەوخۆ ئیتر دەست لە مەهام هەڵدەگرێت وایە؟، کەقبوڵ کراوە. دکتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی عینوانەکەمان (المسائلة و انتهاء العضوية)، کەلێرە ئیستیقالە هاتووە تەحسیل حاسڵەکە ئەو ئیستیقالە قبوڵکراوە کەدەبێتە هۆی(انتهاء العضوية)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەرێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموومان باس لەوە دەكەین ڕێز لەم پەیڕەوی ناوخۆیە دەگرین، لە ماددەی (٥٦) دەڵێت ناكرێت لەیەك بابەتدا دووجار ئەندام قسەبكات، تكایە بۆئەوەی هەم بتوانین...

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆر شێركۆ تكایە ئەوە بەسەر خۆدا تەتبیق بكە پێش هەمووان ئەمەیەك، دوو ئەو بەرێزانە ڕاو بۆچوونییان هەبووە پێشتر باسییان كردووە لیژنەی قانونی روونكردنەوەی لەسەر نەداوە، پێیان وایە ڕەئیە كانییان ئیهمال كراوە، بۆیە تەئكید لەسەر ڕەئیان دەكەنەوە، بۆیە سوپاست دەكەم،

**بەرێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە من دڵنییام ، بەس هیوادارم بەسەر هەموویان جێ بەجێیبكەن، وە هیواداریشم ئیحتیرامی كات بگیرێت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنییارم دا بەنیسبەت فەقەرەی(٤)م، لیژنەی یاسایی باسییان نەكرد، تكا دەكەم ئەگەر گوێم لێ ڕابگرن هەتا دووبارە نەكرێت ئیهمال بكرێت...

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(او في حالة ثبوت عدم نزاهته)

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نە ئەوە فەقەرەی(٣)یە، فەقەرەی(٤)م دەڵێم (اعفاء برلمان كردستان لأعضاء) نەك (الأعضاء)،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان**

ئەو سیاغەیەی دكتۆرە جوان دوایی چاك دەكرێتەوە.

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە سیاغەیە بەس باس بكرێت لەگەڵ ئەوەی (بأغلبیة)، دوای فەقەرەی پێشنییاری دووەم وتم (إعفاء أعضاء المجلس مجتمعا أو منفرداً من مهامهم من قبل اعضاء برلمان كردستان عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون والأنظمة باغلبیة الثلثین)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سیاغەیە، دەست دەکەین بەدەنگدان لەسەر پێشنیارەکان، بەڵێ کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موددەی (٥) ساڵەکە مەرج نییە، یەعنی بەئینتیهائی موددەی (٥) ساڵەکە یەکسەر ئیعفاعبکرێت، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ماددەی(٨)مە لە حقوقی(اعضاء) باسی ئەوەی کردووە کە(قابلة للتجدید)، یەعنی ئەگەر ئەندامانی کۆمسیاران خیبرە و تەجروبەی هەبێت چ مەناعەتێکە (٥) ساڵان هەڵبژێرێت لەوانێ، ئەسڵەن ئەوە شتێکی باشترە لەڕاستیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو تێبینییەی کاك ابوبکر مانکرد، بەس کە دەڵێین(قابلة للتجدید)، لێرە کە ویلایەتەکەی کۆتایهات عزوییەتەکەی کۆتایی دێت جارێکیتر بەو میکانیزمەی کە دانراوە دەبێت دابنرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوا تییا نییە ئێستا ئەوەی تییا نییە؟، نە ئەوەی کە بە کۆتایهاتنی ماوەی ویلایەتەی ماوەی عزوی، ئەوەی کە کاك ڤەمان وتی شتێکی ترە، ئەوە بەهار خان تەرحی کرد، بەهار خان دەڵێت(٥) ساڵەکەی تەواو بوو پێویستە کاتی عزوییەتەکەی تەواوبێت، کاك ڤەمان دەڵێت پێویستە درێژە بکێشێ هەتا کو مەجلیسێکی تر دروست دەکرێت، دوو پێشنیاری جیاوازن وایە؟ بەڵێ کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەقسەدم ئەوەیە، یەعنی یەکێك لەو خاڵانە ئەوەبێتن کە ئەو موددەیە تەواو بووە، ویلایەتەکە تەواو بێتن موشکیلە نییە جارێکی تر هەڵبژێرێتەوە لەڕێگای پەرلەمانەوە و نازانم چی، یەعنی دەبێتن یەك لەو خاڵانە ئەوە بێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، پێشنیاری (١)م کە دەخەینە دەنگدانەوە ئەوە بوو کە لەعینوانی فەسڵەکە (المسائلة) لاببرێ، تەبعەن لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان دا، باسی ئەوەیانکرد کە لەم فەسڵەیە ئینتیهائی عزوییەی باسکراوە و موسائەلەش باسکراوە تەنها ئینتیهائی عزوییەی باس نەکراوە بۆئەوەی موسائەلە لابرێ، بەڵکۆ پێشنیارێك هەبوو لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانەوە داوای ئەوە دەکات لە عینوانی فەسڵەکە موسائەلە لاببرێ، کێ لەگەڵیەتی؟، (٣) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، (٢١)کەس لەگەڵی نییە کەواتە پەسەند

نەکرا، پێشنیارێك هەبوو کە خاڵی (١) لەبڕگەی (١)م کە ئیستیقاله بکرێت بە(قبول استقالته من قبل المجلس)، تەبعن لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان لەسەری دا وتیان ئەگەر ئیستیقالەکەی پێشکەش بە مەجلیس کرد ئەوە لێرە یەکسەر بە موستەقیل حیسابە، یەعنی بە پێشکەش کردنی ئیستیقالەکەی ئەوە لێرە بە موستەقیل حیسابە، بەلاّم رای ئەو ئەندام پەرلەمانە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (الاستقالة) بکرێت بە(قبول استقالته من قبل المجلس)، کێ لەگەڵیەتی؟، لێرە وا نووسراوە لە خاڵی (١) بڕگەی (١)م لە ماددەی (٧)، لێرە وا نووسراوە کە بە تەقدیم کردنی ئیستیقالەکەی بە موستەقیل حیسابە، ئەندامی مەجلیسی موفەوەزین بەتەقدیم کردنی ئیستیقالەکەی بە موستەقیل حیسابە، بەلاّم ئەندامێکی پەرلەمان داوای ئەوەی کرد کە بە موستەقیل حیساب نەبێت بەڵکو ئیستیقالەکەی پێویست دەکات لەلایەن مەجلیسی موفەوەزینەوە قبوڵبکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیستیقالەکەی لەلایەن مەجلیسی موفەوەزینەوە قبوڵبکرێت ئینجا بە موستەقیل حیسابیێت، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟، (١٤)کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (٢٥)کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان دا لەسەر عجز، عجز کەبەپێی یاساکان دیاری کراوە، بۆیە پێویست ناکات لێرە جێگەی بکرێتەوە، لەسەر خاڵی(٢) (صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف)، چەند پێشنیارێك هەبوو حەزدەکەم لیژنەی یاسایی هەندێك روونکردنەوەیان بدەن، بەلاّم باشتر روونکردنەوەیان بدەن، یەکێك لەو پێشنیارانە پێشنیاری ئەوە بوو(او في حالة ثبوت عدم نزاهته)، پێشنیارێکی تر فەساد بوە کە روونکردنەوەتاندا، پێشنیارێکی تر، یاری کردن بە ئەنجامی هەڵبژاردن کە دیسانەوە روونکردنەوەتاندا وتتان ئەمە ئەڕواتە زومنی ئیعفائی پەرلەمانییەوە و پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدا، بەلاّم تکایە روونکردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر هەر یەکێك لەو پێشنیارانە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گۆتمان (إعفاء برلمان كوردستان) بوو هەر ئەو موستەلەحاتانەی بەکار هات لەکاتێکدا کە ئیسبات دەبێت گەندەڵی کردووە، لەکاتێکدا کە ئیسبات دەبێت نەزیە نەبووە لەئەنجامدانی کارەکانی خۆی، پەرلەمانی کوردستان دەوری خۆی دەبینێت و ئیعفائی دەکات، بەلاّم کاتێك کە پەرلەمانی کوردستان ئیعفائی دەکات مانای ئەوە نییە کە ئەگەر بێت و ئیعفاء کردنەکەی لەسەر تاوانێك بێت سوڵتەی قەزائی نەجوڵێت و کاری خۆی نەکات، پەرلەمانی کوردستانیش ئیعفائی دەکات، داواکاری گشتیش دەکەوێتە خۆ، سوڵتەی قەزائیش مولاحەقەی دەکات ئەگەر هات و ئەو ئیعفائە چووە ناو باری تاوان مەسەلەن کەدەڵێین فەساد، ئەگەر ئەو فەسادەی کە کردبووی دوای تەحقیق ئیسبات بوو کە یەکێکە لەو تاوانانەی قانونی عقوبات نەسی لەسەر کردووە، قانونی عقوبات کە نەسی لەسەر کردووە ئەو لایەنەی کە مەسلەحەتی هەیە رەفعی دەعوای لەسەر دەکرێت کە ئیدیعای عام یەکێکیانە دوای ئەوەی ئیعفاء دەکرێت مولاحەقەی قەزائیش دەکرێتن لەهەمان کاتدا، ئینجا لەسەر گەندەڵی بێت یان لەسەر عەدەم نەزاهەت بێت، عەدەم نەزاهەتەکەی لێرە ئیعفائم

کردووە سوڵتەی قەزائیش پێم دەڵێت عەدەم نەزاهەتەکەی داخلی جەریمەیەك دەبێت لەو جەریمانەی کە قانونی عقوبات نەسی لەسەر کردووە ئەویش خۆی دەکات و عقوبەی دەدات لەسەر ئەو تاوانەی کەکردوویەتی، بۆیە من پێموایە وازیحە نەسەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر پێویست بە هین ناکات تکات لێدەکەم، ئێوە هەمووتان ڕەئیی خوتان وتووە لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی خۆی دەدات، ئێمەش دەیخەینە دەنگەوە، بەدەنگ یەکلایی دەبێتەوە ئەم قەزییانە، بۆیە لەبەر ئەوەی چەند پێشنییارێك هەیە،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنییارەکەی من باس نەکرا، بۆیە دەستم بەرزکردەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

. چی؟ بۆ پێشنییارەکەت؟

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتم (او ارتکاب جریمة نتیجة عن سوء استعمال وظیفته السابقة والحالیة)، جەنابی دکتۆرە دەفەرموێت ئەگەر هات و ئەوەی کرد دەدرێت بە دادگا، من باسی ئەوە دەکەم کە یەکێ دراوە بەدادگا و حوکم دراوە و بەر بووە و دوایی هاتووە لەم وەزیفە تەعین بووە، هەدەفی من ئەوەیە هەدەفی من ئەوەنییە کە ئێستا ئەو جەریمەیەی کردووە پێشتر مەحکوم بووە و بەریش بووە ئێستا کە تەعین بووە لەو شوێنە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئێستا سێ پێشنییار هەیە بۆ ئیزافەکردن لەسەر ئەم خاڵە، ئێستا بوو بە چوار پێشنییار، ئەو پێشنییارەی کە کاك عمر ئێستا خۆێندییەوە (او في حالة ثبوت عدم نزاهته)، یاری کردن بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و فەساد، لەبەر ئەوەی ژمارەی پێشنییارەکان زۆرە ئەسڵی خاڵەکە دەخەینە دەنگدانەوە، وەکۆ خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوا پێشنیارەکانی تر دەخەینە دەنگەوە یەك بەیەك، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی(٣)(صدور حکم قضائي بات بحق العضو في جریمة مخلة بالشرف) وەکۆ خۆی بمێنێتەوە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟، ٥٥ کەس لەگەڵیەتی کە وەکۆ خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تەعدیلی بکەین؟، ٢١ کەس لەگەڵیەتی، کەواتە وەکۆ خۆی پەسەندکرا، ئەوەی کە لەسەر خاڵی (٤) هەبوو دوو پێشنیار بوو هەندێك لە پێشنیارەکان سیاغەیە ئەوەی کە دکتۆرە جوان باسیکرد ئەوە لەکاتی سیاغەدا ئەتوانرێ ئەوانە هەمووی جێگەی بکرێتەوە، پێشنییارێکی تر ئەوە بوو کە ئەو دوو خاڵە دەمج بکرێت لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان لەسەر دا، ئیعفائی پەرلەمانی جیاوازە لە سیحەی (عدم ثبوت) ئەو ئەوراقانەی کە تەسلیم کردوون، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەمج بکرێت لەکاتێکدا ئەوە

لیژنەی یاسایی روونکردوەی داوە کە ئەم دوو مەسەلەیە دوو شتی لەیەك جیاوازن، ئیعفائی پەرلەمانی بەدەنگی پەرلەمانتاران یەك لا دەکرێتەوە، بەلاّم ئەگەر سەلماندرا کەزانیاری ناڕاستی داوە ئەوە ئەو کاتە پێویست بەدەنگی ناو پەرلەمان ناکات، خۆی کەزانرا زانیاری نا ڕاستی داوە ئیعفاء دەکرێتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەمج بکرێت؟، (٤) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، ٤٩ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە گۆڕانکاری تێدا ناکرێت، پێشنیارێك هەبوو کە نەهاتنی یەك لەدوای یەك غیابی موتەکەڕیر، دیسانەوە ئەمەش ببێتە ئینتیهائی عزویە، نۆقتەی نیزامی هەیە؟ کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ کە جەنابتان باسی ئەوەی کرد کە موداخەلات کەمە، لەبەر ئەوەی یەك پێشنیار ئیعتیمادی لەسەر نەکرێت، داواکارین کە وەکو پێشتر کە موداخەلە زیادببێتەوە سێ پێشنیار ئیعتیمادی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە خۆتان ئیلتیزام بکەن بەبڕیارەکەی خۆتانەوە، ئێمەش ئیلتیزام دەکەین بەوە بڕیارەی کە دوێنێ داومانە بەنیسبەت ئەم یاسایەوە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، زیاتر لەئەندامێکیش پێشنیاری کردبوو، لێرەشدا چەند پێشنیارێك هەیە پێشنیارێك ئەوە بوو (٥) دانیشتنی یەك لەدوای یەك ببێتە هۆی ئینتیهائی عزویە، پێشنیارێکی تر ئەوە بوو (٣) دانیشتنی یەك لە دوای یەك ببێتە هۆی ئینتیهائی عزویە، بەڵێ ماموستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل(مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی برای بەڕێزم کاك ئومێد و ئەگەر نەفەرێکی دیکەش پشتگیریمان بکات بخەینە تەسویت و بگەڕێنینەوە سەر ئەسڵەکەی ئەو ئیستیسنائەی کە دوێنێ کە بەڕێزتان کرد ئەو ئستیسنائە لادەن، لەبەر ئەوەی ئاوا بڕۆین ئێمە کە ئەو ماندووبوون و مەشە قەتە مان کردووە لەو ڕەمەزانە ماینەوە بۆئەوە کە دوو پرۆژە یاسا تێپەڕێنین بەلای کەمەوە ئێستا ئەوەشمان پێی تەواو نابێت، ئەگەر وابێت دەبێت جەژنیش لێرە دانیشین تاوەکو ئەو پرۆژە یاسایە تەواو دەکەین، وە ڕەئیی لیژنەی یاسایش دەبێت بە ئیعتیبار وەربگرێتن تەماشاش دەکەم هەر ڕەئێکی دیکەش بێتن لیژنەی یاسایی کە روونکردنەوەی خۆی دەداتن پەرلەمانتاران دەنگ لەسەر هەمان ئەو ڕەئیە دەدەنەوە کە لیژنەی یاسایی، کەواتە کاتەکەمان بەلاش دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایش ڕەئیی لەسەر ئەوەیە کە ئەوە بیخەینە دەنگدانەوە، غیابی موتەکەڕیر بخەینە دەنگەوە، وابزانم سێ کەسیش زیاتر پێشنیاری کردووە، بەڵێ خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی هەردوو ڕەئیی برای بەڕێزم دەکەم مادام، یەعنی لە زومنی ئەوەی کە بڕیارمان لەسەر دابوو کە فراکسیۆنەکان بەپێی هەر فراکسیۆن دوو تا سێ کەس قسە بکات و ئەوە ئیلتیزامی پێوە نەکرا، لەبەر ئەوە با ڕەئیەکان بە سێ کەس وەکۆ جاران بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بڕوات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆ ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆشدا نەهاتووە عورفێك بووە لەخولی پێشوو ئیشی پێکراوە، بەلآم دەترسم ئەمە وابێت ئینجا زیاد ببێت ئینجا موداخەلە بکەن بڵێن من پشتیوانی ڕەئیی فلآن کەس دەکەم و ئینجا سەعاتێك قسە بکات دوای ئەوە کەقسەی کرد ئینجا دەڵێت من پشتیوانی ڕەئیی فلآن کەس دەکەم، بەڵێ فەرموو کاك ڕابوون.

**بەڕێز ڕابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان ئەگەر سێ دەنگیش پشتگیری بکەین و بخەینە دەنگدانەوە ئێمە هەر مولتەزمین بەوەی ئەو برادەرانەی کە دیاریمان کردوون ئەوان قسە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە بڵێن بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بڵێین چی تکایە با زوو بیخەینە دەنگدانەوە، ئیقتیراحێك بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، تکایە با ئەو فەقەرەیە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی مەسەلەی غیبابی موتەتالی زیاتر لە سێ کەس داوای کردبوو، بۆیە بەهەموو مەقایسەکان دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، بەلآم ئێمە لەلیژنەی یاسایی پێمان باشە بەو شێوەیە بخرێتە دەنگدانەوە (غیاب متتالي في خمس جلسات بدون عذر مشروع)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە (غیاب متتالي في خمس جلسات بدون عذر مشروع)، کێ لەگەڵیەتی، باشە ئەگەر ئەمە پەسەند نەکرا دوای ئەو کاتە (٣) دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی؟ تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، (٣٢) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، (٤٢) کەس لەگەڵی نییە کەواتە پەسەند نەکرا، بکرێتە (٣)، دکتۆر عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنییارامن ئەو بوو (الغیاب عن حضور جلسات المجلس ثلاث مرات متتالیة بدون عذر یقبله المجلس)، یەعنی ئیحتیماله لەلایەن من (العذر)بیت؟، بەس لەلایەن مەجلیس(عذر مشروع)نەبیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەواتە (٣) دانیشتنی یەك لەدوای یەك، تەبعەن لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان لەسەر ئەوە دا کە ئەوە بە پێی قانونی خدمەی موەزەفین دەتوانرێت ڕیکبخرێت و لە قانونی خدمەی موەزەفین ڕێکدەخرێت، بەلاّم پێشنیاری ئەندامانی لیژنە ڕەچاو دەکەین دوو پێشنییار هەبوو لەمەدا (٥) خرایە دەنگدانەوە دەنگی نەهێنا (٣)ش هەیە پێشنییار کراوە ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە،(غیاب متکرر لمدة ثلاث جلسات متتالیة بدون عذر مشروع)، کێ لە گەڵیەتی (٣) جەلسە؟، (٤٠)کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵێ نییە؟، (١٣) کەس لەگەڵێ نییە، کەواتە پەسەندکرا، ئەو پێشنییارەی ماوەی ویلایەت کۆتاییهاتنی ماوەی ویلایەت ئەگەر سیاغەتانکردووە لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە،

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ئەو پێشنییارەی قەبوڵ بوو کە دەڵێت(انتهاء ویلایة المجلس)، واتا کۆتاییهاتنی ویلایەتی مەجلیس یەکێکە لەو ئەسبابانەی کە ئینتیهائی عزوییە بەدوای خۆیدا دێنێت، بیدە دەنگدان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ڕەزامەندە، بەڵێ نۆقتەی نیزامی، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله((هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنییارەی کەکردم، یەعنی کە قابیلی تەجدیدبێت، ئێمە هەستدەکەین ئەم دوو، سێ ڕۆژە ئەم یاسایە نەختێك پەلەرمان تییاکردووە، یەعنی لە ماددەی(٥)م مەجلیسی موفەوەزین ئەو(٥)ساڵە با قابیلی تەجدیدبێت، یەعنی ئەمە شتێکی حەیەوییە، پسپورییە، خیبرە و مومارەسەیە، ئەگەر کەسێك گەندەڵی لەسەر نەبێت لە کاروبارەکەیدا شارەزابێت مەناعەتی چییە ئێمە (٥)ساڵی تر بۆ تەجدید بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم هیچ مەناعەتێك نییە لەوە، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حقوقی فەسڵی دوای ئەمە کە باسی حقوقی ئەعزاء دەکەین وتوومانە (قابلة للتجديد)، بەس (قابلة للتجديد)، بەمەعنای ئەوەی کە کاتێك(٥)ساڵەکە تەواودەبێت، ئینتیهائی ویلایەتەکەی دێت بەهەمان میکانیزمی کە لێرە دامان ڕشتووە لەڕێی پەرلەمان جارێکی تر بێتەوە ناو مەجلیسەکە، مەبەست لەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

واتە هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی کە (٥) ساڵ ئەندامی مەجلیسی مفەوەزین بێت جارێکی تریش خۆی تەرشیح بکاتەوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی ببێتەوە بە ئەندامی مەجلیسی مفەوەزین، بەڵێ فەقەرەیەك زیاد دەکرێت لێرە (انتهاء ويلاية المجلس)، کێ لەگەڵیەتی؟، (٦٦)کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، کەس نییە لەگەڵی نەبێت کەواتە پەسەندکرا، پێشنیارێك هەبوو کە ئینتیهائی عزوییە ببێت (في حالة الترشح لأية انتخابات)، بەڵام برادەران ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دا کە ئەمە لە یاسای هەڵبژاردندا بوونی هەیە، بەڕاستی من دەمەوێت لە دروستی ئەوە بکۆڵنەوە کە ئایا لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا هەیە، چونکە بۆ نموونە دادوەرانیش دەبێت دەست لەکار بکێشنەوە پێش ئەوەی کە خۆیان تەرشیح بکەن بۆهەر ئینتیخاباتێك، بەڵام ئەمە لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا نەهاتووە، ئەمە لە یاساکانی تایبەتمەند بە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریدا هاتووە، بۆیە ئەگەر لە یاسای هەڵبژاردندا نەهاتبێت دەبێت لێرە باسبکرێت کە ئەگەر خۆی هەڵبژارد بۆهەر هەڵبژاردنێك ئەوە پێویست دەکات دەست لەکاری کۆمسیۆن بکێشێتەوە ئەوکات خۆی هەڵبژێرێ، با دکتۆرە بەهار ڕوونکردنەوە بدات،

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هاتووە لەیاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندایە، یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاسایەکە تایبەتە بە پەرلەمان، بۆیە ئەمەی ئەمانە ناگرێتەوە، من پێم وایە من مەعلوماتم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان هەیە کە ئەمەی تییا هاتووە کە ئەویش خاسە بە پەرلەمانەوە، ئیتیلاعم لەسەر ئەوە نییە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چی هاتووە لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا؟

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا هاتووە دەڵێت پەرلەمانتار بە موستەقیل دادەنرێت لە ئیشەکەی کاتێك کە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو شتی جیاوازە دكتۆرە بەهار ئەمە لێرەدا حەقی تەرەشوحە، لێرە داوا دەكرێت ئەو كاتەی كە ئەندامانی ئەنجومەنی كۆمسیاران هەركاتێك بیانەوێت خۆیان تەرشیح بكەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان ئیستیقالە بكات بەموستەقیل حیساب بێت ئینجا حەقی تەرەشوحی هەبێت، تییا نییە وانییە؟

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، ئەوەی تییا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە دەبێت ئیزافە بكرێت، كاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەری نووكە مە موناقەشا هندێ یاكری سەلاحییاتێت مەجلیسی ئێك ژسەلاحییاتێت مەجلیسی دبێژیت (مصادقة علی تسجیل القوائم الانتخابیة و مرشحنا)، بدیتنا من نابیتن مورەشحەك موسادەقە لسەر بێتە كرن ئەگەر ئەندامبیتن د مەجلیسا، یەعنی ئەڤە بەدیهیاتن، چونكە یاژمن ڤە بەری نووكە مە پەسەندا ڤێ ماددێ یاكری و مە تەجاوزا كری، ژبەر هندێ بدیتنا من ئەڤە تشتەكێ زێدەیە ئەم دكەین، ئیستیقالە دڤێت بدمت ژنوویكا بێتە پەسەندكرن، چاوا دبیتن ئەندامێ مەجلیسێ ژی بیتن و پەسەندا تەرشیح خۆ ژی بكەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەڕووی مەنتقییەوە ئەوەی جەنابت دەڵێی ڕاستە، بەڵام لەڕووی قانونییەوە هیچ ڕێگەیەكی قانونی نییە لە ئێستا، ئێستا بەم شێوەیە هیچ ڕێگایەكی قانونی نییە لەبەردەم ئەوەی كە كەسێك ئەندامی ئەنجومەنی كۆمسیارانیش بێ و خۆی هەڵبژێرێت، بۆیە ئەو پێشنیارەش دەخەینە دەنگدانەوە كە ماوەی ئەندامیەتی ئەندام لە ئەنجومەنی كۆمسیاران كۆتایی پێبێت ئەگەر خۆی هەڵبژارد بوو هەر یەكێك لە هەڵبژاردنەكان، كێ لەگەڵیەتی؟، (٦٢) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟، (٤) كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەندكرا، پێموابێت پێشنییارەكان تەواو بوون لەسەر ئەو ماددەیە، لیژنەی یاسایی بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پەروا خان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها ئەوەم هەبوو ئەگەر لەكاتێكدا ئەوكەسەی كە خۆی هەڵدەبژێرێت دەرنەچێت ئایا دەگەڕێتەوە سەر هەمان وەزیفە؟، چونكە بەپێی یاسای كۆمسیۆن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر ئیستیقالە دەکات تەواو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی بەپێی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەو موددەیە بە ئیجازە حیسابە، وە لە حاڵەتێکدا کە خۆی کاندید کردو دەرنەچوو دەگەڕێتەوە سەر هەمان وەزیفەی خۆی؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ دەقێکی وا نییە، دەنگیش لەسەری دا تەواو پەروا خان، بەڵام دەنگی لەسەر درا بەو شێوەیە، یەعنی هیچ دەقێك نییە بڵێت ئیجازە دەبێت لە ئیشی خۆی لە مەجلیسی مفەوەزین، حاکمیش دەبێت ئیستیقالە بکات ئینجا خۆی تەشریح بکاتن، لیژنەی یاسایی ماددەکە بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەروا خان باسیکرد سەبارەت بە پەرلەمان ڕاست دەکات، ئەو کاتەی مەجبورە ئیستیقالە بدات کە دەرچوو نەك پێش ئینتیخابات، ئەو کاتەی کە دەرچوو پێش سوێند خواردن بڕیار دەدات ئایا ئەندامی پەرلەمانبێت یان لەو شوێنە بێت، نەك لەکاتی خۆ تەرشیح کردن، وە من دەنگمدا بەو نەسە ئیزافە بکرێت باشە، بەڵام ئەوەی هەر بۆ ڕوونکردنەوەیە، یەعنی ئەوە نییە کە پێش خۆ تەرشیح دەکەی بۆ پەرلەمان تۆ ناچاربیت بۆ نموونە ئەگەر مامۆستای جامیعەبی ئیستیقالە بدەی، نەخێر ئەو کاتەی کە دەر چوویە لەڕۆژی سوێند خواردنەوە لە شوێنەکەی دی جا لە مەجلیسی بەلەدییە بێ یا لە موحافەزەبێ موستەقیل حیساب بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی دوو شتی جیاوازە، قازی و ئەندامی مەجلیسی مفەوەزین جیاوازن لە وەزیفەکانی تر، چونکە ئەمانە پەیوەندییان بە نەزاهەتی ئینتیخاباتەوە هەیە، بۆیە هەر کەسێك خۆی تەرشیح دەکات پێویست دەکات ئیستیقالە بکات، نابێت هیچ ڕەبتێکی بە مەجلیسی مفەوەزین و بە ئینتیخاباتەوە بمێنێت، ئەمە جیاوازە لە مۆەزەفێکی ئیعتییادی، لەمامۆستایەکی زانکۆ، یان لە مۆەزەفێك لەهەر جێگایەکی تر بێ، چونکە ئەمە پەیوەندیدارە ڕاستەوخۆ بە ئینتیخابات و بە نەزاهەی ئینتیخاباتەوە، بۆیە ئەوەی کە دەنگی لەسەر درا سەحیح بوو، پێموابێت شتێکی باشە بەڕای شەخسی خۆم، بەڵێ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە گرنگ بوو وە تەحسیل حاسڵیشە، کە کەسێك دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەبێت کەسێکی بێ لایەن بێت سەربەهیچ تەوەجوهێکی سیاسی نەبێت، نابێت دەرفەتیش بە ئەو لەحزەی کەویستی خۆی تەرشیح بکات بۆ کیانێکی سیاسی یان حزبێکی سیاسی کەواتە موسداقییەتی

ئەندامیەتی لەدەست دەدات ئەسڵەن، بۆیە بزەبت تێڕوانینەکەی جەنابتان گۆنجاوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران یان دەزگای هەڵبژاردن ئەم لایەنانە ڕاستە ئەگینا بۆ حکومەت و پەرلەمان بێت دەکرێت ئەندامیەتی لەیەك لەحزەدا لەپەرلەمان و لە حکومەتیش هەبێت، بەڵام بۆئەوەی تریان قەتعیەن نابێت ئەگەر ماددەکەش نەبێت هەر نابێت ماددەکەش هەبێت تەئکیدکردنەوەی کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆی من ئەو بیرۆکەیەی جەنابیشت دەمزانی کاك سالار لەبیرم مابوو، بەڵام دوێنێ ئەگەر بیرت بێ حیزبی سیاسی تەسبیت کرا کیانی سیاسی تەسبیت نەکرا، بۆیە ڕەنگە مافی ئەوەی هەبوایە بۆ کیانی سیاسی خۆی تەرشیح بکردایە حیزبی سیاسی نەبێت، ئەوە ڕاستە، کاك عمر شتێکت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر لە پێش ئەو برادەرانە دەستم بەرز کردبۆوە، ئەوە یەکەم جارە ئەو گلەییە بکەم، بەڵام مافی خۆمە ئەو گلەییە بکەم، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە وەزیفە لە کارمەندێکی دەوڵەت وەرگرێتەوە پێش ئەوەی دەربچێت لە ئینتیخاباتدا من پشتگیری لە دکتۆر فرست دەکەم، دەبێت دەربچێت ئینجا ئیستیقالە بدات، ئەگەر حاکمیش بێت دەبێت دەربچێت ئەگەر لە کۆمسیارانیش بێت دەبێت دەربچێت، یەعنی مەنتقی تیا نییە تۆ لە عزوی مەجلیسی کۆمسیاران بێ، بەڵام دەرنەچێت و دوایش دەربکرێت، یەعنی لەو لەکی دەی جەژنەی هەم لە کۆمسیارانیش بۆی و هەم دەریش نەچویت ئەمە مەنتقی تیا نییە و ئەو دەنگدانەش هەڵەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دەنگدانە هەڵە نەبوو کاك عمر بەشێوەیەکی ئسوولی خۆی کراوە، من تائێستاش پێداگرم لەسەر ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران و مەجلیسی قەزاو قازی فەرقی هەیە لەگەڵ هەر وەزیفەیەکی تر، چونکە ئەمە پەیوەندیدارە بە نەزاهەتی ئینتیخاباتەوە،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاکمێك ئەگەر دەرنەچوو دەری دەکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئیستیقالەی کردووە، ئەوحاکمانەی کە،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجازە وەردەگرێت ئەو مانگە تا ئەنجامەکەی دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر کاك عمر ئیجازە وەر ناگرێت، ئیستیقالە دەکات ئینجا خۆی تەرشیح دەکات، لیژنەی یاسایی ماددەکە دەخوێنێتەوە، ماددەی (٧)م.

**بەڕێز د.ڤالاً فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**المسائلة وانتهاء العضوية**

المادة السابعة:

أولاً : تنتهي العضوية في المجلس لأحد الاسباب الآتية :

١-انتهاء ويلاية المجلس.

٢-الاستقالة.

٣-الوفاة أو عجز العضو عن أداء مهامه.

٤-صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف.

٥-إعفاء برلمان كوردستان أعضاء المجلس مجتمعا أو منفرداً من مهامهم عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون والأنظمة باغلبية الثلثين.

٦-إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة.

٧-غياب متتالي لثلاث جلسات بدون عذر مشروع.

٨- عند ترشيح العضو لاحد المجالس النيابية.

ثانياً : (في حال شغور احد مقاعد المجلس لأحد الأسباب الواردة في الفقرات أعلاه يتم اختيار)، لێرەدا تەعین هاتووە، بەڵام چونکە ئیختیارە بەپێی ماددەی (٥) فەقەرەی یەکەم لەوێ بە ئیختیار دادەنرێت، بوویە ئەو تەعینە هەڵەی تەبعە، (في حال شغور احد مقاعد المجلس لأحد الأسباب الواردة في الفقرات أعلاه يتم اختيار عضو أخر بنفس الألية الواردة في هذا القانون).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە بەو شێوە خوێنرایەوە؟، (٧٢)کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە، (٢)کەس لەگەڵی نییە کەواتە پەسەندکرا، دانیشتنەکە ڕادەگرین تا کاتژمێر دوو و نیو، دوایی دەگەڕێینەوە بۆ بەردەوامیدان بە گفتو گۆکان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، بەردەوام دەبین لە خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، سەبارەت بە پرۆژە یاساکە بە پێی ماددەکانی ﴿٧٢ و ٧٤ و ٧٧﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە یەکی، هەموار کراوی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی پەرلەمانی کوردستان

عێراق، کە بە تەمابین ئەمرۆ تەواوی کەین، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون ماددەی هەشتەم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێزد. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السادس، حقوق الاعضاء**

المادةالثامنة:

اولا: يتمتع اعضاء مجلس المفوضين (بامتيازات وكيل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

ثانيا: لمجلس المفوضين منح مخصصات لموظفيه لاتتجاوز المخصصات الممنوحة لموظفي البرلمان.

ثالثا: جميع اعضاء مجلس المفوضين لايمكن تعينهم في وظائف عامة، باستثناء المناصب الاكاديمية، ولمدة ثلاث سنوات من تاريخ انتهاء مهمتهم كمفوضين.

رابعا: يتمتع المفوضون براتب تقاعدي يبلغ ٨٠٪ من مجموع ما كانوا يتقاضوه من رواتبهم بعد انتهاء مهامهم عدا حالات الاقالة والاستقالة او الادانة بجريمة لها علاقة بعملهم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە دەکات؟ مامۆستا فەرموو،

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين(مەروان گەلاڵی) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چوار پەرلەمانتار پێشنیارێکمان کرد کە هەر رەئییێك ئەگەر سێ پەرلەمانتاری دیکە پشت ڕاستی نەکەنەوە قسەی لەسەر نەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، وا دیارە ئێوە خۆتان پابەند نەبوون بەو ئیتفاقییەی کە خۆتان کردووتانە، بۆیە ئێمەش پاشگەز بووینەوە لەو مینحەیەی کە بە ئێوەمان دابوو، بۆیە بۆ هەر پەرلەمانتارێك هەر رەئییێك بیخەینە دەنگدانەوە پێویستی بە پشتگیری هەیە، هەر رەئییێك سێ کەس پشتگیری نەکات نایخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ فەرموو مامۆستا رابوون،

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یەکەم پابەند بووین، دەتوانی سەیری ناوەکان بکەی بۆ ناونووسین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس بەشێك لە فراکسیۆنەکان پابەند نەبوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، دووەم، داوا دەکەم بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆ لە هەر ماددەیەك کەسێك لە جارێك زیاتر قسە نەکات و دوای ناو نووسینیش، ناو نووسین کۆتایی پێدێت بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، ئێستا ناوەکانتان نووسی، کەواتە ناو نووسین کۆتایی پێهات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس یەك حاڵەتە، ڕای فراکسیۆنەکان وەردەگرینەوە لەو حاڵەتانەی کە ئیزافە هەبێت.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوەندەی فراکسیۆنەکان باشە، مەمنوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو نوقتەی نیزامی،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە جەنابت دوێنێ کە ئەو بڕیارەتاندا وەکو سەرۆکی پەرلەمان، کە یەك کەس موداخلە بکات پێویست ناکات پاشگەز ببینەوە، ئیتتفاقی فراکسیۆنەکانیش ئێستا کراوە پێم باشە پابەند بین و لە سەری بڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر پابەند نابن پێیەوە، د.ابراهیم فەرموو،

**بەڕێز ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، ئەو وشەی کاك رابوون بەکاری هێنا، باشە سیغەی ئەمری تێدایە، نابێت ئەو بە سەرۆك پەرلەمان بڵێت، باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك ئاری فەرموو،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم «ئاری هەرسین»:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی پابەند بوون یان پابەند نەبوون ئەوە بەستراوەتەوە بە قوەتی بەڕێوەبردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەگەرنا بە حەزی ئینسان بێت، ئینسان بە عام لەوانەیە لە ژیانیدا زۆر حەزی لە قانوون و پابەندبوون نەبێت، بەڵام ئەوە جەنابتان دەبێ کارێك بکەن کە ئێمە پابەند بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری گیان، ئێوە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ بۆتان هەیە موداخەلە بکەن، ناو بنووسن بۆ ئەوەی قسە بکەن، بەڵام خۆتان ئیتفاقتان کردبوو کە لەهەر فراکسیۆنێك دوو کەس قسە بکات بۆ بابەتێکی دیاری کراو، خۆتان پابەند نەبوون پێیەوە، لەبەر ئەوە ناتوانین رێگە لەوە بگرین کە تۆ قسە بکەی، ناو بنووسن بۆ قسە کردن، بەڵێ فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف «سکرتێری پەرلەمان»:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگوو کردن لەسەر ئەم ماددەیە ناوی ئەم بەڕێزانە لای ئێمە تۆمارکراوە «سالار مەحموود، سەرکەوت سەرحەد ، مریم صمد، زانا عبدالرحمن، ئاواز جەنگی، قادر ئۆتمان، ئومێد حەمە علی، انور قادر، کاك فەرهاد، سوهراب میکائیل، دکتۆرە جوان، د.عبداللە، کاك بەیار، مامۆستا غریب، کاك عمر عینایەت، علی حەمە صالح، کاك خلف».

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە کورتی هەندێ لە بڕگەکان داڕێژراونەتەوە هاوشێوەی کۆمیسیۆنی عێراقی، ئەوەی پەیوەندی بەئیمتیازات و پلەوە هەیە ئەگەر وا بێت چوار ساڵ جارێك ئەم کۆمیسیۆنانە تازە ببنەوە، بە راستی ئەم وڵاتە پڕ دەبێت لە پلە تایبەت و جێگر وەزیر و وەزیرو پەرلەمانتاری خانەنشینکراو و ... بۆیە پێداچوونەوەیەك بەم خاڵە بکرێت و خاڵی دووەمیش ئەگەر بکرێت بۆ موعالەجە کردنی، تەنها بۆ چوار ساڵەکە بێت، ئەگەر تەمەنی تەقاعودی نەبێت نەتوانێت ئەم ئیمتیازە وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.عبدالله فەرموو،

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت ب «جمیع اعضاء مجلس المفوضین لایمکن تعینهم في وظائف عامة، باستثناء المناصب الاكاديمية، ولمدة ثلاث سنوات من تاریخ انتهاء مهمتهم کمفوضین»، تەبعەن لە زۆربەی قەوانینی دەوڵەتانی دەوروبەری ئێمە بە سەراحەت ئیعلان کردییە «لا یجوز لهم ان یقوم بای عمل مقابل أجر لصالح ای جهە مهما کان صفتها»، یەعنی وەزیفە خاسە و عامە و موخەسەسات و تیجارەت و هەموو لە «استثنا» کردییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد حەمە علی فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، من لە بڕگەكانی سێیەم و چوارەم تێبینیەكانم دەخەمە ڕوو، نابێت ئەندامانی ئەنجومەن لە وەزیفە گشتییەكاندا دابمەزرێن، جگە لە پێگە ئەكادمییەكان و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕێكەوتی كۆتایی هاتنی كارەكانیان وەك كۆمیسیار، من وای بە باش دەزانم بۆ ئەوەی كە ڕێگا بگرین لە مەسەلەی بەكارهێنانی ئەم ئەنجومەنی كۆمیسیۆنە بۆ كاری حیزبایەتی و ئەو ئاسۆیە دابخەین لەبەردەم هەر یەكێك لەو ئەندامانە كە كاری حیزبی بكات و بە ئاراستەی حیزبیدا بیر بكاتەوە، جگە لە وەزیفە گشتییەكان مەسەلەی كاندیدبوونیش لێرەدا باسی لێ بكرێت، لە وەزیفە گشتییەكان و ڕێگەش لەمە بگرێت كە كاندید بكرێت بۆ هەرپەرلەمان و ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی پێشوو موعالەجە كرا.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نە، نە، مەسەلەی كاندید بوون بۆ پەرلەمان، مەبەستم ئەوەیە بۆ ماوەی سێ ساڵەكە بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت، دەڵێ بۆ ماوەی سێ ساڵ ناتوانێ لە وەزیفە گشتییەكاندا بێت، مەبەستم ئەوەیە دوای ئەم سێ ساڵەش بە هەمان شێوە بتوانێ كاندید بێت، چونكە ئەگەر هەر ئیستیقالە بكات، ئەمەش هەر زۆر موهیممە بۆ ئەوە ئیشكالی تێدا نییە، دەتوانێ ئیستیقالە بكات و كاندید بێت، بەڵام ئەو سێ ساڵە بكرێتە مەرج بۆ ئەوەی كە كاندید نەبێت بۆ دوای سێ ساڵ تەواو بوونی ئەركەكەی لە ئەنجومەنی كۆمیسیاران، كۆمیسیاران مووچەی خانەنشینیان بە ڕێژە ﴿٨٠٪﴾ لە كۆی مووچەكەیان دەبێت لە دوای كۆتایی هاتنی كارەكانیان جگە لە حاڵەتی ئەوەی كە ... هەڵبەت لێرە پشتیوانی لە قسەی كاك سالاریش دەكەم بۆ ئەوەی مەسەلەی خانەنشین ببێتە سەرەتایەك، تەبعەن ڕایەكە وایە دەبێ مەرج دابنرێت، لێرە مەرجەكە تێدا نییە، مەرجی تەمەنی یاسایی خانەنشین بوون و بكرێتە مەرج بۆ خانەنشین بوونی هەر ئەندامێكی كۆمیسیاران، ڕەنگە لێرە قسەیەك بێتە ئاراوە بڵێین: بەمە جۆرێك لە نادادپەروەری دێتە گۆڕێ، بەوەی كە هەركەسێك ئەگەر تەمەنیشی بگاتە ئاستی خانەنشینی یاسایی لێرە خانەنشین دەبێت، بۆ ئەوانەی كە تەمەنیان كەمە خانەنشین نابن، بۆ ئەوەی ڕێگەش لەمە بگرین دەتوانین مەرجێكی دیكەش دابنێین كە ئەو كەسەی تەمەنی یاسایی خانەنشین بوونی هەیە پێشتر لە خزمەتی گشتیشدا بوو بێت، واتە بە بێ خزمەت نەهاتبێتە ناو، واتە تەنها ئەو كەسانە خانەنشین ببن كە پلەی مودیر عام یان هەر پلە و پۆستێكی تری حكومی لە دام و دەزگاكانی تردا هەبووە، هاتووە لێرە ئەندامی ئەنجومەنی كۆمیسیارانە و تەمەنی دەگاتە

ئاستی خانەنشین بوون بتوانرێ خانەنشین بکرێت، بە راستی شتێکی دیکەش دێتە ئاراوە کە ئەو ماوەی سێ ساڵە تۆ بتەوێ خانەنشینیان نەکەی، ئەمە بە چەشنێك لە چەشنەکان هەم رێگری کردنە لەوەی کە خانەنشین بوون دروست ببێت، ئەمە پێویستە عیلاجی ئەو ماوەیە بکرێت، حکومەت ئیلزام بکرێت کە بە رێژەیەکی کەمتر لەو پارەیەی بۆ ئەوانەی کە گەنجن و تەمەنێکی کەمیان هەیە ئەگەر کاری پێشوویان نەبوو، واتە هیچ کارێکی پێشینەیان نەبوو، تا کارێکیان بۆ دەدۆزرێتەوە رێژەیەکی دیاری کراو کە دواتر دەتواندرێت لیژنەی یاسایی یان لیژنەی پەیوەندیدار کە پەرلەمانتاران لەسەر ئەمە پێشنیار بخەنە روو، ئەوە دیاری بکەن چ رێژەیەك گونجاوە بۆ ئەوەی ژیانیان دابین بکرێت تا ئەو کاتەی بە پێی پسپۆری و بە پێی ئارەزووی خۆیان ئیشێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە بەرێزان قسەکانتان کورت بکەنەوە، رێك و راست پەیامتان چییە؟ داواکاری و پێشنیارتان چیە؟ بیخەنە روو، پێم وابێ ئەندامانی پەرلەمان لێی تێدەگەن ئەزانن تۆ ئێستا داوای چی دەکەی؟ ئێستا تۆ داوای ئەوە دەکەی خانەنشین نەمێنێت، بۆیە دەڵێی با لێرە مەرجی تەمەنیشی بۆ ئیزافە بکرێت، ئیتر پێویست ناکات زۆر شەرحی بکەی، کاك ئەبو کاروان فەرموو،

**بەرێز عبدالرحمن فارس ﴿ابو کاروان﴾:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە نەختێك رای من جیاواز بێت لە برادەران، ئەویش ئەوەیە دەبێت مووچە و ئیمیتیازتیان بە شێوەیەك بێت قابیل نەبن بکڕدرێن،چونکە ئەوە بەکار دەهێنرێت، چونکە ئێستا لە عێراقیشدا ئەمانە نە دامەزراندنیان بۆ دەبێت دوای سێ ساڵ و مووچەیەکی باشیشیان پێدەدرێت، بۆیە رەنگە ئەو فەرمانبەرە بزانێ مووچەی کەم دەبێت و خانەنشینی کەم دەبێت، رەنگە لە موقابیل ئەمە شتێکی زۆر وەردەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسن کاك سوهراب میکائیل فەرموو،

**بەرێز سوهراب میکائیل محمدامین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ هەر سێ خالە ئیزافە ببن، ببیتە، خامساً: اذا اصیب احد اعضاء مجلس المفوضین اثناء او من جراء خدمته في المفوضية بعوق يمنعه من اداء واجبه يخصص له راتب تقاعدي محدد.

سادساً: اذا توفى احد اعضاء مجلس المفوضين اثناء او من جراء خدمته في المفوضية او بسببها يخصص لعائلته راتب تقاعدي محدد.

سابعاً: تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة و الترفيع و التقاعد.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، پێشنیارەکانتان بە نووسین بێنن، بە تایبەتی ئەو بەرێزانەی پێشنیار دەنووسن، پێشنیار بێنن بۆ لیژنەی یاسایی، کاك بەیار فەرموو،

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دەستخوشیێ ل موقتەرحێ ابو کاروانی دکەم، راستی تڤیا کۆمیسیونێ هندەك ئیمتیازات هەبن داکو بشێن کارێن خو بکەن بێ کو تووشی زخوتا ببن، بۆ ڤی چەندێ ژی دەمێ ئەم رونشتنێ دگەل لیژنا یاسایی مە داکۆکی لسەر ڤێ هندێ دکر کو تڤیا دەرەجات و ئیمتیازاتێت وەزیفی حەتتا رەواتب وەکی بەغدا بیت، چونکی تە موئەسسەکا دی یا هەی کو موناڤسە، بیت کەس نەبیت کاری بکەت، داکو بشێی سبەهی ل موستەوایێ عیراقێ بێژی من ژی موئەسساتەکا موستەوای عیراقێ هەی و ل ئەو موئەسساتێ هەرێمی کێمتر نینن ، زمنێ وان پەرلەمانێ ژی، پەرلەمانێ مەژی نەڤسی ئیمتیازات و دەرەجاتێت بەغدای هەبن، تڤیا کارمەندێت مفوضینێ ژی هەمان ئیمتیازاتێت بەغدا هەبن ئەمە ژ لایەکی ڤە، یا دی ژی نیسبەت راتبێت تەقاعدی دیتنا من، من بوچوونەکا هەی کو تڤیا راتبێت تەقاعدی ل دویف قەوانینێت نافز بیت، چونکی بیتن قانونا تەقاعودێ عام ل هەرێمێ ژی بهێتە پەسەند کرن، دیتنا من ڤیابا ئەم ژی دویف وا بین نەکو تشتەکێ خاس بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەرکەوت فەرموو،

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی هەشتەم، خالی یەکەم، ئەندامانی ئەنجومەن ئیمتیازاتی بریکاری وەزارەتیان دەبێت، لێرەدا باشتر وایە لەم ماددەدا پۆستی وەزیفی بەرپرسی پارێزگاکان دیاری بکرێت، لەم خاڵەدا و برگەیەکی بۆ زیاد بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، هەروەها دەربارەی فەرمانبەران لە هەمان ماددەدا، برگەیەك زیاد بکرێت سەبارەت بە ماف و ئەرکی ئەو فەرمانبەرانەی کە بە شێوەی هەمیشەیی لە نێو پۆستەکانی کۆمیسیۆن و ئوفیسەکان کار دەکەن کە هەمان ماف و ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك انور قادر فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشتەم، منیش هەر تێبینیم لەسەر برگەی چوارەمە، من لەگەڵ مافی خانەنشین کردن نیمە، ئەگەر وابێ ئەندامانی مەجلیس تەمەنیان لە سی ساڵ کەمتر نەبێت و لە پلەی تایبەتیشدا بن، کار بەم شێوەیە بڕوات لە هەرێمی کوردستان بە لێشاو خانەنشین کردنی گەنجان بە رێژەیەکی زۆر دواجار دەبێتە کۆمەڵگایەکی کوردی خانەنشین کراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو مریم صمد فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت، بڕگەی یەکەم، پشتگیری لە کاك سالار دەکەم و لە بڕگەی دووەمیش پشتگیری لە بەڕێز ابو کاروان دەکەم، لە بڕگەی سێیەم دەڵێت نابیت ئەندامانی ئەنجومەن لە وەزیفە گشتییەکاندا دابمەزرێن جگە لە ئەرکە ئەکادمییەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ، پێشنیار دەکەم لەم بڕگەیە لە جیاتی سێ ساڵ پێنج ساڵ بێت، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ئەندامانی کۆمیسیاران دەکەونە ژێر کاریگەری، ئەوەیە کە دەسەڵاتی جێبە جێکار ژێر بە ژێر بەڵێنی پلەو پایەیان پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتورە جوان فەرموو،

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت خاڵی یەکەم، لە بڕگەی هەشت، ﴿یتمتع اعضاء مجلس المفوضین (بامتیازات وکیل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجدید﴾ کە دەڵێت ﴿قابلة للتجدید﴾، بەو مانایەیە کە مەفتوحت بە جێ هێشتووە و پێشنیارم ئەوەیە کە بکرێت بە ﴿قابلة للتجدید و لمرة واحدة﴾ تا فورسەت بدرێتە کەسانی تر کە ئەسحاب کەفائاتن حەز دەکەن لە کۆمیسیۆن ئیش بکەن و نەبنە تاپۆ لەسەر خەڵك، لەگەڵ سێیەمم دووبارەی ناکەمەوە، هاوڕا مە، پشتگیری لە ڕەئی کاك ئۆمێد دەکەم، بە نیسبەت ئیزافەی پێنج و شەش پیشتگیری ڕای کاك سوهرابی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك زانا فەرموو،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس من قسە ناکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کە قسە ناکەی، بەڕێز مامۆستا عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دکتورە جوان دەکەم ﴿قابلة للتجدید لمرة واحدة﴾ دووەم، ثانیا: لمجلس المفوضین منح مخصصات لموظفیه اسوة للمخصصات الممنوحة لموظفي البرلمان.

چونکه ئەوانە سەر بە پەرلەمانن، ناکرێت سەر بە مەجلیسی وزراء بن، ناکرێت بشوبهێنرێت بە وان، دەبێ ﴿أسوة بموظفي البرلمان﴾ بێت، پشتگیری ئەوە دەکەم کە خانەنشینی کەسێك نەکرێت لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران، مەگەر تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی تەقاعودی، ناکرێت ئەم جۆرە شوێنانە ببێتە مایەی خانەنشین کردنی ژمارەیەکی زۆر لەبەر ئەوە پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد و هاورێیەکی تر کە وا بزانم کاك سالار بوو دەکەم کە خانەنشین نەکرێت، وەکو هەموو کارمەندانی دەوڵەت بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان، دوای ئەوەی کارەکانیان تەواو بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئاواز فەرموو،

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری کاك سالار و کاك انور و کاك ئومێد حەمە عەلی دەکەم لەسەر خانەنشینی و ئیمتیازاتیان دوای ئەوەی کە کاتەکەیان تەواو بوو، پرسیارێکیشم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەو بەڕێزانەی کە وەکو دەستەی کۆمیسیارن کە وەکو بریکاری وەزیر دەست بەکار دەبن و ئەو پلەیەیان پێدەدرێت و ئێمە وەکو پەرلەمان ناتوانین بانگهێشتی پەرلەمانیان بکەین و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەین لە کاتێکدا ئەگەر یەکێکیان سەرپێچی کرد، چ ئالییەتێك هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەین؟ و ئەگەر لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا نەگەهشتبێتە ئەو ڕادەیەی دووریان بخەنەوە لە کارەکەیان، چ ئالییەتێك هەیە بۆ ئەوەی ئێمە وەکو پەرلەمان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەین؟ لەبەر ئەوەی ئەوانە پلەکەیان بریکاری وەزیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە من نەمدەویست قسە بکەم، بەڵام هەندێ مولاحەزەی ماڵی و ژمێریاری و یاسایی هەیە، لە خاڵی یەکەم دەڵێت: ئەندامانی ئەنجومەن ئیمتیازاتی بریکاری وەزیریان هەبێت، پلەی بریکاری وەزیر و ئیمتیازاتی بریکاری وەزیر زۆر جیاوازییان هەیە، وەك چۆن ئێستا پەرلەمانتار ئیمتیازاتی وەزیری نییە، پلەی وەزیری هەیە، ئەمە جیاوازە، تۆ ئیمتیازات حسێب کەی دەرماڵە دەگرێتەوە و کۆمەڵێك شتی تر دەگرێتەوە، ئەمە خاڵێك، دوو خاڵیان تەناقوزی یەکە دەبێ حەلیان بۆ بدوزرێنەوە، کاتێك کە تۆ دەڵێی: ئیمتیازاتی بریکاری وەزیری هەیە دەبێ وەکو بریکاری وەزیر خانەنشین بکرێت، وەکو بریکاری وەزیر هەموو مامەڵەکانی لەگەڵدا بکرێت، تەناقوزەکە لە چی دایە؟ کاتێك کە ئەندامێك خانەنشین دەبێت بە پێی قانوون نابێت بگەڕێتەوە سەر کارێکی تر، واتە دوای سێ ساڵەکە نابێت کارێکی تر بکات، چونکە نابێت

لەیەك كاتدا كەسێك دوو مووچەی هەبێت، واتە دەبێ مووچەكەی پێشووی هەڵبوەشێتەوە كە بریكاری وەزیرە، مووچەی بریكاری وەزیر و خانەنشینەكە هەڵبوەشێتەوە، ئەوجا دەرفەتی پێبدرێت بڕواتەوە سەر كارێكی تر، كە دەڵێی ئیمتیازاتی بریكاری وەزیری هەیە لە ماددەی یەكەمدا، ماددەی چوارەم هیچ پێویست ناكات، چونكە بریكاری وەزیر بە لە ﴿٨٠٪﴾ی مووچەكەی خانەنشین دەگرێت، هەمان ئیمتیازاتە و هەمان شتە، ئیزافەیەكی تر كە قسە زۆر لەسەر ئەمە دەكرێت، دەبێت شتێك جیا بكەینەوە، تەسەور دەكەم هەم مەحەلی بانگهێشتكردنەكە كە سەرۆكی كۆمیسیۆنە پلەی وەزیری هەبێت، سەرۆكی كۆمیسیۆن تەبیعییە جیا بكرێتەوە لە ئەندامانی ئەنجومەنی كۆمیسیاران، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر كە قسەیەك زۆر دووبارە دەبێتەوە ئێستا تا ڕادەیەك ئەمە مەرفوزە، مەعاشی زۆری بدەرێ بۆ ئەوەی نەكرێت، ئێستا ئەم بیرۆكەیە بە تەواوی رەفز كراوەتەوە، چونكە پاش دیراسەیەكی زۆر دەركەوتووە ئەوەی كە دەكرێت پەیوەندی بە مەبادیئەوە هەیە، پەیوەندی بە مووچەوە نییە، چونكە زۆر خەڵك هەیە مووچەكەشی لێبڕاوە نەتوانراوە بكردرێت، زۆر خەڵكیش هەیە ئێستا لە واقعی كوردستان مووچەكەی سیانزە ملیۆنە، بەڵام ناتوانێت سەربەخۆ بێت، خاڵێكی دیكە باور بكەن كێشەی كوردستان ئەوە نییە كە نۆ كەس خانەنشین بكرێت، چونكە من بەڵگەم لایە لە رۆژێكدا بە ناقانوونی﴿٢٥٣﴾ كەس كە موەزەفیش نەبوون بە پلەی مودیر عام خانەنشین كراون، یەعنی ئەگەر ئێمە ئەو لا رێگایانە بگرین ئەمە كێشە نییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر قەرار دەر بكرێ وەزیر یان پەرلەمانتار و پلە تایبەتەكان با خانەنشینیان هەمووی هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر ئەمانیش شمووڵی ئەو ئیمتیازاتانە دەكەن ئەوانیش با هەڵبوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك خلف فەرموو،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم لە لایەن دكتۆرە جوان كرا پشتگیری لە قسەكانی ئەو دەكەم هەروەها كاك عمر عینایەت و كاك سالار محمود، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێركۆ فەرموو،

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوانەی كە خانەنشینی نەمێنێت و رێكبخرێت، بە جۆرێك كە دادپەروەری كۆمەڵایەتی بێنێتە دی لە ئێستادا، لەوە زیاتر قسە ناكەم و پشتیوانی لێ دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی روونكردنەوەتان چییە لەسەر پێشنیارەكان؟

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەم یاسایە مان داڕشتووە بێگومان دەبێ حقووقی ئەم ئەندامانەی تێدا روونبکرێتەوە کە حقوقیان چییە؟ و کە ئیمتیازاتی وەکیل وەزیرمان پێداوە، پلەی وەکیل وەزیرمان پێنەداوە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە دەوترێ ئەوان پلەی وەکیل وەزیریان هەیە چۆن ئەتوانرێ بانگ بکرێن بۆ پەرلەمان؟ ئەوان پلەی وەکیل وەزیرییان نییە ئیمتیازاتی وەکیل وەزیریان هەیە، بە پێی ئەم یاسایە ئەگەر بگەینە ئەحکامە خیتامییەکان، لە ئەحکامە خیتامییەکان وتوومانە ئەندامانی مەجلیس بەرپرسن لە بەرامبەر پەرلەماندا، بە پێی ئەم یاسایە ئێمە دەتوانین موحاسەبەیان بکەین، سەبارەت بەوەی کە پێشنیاری زۆر کرا کە خانەنشینیەکە نەمێنێت، ئێمە کە ئیمتیازاتی وەکیل وەزیرمان پێدا دەبێ هەموو ئیمتیازاتێکیان پێ بدەین کە ئەمە خانەنشینیش دەگرێتەوە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەدا نین کە بەم شێوەیە خانەنشینی زۆر ببێت، ئێمە بیرمان لەمە کردووتەوە، بەڵام بیرمان لەوەش کردووتەوە کە دەبێ قانوونێکی عام هەبێت بۆ هەموو پلە تایبەتەکان خانەنشینی کەم بکاتەوە، ئەو کاتە ئەمانیش دەگرێتەوە کە تۆ دەڵێی ئیمتیازاتی وەکیل وەزیری هەیە، ناکرێت لەسەرەوە ئیمتیازاتی وەکیل وەزیری بدەیتێ و لە خانەنشینییەکە نەیدەیتێ، ئێمە یاسا حازر دەکەین بۆ ئەوەی کە بە عام ئەم خانەنشینیە نەمێنێت، سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە سێ کەس زیاتر داوایان کردووە، ئەوەیە کە لە فەقەرەی یەکەمدا، ﴿قابلة للتجديد لمرة واحدة﴾ ئەمە دەخرێتە دەنگدانەوە و مەسەلەی خانەنشینیەکەش لابرێت زیاتر لە سێ کەس داوایان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەم روونکردنەوەیەشم، بڕیاری کۆتایی بۆ ئێوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەی کە زۆر ڕای ئەندامانی لەسەر بوو و پشتگیری کرا لە لایەن سێ کەس زیاتر ئەوەیە کە ... کاك گۆران فەرمووو،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیحاتی ئێمە، رەبتی بەوە نییە رەئی شەخسی یان رەئی خۆمان چۆنە؟ بەڵام بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگدان تۆزێك دەقیق بێت، هەردوو دیوی هەیە مەسەلەی خانەنشینی، یەکەم شت ئەوانە نۆ کەسن و ژمارەیان زۆر نییە قابلی تەجدیدە و لە شوێنەکان دادەنرێنەوە، ئەمە خاڵی یەکەم، و خاڵی دووەمیش زەروورە خانەنشینی هەموو پلە تایبەتەکان لە کوردستان ڕێکبخرێت، نەوەك ئەوە لە کۆمیسیۆن تەقاعودی ناکەی، بەڵام ئەگەر کاری بۆ حزبێکی سیاسی کردبێت و ئەوەی دوو کورسی زیاتر پەرلەمانی بێنێت، بودجەی ئەو دوو کورسییە پەرلەمانییە بەشی ئەوەی دەکات ئەگەر حوکمەت بیەوێ بە پلەی وەزیریش تەقاعودی بکات، لەبەر ئەوە شتەکە دوو دیوە و لە دیوی دووەمیش مەسەلەی گەنج

خانەنشین کردن کارێکی خراپە ئەم رەخنەیەش هەیە، بەڵام هەردوو دیوی هەیە، رەبتی بە حیادی و سەربەخۆیی کاری خۆی هەیە، زەمانەتی حقوقە و رەبتی بە حاڵەتەکەی تریش هەیە و ئەوەی وترا ئەمانە چۆنن؟ لە ماددەی دووەم وترا: ئەم کۆمیسیۆنە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان مەسئولە، ئێمە لێرەدا دەتوانین لە ئایینـدەدا کە کۆمیسیۆن دروست دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەین و بانگی پەرلەمانی کوردستانی بکەین وەك دەستەی نەزاهە و با بڵێین دیوانی چاودێری داراییش بە هەمان شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو پێشنیارە نازانم لیژنەی یاسایی چ تەعقیبێکتان لەسەر هەیە؟ کە باسی ئەوە دەکات، مادەم ئیمتیازاتی وەکیل وەزیری هەیە پێویست بەوە ناکات باسی ئەوە بکەی کە بە چ پلەیەك تەقاعود دەکرێت؟ چونکە ئەمە بە یاسایەکی تایبەت پلەی تەقاعودی پلە تایبەتەکان رێکخراوە، بۆیە رەنگە پێویست نەکات لێرەدا باس بکرێت، کۆمەڵێك پێشنیاریش کرا سەبارەت بە تەقاعودی لە کاتی ئیسابات و تەقاعودی لە دوای مردنی ئەندام بۆ منداڵەکانی و عەلاوە و تەرفیع، پێم وابێت ئەوە بە یاسایەکی تایبەت رێکخراوە، لیژنەی یاسایی ، هەر لەمە رەنگە بتوانرێت نەسێکی بۆ ئیزافە بکرێت ﴿يتمتع اعضاء مجلس المفوضين بامتيازات وكيل الوزارة في التعيين و التقاعد﴾ شتێکی لەم بابەتە یاساکە دەگرێتەوە ئەو کاتە، ئەو پێشنیارەی کە کرا ﴿لمرة واحدة﴾ لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان دا لەسەر ئەمە، بەڵام سێ کەس زیاتر پێشنیارییان کرد کە ﴿يتمتع اعضاء مجلس المفوضين (بامتيازات وكيل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة اسوة بموظف البرلمان﴾، ئەمەش هەر پێشنیار کرا کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان کرد، سێ کەس زیاتر پشتگیری کرد، بۆیە ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، جارێ ﴿لمرة واحدة﴾ دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ﴿لمرة واحدة﴾ی بۆ ئیزافە بکەین؟ واتە تەنیا یەکجار بۆی هەبێ تەجدید ببێ لە ئەندامییەتی مەجلسی مفوضین، یەکجار بۆی هەبێ خۆی تەرشیح بکات بۆ مەجلس مفوضین/ دوو خوڵ بەڵێ، ﴿٦٤﴾ ئەندام لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٤﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، پێشنیارەکەی تر ئەوەیە ﴿اسوة بموظف البرلمان﴾ی بۆ ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەمە سەر بە پەرلەمانە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ ئەمە بۆ فەقەرەی دووەمە ببوورن، ﴿لمجلس المفوضين منح مخصصات لموظفيه لاتتجاوز المخصصات الممنوحة لموظفي مجلس الوزراء﴾، کێ لەگەڵدایە کە ﴿مجلس وزراء﴾ بکرێتە پەرلەمان؟ ﴿٥٨﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە کە لەگەڵدا نەبێت، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو کاك تحسین نوقتەی نیزامی،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت، خاڵی یەك، تەناقوز ناکات لەگەڵ خاڵی دووەم یان تەمەتتوع بە ئیمتیازاتی وەکیل وەزیر بکات ئەمەیان بە پەرلەمان؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، تەناقوز ناکات، چونکە پەرلەمانتاریش ئیمتیازاتی وەزیری هەیە، لەبەر ئەمە تەناقوز ناکات، ئەوەی کە زیاتر لە ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاریان کرد، سێ ئەندام زیاتر پێشنیاری ئەوەیان کرد کە تەقاعودی نەهێلرێت، تەقاعودی بۆ ﴿مجلس مفوضین﴾ و ئەندامانی ﴿مجلس مفوضین﴾ نەهێلرێت، کاك علی نوقتەی نیزامی بەس،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە نایاسییە، من لەگەڵ تەقاعودی کەسدا نیم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نایاسایی نییە، پێشنیارییان کردووە نا یاسایی نییە، فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی جەنابت، شتێکت تەوزیح بکردبا، نەمێنێت جیایە و لا ببرێت جیایە، بە بووچونی من بۆ ئەوەی لە دوایی کێشەی قانوونیان بۆ دروست نەکرێت، نەمینێت، لابىرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەمە دەمجی کەین مەبەستمان ئەوەیە ژمارەی یاسایی داوای ئەوەیان کرد کە ئەندامانی ﴿مجلس مفوضین﴾ بە هیچ شێوەیەك تەقاعود نەکرێن، لە دوای ئەوەی کە لە ئەندامییەتی ﴿مجلس مفوضین﴾ نەمێنیت، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێزد. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم سێ کەس نەیان گوتییە تەقاعود نەمینیت، گوتوویانە رێکبخرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، سێ کەس زیاتر وتیان نەمێنێت، فەرموو کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای روونکردنەوە لە جەنابت دەکەم، هەندێك جار جەنابت دەڵێی ئەمە ئەساسە و نەسسی راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخرێتە دەنگدان و نموونەی ئەمەش، ماددەی شەشەمە لە یەکەمی خاڵی چوارەم، کە ئەمە پێشتر خراوەتە دەنگدان، ئێستا هاتوویتە سەر ماددەیەکی تر پێشنیار دەخرێتە دەنگدان، ئێستا لێمان تێك چووە نازانین چی دەکەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان، باسمان کرد ئەگەر لەیەك پێشنیار زیاتر هەبوو بۆ بابەتێکی دیاریکراو، پێشنیارەکان ناخەینە دەنگەوە و ئەسلی ماددەکە کە لە راپۆرتەکە هاتووە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەمە دەنگی نەهێنا ئینجا دەچینە سەر پێشنیارەکان، بەڵام ئەگەر هەموو جارێك بۆ بابەتێك یەك پێشنیار بوو، پێشنیارەکەمان خستووتە دەنگ ئینجا دوایی ماددەکەمان خستووەتە دەنگ، بۆیە لێرە داوای ئەوە دەکرێت کە تەقاعودی نەهێلرێت بۆ ئەندامانی مجلس مفوضین بۆ دوای ئەوەی کە لە کاری مفوضیە نامێنن، کێ لەگەڵدایە تەقاعودی نەهێلرێت؟ ﴿١٦﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٣٨﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، ئەم پێشنیارانەی تر هەن، ﴿خامساً: اذا اصیب احد اعضاء مجلس المفوضین اثناء او من جراء خدمته في المفوضیة بعوق یمنعه من اداء واجبه یخصص له راتب تقاعدي﴾ راتب تەقاعودی موحەدەد نووسراوە، بەڵام ئەو کاتە راستەخۆ هەر ماددەی چوارەم بەسەردا جێ بە جێ بکرێت، وانییە؟ حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة، ﴿اذا اصیب احد اعضاء مجلس المفوضین اثناء او من جراء خدمته في المفوضیة بعوق یمنعه من اداء واجبه یخصص له راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة﴾ کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ کاك ابو کاروان فەرموو،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس ﴿ابو کاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێوایە ئەو ﴿من اثناء الخدمة﴾ بکرێتە ﴿من الخدمە و جراءها﴾ مەسەلەن ئەمە مفوضیە، رەنگە بۆ ئیشی ئەو کارە نەرویشتبێت، بەڵام لە رێگا شتێکی بەسەر هاتبێت یان مردبێت لەو کاتە بکرێتە ﴿ من جراء الخدمە﴾،﴿من اثناء الخدمة﴾ ئەوەیە رۆیشتووە بۆ کاری ئەو، بەڵام ﴿من جراء ها﴾ لەکاتی خزمەت و ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو،

**بەڕێزد. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پێدانی حقوق دائیمەن ﴿اثناء الخدمة﴾ بەکار هاتووە لە زۆربەی ڤانونەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عادل نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسایەك هەیە بۆ وەزیر و وەکیل وەزیر بە یاسا رێکخراوە، ئیمتیازاتیان و پلەیان و ئەمەش ناوی وەکیل وەزیرە، یەعنی هەمان یاسا نایانگرێتەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەنگە ئەو تەفسیلانە لەم یاسایەدا نەهاتبێت ئەگەر خاسیش بێت هیچ موشكیلە نییە، كێ لەگەڵ ﴿خامساً﴾ دایە؟ دەیخوێنمەوە جارێكی تر، ﴿اذا اصیب احد اعضاء مجلس المفوضین اثناء او من جراء خدمته في المفوضیة بعوق یمنعه من اداء واجبه یخصص له راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة﴾، ﴿٥٧﴾ كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٢﴾ كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، نوقتەی نیزامی كاك سالار؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستم هەڵبری ئاگاتان لێ نەبوو، بۆ ئەوەی ئەم فەقەرەیەش تێبپەڕێت ئینجا قسەكانم بكەم، دەنگدرا لەسەر ئەوەی خانەنشینی بمێنێت یان نەمێنێت؟ دەنگدرا بمێنێت، بەڵام تەرحی بنەڕەتی ئەوەیە كە چۆن بمێنێت؟ ئەم فەقەرەیە ئیزافە بكرێت، پەیوەست بكرێت بە تەمەنەوە، بە پێی قانوونی خدمەی مەدەنی، بە پێی خزمەتی خۆی، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەگەر ئیتفاقتان كرد بمێنێت بە تەواوی، ئیتر ئەمە ئیزافە نەكرێ، چونكە پێموایە ئەمە خاڵێكە كە ئێمە لە سەرەتاوە دەرمان بڕی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار، ئەگەر بمێنێت ئەوا دەبێ بە شێوەیەكی خاس خانەنشین بكرێت، بەڵام ئەگەر نەمێنێت ئەوا بە پێی قانونی مەدەنی خانەنشین دەبێ، مەرجی تەمەنی هەیە، مەرجی خزمەتی هەیە، لەبەر ئەوە هیچ ئیشكالێك روونادات.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام كە ماوەتەوە، ئەگەر دوای چوار ساڵەكە، بۆ نموونە: من تەمەنم سی ساڵە دەچمە ناو ئەو ئەنجومەنە، چوار ساڵەكە خزمەتم تەواو كرد خانەنشین دەبم، بە پێی ئەم یاسایە بێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت مامەڵە بكرێت بە پێی تەمەنی خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشینی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كە گوتی یاسای خانەنشینی كەواتە نەمێنێت، دەنگی لەسەر درا كە بمێنێت، كە گوتی یاسای خانەنشینی، كەواتە ئەم فەقەرەیە لێرەدا نەمێنێت و بە پێی یاسا گشتییەكە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، زۆرسوپاس كاك سالار، بەڵێ كاك دڵشاد فەرموو،

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی وەكو كاك سالاری پێشوەخت دەستێ خو راكر، دیارە كەسێ ئاگەهـ ژێ نەبوو، دیارە ئەو پێشنیارە بەری نووكە ئێخستییە بەر دەنگدانێ، قانونا ﴿خدمە التقاعد الموحد﴾ ئەڤە ل عێراقێ خاندنا ئێكێ بو

هاتیە کرن ل پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەو مەوزوعێت هەنێ و ئەو ئیشکالیاتێت هەنێ هەمی پێت حەلّ کری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد، نازانم جەنابت ئاگاداری یان نە؟ مەحکەمەی ئیتحادی نەقزی ئەو ماددانەی کردووە کە پەیوەندی بە دەرەجاتی خاسسە و ئەندامانی مەجلسی ﴿نواب﴾ و حکومەت و ئەوانە هەیە، نەقزی ئەو ماددەیەی کردووە، بۆیە ئەمە موعالەجەی ناکات، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی کاك سالار تەواوە، تەبعەن ئەمە یەکێك لە پێشنیارەکان کە نەخرایە دەنگدانەوە و پشتیوانیشی لێکرا، ئەمە وەکو سەرباری ئەوەی ئەگەر یاسایی بوو، خرایە دەنگدانەوە بمێنێت؟ یان نەمێنێت؟ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە کە بە پێی تەمەن ئەم خانەنشینییە رێك بخرێت، بۆیە قسەکانی کاك سالار لەم رووەوە تەواوە، چونکە خانەنشینییەکە ئەگەر بمێنێت بۆ ئەوانەیە کە تەمەنیان سی و پێنج ساڵە، تا دەگاتە ئەوەی کە تەمەنی خانەنشینی یاسایی هەیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆ ئەوەدا کە خانەنشینییەکە بمێنێت و ئەوەی ئێوە داوا دەکەن گەر ئەوە بچەسپێنرێت، ئەوا هیچ چینێکی تر نامێنێت، هەر کەسێك گەیشتە تەمەنی خانەنشینی ئەوا خانەنشین دەکرێت، یەعنی ئەوە پێویست ناکات لێرە پرسی لەسەر بکرێت، سادسا: دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، ﴿سادساً: اذا توفي احد اعضاء مجلس المفوضين اثناء او من جراء خدمته في المفوضية او بسببها يخصص لعائلته راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة﴾ کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەیە؟ کێ لەگەڵ ئەم برگەیەیە؟ ئەگەر کۆچی دوایی کرد لەکاتی خزمەتدا، ئەوا راتبێکی تەقاعودی بۆ ببڕدرێتەوە هاوشێوەی برگەی چواری ماددەکە، ﴿٦٨﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، کەواتە پەسەند کرا، ﴿سابعاً: تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد﴾، بەڵێ فەرموو دکتورە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿من جراء خدمته﴾ بکرێتە ﴿اثناء اداء خدمته﴾، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە سیاغەدا چاك دەکرێت ، بەڕێزان، ﴿سابعاً: تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد﴾، کێ لەگەڵدایە؟ ئەمەش فەقەرەیەکە ئیزافە دەکرێ، بۆ سێیەم جار دەیخوێنمەوە: ﴿تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد﴾، واتە ئەگەر گەڕایەوە سەر خزمەت ئەو کاتە خزمەتەکەی لە مفوضییە دەتوانێ بەکار بێنێت، بۆ نموونە: تۆ حەز دەکەی خانەنشین

نەبی، ﴿٥٣﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿١﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، سەرجەم ماددەکە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادةالثامنة:**

اولا: يتمتع اعضاء مجلس المفوضين (بامتيازات وكيل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

ثانيا: لمجلس المفوضين منح مخصصات لموظفيه لاتتجاوز المخصصات الممنوحة لموظفي البرلمان.

ثالثا: جميع اعضاء مجلس المفوضين لايمكن تعينهم في وظائف عامة، باستثناء المناصب الاكاديمية، ولمدة ثلاث سنوات من تاريخ انتهاء مهمتهم كمفوضين.

رابعا: يتمتع المفوضون براتب تقاعدي يبلغ ٨٠٪ من مجموع ما كانوا يتقاضوه من رواتبهم بعد انتهاء مهامهم عدا حالات الاقالة والاستقالة او الادانة بجريمة لها علاقة بعملهم.

خامساً: اذا اصيب احد اعضاء مجلس المفوضين اثناء او من جراء خدمته في المفوضية بعوق يمنعه من اداء واجبه يخصص له راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة.

سادساً: اذا توفى احد اعضاء مجلس المفوضين اثناء او من جراء خدمته في المفوضية او بسببها يخصص لعائلته راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة.

سابعاً: تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە کە بەم شێوەیە خوێرایەوە؟ ﴿٧٥﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٦﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی نۆ.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**الشكاوي الانتخابية**

**المادة التاسعة:**

١- يتمتع المجلس بسلطة حصرية فيما يتعلق بالتنفيذ المدني لاجراءاته وانظمته ويجب على المجلس ان يحيل اية قضية جنائية إلى السلطات المختصة إذا توفر لديها دليلا على سوء تصرف جنائي يتعلق بنزاهة العملية الانتخابية.

٢- على مجلس المفوضية حل النزاعات الناجمة عن إعداد وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات العامة وله ان يفوض هذه الصلاحية للإدارة الانتخابية لحلها حال وقوعها.

٣- تشكل في محكمة تمييز إقليم كوردستان هيئة قضائية مكونة من ثلاث قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون التي تقدم على قرارات المجلس من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة.

٤- تنشر قرارات المجلس في ثلاث صحف محلية يومية في الإقليم وباللغتين الكوردية والعربية، وللمجلس الحق بإصدار صحيفة خاصة وانشاء موقع الكتروني لهذا الغرض.

٥- تقدم الطعون في قرارات المجلس إلى الهيئة القضائية في الإقليم خلال مدة ثلاثة أيام تبدأ من اليوم التالي لنشر القرار من قبل المجلس أو من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة مع مراعاة ايام العطلة الرسمية.

٦- على الهيئة القضائية حسم الطعون المقدمة إليها خلال مدة سبعة أيام من تاريخ تقديم الطعن إليها وتعتبر قراراتها بشأن الطعون باتاً ويخضع إجراءات نظرها للطعون لأحكام هذا القانون مع مراعاة قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل والقوانين الإجرائية الأخرى النافذة في اقليم كوردستان فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف ﴿سکرتێری پەرلەمان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی نۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان تۆمار کراوە، ﴿بەهار عبدالرحمن، کاك بەهزاد، دکتورە جوان، د.شێرکۆ حەمە امین، کاك عمر عینایەت، صالح فەقێ، د.فەرسەت، مامۆستا انس﴾

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو بەهار فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ، خاڵی یەکەم، پێشنیار دەکەم ئەو وشەیەی کە نووسراوە بەڵگەیەکی لا دەستکەوت لەسەر خراپ مامەڵە کردن بە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەو دەستکەوتە بەڵگەیەکی پێشکەشکرابوو نەك لە لای دەستکەوت، چونکە دیارە بەڵگە پێشکەش دەکرێ بە ئەنجومەن کاتێك کە خروقات دەکرێ یان هەر ڕێکارێکی خراپ لە بەکارهێنان دروست دەبێت، تکایە یەك دەقیقە عەرەبییەکەش ﴿إذا توفر لديها﴾ ببێتە ﴿تقدم لها﴾ بەم شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، سەبارەت بە هەر ماددەی نۆیەم خاڵی دووەم، پێشنیار دەکەم تاکو چارەسەریان بکات ئەم خاڵە تا ئێرە بێت، ئیتر ئەوەی کۆتایی کە بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتە بە کارگێڕی هەڵبـژێرێت، لابرێت، بۆ ئەوەی کە سیفەتێکی ئیلزامی و ئیجباری هەبێت بۆ دەستەی باڵای ئەنجومەنەکە و هیچ مەجالێك بۆ کەمتەرخەمی نەمێنێتەوە، یەك سەرنجی دیکەم هەیە، نازانم ئایا هێی

تەرجومەكەیە یان نا؟ لە خاڵی شەشەم، دەڵێت: لەسەر هەیئەی قەزایی یە لە دەقە عەرەبییەكەی و لێرە بە دەستەی كارگێڕی، ئەمە زۆر جیاوازن، دەستەی كارگێڕی و هەیئەی قەزایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەقە عەرەبییەكە ئەصلە، زۆر سوپاس، د.فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینییەی كە پێشتریش كاك عمر عینایەت باسی كرد، بەو هەیئە قەزاییەی كە لە سێ قازی غیر موتەفەریغە پێك دێت، من پێشتر نەسێكی دیكەی ئەم پرۆژە یاسایەم بینی، نازانم كێ پێشكێشی كردبوو؟ هەیئەكی قەزایی موتەفەریغ بوو و راستی دوو بەش بوو، بەشێكی ئیشی ئیداری دەكرد كە ﴿مجلس مفوضیە﴾ بوو و بەشێكی ئیشی قەزایی دەكرد، ئەوەیان زۆر باش بوو، ئێستا بەداخەوە ئەو یاسایەی كەلەبەر دەستمانە، ئەوەندە كاریگەرە بە یاسای كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، یەعنی خۆی تەقید كردووە بە هیچ شێوەیەك لێی دەرنەچووە بە تەسەوری من ئەو یان زۆر باشتر بوو نازانم ئێستا مەجال تێدا ماوە پێدا بچینەوە یان نا؟ ئەمە یەك و دووەمیان، لە بڕگەی سێ، پێموایە پێویستی بە سیاغە هەیە ئەگەر ویستیان لە لامە ئەگەر ویستیان بۆیان دەنێرین، لە بڕگەی چوار، نووسرایە مەرجی دانایە بە لوغەتی عەرەبی و كوردی و تەسەوردەكەم هەر لێرە بوەستین فی الاقلیم پێویست ناكات، بە تەسەوری من ئەویان زۆر باشتر بوو، نازانم ئێستا مەجالی تێدا مایە پێدا بچینەوە یان نا؟، ئەوە یەك، دووەمیان لە بڕگەی سێ پێم وایە پێویستی بە سیاغەیەك هەیە، لەلامە ئەگەر ویستیان بۆیان دەنێرێن، بڕگەی چوار یەعنی نووسرایە مەرجی دانایە (باللغتین الكوردیة والعربیة) تەسەور دەكەم هەر لێرەوە بوەستین (فی الاقلیم)، پێویست ناكات (باللغتین الكوردیة والعربیة)، چونكە ئەوە وەكو نەسەن لە بەغدایە، بڕگەی شەش لە هەمان مادده، دیسان پێم وایە وەهای لێ بكرێت، (مع مراعاة القوانین الاجرائیة النافذة فی اقلیم كوردستان)، جا قانونی مورافەعاتیش دەگرێتەوە هەتا پێویستمان پێ بێ، لەوانەیە ئەو قانونە قانونێكی موستەقبەلی بێ پێویست ناكات قانونی موراعاتی رەقەم ٨٣ لێرە (ذكر) بكرێ، باس بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ مادده نەهێ قەناعەتێ مە گرێدایە ب مافێ هەر بەربژێرەكێ كیانەكێ سیاسی، لە بەر هندێ (ناوكێ شكاوێ ئینتیخابیە) چونكی تەرەفەك هەیە زەرەمەند بوویە، یەعنی بەر هندێ شەكوە تەقدیم ئەكەت، بە هندێ بەر قەناعەتێ مە مامۆستا لێرە بەڕێز سەروكی پەرلەمانی یەعنی خاڵەك ئیزافە بكرێت (لصاحب الطعن أو محامیە حق الحضور فی جلسة حسم الطعون من قبل الهیئة القضائیە) چونكە لە محاكم مەحامی

حازر ئەبێ، یەعنی لە حقوقی مەدەنی یان حقوقی جینائی، بەڵام لێرە ئەوەش بەڵگە تەقدیم ئەکا ئیحتیماله محامیشی هەیە بەس ئاگای لێ نییە، تەمیز ئێکسەر قەرار ئەدات، راستە تەمیزە، بەڵام لێرە جیاوازییەکی هەیە، چونکە مەسەلەی هەڵبژاردنە و مافی بەربژێرە و کیان سیاسی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەقەم ٥ بێژێتن سێ رۆژی تەحدید کرن (فی الاقلیم خلال مدة ثلاثة ایام تبدأ من الیوم التالی لنشر القرار) یا ژ منڤە ئەگەر ئیقتیراح کەن تشتەك لێ زێدە بیت (مع مراعات ایام العطل الرسمیە) دا حەقێ وان سێ رۆژان بەرزە نەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم خاڵی دووەم پێم وایە پێویستە دەسەڵاتەکان بۆ یەك لاکردنەوەی هەر کێشەیەك دەسەڵاتی حەسری ئەنجومەن بێ، نەك کارگێڕی هەڵبژاردن، پێم وابوو کەسێکی تریش ڕەئیدا، پشتگیری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی ٤ ماددە ٩ (تنشر قرارات المجلس في ثلاث صحف محلیة یومیة في الإقلیم وباللغتین الکوردیة والعربیة، وللمجلس الحق بإصدار صحیفة خاصة وانشاء موقع الکتروني لهذا الغرض.
) یەعنی کەلیمەی (انشاء) نەك (إصدار صحیفة) ، (ثم وانشاء موقع الکتروني) ، بەنیسبەت فەقەرەی شەش (علی الهیئة القضائیة حسم الطعون المقدمة إلیها خلال مدة عشرة أیام) ، بکرێت بە (سبعة أیام) زۆر زۆر کافییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ئەو قسەیەی دکتۆرە جوان دەکەم، کەوا دە ڕۆژەکە بکرێت بە ٧ ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم لەسەر بڕگەی سێ هەیە، نووسراوە (تشکل في محکمة تمییز إقلیم کوردستان هیئة قضائیة مکونة من ثلاث قضاة)، من پێم باشە ئەوە لە حاکمەکان لە مەحکەمەی تەمیز نەبن، بنووسرێت (تشکل محکمة تمییز إقلیم کوردستان)، یەعنی مەحکەمەی تەمیز هەیئەکە دروستکات، بەڵام مەرج نییە لەناو مەحکەمەی تەمیز دابێت ئەو قەزیانە، بەمشێوەیە بێت (تشکل محکمة تمییز إقلیم کوردستان هیئة قضائیة خاصة من خمسة اعضاء متفرغین للنظر في الطعون الی اخره)، بەڵام لە ئاخیری بنووسرێت (یراعی الموقع الجغرافي عند طعین الاعضاء) ناکرێت هەموو ئەعزاکانی ئەو هەیئەیە هەمووی لێرە بێ، پێویستە مواعاتی شوێنی جوغرافی بکرێت، لەبەرئەوەی لە سلێمانییەوە، لە دهۆکەوە، لە کەلارەوە، لە هەڵەبجەوە خەڵکی تر بێت، لە پێنجوێن، لە کەرکووکەوە هەیئەکە لەو عەزوانە پێك بێت، پشتگیری دکتۆرە جوان و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، کە دە ڕۆژە بکرێت بە حەفت ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کران، بەڵێ کاك ابو کاروان ناوت نەنووسراوە ، بەڵام فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لە بڕگەی چوارەم پێشتریش لە ئەو سمینارە باسم کرد، (وللمجلس الحق بإصدار صحیفة خاصة) پێویستە بکرێت (یجیب علی المجلس)، یەعنی ئیلزام بکرێت مەجلس بە مەوقعی ئەلیکترۆنی و جەریدەی هەبێ، یەعنی حەقی ئەوەیە دەتوانێ نەیکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەتان چییە؟ تەبعەن پێم وابێت بەس تەنها یەك پێشنیار ٣ کەس پشتگیری کرد، ١ پێشنیاریش ٢ کەس پشتگیری کرد، ئەوی تری هەمووی یەك یەك بوو، بەڵێ فەرموو، نوقتە نیزامییەکە وەردەگرین بەس با جارێ بزانین ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی، بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەویش ئەوە موعالەجە نەکراوە، ئەوکەسەی کە ئاخیر جار ڕەئییەك دەڵێت لە کوێ ٣ کەس بێنێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ڕاستە، بەڵام ئەوە لەوێ باس لەوە کراوە، ئەگەر ٣ کەس ڕەئییەکیان هەبوو، یەعنی نەك ئەوەی کە مەسەلەکە تەنها پشتگیری کردن نییە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمبەخشە من ئێستا ئەوە رەئییەکم تەرح کرد، کەس نییە پشتگیریم بکات، لەبەرئەوەی کەس نەماوە قسە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە منیش پشتگیریم کرد، بەڵام دەبین بە دووان، نابین بە سێیان، تکایە لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، دیارە زیاترینیان ئەو مولاحەزانەی هەبوون شکلی بوون، لوغەوی بوون، مەولاحەزەی یەکەم لەسەر ئەوە بوو کە (توفر لدیها) بکرێتە (تقدم الیها) بەس لێرە کە دەیڵێین (توفر لدیها)، لەوانەیە ئەو دەلیلانەی کە هەیە هەر خۆی حاسڵی کردبێ، کەسێك کە پێشکەشی نەکردبێ خۆی بەدەستی هێنابێ، کە دەڵێن (توفر لدیها) شەرت نییە ئەو دەلیلانەی کە ئەو لە دەستیەتی، بۆئەوەی ئەو تەسەروفە بە تەسەروفێکی جینائی دابنێ و پێشکەش بە قەزای بکات، تەنها کەسێکی دیکە پێشکەشی کردبێ، لەوانەیە ئەو بۆخۆی دەستی کەوتبێ و لەوانەیە بە ڕێگای تر بەدەستی هێنابێ، بۆیە (توفر لدیها ) لەڕووی قانونییەوە دەقیق ترە، مولاحەزەیەکی تر هەبوو لەسەر ئەوەی کە خاڵێ چوارەم قەراراتی مەجلس لە ٣ صحفی مەحەلی و یەومی بلاّو بکرێتەوە، لەوێ نوقتە دابندرێت (باللغتین الکوردیة والعربیة) نەبێتە سیفەتێکی ئیلزامی، ئێمە بە باشمان زانی بۆئەوەی خەڵك زیاتر بابڵێین ئەوانەی مەعنین، ئەوانەی ساحێب مەسڵەحەتن لە کارەکەدا زیاتر (اطلاع) بکەن، ئیجبارمان کردوون کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لەبەرئەوەی خۆتان دەزانن ئەو بابەتە پەیوەندی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش هەیە لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بە کوردی و عەرەبی نەشری قەراراتی خۆیان بکەن، ئینجا (وللمجلس الحق بإصدار صحیفة خاصة) ئینجا پێشنیار کرا (وانشاء موقع الکترونی لهذا الغرض) ئەو پێشنیارەش پێشنیارێکی پەسەندە، ئیزافەی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەر لە رووی صیاغەوە دەتوانن صیاغەی بکەنەوە، ئیزافەی بکەنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو کە (تقدم الطعون خلال مدة ثلاثة ايام) ، فەقەرەی پێنجەم (ايام العطل الرسمية) ئەوەش پێشنیارێکی پەسەندە لەڕووی قانونییەوە دەتوانرێت ئەوەش لەکاتی سیاغە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێت، هێنانی قانونی مورافەعات ناوهێنانی لێرانە، لەبەرئەوەی مورافاعات قانونێکی ئیجرائی مەعنییە بەو بابەتە ئینجا لەپاڵ قانونی مورافەعاتیش هەر قانونێکی تری ئیجرائی هەیە ئەوە لێرانە حکومی دەکات و جێی دەبێتەوە، بەلام ناوهێنانی ئەو لەبەرئەوەیە کە ئەو قانونە بۆ خۆی مەعنییە بە دەرەجەی ئەساسی، لەپاڵ ئەویشدا هەر قانونێکی تر هەبێتن ئیشارەتی بۆ کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە لە خاڵی شەش پێشنیار کرا (على الهيئة القضائية حسم الطعون المقدمة إليها خلال مدة عشرة أيام من تاريخ تقديم الطعن إليها)، پێشنیار کرا (عشرە) بکرێت بە (سبعە) کێ لەگەڵییەتی؟ تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، ٣٧ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەکە بخوێننەوە، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الشكاوي الانتخابية**

**المادة التاسعة:**

١- يتمتع المجلس بسلطة حصرية فيما يتعلق بالتنفيذ المدني لاجراءاته وانظمته ويجب على المجلس ان يحيل اية قضية جنائية إلى السلطات المختصة إذا توفر لديها دليلا على سوء تصرف جنائي يتعلق بنزاهة العملية الانتخابية.

٢- على مجلس المفوضين حل النزاعات الناجمة عن إعداد وتنفيذ الانتخابات العامة والاستفتاءات وله ان يفوض هذه الصلاحية للإدارة الانتخابية لحلها حال وقوعها.

٣- تشكل في محكمة تمييز إقليم كوردستان هيئة قضائية مكونة من ثلاث قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون التي تقدم على قرارات المجلس من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة.

٤- تنشر قرارات المجلس في ثلاث صحف محلية يومية في الإقليم وباللغتين الكوردية والعربية،للمجلس الحق بإصدار صحيفة خاصة وموقع الكتروني لهذا الغرض.

٥-تقدم الطعون في قرارات المجلس إلى الهيئة القضائية في الإقليم خلال مدة ثلاثة أيام تبدأ من اليوم التالي لنشر القرار من قبل المجلس أو من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة مع مراعاة ايام العطل الرسمية.

٦-على الهيئة القضائية حسم الطعون المقدمة إليها خلال مدة سبعة عشرة أيام من تاريخ تقديم الطعن إليها وتعتبر قراراتها بشأن الطعون باتاً ويخضع إجراءات نظرها للطعون لأحكام هذا القانون مع مراعاة قانون المرافعات المدنية رقم ( ٨٣ )لسنة ١٩٦٩ المعدل والقوانين الإجرائية الأخرى النافذة في اقليم كوردستان فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ ٧٤ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دە (**إحكام متفرقة وختامية**)، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**إحكام متفرقة وختامية**

**المادة العاشرة :**

على مجلس المفوضين وضع الآليات المناسبة لضمان مشاركة المواطنين خارج اقليم كوردستان في الانتخابات والاستفتاءات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (د. فرست سۆفی، د. علی هالۆ، سالار محمود، قادر ئۆتمان، عمر عینایەت، ڤەمان، فرحان جوهر) فەرموو د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندە کە خارج کوردستان- العراق، کە پێشتر ئیتفاقمان کرد بوو، کە ئەسڵی ئەو قانونە بۆ هەرێمی کوردستانەو بۆ ناوچە کوردستانییەکانیشە، ئەو ئیستثنائی ئەوان دایان نایە بۆ دەرەوەی ئەو شوێنانەیە، بۆیە بکرێتە خارج کوردستان - العراق في الانتخابات والاستفتاوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونەکەی برای بەڕێز د. فرسەتم هەیە، بەلآم لەجیاتی هاوولآتیان، رەوەندی کوردستانی بوترێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها وشەی (المواطنین) پێم سەیرە، (مواطنین) چییە؟ تەعریف نەكراوە، كێیە ئەو (مواطنین)ـە؟ ئەوە زۆر گرینگە و، خارج اقلیم كوردستان فی الانتخابات، ئەقلیمەكە لابرێت ئەوە باشترە، لە ماددەی ١٦ ئەو كارانەی لەو ماددەیە هاتووە بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی كۆمیسیۆن دەبێت ئەغلەبییەی مەنتیقە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە ماددەی دەیەمە كاك عمر،د. علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەلایەن د. فرسەتەوە باسكرا، من هەمان تێبینیم هەبوو، بەس من تێبینیەكی دیم هەیە لەسەر دارشتنی پرۆژە یاساو یاسا چەندجاریدی هاتیتە باس كرن، ئەز بۆ جارا دووێ، سێ پێشنیار دكەم ئەمرۆ پتر پرۆژە یاسا ژ بەری بێن پەرلەمانیدا زمانی كوردی زمانێكی جوان و شرین بێ لە داڕشتن، چونكە زمانی كوردی من هەشە پرزەو بلەنگاز و بێ سەروبەر نینە، كو ئەم نەشێن دەربرینە ژ بكەین، ئەگەر هێشتا ئەوان ئەندامێت لیژنەی یاسایی گەلەك شارەزا نین، ئەز پێشنیارێت دكەم كو لیژنەیەكی دی پاڵپشت بۆ ژ هەندەك كەس دێنە شارەزا، تایبەت ئالیەت زمانێ دابێ دروست كرن، چونكە ئەگەر ڤی ئاوا بیت پەیامەكی گەلەك خراپە، ئەمن دگەیەنین خەلكێت كوردستانێ پشتی ٢٢ سالێ حوكمڕانییە كوردی ئەم هێشتان نەشێتن دروستی، یاسایەكی بە زمانێ كوردی دخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر وەتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ئەو تێبینیەم هەبوو كە وترا هاوولاتیانی دەرەوەی هەرێم بكرێتە دەرەوەی كوردستانی عیراق، یەعنی ئەوانەی لە دەرەوەی كوردستانی عیراق نیشتەجێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە كەلیمەی (اقلیم)لە ماددەی یەكێ ئەسلێ هاتە پێناسەكرن، بەس ئەویش پشتەڤانیە دكتۆر فرسەتی دكەم بۆ لادانی وشەی (اقلیم).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(على مجلس المفوضين وضع الآليات المناسبة لضمان الحديث)، پێ باشترە وشەی (الحديث)م پێ باشترە، بۆئەوەی نوێ بێتە کار، هەر ئەوەش موعالەجە بکەن مەسەلەی تەکنەلۆجی نوێ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە لیژنەی یاسایی؟ (اقليم) لابرێت بکرێت بە (خارج کوردستان في الانتخابات والاستفتاءات)، ئەوکاتە دەبێت بە (کوردستان- العراق)، لیژنەی یاسایی پێیان باشە، ٧٦ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا ماددەکە بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة :**

على مجلس المفوضين وضع الآليات المناسبة لضمان مشاركة المواطنين خارج كوردستان- العراق في الانتخابات والاستفتاءات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی ئەو ماددەیە؟ (مواطن) پێشتر تەعریف کراوە، ئاخر لەم یاسایەدا نییە، بەڵام (مواطن) تەعریف کراوە، لە یاسای جنسيات تەعریف کراوە، ٧٤ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی ١١، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحاديةعشر :**

لمجلس المفوضين الاستعانة بخبراء دوليين ومحليين في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضير وإجراء الانتخابات والاستفتاءات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە دەکات؟ (کاك سالار- کاك ڤەمان- کاك عمر- کاك غريب- کاك قادر)، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەم سیاغە بكرێتەوە بەجۆرێكی تر، ئەنجومەن بۆی هەیە پشت ببەستێت بە شارەزایانی نێودەوڵەتی، ئەم بۆی هەیە بگۆڕدرێت، پێویستە پشت ببەستێت بە شارەزایانی نێودەوڵەتی لە بوارەكانی هەڵبژاردن و مەسەلەی ئامادەكردنی هەڵبژاردن و راپرسی، چونكە بۆ زەمان كردنی نەزاهەت و، بۆ شەرعیەی نێودەوڵەتی بۆ هەر راپرسییەك لە كوردستاندا دەكرێت زۆر گرینگە رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكانی تایبەت بە هەڵبژاردن و راپرسی و چاودێریكردنی ئەم پرۆسانە بەشدار بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نیسبەتی ماددەی ١١ ئەڤ نەسە هاتە دابەشكرن و ئەز تێبینی لەسەر نینە، بتنێ ئیزافەك من هەی ئەگەر بكرێتن ئەو ژی رەئییە یاسایی كو حەقەكە فی مەجلیسا دانێ بشێت ئیقتراحا مەشاریعی قانونێ بكەن، ژ گرێدایەهەڵبژاردنا بن یان ژی تەعەدیلا فی یاسایی خۆ بێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمەوێت لەڕووی دارشتنەوەیە، لمجلس المفوضین الاستعانة بخبراء دولیین ومحلیین في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضیر اثناء وإجراء الانتخابات والاستفتاءات؛ لێرە ئەوە دەورێكی نییە (إجراء الانتخابات)، چونكە (ئیجرائی ئینتخاباتەكەو ئیستفتاكە) هاتووە لەپێشەوە، چونكە دەبێ بڵێی (اثناء وإجراء الانتخابات والاستفتاءات).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت (لمجلس المفوضین) زیادە، چونكە پێناسە نەكراوە، هەمان ڕەئی كاك سالارم هەیە، (على المجلس) دواتر لەو دوو دێرەدا دوو شت دیارە (الانتخابات و والاستفتاءات) دووبارە بووەتەوە كە پێویست ناكات بەوجۆرە هەردوو جارەكە دووبارە ببێتەوە، بەڕەئی من ( فی مجال الانتخابات والاستفتاءات وجمیع مراحل الاعداد والتحضیر واجرائسها).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

پشتگیری لە ڕایەکەی کاك سالار دەکەم، یەعنی پێویستە پشتیان پێ ببەستێ‌س نەك بۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە بابەتەکە ئیستیعانەیە، کە ئیستیعانە بوو ناتوانین بیکەینە سیغەی ئیلزامی، (لمجلس المفوضين الاستعانة بخبراء دوليين ومحليين في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضير) ئینجا لێرە بۆیە (اجراء) دیسان (الانتخابات) و (الاستفتاءات) لەدوا هاتووە، لەبەرئەوەی (الإعداد والتحضير) جیاوازە (اجراء الانتخاباتەکە، تەنفیز کردنی ئینتیخابات جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بچنە ماددەیەك خوارتر ماددەی ١٣، ئێمە دەڵێین (على مجلس المفوضين بالتنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني وممثلوا الكيانات السياسية لتسهيل عملية مراقبة)، کە دێینە سەر (مراقبە) ئیلزاممان کردووە بەوەی کە ئیستیعانە بکات، تەنسیق بکات، تەعاون بکاتن لەگەڵ(منظمات المجتمع المدني) لێرە مولزەمە بەپێی ستانداردی نێو دەوڵەتی، بەس کە دێتە سەر بابەتی ئیستیعانەو مەراحلی ئیعداد و وتحضير وإجراء الانتخابات ) لێرانە حەقمان داوەتێ کە، حەقی هەبێ ئیستیعانە بکات و، لە هەمان کاتیشدا موخەیەر بێت (مجلس).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنەی یاساییتان بیست، بەلآم دەیخەینە دەنگەوە، پێشنیار کراوە کە ئەوە خۆی دەبێ بە ئەو پێشنیارەش دروست بوو، مادام پێشتر مەجلیسی مفەوەزینمان تەعریف کردووە، ئەوە دەبێ بە (للمجلس)، ئەو (للمجلس) بکرێت بە (على المجلس) پێشنیارکراوە، واتە پێویست بێ لەسەر (مجلس) کە ئیستیعانە بە خبراء بکات، کێ لەگەڵییەتی؟ پێشنیارەکە ئەوەیە ئیستیعانە کردن بە خوبرای دەولی و، مەحەلی لەبواری ئینتیخاباتدا لە هەموو قۆناغەکاندا پێویست بێ لەسەر مفەوەزیە، ٢٣ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٤١ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، ماددەکە بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لمجلس المفوضين الاستعانة بخبراء دوليين ومحليين في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضير واجارء الانتخابات والاستفتاءات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی ئەو ماددەیە؟ ٦٩ کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی١٢، پرسیار، پێشنیار؟ فەرموو ماددەی ١٢.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانیةعشر: علی المجلس التنسیق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني وممثلوا الکیانات السیاسیة لتسهیل عملیة مراقبة الانتخابات والاستفتاءات وذلك لضمان نزاهتها، علی المجلس، یەعنی (المفوضین) هەڵدەگیرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە دەکات؟ کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی ۱۲ ئەوەی کە باسکراوە پێویستە لەسەر ئەنجومەن هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، لە کۆی ئەو ماددانە باسی یەك شت نەکراوە، کە زۆر گرینگە ئەویش مەسەلەی هۆشیاری ئینتخابییە، کە ئەم کۆمسیۆنە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوەبێ کە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی ساڵانە هەڵمەتێك بۆ مەسەلەی هۆشیاری ئینتیخابی شێوازی دەنگدان و ئەوانە بکا کە لێرە جێگای بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە ماددەکانی پێشوودا باسکراوە، خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشدا ئەوکاتەی باسی ئەوەمان کرد، کە چاودێرانی بیانی بکرێت و دەنگی لەسەر بدات و زیاد بکرێت، لێرەش پێویستە لەسەر ئنجومەنیش هەماهەنگی و هاوکاری بکات لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نوێنەری قەوارە سیاسییەکان و چاودێرانی بیانی، بۆ ئاسانکاری پرۆسەی چاودێری هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی پاکی یان چاودێرانی بیانی زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، پێویستە لەسەر ئەنجومەن هەماهەنگی و هاوکاری بدات لەگەڵ چاودێری نێودەوڵەتی بۆ زیاد بکرێت، چاودێرانی نێودەوڵەتی زائیدەن ڕاگەیاندن، لەگەڵ ئەوە ڕاگەیاندنیش گرینگە جا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەری قەوارە سیاسییەکان و تا دوایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ٢ تێبینیم هەیە، یەکەمیان پاڵپشتی پەروا خان دەکەم، ڕاگەیانـدن زیـاد بکرێـت، ئـەوەش بـە بۆچوونی من زیادە (وذلك)، چونکە لێرە لام هەیە، لامەکە بۆ تەئکیدە، یەعنی ئەو لامە لێرەش کە تەرجومـە کرایـە ئەویان زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە وترا سەبارەت بەوەی کە (منظمات المجتمع المدني اعلامین)، ئەوە لە ماددەی شەشدا فەقەری سێ ئیشارەتی پێـدراوە، (مـراقبي الانتخابـات ووكـلاء القـوائم الانتخابیـة والاعلامـیین ومنظمـات المجتمـع المـدني الداخلي والدولي).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی ڕاگەیاندن لێرە نـەوتراوە، کـە دەڵێـت (مـراقبي الانتخـاب) زۆر بـە موتلـەقی هـاتووە، ئینتیخابـات هـەمووی موراقەبـە دەکرێـت، هـەر لـە ئەنجامـدانی ئینتیخابـات، لـە ڕاگەیانـدن، لـە هـەموو مەراحیلەکانی ئینتیخاباتدا، یەعنی نەوتراوە لە ڕۆژی ئەنجامدانی ئینتیخابات موراقەبە بکرێ، هـەر دەڵێ موراقەبەی ئینتیخابات دەکرێ، هەڵبژاردن بە هەموو پۆستەکانییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاگەیاندن یەعنی شمول دەکات لەوێ؟ ڕای لیژنەی یاسایتان بیست، ٢ پێشنیار هەن لەسـەر ئـەو ماددەیەیـە، یەکیان ئەوەیە کـە چـاودێری بیانیـشی بـۆ ئیزافـە بکرێـت و ڕاگەیاندنیـشی بـۆ ئیزافـە بکرێـت، کـێ لەگـەڵ ئەوەیە چاودێری بیانی بۆ ئیزافە بکرێت؟ تەنـسیق لەگـەڵ چاودێرانی بیـانیش زیـاد بکرێـت؟ بـەڵام ئـەوە ئیلزامە، ئیلزامی مفەوەزیە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەگەر بێتو چاودێری بیانی لەو ماددەیەدا نەبێ، ئینتیخابیەکە ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ئیلزامی کردووە نەك ئەمە بەس تەنها تەنسیق بێ، ئیلزامی لەسەر کردووە کە موراقبی دەوڵی بێنێ، با کاك بەیار قسەیەك بکات، بزانین لەسەر ئەو مەوزوعە، فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری نوکە، د مادەیەکێ دا هاتی دبێژیت (علی المفوضیە) هەمی ئیجرائاتا بکەتن کو بۆ شەفافیەتا عەمەلی و نەزاهەتا وی، ب دیتنا من ئەو مادەیە یێ کافیە بۆ موعالەجا هەمی حالەتا بکەتن، پێدڤی ناکەتن ئەم چ ئیزافی پێن دی بکەین دڤی نەسی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بۆ موراقەبە کردن ئەگەر چاودێری بیانی بێتە هەرێمی کوردستان، یان چاودێری ناوخۆیی، یان ئیعلامییەکان، کۆمسیۆن لەسەریەتی باجیان بۆ بکات، تەنسیقیان بۆ بکات، بەڵام لێرەدا بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیەی ئینتخابی و تەسهیل کردنی، ئیلزامی بکەین لەسەر کۆمسیۆن کە دیسانەوە لێرەدا خەڵکی بیانیش بێنی ئیلزامی بکەین، موراقبی بیانیش بێنی یان نا؟، پێشنیارێك هەیە کە ئیلزامی بکەین، بەڵێ.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیتنا من ئەوە ماددەی شەشێیە (وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها)، نەسێکی موتلەقە کافیە، موعالەجەی هەمی حالەتەکا دکات، چونکێ کۆمسیۆن نیزامێکی خاص بۆ عەملیاتی ئینتیخابی، بۆ موراقەباتە ئینتیخاباتی، دیتنا من کافیە ئەڤ نەسە هەموو موعالەجە دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چاودێرانی بیانیش لێرەن بە سەیارە سندوق دەگوێزرێتەوە، چاودێری بیانی نەبێ قوری کوێ بکەین بەسەری خۆماندا؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بیخەینە دەنگەوە، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەمە خۆ بڵێین قەید و بەندێك دانانە بۆ خۆت، گریمان لە حاڵەتێك بوو هاتە پێشەوە لە کوردستان بەتایبەتی وەزعی جیۆتەکنیکی کوردستان فەرقی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تر، حاڵەتێك هاتە

پێشەوە تۆ بۆت نەکرا ئەو چاودێرە بیانیانە بێنی، مەعنای ئەوەیە تۆ بڕیاری سیاسی نیشتمانی زۆر گرینگ هەڵئەپەسێری، لەبەرئەوەی ئەوە چییە نەتوانیوە چاودێری بیانی بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی ڕەئییە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئیزافە دەکەین، بۆیە ڕەئی وەردەگرین، کاك فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی چاودێری بیانی لەگەڵ ئیعلام، بۆئەوەی کێشەکە حەل بێ، چونکە تەسەور دەکەم ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی پێشنیارێکیان کرد مەبەستیان ئەوە نەبوو ئیجباری بی، خاڵێکی تر لە تەنیشتی زیاد بکەن، کە (مجلس المفوضين) تەنسیقیان لەگەڵ بکات، بۆ شەفافیەتی ئینتیخابات زۆر زۆر باشە، هەم ئیعلام چاودێری بیانی بەس نەك ئیجباری بی لە بڕگەکی دیکە لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو جۆر سیستەممان هەیە، سیستەمی کراوە، سیستەمی داخراو، سیستەمە داخراوەکان بەتایبەتی ولاتە شمولییەکان پێیان خۆش نییە لە هەڵبژاردندا هیچ موئەسەسەیەکی دەرەوەی ولاتەکە بێ، بەلام ئێمەی هەرێمی کوردستان لە چەند پێوەرێك پێویستمان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردن و نەزاهەت و شەرعیەت، لەخۆیەوە نییە کۆمەڵێك مونەزەماتی دەولی تایبەت بە هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەن بۆ هاوکاریکردنی ولاتانی کە تازە لە گەشەی دیموکراسیدان، ئێمە دەڵێین هەماهەنگ و هاوکار بێت، کۆمسیۆن لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان کە دێن چاودێری ئەو بارودۆخە بکەن، لەمە باشتر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕێواز خان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی یاسایی هەیە، کە دەڵێت (على مجلس المفوضين التنسيق والتعاون) ئەمە لە حاڵەتێکدا، کە ئەوان خۆیان ئامادەییان هەبوو، ئێمە بۆچی مەفهومی تەعاریفەکە وا لێ بکەین، بڵێین ئەگەر نەیەن ئینتیخابات ناکرێت، ئەم دەقە ئیلزام کردنی مەجلیسە ئەگەر ئەوان خواستیان هەبوو بێن، مەجلیس مولزەمە بەوەی تەعامولیان لەگەڵ بکات، ناڵێت (على مجلس المفوضين توفير يان ضمان مراقبة الانتخابات من قبل المراقبين الدولين).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی جەنابی دکتۆر فرست دەکەم، لە ئاخیرەوە (للمجلس التنسیق مع خبراء دولیین) یان ئەوەی دکتۆرە ڕێواز وتی (علی) لابرێت( لمجلس) بۆ هەمووی و ئەجنەبیەکەشی لەگەڵ زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە لەپێناوی ئەوەی تۆ ئەجنەبی هەیە بێنی، ئەوەی کە فەرزی کردووە لەسەری، کە پشت بە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی ناوخۆیی ببەستێ، پشتی پێ ببەستێ، فەرز دەکەی لەسەری.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە موجتەمەعی مەدەنی حازر نەبێ تەعاون بکات، ئیتر بۆچی فەرزی بکەم لەسەری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موجتەمەعی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بۆچی؟.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە هەر موخەیەر بێ، لەجیاتی ئەوەی هەر موسەیەر بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێم باشە بەڕاستی ئیلزام بکرێن ئەو چاودێرییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەڵبژاردن، چونکە بەڕاستی ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ هەڵبژاردن هەیە، بۆئەوەی جارێکی تر دیسانەوە ئەو هەموو گواستنەوە بە سەیارە، کاك فەرهاد وتی جارێکی تر ئەلبیسەمان تووش نەبێت و، بۆیە هەڵبژاردنێکی نەزری بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان دوا موداخەلە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم وا تێگەیشتووم ئەم نەسەی کە دەخوێندرێتەوە، کە لیژنەی یاسایش پشتگیری کردووە، هیچ ئیلزامێك ناکات، یەعنی لەکاتی بوونی هەر تەنسیق و هاوکاریەکدا داوا دەکات ببێ، هەر کاتێك نەبێ ئەمە ئیلزامی ناکات، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەیمە ماددەکە خۆی دەست نیشان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بیانی دەخەینە دەنگەوە، بەڵێ پرسیار، فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر لیژنەی یاسایی هاریكاریەت من بكات، ئەگەر ئەز غەڵەت نەبم بەشی چاری ماددێ شەشێ بۆ برگە سێی موناقەشە لەسەر هەندێ هاتە كرن، چاودێری نێو دەوڵەتی زێدە بوو، مادام زێدە بوو پێویست ناكات بە چاودێری هەڵبژاردنە دەرەوە و ناوخۆ، ئەڤە تەحسیل حاسڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئی جەنابتە، بەڵام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش داوای ئەوە دەكەن ئیزافە بكرێت، ئەمە بە دەنگدان حەسم دەكرێت، نەك بەردەوام ڕەئی لەسەر بدەین، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئیزافە بكرێ؟.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەیە ئەوەی داوای دەكەن لە ماددەیەكی تردا هەیە، ئەوەیش كە ئێستا باس دەكرێت، ئێمە داوا دەكەین كە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان لە لیژنەی یاسایی، هەر موستەلەحێكیش زیاد بكەین دەبێتە زیادە، لەبەرئەوەی هەیە با بگەڕێنەوە بۆ ماددەی شەش لە برگەی سێ، داوا دەكەین ئەو ماددەیە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی شەش، دەزانم، بەڵام ئەوە دوو شتی جیاوازە، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بە دیقەتەوە تەماشای ئەو برگەیە بكەین لە ماددەی شەش لەگەڵ ئەو ماددەیە كە ئیزافە كراوە، فەحواكەیان جیاوازە، لەوێش ناوی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان هاتووە، چاودێرانی نێو دەوڵەتی، لێرە دەمانەوێ ئەوانە ئیزافە بكرێ، ئەگەر ئیزافە نەكرێ مادام ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان لەوێ هاتووە، ئەی بۆ لێرە دووبارە بووەتەوە؟، لە هەموو حاڵەتێكدا چاودێرانی ڕێكخراوانی دەوڵەتییەكانی لێرە بۆ ئیزافە بكرێت، هیچ ئیزافەیەك نییە و بۆ یاساكەو باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم نیقاشە تەنها دەتوانین بە دەنگدان یەك لایی بكەینەوە، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵییەتی بیانی بۆ ئیزافە بكرێت، چاودێری بیانی بۆ ئیزافە بكرێت، دەیخەینە دەنگەوە، بەڵێ.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت چی دەخەیتە دەنگدانەوە، بە ئیلزامەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بە ئیلزام، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بە ئیلزامەوە تەنسیق بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەوانەی دەرەوەش، کێ لەگەڵیەتی؟ دەنگی لەسەر دەدرێت تکایە، (على المجلس التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني وممثلوا الكيانات السياسية لتسهيل عملية مراقبة الانتخابات والاستفتاءات)، ئەوە لەوێ باسی ئەوە دەکرێت مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی ناوخۆیی و دەرەکیشی هەبێ، دەرەکیشی بۆ ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵیەتی؟ باشە پەروا خان ئیعلامیش دوایە دەخەینە دەنگەوە، ٣٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٣٤ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، پێشنیار کراوە ڕاگەیاندنیش زیادە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاگەیاندنیش زیاد بکرێ؟ ٣٩ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٦ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیفە ئیعلامێ نە ئەوە موراقەبە کرن یان ژ موداخەلەت ژ مەوزوعەت بکات، ئیعلام بتەنێ ئەوە دێ ڕوومالین بکاتن، بەس نەقل وەزیفەی ئیعلامی نینە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە دەنگدانی لەسەر کرا، ئەوە ئەو کاتە وەکو موراقەبە دەکات لەسەر ئینتیخاباتەوە، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی کاری ئیعلام موراقەبە کردنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوەبوو کە وترا سوڵتەی چوارەم یەعنی چی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز زانم بڕێنمایێت کۆمسیۆنێ بۆ ئیعلامێ و هیچ ئەوەنینە بچتە ژوورا هەڵبژاردنەوە، یەعنی تەنها قەوارەی سیاسی و ڕێکخراو و کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم خیلافانە بە دەنگدان یەك لایی دەكرێتەوە، دەنگی لەسەر دراوە یەك لا كراوەتەوە، ماددەی ١٢ بخوێندرێتەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

علي المجلس التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي والداخلي وممثلوا الكيانات السياسية والاعلامية لتسهيل عملية مراقبة الانتخابات والاستفتاءات وذلك لضمان نزاهتها.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوایی تەرجومە دەكرێ بە كوردی، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە ؟ ٧٠ كەس لەگەڵییەتی، كێ لەگەڵی نییە، كەس نییە لەگەڵێ نەبێ، كەواتە پەسەندكرا، ماددەی ١٣ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثالثةعشر :**

على مجلس المفوضين إعداد تقارير دورية عن مهامها وتقديمها إلى البرلمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو لە ماددەكانی پێشوو كە تەقاریری مالیشی بۆ ئیزافە بكرێت لێرە، ئەوەش لەبەرچاو بگرین، دوای ئەوە هەیەتی، كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من بەس یەك مولاحەزەی زۆر بچووكم هەیە، لەسەر ئەم كەلیمەیە، ئەمەی تەقاریر دەوریە، ئەمە دەربڕینێكی زۆر پلاستیكییە، لەبەرئەوەی دەوری هەفتانە دەگرێتەوە، مانگانە دەگرێتەوە، مانای ئەوەیە ئەگەر هاتو ئەم مفەوەزیە ئارەزووی لێ نەبوو دەورە دەكات بە ٥٠٠، یاخود دەیكات بە ٢٠٠، جا بۆئەوەی كە ڕای گشتی كوردستان ئاگاداری جموجۆڵی بڵێین ئیش و كاری ئەم كۆمسیۆنە بێ، بە بۆچوونی من پێویستە ئەوە دیاری بكەین ئەو دەوریە حەقەكەی چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جا ئاخر پێشنیاری چی دەكەی تۆ؟ تۆ هەر دەڵێی دەوریەكە تەحدید بكەین، پێشنیارت چییە؟.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم ٣ مانگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لە عەرەبیەکەدا دەقیقە، کە دەڵێ (دوری)، دەوری لە زمانی عەرەبیدا وەرزی دەگرێتەوە، بەڵام لە کوردیەکەی ئیشکالێکە نووسراوە ناوبەناو لەوێ دیار نییە، ئەگەرنا (دوری) وەرزی دەگرێتەوە، لە کوردیەکەشدا بە هەمان شێوەی لێ بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ٢ بەند بێ، تەقریری مالییەکەی وەرزی بێ، بەڵام ئەوەی تری کە پەیوەندی بە پوختەکردنی تۆماری دەنگدانەوە بێ، بەوەی ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی ساڵانە بێ، ئەگەر لەیەکتر جیا بکرێتەوە، باشترە بە دوو خاڵ بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای برادەرانم ئەوە دیاری بکرێت، فەسڵیش هەر ٣ مانگە بەڕەئی من، تکام وایە ئەو تەرجومەیە زۆر چاك بکرێت بەڕاستی، لە تەرجومە کوردیەکە زۆر هەڵەی تێدایە، مەعناکانیشی گۆڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە کاك ئاری و بەهار خان و کاك ابو کاروان دەکەم، کە ئەوەی (دوری) واتە وەرزی ٣ مانگ، پشتیوانی لەوەی جەنابیشت دەکەم، کە دەڵێت (تقاریری مالیشی) تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب دیتنا من ل ڤێرێ ژ بلی تەقاریرێت دەوری دڤیا بە هەر پروسیسەکا هەلبژارتنا ژی راپۆرتەکا خاص بێتە پێش کێش کرن بۆ پەرلەمانی ب هەمی ڤۆناغێت خۆ کا ب چ شێوە برێڤە چوویە، دڤێرێ دا نەصەکێ

عێراقی مە یێ هەی یان یێ ئوردنی دبێژیتن (اصدار تقرير نهائی تفصيلي عن كل عمليه انتخابيه بجميع مراحلها و رفعها الى السلطه المختصه) ب دیتنا من دڤیا دوو نەوعێت راپورتا هەبن، ئێك یا دەوری بیتن و ئێك ژی یا گرێدایی بیت ب مەوسمێت ئینتیخاباتەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

اعداد تقارير دوريه، دەوری هەر بۆ خۆی یەعنی وەرزی، وەرزیش ئەو مودەیە دەگرێتەوە كە بەڕێزیان ئیشارەتی پێدا، بۆیە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان، لە سەر ئەو پێشنیارەی كاك بەیاری مەجالێكمان بدەن تەشاورێ بكەین مابەینی خۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، تەقاریری ماڵی تیایە وانییە؟ مادەی پانزە، مامۆستا ئەنەس فەرموو، نوقتەی نیزام؟

**بەڕێز انس محمد شريف :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڤزا فەصلییە و دەورییە ژ ئێك فەرقن، شوێنا دەورییە ببیتە فەصلییە، فەصلییە چار مانگە ئەما دەورییە چار مانگ نییە، دەبێت ببیتە فەصلییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وا بزانم ئەوەی جەنابت دەقیقە، فەصلی ئەخەینە دەنگەوە، كێ لە گەڵ ئەوەیە فەصلی بێ؟ بەڵێ. ئێمە سێ كەس باسی وەرزیمان كرد، وەرزەكە لای ئێمە سێ كەس بوو، نەك چوار مانگ. ئەوە بۆ وا لێت تێك چوو، چوار فەصلمان هەیە، فەصلی ئەخەینە دەنگەوە، كێ لە گەڵ فەصلییە؟ كاك بەیار ئەو دەقەی لە لاتە بیهێنە بۆ ئەوەی كە بیخەینە دەنگەوە هەر خۆی دەقەكە لە ڵات، ٧٣ كەس لە گەڵییەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ یەك كەس، كەواتە هەموویان لە گەڵییەتی پەسەند كرا، دكتور شێركۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حەمە امین :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە بەس گوتم لە دەقە كوردییەكە بیكەن بە وەرزی، چونكە نووسراوە ناو بە ناو، هەر ئەوەندە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتور شێركۆ دەقە عەرەبیەكەی ئێستا ئەصلە، تەرجومە ئەكرێ بە كوردی بەو شێوەیە كە لە دەقە عەرەبیەكە هاتووە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید :**

المادة الثالثة عشر، اولا : على مجلس المفوظين اعداد تقارير فصليه عن مهامها و تقديمها الى البرلمان.

ثانيا : اصدار تقرير نهائى تفصيلى عن كل عمليه انتخابيه بجميع مراحلها و رفعها الى البرلمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵێیەتی؟ ٨٥ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ کەس نییە لە گەڵێ نەبێ کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

الماده الرابعة عشر: لرئيس مجلس المفوظين، صلاحية الوزير فيما يتعلق بالمخاطبات الرسميه مع الوزارات و الدوائر الرسميه الاخرى.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر بنووسە هەر لە رێوە، کاک صالح فەقێ، فەرموو کاک دڵشاد شعبان.

**بەڕێز دڵشاد شعبان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ مادا هەنێ بهێتە دەمج کرن دگەل مادا پێنج خاڵا صەلاحییاتێت رەئیسێ مەجلسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەی پێنج : اولا: مجلس المفوضين الاداره الانتخابيه، هيچى تێیا نییە، ئەوە صەلاحییاتە.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

خاڵا پێنج : يمارس رئيس المجلس أو ينوب عنه الصلاحيات الاتية.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە سوپاس، کاک عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو تەنها موعالەجەی کردووە موخاتەبە لە گەڵ وەزارات و دەوائیری رەسمیە، باسی مەجلسی وزرای نەکردووە باسی پەرلەمانیشی نەکردووە، پێم باشە بنووسرێت يحق لمجلس المفوضين ان يخاطب رسميا رئاسة البرلمان و مجلس الوزراء و المؤسسات التابعه ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک صالح فقێ.

**بەڕێز صالح فقێ :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم فەقەتێکی بۆ زیاد بکرێ : صلاحيات الوزير فقط فيما يتعلق بالمخاطبات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە دوایی موخاتەبات؟

**بەڕێز صالح فقێ :**

بەڵێ، ئەو تەنهایەکی بۆ زیاد بکرێ لەو نێوانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك فرحان جوهر.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لرئیس المجلس المفوظین صلاحیه الوزیر، صلاحیه الوزیر بەڵام ئیمتیازاتی وەزیری نییە، لە خاڵی دیکە چارەسەر کراوە هەمووی بە وەکیل وەزیر تەعیین ئەکرێن، رەئیس، هیچ جار نەبووە رەئیسیش وەکو ئەندامەکان یەك دەستهەڵاتیان هەبێتن، چۆن رەئیسی پەرلەمان جیاوازە لە ئەندام پەرلەمان، چۆن رەئیسی وزەرا جیاوازە لە وەزیر، حەق بوو رەئیسی موفەوەزینیش جیاواز بێتن لە گەڵ ئەعزائەکان، بۆیە لێرە دا یەعنی غەدری لێ دەکرێت، بە صەلاحییاتی وەزیرە، بەڵام بە ئیمتیازاتی وەزیر و دەرەجەی وەزیریشی نییە، یەعنی تەناقوزێکی زۆری تێیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی تۆ پێشنیاری ئەکەی صەڵاحییەت و ئیمتیازی وەزیری هەبێت.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

بەڵێ، بە دەرەجەی وەزیر، لە بەر ئەوەی ئەعزاکان هەموو وەك یەکن، وەکو دوو ئیدارەی لێکرا، یەعنی بەوەی تەوافوق بیتن هەمووی نیشانەی دوو ئیدارەیی و تەوافوقاتی پێوە دیارە لە ئێستاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، سوپاس، رای لیژنەی یاسایی لە سەر ئەو پێشنیارانەی کە کران.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەصەکە نەصێکە لە قانونی با بڵێین لە کۆمیسێونی عێراقیش دا هەیە، و ئەو نۆ کەسە با بڵێین جارێ هەر وا دەمێنێنەوە، جارێ بە مودەیەك یەکێك دەبێت رەئیس و لەوانەیە دەست لە کار بکێشێتەوە، ناکرێ ئیمتیازی وەزیری بدرێتێ، بەڵام گرفتی موخاتەبەمان هەبوو لە گەڵ ئەوەی کە لە گەڵ کومیسیون دانیشتین و بۆیە ئەو نەصە دانرا کە تەنها بۆ مەسەلەی موخاتەبەیە و بەشێك لە برادەرانی کە قسەیان کرد هەر چۆنێك دابرێژێ هەر بەو شێوەیە کە تەنها موخاتەباتی رەسمی ئەم نەصە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتورە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەم یاسایە داریشتووە فەقەرەیەکمان هەبوو، کەوا سەرۆکەکە دەوری بێت سالأنە بێت، کە دوایی کرا بە سێ سالْ ئەم فەقەرەیە لێرە لابرا، بۆیە ئێمە موشکیلەی ئەوەمان هەبوو ئەگەر دەوری بێت سالأنە بگورێت، چۆن ئەکرێت تۆ صەلاحییەتی، تۆ پلەی وەزیر بدەی بە یەکێك کە دوای سالێك یان دوای سێ سالەکە لێی بسێنیتەوە، بۆیە ئەو صەلاحییەتمان بەو شێویەیە دانا، بەس لێرە ئیستا ئەو مادەیە هەلگیراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو کە پەرلەمان و حکومەتیش بۆ ئیزافە بکرێت، بەلێ دکتورە ڤالأ.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

کە دەلێین (الوزارات) یەعنی (مجلس الوزارء) هەمووی، بۆ خۆشی موفەوەزییە هەموو مەجلسەکە نەك تەنها سەرۆکەکە دەگرێتەوە هەر لەم پەرلەمانە متمانەی لێ وەردەگرێت، بە موباشری تەعامولی لە گەلْ ئێمەیە، موخاتەبەکەی تەنها بۆ وزارات، بۆ دەوائری رەسمی ترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ئەمە ئیستیسنائە لێرە، ئەو موخاتەبەی لە گەلْ پەرلەمانە، بەلأم بۆ ئەوەی بتوانێ موخاتەبەی لە گەلْ وزاراتیش بکا پلەی وەزیریشی هەیە. یەعنی ئەوەی تەحصیل حاصلە کە ئەتوانێ موخاتەبە لە گەلْ پەرلەمان بکا.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان :**

وزارەت جیایە لە گەلْ (مجلس الوزراء) بنووسە (مجلس الوزراء و الوزارات التابعه لها) قەوس نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ.

**بەڕێز د.ڤالأ فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

الوزارات لە زمانێ عەرەبی چ بلێی (مجلس الوزراء) چ بلێی الوزارات وەکو یەکە، لە زمانێ عەرەبی هەر دووکی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو کە دەمج بکرێ لە گەلْ مادەی پێنج، برگە پێنج، با روون کردنەوە بدەن.

**بەڕێز د. ڤالا فريد :**

**بەڕێز سەروكى پەرلەمان.**

لێرە ئێمە ئەو پلەيەمان دايەتى لە ئەحكامى خيتـامى هێناومانـە، بۆيـە ناتوانرێت دەمـج بكرێت لـە گـەڵ مادەى پێنـج.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باشە، بيخوێنەوە مادەكە بخەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

المادە الرابعة عشر : لرئيس المجلس صلاحيە الوزير فيما يتعلق بالمخاطبـات الرسـيمە مـع الـوزارات و الـدوائر الرسميە الاخرى.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

مع الوزراء لێكرا، ئێ كێ لە گەڵێيەتى؟ كێ لە گەڵ ئەو ماددەيە بەو شێوەيە؟ ٧٢ كەس لە گەڵێيەتى، كـێ لـە گەڵێ نييە؟ كەس نييە كە لە گەڵێ نەبێ، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

المادە الخامسە عـشر : اولا تكون للمفوضيە ميزانيـة سـنويە مـستقلە يـتم اعـدادها وفقـا للاسـس او القواعـد المتعارف عليها تقـترح مـن قبـل مجلـس المفـوضين بتـشاور وزارة الماليـە، يـصادق عليهـا البرلمـان و تـدرج ضـمن الموازنە العامە للاقليم، ثانيا : تخضع حسابات المفوضيە للتدقيق و الرقابە من قبل ديوان الرقابە الماليـە فـى الاقليم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ قسە هەيە لە سەر ئەم مادەيە؟ دكتور عبد الله، دكتورە جوان، بەهار خان، كاك عباس غزالى، لە زووەوە دەنگت نييە، كاك عباس؟ فەرموو دكتۆر عبد الله.

**بەڕێز عبد الله جاسم :**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

چونكى ئەو مەجلس موفەوزين ژێ تەبعـەن پلـە تايبەتـەكانن، ئەگـەر فەقـەرەكێ زيـاد بكـەن لـە سـەر ئـەو مادەيـە، (يخضع مجلـس المفـوضين لاحكـام قـانون اشـهار الذمـە الماليـە، قـانون النزاهـە الـسارى المفعـول)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

المادە الخامسە عشر : اولا تكون للمفوضیە، میزانیە، سنویە، مستقلە، یتم اعدادها وفقا للاسس او القواعد المتعارف علیها و تقترح، اضافە حرف واو، تقترح من قبل مجلس المفوضین بتشاور وزارة المالیە و یصادق علیها البرلمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر پرۆژە یاسایەك تەبیعاتی مالی هەبێت، پێویست ئەكات لیژنەی داراییش بە هەمان شێوە راپۆرتی هەبێت و رای هەبێت لەوە، دیارە ئەم پرۆژە یاسایە تەبیعاتی مالی زۆر زۆری هەیە كە كۆمیسیۆنێك تەشكیل ئەكەی بەم شێوەیە، نازانم ئایا لیژنەی دارایی راپۆرتییان هەیە لەم بارەیەوە یا خۆد رای وەرگیراوە یان نا؟ ئەوە ئەگەر وەڵامان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە پرۆژە یاسایەكی تایبەتمەندە بە لیژنەی یاساییەوە، چونكە تەبیعاتی مالی حكومەتێك ئەیخاتە ئەستۆ نەك، پەیوەندی بە قەزییەكی داراییەوە نییە بۆ ئەوەی بینێرت بۆ لیژنەی یاسایی، دروست كردنی موئەسەسەیەكە، بۆیە نێردراوە بۆ لیژنەی یاسایی، كاك عباس غزالی.

**بەڕێز عباس غزالی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری رای دكتۆر عبد الله دەكەم كە سەروەت و سامانی خۆشیان دیار بكەن بۆ ئەوەی پێشتر باسیان كرد، ئەو سوء تەفاهومەش نەیێتە دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی روون كردنەوەتان چییە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەرەجەی خاصیان هەیە، دەرەجەی وەكیل وەزیرمان دانایە كە دەرەجەی خاصیان هەبێت ئەوان خۆیان خازیعن و پێویستە لە بەرامبەر دەستەی نەزاهە سەروەت و سامانییان كەشف بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە پێی یاسای دەستەی نەزاهە وا نییە؟ مادەكە بخۆینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەرێز د. ڤالا فرید :**

المادە الخامسة عشر : اولا تكون للمفوضيه، ميزانيه، سنويه، ، يتم اعدادها وفقا للاسس والقواعد المتعارف عليها تقترح من قبل مجلس المفوظين بتشاور وزارة الماليه يصادق عليها البرلمان و تدرج ضمن الموازنه العامه للاقليم، ثانيا : تخضع حسابات المفوضيه للتدقيق و الرقابه من قبل ديوان الرقابه الماليه فى الاقليم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵییەتی؟ ٨٣ كەس لە گەڵییەتی، ٨٤ كەس، ٨٤ كەس لە گەڵییەتی، كێ لە گەڵێ نییە؟ كەس نییە لە گەڵێ نەبێ، كەواتە پەسەند كرا مادەی ١٦.

**بەرێز د. ڤالا فرید :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان :**

المادە السادسة عشر : اولا يضع مجلس المفوضين نظاما داخليا خاصا بالمفوضيه، ثانيا : يحدد بنظام مهام و تشكيلات المفواضيه، ثالثا : لمجلس المفوظين استحداث أو الغاء أو أو دمج مديريات أو اقسام أو شعب عند الاقتضاء رابعا : للمجلس اصدار الانظمه اللازمه لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، پێشنیارێكیش هاتووە لە لایەن ئەندام پەرلەمانێك كە برگەیەكی تر زیاد بكرێ، حەق بدرێ بە مەجلس، للمجلس حق تقديم مقترحات مشاريع القوانين المتعلقه بالانتخابات و الاستفتائات الى البرلمان.

بەڵێ سوپاس بۆ بەرێز سەروكی لیژنەیی یاسایی، ئەوانەی دەیانەوێت موناقشەی بكەن.

**بەرێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

بۆ گفتگو لە سەر مادەی ١٦ ئەم بەرێزانە ناویان تومار كردووە :

قادر ئۆتمان، رابوون توفيق، ئومێد حەمە علی، علی علی هالۆ، دكتور عبد الله، ابوبكر هەڵەدنی، دكتۆرە جوان، عمر عينايەت، ماجد عثمان، ابو كاروان، كمال يلدا، ئێڤار ابراهيم، قارەمان قادر، صالح فقێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ببوورە ئێڤار نەنووسراوە، زولفا، كاك بەيار، شوان شێخ احمد، بەرێز قادر ئوتمان فەرمووو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادە ١٦، پێشنیار ئەكەم كە بوترێ یەكەم ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگی رەهای ئەندامان هەڵدەستێ بە مانەی خوارەوە : یەكەم : پەیرەوێكی ناوخۆی تایبەت بە كۆمیسیۆن دادەنێت، دووەم : ئەرك و پێك هاتەی ئەنجومەن و كارگێری هەڵبژاردن بە پەیرەو دیاری دەكا، و خالی سێیەم و چوارەمیش وەك خۆی بنووسێتەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ قادر ئوتمان، بەرێز رابون توفيق.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكانیش تەنها وەك بیرهێنانەوە دەڵێم، وتیان ئەگەر ئەوماددەیەی كە لە سەری رێكەوتین یا دوو لە سەر سێ بێ، لەو حاڵەتە وا دەكەین كە ئەو چوار ئیشەی لێرە ناویان هاتووە بە زۆرینەی رەهای ئەندامەكان دەبێ، بۆیە منیش پێشنیار دەكەم لە دیباجەیەكی یەك خەتی بنووسرێت ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەكانی ئەم كارانەدا ... سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیار بە دەنگی رەهای زۆرینەی ئەندامەكانی كە ٥ كەسە ئەو كارانەی خوارەوە دەكات، وەك دیباجە یان پێشەكی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كمال فەرموو.

**بەڕێز كمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم هەیە بۆئەوەی بۆ ماددەیەكە نوقتەیەك ئیزافە بكەین، (یضمن المجلس مشاركة جمیع القومیات)، لەبەرئەوەی دوێنێ لە ماددەی پێنج، خاڵی یەكەم نەتەوەیەكان ئیلغا كرایەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو نوقتەی دكتۆرە ڤالا دەكەم كە تازە خوێندیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرز زولفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك رابوون معروف و كاك ئومێد حەمە علی دەكەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

بەڕێز علی هالۆ فەرموو.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەڤ برگە سییێ ئەز دبێژم زێدەیە، ئەنجومەن بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی بەش تا دوایی، چونکی یا هاتی د برگا ئێکێ ئەنجومەن پەیرەوێکی تایبەت بە کۆمیسیۆن دائەنێت، ئەرك و پێکهاتەکانی ئەنجومەن بە پەیرەو دیاری ئەکرێت و هەروەسا ئەرك ل مادێ دا دی ژی یێت هاتین دیار کرن، ئەز دبێژم ئەو ژی هەر زێدەنە، بەشێ چارێ مادێ شەشێ بریار دانی هەیکەلییەتی کارگێری هەلبژارتن، ئەڤجا ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ برگا سیێ بێت لابرن، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەرێز صالح فقێ محمد امین:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٦ خاڵی یەکەم و دووەم پێویست بەوە ناکات ناوی پەیرەو هاتووە ،پێم وایە خاڵی یەکەم هەیە لە خاڵی دووەم ئەرك و پێکهاتەکان بخرێتە سەر خاڵی یەکەم، پشتیوانی لەو رایە دەکەم کە خاڵێك زیاد بکرێت، دەنگدان بەزۆرینەی ڕەها بێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەرێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی) :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکانی کاك قادرو کاك رابوون دەکەم، کە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان بێت.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منی، کاك ابوبکر وابزانم تەواو بوو.

**بەرێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی) :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

بەڵێ، هەر ئەوەبوو پشتگیری قسەکانی کاك رابوون و کاك قادر دەکەم، ئەو خاڵە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان بێ.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منی فەرموو.

**بەرێز منی نبی نادر:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

من پشتگیری وتەکانی مامۆستا کمال دەکەم، (یضمن المجلس مشارکة جمیع القومیات).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك رابوون و كاك ئومێد حەمە علی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسكی :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی ١٦ ئەز ژی تەئیدا كاك علی دەكەم، دیتنا من ماددەی شەشێ فەقەرە هەشتێ تێدا هاتیە بڤێت (المصادقە علی هیكلیة الاداره الانتخابیە) دیتنا من ئەڤە ب خۆ كافیە، كو مەعالەجە ڤی حالەتێ ئیستیحداس و ئیلغاء و دەمجا مودیریا بكەت، یا دی ژی فەقەرا چارێ (لمجلس المفوضین اصدار الانظمە و الاجراءات اللازمە) ئەز داخاز دكەم كو ئیجرائات ژی ئیزافە ببیت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من قسەم كرد، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مادەی سادس عشر، خاڵی دووەم و سێیەم، دووەم دەڵێت : (یحدد بنظام مهام تشكیلات المفوضیە) باسی تەشكیلاتی دەكەین، دەتوانین فەقەرەی دوو، سێ، یەك بكەین، بڵێین : (یحدد بنظام مهام بتشكیلات المفوضیە و لە استحداث أو الغاء أو دمج مدیریات أو اقسام أو شعب عند الاقتضاء) یەعنی دەنگ لە سەر خاڵی دووەم و سێیەم بدەین، چونكە یەك خاڵە، ئەوی دیكەش رای دووەمم پشتگیری كاك رابوون و كاك ئومێد دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتور عبد الله.

**بەڕێز عبد الله جاسم:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا کاك کمال یلدا و کاك ڤەمان فیصل دکەم د پێشنیارا واندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی منی خان ئەکەم، دەربارەی داخل کردنی کەمینەکان، بۆ خاڵی چوار (المجلس المفوضین) بکرێ (علی مجلس المفوضین) هەر چەند کەس نەماوە پشتگیری بکات، بەس ئەبێ وا بێ، (علی مجلس المفوضین الاصدار الانظمە و الاجراءات اللازمە)، نەك (ل)ی، یەعنی نابێ موخەیەر بێ، ئەبێ موسەیەر بێ، ئەبێ بکرێ ئەو شتە، هەرچەند مادەی ١٦ پێم باشە ئەم سێ بڕگەیە بۆی ئیزافە بکرێ، (للمجلس عقد جلسات استثنائیە بناء علی طلب اربعە اعضاءە، اعضاء المجلس)، خاڵێکی دیکە (علی رئیس المجلس اعداد جدول اعمال اجتماعات المجلس و عقدها و ترأسها) حەوتەم (تصادق المجلس علی بنود هذە المادە بالاغلبیە المطلقة لاعضاءە) و پشتگیری کاك رابوون و ئەو برادەرانەی دیکە دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکانت بنێرە مادام نووسیتە کاك عمر، زۆر سوپاس. کاك ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەکانی کاك کمال و منی خان ئەکەم لەوەی کە بڕگەیەك ئیزافە بکرێ یا خود چەند وشەیەك ئیزافە بکرێ لە بڕگەی دوو کە نووسراوە (یحدد بنظام مهام و تشکیلات المفوضیە و یضمن مشارکە القومیات فی تشکیلاتە)، لە بەر ئەوە دوێنێ بە داخەوە بە هەڵە تێگەیشتین، هەندێك لە برایانی بەڕێز لە پەرلەمانتارەکان لە نێوان موکەوینات و قەومیات تێکەڵی یەکیان کرد، مەکەوینات یەعنی پێك هاتە، شەبەك، کاکەیی، ئیزدی، فەیلی و دەیان موکەویناتی ترمان هەیە، بەڵام قەومیات کورد و تورك و ئاشور و کلدان و ئەرمەن و سریان، ئەوانە هەمووی دەگرتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان) :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من لە مادەی ١٥ دووەم (تتألف الادارە الانتخابیە من المکتب العام و المکاتب الانتخابیە فی المحافظات و الوحدات الاداریە) بۆیە ئەگەر وایە خۆی دیاری کراوە، بڕوام وایە خاڵی سێیەم پێویست ناکات (استحداث او

الغاء) بكرێ، له بەر ئەوەی ئەو حوجەتانەی رەنگە له مفەوەزیـه دا بێ بـه پێی پێویست نـەبێ، پێم وایـه ئەو نوقتەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتور فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو رایەی کاك کمال و منی خان و هەموو ئەوانەی تریش دەکەم کە داوایـان کـرد بڕگەیـەك زیـاد بکەین لە زەمانـەت کردنـی موشارەکەی قـەومیات، نـاوی قـەومیات بێـت، دیـارە دوێنـێ ئیشکالێکی دروست کردبـوو، و ئـەم قانونـەش بـۆ هەموانـە، بۆیـە گرنگـە ئـەوان رازی بـن و بـە نەصـێك ئیزافـە بکرێـت، مولاحەزەی دووەم سەبارەت بەو بڕگەیەی کە (للمجلس استحداث او الغاء او دمـج مـديريات)، تەبعـەن ئێمـە لە دانیشتنی دوێنێ مادەی پێنج بڕگەی شەش (یکون اجتماع المجلس صحیحا بحضور الاغلبیـه المطلقة لعـدد اعـضاءه و تتخـذ قراراتـه باغلبیـة الحاضـرین) تەبعـەن کـە دێـن باسـی ئـەو مەسـەلەیە ئەکـەین، یەکسەر مەسەلەی ئیستیحداس یان ئیلغاء ئەوە یەك قەراری مەجلسی موفەوەزینە، بۆیە بە تەصەوری من یەکسەر شمولی ئەو بڕگەی بکات کە پێشتر لە مادەی پێنج بڕگەی شەش هاتووە قـەرارات بـە ئەغلبیـەی حازرینـە، و هەر ئیزافەیەکی تر بکرێ پێچەوانە دەبێتەوە لە گەڵ ئەو مادەیەی کە باسم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، روون کردنەوەتان چییە لە سەر ئەو پێشنیارانەی کە کران؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە کران، پەیوەندی بە چونیەتی دەنگدان بـوو، لێـرە دوێنـێ بابـەتی دەنگـدان، دەنگی لـە سەر دراوە و ئەو بابەتەی کە دەنگی لە سەر درا، پەرلـەمانی کوردسـتان بـە پێـی نیزامـی نـاوخۆ بـۆی نییـە بگەڕێتەوە بۆ سەری، ئەوەیە کە (انعقادی مجلس) بـە (اغلبیـه عـدد الاعضاء)، و ئـەوە ئـەو بڕیارانـەش کـە دەری دەکاتن، بە ئەغلبیەی حـازرین، بۆیـە لێـرە ئـەو پێـشنیارانە لـە روی یاسـاییەوە جێگـای ناکرێتـەوە، و پێشنیارێکیش کرا کە پەیوەندی بە خاڵی چوار هەبوو (للمجلس) بکرێت بـە (علـی المجلس)، ئـەو پێـشنیارە مەقبولە، وەردەگیرێت لە لایەن لیژنەی یاساییەوە (علی المجلس).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

علی المجلس، باشە، راوستە با لیژنەی یاسایی روون کردنەوە بدات، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

مەسەلەی دەنگدان بە ئەغلبیەی موتلەق زیاد لە دە کەس داوای کردووە، ڕاستە ئێمە لە وێ یەك لامان کردۆتەوە، بەس لێرە نەوعە قەراراتێکی خاصە، ئەتوانین بڵێین (استثناء من الفقرە) ئەوانە بەو شێوەیە جێ بکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

هەندێك جار ئیحساسێکی نادروستم هەبێ کە لیژنەی یاسایی نازانم یەعنی ئەو قسانەی ئەکەن بە ناوی هەموویانە یان بە ناوی سەروکی لیژنەی یاساییە؟ ئەگینا ڕاستە ئێمە دەنگمان لە سەر ئەوە داوە کە ئەغلبیەی ئیعنقادی مەجلس هەبێ بەو نەوعەوە، بەو نەوعەشە قەرار ئەدرێ کە ڕۆژ تێپەری، بەڵام ئێمە بۆمان هەیە لە ناو ئەو قانونە مەجموعەیەك مەسائیل جیا بکەینەوە، تەئییدی ئەوە رای دکتۆرە بەهار ئەکەم، چونکە ئێمە دوایی ئەوەی ڕاستەخۆ دەنگدانە، مەسەلەیەکی ترمان جیا کردەوە ئەویش هەڵبژاردنی مودەرای مەکاتب و نووسینگەکانی موحافەزە و ئەوانە بوو، ئەو کاتە چونکە وابزانم تەوافوقی لە سەر کرا بوو، هیچیش نەوترا، بەڵام ئێستا مادەم پەرلەمانتاران داوایان لێکرا هیچ ڕێگەیەکی یاسایی نییە، هەر شتێکمان لێ ئیستیسناء کرد بە دەنگدان، ئەوا ئیستیسناء ئەبێ لە ماددەی عامەی کە دەنگمان لە سەر داوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەکسەرییەی موتلەقە بۆ کوێ داوا کراوە؟ بۆ برگەی یەك؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی لە سەر برگەی یەکەم و برگەی دووەم، برگەی دووەم دەڵێت : (یحدد بنظام مهام و تشکیلات المفوضیە)، خۆی ئەنزیمەی قانونی بە ڕێوەی دەباتن، لێرانە ئەگەر تۆ هەموو نیزامەکان بە موتلەقی بە ئیستیسناء بکەی لە سەر ئەو مادەیەی کە هەیە ئەصل لە ئیستیسناء فراوانتر دەبێتن، ئەوەیان و خۆی بەڕێزیان دکتۆرای هەیە، با لەوە تەفسیرمان بداتێ، ئەصل دەگرێ لە ئیستیسناء؟ ئیستیسناء لە ئەصل فراوانتر بێ؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، پێشنیار هەبوو بۆ ئەوەی کە دەمج بکرێ برگەی دوو، سێ دەمج بکرێ، پێشنیاری ئەوەش کرا کە موشارەکەی قەومیات لە تەشکیلاتی موفەوەزیە ئەوەش جێ بکرێتەوە لەم ماددەیە، ڕوون کردنەوەتان چییە لە سەر ئەوانە؟

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

جیاکردنەوەی ئەوەی قەومیات پێمان پێشنیارێکی پەسەندە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

(یضمن مشارکە المکونات القومیە)، لێرە قەومیات کە بە موتلەقی هاتووە، خۆی حەقەکە هەر بە قەومیە دراوە بە موتلەقی، بەڵام لێرانە ئەگەر زەمانیشی بکرێت دووبارە، کە کراوە بە رای من لە بەر ئەوەی موکەوینات دەگرێتەوە (یضمن مشارکە المکونات القومیە فی مجلس المفوضین و تشکیلات المفوضین).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، من پێشنیارەکان لە لام نەبوو پێشتر، ئێوە ئەگەر لە لیژنەی یاساییەوە پێشنیارەکەتان نووسیوە یەك یەك بیخوێننەوە با بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

زیاتر لە سێ ئەندام داوای ئەوەیان کردووە کە دیباجەیەك بو ئەو ماددەیە زیاد بکرێ دەنگدان لە سەر ئەم صەلاحییەتانە بە ئەغلبییەی موتلەق بێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەوەیە کە ئەم پێشنیارە پەسەند بکرێ؟ دیباجەیەکی بۆ ئیزافە بکرێ و دەنگدان بۆ ئەم چوار برگەیە لە مەجلسی موفەوەزین بە ئەکسەریەی موتلەقی عەدەدی ئەعزاء بێ، ٥٤ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ ٢٩ کەس لە گەڵی نەبوو، کەواتە پەسەند کرا، ئەو پێشنیارەی کە باسی موشارەکەی موکەوینات ئەکات تکایە بیخوێننەوە، لە کوێ ئیزافەی ئەکەین و چۆن ئیزافە ئەکەین؟ فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم قەومیات دەست نیشان بهێنە کرنێ، چونکی قەومێ عەرەبی ژی ناڤ مە هەیە، سوباهی رەنگە تشتەکێ وا بیت بێژن موکەوینات قەومیە کلد و ئاشور و تورکمان، دەست نیشان بکەن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بوون؟ کاك رابون نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

بابەتێكی یاساییە، ئەو چوار خاڵە، دەنگمان لە سەر داوە، سابت بووە، ئەو بابەتەی تر دەبێ پێشنیار بكرێ بەندێكی موستەقیل، بۆ نموونە یەكێك رەت نەكردۆتەوە، خۆ مەعقول نییە لە حالەتە ئەوەی تریش رەت بكرێتەوە، كەواتە ئەو بەندەی تر كە ئێستا، ئەوەی كە ئێوە خەریكی فورمۆڵە كردنن، دەبێ ببێتە بەندێكی موستەقیل پێشنیاری قەومیات، نەك بەشێك لەو چوار خاڵە، چونكە ئەو چوار خاڵە ئیجرائاتی سروشتییان جیایە، ئەی كەواتە بۆ نایخەنە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

المادة السادسة عشر : تتولى المجلس بالأغلبيه المطلقة لعدد اعضاءه ما يلي :

اولا : وضع نظام داخلي خاص به.

ثانيا : وضع نظام خاص بتشكيلات المفوضيه.

ثالثا : استحداث أو الغاء أو دمج مديريات أو اقسام أو شعب عند الاقتضاء.

رابعا : اصدار الانظمه اللازمه لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵیەتی؟ كێ لە گەڵ ئەو مادەیە بەو شێوەیە؟ ٨٣ كەس لە گەڵییەتی، كێ لە گەڵ نییە؟ ٦ كەس لە گەڵ نییە، كەواتە پەسەند كرا، ٧ كەس، مادەی تریتان هەیە ئیزافەی بكەن؟ بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

للمجلس حق تقديم مقترحات القوانين المتعلقه بالانتخابات و الاستفتاءات الى البرلمان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەو ماددەیە؟ مافی پێش كەش كردنی موقتەرحی قەوانینی هەیە بۆ پەرلەمانی كوردستان، مەجلسی موفەوەزین، كێ لە گەڵییەتی؟ ٧٣ كەس لە گەڵییەتی، كێ لە گەڵ نییە؟ كەس نییە لە گەڵ نەبێ، كەواتە پەسەند كرا، بەڵێ كاك دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

مادەیەك هەیە ئێرە شوێنەكەیەتی، بچینە مادەكانی تر لەوانەیە لە رووی یاساییەوە ناتوانین بگەڕێنەوە ئەگەر دەرفەت بدەی دەمەوێ پێشكێشی بكەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

تەبعەن چەند یاسایەك لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، بۆ نموونە یاسای خدمەی مەدەنی یان یاسای موستهەلیك، سێ ساڵە، چورا ساڵە تا ئێستا مەجلسەكەی بۆ پێك نەهێندراوە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایەش بە دەردی یاساكانی تر نەچێت، ئەو نەصە پێشنیار دەكەم كە ئێمە لێرە لە پەرلەمان لەو ئەحكامی ئینتیقالی و خیتامیە نەصێك دابنێین مودەیەك دیاری بكەین، بۆ ئەوەی بڵێین لەو مودەیە دەبێ ئەو مەجلسە دروست بكرێ ئەوەی خوارەوە پێشنیار دەكەم :

یجب تشكليل المفوضیه العلیا المستقله للانتخابات و الاستفتاء بمدة لا تتجاوز تسعین یوما من تاریخ الصادقه علی هذا القانون.

لە بەر چی تسعین مان دانا، لە بەر ئەوەی مانگێكمان ئێستا لە دەست دەروات حەتا دەگەڕێینەوە لیژنەیەكی ترشیح تەشكیل دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قانونەی كە زۆر پێوە هیلاك بووین، و ئەو مەجلیسەش دروست بكریت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو پێشنیارە هەبوو پێشتریش كاك عمر پێشنیاری كرد لە كاتێكی تر، باسی ئەوەمان كرد كە لێرە جێیٔ بكرێتەوە، پێم وا بێت پێشنیارێكی گونجاوە كە لە ئەحكامی ئینتیقالیە باسی بكەین، تكایە بینووسە و بینێرە بۆ لیژنە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەوەی موكەوەنات حازر بووە؟ لیژنەی یاسایی، فەرموو بیخوینەوە با بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ٦٠ رۆژ بێ، چونكە دوێنێ مەسەلەكە ئێمە داوای ٣٠ رۆژمان كرد، ئەوە جەنابی دكتۆر داوای ٩٠ رۆژی كرد.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی ئەگەر زووتریش تەشكیل بێ هیچ موشكیلێكی نییە، بەڵام دكتۆر فرست راست ئەكا، لا تتجاوز. باشە، ئەگەر موراقەبەی تەشكیلی مفەوەزییەی بەغداتان كردبێ كاتێكی زۆر زۆری ویستە، هەموو ناوەكان تەلەب كراون، ئینجا مەجلسەكە دروست كرا، بۆیە رەنگە كاتی پێویست بێ، فەرموو دكتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

المادة الثامنة عشر : یضمن المفوضیه ما یحقق التوازن فی تمثیل المكونات القومیه.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵییەتی؟ ٦٩ كەس لە گەڵییەتی، كێ لە گەڵ نییە؟ ٣ كەس لە گەڵ نییە كەواتە پەسەند كرا، كاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی :**

بەڕێزان، دەستم هەڵبڕی لە پێشوو بەڵام نەتان بینی، موکەوینات قەومیە من دژی نیم تەبعەن بە سەرچاو، بەڵام ئەگەر موکەویناتی کاکەیی، ئیزیدیی، ئەمیش بگرێتەوە لە حاڵەتی زەروری پیوێست بێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەصویتی لە سەر کرا، ئەو نەصەی کە پێشنیار کرا بۆ مادەی چەند ئیزافە بکرێ، دکتۆر فرست پێشنیاری کرد.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

المادة التاسعة عشر: يجب تشكيل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاءات خلال مدة لا تتجاوز تسعين يوماً من تاريخ المصادقة على هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

........ کێ لەگەڵی نیە؟ ٣ کەس لەگەڵی نیە، کەواتە پەسەند کرا، کاک فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستم هەڵبڕی لە پێشەوە، بەڵام ئێوە نەتانبینی، موکەوناتی قەومی دژی نیم تەبعەن وەکو سەرچاوە، بەڵام ئەگەر بوترێ موکەونات بۆ ئەوەی کاکەیی و یەزیدی و هەموو ئەوانەش بگرێتەوە لە حاڵەتی زەروری دا کە پێویست بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەسویتی لەسەر کرا، تەواو، ئەو نەصەی کە پێشنیار کرا، وەکو ماددەیەك ئیزافە بکرێ، د.فرست پێشنیاری کرد، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسع عشر: يجب تشكيل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاءات خلال مدة لا تتجاوز تسعين يوماً من تاريخ المصادقة على هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٨٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کەس نیە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون: لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٦ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ ١ کەس لەگەڵی نیە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة احدى والعشرون: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ إحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کەس نیە، کەوتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة اثنان والعشرون:** ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٩ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە، کەس نیە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

نظراً للحاجة الوطنية الملحة إلى تأسيس الهيئة العليا المستقلة لإجراء الانتخابات والاستفتاءات، وبغية تنظيم تشكيلاتها ومهامها وإناطتها بهيئة عليا محايدة ومستقلة ومرتبطة ببرلمان كوردستان ـ العراق، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٨٣ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کەس نیە، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین، بە بۆنەی دەرچوونی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش دەکەین، زۆر زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی کە لەم دوو ڕۆژەدا ئەوانیش زۆر ماندوو بوون، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سیغە نیهائیەکەی ئەگەر بە زووترین کات بگەیشتبا دەستمان خراپ نەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیغە نیهائیەکە حازر دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەزانرێ بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتەکە زۆری پێ دەچێ ئەگەر بڕۆینەوە دوای نوێژی مەغریب بێینەوە، دوای بەربانگ بێینەوە باشە.